# ده پرسیار
# له روانگه‌ی
# کۆمه‌لناسییه‌وه

**هه‌ولێر** - 2009

# ده پرسیار له روانگەی کۆمەلناسییەوە

**جوئێل شارۆن**

**و. هەورامان فریق**

02

**زنجیرەی کتێبە کۆمەڵایەتییەکان**

پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و کۆمەڵەی کۆمەڵناسان

**ده پرسیار له روانگەی کۆمەڵناسییەوە**

نووسینی: **جوئێل شارۆن**

وەرگێڕانی: **هەورامان فەریق**

نەخشەسازی ناوەوە: **هەردی**

بەرگ: **ئاسۆ مامزادە**

**ژمارەی سپاردن: ( 884 )**

**تیراژ: ( 1000 ) دانە**

**چاپی یەکەم: ( 2009 )**

**نرخ: ( 5000 ) دینار**

چاپخانە: **چاپخانەی خانی ( دهۆک )**

# ناوەرۆك


پێشەکیی وەرگێڕ 11
پێش وتە 15
پێشەکیی نووسەر 19

**1. کۆمەڵناسان چۆن کۆمەڵگە دەخوێننەوە؟** 27

**توێژینەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی** 27
بنەوانی بەڵگە هێنانەوەی ئەقڵانی 27
بەڵگەهێنانەوە، زانست، کۆمەڵناسی 31
پێویستی بە کۆمەڵناسیی زانستی 31
سەلماندنی ئەزموونی 33
تێبینیکردن لە کۆمەڵناسیدا 42
بابەتیبوون لە زانستدا 46
دوو گریمانەی زانست 49
یاسای سروشتی لە زانست و کۆمەڵناسیدا 50
هۆکاری سروشتی لە زانست و کۆمەڵناسیدا 53
کۆمەڵناسی: دەرکی مەتەڵی کۆمەڵگە 56

**2. واتای مرۆڤبوون چییە؟** 61

**سروشتی مرۆیی، کۆمەڵگە و کولتوور** 61
مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. 64
مانەوە 65
فێربوونی شێوازەکانی مانەوە 66
تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان 67
تایبەتمەندییە سەرەکییە مرۆییەکان 72
ژیان لەگەڵ کارلێك لە کۆمەڵگەدا 81





مرۆڤ بوونەوەرێکی کولتوورییە 83
بایەخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی بوون 87

**3. چۆن کۆمەڵگە دادەمەزرێ؟** 93

**بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی** 93
کۆمەڵگە لە ڕێگەی کارلێك کۆمەڵایەتییەوە سەر هەڵدەدات 101
کۆمەڵگە وابەستەی نموونە کۆمەڵایەتییەکانە 107
کولتوور 109
بونیادی کۆمەڵایەتی 113
کۆکردنەوەی کورت 123
کۆمەڵگە لە ڕێگەی هەستی ئینتیماوە ئیمکانی هاتنە کایەی هەیە 124
دژایەتی و گۆڕانکاری یارمەتیی پاراستنی کۆمەڵگە دەدات 129

**4 بۆچی خەڵك لەکۆمەڵگەدا نایەکسانن؟** 135

**بنەوان و بەردەوامیی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی** 135
بۆچی نایەکسانی سەرهەڵدەدات؟ 140
دابەشکردنی کار و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نایەکسان 141
ململانێی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نایەکسان 147
سەرهەڵدانی موڵکدارێتیی تایبەت و ئیمتیازاتی نایەکسان 153
ئیعتیباری کۆمەڵایەتی و نایەکسانی 158
بۆ نایەکسانی بەردەوام دەبێت؟ 162
کۆششی دەسەڵاتداران 162
دامەزراوە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان 166
کولتوور: قەبووڵکردنی نایەکسانی 169
بە کۆمەڵایەتی بوون: قەبووڵکردنی شوێنگە 176
ئامرازی زەبروزەنگ لە کۆمەڵگەدا 179

**5 بۆچی ئەوەی کە دەیکەین باوەڕمان پێیەتی؟** 183

**دروستکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی** 183

سوودی زانست 184
بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع 187
چەمکی کولتوور 187
بایەخی کولتوور بۆ تاك 195
ستراکچەری کۆمەڵایەتی و واقیع 199

پێگەکان و دیدگاکان 199
گرووپی تەمەن وەك شوێنگەیەك لە کۆمەڵگە 204
دەسەڵات و بەدیهاتنی دیدگاکان 206
چیەتیی گۆڕاوی واقیعی تاك 209
گرنگیی رابردوومان 212
ئایا تاکەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان پێکدەهێنن؟ 215

**6 ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟** 219

ئیمکانی ئازادی لە کۆمەڵگەدا 219
واتای ئازادی و لێپرسراوێتی 220
ئازادی وەك بەهایەك لە کولتووری ئەمریکاییدا 223
دیدگای کۆمەڵناسی: دەسەڵاتی کۆمەڵگە 225
مەتەڵی کۆمەڵناسی 225
پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی 226
ئازادی: هزر و کردار 232
کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی هزر 234
بەکۆمەڵایەتی بوون 234
زمان و کۆنترۆڵی هزر 235




کولتوور و کۆنترۆڵی هزر 237
کاریگەریی ئەوانی تر لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە ... 240
کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی کردە 241
کۆنترۆڵی هزر (بیر) و کۆنترۆڵی کردە 243
دامەزراوەکان و کردە 246
بەکۆمەڵایەتی بوون و کردە 247
شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان و کردە 250
رۆڵەکان و کۆنترۆڵی کردار 253
کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و کردە 255
هێزە کۆمەڵایەتییەکان و تاك: کۆکردنەوە 256
ئایا ئازادی بوونی هەیە؟ 258

**7 بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟** 265

کێشەی نەتەوەسەنتەری 265
واتای بەهاکان 267
بەهاکان و داوەری بەهایی 270
واتای نەتەوەسەنتەری 275
بەڵگەکانی نەتەوەسەنتەری 279
کارلێك کۆمەڵایەتی نەتەوەسەنتەری هان دەدات. 279
ئینتیما بۆ رێکخراو هانی نەتەوەسەنتەری دەدات 279
بەکۆمەڵایەتی بوون هانی نەتەوەسەنتەری دەدات 280
سەرهەڵدانی لادان هانی نەتەوەسەنتەری دەدات 283
باڵادەستی و ستەم نەتەوەسەنتەری بەدیدەهێنن 284
ململانێی کۆمەڵایەتی هانی نەتەوەسەنتەری دەدات 286
جیاوزییە مرۆییەکان 291
کارلێك کۆمەڵایەتی و جیاوازییە مرۆییەکان 291
مێژووی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە مرۆییەکان 293

کێشەکان و نموونە کۆمەڵایەتییەکان 295

**8 بۆچی چارەڕەشی لە جیهاندا بوونی هەیە؟ 303**

کۆمەڵگە، سەرچاوەی گرنگی کێشە کۆمەڵایەتییەکان 303
یەکەمین هۆکاری چارەڕەشی: نایەکسانیی کۆمەڵایەتی 312
پێشهاتەکانی نایەکسانی: هەژاری 315
پێشهاتەکانی نایەکسانی: خراپەکاری 316
پێشهاتەکانی نایەکسانی: کار و پیشەی خراپ 319
پێشهاتەکانی نایەکسانی: نەبوونی بەهای خود 323
پێشهاتەکانی نایەکسانی: فشاری دەروونی 325
پێشهاتەکانی نایەکسانی: ئەو دامەزراوانەی کە چارەڕەشی بەرهەم 328
دووەمین هۆکاری چارەڕەشی: ململانێی وێرانکەری کۆمەڵایەتی 330
واتای ململانێی وێرانکەر 330
هۆکارەکانی ململانێی وێرانکەر 331
چارەڕەشی، دەرەنجامی ململانێی وێرانکەر 334
سێیەمین هۆکاری چارەڕەشی: بە کۆمەڵایەتی بوون 336
چوارەمین هۆکاری چارەڕەشی: نامۆبوون1 343
جودایی لەوانی تر 343
نامۆبوون لە کاری واتادار 346
نامۆبوون لە خودی چالاکی ئێمە 348

**9 ئایا تاک بەڕاستی گۆڕانکاری دروست دەکات؟ 355**

سەرەتایەک لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی 355
کاریگەریی تاک لەسەر خۆی 358
کاریگەریی تاک لە سەر تاکەکانی تر 359
کێشەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری 359





زەمینەی کۆمەڵایەتیی گەورەتر و کاریگەریی تاک 365
تاک لە بەردەم ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیدا 366
تاک لەگەڵ نموونە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕوودەبێتەوە 367
ڕۆڵی هێزی کۆمەڵایەتی 376
گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی: دیدگای کۆمەڵناسی 379
گۆڕانکاری بەشێکی جیانەبووەوەی هەموو.... 380
گۆڕانکاری زیاتر بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە 381
ئەگەری گۆڕان کاتێك زیاترە ... 384
گۆڕانکاری زیاتر لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتەوە 388
نموونە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن 392
هەندێك پێشهات بۆ ژیان 394

**10 ئایا کۆمەڵناسی گرنگە؟ 399**

**پێویستیی دەرکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە 399**

کۆمەڵناسی و خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان 399
کۆمەڵناسی و دیموکراسی 402
واتای دیموکراسی 402
کۆمەڵناسی: تێڕوانینی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی دیموکراسی 405

**ئایا دەبێت سەبارەت بە تاکەکان گشتاندن ئەنجام بدەین؟ 417**

پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان 419
گرنگیی پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان بۆ مرۆڤەکان 419
چەمکی پلەبەندی 424
چەمکی گشتاندن 428
وێناکردنی باو (تصورات قالبی) 429
زانستە کۆمەڵایەتییەکان: کارلێك بەرامبەر بە وێناکردنی باو 433

## پێشەکیی وەرگێڕ

کتێبی **دە پرسیار لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە**، ئەگەرچی زیاتر لە کتێبێك دەچێت کە بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسی تێدا راڤە کرابێت و بۆ قوتابیانی زانکۆ و توێژەران و ئەو کەسانەی کە خولیای ئەم زانستەیان لەسەردایە نووسراوە، بەڵام زۆر ورد و زانستییانە پەرژاوەتە سەر کۆمەڵێك پرسیاری گرنگ و هەستیار کە ئەم پرسیارانە بە درێژایی ژیان مێشکی مرۆڤی بیرمەند و ژیر، تەنانەت هەندێك خەڵکی ئاساییشیان بە دوای خۆیاندا پەلکێش کردووە. خاڵی بەهێز و گرنگی ئەم پرسیارانە لەوەدایە کە هەمیشە زیندوون و لەوانەشە تا هەتایە مرۆڤ بە دوای وەڵامەکانیاندا عەوداڵ بکەن. کۆمەڵێك کێشەی وەك نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئازادی و دیموکراسی، بوونی چارەڕەشی، ململانێی کۆمەڵایەتی، دادپەروەری، شەڕ و کوشتار، گۆڕان و...تاد، لە هەمووی گرنگتر واتای مرۆڤبوون، ئەو بابەتانەن کە لەبەر کاریگەربوون و کاریگەری دانانیان لەسەر رێڕەو و ئاراستە و چارەنووسی مرۆڤایەتی، نەك تەنیا کۆمەڵناسان، بەڵکو زۆرێك لە مرۆڤناسان، دەروونناسان، مافناسان و زانا کۆمەڵایەتییەکان و، لە هەموویان جێ پەنجە دیارتر پەیامبەرانیان بەرەو هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە هان داوە.

پرۆفیسۆر شارۆن، لە زانکۆی مۆرهید لە ویلایەتی مینسوتای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مامۆستای کۆمەڵناسییە. ئەو جگە لە بواری بنەماکانی زانستی کۆمەڵناسی، لە مەیدانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دەروونزانیی کۆمەڵایەتی و تیۆری کۆمەڵایەتیشدا کار دەکات. شارۆنیش



وەك هەموو زانایانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی زۆر بە جددی بە دوای راڤەکردنی کۆمەڵناسییانە و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا عەوداڵە. چونکە وەك خۆی دەڵێ: ژیانی موتاڵانەکراو شایەنی تێدا ژیان نییە.

ئەو دە پرسیارەی کە لەم کتێبەدا خراونەتەڕوو، پرسیارگەلێکی لە ناوەڕۆکدا زۆر ئالۆزن، کە بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و ئەقڵانی و تاقیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەی کۆمەڵناسێکی وەك شارۆن نەبێت، وەڵامدانەوەیان ئەستەمە. بۆیە ئەمە یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی نووسینەکەی شارۆنە، کە من پێموایە نەك قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی، بەڵکو بە دەگمەن رۆشنبیر و کۆمەڵناسمان لێرە هەیە کە بتوانێت وەڵامێکی زۆر سادەمان لەو بوارەدا بداتەوە. ئەمەش یەکێك بوو لەو پاڵنەرانەی ـ کە بە دوای ئەوەی لە لایەن مامۆستایەکەوە وەرگێڕانی بۆ کوردی پێشنیاز کرا ـ هانی دام وەری بگێڕم.

ناوبراو لەم کتێبەدا پشتی بە تیۆر و بیروڕا و توێژینەوە گرنگەکانی ئەو کۆمەڵناسانە بەستووە کە لە ماوەی 150 ساڵی رابردوودا لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسییەوە خراونەتە ڕوو، بۆیە لەم رێگەیەوە ئێمەش بەو تیۆرانە ئاشنا دەکات. هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تری **دە پرسیار لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە** ئەوەیە، کە لە رێگەی شیکردنەوە و راڤەکردنی سانای چەمکەکانییەوە، هەوڵ دەدات یەکە یەکەی ئەو پرسیارانەمان بۆ روون بکاتەوە و دواتر وەڵامێکی بابەتی و زانستی باوەڕ پێهێنەرمان بە دەستەوە بدات.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبە ئەوەیە، کە هەر یەکە لەم پرسیارانە و زانینی وەڵامەکانیان نەك تەنیا بۆ قوتابیی بەشی کۆمەڵناسی، بەڵکو بۆ هەر کەسێك کە خوێندەوارییەکی سەرەتاییشی هەبێت گرنگن، چونکە ئەم پرسیارانە ـ تەرکیز لەسەر خودی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی

زیندوو و داهێنەر، ناخ و چیەتیی مرۆڤ، خودناسیی مرۆڤ، رەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، بە کۆمەڵایەتیبوون و پەیوەندییەکانی مرۆڤ و، هەڵچوون و هەست و ئارەزووەکانی مرۆڤ، گرفتەکانی مرۆڤ و گۆڕانکاری و کاریگەرییەکانی تاك لەسەر تاك و تاك لەسەر کۆمەڵگە و کۆمەڵگە لەسەر تاك لە رێگەی کردە و کارلێك و پێشهاتەکانی ـ وەك هەژاری، دەوڵەمەندی، ئازادی، کۆت، تاوان، ئازاردان، دادپەروەری و ستەم ـ دەکاتەوە. لەلایەکی ترەوە دەرفەتێکی گونجاو بۆ هەموو ئەو کەسانە دەڕەخسێنێت، کە دەیانەوێ و تامەزرۆی ئەوەن بزانن کۆمەڵناسان چۆن کۆمەڵگە دەخوێننەوە و بواری لێکۆڵینەوەکانی زانستی کۆمەڵناسی تا کوێ دەڕوات و یارمەتیشیان دەدات بۆ ئەوەی دیدگای کۆمەڵناسی بەرامبەر بە ڕووداو و دیاردەکانیان بۆ ئاشکرا ببێت.

لەبەر بایەخ و دەگمەنی و ناوەڕۆکی بەپێزی کتێبەکە منیش وەك قوتابییەکی بەشی کۆمەڵناسی چوار مانگی بەردەوام کارم لەسەر کردووە و هەوڵم داوە یەك وشەی نە بۆ زیاد بکەم و نە لێی کەم بکەمەوە و زاراوە کۆمەڵناسییە زانستییەکان بە وردی لە جێی خۆیان دابنێمەوە. بەو هیوایەی کە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و بەنرخی مەعریفی و زانستی بۆ رۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆ بە گشتی و بۆ قوتابیانی بەشی کۆمەڵناسی بە تایبەتی.

هەورامان فریق

هەڵەبجە

2008/11/4

## پێش وته

کۆمەڵناسی دیدگایەکە، واتە شێوازی بیرکردنەوە، تێڕامان لە جیهان و توێژینەوە دەربارەی کۆمەڵناسی سەرنجی خۆی لەسەر مرۆڤ وەك ئەندامی کۆمەڵگە چڕ دەکاتەوە. لەبەر ئەوە بۆ هەموومان کە دەمانەوێ بزانین کێین کێشەکانی کۆمەڵناسی دەبێ بایەخی هەبێ.

کتێبی **دە پرسیار لە روانگەی کۆمەڵناسیەوە** بۆ ئەو قوتابیانە نووسراوە کە وانەکانی بنەماکانی کۆمەڵناسی فێر دەبن و هەروەها بۆ ئەو قوتابیانەی کە کاتی پێویستیان بۆ تێپەڕاندنی خولی فێربوونی تەواوەتی کۆمەڵناسی نییە، بەڵام دەیانەوێ بزانن کە کۆمەڵناسان چۆن بیر دەکەنەوە، بۆ کۆمەڵناسێك نووسراوە کە لەبەر سەرقاڵیان لە کاروبارەکانی خوێندن و توێژینەوەدا هەندێ جار ئەوە لە بیر دەکەن کە کۆمەڵناسی تا چ رادەیەك سەرنجراکێشە و بۆ رەخنەگرانی کۆمەڵناسی کە رەخنەکانیان زۆر جاران بێ بنەمایە. بۆ مامۆستایانی ئینگلیزی، زانایانی فیزیا، دەروونناسان، هونەرمەندان، شاعیران و ئەو لێکۆڵەرەوانەی کە لە ژیانی خۆیاندا سەروکاریان لەگەڵ هەمان ئەم پرسیارانەدا هەیە، بەڵام تێڕوانینەکانیان جیاوازن و بۆ هەموو ئەو خەڵکانەی کە رێز لە خوێندن دەگرن و وەك یۆنانییە کۆنەکان باوەڕیان وایە کە "ژیانی خوێندنەوە بۆ نەکراو بایەخی تێدا ژیانی نییە".

ئەم کتێبە دیدگای کۆمەڵناسی بە خستنەرووی دە پرسیار و وەڵامدانەوەیان دەناسێنێت و بەمپێیە تێڕوانینی کۆمەڵناسییانە ئاشکرا دەکات. کۆمەڵناسان بە بەردەوامی بیر لەم پرسیارانە دەکەنەوە و زۆر جاران ئەم پرسیارانە لەگەڵ هاوکاران، قوتابیانی زانکۆ یان لانیکەم لەگەڵ خۆیاندا دەخەنە بەر باس و گفتوگۆیان لە بارەوە دەکەن. **کۆمەڵناسان چۆن کۆمەڵگە دەخوێننەوە؟** ئایا ئێمە دەتوانین ببینین؟ یا لایەنگری



تاکەکەسی ئێمە رێگر نابێت لە بەردەمیدا؟ ئایا کارەکەی ئێمە دەکرێ زانستی بێت؟ زانستی بوون واتای چییە؟

**واتای مرۆڤ بوون چییە؟** ئایا سروشتی مرۆیی شتێکە کە ئێمە لە کاتی لە دایکبوونەوە هەمانە؟ ئایا زیرەکی کلیلی مرۆڤایەتییە؟

**چۆن کۆمەڵگە دادەمەزرێ؟** چ شتێك دەبێتە هۆی بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵگە؟ چۆن دەتوانین پێکەوە هاوکاری بکەین؟ ئایا ترسان و زەبروزەنگ دەبێتە هۆی پێکەوە بەسترانی ئێمە یا ئەوەی کە تەنیا حەزمان لێیە لەگەڵ ئەوانی تردا بین؟

**بۆچی خەڵکی لە کۆمەڵگەدا نایەکسانن؟** ئایا نایەکسانی پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە؟ ئایا نایەکسانی لە سروشتی کۆمەڵگەدا جێگیر کراوە؟ ئایا دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان ئیمکانی هەیە؟ **بۆچی باوەڕمان بەو شتە هەیە کە دەیکەین؟** ئایا ئێمە کۆنترۆڵمان بەسەر باوەڕەکانماندا هەیە؟ چۆن کۆمەڵگە باوەڕەکانمان پێکدەهێنێت؟ ئایا باوەڕەکانی ئێمە هی خۆمانن؟

**ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟** ئایا ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر ژیانی خۆماندا هەیە؟ ئەو هێزانەی کە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئێمە دادەنێن کامانەن؟ لە بنەمادا، ئازادی چییە؟ بۆچی بۆ زۆرێك لە ئێمە گرنگە کە وا بزانین ئازادین؟ ئایا هەندێك لە ئێمە ئازادترین لە ئەوانی تر؟

**بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟** بۆچی ئێمە دەمانەوێ ئەوانی تر رێك وەك ئێمە بن؟ بەهاکان چین؟ نەتەوەسەنتەری چییە؟ ئایا باشە یان خراپ؟ ئایا مرۆڤەکان بەڕاستی پێکەوە جیاوازن؟

**بۆچی چارەڕەشی لە جیهاندا بوونی هەیە؟** چ شتگەلێك دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشە مرۆییەکان؟ بۆچی ژیان بۆ خەڵك تا ئەو رادەیە ئاڵۆزە؟ چۆن کۆمەڵگە کێشە و گرفتەکانی خۆی دروست دەکات؟ ئایا دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی چاکتر دەکرێ؟ ئایا چارەڕەشی شتێکی حەتمییە؟

**ئایا تاك بەڕاستی گۆڕانكاری دروست دەكات؟** ئایا ئەمە تەنیا بیركردنەوەیەكی ئازادانەیە؟ چ كاتێك تاك بەڕاستی دەتوانێت گۆڕانكاری دروست بكات؟ چ شتێك دەبێتە كۆسپ لەبەردەمیدا؟ بۆچی كۆمەڵگە دەگۆڕێت؟

**ئایا كۆمەڵناسی گرنگە؟** گرنگ بۆچی؟ ئایا كۆمەڵناسی جیهانێكی باشتر دەستەبەر دەكات؟ دەركێكی باشتر سەبارەت بە خۆمان بە ئێمە دەبەخشێت؟ یان دەركێكی باشتر لە كۆمەڵگە؟ ئایا كۆمەڵناسی شتێكی گرنگ بە ئێمە دەڵێت؟

ئەمانە ئەو دە پرسیارەن، كە بەشەكانی ئەم كتێبە پێك دەهێنن و گرنگترین ئەو پرسیارانەن، كە كۆمەڵناسی یارمەتیی من دەدات تاوەكو وەڵامیان بدەمەوە. ئەوانە هەروەها كۆمەڵە پرسیارێكن كە ژیانی بیركردنەوەی من سەرنجڕاكێش دەكەن.

لە چاپی دووەمی ئەم كتێبەدا پێش وتەیەكەم بۆ زیاد كرد. دەمویست پرسیاری یازدەیەمینی بۆ زیاد بكەم، بەڵام نەمدەویست ناونیشانی كتێبەكە بگۆڕم بۆ یانزدە پرسیار و هەروەها نەمدەویست هیچ كام لە پرسیارەكانیش كەم بكەمەوە. ئەگەرچی هەندێك لەو كەسانەی كە سوودیان لە چاپی دووەمی كتێبەكە وەردەگرت لەسەر ئەوە سوور بوون كە ئەو بەشە لە شوێنێكی سەرەتای كتێبەكەدا بهێنم، بەڵام شوێنێكی گونجاوم بۆ نەدۆزییەوە. لەبەر ئەوە بڕیارم دا هەر بەو جۆرەی كە لە چاپی دووەمدا هەبوو دایبنێمەوە. زۆرێك لە مامۆستایان ئەو پرسیارە تایبەتەیان لە كاتی خۆیدا خستە روو و زۆرێكیشیان پێشوازییەكی باشیان لە هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە كرد. بەڵام لەڕاستیدا، ئەمە یانزەهەمین پرسیارە لەو كتێبەدا كە ناوی دە پرسیاری لێنراوە. هەر بەو جۆرەی كە دەبینن، شوێنەكەی لە كۆتایی كتێبەكەدا شوێنێكی گونجاوە، چونكە بە ئاسانی دەتوانین لە هەر شوێنێكی كتێبەكەدا دایبنێین. هەندێك باشتر لەوە



تێدەگەن كە كتێبەكە بەو پرسیارە دەست پێبكات، هەندێك لەوانەیە لە ناوەڕاستی كتێبەكەدا سوودی لێ وەربگرن و، ئەوانی تریش دەكرێ وەك بەشی كۆتایی بیخوێننەوە. ئەمە پرسیارێكی زۆر ئاڵۆز، بەڵام گرنگە. سەرەكیترین پرسیارێكە كە قوتابیانی زانكۆ لە یەكەمین رووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ كۆمەڵناسی دەیخەنە ڕوو: لەو شوێنەوە كە هەموو مرۆڤەكان تاقانەن، ئایا گشتاندن دەربارەی ئەوان قابیلی قەبووڵە؟ (ئایا گشتاندن لەگەڵ بیركردنەوەی باودا یەكسان نییە؟) ئایا هەر كەسێك نابێت وەك تاكێك هەژمار بكرێت؟ كۆمەڵناسان، دەروونناسان، مرۆڤناسان و هەموو زانا كۆمەڵایەتییەكان سەبارەت بە تاكەكان و كۆمەڵگە دەست بە گشتاندن دەكەن. ئایا هەوڵەكانی ئەوان لەم بوارەدا هەر لە سەرەتاوە لەبەردەم شكستدان؟ پرسیاری یازدەیەم بە سادەیی بەم جۆرە ئاماژەی پێكراوە !

**ئایا ئێمە پێویستە سەبارەت بە تاكەكان دەست بە گشتاندن بكەین؟**

خوێنەر وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئاڵۆز، بەڵام سەرنجڕاكێش و سوودمەند وەردەگرێتەوە. گریمانەی سەرەكیی دانانی ئەم كتێبە ئەوەیە كە قوتابیانی زانكۆ چێژی زۆر لە باس و گفتوگۆكردن سەبارەت بەم جۆرە پرسیارانە و بیركردنەوە دەربارەیان وەردەگرن. ئەوان بۆیان دەردەكەوێت كە خوێندن لە سەروو كۆكردنەوە و كەڵەكەكردنی راستییەكانە و ئەگەر قوتابیان بۆ گفتوگۆكردن سەبارەت بە كۆمەڵە بابەتێك بانگهێشت بكرێن كە یارمەتیی دەركی مرۆڤ دەدات، ئەوان لە خوێندندا شەوق و زەوقێك كەشف دەكەن كە زۆر جاران پشتگوێ دەخرێ.

نووسینی ئەم كتێبە بۆ من زۆر سەرنجڕاكێش بوو. منی هان دا بۆ ئەوەی گریمانەكانم سەبارەت بە سروشتی كۆمەڵگە روون بكەمەوە. هاندانی تاوتوێكاران و رەخنەگرانی كتێب بە لامەوە زۆر جێی دڵخۆشی بوو، پێشنیازەكانیشیان بۆ چاككردنەوەی دەستنووسی كتێبەكە زۆر سوودمەند بوو.

## پێشەکیی نووسەر

هەموو پرسیارە باشەکان شایەنی وەڵامی باشن. وەڵامە باشەکان پێویستیان بە زانست هەیە. مامۆستا باشەکان وەڵامی باش دەدەنەوە. هەروەها دایك و باوکە باشەکان، راوێژکارەکانی باج، پزیشکەکان و کاندیدای پۆستە رەسمییەکان.

بەشێکی باش لە زانکۆیەکدا، وەڵامە باشەکان دەخاتە روو. بەڵام زۆر جار، ئەم وەڵامانە تاقیکاری، سنووردار و ئاڵۆزن و هەندێ جاریش ئەو پرسیارانەی کە دەیانخەنە روو لە وەڵامەکانیان زیاترە، چونکە تەقریبەن هەموو هۆشیارییە زانستییەکان لە رێگەی ئەو بەڵگە و نیشانانەوە دەستەبەر دەبن کە بە وردەکارییەکی زیاتر کۆ کراونەتەوە و دواجار رەخنەیان لێ دەگیرێت و تاوتوێ دەکرێن. وەڵامدانەوەی پرسیارە زانستییەکان وردەکاری و گرنگیدان، گفتوگۆ و نەبوونی بڕیاری بڕاوە (یەکلاکەرەوە) لەخۆ دەگرێت، جا چ سەروکارمان لەگەڵ فیزیا و کیمیا، هونەر و بیرکاریدا هەبێ یان فەلسەفە و دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا.

ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەریدەخات بۆچی نووسینی ئەم کتێبە قورس بووە. من نەمدەویست وێنەیەکی نادروست لە بەشی کۆمەڵناسی، کە رێزێکی زۆرم بۆی هەیە، پیشان بدەم. من بۆم دەرکەوت بە سانایی ناتوانم هەموو ـ یان تەنانەت زۆربەی ـ کۆمەڵناسان باوەڕ پێبهێنم کە بە تەواوەتی قەبووڵیان بکەن. من بەردەوام بیر دەکەمەوە. ئایا ئەمانە کۆمەڵە وەڵامێکن کە زۆربەی کۆمەڵناسان دەیانخەنە روو؟ بەڵام، ئێستا تێدەگەم، کە **دە پرسیار** کتێبێك سەبارەت بە وەڵامەکان نییە، بەڵکو زیاتر **کتێبێکە دەربارەی بیرکردنەوە.** ئەگەرچی هەموو کۆمەڵناسان لەوانەیە لەگەڵ وەڵامەکانی ئەم کتێبەدا هاوڕا نەبن، بەڵام زۆربەیان بە ئەگەری زۆر دان بەوەدا دەنێن کە ئەم کتێبە دەری دەبڕێت کە کۆمەڵناسان چۆن بیر دەکەنەوە.



ئەم کتێبە وەسفی ئەو هزرە تایبەتانە ناکات کە لەلایەن کۆمەڵناسانەوە تاوتوێ دەکرێن یان زۆرێك لەو توێژینەوە زانستییانەی کە ئەم بەشەمان پێ دەناسێنن، کایە تایبەتەکان و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی هزرمان کە ئەم بەشەیان دامەزراندووە، بۆ روون ناکاتەوە و پیشانمان نادات کە چۆن کۆمەڵناسان لە بارەی زۆرێك لە بابەتەکانەوە جیاوازیی بیروڕایان هەیە. لە جیاتی ئەوە دەمویست ئەم کتێبە دەروازەیەك بێت بۆ شێوازێکی بیرکردنەوە کە بتوانن ئەو شێوازە لە بواری گرنگترین بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی خۆتاندا بەکار بهێنن. ئەو دە پرسیارەی کە لەم کتێبەدا خستوومەتە روو گرنگترینی ئەو پرسیارانەن کە کۆمەڵناسان تاوتوێیان دەکەن. لە ڕاستیدا ئەمانە پرسیارگەلێکی سەرنجڕاکێشن کە زانایان لە سەرتاسەری ژیانیاندا مشتومڕیان لەسەر دەکەن. ئەو پرسیارانە بنەڕەتی زۆرێك لەو شتانە دادەڕێژن کە لە بوارێکی خوێندنی جددیدا پێویستە تاوتوێ بکرێن.

وەك دەبینن، دیدگای کۆمەڵناسی لەگەڵ ئەوەدا کە چۆن زۆرێك لە تاکەکان ـ لەوانەیە ئێوەش ـ واقیع دەبینن جیاوازە. ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە جەخت لەسەر تاك دەکاتەوە و زۆر جار بە دوای هۆکارەکانی کردە لە تاکەکاندا دەگەڕێت. کەلەپووری ئایینی و سیاسیی ئێمە و ئاراستەی ئێمە بەرەو تەرکیزکردنە سەر دەروونناسی زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە بایەخی کۆمەڵگە لە دەرککردنی ژیانی مرۆییدا پشتگوێ بخەین. لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك لە کاتی گفتوگۆکردنیاندا سەبارەت بە مرۆڤەکان جەخت لەسەر تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان، کەسایەتی، بۆماوە و، هەڵبژاردنی تاکەکەسی دەکەنەوە، کۆمەڵناس بە بەردەوامی بیری ئێمە دەخاتەوە کە "کۆمەڵگە فەرامۆش مەکەن! لە یاد مەکەن کە مرۆڤەکان کۆمەڵایەتین و، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی جیاوازی لە بوونی هەمووماندا."

کاریگەریی هێزی کۆمەڵناسی لەسەر بیرکردنەوەی من حاشا هەڵنەگرە. من تەقریبەن وەك هەر کەسێکی تر، رقم لە تاوانە توندوتیژەکان دەبێتەوە.

نادادپەروەری و ناپیاوی خەمبارم دەکات. شەڕ و کوشتاری مرۆڤ، بەکارهێنان و ئازاری جەستەیی، نەژادپەرەستی و جیاکاری رەگەزی، دزی و لەناوبردنی ماڵ و دارایی، نان پەیداکردن بە هۆی تووشبونی خەڵکەوە بە مادە هۆشبەرەکان و خۆ پارێزی لە یارمەتیدانی هەژاران، هەموو ئەمانە تووڕەییم زیاد دەکەن و، راستتان دەوێ، هەر ئەم تووڕەییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ببمە کۆمەڵناس. بەڵام تێڕوانینی کۆمەڵناسان بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە لەگەڵ زۆرینەی تێڕوانینەکانی تر جیاوازە. ئێمە بەردەوام ئەم پرسیارە دەخەینە روو کە، "لە چ جۆرە کۆمەڵگەیەکدا ئەم حاڵەتە روو دەدات؟ **چ هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی** دەبنە هۆی ئەوەی کەتاکەکان مرۆڤبوونی خۆیان لەدەست بدەن؟ **هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی هەژاری**، تاوان و کوشتار و توندوتیژیی وێرانکەر چین؟"

هەرکات سەبارەت بە کوشتارێکی مەترسیدار بابەتێك دەخوێنمەوە یان دەبیستم، یەکەمین کاردانەوەی من بریتی دەبێت لەوەی کە، "چ کارەساتێکی ترسناك!" دووەمین کاردانەوەم ئەوەیە کە، "چۆن مرۆڤەکان دەتوانن ئەم کارە بکەن؟ ئەوان بۆ وایان لێ دێت؟" و زۆر جار بە کاردانەوەی سێیەم دەگەین، کاردانەوەیەك کە پێویستی بە خۆپارێزی و وردەکاری و گرنگیدانێکی زیاترە: هۆکارە بونیادییەکانی ئەم جۆرە رەفتارانە چین؟ ئەم جۆرە بێبەزەیی و نامەردیانە لە چ جۆرە دنیایەك دەکەوێتەوە؟ پاڵنەری من لە پێگەی کۆمەڵناسیدا، دەرکی چیەتیی کۆمەڵگە (لەوانەش کۆمەڵگەی خەڵکی)یە و هەوڵ دەدەم پەی بە هەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانی کاریگەریی کۆمەڵگە لەسەر مرۆڤەکان ببەم. هەڵبەت دەزانم کە ئەمە تاکە شێوزای دەرککردنی کردەی مرۆیی نییە، بەڵام گومانم وایە کە تا رادەیەکی زۆر کاریگەرە.

بۆ ناساندنی دیدگای کۆمەڵناسی، بەو جۆرەی کە ئاماژەی پێکرا، من بڕیارم داوە کە تەرکیزی خۆم لەسەر دە پرسیار چڕ بکەمەوە. بە بۆچوونی



من وەها پرسیارگەلێك توێژینەوەی کۆمەڵناسییانە سەرنجڕاکێش دەکەن. کاتێك کە هەموو شتێك دەگوترێت و ئەنجام دەدرێت و کاتێك کە سەیری زنجیرەیەك خوێندنەوە و زانیاری کۆمەڵناسییانە دەکەین، کە لە ماوەی زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵدا کۆمان کردوونەتەوە، دەبینین کە هێشتا ئەم پرسیارانە ماون و گفتوگۆ و بەڵگە هێنانەوە لەم بەشەدا دەوروژێنن: چۆن کۆمەڵناسان دەتوانن کۆمەڵگە بخوێننەوە؟ واتای مرۆڤ بوون چییە؟ چۆن کۆمەڵگە دادەمەزرێ؟ بۆچی نایەکسانی لە جیهاندا بوونی هەیە؟ بۆچی باوەڕمان بەو شتە هەیە کە دەکەین؟ ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟ بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟ بۆچی چارەڕەشی لە جیهاندا بوونی هەیە؟ ئایا تاك بەڕاستی کاریگەرە؟ ئایا کۆمەڵناسی گرنگە؟

لە سەرتاسەری ئەم کتێبەدا سوود لە کاری هەندێك لە کۆمەڵناسە بەناوبانگەکان وەردەگرم. ئەم نووسەرانە زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی من هەبوو. بیرەکانیان زیاتر لە هەمووی بەلای منەوە سەرنجڕاکێش و مانادارن، لەبەر ئەوە من ئێستا بە کورتی قسەیان لەبارەوە دەکەم.

کۆمەڵناسی زۆر قەرزاری بەرهەمەکانی کارل مارکس (1818 ـ 1883)ە. هەڵبەت مارکس زیاتر لەبەر نووسراو و بەرهەمەکانی وەك راگەیاندنی کۆمۆنیستی (1848) و سەرمایە[1] (1867) ناوبانگی دەرکردووە، کە هەر دووکیان بریتین لە رەخنەگرتن لە سەرمایەداری و ئەوەی لە کۆمەڵگەدایە بەو جۆرەی کە ئەو دەیزانی. مارکس لە چۆنیەتیی کارکردی کۆمەڵگەی خۆی رازی نەبوو، لە ئەنجامدا ئەم ناڕەزایەتییە (کە لە ڕاستیدا تووڕەییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە)، تیۆرێکی سەبارەت بە کۆمەڵگە خستە روو کە لەسەر چینی کۆمەڵایەتی، هێزی کۆمەڵایەتی و دژایەتی کۆمەڵایەتی چڕ بۆتەوە. شیکردنەوەکەی مارکس بەرەنگاری باوەڕی زۆربەی ئەمریکییەکان دەبێتەوە. ئەو تێڕوانینێکی رەخنەگرانە و ئاڵۆزی بۆ

[1] Das Kapital

دەرككردنی كۆمەڵگە لە كۆمەڵناسیدا خستۆتە روو. ئەو هزرەی، كە **نایەكسانیی كۆمەڵایەتی** كلیلی دەركی كۆمەڵگەیە بنچینەی هەموو نووسراوەكانی پێكدەهێنێت.

هیچ كەس زیاتر لە ماكس ڤێبەر (1864 ـ 1920) بیرمەندی كۆمەڵایەتی ئەڵمانی، كە زیاتر بە كتێبی **ئەخلاقی پرۆتستانتی و رۆحی سەرمایەداری** (1905) ناوبانگی دەركردووە، كاریگەری لەسەر پەرەسەندنی دیدگای كۆمەڵناسی نەبووە. لەم كتێبەدا ئەو دەریدەخات كە بیركردنەوەی ئایینی پرۆتستانتی هۆكارێكی سەرەكی بووە لە یارمەتیدانی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە رۆژئاوادا. تەقریبەن وەك هەموو نووسراوەكانی ڤێبەر، ئەم كتێبە مەیلی ناوبراو بۆ وەسفكردنی بایەخی كولتوور و لە كاریگەری دانان لەسەر چۆنیەتیی رەفتاری خەڵك پیشان دەدات. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە كە خەڵك لەبەر سیستەمی باوەڕە هاوبەشەكان بە شێوازێكی دیاریكراو رەفتار دەكەن و، تەنیا رێگایەك بۆ تێگەیشتن لە كردارەكانی نەتەوەیەك بۆ زانایانی كۆمەڵایەتی ئەوەیە كە لە كولتووری ئەوان تێبگەن. لەم رووەوەیە كە كارەكەی ڤێبەر لە خوێندنەوەی ئایین، مۆدێرن بوون، دەسەڵاتی یاسایی، بیرۆكراتیك بوون، زانست ، نەریت، یان هەموو شێوازە تایبەتییەكانی **بیركردنەوە** كە بەدیهێنەری تایبەتمەندییەكانی خەڵكانێكە كە پێكەوە دەژین، زۆر گرنگە. ئەگەر ماركس بە كۆمەڵناسێكی رەخنەگر دەزانین، دەبێ ڤێبەریش وەك كۆمەڵناسێكی كولتووری[1] سەیر بكەین. بەمپێیە، ئەم بۆچوونە تا رادەیەك گومڕاكەرە، چونكە بایەخی ڤێبەر لەوە زیاترە. ئەو وەك ماركس بە قووڵی حەزی لە چینی كۆمەڵایەتی، هێزی كۆمەڵایەتی و دژایەتی كۆمەڵایەتی بوو.

كاتێك كە ناوی ئەمیل دۆركهایم دێتە ناوەوە، من دەستبەجێ بیر لە "رێكخستنی كۆمەڵایەتی" دەكەمەوە. دۆركهایم (1858 ـ 1917) سەرنجی

[1] Cultural Sociologist.



خۆی لەسەر دەركی هەموو شێوازە جۆراوجۆرەكان چڕ كردبووەوە، كە كۆمەڵگە دەتوانێت بە هۆی ئەوانەوە وەك یەكەیەك كار بكات. ئەو پێی وایە كۆمەڵگە تەنیا گرووپێك نییە لە تاكەكان، بەڵكو گشتێكی گەورەتر دروست دەكات، واقیعێك كە زیاتر لە هەموو ئەو تاكانەیە كە دروستی دەكەن. چ شتێك كۆمەڵگە پێكەوە دەبەستێتەوە؟ چۆن ئەم یەكگرتووییە دەپارێزێت؟ دۆركهایم رۆڵی گرنگی ئایین، یاسا، ئەخلاق، خوێندن، دروشمەكان، كاردابەشكردن و، تەنانەت تاوان و كوشتار لە پاراستنی ئەم یەكگرتنەدا بە شێوەیەكی بەڵگەهێنانەوە پیشان دەدات. لە هەریەكە لەبەرهەمەكانیدا ئەو ئەم بابەتەی تاوتوێ كردووە. بەناوبانگترین بەرهەمی دۆركهایم خۆكوشتنە (1897). بۆ نموونە، دەری دەخات كە چۆن رێژەی زۆر كەم یان زۆر زیادی یەكڕیزی كۆمەڵایەتی رێژەی خۆكوشتنی زۆری لێدەكەوێتەوە. كۆتا بەرهەمی گرنگی ئەو، **وێنە سەرەتاییەكانی ژیانی ئایینی** (1915)، بایەخی ئایین، دروشمەكان، شتە پیرۆزەكان و توخمەكانی تری جیهانی پیرۆز لە یەكڕیزی كۆمەڵایەتیدا پیشان دەدات. دۆركهایم هەروەها یارمەتییەكی زۆری ئێمەی داوە تاوەكو لە كاریگەریی هێزە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر تاك، لە خۆكوشتنەوە بیگرە تاوەكو بەئاگابوون لەو شتەی كە دروست و نادروستە، تێبگەین.

لە زۆر رووەوە دیدگای كۆمەڵناسی قەرزاری كارەكانی ماركس، ڤێبەر و دۆركهایمە. لە دوو كۆمەڵناسەكەی تر، لە بەشەكانی دواتردا جارەجارە یادێك دەكەینەوە. هەردووكیان شتێكی زۆریان سەبارەت بە چییەتیی كۆمەڵایەتیی مرۆڤ و بەتایبەت دەربارەی كاریگەریی هێزی ژیانی كۆمەڵایەتیی ئێمە لەسەر شێوازی بیركردنەوەمان، فێر كردووین. دەروونناسی كۆمەڵایەتی، جۆرج هربرت مید (1863 ـ 1931) كە لە زانكۆی شیكاگۆ وانەی دەوتەوە، لە تێگەیشتنی پەیوەندییە ئاڵۆزە فراوانەكانی نێوان كۆمەڵگە و مرۆڤدا یارمەتییەكی زۆری داوم و كتێبی **زەین، خود و كۆمەڵگە** (1934)، كە كۆمەڵە یادداشتێكی وانە وتنەوەی ئەوە و پاش

مردنی بە هۆی قوتابییە جددییەکانی ئەو نووسراوە، زۆرترین خزمەتی بە کۆمەڵناسی کردووە. لە سەرتاسەری بەرهەمەکەیدا چەند پرسیارێکی دیاریکراو، چەندین جار دووبارە دەبنەوە: سروشتی مرۆڤ چییە؟ واتە چ شتێك مرۆڤ وەك جۆرێك لە سروشت دەستنیشان دەکات؟ چۆن کۆمەڵگە مرۆڤ پێکدەهێنێت؟ چۆن تاك، بەگوێرەی خۆی کۆمەڵگە پێکدەهێنێت. مید بە چەشنێکی باوەڕپێهێنەر دەریدەخات، کە مرۆڤەکان لەبەر هۆکاری شێوازی بەکارهێنانی سیمبولەکان بۆ راگرتنی پەیوەندی و بیرکردنەوە سەبارەت بە کردەکانی خۆی و کردەکانی ئەوانی تر بێهاوتان. ئەوان هەروەها لەبەر توانایان بۆ بیرکردنەوە دەربارەی خۆیان وەك ئۆبجێکت[1] بێهاوتان. بۆ مید، بەکارهێنانی سیمبول، ناسنامەی کەسی[2] و زەین، چۆنییەتییەکن کە بوونەوەرێك بەدی دەهێنن کە دەتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت، نەك ئەوەی بە جۆرێکی ناچالاك تەنیا لە رێگەی کۆمەڵگەوە پێك بهێنرێت. لەبەر ئەوە، پەیوەندیی تاك لەگەڵ کۆمەڵگە ئاڵۆزە، چونکە سیمبولەکان، خود و زەین چۆنییەتییەکن کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدی هێنراون تەنیا لەبەر ئەوەی کە ئێمە بوونەوەرانێکی کۆمەڵایەتین.

کۆمەڵناسێکی تری ئەمریکی پیتەر بێرگر (1929-    )ە، کە لەگەڵ میددا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بیرکردنەوەی من سەبارەت بە مانا و بایەخی کۆمەڵناسی هەبووە. کتێبەکانی ئەو، **بانگهێشت بۆ کۆمەڵناسی**[3] (1963) و **بونیادی کۆمەڵایەتی واقیع**[4] (1966) (کە بە هاوکاریی تۆماس لۆکمان نووسراوە) کۆمەڵناسیی وەك جۆرێکی تایبەتی هۆشیاری وەسف دەکات. دیدگایەك، کە لە رووی گرنگیدانییەوە قووڵ، نائاسایی، رەخنەگرانە و مرۆڤگەرایانەیە. بۆ بێرگەر، کۆمەڵناسی ئازادکەرە، چونکە

[1] Objects
[2] Self hood
[3] Invitation & sociology
[4] The social construction of Reality



ئەو واقیعانەی کە بە حەتمییان دەزانین، بەو جۆرەی کە هەن ئاشکرا دەکات. واتە داهێنانە کۆمەڵایەتییەکان کە بە رواڵەت دروست دێنە پێش چاو، زۆر جار بە پێداچوونەوەی ورد بۆمان دەردەکەوێت کە تا رادەیەك دروست یان تەنانەت نادروستن. بێرگەر لە تێکڕای بەرهەمەکانیدا دەریدەخات کە هێزی کۆمەڵگە، کردە و هێزی مرۆڤ پێك دەهێنێت. کۆمەڵگە مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی دەکات تاوەکو دان بە شێوازەکانیدا بنێت. بۆ بێرگر، دەرکی هێزی کۆمەڵگە، یەکەمین هەنگاوە بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئێمە کێین و بۆ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆمان دەتوانین چی بکەین.

ئەوەی من لێرەدا دەینووسم کەمتر هەزری خودی منە، چونکە تا رادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی هەزری کەسانێکی وەك مارکس، ڤێبەر، دۆرکهایم، مید و بێرگەردا بووە. ئەم کتێبە ئیلهامی لە هەزری هەموو ئەم بیرمەندانە ـ و ئەوانی تر ـ وەرگرتووە، بۆیە ئومێدەوارم ئەگەر پەسەندتان کرد تەرکیزی خۆتان لەسەر بەرهەمەکانی ئەوانیش چڕ بکەنەوە. هیوادارم ئێوەش هەمان ئەو بیرانەیان تێدا بدۆزنەوە کە ئیلهامبەخشی من بوون.

1

# کۆمەڵناسان چۆن کۆمەڵگە دەخوێننەوە؟

## توێژینەوەی جیهانی کۆمەڵایەتی

### بنەوانی بەڵگە هێنانەوەی ئەقڵانی

ئێمە هەمووومان بۆ هەموو ئەو شتانەی کە یۆنانییە کۆنەکان (کە شارستانیەتەکەیان نزیکەی 300 ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح گەیشتە لووتکە) بەجیهانیان بەخشیوە قەرزاری ئەوانین. ئەوان کۆمەڵێك شاکاریان لە بواری پەیکەرسازی، گڵکاری، بیناکاری و هونەری نمایشکردندا بۆ ئێمە بەجێ هێشتوون. ئەوان مێژووی بیرکاری، زانست، ئەدەبیات و دیموکراسییان خستە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا جێی سەرنجی ئێمەیە، تێڕوانینی تایبەتی ئەوان بۆ دەرکی واقیعە. کولتووری ئەوان دەسپێك و هاندەری خوێندنەوەی فەلسەفە بوو. تاوەکو ئەمڕۆ، نووسراوەکانی سوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لە مێژووی هزردا بێوێنەن. بەڵام تەنیا ئەم هزرانەش نین کە گرنگن، بەڵکو تێڕوانینی رەخنەگرانەی ئەوان، تێڕامانی پرسیارهەڵگری ئەوانە، کە چەقی بیرکردنەوەی رۆژئاوا پێکدەهێنێت.



فەیلەسووفانی یۆنانی، لە گەڕانیاندا بۆ دەرکی کێشەکان و دیاردەکان، تێڕوانینێکی رەخنەییان بەرامبەر بە هزرەکان هێنایە ئاراوە ـ بردنە ژێر پرسیاری ئەو بیرانەی کە خەڵك لەو سەردەمەدا باوەڕیان پێیان هەبوو. بە بردنە ژێر پرسیاری هەمیشەیی بیروباوەڕەکان و هزرەکان، فەیلەسووفە یۆنانییەکان ئەو خەڵکانەیان کە گوێیان لێدەگرتن ـ و کەسانێکیش کە دواجار نووسراوەکانی ئەوانیان دەخوێندەوە ـ فێر دەکرد کە بە تەنیا دەسەڵات وەك بنچینەی راستی قەبووڵ نەکەن و بە چاوی گومانەوە سەیری هەر شتێك بکەن کە کولتوور لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا بانگەشەی راستبوونی دەکات. ئەوان بەڵگەیان دەهێنایەوە کە دروستی و نادروستیی هەر هزرێك پێویستە بە پێودانگێکی بێلایەنانە پێوانە بکرێت. پێودانگێکی پێوانەکردنی دان پێدانراو کە دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەی کە خەڵك تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی کە شتێك "هەستی پێدەکرێت کە باشە" یان لەگەڵ ئەو شتەدا کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی دەگونجێ، بە تەواوەتی باوەڕی پێبکەن. ئەم پێودانگی هەڵسەنگاندنە *بەڵگەی ئەقڵانی* بوو، یان ئەوەی کە ئەمڕۆ بە *لۆژیك* ناوی دەبەین. رێك بەو جۆرەی کە دەتوانین بە بەکارهێنانی راستە دەستنیشانی بکەین کە هێڵێك گەورەترە لە هێڵێکی تر، بە هەمان شێوە دەتوانین بە سوودوەرگرتن لە رێسا لۆژیکییەکان سەبارەت بە دوو هزر دیاری بکەین کە یەکێکیان راسترە لەوی تریان.

یۆنانییەکان بەڵگەی لۆژیکییان هێنایە کایەوە و لەوە بە دواوە رێساکانی لۆژیك، کە بە تێپەڕبوونی کات و رێسا نوێیەکان گۆڕانیان بەسەردا هات، لە جیهانی زانستدا بوون بە بنەمای دەرکی دیاردەکان. ئەگەر هزرێك لۆژیکییە، کەواتە لە رێگەی رێساکانی لۆژیکەوە بەرهەم هاتووە. ئەگەر هزرێکیش رەت دەکرێتەوە، لەبەر ئەوە نییە کە ئێمە رقمان لەم هزرەیە یان لەگەڵ ئەو شتە ناگونجێت کە ئێمە لەسەری راهاتووین، بەڵکو لەو رووەوەیە کە ئێمە دەتوانین لە رێگەی ئەم رێسایانەوە بێلایەنانە

نادروستییەکەی بسەلمێنین. ئەوە پرۆسەی دۆزینەوەیە (کشف) کە لە دیاریکردنی هزرێکی باشدا گرنگە، حەز لێبوون یا نەبوونی ئێمە بایەخی نییە. پێش یۆنانییەکان، دروستیی راستەقینە بەسترابووەوە بەوەی کە لەلایەن چ کەسێکەوە دەوترا، لە چ شوێنێکدا نووسرابوو، یان پێوەرە نالۆژیکییەکانی تر. سەرکردەی سیاسی ئەوەی کە لایەنگرانی پێیان دەوت باوەڕی پێدەکرد، رابەری ئایینی ئەوەی کە بوونەوەرێکی سەروو سروشت پێی دەوت بڕوای پێدەکرد، فرۆشیاری سووچێکی شەقام باوەڕی بە شتێك دەکرد کە هاوڕێیەکی باش پێی وتبوو یان وا دەردەکەوت کە راستە. تەنانەت ئەمڕۆ بۆ زۆربەمان جێی دوودڵییە کە دان بە راستیی شتێکدا نەنێین کە بە روونی دەردەبڕێت، یان ئاساییە، یا کەسێك دەری دەبڕێ کە خۆشمان دەوێ.

بە زمانێکی سادە، فەیلەسووفە یۆنانییەکان فێریان کردین کە هزرەکان لە حاڵەتێکدا راستن کە لە رێگەی پرۆسەیەکی بەڵگەهێنانەوەی وردەوە پێیان بگەین، واتە لە حاڵەتێکدا کە لە رێگەی رێسا لۆژیکییەکانەوە بیانسەلمێنین. راستگۆیی، بنەڕەتی بەڵگەی لۆژیکی پێکدەهێنێت: هزری خۆتان مەخەنە ژێر کاریگەریی دەستکاریکردن (تحریف)ەوە تاوەکو ئەوەی کە حەزتان لێیە بیسەلمێنن، زێدەڕۆیی و زیادەڕۆیی مەکەن، خۆتان خەریکی بەدەستهێنانی دەرەنجامە بەپەلە و بێ پاساوەکان مەکەن، یان دەنگ هەڵمەبڕن کە هزرێك هەڵەیە تەنیا بەو هۆیەی کە لەگەڵ باوەڕەکانی ئێوەدا ناتەبایە. بە گومانەوە سەیری کەسانێك بکەن کە لۆژیکی نین، ئاگاداری کەسانێك بن کە بە فێڵ و تەڵەکە هانی ئێوە دەدەن، کە شتێك لەسەر بنەمایەکی نالۆژیکیانە قەبووڵ بکەن. لە جیاتی ئەوە، دان بە هزرگەلێکدا بنێن کە لە رێگەی تاوتوێکردنی ورد و رێکخراو[1] و ئابڕومەندانەوە بەدەست هاتوون. هزرێك جیا بکەنەوە: سەیری گریمانەکانی بکەن، بە دوای ململانێیەکاندا بگەڕێن، بەپێی شتگەلێکی تر کە پێشتر

[1] organized



سەلماوە تاوتوێی بکەن و بەسەر بەشە پێکهێنەرەکانیدا شیتەڵی بکەن و پاشان ئەو بەشانە موتاڵا و تاوتوێ بکەن. ئەگەر دروستیی هزرێك لە رێگەی وەها چالاکییەکەوە دووپات بکرێتەوە، ئەوکاتە دەتوانن تا رادەیەك دڵنیابن کە شتێکی نزیك لە راستەقینەتان بەدەست هێناوە. ئەگەر دووپات نەکرێتەوە، پێویستە رەت بکرێتەوە، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە چ کەسێك دەریدەبڕێت، بەدەرلەوەی کە ئێوە تا چ رادەیەك دەتانەوێت باوەڕی پێبکەن و، دوور لەوەی کە ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە بەردەوام فێری ئێوە کراوە.

شارستانیەتی یۆنان لەکۆتاییدا بەرەو نەمان هەنگاوی نا و کاریگەریی لەسەر رۆژئاوا هێدی هێدی رووی لە کزی کرد و کڵێسایەکی بەهێزی مەسیحی کە شێوەی تاقە سەرچاوەی راستەقینە(حەقیقەت)ی بەخۆوە گرتبوو، شوێنی گرتەوە. لە نزیکەی ساڵی 300 زایینی تا 1400، گرنگترین تێڕوانین بۆ راستەقینە، رۆحی ئیمان و بیروباوەڕی دینی بوو. لە خەڵکی وا چاوەڕوان دەکرا کە ئەوەی کڵێسا فێری دەکردن قەبووڵی بکەن، نەك ئەوەی کە خۆیان سەربەخۆ بە دوای ئەقڵ و دروست بیرکردنەوەدا بگەڕێن. رۆحی شیکردنەوەی رەخنەیی و ئەقڵانیی بیروباوەڕەکان و هزرە رەسمییەکان لە ژێر ناوی تازەگەری (بیدعە) و گەندەڵیی بیروباوەڕدا پێناسە دەکرا و سزای بۆ دانرابوو. بەم حاڵەش، دواجار رۆحی فەلسەفەی یۆنانی جارێکی تر لەلایەن کۆمەڵی رۆشنبیرانەوە وەرگیرایەوە و بەسەرهەڵدانی فەلسەفەی رەخنەیی و زانست لە ساڵانی سەدەی پانزەیەمدا، وەك دەسەڵاتێکی بەهێز شوێنی لە جیهانی رۆژئاوادا کردەوە. دەرکەوتن و پەرەسەندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە سەدەی هەژدەیەم و دامەزراندنی کۆمەڵناسی وەك زانستێکی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەیەم لە دەرەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییانە بوو، و بوو بە بەشێك لەم نەریتە رەخنەییە.

## بەڵگەهێنانەوە، زانست، کۆمەڵناسی

### پێویستی بە کۆمەڵناسیی زانستی

هەرکات هەوڵ دەدەم باسی کۆمەڵناسی بۆ هاوڕێیەکی بیرکاریزان بکەم، نائومێد دەبێت و دەڵێت: "وا دەزانم کە بیرکاریی باڵا بە بەراورد لەگەڵ دەرکی مرۆڤەکاندا ئاسانە". کاتێك کە لە چارەسەرکردنی کێشە تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و دنیاییەکاندا تووشی شڵەژان دەبین، ئاشکرا دەبێت کە گشتاندن دەربارەی مرۆڤەکان تەنیا لەبەر ئاڵۆزییان کارێکی قورسە. بەڵام تەنیا ئەم ئاڵۆزییە نییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵناسی بەشێکی وەها قورس بێت. تاکەکان بەم بۆچوونەوە روو لە کۆمەڵناسی دەکەن کە شتێکی زۆر سەبارەت بە بابەتی خوێندنەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەزانن، رێك بە پێچەوانەی بیرکاری. چ شتێك دەتوانێت لە کۆمەڵناسی ئاشناتر بێت؟ ناچارکردنی تاکەکان بە دڕدۆنگ کردن لەوەی کە "دەیزانن" ئەستەمە. ناچارکردنیان بە داننان بەوەی کە ئەوەی دەیزانن دروست نییە لەویش ئەستەمترە.

ساتێك بیر لەم بابەتە بکەنەوە کە هزرەکانی ئێمە دەربارەی مرۆڤەکان و چیەتیی کۆمەڵگە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا جێگیر بووین کە فێرمان دەکات هزرەکان و بەها بونیادییەکانی قەبووڵ بکەین و ئەو کەسانەش کە ئێمە فێر دەکەن لەو کۆمەڵگە و سیستەمە باوەڕییە سوودمەند دەبن. کورتەی قسان ئەوەی کە ئێمە هەموومان بوونەوەرانێکی کولتوورین. ئێمە هزرە بونیادییەکان، بەهاکان و نۆرمەکانی کۆمەڵگەی خۆمان فێر دەبین و ئەوان لە خودبینییەکانی (خۆوادانان)



خۆماندا و جیهانی کۆمەڵایەتی خۆماندا بەرجەستە دەکەین. باوەڕەکانی کولتوورێك پێویستیان بە دروست بوون یا سەلماندن نییە، ئێمە زۆر جار ئەوانە بەبێ پرسیارکردنی جددی وەردەگرین، چونکە ئەوانە شتێکن کە لە رابردووی کۆمەڵگەی خۆمانەوە بۆمان دەمێننەوە. بە کۆمەڵایەتی بوون لە ساڵەکانی سەرەتای ژیاندا، ئێمە دەکات بە ئەندامێکی چالاك لە کۆمەڵگەدا. بە هۆی بە کۆمەڵایەتی بوونی سەرەتاوە، ئێمە هزرەکانی ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ لە دەوروبەری ئێمەدان دەروونی دەکەین. هەروەکو منداڵانی ساوا ئێمە شتێکی باشتر ناناسین: بە ناچاری پێویستە بە دایك و باوك و کەسانێکی ترەوە کە لە ئێمەوە نزیکن وابەستە بین، هەتا ئەوەی کە دەیزانن فێرمانی بکەن. وردە وردە کە گەورە دەبین، قوتابخانە، تەلەفزیۆن، هاوڕێیان و هۆکارەکانی تری بە کۆمەڵایەتی بوون هزرگەلێکی زیاتر دەخەنە روو و زۆرێك لەم هزرانە بیرەکانی پێشتری ئێمە بەهێز دەکەن. کاتێك کە دەچینە پۆلی وانە خوێندنی زانکۆوە و رووبەرووی مامۆستایەك دەبینەوە کە هزرەکان دەباتە ژێر پرسیارەوە، یا کاتێك تووشی کەسێك دەبین کە دیدگایەکی جیاوازی هەیە، لەوانەیە بکەوینە ژێر کاریگەرییەوە کە بیروباوەڕەکان و هزرەکانمان بگۆڕین، بەڵام زۆر جار ئەرکی سەلماندنی بانگەشە لە ئەستۆی هزرە نوێیەکاندایە نەك بیروباوەڕە کۆنەکان. ئێمە پێش خۆئامادەکردن بۆ رەتکردنەوەی بیروباوەڕ و ئەو هزرانەی کە لە ئەنجامی بەکۆمەڵایەتی بوونی سەرەتاییمانەوە سەر هەڵدەدن داوای "بەڵگەی" باوەڕپێهێنەر دەکەین. **زۆربەی خەڵك هەڵسەنگاندنی جددی بیروباوەڕیان سەبارەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە لە رێگەی بەکارهێنانی پێودانگی هەڵسەنگاندنی فەیلەسووفە یۆنانییەکانەوە بە ئەستەم دەزانن، چونکە بە هۆی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە ئەو بیروباوەڕانە تا رادەیەك بوونەتە بەشێك لە بوونی ئەوان.**

بەمپێیە، دڕدۆنگ بوون ڕێك ئامانجی كۆمەڵناسییە. ئۆگۆست كۆنت (1798 ـ 1857)، بیرمەندی فەڕەنسی كە وشەی **كۆمەڵناسی** داهێنا، بەڵگە دەهێنێتەوە كە شێوازە ڕەخنەییەكانی یۆنانییە كۆنەكان دەتوانێت و دەبێت سەبارەت بە كۆمەڵگە بخرێنە كار. لەڕاستیدا، ئەو شێوازانە تەنانەت لەوەشی تێدەپەڕێنن، ئەوان پێویستە بە وردی پشت بە **تێڕوانینێكی زانستی** ببەستن، پێوەرێكی پێوانە كردن كە تەنانەت لە بەڵگە هێنانەوەی ئەقڵانی پێویست ترە. زانستیش وا دەخوازێت كە پێودانگێكی پێوانەكردنی بێلایەنانە سەبارەت بە دروستی یا نادروستیی هزرێك بەكار بهێنرێت، بەڵام ئەمە نەك تەنیا پێویستە لەگەڵ لۆژیكی دروستدا تەبا بێت، بەڵكو لە كۆتاییدا دەبێت لەسەر بنەمای تێبینی كردنی وردیش ڕاوەستابێت. كۆنت باوەڕی وا بوو كە ئامانجی بەشێك كە دایدەمەزرێنێت، واتە كۆمەڵناسی ـ یان "زانستی كۆمەڵگە" ــ شیكردنەوەی سروشتی ورد و بابەتیانەی كۆمەڵگەیە لە ڕێگەی تێبینی كردنی وردەوە. ئەگەر پێویست بكات، زانستی نوێ ئەوەی كە كولتوور دەربارەی كۆمەڵگە فێرمان دەكات دەباتە ژێر پرسیارەوە و بە كۆمەڵە هزرێك دەگات كە بە هۆی تێبینی كردنەوە جەختیان لەسەر كراوەتەوە نەك قەبووڵكردنی ئەوەی كە لە ڕابردوودا بۆ ئێمە گوازراوەتەوە. لە سەردەمی كۆنتەوە تا ئەمڕۆ، ئەمە ئامانجی سەرەكیی كۆمەڵناسی بووە كە بزانین كۆمەڵگە بەڕاستی چییە، بەدەر لەوەی كە خەڵك دەیانەوێ ببێت. ئەمە بەڵگەیبوونی كۆمەڵناسی و خاڵی بەهێزی ئەو بووە.

## سەلماندنی ئەزموونی

كرۆكی سەلماندنی ئەقڵانی، ناسینی ئەم خاڵەیە كە پێویستە لە ناو ئەقڵ و لە ناو هەڵسەنگاندنی وردی هزرەكانەوە بە دوای بنچینەی ڕاستەقینەدا بگەڕێین. سوقرات، یەكێك لە گەورەترین فەیلەسووفە یۆنانییەكان ئەم مەعریفەیەی باشتر لە هەر كەسێكی تر خستۆتە ڕوو. شێوازی توێژینەوی سوقراتی، زنجیرەی پێكەوە بەستراوی پرسیارەكانە كە لە بەرامبەر كەسێكدا دەخرێنە ڕوو. ئەو بەم شێوازە، بۆچوونی بیركردنەوەی وردی تاكەكان و دەرەنجامە لۆژیكییەكانی ئەوان و ئەو بەڵگە لاواز و ئاست نزمانەی كە بۆ زنجیرەی باوەڕەكانیان پشتیان پێ بەستوون بۆ تاك ئاشكرا دەكرد. سوقرات بە پرسیارەكانی، زیاتر لەوەی كە ڕاستەقینە بدۆزێتەوە پێچەوانەی ڕاستەقینەی ئاشكرا دەكرد و بەم كارە دەبووە هۆی ئەوەی كە ئەوانی تر بە شێوەیەكی وردتر و بیرمەندانەتر بە دوای ڕاستەقینەدا بگەڕێن.

ئەم جەختكردنەوەیە لەسەر بەڵگەهێنانەوەی ئەقڵانی زانستی نوێی دامەزراند. گومانی فەلسەفی و ئەو هزرە كە پێویستە لە ڕێگەی پێودانگی هەڵسەنگاندنەوە ئەنجامگیریی ورد بەدەست بهێنرێت، بوو بە بەڵگەهێنانەوەیەك كە بنەمای زانستی پێكهێنا. ئەم بەڵگەهێنانەوەیە بە **سەلماندنی ئەزموونی** بەناوبانگە. سەلماندنی ئەزموونی لە هەڵسەنگاندنی دروستی یا نادروستیی هزرێكدا، پشت بە تێبینی كردنی ورد دەبەستێت. هزرێك بە شێوەیەكی ئەقڵانی بەدی دێت، بەڵام پێویستە بە شێوەیەكی ئەزموونی تاقی بكرێتەوە- واتە لەبەرامبەر ئەوەدا كە دەتوانین لە جیهانی دەوروبەری خۆماندا ببینین تاقی بكەینەوە. ئایا ئەم هزرە لەگەڵ تێبینی كردنی ورد لە تاقیگەیەكدا لە ڕێگەی میكرۆسكۆپ یا تەلیسكۆبەوە دەگونجێ؟ ئایا ئەم هزرە لەگەڵ ئەو شتەدا كە ئێمە لە ژینگەی سروشتی یان لە ژینگە ئەزموونییەكان، لە ژیانی ڕۆژانە، لە سەردەمە مێژووییەكان، یان لە هەڵبژاردنەكانی حكوومەتدا دەیبینین هاوئاهەنگە؟

تەنانەت یۆنانییەكان هەندێ جار سوودیان لە سەلماندانی ئەزموونی وەردەگرت. لە ڕاستیدا، هەندێك سەلماندنی ئەزموونی بۆ ***ئەرەشمیدۆس***ی

بیرمەندی بەناوبانگی یۆنانی و یەکێك لە یەکەم زانایانی مێژوو دەگەڕێننەوە. ئەرەشمیدۆس دەیویست بزانێت کە چۆن دەتوانێت قەبارەی شتێك (وەك تاجی پادشایەتی) پێوانە بکات. ئاشکرایە کە ناکرێت بە راستەیەکی سادە قەبارەی تاجێك پێوانە بکرێت، چونکە بە پێی شێوەکەی وەها کارێك نامومکینە. رۆژێك، لە کاتی خۆشۆردندا بۆی دەرکەوت کە کاتێك دەچێتە ناو حەوزەکەوە ئاوەکە بەرز دەبێتەوە و کاتێك دێتە دەرەوە ئاستی ئاوەکە دێتە خوارەوە. تیشکێك لە هزریدا بووە هۆی ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی بدۆزێتەوە: بۆ پێوانەی قەبارەی هەر شتێك، ئەوەندە بەسە کە رێژەی ئەو ئاوەی کە لە رێگەی ئەو شتەوە دەگوازرێتەوە پێوانە بکەین. لەم چیرۆکەدا دەوترێت کە ئەرەشمیدۆس بەپێ خاوسی رادەکاتە کۆڵانەوە لە کاتێکدا هاواری دەکرد "دۆزیمەوە ! دۆزیمەوە !"

ئەرەشمیدۆس چۆن وەڵامەکەی خۆی دۆزییەوە؟ بە زمانی سادە دەکرێت بوترێ کە ئەو تێبینی کرد. ئەم نموونە بە باشی دەریدەخات کە سەلماندنی ئەزموونی چییە: رێگەیەکە کە تێبینی دەکرێت. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە کاتێك هزرێك پشتیوانێکی ئەزموونی هەیە، ئەوانی تر دەتوانن تێیدا بەشدار بن و لە بارودۆخێکی جیاوازدا تێبینی بکەن تاوەکو کاری تێبینیکەری یەکەم دووبارە ببیننەوە. دواجار ئەم جۆرە سەلماندنە، بنچینەی هەموو زانستەکانی پێکهێنا، هەر لە فیزیا و زیندەوەرزانییەوە بیگرە تا دەروونناسی و کۆمەڵناسی.

سەلماندنی ئەقڵانی و سەلماندنی ئەزموونی هەردووکیان پێودانگی پێوانەکردنن. ئەوە باوەڕەکانی خەڵك نییە کە راستەقینە دەستنیشان دەکات، بەڵکو **چۆنیەتیی گەیشتن بە باوەڕەکانیانە** کە دەستنیشانکەری راستەقینەیە. ئایا دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئەقڵانی یان ئەزموونی بسەلمێنرێت، یان تەنیا لەبەر ئەم بەڵگەیە قەبووڵ دەکرێت کە کەسێك وەها دەڵێت یان لەبەر ئەوەی کە نووسراوە؟ سەلماندنی ئەقڵانی یان



ئەزموونی شتێك، بەو مانایەیە کە ئێمە ناچارین لە پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاودا، بە روونی وەسفی بکەین کە چۆن بە ئەنجامگیرییەکانی خۆمان گەیشتووین تاوەکو ئەوانی تر بتوانن پرۆسەی سەلماندنی ئێمە دووبارە ببیننەوە ـ تاوەکو ئەوان بتوانن بەڵگە و نیشانەکانی شی بکەنەوە، کۆمەڵە بەڵگەیەکی نوێ بخەنە روو، یا بە تەواوەتی ئەم پرسە دووبارە بکەنەوە یان ببینن کە ئەم بەڵگانە بەڕاستی تا چ رادەیەك لەبارن. ئەم شێوازە بنەمای دەرککردنی لە فەلسەفە و زانستدا. بە واتایەك، ئەمە پرۆسەیەکی دیموکراتیکە، چونکە بەڵگە هی هیچ کەس نییە. هەر شتێك زانراوە پێویستە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بخرێتە بەر باس تاوەکو ئەوان دەرفەتێکیان بۆ هەڵسەنگاندنی بۆ بڕەخسێت.

**سەلماندنی ئەزموونی بنەمای کۆمەڵناسی و** زۆرێك لەو هزرانەیە کە لەم کتێبەدا خراونەتە روو. ئەم شێوازە، بنچینەی بەدەستهێنانی ئەنجامە لە جۆرەکانی بوارە تایبەتەکانی کۆمەڵناسیدا، لە توێژینەوەی خێزان و مەزهەبەوە تا موتاڵای شۆڕش و فەرهەنگ. تێبینی کردن بنەمای زانستە و لەبەر ئەوە بنەمای کۆمەڵناسیشە. بەڵگەی دانپێدانراو بەڵگەیەکە کە تاك بتوانێت **تێبینی** بکات و لەگەڵ ئەوانی تردا تێیدا **بەشداری بکات**، تاوەکو ئەوانی تر بتوانن تێبینی بکەن، پێداچوونەوەی بکەن، رەخنەی لێ بگرن، پەرەی پێبدەن، یان رەتی بکەنەوە. تێبینی دەکرێ لە تاقیگە یا لە ژینگەی سروشتیدا ئەنجام بدرێت. ئێمە دەتوانین تاکە بەناوبانگەکان، ئەو پرسیارانەی کە لە پرسیارنامەدا دەستنیشان کراون، یا دەوەرییەکان و بیرەوەرییەکانی رۆژانە و نامەکان تێبینی بکەین. ئێمە دەتوانین تاکەکان لە گرووپ، کۆمپانیا، گرووپی ئایینی، تیپی تۆپی پێ، یان سوپایەکدا تێبینی بکەین. لە تواناماندایە تێبینی سەرکردە سیاسییەکان، وتارە نووسراوەکانی نێو رۆژنامەکان، کتێبە وانەییەکان، یان گۆڤارەکان بکەین. هەندێ جار تێبینی تا رادەیەك ئاسانە ـ بۆ نموونە تێبینی کردنی ئەوەی کە

چەند کەس پیتی A یان بۆ پرسیاری ژمارە 7 لە پرسیارنامەیەکدا دەستنیشان کردووە یان چەند کەس لە تاکە خوار تەمەن 21 ساڵەکان لە ماوەی ساڵی 1993 لە مینسوتادا خۆیان کوشتووە. هەندێ جار تێبینی زۆر ئاڵۆزترە و توێژەران پێویستە لە تێبینی کردنەکانیاندا خاوەنی خەیاڵکردن و وردەکارییەکی تایبەت بن. چۆن تاکە هەژارەکان بە دوای کاردا دەگەڕێن؟ چۆن دەوڵەمەندەکان لە حکوومەتدا دەسەڵاتیان بەکار دەهێنن؟ کوڕە بچووکەکان چی بە کچە بچووکەکان دەڵێن کە ڕەنگدانەوەی دەرکی ئەوانە لە ڕۆڵە ڕەگەزیەکانیاندا؟ بەدەر لەوەی کە پرسیار چی بێت، ئەگەر توێژەران خۆیان بە کاری کۆمەڵناسییەوە سەرقاڵ دەکەن، پێویستە لە بەڵگەکان و نیشانە ئەزموونییەکان بۆ دووپاتکردنەوە و سەلماندنی دروستی هزرەکانیان سوود وەربگرن، نیشانەگەلێك کە ئەوانی تر بتوانن بە شێوەیەك تێبینی و دواتر کۆنترۆڵیان بکەن.

دوو نموونە سەبارەت بە کاری ئەزموونی لە کۆمەڵناسیدا ئێوە تا رادەیەك لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵناسان چۆن "تێبینی دەکەن" ئاشنا دەکات. یەکەم نموونە توێژینەوەکەی دۆرکهایمە دەربارەی هۆکارەکانی خۆکوشتن. ئەو نیگەرانی ڕێژەی زۆری خۆکوشتن بوو لە زۆربەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا. ئەو توانی بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی خۆکوشتنەکان لە ناو هەر 100 هەزار کەسێك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، "پەی" بە ڕێژەی خۆکوشتنەکان ببات. ئەو پێکەوە بەستراوییەکی بەرچاوی لە ڕێژەی خۆکوشتن لە فەڕەنسادا لە ماوەیەکی زەمەنیدا دۆزییەوە و بۆی دەرکەوت کە ڕێژەی خۆکوشتن لە فەڕەنسا بە بەراورد لەگەڵ هەندێ لە کۆمەڵگەکان زیاتر و لەچاو هەندێ لە کۆمەڵگەکانی تر کەمترە. ئەو دەیویست بزانێت کە بۆچی ئەم ڕێژەیە لە نێو کۆمەڵگاکاندا جیاوازە و بۆچی لە ناو کۆمەڵەکانی نێو کۆمەڵگەدا جیاوازی هەیە. ئەو ئەم تیۆرەی خستە ڕوو کە ئەم ڕێژانە تا رادەیەکی زۆر



لە ژێر کاریگەریی ڕێژەی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەدان ـ واتە، لەلایەن گونجان[1] و یەکپارچەیی کۆمەڵگەوە کاریان تێدەکرێت. ئەو نەیدەتوانی ئاستی یەکگرتن "ببینێت"، بۆیە ئەوەی کە بە شێوەیەکی مەنتیقی سەبارەت بە یەکێتی لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا بیری لێدەکردەوە بەکاری هێنا (و ڕێك و ڕاست ئەوەی کە بیری لێدەکردەوە بۆ خوێنەری ئەو توێژینەوەیەی ڕوون دەکردەوە). بۆ نموونە بەڵگە دەهێنێتەوە کە کۆمەڵگە کاتۆلیکییەکان ئاستێکی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی زیاتریان هەیە تا کۆمەڵە پرۆتستانتەکان، چونکە ڕەگ و ڕیشەی کاتۆلیکەکان زیاتر لەناو کڵێسەدایە لە کاتێکدا پرۆتستانتەکان جەخت لەسەر پەیوەندی تاك لەگەڵ خودا دەکەنەوە؟ زیاد لەوەش، ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە کۆمەڵگەی جوولەکە ـ زیاتر لە هەردوو کۆمەڵگەی کاتۆلیك و پرۆتستانت یەکگرتوو و یەکپارچەیە (چونکە جوولەکەکان لە ئەوروپای کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا لە کۆمەڵی گەورەتر، زیاتر جیا بوونەتەوە و ئایینەکەیان چووەتە ناو هەموو لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەیانەوە).

بەمپێیە دۆرکهایم ئامادەیی ئەوەی تێدابوو کە بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە خۆکوشتن "بدۆزێتەوە". ئەو ئەوەی کە چاوەڕوانی دەکرد بەدەستی هێنا: کۆمەڵە پرۆتستانتەکان بەرزترین ڕێژەی خۆکوشتنیان تێدابوو و، کۆمەڵە جوولەکەکان نزمترین ئاستی خۆکوشتن. ئەو کۆمەڵەکانی تری لە بەرامبەر یەکتردا دانا و بەراوردی کردن: بۆنموونە کۆمەڵە شارییەکان لە بەرامبەر کۆمەڵە لادێییەکان و ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی زانکۆیان هەبوو لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا کە بڕوانامەی زانکۆیان نەبوو. لە کۆتاییدا ئەو کۆمەڵانەی کە زیاتر تاکگەرا بوون ڕێژەی خۆکوشتنیان زیاتر بوو. دۆرکهایم ئەو زانیارییانەی کە دەوڵەت کۆی کردبوونەوە تاوتوێ کرد ـ زانیارییەکی کەموکوڕ، ناتەواو،

[1] integration

لەوانەیە تەنانەت لایەنگرانەش. هەڵبەت پێویستیش نییە کە تیۆرەکەی ئەو سەبارەت بە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و ئاستی خۆکوشتن قەبووڵ بکەین. بەڵام جوانیی زانست لەوەدایە کە دەزانین ئەو چۆن بیری کردۆتەوە و چۆن تێبینی کردووە. دەکرێ بڕۆیت و هەمان ئەو زانیاریانە بۆ پێداچوونەوەی کارەکەی ئەو تێبینی و تاوتوێ بکەیتەوە یان دەتوانرێ پیشان بدرێت کە هەمان زانیارییەکان دەکرێت بە شێوەیەکی تر دەرك بکرێن. ئێستا دەتوانین زانیارییەکان لە ئەمریکا یان لە هەر ناوچەیەکی جیهاندا تاوتوێ بکەین. ناچار نابین کە قسەکانی دۆرکهایم بۆ هەر شتێك بە بەڵگە بزانین.

نموونەی دووەم توێژینەوەیەکە کە ڕۆزابێت کانتێر[1]، لە ساڵی 1977دا بڵاوی کردۆتەوە. کانتێر حەزی دەکرد بزانێت چۆن سیستەمە گەورە ڕێکخراوەییەکان، بەپێی چییەتیان، بە زیانی یەکسانیی نێوان پیاوان و ژنان کار دەکەن. ئەو دەیزانی کە کۆمەڵێکی زۆر ڕێگا بۆ "تێبینی کردنی" پیاوان و ژنان لە کۆمپانیا گەورەکاندا لە ئارادایە: ئەو دەیتوانی توێژینەوەیەکی سەرتاسەری ئەنجام بدات، دەیتوانی لەگەڵ سەرۆکی کۆمپانیا گەورەکاندا چاوپێکەوتن بکات یان لە تواناییدا بوو زانیارییەکان سەبارەت بە ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە پیشەکانی بەڕێوەبردن یا لە دەستەکانی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا گەورەکاندا کاریان دەکرد تاوتوێ بکات. بەڵام ئەوەی کە کانتێر بڕیاری دا بە ئەنجامی بگەیەنێت خوێندنەوەیەکی قووڵ بوو سەبارەت بە کۆمپانیایەکی گەورە. ئەو بۆ نموونە کۆمەڵێك پرسیارنامەی لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ ژمارەیەك لە فرۆشیاران و بەڕێوەبەرانی فرۆشتن نارد. لەگەڵ زۆرێك لە کارکەران دەربارەی کارەکانیان و پیشەکانیان لە کۆمپانیادا گفتوگۆی کرد. بە شێوەیەکی ڕێکوپێك خوێندنەوەی بۆ سەد فۆڕمی هەڵسەنگاندن کە لە بواری کارکردی

[1] Rosabeth kanter



سکرتێرەکاندا پڕ کرابووەوە ئەنجام دا؛ خۆی گەیاندە نێو گفتوگۆ گشتییەکان، پڕۆگرامەکانی خوێندنی تێبینی کرد و کۆمەڵێکی زۆر بەڵگەنامەی لە ناو کۆمپانیادا تاوتوێ کرد. ئەو بە شێوەیەکی نافەرمی لەگەڵ کارمەندەکان لە کاتی نانی نیوەڕۆ، لەناو ڕێڕەوەکاندا و هەر شوێنێکی تردا کە دەیتوانی بیانبینێت چاوپێکەوتنی کرد. هەڵبەت سەرکەوتنی توێژینەوە بەسترابووەوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەك بتوانێت زانا کۆمەڵایەتییەکانی تر باوەڕ پێبهێنێت کە شێوازەکانی ورد و بابەتی و کامڵبوون. خاڵە بەهێزەکانی توێژینەوەکەی کانتێر قووڵیی توێژینەوەکەی بوو کە دەیتوانی لە تاوتوێکردنی کۆمپانیایەکی گەورەدا بەدەستی بهێنێت و هەروەها ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی تێبینی کردنەکانی ئەو بوون. هەڵبەت، خاڵی لاوازی توێژینەوەکەشی ئەوە بوو کە تەنیا بۆ توێژینەوەی یەك کۆمپانیای ئەو کاتە پارەی پێویستی لەبەردەستدا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە پێویستمان بەوە نییە کە باوەڕ بەو شتانە بکەین کە ئەو پێیان گەیشتووە: ئێمە دەتوانین توێژینەوە لەسەر بابەتێکی تر بکەین. ئێمە دەتوانین دۆزینەوەکانی ئەو لەگەڵ دۆزینەوەکانی ئەوانی تر لە تێبینیکردنەکانیاندا بەراورد بکەین. لە توانامانداییە توێژینەوە سەرتاسەرییەکان کۆنترۆڵ بکەین یان خۆمان توێژینەوەییەکی سەرتاسەری ئەنجام بدەین، یان دەشتوانین زانیارییە حکومییەکان کە پێشتر لە تەواوی کۆمپانیا گەورەکان کۆکراونەتەوە بخوێنینەوە و تاوتوێیان بکەین. ئەمانە ڕێك و ڕاست باشترین توێژینەوەکان نین لە کۆمەڵناسیدا، بەڵام نموونەگەلێکی باشن سەبارەت بەوەی کە بەڵگە ئەزموونییەکان واتای چی دەگەیەنێت. لە ساڵی 1918، تۆماس[1] و زنایکی[2] توێژینەوەیەکیان دەربارەی ئەو خاوەن کارە پۆڵەندیانەی کە لە ئەمریکادا نیشتەجێ بووبوون بڵاو کردەوە، ئەوان

1 W. I. Thomas

2. Florian Znaiechi

بیرەوەری و یاداشتی ڕۆژانە و نامەکانی ئەم کۆچبەرانەیان تاوتوێ کردبوو. لە دەیەی 1920، فرێدریك تراچەر[1] و هاوکارەکانی سەبارەت بە یەك هەزار گرووپی خراپەکار لە شیکاگۆ، بە تێبینی کردنی کردارەکانی ئەندامەکانیان لە نێو شەقامدا و چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان ئەنجام دا و رابێرت و هێلین لیندا[2] دەربارەی کۆمەڵگەی مانسی لە ئیندیا بە پرسیارکردنی ماڵ بەماڵ لە خەڵك بۆ پەی بردن بە چینی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات لەو کۆمەڵگەیە توێژینەوەیەکیان ئەنجام دا. ساڵی 1944، گونار میردەل[3] لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی لەمەڕ پەیوەندی ڕەگەزی بڵاو کردەوە کە "گرفتی ئەمریکا"ی ناساندبوو ـ دژایەتی لە نێوان باوەڕ بە دیموکراسی و ڕەفتار لەگەڵ ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان. توێژینەوەکەی ئەو لەسەر بنەمای تاوتوێ کردن و تێبینی کردنی بەڵگەنامە و نیشانەکان، مۆزەخانەکان و، کارلێك کۆمەڵایەتیی ڕۆژانە و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان راوەستابوو. لە دەیەی 1970، ساموێل ستۆفێر و هاوکارەکانی لێکۆڵینەوەیەکی پرسیارنامەیی گەورەیان دەربارەی سەربازانی ئەمریکیی جەنگی جیهانیی دووەم بڵاو کردەوە و لە دەیەی 1950دا تیۆدۆر ئادۆرنۆ[4] و هاوکارەکانی بە پشت بەستن بە بیستراوەکان و تێبینییەکانی خۆیان لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و ئەو پرسیارنامانەی کە سەبارەت بە تێڕوانینەکانی تاکەکان بەرامبەر بە کەمینەکان بەسەر خەڵکدا دابەشیان کرد لێکۆڵینەوەیەکیان بە ئەنجام گەیاند بە ناونیشانی **کەسایەتیی دەسەڵاتگەرا**. لە دەیەی 1950دا، رابێرت بیڵز[5] سەرکردایەتی نێو گرووپە بچووکەکانی بە تێبینی کردن و تاوتوێ کردنی وردی گفتوگۆکانی نێو گرووپە بچووکە تاقیگەییەکان موتاڵا کرد، و سی.رایت میلز بە تاوتوێ

1 Frederic Thracher
2. Robert & Helen lyhd
3. Gunar Myrdal
4. Theodore Adorno
5. Robert Bales



کردنی ناوی تاکەکان لە پێڕستە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەکاندا دەستی دایە توێژینەوەیەك لە بارەی دەسەڵات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. ویلیام سوێل[1] لە دەیەکانی 1960 و1970دا دەیویست لەوە تێبگات کە چۆن چینی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی سیستەمی پەروەردەی ئەمریکادا دروست دەکات، بۆیە بە دابەشکردنی پرسیار نامە لە نێو قوتابیاندا، ئەوانی لە سەرتاپای پرۆسەی خوێندن لە ماوەی چەند ساڵێکدا خستە بەر توێژینەوە. ویلیام جولیۆس ویڵسن[2] لە دەیەی 1980دا، بە تاوتوێکردنی داتاکانی دانیشتووان و کار و پیشە کە بۆشارەکان لە سەرتاسەری ئەمریکادا کۆکرابووەوە، سەبارەت بە نەبوونی دەرفەت لە ناوچەکانی ناو شار توێژینەوەی کرد و؛ گەری ئالەن فاین[3] توێژینەوەی لەمەڕ بە کۆمەڵایەتی بوونی پێش قۆناغی مێرمنداڵی ئەنجام دا لە ڕێگەی تێبینی کردنی چۆنیەتیی ڕەفتاری کوڕەکانەوە لە نێو تیپەکانی یاری بیس باڵی جامی لیتڵدا. ژمارەی توێژینەوە ئەزموونییەکان لە کۆمەڵناسیدا زیاتر لەوەیە کە بتوانین ناوی هەموویان بهێنین، بەڵام ئەم کورتەیە تا رادەیەك بۆمان دەردەخات کە چۆن تێبینی کردن سوودی لە هونەرەکانی توێژینەوە جۆراوجۆر و فراوانەکانی ئەم سەدەیە وەرگرتووە.

## تێبینیکردن لە کۆمەڵناسیدا

کۆمەڵناسی زانستێکی تایبەتە. تێبینی کردنی گرووپەکان، کۆمەڵگەکان، دەسەڵات، کارلێك، یا چینی کۆمەڵایەتی ئاسان نییە، چونکە ئەمانە شتی سروشتی وەك گەڵا، پێست، بەرد یا ئەستێرە نین. تێبینی کردنی هزرەکان یا بەهاکانی تاکەکان، ئەخلاق یا هیواکانیشیان ئاسان نییە. لەبەر ئەوە، زانا پێویستە بزانێت کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان پیشانی

1. William H. Sewell
2. William Julius Wilson
3. Gary Alan Fine

یەکتری دەدەن - چی دەکەن و چی دەڵێن و چی دەنووسن - و ئەوجا دەبێت گۆشەنیگای فراوانتر بکات و بوونی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەبستراکتی تر هەڵێنجان بکات. لەبەر ئەوە، کاتێك کە تاکەکان پێکەوە لەگەڵ یەکتر کار دەکەن، ئێمە بوونی گرووپەکان هەڵێنجان دەکەین و ئەوجا تایبەتمەندییەکانی گرووپەکان، شێوازەکانی پێکهاتن و کارکردنی ئەوان و کاریگەرییەکانیان لەسەر کرداری تاکەکەسی لە تێبینی کردنەکانمانەوە هەڵێنجان دەکەین. بۆ نموونە کاتێك کە دۆرکهایم ویستی دەرك بە کۆمەڵگە بکات، تەرکیزی خۆی لەسەر دروشمەکانی خەڵك، ئەو بێ‌ڕێزییە ئەخلاقییەی کە بەرامبەر بە تاکە دیاریکراوەکان دەیاننواند و ئەو شتانەی کە دەیانپەرست چڕ کردەوە. ئەو دەریخست کە چۆن ئەم کردەوە و باوەڕانە دەسەڵاتی کۆمەڵگە لەسەر کردەی مرۆیی ئاشکرا دەکەن و پێویست بوونی ئەوانی بۆ بەردەوامیی کۆمەڵگە دەرخست.

کۆمەڵناسان دیدگایەکی تەسك بینانە و نەگۆڕیان سەبارەت بە زانست نییە. بە پێچەوانەوە، بە بۆچوونی ئەوان زانست پێویستە ئاشکرا و ڕێگاکانی فرەڕەنگ بن. ئەوان دان بەوەدا دەنێن کە بڕاوەیی (قطعیت) تەقریبەن ناموومکینە و بۆیە پێویستە هزرەکانی ئەوان بە تاقیکاری و کاتی بمێننەوە. ماکس ڤێبەر پێی وایە کە هەموو زانایان پێویستە ئامادەیی ئەوەیان تێدابێت کە دارمانی بیروباوەڕەکان و هزرەکانی خۆیان بە دەرکەوتنی بەڵگە نوێیەکان لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا ببینن، بەتایبەت ئەو زانایانەی کە دەربارەی مرۆڤ لێکۆڵینەوە دەکەن. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵێك ریزپەڕ تەقریبەن لەسەر هەموو دەرەنجامەکانی ئێمە بوونیان هەیە، بەڵام ئەوان بەدەستهێنانی دەرەنجام ڕەت ناکەنەوە، تەنیا کاتیتر و ئاڵۆزتری دەکەن. بۆ نموونە تاکەکان زۆر جار لە هەمان چینی کۆمەڵایەتیدا کە تێیدا لە دایك بوون، ژیانی خۆیان کۆتایی پێ‌دەهێنن - بەڵام هەمووان بەم جۆرە نین. ئێمە دەبێت پرسیار



بکەین بۆچی لەدایکبوونی ئێمە تا ئەو رادەیە لە دیاریکردنی شوێنگەی چینایەتیدا گرنگە و بۆچی شازەکان بوونیان هەیە. بەهەر ئەنجامگیرییەك کۆمەڵێك پرسیار و ئاراستەی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە دێتە کایەوە و لەگەڵ هەر ئەنجامگیریەکدا تاکە گوماناوییەکان بڕیار دەدەن بە شێوەیەکی تا رادەیەك جیاواز ئەو ئەنجامگیرییە تاقی بکەنەوە. ڕاستیی کۆتایی نییە کە کۆمەڵناسی (و زانستەکانی تر) دەستنیشان دەکات؛ ئەمە گفتوگۆیەکی هەمیشەییە کە تێیدا زانایان، لە ڕێگەی ئەو نووسراوانەی کە بڵاوی دەکەنەوە هزرەکان و بەڵگەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو و چاوەڕێ دەکەن تاوەکو ئەوانی تر قەبووڵیان بکەن یان دژیان بوەستنەوە.

دوورەپەرێزیی کۆمەڵناسان لە قەبووڵکردنی دیدگایەکی تەسك بینانە سەبارەت بە زانست لە توێژینەوە جۆراوجۆر و دەگمەنەکانیشدا دەبینرێت. کۆمەڵناسان تا ئەو شوێنە ناڕۆنە پێشەوە کە ئەزموونی تاقیگەیی بخەنە گەڕ، میکرۆسکوپ بەکاربهێنن، مشکەکان بەنێو ڕێڕەوە پێچاوپێچەکاندا راو بنێن، یان مادە کیمیاییەکان لە نێو لوولەکانی تاقیگەدا ئاوێتە بکەن. ئەوان هەندێ کات کە بتوانن سوود لە ئەزموونە تاقیگەییەکان وەردەگرن، بەڵام ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە لە کۆمەڵناسیدا کەمتر بەکار دەهێنرێن لە چاو زانستە دیاریکراوەکانی تردا. ئەگەرچی هەبوونی کۆنترۆڵی تەواوی ژینگە، بۆ دڵنیابوون لە بەدەستهێنانی دەرەنجامی لەبار کارێکی پێویستە، بەڵام زۆر جار ئەم کارە مەحاڵە. ئێمە پێویستە تێبینیی ئەو ڕەوشانە بکەین کە دەسەڵاتی تەواومان بەسەریاندا نییە و تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ ئاگادار بین کە ئەوەی بەڕاستی ڕوودەدات تۆمار بکرێت و بزانین کە دەبێت سەبارەت بەو ئەنجامانەی کە بەدەستی دەهێنین نەرمونیانتر لە زانایانی فیزیا و کیمیا مامەڵە بکەین. ئەگەر بمانەوێ هزرێك دەربارەی ئەوەی کە بۆچی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ڕوودەدات تاقی بکەینەوە، دەتوانین بە وردی ڕووداوەکان تێبینی بکەین و زانیارییە بڵاوکراوەکانی نێو ڕۆژنامە و

وتاره گشتییەکان لە ئەورووپای رۆژهەلاتی هەنووکەدا کۆ بکەینەوە و ئەوان لەگەڵ رووداوە هاوشێوەکان، رۆژنامە و وتارەکانی ئەورووپای رۆژهەلاتی سەدەی نۆزدەیەمدا بەراورد بکەین. تێبینی کردنی رێکوپێکی خەڵك ئەستەمە و ئێمە پێویستە شێوازگەلێکی بلیمەتانە بەکار بهێنین کە لەگەڵ ئالۆزیی ئەو بابەتەدا کە توێژینەوە و تاوتوێیان دەکەین ـ واتە کۆمەڵگەی مرۆییە ـ بگونجێن. لەبەر ئەوە، هێزی وروژێنەری مرۆڤەکان زۆر جار هزرەکان، بەهاکان، تێڕوانینەکان و ئارەزووە ئەخلاقییەکانن کە ناتوانرێت تێبینی بکرێن، بەڵکو دەتوانرێت دەرکیان پێ بکرێت. بۆ دەرککردنی ململانێ، هاوکاری، نایەکسانی، رێککەوتن و دەسەلات، کۆمەڵناسان تاکەکان لە نێو گرووپەکان و لە هەر شوێنێکدا کە بتوانرێت بدۆزرێتەوە تێبینی دەکەن، ئەوان دەچنە نێو کۆمەڵگەیەکەوە و بۆ ماوەی یەك دوو ساڵێك توێژینەوەی لەسەر دەکەن یان داتا وەرگیراوەکانی نێو رۆژنامە و گۆڤارەکان بۆ ناو کۆمپیوتەر دەگوازنەوە. ئەوان رێژەی تاوان و تاوانکاری، رێژەی خۆکوشتن، رێژەی تەلاق و بێکاری موتالا دەکەن تاوەکو بۆیان دەرکەوێت کە چ تایبەتمەندی گەلێك کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دەستنیشان دەکەن. ئەوان تێبینی دروشمەکانی ژیانی رۆژانە و دروشمە رەسمیترە ئایینییەکان دەکەن تاوەکو کەشفی بکەن کە خەڵك سەبارەت بە جیهان و ژیانی خۆیان چۆن بیر دەکەنەوە. یەکە بە یەکەی کردە مرۆییەکان دەتوانێت بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵناسان بێت، چونکە دەتوانێت یارمەتیمان بدات کە واتای وێنەیەکی گەورەتر کە بە ئاسانی ببینرێت بدۆزینەوە. ئێمە ئەوەی کە لە تێبینییەکانمانەوە بە متمانەپێکراو دێتە پێش چاومان وەردەگرین، ئەو داتایانەی کە لێیان دڵنیاین دەپارێزین و ئەو هزرانەش کە پشتیان بە بەڵگە و نیشانەکان نەبەستووە واز لێ دەهێنین.



## بابەتیبوون لە زانستدا

زانست تەنیا تێبینیکردن نییە، بەڵکو **تێبینیکردنی وردەکارانەیە.** ئامانجی زانست پێداچوونەوەی تێبینییەکانی ئێمەیە و یارمەتیدانی ئێمە تاوەکو دەستنیشانی بکەین، کە ئەوەی کە دەیڵێین تێبینیمان کردووە، بەڕاستی "بوونی هەیە" نەك تەنیا ئەوەی کە دەمانەوێ بیبینین. ڤێبەر زانست ـ و کۆمەڵناسی وەك زانست ـ بە لێکۆڵینەوەی "خاڵی لە بەها" پێناسە دەکات: هەوڵێك بۆ تێبینیی ورد و بابەتیانەی جیهان "بەو جۆرەی کە هەیە" نەك بەو جۆرەی کە ئێمە دەمانەوێت ببێت. مەبەستی ئەو ئەوەیە کە تاقە پابەندی لێپرسراوێتی ئێمە پێویستە بۆ توێژینەوەی زانستی تەواو بێت، ئەنجامگیرییەکانی ئێمە هەمیشە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر بە ناتەواوی دەمێننەوە.

بابەتی بوون واتای بینینی جیهانە وەك "شتێك"ی جودا لە خۆمان و جیاکردنەوەی لە خۆمان و تێگەیشتنە زەینییەکانی ئێمە تا ئەو رادەیەی کە دەگونجێ، ئەگەرچی کارێکی ئاسانیش نییە. چاوەکانی ئێمە هەڵماندەخەڵەتێنن؛ ئێمە زۆر جار ئەوەی کە دەمانەوێ بیبینین دەیبینین. ئێمە حەزمان لێیە شتەکان بەپێی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی خۆماندا فێری بووین ببینین، بەپێی هزرەکان و ئەو بەهایانەی کە لەسەریان راهاتووین و هەستی ئاسوودەییمان پێدەبەخشن. زانست ئەم لایەنگرییە دووبارە دەناسێتەوە و توێژەر هان دەدات تاوەکو بەسەریدا زاڵ بێت. ئەمە بەڵگەی پشت بەستنی ئێمەیە بە میتۆدێکی زانستی کە شتێك جگە لە کۆنترۆڵی سیستەماتیك و رێکوپێکی لێکۆڵینەوەی ئێمە نییە. ئەمە بەڵگەی بوونی رێساگەلێکی زۆرە کە زانایان لەسەری رێککەوتوون کە لە کاتی خستنەرووی کێشەیەك، پێشنیاز و رێکخستنی گریمانەیەك، تاقیکردنەوەی ئەو گریمانەیە، ئەنجامگیری و بەستنەوەی ئەو

ئەنجامگیرییە بەو کێشەیەوە کە لەسەرەتادا خراوەتەڕوو، بیگرنە بەر. ڕێسا وردەکان زانایان ڕێنوێنی دەکەن کە چۆن تیۆرێکی باش بهێننە کایەوە، چۆن نموونە هەڵبژێرن، چۆن تێبینی کردنی ورد ئەنجام بدەن، چۆن توێژینەوەکە ئاراستە بکەن تاوەکو تەنیا تەرکیز لەسەر ئەوە بکرێت کە دەیانەوێت تاوتوێ بکرێت، چۆن بە وردی راڤەی داتاکان بکەن و چۆن تیۆرەکە لەسەر بنەمای بەڵگەکان و نیشانەکان پاڵاوتە بکەن. ڕێنیشاندەرە وردەکان پیشانی زانایان دەدەن، کە چۆن بۆ توێژەرانی تری بگوازنەوە کە هزرێك بە چ شێوەیەك پێکهاتووە، چۆن تاقیکردنەوە هاتۆتە کایەوە، چ شتێك تێبینی کراوە و چۆن دەرەنجامەکان راڤەکراون. هەموو ڕێسا هەبووەکان کە زانا پێویستە پەیڕەومان بکات ئامانجێکی سەرەکیان هەیە: تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ، ئاگاداری ئەوە بن کە ئەم کارەی ئەنجام دەدرێت بابەتی بێت و لایەنگری تاکەکەسیانەی بیرمەند تا ئەو رادەیەی کە دەکرێ کەم بکەنەوە.

هەڵبەت، بابەتیبوونی کامڵ، بە تایبەت کاتێك کە بابەتی توێژینەوە کە کۆمەڵگە و مرۆڤ بێت، مەحاڵە. ڕەنگە بەدەستهێنانی بابەتی بوونی تەواو لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئاڵۆزتر بێت لە چاو زانستە سروشتییەکاندا و لەوانەشە لە کۆمەڵناسیدا ئەستەمتر بێت لە چاو هەموو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تردا. هەموو زانایان لایەنگرییەکی زۆریان هەیە، کە هیچ کات ناتوانن بە تەواوەتی لێیان ئاگادار بن و ئەم جۆرە لایەنگرییانە بە بەردەوامی لە توێژینەوەکانی ئەواندا کەم تا زۆر بەدی دەکرێت. جەخت کردنەوە لەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی و نەك جیهانی زیندەوەر لایەنگری خودی (ذاتی)یە لە کۆمەڵناسیدا، هەر بەو جۆرەی کە جەختکردنەوەی دەروونناسی لەسەر پەرەسەندنی تاکەکەسی لایەنگرییە. ئەو پرسیارانەی کە دەیانخەینە ڕوو، شێوازی ئەنجامدانی توێژینەوەکانمان، شێوازەکانی نموونە وەرگرتن، راڤەکردنەکانی ئێمە لەو توێژینەوانەی کە ئەنجامیان



دەدەین و، ئەنجامگیرییەکانمان هەموویان ئەو لایەنگریانەن کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە. زانا باشەکان دەتوانن تەنیا لە کارەکانیاندا ڕاستگۆ بن؛ ئەگەر هۆشیار بن، دەتوانن لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی کارەکانی یەکترییەوە بەردەوام لایەنگرییەکان ئاشکرا بکەن. ئەوەی کە بابەتی بوونی تەواو نامومکینە گۆڕان بەسەر ئەو واقیعەدا ناهێنێت کە بابەتیبوون پێویستە هەمیشە ئامانجی ئێمە بێت.

یەکێك لە بەڵگەکانی ئەوەی کە کۆمەڵناسی لە بابەتی بووندا بەتایبەتی ڕووبەڕووی ئاڵۆزی دەبێتەوە چیەتیی کۆمەڵگەیە. هەموو خەڵکی - لەوانەش کۆمەڵناسان - لە ناو کۆمەڵگەدا ڕەگ و ریشەیان هەیە و کولتووری کۆمەڵگە فێری هەموویان کراوە، ئەم کولتوورە گەمارۆی هەموومانی داوە و پێمان دەڵێت چ شتێك دروستە و چی نادروست. ئێمە فێری لایەنگیرییەکی کولتووری کراوین کە بە تەواوەتی لێی بەئاگا نین. بۆیە بۆ دەرککردنی جیهان بە چەشنێکی بابەتی پێویستە هەوڵ بدرێ تاوەکو بەسەر ئەو کولتوورەدا سەرکەوین، دووبارە بیناسینەوە و تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ دەرکی پێ بکەین. هەر زانستێك هەر لە سەرەتاوە ناچار بووە ئەم کارە ئەنجام بدات. بۆ نموونە، کولتووری ڕۆژئاوا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ خەڵکی فێر دەکرد کە زەوی چەقی گەردوونە، سروشت ڕاوەستاوە و زەوی تەختە و ناجووڵێت. زانایان لە پێناو دەرخستنی ئەوەی کە ئەم بیرانە نادروستن خرانە ژێر چاودێرییەوە و لە سێدارەش دران.

بە شێوەیەکی گشتی، خەڵك نایانەوێت کولتووریان بخرێتە ژێر پرسیارەوە، لەو شوێنەوە کە کۆمەڵناسانیش ئەندامی کۆمەڵگەن ڕەنگە بەو جۆرەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن یان دەیانەوێ عەوداڵ و واقیعبین نەبن. کولتووری ئێمە هزرگەلێك بۆ هەموومان فەراهەم دەکات، کە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خەڵکی تر و کولتوورەکانی تردا بە حەتمی سەیریان دەکەین: ئەوەی کە هەژاری و تاوان و کوشتار لە تاکە

تەمەڵ و شەڕەنگێزەکان دەکەوێتەوە، کە کۆمەڵگەی ئێمە شوێنێکە کە تێیدا هەر کەسێك دەتوانێت هەر شتێك بەدەست بهێنێت کە دەیەوێت، کە کردەی مرۆیی رێك و راست لە هەڵبژاردنی تاکەکەسیەوە سەرهەڵدەدات و تا رادەیەك خاڵییە لەهەر جۆرە کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی و، ئەوەی کە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە بایۆلۆجییەکان لە رووی نەژاد و رەگەزەوە بۆ دەرککردنی جیاوازیە مرۆییەکان گرنگە بەدەر لە دروستی یا نادروستی ئەم جۆرە هزرانە، ئێمە هەمووما ن وەها لەناویاندا نوقم بووین کە واقیعبین بوونمان بۆ ئاڵۆز دەکات و رەنگە بۆ ئێمە ئاسان نەبێت کە هزرەکانی ئەو زانا کۆمەڵایەتییانەی کە ئەنجامگیرییەکانیان بەپێچەوانەی باوەڕەکانی ئێمەوەیە لەبەرچاو بگرین. بەمپێیە، ئەگەر بمانەوێ دەرك بە کۆمەڵگە و مرۆڤ بکەین پێویستە کە لەگەڵ لایەنگریەکانی خۆماندا رووبەڕوو ببینەوە و بە شێوەیەکی بابەتی تاوتوێیان بکەین. **رێك و راست لەبەر ئەوەیە کە زانستی کۆمەڵناسی زەرووریییە.**

## دوو گریمانەی زانست

ئایینەکان چەند گریمانەیەکیان دەربارەی گەردوون هەیە. زۆربەیان وای دادەنێن کە خودایەك بوونی هەیە و ئەم خودایە زنجیرەیەك رێسای ئەخلاقی بە مرۆڤایەتی بەخشیوە کە بەپێی ئەوانە بژین. زۆربەیان هەروەها وای دادەنێن کە رۆحی تاکەکان دوای مەرگ زیندوو دەمێنێتەوە و گریمانەی ئەوە دادەنێن کە خودا کۆمەڵێك لە راستییەکانی بە مرۆڤ داوە.

زانستیش سەبارەت بە گەردوون کۆمەڵێك گریمانە دەخاتە روو. یەکەم گریمانە ئەوەیە کە سروشت یاسا هەڵگرە. دووەمین گریمانە ئەوەیە کە رووداوە سروشتییەکان بەرەنجام (معلول)ی رووداوە سروشتییەکانی ترن.



## یاسای سروشتی لە زانست و کۆمەڵناسیدا

باوەڕبوون بەوەی کە سروشت یاسا هەڵگرە، واتە باوەڕبوون بەوەی کە رێساگەلێکی قابیلی پێشبینی بەسەر سروشتدا زاڵە. زانایان باوەڕیان وایە کە روونکردنەوەی رابردوو و، لەسەر هەمان پرەنسیب، پێشبینی داهاتوو ئیمکانی هەیە، چونکە رووداوەکان بەپێی یاسای سروشت روو دەدەن. ئەوە رێکخستنە کە دەسەڵاتی بەسەر سروشتدا هەیە نەك بێ ئارامی و شڵەژانی رێککەوت و پێشبینی نەکراو. کەواتە ئێمە دەتوانین دەربارەی رووداوەکان لە سروشتدا گشتاندن بکەین، لەبری ئەوەی کە تەنیا باوەڕمان وا بێت کە هەر رووداوێك تاقانە و نائاساییە. ئێمە لە تواناماندایە دەربارەی نەخۆشی، هێزی راکێشان، ئاوێتەکردنی مادە، وزە، گژوگیاکان و، هەموو بوونەوەرانی زیندوو گشتاندن ئەنجام بدەین، چونکە وای دادەنێین کە هەر یەکەیان قابیلی دەرك و تا رادەیەك پێشبینی کراوە. ئامانجی زانست ئەوەیە کە ئەم یاسا سرووشتییانە دەرك بکات. مەرامی زانایان هەڵهێنانی ئەو مەتەڵانەیە کە گریمانەی ئەوە دەکرێت لە سروشتدا بوونیان هەیە.

پێش زانست، خەڵك سروشتیان بە هۆی کردارەکانی هێزە سەروو سروشتییەکان روون دەکردەوە، خودا و خودایان دەستیان وەردەدا و دیارییان دەکرد کە چ کەسێك زیندوو دەمێنێت و چ کەسێك دەمرێت، چ شەڕێك روودەدات و چ کەسانێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، چ پێشکەوتنێك سەرهەڵدەدات و چ زیان گەلێك دەکەوێتەوە. لەوانەیە گەردوون لەڕاستیدا لە رێگەی هێزە سەروو سروشتییەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێت و یاسای سروشتی گرنگ نەبێت، بەڵام زانست ـ ئەگەر بڕیار بێت شتێك دەرك پێ بکا پێویستە لەسەر بنەمای ئەم گریمانەیە بجووڵێت کە رووداوەکان بە هۆی رێکخستن و رێسا هەبووەکانەوە لە سروشتدا روودەدەن. رووداوەکان لەو رووەوە لە سروشتدا بەم جۆرە روودەدەن کە یاسایەکی سەرەکیی سروشتی بوونی هەیە.

کۆمەڵناسی زانستە و لەبەر ئەوە، وەك زانستەکانی تر، یاسای سروشتی بە گریمانە دادەنێت. ئەگەر ئێمە گەردوون بەسەر سروشت و سەروو سروشتدا دابەش بکەین، لەو حاڵەتەدا مرۆڤ لە کوێی جیهاندا دەتوانین دابنێین؟ ئیمانوێل کانت باوەڕی وابوو کە ئێمە بەشێکین لە هەر دوو جیهان و تا ئەو شوێنەی کە بەشێکین لە جیهانی سروشتی دەتوانرێت کردارەکانمان لە ڕێگەی زانستەوە تێبینی و روون بکرێنەوە. جگە لەبارەی تایبەتمەندییە مرۆییەکانی وەك رۆحەوە، ئێمە دەتوانین سەبارەت بە مرۆڤەکان دەست بە گشتاندن بکەین، چونکە یاسا سروشتییەکان بەسەر ئەوانیشدا زاڵە. کاتێك کە بوونی فیزیکی مرۆڤ (بۆ نموونە، خوێن، دڵ، چاوەکان، ئەندامەکانی زاوزێ) بەش بەش دەکەین، تێبینی کردن ئاسان دەبێت، بەڵام زانای کۆمەڵایەتی، لەوانەش کۆمەڵناس، باوەڕێکی پتەوی بەوە هەیە کە ڕێکخستن بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا ـ بۆ نموونە، کۆمەڵگە، گرووپەکان، کارلێك کۆمەڵایەتی، بە کۆمەڵایەتی بوون، ململانێی کۆمەڵایەتی ـ ڕێکخستن زاڵە؛ نە کۆمەڵگە و نە تاك هیچ کامیان بە شێوازێکی تەواو بێ هاوتا پەرە ناسێنن. پەرەسەندن (تکامل) نەزم و ڕێسایەکی هەیە، کە ئێمە دەتوانین دەرکی پێ بکەین و بۆ دەرککردنی پەرەسەندن و کاریگەری هەموو کۆمەڵگاکان دەتوانین دەست بە گشتاندن بکەین.

مرۆڤەکان بەشێکن لە سروشت و شوێنکەوتەی نەزم و ڕێساگەلێکن کە دەتوانرێت بەش بەش، دەرك و پێشبینی بکرێن. بۆ نموونە، کاتێك کە تاکەکان دەست بە کارلێك دەکەن، ئەوان تەقریبەن هەمیشە سیستەمێکی نایەکسانی، زنجیرەیەك لە چاوەڕوانییەکان بۆ هەر بکەرێك (کە بە رۆڵ پێناسە دەکرێت) و، دیدێکی هاوبەش لە واقیع (کە بە کولتوور ناو دەبرێت) بەدی دەهێنن. کاتێك کە کۆمەڵگەیەك دەبێتە کۆمەڵگەیەکی پیشەسازی، پرۆسەیەکی بەهێز بە ئاراستەی دوور کەوتنەوە لە نەریت و ئاراستەکردن بەرەو تاکگەرایی سەر هەڵدەدات و لەو شوێنەوە کە ڕەگ و ریشەی تاك لە نێو گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا



سست و لاوازتر بووە ڕێژەی خۆکوشتن زیاد دەکات. کاتێك کە چاوەڕوانییەکانی گرووپە ستەم لێکراوەکان لەوەی کە گرووپی دەسەڵاتدار لە کۆمەڵگەدا دەتوانێت یان دەیەوێت پێشکەشی بکات زیاتر بەرز ببێتەوە، شۆڕش و یاخیبوونی توندوتیژ و، تەنانەت شۆڕشی بەرفراوان ڕوودەدات. بە رواڵەت نیشانە و بەڵگەکان دەریدەخەن کە ئەم جۆرە نموونانە لە رابردوودا روویان داوە و لە ئاییندەشدا روو دەدەن. ئێمە دەتوانین پەنجە بۆ نیشانەگەلێك درێژ بکەین کە باس لەوە دەکەن چ ڕەوشێکی تر یارمەتیی ڕوودانیان دەدات و بۆچی ریزپەڕ یا نموونە جیاوازەکان دێنە ئاراوە.

بە هەزاران نموونەی کۆمەڵایەتی هەن، هەندێ جار دەتوانین ئەو نموونانە بدۆزینەوە کە سەبارەت بە هەمووان ڕاستن، بەڵام زۆر جار نموونەگەلێك دەدۆزینەوە کە سەبارەت بە ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان ڕاست دەردەچن. ئێمە لە توانامانداییە ئاراستەکان (مەیل و ئارەزوو بۆ شتێك، کەسێك، بۆچوونێك، ئایدیایەك...)، ڕێڕەوەکان و ئەگەرەکان لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا ئاشکرا بکەین، بەڵام دۆزینەوەی دڵنیاییەکان (یەقین) و یاسا ڕەهاکان زۆر قورسە. بەمپێیە، ئەم حاڵەتە سەبارەت بە زانستەکانی تریش ڕاستە. هەر کەسێك کە رووبەرووی ڤایرۆسی ئێچ ئای ڤی[1] دەبێتەوە مەرج نییە تووشی نەخۆشی ئایدز[2] بێت. ئێمە ناتوانین پێشی ئەوە بکەین کە چ ماوەیەك دەخایەنێت تاوەکو تاکێك لە نەخۆشییەك رزگاری ببێت یا بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە بمرێت. ئێمە لە تواناماندا نییە ڕێك و ڕاست پێشبینی بکەین کە چ کاتێك بوومەلەرزەیەك ڕوودەدات یان ئەوەی کە ئایا تاکێکی دیاریکراو لە ئامادەیی یا زانکۆ دەردەچێت. ئابووریناسان ئەو دەسەڵاتەیان نییە کە ڕێك و ڕاست بڵێن چ کاتێك قەیرانی ئابووری، نزم بوونەوەی نرخەکان، یا هەڵاوسان[3]

1. H I V.
2. Aids.
3 . Deflation

رووده‌دات و، ناتوانن به دڵنیایی ته‌واوه‌وه به ئێمه‌ی رابگه‌یه‌نن که ئه‌گه‌ر باجه‌کان زیاتر بکه‌ین یان که‌م بکه‌ینه‌وه یان هه‌ڵیانبوه‌شێنینه‌وه چی به‌سه‌ر ئابووریدا دێت. له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا، زانست ده‌رکی ئێمه‌ی له‌م جۆره مه‌سه‌لانه‌دا فراوانتر کردووه. هه‌ر راده که سه‌باره‌ت به نموونه سروشتی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌کانی جیهان زیاتر که‌شف بکه‌ین، هۆشیارییه‌کی سوودمه‌ندتر به‌ده‌ست ده‌هێنین و زیاتر ده‌توانین پێشبینیی داهاتوو بکه‌ین و ته‌نانه‌ت پێکی بهێنین. ئه‌گه‌ر ته‌نیا ئه‌وه‌ی که ئێستا ده‌یزانین له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا که خه‌ڵك له رابردوودا سه‌باره‌ت به هه‌ژاری، گۆڕانکاریی کۆمه‌ڵایه‌تی، خۆکوشتن، تووشبوون به ماده هۆشبه‌ره‌کان، نایه‌کسانیی کۆمه‌ڵایه‌تی، تاوان و کوشتار و، چینی کۆمه‌ڵایه‌تی باوه‌ڕیان پێی هه‌بووه به‌راورد بکه‌ین، به ئاسانی بۆمان ده‌رده‌که‌وێت که تا کوێ له به‌ده‌ستهێنانی هۆشیاری و زانستدا به‌ره‌و پێشه‌وه هه‌نگاومان ناوه. ئه‌مڕۆ، ته‌قریبه‌ن هه‌موومان ده‌رك به‌وه ده‌که‌ین که ئه‌م جۆره ره‌وشانه، لانی که‌م تا راده‌یه‌ك، له ئه‌نجامی بارودۆخی کۆمه‌ڵایه‌تییه‌وه دێنه کایه‌وه. به‌ڵام پێش سه‌ده‌ی هه‌ژده‌یه‌م کاریگه‌ریی کۆمه‌ڵگه له‌سه‌ر ره‌فتاری مرۆڤ نه‌زانرابوو. سروشتی مرۆڤ، که‌موکووڕیه ئه‌خلاقی و که‌سێتییه‌کان، یان هێزه سه‌رووسروشتییه‌کان ته‌نیا روونکردنه‌وه‌کانی ئه‌وان بوون.

### هۆکاری سروشتی له زانست و کۆمه‌ڵناسیدا

دووه‌مین گریمانه‌ی زانست ئه‌وه‌یه که رووداوه‌کان له سروشتدا به هۆی رووداوه سروشتییه‌کانی تره‌وه دێنه ئاراوه. شته‌کان له‌به‌ر هۆکاری هێزی سرووشتی که ئێمه ناوی هێزی راکێشانی[1] لێده‌نێین به‌ره‌و زه‌وی به‌رده‌بنه‌وه، هێزێك که شته‌کان به‌ره‌و چه‌قی زه‌وی راده‌کێشێت و له ئه‌نجامی شێوازی سووڕانه‌وه‌ی زه‌وییه‌وه رووده‌دات. میکرۆبه‌کان هۆکاری

[1] gravity



هه‌ندێك له نه‌خۆشییه‌کانن. بۆماوه‌یی بایه‌لۆجی ده‌بێته هۆی ده‌رکه‌وتنی شکڵه دیاریکراوه‌کانی شێرپه‌نجه. هه‌ژاری هۆکاری هه‌ندێك له تاوانه‌کانه. به‌کارهێنانی گرووپه به‌شخوراوه‌کان یارمه‌تیی دروستبوون و به‌رده‌وامیی پێگه‌ی نزمی ئه‌وان ده‌دات له کۆمه‌ڵگه‌دا. ئامانجی گشتیی تاقیکردنه‌وه‌کان له زانستدا هه‌وڵدانه بۆ پێکه‌وه گرێدانی گۆڕاوه سه‌ربه‌خۆکان (کاریگه‌رییه‌کان، هۆکاره‌کان) به گۆڕاوه وابه‌سته‌کان (ده‌ره‌نجامه‌کان، به‌ره‌نجامه‌کان)ه‌وه بۆ ئه‌وه‌ی که ده‌ری بخات هه‌ر کاتێك گۆڕاوی $X$ روو ده‌دات، گۆڕاوی $Y$ به‌دی ده‌هێنێت.

ده‌ستنیشان کردنی هۆکار ئاسان نییه. زانایان پێویسته بۆ دۆزینه‌وه‌ی، پرۆسه‌یه‌کی دووروودرێژ و ئاڵۆز تێپه‌ڕێنن. سه‌رنج بده‌ن که دیاریکردنی ئه‌وه‌ی که کێشانی جگه‌ره یه‌کێکه له هۆکاره‌کانی شێرپه‌نجه‌ی سییه‌کان تا چ راده‌یه‌ك ئه‌سته‌م بووه. پێویسته روون بکرێته‌وه که ئه‌و که‌سانه‌ی که جگه‌ره ده‌کێشن زیاتر له‌وانه‌ی که جگه‌ره ناکێشن له‌به‌رده‌م مه‌ترسیدان. ده‌بێت پیشان بدرێت که ئه‌م جگه‌ره‌کێشانه له‌گه‌ڵ پیسبوونی هه‌وا یان خواردنی گۆشتی سوور نییه که ده‌بێته هۆی شێرپه‌نجه، به‌ڵکو ته‌نیا جگه‌ره‌کێشان هۆکاره‌که‌یه‌تی. پێویسته روون بکرێته‌وه که هه‌رچی تاك زیاتر جگه‌ره بکێشێت، زیاتر ئه‌گه‌ری هه‌یه که دوچاری شێرپه‌نجه‌ی سییه‌کان بێت. هه‌روه‌ها پێویسته ئاشکرا بکرێت که که‌سایه‌تی، جۆری ره‌گه‌ز، چین، یا شوێنی نیشته‌جێبوون نییه که هه‌م ده‌بێته هۆی جگه‌ره‌کێشان و هه‌م ده‌بێته هۆی شێرپه‌نجه‌ی سییه‌کان، به‌ڵکو خودی جگه‌ره‌کێشانه‌که‌یه که په‌یوه‌ندیی راسته‌وخۆی له‌گه‌ڵ شێرپه‌نجه‌ی سییه‌کاندا هه‌یه. پێویسته هه‌وڵ بدرێت که له‌مه زیاتر هه‌نگاو بنرێت: رێك و راست چ هۆکارێك له جگه‌ره‌کێشاندا ده‌بێته هۆی شێرپه‌نجه؟ ئایا واز هێنان له جگه‌ره ئه‌م مه‌ترسییه که‌م ده‌کاته‌وه؟ ئایا چالاکییه‌کانی تر یان تایبه‌تمه‌ندییه مرۆییه‌کان ئه‌م مه‌ترسییه بۆ جگه‌ره‌کێشه‌کان زیاتر ده‌که‌ن؟

کۆمەڵناسی بنەمای هۆکار لەسەر مرۆڤ پیادە دەکات. باوەڕەکان و کردارە مرۆییەکان خاوەنی هۆکارن. زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەو گریمانەیەدا لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هاوبەشن. دەروونناسی دەریدەخات کە چۆن ژینگە و بۆماوە لە پێکهێنانی تاکدا کارلێکیان هەیە و چۆن تایبەتمەندییەکانی تاك، بە گوێرەی خۆیان ئەوەی کە ئەو بیری لێدەکاتەوە و ئەنجامی دەدات پێکدەهێنن. ئابووری هێزە ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەدا دابەش دەکات، زانستی سیاسی گرنگی بە هێزە سیاسییەکان دەدات و مرۆڤناسی هێزە بایەلۆجی و کولتوورییەکان تاوتوێ دەکات. دەروونزانیی کۆمەڵایەتی پیشانمان دەدات کە چۆن خەڵکانێکی تر کە لە دەوروبەرماندا دەژین دەبنە هۆی کارلێکەکانی ئێمە.

لەبەر ئاڵۆزیی مرۆڤ، بەکارهێنانی گریمانەی سەرەکیی هۆکار لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دڵنیاییەوە لە بەکارهێنانی لە زانستە سروشتییەکاندا (واتە، زانستە فیزیکی و زیندەوەرناسییەکان) قورسترە. بە دەگمەن دەتوانین هۆکارە روون و حەتمەیەکان لەوەی کە تاکەکان بیری لێدەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن جیا بکەینەوە. ئێمە زۆر جار ئاراستەکان و ئەگەرەکان دەدۆزینەوە. ئێمە زیاتر لەوانەیە کە هۆکارێك لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە "کاریگەر"[1] یا "هۆکاری یاریدەدەر"[2] پێناسە بکەین. ئەم جۆرە زانیارییانە، بە هەموو کەموکوڕیەکانییەوە، زۆر بەنرخن. ئازار پێگەیاندنی تاك لە تەمەنی منداڵی لەسەر ئەوەی کە دواتر ئەویش لە رۆڵی باوك یان دایکدا دەست بە ئازاردانی منداڵەکانی بکات، کاریگەرییەکی گرنگی هەیە. رادەی رێکخراو هۆکاریکی گرنگە کە یارمەتیی دامەزراندنی بونیادێکی بیرۆکراتیك لە رێکخراودا دەدات. لە دایکبوون لە بارودۆخی هەژاریدا کاریگەری لەسەر دەرفەتەکانی دەوڵەمەندبوونی تاك، سەرکەوتن لە قوتابخانە و، گەیشتن بە پۆستی سەرۆك کۆماری ئەمریکا دادەنێت.

[1] influence
[2] contributing



کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە باوەڕپێهێنانی کۆمەڵگەدا بەوەی کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی جیاوازییەکی گرنگ لە کردەی تاکەکەسیدا دروست دەکات رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە. بۆ نموونە، بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە پێش ساڵەکانی 1900 هیچ جۆرە روونکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆکوشتن لەئارادا نەبوو. کارەکەی دۆرکهایم لەم بوارەدا رێخۆشکەر بوو: کۆمەڵگەکان رێژەی خۆکوشتنی جیاوازیان هەیە و رێژەی خۆکوشتن دەرەنجامی **هێزە کۆمەڵایەتییەکانی،** وەك رێژەی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی یا رێژەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە. زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ دان بەوەدا دەنێن کە خۆکوشتن تەنیا بڕیارێکی تاکەکەسی نییە و کۆمەڵگە لە چەندین لایەنەوە کاریگەری لەسەر ئەم بڕیارە دادەنێت. کردەوە تاکەکەسییەکان وەك دەستبڕی و تەڵاق و، هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکان وەك بوونە خاوەنی منداڵ تا رادەیەك دەرەنجامی جیهانێکی کۆمەڵایەتییە کە تاك تێیدا دەژی. ئەو قوتابخانانەی کە تێیاندا جیاکاری نەژادی پەیڕەو دەکرێت، رەوشی پەروەردە و فێرکردنی نایەکسان دەهێننە کایەوە و جیاکاری رەگەز لە بەکارهێنانی دانی پارە و حەقدەست و بەرزکردنەوەی پلەی پیشەیی، هێزێکی کارکردنی پڕ لە جیاکاری نەژادی و نایەکسانی لێدەکەوێتەوە. دەرکی ژیانی مرۆیی کاریگەری زۆری لەسەر وروژاندنی زۆرێك لە تاکەکانی بۆ توێژینەوەی هێزە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە.

## کۆمەڵناسی: دەرکی مەتەڵی کۆمەڵگە

توێژینەوەی کۆمەڵناسی وەك هەڵنانی مەتەڵێکی گەورە یا دۆزینەوەی نهێنییەکی گەورەیە. ئێمە بەشە بچووکەکانی مەتەڵەکە پێکەوە کۆدەکەینەوە ـ بۆ نموونە، زیادبوونی رێژەی تەڵاق، زیادبوونی ژمارەی ژنان لە هێزەکانی کارکردندا، پابەندبوونی زیاتر بەرامبەر بە هەڵبژاردنی تاکەکەسی، ژیانی درێژخایەنتر ـ و کاتێك کە ئەم بەشانە لە دەوری یەك

کۆدەکەینەوە ئەوانە واتای خۆیان پەیدا دەکەنەوە. یەکسان دانانی هەریەکە لەم بەشانە لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەوام سەرنجڕاکێشە. ئێمە رووداوە جیاکار و بەڕواڵەت بێ ماناکان هەڵدەبژێرین (ئەو کەسانەی کە لە ڕیزی سینەمادا وەستاون؛ کۆمەڵێك خەڵك کە لە یاریی تۆپی پێدا سەرسام بوون؛ شۆڕشێك لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و، تێبینی و تۆماریان دەکەین. هیچ کام لەم رووداوانە، بە تەنیا کلیلێکمان بۆ هەڵتانی مەتەڵەکەمان بەدەستەوە نادەن ، بەڵام لە تەنیشت یەکتردا شتگەلێکی گرنگمان دەربارەی چیەتیی گرووپەکان، چۆنییەتیی رێکخستنی گرووپەکان و، ئەوەی کە بۆچی هەندێ لە گرووپەکان توندوتیژن دەبن پێی دەڵێن. دەرککردنی کۆمەڵگە، مەتەڵ یان نهێنییەکی بێ کۆتایە: ئەم مەتەڵە هەرگیز حەل نابێت، بەڵام ئێمە دەتوانین وردە وردە بەشەکان پێکەوە لە تەنیشت یەکتر دابنێین و تێگەیشتنێکی نوێ بەدەست بهێنین.

ئاشناکردنی ئێوە لەگەڵ ئاڵۆزیی ئەم مەتەڵە ـ نیشاندانی پرۆسەی بەردەوامی دۆزینەوە کە کۆمەڵناسی دەستنیشان دەکات ـ زۆر قورسە. نیشاندانی بەشەکان بە ئێوە، بەبێ هەوڵدان بۆ لە تەنیشت یەکتر دانانیان تووشی دوودڵیمان دەکات. هەرچییەك بێت، توێژینەوەی زانستی بەشەکان ئاسانترە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زۆرینەی کۆمەڵناسان، کۆمەڵناسی شتێکی زۆر زیاتر لە بەشەکان دەخاتە روو ـ دەرکی هەموو مەتەڵی کۆمەڵگە هێشتا شێوازێکە کە تووشی شڵەژانمان دەکات. ئامانجی ئەم کتێبە، هەوڵدانە بۆ دەرخستنی هەندێك لە شێوازەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵناسان لە کۆششەکانیاندا بۆ دەرکی ئەم مەتەڵە.

## کورتە و دەرەنجام

کۆمەڵناسی، بەپێی سروشتی خۆی، دیدگایەکی پرسیارهەڵگر و "رەخنەیی"یە. هەر زانستێك پێویستە گومانی لە ئاگایی پشتبەستوو بە



ئەزموونی ڕۆژانەی تاکەکان هەبێت، بەڵام کۆمەڵناسی، بەتایبەت، پێویستە لەم بوارە گومان دروست بکات و ئەم گومانە، پرسیار، بەدوادا چوون، دوودڵی و تێڕوانینێکی شیکاریانەی بۆ دەرککردنی کۆمەڵگە و مرۆڤ لێدەکەوێتەوە. ئەم دیدگایە لەو شتەدا کە زۆرێك لە تاکەکان بە حەتمی دەزانن گومان دروست دەکات.

ئەم بەشە بە وەسفکردنی یۆنانییە کۆنەکان و ئەو یارمەتییە فراوانەی کە ئەوان پێشکەش بە کۆمەڵگەی مرۆییان کرد دەستی پێکرد. لەوانەیە ناودارترین کەس لە نێو هەموو یۆنانییە کۆنەکاندا سوقرات بووبێت، فەیلەسووفێك کە هەرگیز لەو وەڵامانەی کە تاکەکان بە ئەویان دەدایەوە ڕازی نەبوو. سوقرات ئەو شتەی کە خەڵك بیریان لێدەکردەوە دەبردە ژێر پرسیارەوە و ناچاری دەکردن کە رەخنە بگرن: "باشی چییە؟"، "ڕەوشتی بەرز چییە؟"، "کۆمەڵگەی باش چییە؟" ئەو وەڵامانەی کە خەڵکی دەیاندایەوە کۆمەڵێك وەڵامی کرچوکاڵ بوون کە فێر کرابوون، بەڵام کەمتر بیریان لێ کردبووەوە. جگە لەوەی کە تاکەکان چ وەڵامێکیان دەدایەوە، سوقرات پرسیارێکی دیکەی هەبوو کە بیرکردنەوەی زیاتر دەوروژاند. لە ڕوانگەی ئەوەوە فێرکردن پێویستە وەها بێت: گەڕانێکی بەردەوام بۆ تێگەیشتن لە رێگەی خستنەرووی پرسیار و ئاشکراکردنی وەڵامە رووکەشەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابیی زانکۆ لە جیاتی لەبەرکردنی وانەکانی، هزرێك لە رێگەی تاوتوێکردنی وردەوە بەدەست بهێنێت.

پەیامی کۆمەڵناسانیش هەر ئەمەیە: سەبارەت بەو وەڵامانەی کە تاکەکان دەیدەنەوە بەدواداچوون بکەن و ئەو شتەی کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی ئاشکرای بکەن، واقیع لە رێگەی کۆنترۆڵی لایەنگری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەوە تاوتوێ بکەن و بە روونی و وردەکاری هەرچی زیاترەوە تێبینیی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بکەن. کۆمەڵناسان توێژینەوە لەسەر

دەرفەتەکان و کێشەکانی سەرمایەداری دەکەن لە کاتێکدا کە زۆرێك لە تاکەکانی ئەمڕۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم سیستەمە هۆکاری بەختەوەریی مرۆڤایەتییە. ئێمە هۆکارەکانی خراپەکاری و کێشە پەیوەندیدارەکان بە زیادبوونی ژمارەی زیندانییەکان موتالا دەکەین لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك تەنیا بیر لە ناشیرنیی خراپەکاری و پێویستی جیاکردنەوەی تاکە مەترسیدارەکان لە کۆمەڵگەی مەشروع و خاوەن یاسا دەکەنەوە. ئێمە توێژینەوە لەسەر کارکردەکانی ئایین لە کۆمەڵگەدا دەکەین لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك ئایین بە بەشێك لە جیهانی پیرۆز لە قەڵەم دەدەن، کە نابێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەڵکو پێویستە قەبووڵی بکەین و بۆ ڕێنوێنی کردنی مرۆڤ بە کاری بهێنین. ئێمە دنیای گەنجە توندوتیژەکان بە مەبەستی دەرکی کولتوور، ڕێوڕەسمەکان و، کارلێکەکانی نەوجەوانان بەرامبەر بە کۆمەڵگە تاوتوێ دەکەین، لە کاتێکدا کە زۆرێك لە خەڵك تەنیا دەیانەوێ کە ئەم جۆرە گرووپانە لەناو بچن. ئێمە چەند ڕەهەندێکی نایەکسانی دەبینین کە ئەوانی تر پشتگوێیان دەخەن، ئێمە توێژینەوە لەسەر واتای ڕێ هەڵەکردن و دەرەنجامەکانی ڕێ هەڵەبوون و لادان بۆ کۆمەڵگە و هەروەها هۆکارەکانی دەکەین و هەوڵ دەدەین کە ئامانجی دروشمە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکەین نەك ئەوەی کە تەنیا پراکتیکیان بکەین. کۆمەڵناسی پرسیارگەلێك دەخاتە روو کە زۆربەی خەڵك بە مێشکیاندا نایەت و، (هەر بەو جۆرەی کە پیتەر بێرگ بانگەشەی بۆ دەکات) دانی پێدا دەنێت کە دانایی یەکەم ئەوەیە کە شتەکان هەرگیز بەو شێوەیە نین کە بەرچاو دەکەون.

لە تەنیشت یەکتر دانان و سەر دەرکردن لە مەتەڵی کۆمەڵگە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بەرامبەر بە دەرککردن لە خۆ دەگرێت و ئەمە جەوهەری زانستە. لە سەرتاپای ئەم بەشەدا من هەوڵم داوە دەریبخەم کە توێژینەوەی کۆمەڵگە بە شێوازێکی زانستی گرنگە، چونکە زانست هانی وردەکاری و بابەتیبوون دەدات.



ئەم بەشە جەختی لەسەر سێ خاڵ کردۆتەوە تاوەکو پیشانی بدات کە چۆن کۆمەڵناسان هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە دەرك بکەن:

1ـ هزرەکان دەبێت بە لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان دووپات بکرێنەوە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە پێویستە ورد، بلیمەتانە و فرەڕەنگ بن.

2ـ کۆمەڵناسی، وەك زانستێك، پێویستە بەردەوام هەوڵی ئەوە بدات کە بابەتی بێت. کۆمەڵناسی پێویستە بە دیدێکی ڕەخنەییەوە تاوتوێی هەموو ئەو هزرانە بکات کە زۆربەی خەڵك وەك بەشێك لە کولتووری خۆیان دانیان پێدا ناوە. ئەم کارەش کۆمەڵناسی وەك زانستێکی زۆر ئاڵۆز لێدەکات.

3ـ مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆیی بەشێکن لە سروشت و بەمپێیە زنجیرەیەك یاسای سروشتی بە سەریاندا زاڵە. وا دادەنرێت کە ڕووداوە مرۆییەکان لە ئەنجامی چەند هۆکارێکەوە سەرهەڵدەدەن کە بە شێوەیەکی دیاریکراو، هۆکارە سروشتییەکان ـ لەوانەش هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ـ ن.

ئەگەر بمانەوێت کە تاکەکان باوەڕیان بە سیستەمێکی باوەڕدارانەی دامەزراوەیی هەبێت ئامادەبوونی کۆمەڵناسی خاڵی نییە لە مەترسی. لەم ڕووەوەیە کە کۆمەڵناسی ڕەخنەیی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتی سۆڤیەتدا پێشکەوتنی بەخۆوە نەبینی. هەروەها لەو ڕووەشەوەیە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی 1980 ـ 1990دا ـ کە سوور بوو لەسەر ناچارکردنی جیهان بۆ بەقەبووڵکردنی شێوازەکانی و هاندانی هاوڵاتییەکانی بۆ بەگرنگیدان بە پێشکەوتنی مادی ـ هەمیشە لەگەڵ شێوازە ڕەخنەییەکانی کۆمەڵناسیدا ئاویان بەجۆگەیەکدا نەڕۆشتووە.

ئەگەر گرنگە کە ژیانی خۆمان بەڕاستی دەرك پێبکەین. کەواتە پێویستە سەیری خۆمان بکەین، دەبێت شێوازەکانی ڕەفتاری خۆمان موتالا و تاوتوێ بکەین، پێویستە گومان لە هەر شتێکدا بکەین کە دەیزانین و دەیبینین. خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبێت وەها بێت. ئەمە، لە کۆتاییدا ئامانجی کۆمەڵناسییە وەك زانستێك.

2

# واتای مرۆڤبوون چییه؟

## سروشتی مرۆیی، کۆمەڵگە و کولتوور

زنجیرەی تەلەفزیۆنی پڕبینەری "ناوچەی نیوە ڕووناک" کە لە دەیەی 1960دا پێشکەش دەکرا سەرنجڕاکێش و هەندێ جار ترسناک بوو. وا دیار بوو کە بینەران دەزانن ئەگەر وردە وردە لەسەر چیرۆکەکە بەردەوام بن، لە کۆتاییدا شتێکی سەرنجڕاکێش ـ ترسناک، سەرسامکەر، یان هەردووک ـ چاوەڕوانیان دەکات. بەشێك لەو زنجیرەیە کە لە بیرەوەریی مندا ماوەتەوە پەیوەندی بەو گەردوونگەڕە ئەمریکاییانەوە هەبوو کە لە هەسارەیەکی دوور نیشتبوونەوە. ئەوان لەگەڵ دانیشتووانی ئەم هەسارەیەدا (کە شێوەیان زۆر لە مرۆڤ دەچوو) بوونە هاوڕێ و لەو کاتەی کە خۆیان لەو خانووە ڕازاوانەدا دەبینیەوە کە زۆر لە خانووە زەمینییەکانی ئەوان دەچوو، شادومان بوون، بەڵام دواجار زانیان کە ناتوانن ئەو خانووە جێ بهێڵن و لە واقیعدا زیندانی کراون. لەو کاتەدا دیوارێك کرایەوە و شووشەیەکی زۆر گەورەی لە پشت خۆیەوە دەرخست کە لێیەوە کۆمەڵێك بینەر سەیری ناوەوەیان دەکرد. گەردوونگەڕەکان وەك "هیموساپینەکان[1] لە هەسارەی زەوییەوە " نمایش کرابوون.

[1] Homo Sapiens



لەو کاتەوە تا هەنووکە، پرسیارێك ئازارم دەدات، کە لەوانەیە کەسانێکی زۆر کەم لە دوای سەیرکردنی ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنییەوە خستبێتیانە ڕوو؛ ئەو بوونەوەرە زەمینیانەی کە ئێمە ناوی مرۆڤیان لێدەنێین، دەبێت لەو قەفەزەدا بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەدان چیبکەن تاوەکو ئەوان تێبگەن کە مرۆڤەکان لە واقیعدا چۆنن؟ ئەگەر ئەم پرسیارە بە دەربڕینێکی جیاوازتر بدرکێنین دەتوانین بپرسین؛ مرۆڤ چییە؟ چ شتێك ئێمە دەکاتە "مرۆڤ"؟ و تایبەتمەندیی ئێمە چییە؟ لە چ ڕوویەکەوە ئێمە لە بوونەوارانی زیندووی دیکە دەچین؟ لە چ شتێکدا خاڵی هاوبەشمان لەگەڵ گیاندارانی تر هەیە؟ چۆن لەگەڵ ئەواندا جیاوازیمان هەیە؟ هەڵبەت، ئەم پرسیارانە ئەگەری زۆر مرۆڤی بیرمەندیان لە هەمان سەرەتای دروستبوونی بوونەوەرەوە ئازار داوە. سەیری دەوروبەر بکەن. ئێمە کرم و سەگ و پشیلە و زەردەواڵە و مێروولەکان و لەوانەیە ماسییەکان دەبینین. ئایا ئێمە بێهاوتاین؟ هەموو جۆرەکانی ئاژەڵان بێهاوتان. بەڵام ئێمە چۆن بێ هاوتاین؟ چیەتیی و جەوهەری جۆری ئێمە چییە؟ گەردوونگەڕەکان لە قەفەزدا دەبێ چی بکەن تا چیەتیی ئەو جۆرەی کە ئەوان نوێنەرایەتی دەکەن، ئاشکرا بکەن؟

دەتوانین بە تێگەیشتن لەم بابەتە دەست پێبکەین، کە ئێمە تایبەتمەندیی هاوبەشی زۆرمان لەگەڵ ئاژەڵانی دیکەدا هەیە. مرۆڤەکان سەر بە گرووپی مەمکدارەکانن کە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەوان خوێنگەرمن و توانای وەچە خستنەوەیان هەیە. ڕەگەزی مێ پارێزگاری لە منداڵەکان دەکات و چەند شتێك لە جەستەی مرۆڤەکان بە موو داپۆشراوە. ئێمە هەروەها سەر بە گرووپی سەرەتاییەکانین[1]؛ لەبەر ئەوە ئێمە مەمکدارانێکین کە بە بەشێکی زنجیرەیی لە سروشت هەژمار دەکرێین و، بە

1. Primates

خاوەنی شارەزاییەکی لە رادەبەدەر، زیرەکی و ئەگەری جۆرێك رێکخراوی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەناسرێن.

فەیلەسووفەکان چەندەها بانگەشەی جۆراوجۆریان سەبارەت بەوەی کە تایبەتمەندی گرنگ یان جیاکەرەوەی سەرەکی ئێمە چییە، خستۆتە روو. ئەوان ئاماژەیان بە توانای ئێمە لە دروستکردن و بەکاربردنی ئامرازان، خۆش ویستن، جیاکردنەوەی دروست لە نادروست، هەستکردن، بیرکردنەوە، یان سوودوەرگرتن لە زمان کردووە. رابەرانی ئایینی جەخت دەکەنەوە کە ئێمە خاوەنی رۆح و ویژدانین. ئەوان هەروەها لەوانەیە دان بەوەشدا بنێن کە ئێمە لە شێوەی خوداوەند دروست کراوین (بۆیە لە هەموو بوونەوەران لە خوداوەندەوە نزیکترین) یان ئەوەی کە ئێمە خۆپەرست و تاوانبارین (لەبەر ئەمە وەك ئاژەڵەکانی ترین). رەخنەگری رەشبینتر پێی وایە کە ئێمە تەنیا ئاژەڵێکین کە لەگەڵ جۆری خۆیدا شەڕ دەکات (لەگەڵ ئەوەدا کە ئاژەڵەکانی تر بە ئاشکرا بەرامبەر بە هاوچەشنەکانی خۆیان توندوتیژی دەنوێنن).

دەروونناسان لەوانەیە جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەنەوە کە مرۆڤەکان غەریزین، کە کەسایەتی ناهۆشیاریان بزوێنەری ئەوانە، کە وەکو زۆرێك لە ئاژەڵانی تر رادەهێنرێن (شرطی دەبن) [1]، یان ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئاژەڵەکانی تر، بەپێی ئەو بیروباوەڕ و تێگەیشتنانەی کە لەکۆمەڵگەدا فێری دەبن هەڵسوکەوت دەکەن. زۆربەیان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیاندا دەبنە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی کە لە ئەنجامی کاریگەری بەرامبەری بۆماوە و ژینگەکەیانەوە سەرهەڵدەدەن.

1. Instinct



کۆمەڵناسەکانیش دەربارەی سروشتی مرۆڤ شتی زۆریان درکاندووە. ئەوان بۆچوونیان وایە کە تایبەتمەندییە بێهاوتاکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ئێمە:

1ـ کۆمەڵایەتین، لەم رووەوە کە ژیانی ئێمە بە هۆی شێوازە جۆراوجۆر و ئاڵۆزەکانەوە بەوانی تر و بە کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە.

2 ـ کولتوورین، لەو رووەوە کە پێی دەبین لە ئەنجامی غەریزەوە نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی بیروباوەڕ و بەها و کۆمەڵە رێسایەکەوەیە کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەدی هاتوون.

بەبێ ئەم تایبەتمەندییە سەرەکییانە، ئێمە ئەوەی کە هەین نەدەبووین. ئێمە لە قەفەزدا بهێڵنەوە و یەکێك لەو تایبەتمەندیانەمان لێ بسێننەوە لەو حاڵەتەدا ئەو بینەرانەی کە سەردانی باخچەی ئاژەڵان دەکەن، چاویان بە شتێکی زۆر جیاواز دەکەوێت. بەمپێیە، بۆ ناسینی جۆری مرۆڤ، پەی بردن بەوەی کە ئەم دوو تایبەتمەندییە سەرەکییە چۆن دێنە نێو ژیانی ئێمەوە، گرنگە. هەروەها ناسینی پەیوەندی بەرامبەری ئاڵۆزیی نێوان کۆمەڵگە و فەرهەنگیش بایەخی هەیە: کولتووری ئێمە لە ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە سەرهەڵدەدات و بەردەوامیی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە بە کولتووری ئێمەوە بەستراوەتەوە.

## مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

بە واتایەکی گشتی، زۆرێك لە ئاژەڵان بوونەوەرانی کۆمەڵایەتین. ماسییەکان کۆمەڵایەتین لەو رووەوە کە بە کۆمەڵ مەلە دەکەن، لەوانەیە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان بێت. زەردەزێڕەکان و مێروولەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی زیاتر خۆیان رێك دەخەن. نزیکترین خزمەکانمان، مەیموون و شەمپانزەکان، کۆمەڵایەتین و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوان هاوشێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە.

بانگەشەی ئەوەی کە مرۆڤە سەرەتاییەکان کۆمەڵایەتی بوون، ڕێك و ڕاست ئەوە دەردەخات کە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە هەمیشە بە لامانەوە گرنگ بووە و مرۆڤەکان هەرگیز بەبێ ئەم تایبەتمەندییە بوونیان نەبووە. مرۆڤە سەرەتاییەکان کەسانێکی گۆشەگیر و دوورخراوە نەبوون، بەڵکو بوونەوەرانێك بوون کە کارلێکیان پێکەوە هەبووە، کۆمەڵایەتی بووبوون و وابەستەی یەکتری بوون، و سەرتاسەری ژیانی خۆیان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا گوزەراندووە. ئاشکرایە کە هەندێکیان لەوانەیە کاتێك بەساڵدا دەچوون ژیانێکی جودا لەوانی دیکەیان هەڵدەبژارد. هەر بەو جۆرەی کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئەمڕۆدا وادەکەن، بەڵام هەموویان لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانیاندا کۆمەڵاتی بوون و زۆربەیان لە سەرتاسەری ژیانی بەساڵاچووندا کۆمەڵایەتی بوون.

### مانەوە

واتای "کۆمەڵایەتی"[1] بوون چییە؟ لە ساناترین مانادا واتە مرۆڤەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بەوانی دیکە هەیە. منداڵان بۆ مانەوەی فیزیکی خۆیان پێویستیان بە تەمەندارەکان هەیە: بۆ خۆراك، شوێنی ژیان و پشتیوانی کردن. بەڵگەیەکی زۆر پیشانی دەدات کە منداڵان بۆ پشتیوانی سۆزداری، عەشق و خۆشەویستیش موحتاجی تەمەندارەکانن. وادەردەکەوێت کە گەشەی ئاسایی - تەنانەت ژیان - بەم پشتیوانی کردنەوەوە بەستراوەتەوە. لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەو منداڵانەی کە لە دایەنگاکاندا گەورە بوون و سەروکارێکی زۆر کەمیان لەگەڵ بە تەمەنەکاندا هەبووە، دەری دەخەن کە ئەم منداڵانە ڕووبەڕووی گەلێ زیانی ترسناکی فیزیکی و فیکری و سۆزداریی دەبنەوە و ئەم زیانانەش بە بەردەوامی

[1] Socialization



دەبیننەوە! (Spits, 1945). هەڵبەت دۆزینەوەی ترسناکی ئەو منداڵانەی کە لە دایەنگاکانی دەوڵەتی ڕۆمانیادا گەورە کرابوون بەڵگەیە لەسەر بوونی هەموو ئەو گرفتانە: پشتگوێ خستنی پێداویستییە سۆزدارییە سەرەتاییەکانی منداڵان، دواکەوتنی گەشە و زۆر جار مردنی لێدەکەوێتەوە.

بەتەمەنەکانیش پێویستیان بەوانی تر هەیە. ئێمە بۆ مانەوەی جەستەیی خۆمان (زیادکردن و ئاڵوگۆڕی مادەی خۆراکی، دەستەبەرکردنی شوێنێکی حەوانەوە و پۆشاك، فەراهەمکردنی پشتیوانی بەرامبەر بە دوژمنان و تەقریبەن هەموو ئەو شتانەی کە یەکلاییمان کردوونەتەوە) بەوانی دیکەوە بەستراوینەتەوە. ئێمەی بە تەمەن گەورەکانیش بۆ عەشق و خۆشەویستی، پشتیوانی، واتا و خۆشبەختی بەوانی ترەوە بەسراوینەتەوە. لەبەر ئەوە، مانەوەی مرۆڤ، بابەتێکی کۆمەڵایەتییە: بە ڕاددەیەکی زۆر هەموو پێداویستییە - فیزیکی و سۆزداری - یەکانی ئێمە لە ڕێگەی کارلێك لەگەڵ ئەوانی تردا دەستەبەر دەکرێن.

### فێربوونی شێوازەکانی مانەوە

بەکۆمەڵایەتی بوون، هەروەها ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ئەوەی پێی دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر بە کۆمەڵایەتی بوونی ئێمەوە بەسراوەتەوە. بە کۆمەڵایەتی بوون پرۆسەیەکە کە تێیدا نوێنەرە ڕەنگە کۆمەڵگە - دایك و باوکان، مامۆستایان، ڕابەرانی سیاسی، ڕابەرانی ئایینی، ناوەندەکانی ڕاگەیاندن - شێوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا فێری خەڵکی دەکەن و بەم چەشنە، تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەوان پێك دەهێنن.

ئێستا دەگەڕێینە سەر بابەتی مانەوە: خەڵکان نە تەنیا بۆ فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی ئێمە جێی بایەخن، بەڵکو بۆ فێرکردنی شێوازەکانی مانەوەشمان گرنگن. ئێمە کارگەلێکی زۆر کەم بە شێوازێکی غەریزی

دەتوانین ئەنجام بدەین (مژین، خاڵیکردنەوەی هەناو، هەناسەدان، ئارەقکردن، گریان، بینین، بیستن و کردارە سادەکانی تر). بەڵام ئێمە بە زانینی چۆنیەتیی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ژینگەی خۆماندا لە دایك نابین. تازە هاتوویەکین کە نازانین چۆن لە جیهانی خۆماندا ژیان بەسەر بەرین. نازانین چۆن لەگەڵ ئەوانی تر، ئاو و هەوا، سەرچاوەکانی خۆراك، شوێنی ژیاندا هەڵسوکەوت بکەین. ئێمە نازانین چۆن لە رێگەی غەریزەوە درێژە بە مانەوەمان بدەین، بەو چەشنە کە سرووشتی کۆمەڵایەتیی ئێمە دەیخوازێت. ئێمە ناچار نین فێری خواردن بین، بەڵام فێر دەبین چۆن خۆراك بەدەست بهێنین (لە رێگەی کشتوکاڵ، راو، ماسی گرتن یان کڕینی). ئەگەر بمانەوێ تەنیا هەندێك لەو کارانە ناو بهێنین کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا (نەك هەموویان) گرنگن، دەبێت ئەم کار و کردەوانە بژمێرین: دەبێ فێر بین چۆن شوێنێکی حەوانەوە بکەین. لە راستیدا، ئێمە بۆ مانەوەی خۆمان لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا دەژین دەبێت بە هەزاران شت فێر بین، لە فێربوونی ئەلف و بێوە تا فێربوونی ئەوەی کە چۆن رێگە لە دزیکردنی ئەوانی تر لە خۆمان بگرین و تا فێربوونی چاکترین شێوازەکانی جلوبەرگ لەبەرکردن و قسەکردن بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان خۆشەویست بکەین. کورتەی قسان ئەوەیە، کە مرۆڤەکان لە جیهانێکدا دەژین کە تێیدا بە کۆمەڵایەتی بوون بۆ مانەوەیان زەروورە.

### تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان

بە کۆمەڵایەتی بوون جگە لەوەی کە شێوازەکانی مانەوەمان فێر دەکات، بۆ پێکهێنانی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانیشمان پێویستە. تواناکان، سەلیقەکان، پەیوەندییەکان، بەهاکان، تایبەتمەندییە کەسایەتییەکان، بیروباوەڕ و ئەندێشەکان و ئەخلاقی ئێمە تایبەتمەندیەك



نین کە لە کاتی لە دایکبووندا هەمانبێت، بەڵکو تایبەتمەندییەکن کە لە رێگەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە لە نێو خێزان، قوتابخانە، گرووپە هاوتەمەنەکان، کۆبوونەوە و تەنانەت راگەیاندنەکان بەدەستیان دەهێنین.

ئەوەی پێی دەبین بە هۆی توانەوەیەکی ئالۆزەوە لە نێوان بۆماوە و بەکۆمەڵایەتی بوونەوەیە. ئێمە ئەگەری هەیە کە ئامادەییەکی بایەلۆجی دیاریکراومان هەبێت، بەڵام ئەوەی کە ئەوانی تر چۆن هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن، چ شتگەلێکمان فێر دەکەن و چ دەرفەتگەلێکمان بۆ دەستەبەر دەکەن هەموویان لەوەدا کە ئێمە چیمان لێدێ کاریگەر و گرنگن. ئێمە لە نێو پرۆسەی کارلێکماندا لەگەڵ ئەوانی تر، رێڕەوی ژیانی خۆمان هەڵدەبژێرین: دزی و جەردەیی یان کاری یاسایی، فێربوون لە قوتابخانە یان فێربوون لە کاتی کارکردن، ژیانی تاکەکەسی یان هاوسەرگیری، ژیان لە کێڵگە یان ژیان لە شار. هەندێك لە ئێمە لەوانەیە خاوەنی هەموو جۆرە توانایەك بین، بەڵام ئەوەی کە بۆ بەدەستهێنانی داهات لە رێگەی فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکانەوە ئەو توانایە بەکاربهێنین یان بۆ یارمەتیدانی خەڵك لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیاندا لە رێگەی دەروونشیکارییەوە، پەیوەندی بە کارلێکەکانی ئێمە و کۆمەڵایەتی بوونمانەوە [کە لەو پرۆسەیە دەکەوێتەوە] هەیە.

هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم خاڵە بە باشی روون دەکاتەوە. لە راستیدا، ئەگەر بمانەوێ وردتر بین، ئەم وەسفە زیاتر بەسەر ژنانی سپیپێستی لە دایکبووی ئەمریکادا دەچەسپێ کە لە سەردەمی داگیرکاریدا ژنان لەبەر ئەو هۆکارە بەکۆمەڵایەتییە دەبوون کە دەکرانە موڵك و دارایی پیاوان. نە تەنیا دایك و باوك، دراوسێکان، ئایین، و هاوڕێیان دەبوونە هۆکاری بە کۆمەڵایەتی بوونی ئەوان، بەڵکو دەرفەتگەلێکی سنوورداریش لە کۆمەڵگەدا بۆ ژنان رەخسابوو کە ئەم مەبەستەی بەدی

دەهێنا و ئەم قەدەغەکارییە ژنانی تێدەگەیاند کە چۆن بن تاوەکو لە کۆمەڵگەدا سوودمەند بن. دواجار، پەیوەندیی نێوان ژنان و پیاوانی سپیپێست گۆڕانی بەسەردا هات و ئەویش کاتێك بوو کە ژنان زیاتر لە جاران، بۆ چاودێریکردنی خێزان لەبەرامبەر پشتیوانیی ئابووریی پیاواندا بە کۆمەڵایەتی بوون. لە سەدەی بیستەمدا و بەتایبەت پاش جەنگی جیهانیی دووەم، ئەم پەیوەندییە بە ئاراستەی پەیوەندییەکی یەکسانتردا دەڕۆیشت. بە زیادبوونی دەرفەتە ئابوورییەکان، ژمارەیەکی زۆر زۆر لە ژنانی سپیپێست پەیوەندییان بە هێزی کاری مووچەخۆرەوە کرد. سەرکەوتنی ئەوان لە جیهانی سیاسەت، پەروەردە و فێرکردن و ئابووریدا چاوەڕوانییەکانی بەرامبەر بە ژنانی لە کۆمەڵگەدا گۆڕی و بە چەشنێکی فراوانتر رۆڵی ئافرەتی سەروژێر کرد. پاش جەنگ، روانگەی ئێمە سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان بەردەوام کاڵتر بووەوە. تا دەیەی 1990، ئەو باوەڕەی کە ژنان تەقریبەن هەر شتێك کە بە شێوەیەکی نەریتی، تایبەت کراوە بە پیاوانەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن بە ئاشکرا دانی پێدا نرابوو، هەرچەندە دەرفەتەکان هێشتا سنووردار بوون. وەها بیرکردنەوەیەك کاریگەری لەسەر کۆمەڵایەتی بوونی منداڵان دەبێت؛ کۆمەڵایەتی بوون کار لەو هەڵبژاردنانە دەکات، کە لە ژیاندا ئەنجام دەدرێن. من 25 ساڵ لەمەوبەر هەرگیز بە خەونیش نەمدەبینی ژنان لە بواری ئەسپ سواری، لەشجوانی، یاری بەیسباڵ و، هەڵدانی خێرادا[1]، لەگەڵ پیاواندا رکابەری بکەن. هەرگیز بە خەیاڵمدا نەدەهات کە ژنان لە هێزە ئامادەکان، لە هێزی پۆلیس و لە بازرگانی و کاروپیشەدا کێبڕکێیەکی سەرکەوتوانەیان هەبێت. خەیاڵکردنی من لەگەڵ بە کۆمەڵایەتی بوونمدا سنووردار کرابوو، رێك و راست لە نێوان ئەوەی ژنان و پیاوان دەیانتوانی

[1] Fost Pitch Softball



ئەنجامی بدەن جیاوازیم دادەنا. دەرفەت و کۆمەڵایەتی بوون کاریان لە یەکتر کردووە و ئەنجام کۆمەڵگەیەکە کە کەمتر لەسەر بنەمای رەگەز دابەش و پلەبەندی کراوە، ئەگەرچی بەربەستەکان بە بەردەوامی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە کۆمەڵگەدا دەمێننەوە، ئێمە بە روونی ئەزموونێکمان لە ژیانی واقیعیدا لەبەردەمدایە کە کۆمەڵێك بەڵگەی ئاشکرا لەسەر جەختکردنەوەی ئەم بیرە دەخاتە روو کە بە کۆمەڵایەتی بوون کاریگەری لەسەر پێکهێنانی کەسایەتیی تاکەکان دروست دەکات.

تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە کە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون زۆر ئاڵۆزە. بەکۆمەڵایەتی بوون نە تەنیا فێربوونی شتەکان دەگرێتەوە، بەڵکو جگە لەوەش پشت بە نموونەسازی رەفتاری مرۆڤ لەسەر بنەمای رەفتاری ئەو تاکانە دەبەستین کە رێزیان لێ دەنێین، بە کۆمەڵایەتی بوون لە ئەنجامی دەرفەتە بینراوەکان "بۆ کەسانێکی وەك ئێمە" و، کەوتنە ژێر کاریگەری لە سەرکەوتن و شکستەکانی خۆمان. کاتێك بەم شێوەیە سەیری بەکۆمەڵایەتی بوون بکەین، باشتر دەتوانین دەرك بە کاریگەرییە مەترسیدارەکانی جیاکاری(تبعیض)، جیاکاری نەژادی و ئازار و ئەشکەنجە بکەین. سووکایەتی پێکردن لەلایەن ئەوانی ترەوە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەیە. تاك بە بینینی ئەوانی تر وەك خۆی لە ژیانێکی پڕ لە بێبەشبووندا، کاریگەری لەسەر ئەو بەهایەی کە لە خۆی دەنێت و هەروەها ئەو چاوەڕوانییانەی کە بۆ خۆی بەدییان دەهێنێت دادەنێت. هەڵبەت، هەندێ لە تاکەکان بەسەر ئەم بارودۆخەنەدا زاڵ دەبن، بەڵام ئەم حاڵەتە شازانە هێزی کۆمەڵایەتی بوون هەڵناوەشێننەوە. لەڕاستیدا ئەوان یارمەتیمان دەدەن، تاوەکو باشتر پەی بە گرنگیی بەکۆمەڵایەتی بوون ببەین هەر بەو جۆرەی کە ئێمە تێدەکۆشین ئەو بارودۆخانە بناسین کە تاکەکان ناچار دەکەن تاوەکو جیاواز بن لەو کەسانەی کە لە دەوروبەریاندان. بە کۆمەڵایەتی بوون یارمەتی روونبوونەوەی ئەم بابەتە

دەدات کە بۆچی هەژاری لە هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانی داهاتووی منداڵاندا وەها کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر تەمەنی بەساڵاچوونیان دادەنێت.

دەتوانین ئەم ڕوونکردنەوەیە بە شێوازێکی دی بخەینە ڕوو: دەرفەتگەلێك کە گرووپە دەوڵەمەند و باڵاکان لە کۆمەڵگەدا هەیانە، منداڵەکانیان وەها بە کۆمەڵایەتی دەکات کە نزیك لە زۆرینەی تاکەکانی تر لە کۆمەڵگەدا بە دوای ڕێڕەوەکانی [ژیان]دا بگەڕێن: واتە قوتابخانەکان و زانکۆ بەناوبانگ و پلە بەرزەکان کە بە دەستەبەرکردنی فێرکردنی پیشەیی و پسپۆڕی، شوێنگەی کۆمەڵایەتیی بەرز و ژیانێکی خۆشگوزەران دابین دەکەن. ڕۆبێرت کۆلێز[1] (1997) ئەنجامی کۆتایی بە کۆمەڵایەتی بوون لە چینی دەوڵەمەندا بە "شایەن بوون [استحقاق]" وەسف دەکات: منداڵی دەوڵەمەندان فێر دەبن کە ئەوان لە ژیانیاندا شایەنی چ شتگەلێکی دیاریکراون کە منداڵانی دیکە ناتوانن بوونی ئەوانە بە مافی دانپێدانراوی خۆیان بزانن و زۆر جار تەنانەت نازانن کە وەها شتگەلێك بوونی هەیە. "منداڵ شتگەلێکی زۆری هەیە، بەڵام زیاتری دەوێت و چاوەڕوانیش دەکات و وەها وێنای هەموو ئەم شتانە دەکات کە بەڕاستی هی ئەو و مافی ئەوە - میراتێکی لە هەمانکاتدا ڕۆحی و مادی کە دنیا فەراهەمی دەکات" (ل55). لەو شتانەدا کە دایك و باوکان دەیدەن و فێریان دەکەن، منداڵانی خۆشگوزەران تێدەگەن کە مافی چاوەڕوانیی چ شتگەلێکیان لە ژیان هەیە. شتگەلێك کە لەبەر شوێنەکەیان مافی ئەوانە.

بە کۆمەڵایەتی بوون لەوانەیە بەتەواوی دەستنیشانی نەکات کە ئێمە چین، بەڵام ناتوانرێت بە ئاسانی نکووڵی لە کاریگەرییەکەی بکرێت. ئەوەی هەریەکە لە ئێمە پێی بووین زیاتر دەتوانرێت بە کارلێکی ئێمە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا پەیوەست بکرێت و بەمپێیە، تایبەتمەندییە کەسییەکانی

1. Robert Coles



ئێمە لەم واتایەدا بەڕاستی **تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانن**. کۆمەڵناس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن کۆمەڵایەتی بوون کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێمە، توانا و پەیوەندی و بەها و بیروباوەڕ و هزر و تێڕوانینەکانمان دادەنێت یان بە کورتی لەسەر ئەو ڕێڕەوەی کە لە ژیاندا دەیگرینە بەر. هەر بەو جۆرەی کە لە بەشەکانی دواتردا دەیبینین، بە کۆمەڵایەتی بوون شتێك نییە کە تەنیا لە کاتی منالێماندا ڕوو بدات، بەڵکو لەسەرتاپای ژیانماندا بەردەوام دەبێت . لە هەر قۆناغێکدا ئەوانی تر فێرمان دەکەن یان نیشانمان دەدەن کە چۆن دەبێت ڕەفتار بکەین، دەبێ بیر لە چی بکەینەوە و ئێمە کێین. کۆمەڵایەتی بوونی یەکەم جار لەوانەیە گرنگترین قۆناغی کۆمەڵایەتی بوون بێت، بەڵام کۆمەڵایەتی بوونی دواتر لەوانەیە ڕێڕەوەکانی سەرەتا بەهێز بکات یا ئێمە بەرەو ڕێڕەوی نوێ ئاراستە بکات. بە کۆمەڵایەتی بوون بکەری تاکەکەسی پێك دەهێنێت و سێیەمین شێوازە کە پیشانی دەدات ئێمە بەپێی سروشتی خۆمان بوونەوەرگەلێکی کۆمەڵایەتین.

### تایبەتمەندییە سەرەکییە مرۆییەکان

ئێمە سەرنجی شێوازی بەکۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤەکانمان داوە؛ مانەوەی ئێمە بە ئەوانی ترەوە بەستراوەتەوە؛ شێوازەکانی مانەوەی خۆمان لە ڕێگەی ئەوەی کە ئەوانی تر فێرمان دەکەن فێر دەبین و تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی خۆمان تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتی بوون لەلایەن ئەوانی ترەوە بەدەست دەهێنین. تایبەتمەندیی چوارەم بەڵگەی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەیە: واتە مرۆڤ بوونی ئێمە.

لە چ قۆناغێکدا بوونەوەری مرۆیی دەبێتە مرۆڤ؟ ڕابەرە ئایینییەکان لەم بوارەدا بیروڕای جیاوازیان هەیە؛ هەندێ بەڵگە دەهێننەوە کە ئەم

بابەته له قۆناغی سکپڕیدا روودەدات، له کاتێکدا ئەوانی تر دەڵێن لەو قۆناغەدا که کۆرپەله دەتوانێت سەربەخۆیانه بژیت یا له کاتی لەدایکبوون، یا یەك ساڵ پاش له دایکبوون. له راستیدا، له هەندێ تێڕوانینی مەزهەبیدا منالآن به تەواوەتی مرۆڤ نین و له روانگەی هەندێکی ترەوه ژنان به تەواوەتی مرۆڤ نین. رابەرانی ئایینی گەیەکدا بۆ پێناسەکردنی کەسانی دیاریکراوی یا جیاواز له ژێرناوی کەسانێك که به تەواوەتی مرۆڤ نین و لەبەر ئەوه شایەنی مافه مرۆییەکان نابن، بیروڕایەکی هاوبەشیان هەیه. سەرکرده سیاسییەکانیش باس لەوه دەکەن که چ شتێك مرۆڤێك لەگەڵ مافه کامڵه مرۆییەکانی پێك دەهێنێت (ئەمه هەندێ جار لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون، ئەندامێتی نەتەوەیی ـ گرووپی، ئایینی، جێندەر، تەنانەت بیروباوەڕه سیاسییەکانیش راسته). فەیلەسووفەکان، دەروونناسان، ژینگه ناسان، هونەرمەندانیش تێڕوانینی خۆیان هەیه. هەرچەند ئەم بابەته، زۆر هەستیار و وروژێنەره، بەڵام زۆر گرنگیشه. ئەم بابەته به دەوری کێشەی جەوهەری مرۆییدا دەسووڕێتەوه. ئەگەر ئێمه باوەڕمان به رۆح هەیه، ئەوه وەکو تایبەتمەندییەکی دەستنیشانکراو بەکار دەهێنین. ئەگەر باوەڕمان به مافه مرۆییەکان که خودا له قۆناغی سکپڕیدا به مرۆڤی بەخشیوه هەبێت، ئەوا وەکو تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوه بەکاری دەهێنین. فەیلەسووفەکان لەوانەیه جەخت لەسەر زەین وەکو تایبەتمەندییەکی یەکلاکەرەوه بکەنەوه، (دەروونناسان جەخت لەسەر زیرەکیی[1] مرۆڤ و ژینگه ناسان پیتاندنی هێلکه یان له دایك بوون یا پێکهاتنی کۆرپەلەی تەواو بکەنەوه.

له راستیدا ئەم کێشەیه، کێشەیەکی ئایینی، سیاسی و زانستییه و، رێککەوتنی کەمتری لەسەر کراوه. زانایان کەم تا زۆر هەوڵ دەدەن ئەو

[1] inthlliyence



سیفەته دیاریکراوانەی که بوونەوەره مرۆییەکان دەکەنه مرۆڤ دەستنیشان بکەن: بۆ نموونه، هۆش [زیرەکی]، توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، بەکاربردنی زمان، یا کولتوور له بەرامبەردا کۆمەڵناسان زۆر جار جەخت لەسەر سێ تایبەتمەندیی پەیوەست به یەکتر دەکەنەوه: سوود وەرگرتن له سیمبولەکان، گەشەپێدانی خود[1] و بیرکردنەوه. تەنیا کاتێك که ئەم سێ تایبەتمەندییه له کەسه مرۆییەکاندا کۆ ببێتەوه، رەفتاری مرۆییان لێدەوەشێتەوه و ئەمه لایەنی جیاوازیانه لەگەڵ ئاژەڵاندا. ئەگەری ئەوه له ئارادایه که کۆمەڵناس زێدەڕۆیی دەکات، بەڵام خاڵێکی زۆر گرنگ لێرەدا هەیه که ئەم سێ تایبەتمەندییه، که بۆ مرۆڤ سەرەکین، به شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دێته ئاراوه. لەم واتایەدا، مرۆڤ بوونی ئێمه تەنیا له رێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوه سەرهەڵدەدات. ئێمه له کاتی لەدایك بوونماندا بوونەوەرانێکی ناتەواوین که دەتوانین وەك مرۆڤەکانی تر رەفتاری هێزەکی (بالقوه)مان هەبێت، بەڵام ئەو توانا هێزەکییه تەنیا له رێگەی به کۆمەڵایەتی بوونی ئێمەوه دەبێته کردار. هەریەك لەم تایبەتمەندییانه به کورتی تاوتوێ دەکەین.

**سوود وەرگرتن له سیمبولەکان**[2]. هەرچی زیاتر سەبارەت به مرۆڤەکان بزانین، سوودوەرگرتنی ئەوان لەو سیمبولانه بایەخێکی زیاتر پەیدا دەکات. سیمبول شتێکه که نوێنەری شتێکی تره و ئێمه به مەبەستی پەیوەندی، له جیاتی ئەو شتەی تر، بەکاری دەهێنین. ئەگەرچی ئێمه له رێگەی بەکارهێنانی خۆنەویستانەی زمانی جەسته و حاڵەته نائاگایانەکانی دەموچاو و ئەندامەکانی ترەوه پەیوەندی دروست دەکەین، سیمبولەکان خاوەنی ئەم تایبەتمەندییه زیادەیەن که

[1] self
[2] symbol

بەکاربەر لێیان تێدەگات. پەیوەندیی سیمبولی واتادارە: ئەم پەیوەندییە پێشاندەری شتێك بۆ دروستکەری پەیوەندی و هەروەها بۆ کەسێکە کە پەیوەندییەکە وەردەگرێت.

وشەکان باشترین نموونەی سیمبولەکانن. ئێمە دەتوانین ئەوانە لە جیاتی هەموو شتێك دابنێین. ئێمە وشەکان خۆویستانە بۆ گواستنەوەی بابەتێك بۆ ئەوانی تر بەکاردەهێنین و بۆ بیرکردنەوە سوودیان لێ وەردەگرین. بەڵام جگە لە وشەکان، ئێمە هەروەها دەستنیشانی ئەوە دەکەین کە کردارگەلێکی دیاریکراو هەن کە سیمبولێکن (تەوقەکردن، ماچکردن، بەرزکردنەوەی دەست). مرۆڤەکان هەروەها هەندێ لە شتەکان بە سیمبولی دادەنێن: وەکو ئالا، ئەنگوستیلە، خاچ و مۆدێلەکانی ئارایشتکردنی پرچ، ئەم جۆرە شتانە لە خودی خۆیاندا واتادار نین بەڵام بە واتادار لە قەڵەم دەدرێن.

ئەم جۆرە نوێنەرایەتیکردنانە[1] لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ راستە زۆرێك لە ئاژەڵان بە رێگەیەك لە رێگەکان لەگەڵ یەکتری پەیوەندی دروست دەکەن: بۆ نموونە: کلك جووڵاندن، ئەو جووڵاندنانەی دەربڕی بۆنکردن، پرخەپرخ کردن، لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی ئەم رەفتارانە غەریزین. ئەوانە لە رێگەی فێربوونەوە بەدەست نایەن و بەگشتی لەنێو هەموو جۆرەکانیاندا هەن. ئەوان خود بەخود لەلایەن بوونەوەری زیندووەوە ئەنجام دەدرێن و بە شێوەیەکی ئاسایی وا دەرناکەوێت کە بۆ ئەو بوونەوەرەی کە بەکاریان دەهێنێت، هیچ واتاییێکیان هەبێت. (بۆ وێنە، هەنگ لە رێگەی سەماکردن لەگەڵ هەنگەکانی دیکە لەو شوێنەدا کە شیلە هەیە پەیوەندی دروست دەکات و تەنانەت ئەو کاتەی کە خەڵێفەکە خاڵی بووە و هەنگەکانی دیکە

[1] representations



هیچ کامیان لەوێ نین کە سەماکردنی ئەو ببینن، دیسان لەسەر ئەو کارە بەردەوام دەبێت). بەڵام لە قەڵەمڕەوی ئاژەڵیدا هەرچەندە لە مرۆڤ نزیکتر بینەوە، فۆرمەکانی پەیوەندیکردن تایبەتمەندییەکی جیاواز وەردەگرن: کردارەکان پیشاندەری شتێکی ترن تەنیا لەبەر ئەو هۆیەی کە لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بەم جۆرە لەسەری رێککەوتوون. بە واتایەکی تر ئامرازەکانی پەیوەندی، پرەنسیبێکی کۆمەڵایەتییان هەیە. لەو شوێنەوە کە سیمبولەکان واتاگەلێکی لەبنەڕەتدا کۆمەڵایەتییان هەیە و نوێنەرایەتیی هەر شتێك بکەن واتاکەشی ئاشکرا دەکەن ـ بە شێوەیەکی ئەنقەست فێری بوونەوەری زیندوو دەکرێت، بەمپێیە گیانلەبەر فێر دەبێت و تێدەگات کە شتێك پیشاندەری شتێکی دیکەیە. کاتێك کردارێك ئەنجام دەدرێت، گیانلەبەر رێك و راست پەیامەکە نانێرێت، بەڵکو لە واتاکەی تێدەگات. روون و ئاشکرایە کە مرۆڤەکان تا رادەیەك بۆ هەر شتێك کە ئەنجامی دەدەن و هەن، بە نوێنەرایەتی کردنەکانەوە کە سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە وابەستەن؛ تەنانەت ئەگەر بوونەوەرانی تر بەم واتایە سیمبولەکان بەکار بهێنن، ئەم بەکارهێنانە زۆر سنووردارە.

توانایی بەدیهێنانی سیمبولەکان و بەکارهێنانیان بە جۆرێك کە بەکاربەر لێیان تێبگات بەشێکە لە جەوهەری کۆمەڵایەتیی[1] ئێمە و ئەم توانایە وەها بۆ ئێمە گرنگە کە بێگومان بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤ لەگەڵ جەوهەری کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەژمار دەکرێت. سەرنج بدەن کە ئێمە سیمبولەکان چی لێدەکەین: ئێمە ئەوانە بۆ گواستنەوەی هزرەکان، هەستەکان، نیەتەکان، ناسنامەکان بەکار دەهێنین؛ بۆ فێرکردنی ئەوەی دەیزانین بۆ ئەوانی تر، بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر و

[1] Social essence

هاوکاریکردنیان لە ڕێکخراودا و بۆ فێربوونی ڕۆڵەکان، بیرەکان، بەهاکان، ڕێساکان و ئەخلاقیات. ئێمە دەتوانین ئەوەی کە فێری بووین بۆ وەچەکانی داهاتوو بیانگوازینەوە و ئەوان دەتوانن ئەوەی کە ئەوانی تر فێریان کردوون پەرەی پێبدەن؛ سیمبولەکان ئەگەری کەڵەکەبوونی زانیاری دەستەبەر دەکەن. ئێمە بۆ بیرکردنەوە سوود لە سیمبولەکان وەردەگرین: بۆ بیرکردنەوە سەبارەت بە داهاتوو، رابردوو بەکار دەهێنین، چارەسەرگەلێك بۆ کێشەکان دەخەینە روو، ئەوە لەبەرچاو دەگرین کە چۆن کردارەکانی ئێمە لەوانەیە ئەخلاقی یان نائەخلاقی بن، گشتاندن دەکەین (سەبارەت بە هەر شتێك، وەکو هەموو بوونەوەرانی زیندوو، هەموو ئاژەڵەکان یا هەموو مرۆڤەکان) و، لە نێوان پاڵێوراوە زیرەك و تا رادەیەك زیرەکەکان بۆ پۆستە ڕەسمییەکان کۆمەڵە جیاوازییەکی ورد ئەنجام دەدەین و سەرتاسەری ژیانی ئێمە بە بەکارهێنانی سیمبولەکان پڕ بۆتەوە. سیمبولەکان لە ڕێگەی سروشتەوە بۆ ئێمە دەستەبەر نەکراون، بەڵکو مرۆڤەکان لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا بەدییان هێناون. لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوەیە کە ئێمە وێناکانی (تصورات) خۆمان بەدی دەهێنین، دەگوازینەوە و دەرك پێدەکەین.

**ناسنامەی تاکەکەسی.** بەم شێوەیە، مرۆڤەکان تەنیا لە ڕێگەی کارلێکەوە لەگەڵ یەکتری، خود هۆشیاری[1] پەیدا دەکەن و خود هۆشیاریش بە یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت. مرۆڤەکان پەی بەوە دەبەن کە ئەوان وەك ئۆبجێکت[2] لە ژینگەدا بوونیان هەیە. "ئەمە منم" "من بوونم هەیە" "من دەژیم و من دەمرم" "من بیر دەکەمەوە، من کارلێك دەکەم

[1] Self awareness
[2] Objects



و من بابەتی کردەکانی ئەوانی ترم" ئەم خودسازییە[1] نابێت بە یەکلاکەرەوە وەربگیرێت. ئەم شتە لە ڕێگەی ڕەفتارەکانی ئەوانی ترەوە سەرهەڵدەدات. ئێمە خۆمان لە سەیرکردن، قسەکردن و کردارەکانی ئەوانی ترەوە دەبینین، لە ڕێگەی بە کۆمەڵایەتی بوونەوەیە کە ئێمە خۆمان وەك ئۆبجێکت لە ژینگەدا دەبینین. کامڵبوونی ناسنامەی تاکەکەسی بە چەند قۆناغێك ڕوودەدات و هەر قۆناغێك بە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتییەوە وابەستەیە لەڕێگەی کارلێکەوە لەگەڵ ئەوانی تری گرنگ،[2] ئێمە بۆ یەکەمین جار لە خود[3] ئاگادار دەبین و، ئەو خودهۆشیارییە لە دیدی کەسێکی دیکەوە لەیەك کاتدا دەبینین. (منداڵان لەوانەیە خۆیان لە دیدی دایکیان، پاشان لە دیدی باوك، دواتر مامۆستای باخچەی ساوایان ـ هەموو لە یەك ڕۆژدا ـ ببینن.) بە تێپەڕبوونی کات، ئەوانی گرنگی ئێمە لەیەك گشتدا ئاوێتە دەبن، لە "ئەوان"، "کۆمەڵگە"، یا "ئەوانی تر"دا، یان ئەوەی کە جۆرج هربرت مید بە "ئەویتری گشتێنراو"[4] ناوزەدی دەکات و، ئێمە دەست دەکەین بە بەکارهێنانی ئەویتری گشتێنراو بۆ بینین و ئاراستەکردنی خۆمان. پاشان ئێمە خۆمان هاوکات لە پەیوەندی لەگەڵ گرووپێك یا کۆمەڵگە یا کەسانێکی زۆردا دەبینین. ئێمە بەم شێوەیە کردەکانمان هاوئاهەنگ لەگەڵ گشتێکی ڕێکخراودا ئاراستە دەکەین: خێزانەکەمان، قوتابخانەکەمان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەموو کەسەکانی نێو کڵێسەی خۆمان، یان هەموو مرۆڤایەتی. ئێمە پەیوەندییەك لە نێوان کردەکانمان و ئەم گشتە ڕێکخراوانەی تر دەبینین و دەرکی پێدەکەین.

1. Self Realization
2. significant others
3. self
4. generalized others

((ئەوی تری گشتێنراو)) چەمکێکە لە تیۆرەکەی جۆرج هربرت مید کە بەپێی ئەو تاك لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی بووندا بەهاکانی گرووپ یان کۆمەڵگەکەی خۆی دەکات بە هی خۆی.

ناسنامەی تاکەکەسی ئیمکانی زۆرێك تایبەتمەندی مرۆیی دەستەبەر دەکات ـ لە توانای هەڵسەنگاندنی پێگەکەمان لە بارودۆخێك یان لە جیهاندا تاوەکو توانای دادوەریکردن سەبارەت بە رەفتاری خۆمان یان بەها گشتییەکان لە ژیان و تا توانای کۆنترۆڵکردنی کردەکانمان لە رێگەی رێنوێنیکردنی خۆمان لە بارودۆخەکاندا. بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا، ئێمە دەتوانین سێ کار ئەنجام بدەین، چونکە خاوەنی ناسنامەیەکی تاکەکەسین.

**یەکەم، دەتوانین** کاریگەرییەکانی کردارەکانی لەسەر خۆمان ببینین و دەرکی پێ بکەین. بۆیە ئێمە لە تواناماندایە دەست بە رەنگڕێژی ستراتیجییەتەکانمان بکەین، رێڕەوەکانمان بگۆڕین و لەگەڵ ئەوەدا کە کردار ئەنجام دەدەین، بارودۆخەکانیش راڤە بکەین. بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی ئاراستەی خوێندندا، قوتابیانی زانکۆ دەتوانن خۆیان تاقی بکەنەوە: تواناکانیان، پەیوەندییەکان، بەهاکان، سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی رابردوویان تاوتوێ بکەن و هەڵسەنگێنن. ئەوان دەتوانن ئەزموونەکانیان، چانسەکانی داهاتوویان و دەرفەتە کاریەکانیان لە کێشانە بدەن. ئەوان لەوانەیە هەوڵ بدەن وێنای ئەوە بکەن کە لە پیشەیەکی دیاریکراودا چۆن دەردەکەون و ئایا کارەکەیان چێژبەخش دەبێت یان نا.

**دووەم،** ناسنامەی تاکەکەسی هەروەها توانای دادوەریکردن دەربارەی خۆمانمان پێدەبەخشێت: ئەوەی کە هەین و ئەوەی کە ئەنجامی دەدەین خۆش بوێت یان خۆشمان نەوێت، هەست بە گەورەیی بکەین یان هەست بە سووکی و خواری. ئێمە خودبینی[1]، ناسنامە[2]، خود خۆشەویستی[3] و خود بێزاری[4] پەیدا دەکەین.

**سێیەم،** خود هەروەها واتای خۆپارێزی و کۆنترۆڵکردنی خودیش[5] دەگەیەنێت، واتە توانای ئێمە لە ئاراستەکردنی کردارەکانی خۆمان.

---

[1] Self - concept
[2] identity
[3] self - love
[4] self – hate
[5] self - control



دەتوانین رێگەیان لێبگرین یان بە ئیرادەی خۆمان وازیان لێبهێنین، دەتوانین لەسەر رێڕەوێك بجوولێین و پاش هەڵسەنگاندن، بڕیار بدەین کە لە رێڕەوێکی بە تەواوی جیاوازدا بەرەو پێشەوە بڕۆین. ئێمە رێك و راست شوێنکەوتەی ژینگەکەی خۆمان نین ـ دەتوانین کردارەکانمان هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە بڕیار دەدەین بگۆڕین و دەشتوانین کارێك جگە لەوەی کە فێریان کردووین ئەنجام بدەین.

هەرچی زیاتر واتا و بایەخی هەبوونی خود تاوتوێ بکەین، باشتر دەتوانین وەکو یەکێك لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆمان بیناسین و ئەمە تایبەتمەندییەکە، کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە: بەبێ وابەستەبوونی ئێمە بە کارلێکی کۆمەڵایەتی، بە دڵنیاییەوە ناسناوی تاکەکەسی بوونی نەدەبوو.

**زەین:** جۆرج هربرت مید کۆمەڵناسانی ئاگادار کردەوە کە توانای بیرکردنەوە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ناسنامەی **تاکەکەسی** و بەکارهێنانی سیمبولەکاندا هەیە. مید ئەم توانایییەی ناونا زەین. مرۆڤ وەکو هەموو گیاندارانی تر ـ بە مێشکەوە لە دایك دەبێت، بەڵام زەین ـ توانای بیرکردنەوە سەبارەت بە ژینگە ـ چۆنییەتییەکە، کە لە رێگەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دێتە کایەوە. سیمبولەکان کۆمەڵە نوێنەرایەتیکردنێکی رێککەوتن لەسەر کراون کە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خود[1] بەکاریان دەهێنین، کاتێك کە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خودادا سیمبولەکان بەکار دەهێنین، بە بیرکردنەوە پێناسەی دەکەین، هەموو ئەم پەیوەندییە کە ئێمە پێی دەڵێین بیرکردنەوە، مید ناوی نا زەین. مرۆڤەکان رێك و راست وەڵامی ژینگەی خۆیان نادەنەوە، ئەوان شتەکان بە خۆیان دەستنیشان دەکەن، ژینگەی دەوروبەر لە زەینی خۆیاندا دەستکاری دەکەن، شتگەلێك وێنا دەکەن کە تەنانەت لە

---

[1] self

ژیانی فیزیکیشدا بوونیان نییە، هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان تاوتوێ دەکەن، راهێنان لەسەر کردارەکانیان دەکەن و ئەوەش لەبەرچاو دەگرن کە ئەوانی تر چۆن رەفتار دەکەن. (بە واتایەکی تر، ئەوان جیهانی خۆیان وێنە دەکێشن، بڕیار دەدەن کە چۆن لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا کارلێك بکەن، ئەوان رێك و راست وەڵامی ژینگەکەیان نادەنەوە.) ئەم توانایە کە بۆ مرۆڤەکان زۆر بنچینەییە لە رێگەی سیمبولەکان و خودەوە ئەگەری دەستەبەرکردنی دەبێت کە (هەر بەو شێوەیەی کە پێشتر بینیمان) تەنیا لە رێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە دێنە کایەوە.

بەمپێیە بەکۆمەڵایەتی بوون ئەو واتایە دەگەیەنێ کە مرۆڤەکان بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بە ئەوانی تر و بۆ فێربوونی شێوازەکانی مانەوە پێویستیان بەکۆمەڵایەتی بوون هەیە. ئەمە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی ئێمەش بەدی دەهێنێت. کارلێکی کۆمەڵایەتی بۆ کامڵبوونی خود و جەوهەری ئێمە گرنگە: کارلێکی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئێمە، واتە بەکارهێنانی سیمبول، ناسنامەی کەسی و زەین بەدی بهێنێت.

## ژیان لەگەڵ کارلێك لە کۆمەڵگەدا

دواجار، مرۆڤەکان بە تێگەیشتنێکی دیکەش کۆمەڵایەتین. لەبەر هەر هۆیەك، ئێمە سەرتاپای ژیانی خۆمان لە کارلێك و لە دەروونی کۆمەڵگەدا دەگوزەرێنین. ئەگەر سەرنجی جۆری مرۆڤ بدەین: ئێمە بە درێژایی کات تەنیا دەوروبەری ئەوانی تر نین، ئێمە لەگەڵ ئەوانی تردا کار دەکەین و، هەر کەسێك کە بە شێوەیەکی بابەتی تێبینی مرۆڤەکان بکات، لەوەدا کە ژیانی ئەوان تا ئەو رادەیە لە ژێر کاریگەری یەکتریدایە سەرسام دەبێت.



ئێمە بەردەوام بکەری کۆمەڵایەتین. کار لە ئەوانی تر دەکەین، پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تر دەبەستین، لەوانی تر هەڵدێین، ئەوانی تر دەخەڵەتێنین، هەوڵ دەدەین نفووز بکەینە نێو ئەوانی ترەوە، سەیری ئەوانی تر بکەین کە دەبنە مایەی سەرقاڵکردنی ئێمە، خۆشەویستیی خۆمان بۆ ئەوانی تر دەردەبڕین، مۆسیقا بۆ ئەوانی تر لێدەدەین یان هونەری خۆمانیان پێشکەش دەکەین و هتد. تەقریبەن هەر کارێك کە ئێمە دەیکەن توخمێکی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێت - چونکە ئەوانی تر لەبەرچاو دەگرین و گرنگییان پێدەدەین. لە ئەنجامدا، ئێمەش بەرەو کارلێك لەگەڵ ئەوانی تر پەلکێش دەکرێین و بەمپێیە، ئەوەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین لەسەر ئەوەی کە ئەوانی تر دەیکەن کاریگەری دەبێت. کاتێك کە ئێمە بە بەردەوامی پێکەوە کار دەکەین لە هەموو لایەکەوە کردەکان زیاد دەکات: هاوکاریکردن، گفتوگۆ کردن، بەڵگەهێنانەوە، فێرکردن، ململانێکردن، یاریکردن، خۆشەویستی دەربڕین، یاریکردنی تێنس، یان پەروەردەکردنی منداڵان. ئێمە بەردەوام سەرقاڵی کردەی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتین و، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تا چ رادەیەك ژیانی کۆمەڵایەتیمان بەرامبەر بەوەی کە ئێمە هەین گرنگە.

بەڵام ئێمە لە نێو دەروونی رێکخراوی کۆمەڵایەتیشدا خۆمان دەبینینەوە. سەرتاپای ژیانی ئێمە لە نێو گرووپەکان، **رێکخراوە رەسمییەکان**، کۆمەڵەکان و کۆمەڵگەدا تێپەڕ دەبێت. ئێمە ژیانێکی رێکخراومان هەیە و لەوانی تر جودا نین. تەقریبەن هەر کەسێك ژیانی خۆی لە جیهانێکدا بەسەر دەبات کە خاوەنی رێساگەلێکی کۆمەڵایەتی (وەك ئەخلاق، یاسا، داب و نەریت) و نموونە کۆمەڵایەتییەکان (سیستەمە بە دامەزراوکراوەکانی نایەکسانی، جۆرەکانی خێزانەکان، قوتابخانەکان و پەرستشی ئایینی)ە، جیهانێك کە زۆربەی ئەو کارانەی کە ئەو ئەنجامی دەدات رێنوێنی دەکات، هەروەها ئێمە تێدەکۆشین کە بە شێوەیەکی بابەتی

پەی [بەو راستییە] بەرین کە مرۆڤەکان چین، ئێمە بە ناچاری ئاژەڵگەلێك دەبینین کە لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایك دەبن کە خۆیان ئەو کۆمەڵگەیەیان بەدی نەهێناوە و بە ئەگەری زۆر سەرتاسەری ژیانیان لە کۆمەڵگەیەکدا بەسەر دەبەن کە تێیدا ژیانێکی پڕ لە وابەستەیی و خۆشەویستی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە گرووپەکان، رێکخراوە رەسمییەکان و یەك یان چەند کۆمەڵ دەبیننەوە. تێبینی کردنی مرۆڤەکان لە ژینگەیەکدا کە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیی گەورەتر پێکناهێنێت تێبینیکردنی ژیانی واقیعیی ئەوان نییە. ئێمە بوونەوەرانێکی گۆشەگیر و تاقانە نین، بەڵکو بوونەوەرانێکی کۆمەڵایەتین: ئێمە لە نێو رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا ژیان بەسەر دەبەین.

جەختکردنەوە لەسەر ئەو بیرەی کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای چییەتیان کۆمەڵایەتین دەرککردنی کێشەیەکی زۆر قووڵ سەبارەت بە چییەتیمانە. ئەگەر ژیانی کۆمەڵایەتیمان لێ بستێننەوە شتێکی ترمان بۆ نامێنێتەوە کە بتوانین ناوی بنێین مرۆیی. مانەوەی ئێمە بە تەواوی بەستراوەتەوە بە کۆمەڵگەوە؛ ئێمە هەرچییەك کە هەین، چ وەکو تاك و چ وەکو جۆر، تا رادەیەکی زۆر وابەستەی رێکخراوی کۆمەڵایەتییە و تەقریبەن هەر کارێك کە دەیکەین لەسەر بنەمای کرداری کۆمەڵایەتی، کارلێکی کۆمەڵایەتی و رێکخراوی کۆمەڵایەتی وەستاوە و توخمێکی بەهێز لەمانە لە خۆ دەگرێت.

## مرۆڤ بوونەوەرێکی کولتوورییە

ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کولتوورییە بەو مانایەیە کە ئێمە بە چەندین تایبەتمەندیی دیکە جیا دەکرێینەوە کە پێشتر روون کراوەتەوە. زۆرێك لە گیانداران کۆمەڵایەتین، بەڵام چ شتێك هەندێك لە گیانداران دەکاتە کولتووری؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە لەخۆ دەگرێت کە بناغەی کۆمەڵگە چییە، زۆرێك لە گیاندارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای غەریزە پێکەوە دەژین. سرووشت



فەرمان دەدات، کە ئەوان هاوکاری بکەن و رێك و راست رێنوێنیان دەکات کە ئەو هاوکارییە دەبێت چۆن ئەنجام بدرێت. هەنگە کرێکارەکان، هەنگە مەلیك و هەنگەکانی تر دەزانن کە چی دەکەن، هەروەها بیر لەوەش ناکەنەوە کە چۆن چۆنی رۆڵە جۆراوجۆرەکانی خۆیان بگێڕن. لە راستیدا ئەوان بە کۆمەڵێك غەریزەوە لە دایك بوون کە رەفتاری ئەوان کۆنترۆڵ دەکەن و هاوکاریی نێوانیان دەستەبەر دەکەن. هەندێ لە ئاژەڵان فێر دەبن کە چۆن لە کۆمەڵگەدا هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام فێربوونەکەیان زیاتر لاساییکردنەوەیە. ئەوان تەماشای ئەو شتانە دەکەن کە ئەوانی تر ئەنجامی دەدەن. بەمپێیە ئەوان فێری شوێنگەی خۆیان لە رێکخراودا دەبن. لە هەندێ کۆمەڵی ئاژەڵی دیکەشدا گەورەکان بە کردەیی بچووکەکان فێر دەکەن کە دەبێ چی بکەن. ئەم فێرکردنە غەریزییە، واتە سروشت فەرمان بەسەر بوونەوەری زیندوودا دەکات کە منداڵەکان پێویستە چۆن پەروەردە بکرێن. هەڵبەت، دیاریکردنی ئەوەی کە هەندێ لە ئاژەڵان تا چ رادە لە کولتوورەوە نزیك دەبنەوە، ئەستەمە بەڵام ئاشکرایە کە مرۆڤەکان کولتوورین و رێکخستنی کۆمەڵایەتییان لەسەر پایەی کولتوور بونیاد نراوە، نەك لەسەر بنەمای غەریزە، لاساییکردنەوەی سادە، یان فێرکردن لەسەر بنچینەی جۆر.

مرۆڤەکان وەك بوونەوەرانی کولتووری لەبەر ئەو هۆکارە لە کۆمەڵگەدا خاوەنی رەفتارگەلێکی دیاریکراون کە بەرامبەر بە ژینگەکەیان دیدگایەکی هاوبەشیان هەیە. ئەم دیدگا هاوبەشە هەندێ جار بە کولتوور پێناسە دەکرێت. کولتوور بریتییە لە کۆمەلێك لە هزرەکان، بەهاکان و نۆرمەکان (شێوازەکانی کار، داب و نەریت، یاساکان، ئەخلاق) کە خەڵکی وەك رێنمایی بۆ دەرککردن و کۆنترۆڵکردنی خود بەکاریان دەهێنن. بەم چەشنەیە کە ئێمە دەتوانین بزانین کە چۆن لەگەڵ یەکتریدا بژین و هاوکاری بکەین. مرۆڤەکان سەبارەت بە دنیای خۆیان گفتوگۆ دەکەن، لە بارەیەوە شتگەلێك فێر دەبین و ئەوەی فێری دەبن بەوانی دیکەی دەگەیەنن. زانست

بە مردنی تاك لە ناو ناچێت، بەڵكو بۆ ئەوانی تر دەگوازرێتەوە. میراتێك بوونی هەیە كە هەر كەسێك لە كۆمەڵگەدا فێری دەبێت و بە كاری دەهێنێت. خەڵك بە تەواوەتی پەروەردە ناكرێن؛ بەڵكو ئەوان دەتوانن لەوە تێبگەن كە خۆیان و ئەوانی تر چی دەكەن و پێویستە چی بكەن. لەبەر ئەم تایبەتمەندییە كولتوورییە، كۆمەڵگەكان جیاوازییەكی بەرچاویان هەیە. هەر كۆمەڵگەیەك تێڕوانینێكی تا رادەیەك تایبەت بە خۆی سەبارەت بە ژیان هەیە. كولتوور رێكخراوەكانی خەڵك تایبەتمەندی و دەستنیشان دەكات.

لە لایەكەوە، فەرهەنگ ئەو واتایە دەگەیەنێ كە ئێمە جیهان بەپێی ژیانی كۆمەڵایەتیی خۆمان سەیر دەكەین، لەولاشەوە بەو واتایە دێ كە ئێمە واتا بە جیهانی خۆمان دەبەخشین. ئێمە تەنها بە چاوی وروژێنەرێك سەیری جیهان ناكەین كە تەنیا وەڵامی ئەو بدەینەوە، بەڵكو لە رێگەی ئەو واتایانەی كە لە كارلێكدا فێری دەبین دەركی پێدەكەین، هەروەكو كولتووری ئێمە گۆڕانی بەسەردا دێت، دەركی ئێمە بۆ جیهان و كرداری ئێمەش تێیدا دەگۆڕێت.

تەنانەت جیهانی دەروونیی ئێمەش كولتوورییە، نەك بە تەواوی فیزیكی. حاڵەتی فیزیكی دەروونیی ئێمە كاتێك كە شتێك بۆ ئێمە روودەدات لەوانەیە بگۆڕێت (بۆ نموونە كاتێك كە كەسێك دەمانچەیەك بەرامبەر ئێمە رادەگرێت یان سەرساممان دەكات یان بە ئێمە دەڵێت كە خۆشی دەوێین). بەڵام گۆڕانی حاڵەتی دەروونی ئێمە لە خۆوە وەڵامێك بەدی ناهێنێت. ئێمە وەڵامەكان پێناسە، كۆنترۆڵ و ئاراستە دەكەین و، فێركردنە كولتوورییەكانمان بۆ ئەوان رێنماییەكان فەراهەم دەكەن. لە نێوان وەڵامی فیزیكی دەروونی و ئەوەی كە ئێمە ئەنجامی دەدەین كولتوور راوەستاوە. هەرچەندە زۆرێك لە ئاژەڵان بەسەر ژینگەی دەوروبەریاندا هاوار دەكەن كە لەوانەیە ئێمە ناوی "تووڕەیی" لێ بنێین، بەڵام مرۆڤەكان خاوەنی ئەو توانایەن كە ئەو چۆنایەتییە لە خۆیاندا دەرك



پێبكەن. ئەوان لەوانی ترەوە فێر بوون كە تووڕەیی لە عەشق، حەسوودی، خۆ بە زلزانین، قین و ترس جیا بكەنەوە. كولتوور فێرمان دەكات كە لە چ كاتێكدا گونجاوە تووڕە بین و كەی رەخساوە بۆ ئەوەی دەری بخەین. ئێمە فێری ئەوە دەبین كە چۆن تووڕەیی خۆمان كۆنترۆڵ بكەین، چۆن دەری بڕین و چۆن سەبارەت بە تووڕەیی خۆمان هەست بە دڵگرانیی گوناه یا خۆشحاڵی بكەین. كولتوور هەروەها شتگەلێكی زۆرمان سەبارەت بە تووڕەیی فێر دەكات ("تووڕەیی سروشتییە"، "تووڕەیی یەكێكە لە هۆكارە گرنگەكانی دەمارگیری"، "رادەی تووڕەیی پەیوەندی بە ناكامییەوە هەیە") و ئێمە ئەم هزرانە بۆ تێگەیشتنی وەڵامە دەروونییەكانی خۆمان بە كار دەهێنین. تەنانەت وشەی تووڕەیی - ناونیشانێك كە بە حاڵەتی دەروونیی خۆمانی دەبەخشین ـ كولتوورییە. پسپۆڕان دەتوانن جۆرە جیاوازەكانی تووڕەیی و ئاستە جیا جیاكانی پیشانی ئێمە بدەن. ئێمە تەنانەت دەتوانین فێری ئەوە ببین كە چ كاتێك تووڕەیی "تەندروست" و "ناتەندروست"ە و دەتوانین ئەوەش فێر بین كە چۆن و چ كاتێك بۆ ئامانجەكانمان "سوودبەخش" یان "زیانبار"ە.

ئێمە هەروەها بە شێوەیەكی كولتووریی ئەوانی تر توێژبەندی و بەرامبەریان هەڵسوكەوت دەكەین، نەك "بە شێوەی سروشتی". ئێمە خەڵكانی چینی ناوەند و كەسانی چینی كرێكار، هاودەنگی و ناهاودەنگی[1]، مرۆڤە باشەكان و خراپەكان دەبینین. ئەم ناولێنانانە كولتوورین. ئەوان یارمەتیمان دەدەن راستییەكان توێژبەندی بكەین و، رەفتارێك كە لە ساتێكدا لە كۆمەڵگەیەكدا بە رەفتارێكی لادەر دەناسرێت لەوانەیە لە كۆمەڵگەیەكی تردا وەها نەبێت (وەكو، فرەژنی، رەگەزبازی، بەكارهێنانی كۆكایین و تەڵاق).

[1] conformity

ماکس ڤێبەر، لە هەموو بەرهەمەکانیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵە گرنگە دەکاتەوە کە ئێمە لە جیهانێکی پڕ لە واتادا دەژین. ئەو بەڵگە دەهێنێتەوە کە بۆ تێگەیشتن لە کردەی مرۆیی پێویستە ئێمە پەی بەوە ببەین کە خەڵکی چۆن دنیای خۆیان پێناسە دەکەن و چۆن بیری لێدەکەنەوە. بیرکردنەوەی ئەوان پەیوەندی بەو کولتوورەوە هەیە کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدی هێنراوە. ڤێبەر تەرکیزی زۆر دەخاتە سەر کاریگەریی فەرهەنگی دینی. بۆ نموونە، ئەو پیشانی دەدات کە لە سەدەی هەڤدەیەمدا، ئاییني پرۆتستانت کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر شێوازی رەفتاری تاکەکان لە دنیای کارکردندا دروست کرد. بە بۆچوونی ئەو، ئاییني پرۆتستانتی ئەخلاقی کارکردنی بەهێزی لە کۆمەڵگەدا برەو پێدا کە بۆ سەرکەوتنی ئابووری هاندەرێکی باشی تاکەکان بوو. ئێمە بوونەوەرگەلێکی گۆشەگیر نین. ئێمە لە رێگەی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمانەوە بیرکردنەوەی خۆمان لە جیهاندا پەرە پێدەدەین کە بەپێی خۆی کاریگەری لەسەر چۆنییەتیی رەفتاری ئێمە لە جیهاندا دادەنێ.

## بایەخی کۆمەڵایەتی و کولتووریی بوون

بەڕاستی کۆمەڵایەتی و کولتووری بوونی ئێمە چ بایەخێکی هەیە؟ کۆمەڵایەتی و کولتووری بوون، پێش هەموو شتێك، ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ئێمە **لە کاتی لە دایکبوونمانەوە جێگیر و قەتیسماو نین، بەڵکو دەتوانین گۆڕانێکی زۆر بەسەر خۆماندا بهێنین و بە رێڕەوە زۆر جیاوازەکاندا بەرەو پێشەوە بڕۆین.** ئێمە لەبەر ئەوەی کۆمەڵایەتی و کولتوورین، بۆیە دەتوانین پاك یان تاوانبار، سەرباز یان بەڕێوەبەر، جووتیار یان پەرستار بین. تاك دەتوانێت تەنیا ببێت بەو شتەی کە دەیناسێت و ئەمەش بەستراوەتەوە بەو شتەی کە فێری دەبێت. هەرچەندە دەکرێ لایەنی



بایەلۆجی کاریگەری هەبێت لەسەر جیاکردنەوەی ئێمە لە یەکتری و دەرفەت بۆ هەندێك لە ئێمە بڕەخسێنێت کە لە هەندێ بواردا پێش ئەوانی تر بکەوین، بەڵام ئەگەری گۆڕان لە ئێمەدا زۆرە، لەبەر ئەوە کۆمەڵگە، کولتوور و بە کۆمەڵایەتی بوون لەوەدا کە دەبین بە چی، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن.

ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر بنەمای کولتوور بونیات نراون نەك غەریزە، لاسایی یان فێرکاربوونی جۆری گشتی، لە رووی ئەو شتانەوە کە گرنگی پێدەدەن و زیاد لەوەش، لە رووی ئامانجەکانی بە کۆمەڵایەتی کردنی خەڵکی خۆیانەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. ئێمە لە تواناماندایە نەتەوەیەکی ئاشتیخواز یان خەڵکانێك بین کە ستایشی هێزی سەربازی دەکەن. وەك نەتەوە لەوانەیە باوەڕمان وا بێت کە گرنگترین ئامانج لە ژیاندا پارە دەرهێنانە یان دەتوانین باوەڕ بەوە بهێنین کە ژیانی خۆش ژیانێکی پڕ لە سەخاوەتە لەگەڵ فیداکاریدا. ئێمە لە تواناماندایە کە جەخت لەسەر رابردوو، ئێستا یان داهاتوو بکەینەوە؛ هەروەها لەسەر خەڵك یان شتەکان، کێبڕکێ یان بە هاوکاری؛ ژیانی ئەم دنیا یان ژیانی دوای مردن، مۆسیقای راك یان ئۆپێرا. سروشت فەرمانی ئەوە نادات کە کۆمەڵگەیەك چی لێبێت، هەر بەو جۆرەی کە فەرمان نادات کە تاك چی لێبێت. بەڵکو کارلێك و کولتوور وەها دەکەن و لەسەر ئەم بنەمایە ئێمە کۆمەڵگەگەلێکی جۆراوجۆرمان دامەزراندووە. ئەمە ئەو واتایەش دەگەیەنێ کە بە دەرکەوتنی هەلومەرج و کێشە نوێیەکان، خەڵکان دەتوانن بە داهێنانە نوێیەکان بگەن و گۆڕان بەسەر شێوازەکانی هەڵسوکەوتیاندا بهێنن، واتە بە پێچەوانەی سەرەتاییەکانی تر، مرۆڤەکان دەتوانن شێوازەکانی رەفتاریان هەڵسەنگێنن و هەوڵە بە کۆمەڵەکانی خۆیان پەرە پێبدەن. ئەوەی کە چۆن کۆمەڵگە پێناسەی واقیع دەکات گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەمەش بە گوێرەی خۆی، گۆڕان بەسەر رێڕەوی کۆمەڵگەدا دەهێنێت. کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان دەبن بە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کۆمەڵگە ئاشتیخوازەکان

تەرکیزیان لەسەر جەنگ یان بیناسازی زیاتر دەکەن، سەلیقەکان لە بواری خواردن و مۆسیقا، تەکنەلۆجیا و، پێداویستییە پیشەسازییەکان بە تێپەڕبوونی کات گۆڕان بەخۆوە دەبینێ.

**بە کۆمەڵایەتی بوون و کولتووری بوون هەروەها ئەو واتایە دەگەیەنێ کە بە رادەیەکی زۆر ئەوانی تر هەر یەکە لە ئێمە کۆنترۆڵ دەکەن.** ئێمە لە ناو کۆمەڵێك لە هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگیر بووین کە ئەوەی دەیکەین، ئەوەی هەین، و ئەوەی بیری لێدەکەینەوە ئەوەیە کە ئەو هێزانە پێکی دەهێنن و کۆنترۆڵی دەکەن. کولتوورێك کە فێری دەبین دەبێتە بەشێك لە بوونی ئێمە و کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانمان دادەنێت. بەپێچەوانەی ئاژەڵانی تر، ئەوە سروشت نییە کە فەرمانمان بەسەردا دەدات. هەروەها، بەپێچەوانەی ئەوەی کە لەوانەیە زۆرێك لە ئێمە بیری لێبکەینەوە، ئەوە هەڵبژاردنی ئازادانە نییە کە زۆرێك لە بڕیارەکانی ئێمە دەستنیشان دەکەن. ئێمە بوونەوەرانێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورین و هەلاتن لە زۆربەی ئەو کاریگەرییە ئالۆزانەی کە ئەم واقیعەمان بەسەردا دەسەپێنێت، مەحاڵە.

**پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ژینگەکەی خۆشماندا دەگۆڕێت، چونکە ئێمە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگین.** ئەمە وەڵامێکی جێگیر بۆ وروژێنەرێك نییە کە ئەوەی ئەنجامی دەدەین دیاری دەکات. بەڵکو بە کۆمەڵایەتی بوون لە کۆمەڵگەیەکی خاوەن فەرهەنگدا مانای ئەوەیە، کە ئێمە هەست بە دەرککردنی ژینگەی خۆمان دەکەین؛ ئێمە ئێستا ئامرازی بیر، بەها، ئەخلاق و ئامانجەکانمان لەبەردەستدایە کە لە روانگەی ئەوانەوە بەرەو ژیان هەنگاو بنێین. ئێمە دەتوانین لەگەڵ ئامانجەکانماندا هەماهەنگی بکەین، ئێمە چاکتر دەتوانین دەستنیشانی بکەین کە چ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵدا دروست بکەین. ئێمە ئەو توانایەمان هەیە، کە کردارەکانمان لەگەڵ کۆمەڵێك لە رێساکان یان بەهاکاندا کە دەرکیان پێدەکەین ئاراستە بکەین. بە وەڵام نەدانەوەی تەواوەتی ژینگەکەمان



دەتوانین تا رادەیەك هەوڵی پێکهێنانی بدەین. لە رێگەی بەکارهێنانی سیمبولەکان، خود و زەینەوە ـ کە هەموویان دەرەنجامی کۆمەڵگەیەکن کە ئێمە لە کولتووری خۆیدا کۆمەڵایەتی دەکات ـ دەتوانین جیهانی خۆمان وێنە بکێشین و ئەو هزرانەی کە تایبەتن بە خۆمان پێك بهێنین. کورتەی قسان، لەو شوێنەوەیە کە ئێمە هەم کۆمەڵایەتی و هەم کولتوورین دەتوانین سەبارەت بە جیهانی خۆمان بیر بکەینەوە و کۆنترۆڵی ئەو شتانەش بکەین کە لە جیهاندا ئەنجامی دەدەین. مرۆڤەکان کۆمەڵێك وەڵامدەرەوەی جێگیری ناچالاك نین، بەڵکو بکەرگەلێکی بیرمەند و چالاکن.

## کورتە و دەرەنجام

سەیری دەوروبەرتان بکەن. پۆلی وانە خوێندنتان، چوارچێوەی زانکۆ، بەشی ناوخۆیی، ماڵ یان باڵەخانەکەتان. سەرنجی تەلەفزیۆن، شەقام، فرۆشگایەك بدەن. سەرنجی یارییەکانی تۆپی پێ بدەن، کۆنسێرتەکانی سەمفۆنیا و نمایشە هونەرییەکان. ئەوەی دەیبینن چییە؟ گەوهەر و چیەتیی راستەقینەی ئەو بوونەوەرەی کە دەیبینن و ئێمە ناوی مرۆڤی لێدەنێین چییە؟ وەڵامی کۆمەڵناسی بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە کە ئەوەی دەیبینن:

1ـ بوونەوەرێکە کە سروشتی کۆمەڵایەتی هەیە، مانەوەی پەیوەستە بە ئەوانی ترەوە. شێوازەکانی مانەوەی خۆی لە ئەوانی ترەوە فێر دەبێت، لە رێگەی بە کۆمەڵایەتی بوونیشەوە هەم تایبەتمەندییە مرۆییی و هەم تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانیش پەیدا دەکات و لە کۆمەڵگەدا ژیان بەسەر دەبات.

2 ـ بوونەوەرێکە کە سروشتی کولتووری هەیە، جیهان بە گوێرەی ئەوەی کە لە کۆمەڵگەدا فێری دەبێت راڤە دەکات و لەبەر ئەوە، بوونەوەرێکە

که بایەلۆجیا سروشتەکەی دەستنیشان ناکات، بەڵکو زۆر فرەچەشنە [ و جۆراو جۆرە].

لەوانەیە دواجار دەرکەوێت کە ئەلکولیزم، هاوڕەگەزبازی، زیرەکی، لێهاتوویی وەرزشی و ..هتد بناغەیەکی زیندەوەرانیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵە دەبێت ئەگەر بە چەشنێکی ئەبستراکت رووبەرووی ئەم بابەتە بینەوە و بانگەشەی ئەوە بکەین کە تەنیا ـ زیندەوەرناسییە کە گرنگی و بایەخی هەیە. هەموو تایبەتمەندییەکانی ئێمە وەك تاکە مرۆییەکان لە رێگەی کۆمەڵگە و کولتوورەکەیەوە هان دەدرێن و بەهێز دەبن یانیش نابن. رێساکانی ئێمە شێوازەکانی تێڕوانینی ئێمە بەرامبەر بە ئەوانی تر و خۆمان، پاداشتەکان و سزاکانی ئێمە و، ئەو چاوەڕوانیانەی کە بەرامبەر بە خۆمان و ئەوانی تر هەمانە هەموویان کۆمەڵایەتین. لەراستیدا ناسینی ئەم خاڵە گرنگە کە ئەگەر زیندەوەرناسی لەوانەبێت لە روونکردنەوەی جیاوازییە تاکەکەسییەکاندا بایەخی هەبێت، ئەوا لە دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان گرووپەکاندا گرنگییەکی زۆر کەمتری هەیە. گرووپەکانی خەڵك لە بنەمادا لەبەر هۆکاری جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان جیاوازیان هەیە.

3

# چۆن کۆمەڵگە دادەمەزرێ؟

## بنچینەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی

لە سەدەی پانزەیەمدا، ئەوروپییەکان بەرەو سەرتاسەری جیهان شۆڕ بوونەوە و گەلێ نەتەوەیان سەرکوت کردن. لە ماوەی چەند سەد ساڵێکدا کە بێگومان تا دەیەی 1950ی خایاند، ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵگەیان لە ناو برد و چەندەها کۆمەڵگەی نوێیان بونیاد نا. ئەوروپییەکان لە نێو خۆشیاندا دەستیان بە جەنگ و ململانێ کرد و چەندین جار ئەو سنوورانەیان کە ناوی نەتەوەانیان لێدەنرا پێك هێنا و گۆڕانیان بەسەردا هێنا و، وایان بیر دەکردەوە کە نەتەوەان و کۆمەڵگاکان چییەتییەکی یەکسانیان هەیە. بە واتایەکی تر، ئەوان یارییان بە کۆمەڵگاکان دەکرد، دەستنیشانیان دەکرد کە کۆمەڵە نەتەوەیەکی دیاریکراو و پێکەوە سەر بە یەك کۆمەڵگەن و خەڵکانێکی تر سەر بە کۆمەڵگەیەکی تر. هەندێ جار ئەوان سنوورەکانیان دیاری دەکرد، حکوومەتیان پێك دەهێنان، یاسایان دەردەکردن و، بەمەش دەوترا کۆمەڵگەیەکی نوێ بەدی هاتووە. زۆربەی شوێنەکان ڕووبەڕووی



شەڕی ناوخۆ بووبوونەوە (لەوانەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، ئەوەی کە خەڵکی وایان دەزانی کۆمەڵگەیەك پێك دەهێنێت بە هۆی ئەم چەشنە جەنگانەوە گۆڕانی بەسەردا هات. شەڕ و کۆنفرانسەکانی ئاشتی سنوورەکانیان سەرلەنوێ وێنە دەکێشایەوە. پێشتر لە ساڵی 1871، هێزە سەربازییەکانی پرۆسیا نەتەوەی ئەڵمانیایان هێنایە کایەوە، بوونێکی سیاسییان پێ بەخشی و ڕایانگەیاند کە ئەڵمانیا کۆمەڵگەیەکە. ساڵی 1918، پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، سەرکەوتوانی جەنگ سنوورەکانی ئەڵمانیایان وێنە کێشایەوە و پادشایەتی نەمسا و مەجەڕ بەسەر چەند نەتەوەدا دابەش کرا، کە هەریەکەیان وای دادەنا کە کۆمەڵگەیەکی تایبەتمەند و جیاوازە: نەمسا، چیکۆسلۆڤاکیا، مەجەڕ و... بە هاتنی هیتلەر، وڵاتی ئەڵمانیا بۆ سنوورەکانی پێش جەنگی جیهانی یەکەم پەرەی سەند و نازییەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە هەموو ئەو نەمساوی و ئەڵمانییانەی کە لە چیکۆسلۆڤاکیای ئەو کاتەدا دەژیان بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئەڵمانیا! ئەوانەش کە سەر بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی نەبوون، لە ناو دەبران یان خزمەتی ئەڵمانییە سەرکەوتووەکانیان دەکرد.

مشتومڕ سەبارەت بەوەی کە چ شتێك کۆمەڵگەیەك پێك دەهێنێت و کۆمەڵگەکان و نەتەوەان چۆن جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەیە واقیعی و گرنگە. کۆمەڵگەکان لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە بوونیان هەبووە. **کۆمەڵگە ڕێك و ڕاست ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە؛ پێکهاتووە لە خەڵکانێك کە خاوەنی مێژوو، کولتوور، بونیاد، کۆمەڵێك دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و زۆر جار زمان و ناسنامەی هاوبەشن.** "ئێمە یەك کۆمەڵگەین!"، "ئەمانە نەتەوەی منن!"، "ئەمە کۆمەڵگەی منە" بە پێچەوانەی ڕێکخراوەکانی تری خەڵك، کۆمەڵگە زۆر جار **بە گەورەترین ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی وێنا دەکرێت کە تاك خۆی بە بەشێك لەو دەزانێت.** لە جیهانی مۆدێرندا (لە

1500 بە دواوە) نەتەوەکان یان دەوڵەتە نەتەوەییەکان لە خەڵکانێك پێك دێت کە یاساگەلێکی هاوبەش بەسەریاندا زاڵە. **نەتەوە رێکخراوێکی سیاسیی خەڵکە؛ رێکخراوی سیاسی، حکوومەت، یاسا و سنوورە سروشتییەکان لەخۆ دەگرێت:** سنووری نەتەوەکان زۆر جار لەیەك کۆمەڵگە پێك دێت؛ هەندێ جاریش نەتەوەیەك سەرهەڵدەدات کە چەند کۆمەڵگە لەخۆ دەگرێت یا بەشێك لە کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنێت.

کاتێك کە دەڵێین کۆمەڵگە رێکخراوێکی کۆمەڵایەتییە، مانای ئەوەیە کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هاوبەشە لەگەڵ جۆرەکانی تری رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئێمە لە هەموو ئەم رێکخراوە کۆمەڵایەتییانەدا دەژین: لە کۆمەڵگەی (نێویورك ستی، پۆرتلەند، مینیا پۆلیسی باکوور)، لە رێکخراوە رەسمییەکانی (هاروارد، کارگەی جەنەراڵ، کۆمپانیای مارین) و لە گرووپەکانی (دراوسێیەتی، هاورێیەتی، خێزان). لەو شوێنەوە کە ئەم رێکخراوانە هەموویان نموونەگەلێکی رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانن، هەر یەکەیان خاوەنی دیرۆك، فەرهەنگ، بونیاد، ناسنامەی هاوبەشن و، هەندێ کات تەنانەت زمان، دامەزراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو رێکخراوانە کە لە نێو کۆمەڵگەدا هەن، لە ژێر کاریگەریی ئەو کۆمەڵگەیەدان و شوێنکەوتەی ئەو گۆڕانکاریانەن کە لەو کۆمەڵگایانەدا روو دەدەن. کۆمەڵگە گەورەترین رێکخراوی کۆمەڵایەتییە کە تاکەکان خۆیان بە بەشێك لەو (رێکخراوە) دەزانن و تێیدا کۆمەڵایەتی دەبن. کۆمەڵگە زۆر جار نەك هەمیشە، درێژترین مێژووی هەیە. تا ئەو شوێنەی کە کۆمەڵگەی بچووکتری من (بۆ نموونە، هۆتێرییەکان)[1] گەورەترین رێکخراوە کە من خۆم سەر بەو کۆمەڵە دەزانم و تێیدا بە کۆمەڵایەتی بووم - هەرچەندە لەوانەیە لە ناو کۆمەڵگەی گەورەتری ئەمریکادا بێت - ئەمە کۆمەڵگەی راستەقینەی منە، نەك ئەمریکا.

[1] Hotterites



ئایا لوبنان کۆمەڵگەیە (رێکخراوی کۆمەڵایەتی خەڵك) یا نەتەوە (سیستەمی سیاسی)یە یان هیچکامیان؟ بۆ ماوەیەکی دووردرێژ دوای جەنگی جیهانیی دووەم وا دەهاتە پێش چاو کە لوبنان هەم کۆمەڵگە و هەم نەتەوەیە. خەڵك بە شانازییەوە ئاماژەیان بە نەتەوە دەکرد - رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی - کە تێیدا نەتەوە جیاوازەکان بە ئاراستە ئایینییە زۆر جیاوازەکانەوە لەگەڵ یەکتریدا دەژیان و وا دەردەکەوێت کە فەرهەنگی هاوبەش، ناسنامەی هاوبەش، کۆمەڵێك لە دامەزراوەکان و بونیادی کۆمەڵایەتیان پێك هێنابوو کە تێیدا هاوکاریکردنی یەکتری باو بوو. وا بەرچاو دەکەوت کە هەم مەسیحییەکان و هەم موسڵمانەکان ئینتیمایان بۆ یەك دەوڵەت هەیە و وا دیار بوو کە بە چەشنێکی بەرچاو شێوەی یەك کۆمەڵگە بە خۆوە دەگرن. تەنانەت بەم جیاوازییە گرووپیانەشەوە (ئابووری، ئایینی، مێژوویی) کۆمەڵگەیەك لە دۆخی دروستبووندا بوو کە وا دەردەکەوت خاوەنی کارکردە، کۆمەڵگەیەك کە زۆربەی خەڵکی خۆیان بە بەشێك لەو (کۆمەڵگەیە) دەزانی، کۆمەڵگەیەك کە شێوەی نەتەوەیەکی بە خۆوە گرتبوو، لەگەڵ حکوومەتێك کە خزمەتی هەموو گرووپە جۆراوجۆرەکانی دەکرد. لە سەرەتای ساڵی 1970دا وا دەزانرا کە ئەو کۆمەڵگەیە لە ئەنجامی جەنگی ناوخۆی موسڵمانان دژ بە مەسیحیان، موسڵمانان دژ بە موسڵمانان و مەسیحییەکان دژ بە مەسیحییەکان هەرەسی هێناوە. لوبنان لەوانەیە هێشتا بەسەر نەخشەوە مابێت، بەڵام شتێك روویدا کە بەردەوام بوونی ئەو (کۆمەڵگەیەی) وەك کۆمەڵگەیەك نامومکین کرد. لوبنان هێشتا یەك نەتەوەیە، بەڵام دژایەتی و ململانێ لە نێوان کۆمەڵەکان، حوکمکردن لەو ناوچەیەدا دژوار دەکات. ئەگەرچی لوبنان چەند هەنگاوێکی بە ئاراستەی گۆڕان بەرەو یەك کۆمەڵگە نا، بەڵام بە ئەگەری زۆر (لوبنان) هیچ کات یەك کۆمەڵگە نەبووە، بەڵکو نەتەوەیەك بوو کە لە کۆمەڵگەی جۆراوجۆر پێك هاتبوو.

یەکێك لە گەورەترین هێزەکان لە جیهانی مۆدێرندا ناسیۆنالیزم یا ئینتیما بۆ نەتەوەیە. **ناسیۆنالیزم** واتای ئەوە دەگەیەنێ کە نەتەوەیەك هەست بەوە دەکات کە کۆمەڵگەیەك پێکدەهێنێت و مافی ئەوەی هەیە بۆ خۆی لە وڵاتەکەی خۆیدا حوکم بکات. ئەگەر نەتەوەیەك وجوودی نەبێت، وەك کێشەی فەلەستینییەکان، ئەوکات ناسیۆنالیزم بانگەشەیەکە کە نەتەوەیەك دەبێت بوونی هەبێت. **لە راستیدا چاکتر دەتوانرێت دەرك بە ناسیۆنالیزم وەك هەستی ئینتیما بەرامبەر کۆمەڵگەیەك بکرێت، کە یان شێوەی نەتەوەیەك بە سنوورەکان و حکوومەتی تایبەت بە خۆی بە خۆوە گرتووە یان هێشتا نەبووەتە نەتەوەیەك**، بەڵام خەڵکی تێیدا وا هەست دەکەن کە نەتەوە بوون مافی خۆیانە. ناسیۆنالیزم دەسەڵاتێکی بەهێزە کە پێشینەکەی لانی کەم بۆ سەدەی هەڤدەیەم دەگەڕێتەوە. لە بەریتانیا، فەڕەنسا، ئیسپانیا، پڕوسیا، ئیتاڵیا و رووسیادا تاکەکان ئینتیمایان بۆ حکوومەتەکانیان هەبوو، تا رادەیەکی زۆر لەبەر ئەو هۆکارەی کە وا دەزانرا ئەو حکوومەتانە لە کۆمەڵگەیەکدا حکوومەت دەکەن کە خەڵکی خۆیان بە بەشێك لەو دەزانن. شۆڕشی ئەمریکا لە ساڵی 1776 و شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی 1789 بۆ ناسیۆنالیزم دوو خاڵی وەرچەرخانی گرنگ بوون.

ئەو فەرمانڕەوایانەی کە وا دیار بوو تەنیا نوێنەری خۆیانن نەك کۆمەڵگە، لەسەر کار لابران، رێکخراوە سیاسییەکان و رابەرانی سیاسی لە شوێنیان دانران کە ئەمانە نوێنەری کۆمەڵگەیەك بوون کە خەڵکی هەستی ئینتیمایان بەرامبەر دەنواند. لە راستیدا، ئەو کاتەی کە لەشکرەکانی ناپلیۆن دەستیان بەسەر کۆمەڵگاکانی ئەورووپادا دەگرت و دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسیان پەرە پێدا، خۆنەویستانەش ناسیۆنالیزمیان پەرە پێدەدا و، ئەم هەستە بوو، کە لە دڵی زۆرێك لە ئەورووپییەکاندا بەئاگا هاتەوە و دواجار دەرکردنی ئەم هێرشبەرە فەڕەنسییەی لێکەوتەوە. ئەم خەڵکەش هەستیان دەکرد کە بەشێکن لە کۆمەڵگەیەك و حکوومەتێکی تر



مافی ئەوەی نییە کە حوکمیان بە سەردا بکات. لە سەدەی نۆزدەیەمدا ئەو کاتەی کە بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی تری رۆژئاوایی کۆمەڵێك ئیمپراتۆریەتیان دروست کرد، ئەوانیش یارمەتیی بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزمیان دا. نەتەوە شکستخواردووەکان بەرامبەر بە کۆمەڵگەی خۆیان هەستی ئینتیمایان ورووژا و بانگەشەی مافی دامەزراندنی حکوومەت و سنوورەکانیان دەکرد کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا هاوئاهەنگ بێت.

ناسیۆنالیزم بە ئاشکرا یەکێکە لە هێزەکانی جیهان لە دەیەی 1990دا. ـ یەکیەتی سۆڤیەت ـ نەتەوەیەك کە لە ئەنجامی توانەوەی جەنگ، یەکیەتی ئابووری، مێژوو و زەبروزەنگ دامەزرا ـ چیتر لە ئارادا نەبوو. ئەو وڵاتە بۆ چەند نەتەوەیەکی جۆراوجۆر شیتەڵ بووبوو، ئەو کۆمەڵگانەی کە ئیمپراتۆریەتی رووسیا لە دێرزەمانەوە هەژموونی خۆی بەسەردا سەپاندبوون جارێکی تر سەریان هەڵدایەوە و دەنگیان هەڵبڕی کە ئەوانیش دەبێت لەمەودوا نەتەوە بن. رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕیەتی لە گڕ و تینی ناسیۆنالیستی کە هەڕەشە لە دەسەڵاتە سیاسییە رەسمییەکان دەکات و هەندێ جار شەڕی ناوخۆ و جارجاریش جەنگی نێوان نەتەوەکانی لێدەکەوێتەوە. یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم ئاژاوەیە گەڕانە بە دوای رێگایەکدا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سیاسی ـ نەتەوەیەك ـ بۆ کۆمەڵگەی فەڵەستینییەکان. ئایرلەند، ئەڵمانیا، ئیسرائیل، ڤێتنام، هیند، پاکستان و جەزایر تەنیا ژمارەیەك نەتەوەی مۆدێرنن کە مێژووەکەیان تەنیا لە زەمینەی ناسیۆنالیزم لە سەدەی بیستەمدا دەتوانرێت دەرکی پێبکرێت. ئێمە ئەمڕۆ شاهیدی کۆمەڵێك پشێوین کە تا رادەیەکی زۆر لە ئەنجامی سنووربەندییە دەستکردە جیهانییەکانەوە سەریان هەڵداوە، کە رایدەگەیەنێت "لێرە نەتەوەیەك بوونی هەیە. ئێوە ئەی خەڵکینە پێویستە فێری ئەوە بن کە پێکەوە بژین!".

ناسیۆنالیزم هێزێکە کە هەڕەشە لە یەکیەتی بوونی هەر نەتەوەیەك دەکات. کۆتایی بۆ نییە: هەموو ئەو گرووپانەی کە خۆیان بە کۆمەڵگەی جودا و سەربەخۆ دەزانن خوازیاری ڕەزامەندین (ئاسوودەیین). ئەگەر گرووپی نەتەوەی ئیسلام (موسڵمانانی ڕەشپێست) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ببێتە نەتەوەیەك، ئەوکات سەبارەت بە وڵاتی کوکلس کلان یان کۆمەڵگە جیاواز و سەربەخۆکانی نەیتڤەکانی ئەمریکا دەتوانرێت چی بوترێت؟ ڕابەرانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو دەبێت چی بکەن تا هەموو ئاراستە نەتەوەخوازانەکانی نێو نەتەوەی خۆیان ڕازی بکەن؟ ئایا بەریتانیا کۆمەڵگەیەکە، یان لەڕاستیدا بریتییە لە وڵاتێکی پادشایەتی کە بە تێکەڵکردنەوەی بەریتانیا، سکۆتلەند، وێڵز و ئایرلەندەی باکوور پێك دێت؟ کات لەوانەیە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی لێ دروست بکات بەڵام ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە کە ڕۆژێك ناسیۆنالیزم سەر هەڵبداتەوە و ئەو کۆمەڵگە بچووکانەی کە بە ڕواڵەت بەشێك لەو کۆمەڵگە یەکگرتووە بوون داوای نەتەوەی سەربەخۆ و جیابوونەوەی خۆیان بکەن و کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دەشێ بۆ چەندین کۆمەڵگەی جودا و تایبەتمەند دابەش بکرێت کە هەر یەکەیان خاوەنی نەتەوەی خۆیەتی. ئابراهام لینکۆڵن لەگەڵ کێشەی ناسیۆنالیزم لە باشووری ئەمریکادا ڕووبەڕوو بووەوە: ئەو دوچاری شەڕێك هات و لە ئەنجامی سەرکەوتنی لە جەنگدا توانی باشوور ناچار بکات کە بەردەوام وەك بەشێك لە نەتەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بمێنێتەوە. ئەگەر باشوور لەو جەنگەدا سەرکەوتایە، ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك دوو نەتەوەی جودای لێدەهات بە دوو کۆمەڵگەی جیاوازەوە. لەڕاستیدا، ئەگەر باشوور تەپڵی سەرکەوتنی لێبدایە، لەوانە بوو ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرگیز یەك نەگرێتەوە و هەر ویلایەتێك بۆ خۆی دەبووە نەتەوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز. بەهەرحاڵ، ئەو شەڕی سەرکەوتنە بۆ بوونە یەك نەتەوە بوو و، بە تێپەڕبوونی کات،



باشوور و باکوور بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو یەك کۆمەڵگە هەنگاویان نا. هەرچەندە کە یەکگرتن لە ژێر ناوی نەتەوە و کۆمەڵگەدا دژوار و ئەستەم بوو (و ئێستاش هەندێ جار دژوارە)، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکان خاوەنی ئیمتیازێکی زۆر گرنگ بوو: ئەم وڵاتە سەرزەمینی ئەو کۆچبەرانە بوو کە بە ئیرادەی خۆیان کۆمەڵگاکانیان لە ئەوروپا بەجێهێشتبوو، بەو ئامانجەی کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی نوێ دابمەزرێنن. بیهێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەگەر ژمارەیەکی زیاتر کۆمەڵگەی جیاواز لە مێژووی ئێمەدا سەریان هەڵبدایە ئێمە ڕووبەڕووی چ ئاڵۆزییەکی تر دەبووینەوە. ئینتیما بۆ نەتەوەیەك زۆر دژوارتر دەبوو و، بزووتنەوە بەهێزەکان بە ئاراستەی دامەزراندنی نەتەوە سەربەخۆ و جیاوازەکان پەرەیان دەسەند.

کۆمەڵگەکان لە خۆیانەوە سەرهەڵنادەن. ئەوان دروست دەکرێن و هێدی هێدیش دروست دەکرێن. کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی ئاڵۆز دەبنەوە و ئەگەر گرنگییان پێنەدەن، لەوانەیە بڕووخێن، دوچاری شۆڕش یا جەنگی ناوخۆ ببنەوە، لە بەرامبەر هێزە بیانییەکاندا زیانیان لێبکەوێت یان فۆرمێکی زۆر جیاواز لەوەی کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین وەربگرن.

وا دەردەکەوێت کە زۆرێك لە ئێمە کۆمەڵگە بە شتێکی بڕاوە (یەکلابووەوە) دابنێین. ئێمە تێیدا لە دایك دەبین، بە گشتی قەبووڵی دەکەین و باوەڕمان وایە کە هەمیشە دەمێنێت، لەوانەیە بڕێك جیاواز، بەڵام بەم حاڵەشەوە دەمێنێت. ئەگەر بە شێوەیەکی جددی سەبارەت بە کۆمەڵگە بیر نەکەینەوە زۆربەمان بە دەگمەن لەوانەیە ئەم پرسیارە بوروژێنین کە چ شتێك کۆمەڵگە بەدی دەهێنێت و چ شتێکیش دەکرێ هەڕەشە لە بوونی بکات.

جۆرج زیمڵ ئەم پرسیارە وەها دەخاتە ڕوو: "کۆمەڵگە چۆن سەرهەڵدەدات؟" ئەم پرسیارە بۆ تۆماس هۆبز فەیلەسووفی سەدەی هەڤدەیەم دەگەڕێتەوە کە وتی: "ڕێکخستن چۆن سەرهەڵدەدات؟" چ

شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئێمە حەز بكەین لە پێناو خێری گشتیدا واز لە خواست و ئارەزووە تاكە كەسییەكانی خۆمان بهێنین؟ چ هۆكارێك دەستی لە دامەزراندن و بەردەوامیی كۆمەڵگەدا هەیە؟ ئەمە پرسیارێكە لە هەر پرسیارێكی تر زیاتر لە سەرەتاوە ئیلهامبەخشی كۆمەڵناسان بووە و لە لێكۆڵینەوەكانی كۆمەڵناسە بیرمەندەكاندا چەندین جار خراوەتە روو. بە واتایەكی قووڵتر، كۆمەڵگەی مرۆیی تەقریبەن نامومكین خۆی پیشان دەدات. ئەو حاڵەتانەی كە وەها كۆمەڵگەیەك بتوانێت بەردەوام بێت، تا رادەیەك بە موعجیزە دادەنرێت.

## كۆمەڵگە لە رێگەی كارلێكی كۆمەڵایەتییەوە سەر هەڵدەدات

چ شتێك كۆمەڵگەی مرۆیی بەدی دەهێنێت؟ هەمان ئەو شتانەی كە هەموو رێكخراوەكان بەدی دەهێنێت. كارلێك كرۆكی سەرەكیی رێكخراوی كۆمەڵایەتی پێك دەهێنێت، واتە ئەو كارلێكەی كە خەڵكی پێكەوە هەیانە: وەك هاوكاریكردن، پەیوەندی گرتن، هاوبەشیكردن، بەڵگەهێنانەوە، گفتوگۆكردن، دانوستان و كاریگەری دانان. خەڵكی پێویستە كارلێكیان هەبێت تا كۆمەڵگە سەرهەڵبدات و بەردەوام بێت. لەو شوێنەدا كە كارلێكی كۆمەڵایەتی كۆتایی پێبێت، كۆمەڵگەش كۆتایی دێت.

كارلێك بەردی بناغەی كۆمەڵگەیە. ساتێك بیر لە واتای كارلێك بكەنەوە (دەركی ئەم چەمكە هەڵبەت ئاسان نییە). كارلێك واتای ئەوەیە كە بكەرەكان كاتێك سەرقاڵی كردار دەبن، رەفتارەكانی یەكتری لە بەرچاو دەگرن. من لە زەیندا كردار لەگەڵ ئێوە ئەنجام دەدەم؛ ئێوە لەگەڵ من لە زەینی خۆتاندا كردار ئەنجام دەدەن؛ من دووبارە لە زەیندا لەگەڵ ئێوە دەست بە كردار دەكەمەوە. ئەوەی كە من لە هەر ساتێكدا ئەنجامی دەدەم بەو شتەوە بەستراوەتەوە كە ئێوە ئەنجامی دەدەن و بە پێچەوانەوە.



تێگەیشتن لەم بابەتە كاتێك كە دوو كەس لەبەرچاو بگرین ئاسانە؛ من سڵاو لە ئێوە دەكەم، بە بیستنی سڵاوەكەی من، ئێوە ئاوڕ دەدەنەوە و سڵاوم لێدەكەن؛ كاتێك كە ئێوە لە وەڵامی سڵاوەكەی مندا سڵاوم لێدەكەن، من بە ئێوەی رادەگەیەنم كە نیگەرانم، كاتێك كە ئێوە دەبیستن كە نیگەرانم، ئێوە لە من دەپرسن چی روویداوە و ئێمە بەم چەشنە یەك لە دوای یەك درێژە بە گفتوگۆ دەدەین. هەریەكە لەئێمە كارلێك لە بەرامبەر كردارەكانی ئەوانی تر پیشان دەدات كە ئەوان لەوانەیە لە سەرەتادا پەرچەكرداریان بەرامبەر بە كردارەكانی ئێمە ئەنجام دابێت.

دەتوانرێت بە ئاسانی كارلێك لە گرووپیشدا ببینرێت، بۆ نموونە، سەرنجی تیپێكی تۆپی پێ بدەن. ئەگەر ئێمە تەركیزی خۆمان لەسەر تەنیا یانزە یاریزانەكە چڕ بكەینەوە، تێبینی ئەوە دەكەین كە یاریزانی هێڵی پێشەوە بەوانی تر دەڵێت چۆن یاری بكەن، دەبینن كە یاریزانەكان بە بینینی ئەوەی كە یاریزانەكانی تر لە تیپەكەی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن كردارەكانیان دەگۆڕن (یاریزانی بەرگری ناتوانێت رێگە لە یاریزانی بەرامبەر بگرێت، لەبەر ئەوە یاریزانی پشت هێڵەكە تۆپەكە لە بەرامبەر دەسێنێتەوە)، یاریزانێك بۆ وەرگرتنی پاس ئامادە دەبێت و بەم شێوەیە یاریزانی پشت هێڵەكە هەست بە رەخسانی دەرفەتێك دەكات و تۆپەكە پاس دەدات بەو یاریزانە. لەم نێوەندەدا ئەو یاریزانەی كە تۆپەكەی وەرگرتووە بە یاریزانەكەی پشت هێڵ دەڵێت: "پاسێكی باش".

هەڵبەت ئێمە بەردەوام دەتوانین سەرنجی ئەوە بدەین كە كارلێكی نێوان تیپەكان لە یاریگادا بەردەوامە و لە دوورەوە دەتوانین كارلێكی نێوان ژمارەیەك لە تیپەكان ببینین. بۆنموونە، لەو شوێنەوە كە زۆربەی تیپەكان لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر لە تیپەكانی تردا یاری دەكەن، ئێمە دەتوانین رابیگەیەنین كە هەموو ئەو تیپانەی كە لە كاسدا یاری دەكەن كارلێكیان هەیە. ئێمە لە تواناماندایە ئەو راهێنەرانە ببینین كە لە دەوری یەك

کۆبوونەتەوە و ڕێساکانی یاریەکە ڕێکدەخەن و هەروەها داوەرانیش کە کۆبوونەوەکان ساز دەکەن تاوەکو یارمەتیی هاوسۆزی و هەماهەنگی جامەکە بدەن. تێبینیکردنی کارلێك لە بوارێکی فراوانتردا، وەك گەڕەکێکی ئاڵۆز وایە، بەڵام لەوێشدا کارلێك بوونی هەیە. شۆستەکان، دوکانەکان، کون و قوژبنی شەقامەکان، یاریگاکان و سەدان شوێنی تر، باشترین ناوچەی گونجاون بۆ کارلێکی خەڵکی لەگەڵ یەکتر. هەموویان لەیەك کاتدا کارلێکیان پێکەوە نییە، بەڵام ئەگەر بە وردی تێبینی بکەین، نموونەگەلێك لە کارلێکی نێوان خەڵك لە یەك ناوچە دەبینین کە پتەوتر و پێکەوە بەستراوترن لەو کارلێکانەی کە لە نێوان ئەوان و تاکەکانی دەرەوەی ئەو ناوچەیەدا هەیە. ئەمە یەکێکە لەو بەڵگانەی کە ئێمە رایدەگەیەنین، "ئەم شوێنە یەك گەڕەکە"، ئێمە دەتوانین هەر ئەمە لە بارەی کۆمەڵێکی گەڕەکی گەورەتر دەربڕین: تۆڕەکانی کارلێك لە نێو کۆمەڵێکی گەڕەکیدا هەیە کە زۆر پتەوتر و پێکەوە بەستراوترە لەو کارلێکەی کە لەگەڵ کەسانی دەرەوەی ئەو کۆمەڵە گەڕەکییەدا هەیانە.

کۆمەڵگەش تا رادەیەکی زۆر بەم کارلێکە پێناسە دەکرێت، کاتێك کە خەڵکی چەندین کۆمەڵی گەڕەکی پێکەوە کارلێکی بەردەوامیان هەیە و ئەو کاتەی کە ئەم کارلێك لە دەروونی کۆمەڵی گەڕەکی زۆر توندتر و پتەوترە تاوەکو دەرەوەی کۆمەڵەکە، ئێمە دەتوانین سەرەتای کۆمەڵگە ببینین. ئێستا پێچەوانەی ئەم دۆخە لەبەرچاو بگرن: ئەو کاتەی کە هیچ کارلێکێك لە ئارادا نەبێت، کۆمەڵگەش ناتوانێت بوونی هەبێت کاتێك کە کارلێك بەسەر دوو یا چەند گرووپی جیاوازدا دابەش بووبێت؛ پێویستە بڵێین کە پتر لە یەك کۆمەڵگە لە نێو ئەو خەڵکەدا هەیە. ئەمە خاڵی سەرەکیی راپۆرتەکەی کۆمسیۆنی کۆرنەر[1] بووە سەبارەت بە شۆڕش و پشێوییەکانی دەیەی 1960 لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا: ئەمریکا بەسەر دوو کۆمەڵگە

[1] kerner commission



دابەش کرابوو، دوو کۆمەڵگەی دابەش بوو، هەریەکەیان بە کێشە و بەرژەوەندیی جیاوازەوە. ئەمەی کە ئێمە یەك یان دوو یان سێ کۆمەڵگە یان زیاترین قسە و باس هەڵدەگرێ، بەڵام من لێرەدا تەنیا دەمەوێ جەخت لەسەر ئەم خاڵە بکەمەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بوونی هەبێت، دەبێت کارلێکیش بوونی هەبێت.

بۆچی کارلێك بۆ کۆمەڵگە گرنگە؟ تا رادەیەکی زۆر، لەم رووەوە کە **کارلێکی مرۆیی سیمبولیکە**. کارلێکی سیمبولی واتای ئەوەیە کە کردارەکانی تاکەکان بەزۆری بە مەبەستی **گواستنەوەی پەیامێك بۆ ئەوانی تر** ئەنجام دەدرێن و ئەوانی تر کە ئامانجی پەیوەندییەکەن بە بەردەوامی هەوڵ دەدەن دەرك بە مانای کردارەکان بکەن. کارلێکەکان ڕێك و راست وەڵامە فیزیکییەکان بۆ وروژێنەرەکان نین. لەبەر ئەوەی کە ئێمە بە ویستی خۆمان پەیوەندی دروست دەکەین، تاکەکان دەتوانن لە بەرژەوەندی، سۆزداری، بەها، خواست، بیروباوەڕ و هزر، ئامانج و هەستەکانیاندا هاوبەشی بکەن. لەو شوێنەوە کە ئێمە تێدەکۆشین دەرك بەو شتە بکەین، کە بۆ ئەوانی تری دەگوازینەوە، دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێ کە شتێك لەوانی تر فێر ببین کە یان بە جیاوازی بیروڕا یان - زۆر جاران - بە هاوڕایی و هاوبۆچوونی کۆتایی دێت. کارلێك کە بە بەردەوامی پەیوەندی و دەرکی هەڵسەنگێنراو و ئاگایانە لە خۆ دەگرێت، هاوکاری و گفتوگۆ دەربارەی جیاوازیی بیروڕاکان کە هەردووکیان بۆ پەرەسەندن و بەردەوامیی کۆمەڵگە زەروورن، ئاسان دەکات. ناتوانرێت چاوپۆشی لە بایەخی پەیوەندییە سیمبولییەکاندا بکرێت:

1ـ پەیوەندی ئامرازێك بۆ ناسینی یەکتری فەراهەم دەکات، لەبەر چاوگرتنی پێداویستییەکانی یەکتری مومکین دەکات و یارمەتیی داواکردنی پێویستییەکانمان دەدات. پرۆسەیەك بەدی دەهێنێت کە

به"وەرگرتنی رۆڵێکی تر" ناو دەبرێت، واتە تێگەیشتنی جیهان لە روانگەی ئەوانی ترەوە لەو بارودۆخەدا.

2ـ بە تێپەڕبوونی کات، پەیوەندیی "لێك تێگەیشتنی هاوبەش" لە نێوان خەڵکی دەستەبەر دەکات. ئەم لێك تێگەیشتنە شێوازی چارەسەرکردنی دووبەرەکییەکان و دانوستانی نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان لە خۆ دەگرێت.

3ــ پەیوەندی، بنچینەیەك بۆ هاوکاریی بەردەوام دەستەبەر دەکات، شێوازێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە سەر هەڵدەدەن بە یارمەتی یەکتری.

4ـ پەیوەندی، ئامرازێك دابین دەکات کە بە یارمەتی ئەو ئەو کەسانەی کە تازە بە تازە هاتوونەتە نێو کارلێکەوە دەتوانن بە کۆمەڵایەتی بن تاوەکو بزانن چۆن لە پرۆسەی کارلێکدا هەڵسوکەوت بکەن.

5ـ دواجار، پەیوەندی ئەو هەلە بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت کە دەرك بەوە بکەن چ کاتێك رەفتارەکانیان ناماقووڵە. پەیوەندی وەسیلەیەکە بۆ ئەوەی بە ئەوانی تر بڵێین کە ئەوان رێساکانیان پێشێل کردووە یان بەپێی شێوازە قەبووڵکراوە گرووپییەکان کاریان نەکردووە یان ئەوەی کە رەفتارەکانیان نادروستە.

لە هەر حاڵەتێکدا، کارلێکی سیمبولی یارمەتیی کارکردی کۆمەڵگە دەدات. لە دەرەوەبوون لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵگە (واتە دوور کەوتنەوە لە کارلێك لەگەڵ ئەوانی تر) لە دەرەوەبوونی خودی کۆمەڵگەیە. ئەگەر ژمارەیەك لە دەرەوەی ئەم کارلێکە بن ـ ئەگەر لە نێو خۆیاندا کارلێکیان هەبێت و لەوانی تر جیا بووبنەوە ـ پاراستنی کۆمەڵگەی گەورەتر قورسترە.

هەروەهاش دەتوانرێت بایەخی کارلێکی سیمبولی لە گرووپی دووانی یان گرووپێکی بچووکی ئاسانتر لەوانی تر ببینرێت، بەڵام لێرەدا بێ سێ و دوو



دەچینە نێو کۆمەڵگەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك کۆمەڵگەیەك بوونی هەیە، تا رادەیەك لەو رووەوە کە خەڵك بەردەوام لە کارلێکدان (بۆ نموونە، لە رێگەی سەفەر، پۆستی تەلەفۆنی، کۆمپیوتەر، تەلەفزیۆن، رادیۆ، رۆژنامە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی). لە رێگەی کارلێکی سیمبولییەوە من لەگەڵ کێشەکانی تاك لە ناوچەکانی ناوشار، ژیانی سەرۆکە دەوڵەمەندەکانی نێو کۆمپانیا گەورەکان و هزر و بیروباوەڕەکانی رابەرە سیاسییەکانی خۆم ئاشنایی پەیدا دەکەم و، لە رێگەی کارلێکی سیمبولییەوە لەگەڵ ئەوانی تر، هزر و بیروباوەڕەکان مەیل و بەهاکانی خۆم بە ئەوانی تر دەگەیەنم. هەرچەندە من کەمتر لەگەڵ هەریەکە لەم کەسانەدا هاوڕا و بۆچوونم، بە تێپەڕبوونی کات رێککەوتنێکی بنەڕەتی بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوانماندا سەرهەڵدەدات: هەژاری تراژیدیایەکە لە ژیانی ئەمریکیدا، سەرمایەداری دامەزراوەیەکی تەندروستی ئەمریکییە، ئەگەرچی چەند کێشەیەکی نوێش لە ئارادان، خوێندنی زانکۆ (کێشەیەکی) زەروورییە. هەندێ جار کارلێکی بەردەوام دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندەها جیاوازیی بیروڕای نوێ، بەڵام زۆر جار لێك تێگەیشتن و تا رادەیەکیش رێککەوتن دەستەبەر دەکات. کاتێك کە کارلێکی بەردەوام لە ماوەیەکی زەمەنیدا بوونی هەبێت، ئێمە وردە وردە "وەك ئەمریکیی بیر دەکەینەوە"، بە بەهاگەلێکی دیاریکراو (وەك تاکگەرایی) قایل دەبین، باوەڕ بە هزرگەلێکی سەرەکیی دیاریکراو دەهێنین (وەك ئەوەی کە کات زێڕە) و، دان بە رێوڕەسم و ئەخلاقییەتێکی دیاریکراویشدا دەنێین (یەکشەممە رۆژێکە کە نابێت ئیشی تێدا بکرێت، خراپ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان زیانهێنەرە، زینا لەگەڵ نامەحرەمەکان هەڵەیە). ئەمەیە واتای **کولتووری** یەك نەتەوە و، یەکێك لەو بەڵگانەی تر کە کۆمەڵگەی مرۆیی دەتوانێت بوونی هەبێت. **کولتوور لە کارلێکی سیمبولیدا سەر هەڵدەدات، ئێمە لە رێگەی کارلێکی سیمبولیکەوە لەوانی ترەوە فێری دەبین** و، بەبێ کارلێکی سیمبولی ـ **کولتوور** ـ لەناو دەچێت.

بەئاگابوون لەوانی تر، دەرککردنی (ئێمە) لەلایەن ئەوانی تر و هاوبەشیکردن لە کولتوور بونیادی هەموو هاوکارییەکن لە کۆمەڵگەدا. هەر خزمەتێك کە لە کۆمەڵگەدا لەبەرچاوی بگرن - چاودێری پزیشکی، تەلەفزیۆن، دابەشکردن و فرۆشتنی کاڵا، پەروەردە و فێرکردن. ئەم خزمەتگوزارییانە بەو هۆیە دەتوانن کارکردی کاریگەریان هەبێت کە هەر بکەرێك ڕۆڵی خۆی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تری پەیوەندیدار لە کۆمەڵگە دەرك پێبکات: دوکاندار دەزانێت کە لە پەیوەندی لەگەڵ کڕیاران، موشتەریە هێزەکییەکان، دامەزراوەکانی بڵاوکردنەوە، دابەشکارەکان، جوملە فرۆشەکان، بەرهەمهێنەرەکان، حکوومەتە فیدراڵییەکان، ویلایەتی و گەڕەکی و هتد، پێویستە چی بکات. لەو شوێنەوە کە منداڵان لە کۆمەڵگەدا لە دایك دەبن و لە ڕێگەی کارلێکەوە بەکۆمەڵایەتی دەبن، فێر دەبن کە لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکدا کە لەسەر بنەمای هاوکاری بونیاد نراوە دەبێت چی بکەن و چی نەکەن. کاتێك کە لە ڕێساکانی کۆمەڵگە لادەدەن، لە ڕێگەی کارلێکەوە (لەگەڵ باوکان، دایکان، مامۆستایان، کارمەندانی پۆلیس، پیاوانی ئایینی، یان نوێنەرەکانی دیکەی کۆمەڵگە) پێیان دەوترێت کە ڕەفتارەکانیان ناماقووڵە.

## کۆمەڵگە وابەستەی نموونە کۆمەڵایەتییەکانە

کارلێکی کۆمەڵایەتی یەکەمین تایبەتمەندی لە تایبەتمەندییە دوولایەنەکانە کە بۆ هەر فۆرمێك لە ڕێکخراو، لەوانەش کۆمەڵگە زەروورین. دووەمین تایبەتمەندی بریتییە لە کۆمەڵێك لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان.

تەقریبەن هەموو کۆمەڵناسان باوەڕیان وایە کە لەبەر ئەوەی خەڵك بە بەردەوامی خەریکی کارلێکن، نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدەن و کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر سەرکردەکانیان دادەنێن. لە



ڕاستیدا، ئەم نموونانە "دەستەیەك لە تاکەکان" لە فۆڕمێك لە ڕێکخراوی[1] وەك کۆمەڵگە جیا دەکەنەوە.

نموونەی کۆمەڵایەتی واتای ئەوە دەگەیەنێ کە کارلێکی کۆمەڵایەتی ڕێکوپێك دەبێت، ڕێکدەخرێت و سەقامگیرییەك بەرقەرار دەبێت کە لە ئەنجامی ئەوەدا بکەرە تاکەکان دەزانن کە پێویستە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتریدا چی بکەن. ئیمکانی پێشبینی ئاسانتر دەبێت، ڕەوتێکی ئاسایی دەست پێدەکات، هەندێك لە چاوەڕوانییەکان شێوەی بەشێك لە کارلێکەکان لە خۆ دەگرن. بۆ نموونە، ئەو تاکانەی کە دەست بە کارلێك دەکەن ڕێسا و دیدگا و نەریت و ڕۆڵ و بەهاگەلی هاوبەش بەدیدەهێنن و سوودیان لێوەردەگرن؛ ئەم دۆخە بە گوێرەی خۆی یارمەتی دابینکردنی کردەیەکی ڕێکخراو لە نێوان بکەرەکاندا دەدات. خەڵك بە درێژایی مەودایەکی دوورودرێژ زۆرێك لەم جۆرە نموونانە بەدیدەهێنن و ئێمە هەموومان لە نێو وەها نموونەگەلێکدا کە لە نەوەکانی ڕابردووەوە سەریان هەڵداوە لە دایك دەبین. کۆمەڵناسان زۆر جار نموونەی گرنگ دەستنیشان دەکەن: فەرهەنگ، ستراکچەری کۆمەڵایەتی و، نموونە کۆمەڵایەتییەکان. ئەگەرچی نموونەکان لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئێمە کارلێك دەنوێنین بەدی دێن، بەڵام ئێمە زۆربەی ئەو نموونانەمان بۆ دەمێننەوە کە لە ڕابردوودا جێی خۆیان گرتووە (چەسپاون). زۆربەمان، ئەم نموونە بۆماوانە وەك بەشێك لە جیهانی یەکلابووەوە قەبووڵ دەکەین. بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بوونی هەبێت، تاکەکان ناتوانن بە تەواوی بەپێی ئامانج یان بەگوێرەی ئەوەی لە کاتی ئێستادا هەستی پێدەکەن، ڕەفتار بکەن. هەر ڕێکخستنێکی گشتی (جەمعی) لە هەماهەنگی لەگەڵ نموونە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا سنوورێکی دیاریکراو لە خۆپارێزی دەسەپێنێت: نوێنەرانی

[1] Organization

کۆمەڵگە ئەم نموونانە فێری تاکەکان دەکەن و ـ لە ڕێگەی پاداشت و سزاوە ـ لانیکەم هانی کەمترین هاودەنگی دەدەن.

## کولتوور

کولتوور یەکێکە لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا. کولتوور لەراستیدا لە کۆمەڵێك نموونەی بچووکتر پێکهاتووە کە دەتوانین بە ڕێسا و باوەڕ و بەها پێناسەیان بکەین.

بۆ ئەوەی هاوکاری لە ئارادا بێت، پێویستە ڕێساکان بوونیان هەبێت و تاکەکان دەبێت حەز بکەن کردارەکانیان بەپێی ئەم یاسایانە ئاراستە بکەن. کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی دابونەریتەکانەوە ڕێنوێنی دەکرێن: بۆ نموونە، چ کاتێك دەتوانرێت پەیوەندی سێکسی ئەنجام بدرێت، لەگەڵ چ کەسێك، پێویستە چ هەستێك بەرامبەری هەبێت و چۆن ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگەکان بە یاساکان ئاراستە دەکرێن: هاوسەرەکەمان دەبێت چ تەمەنێك بێت، چ ڕەگەزێك بێت، لەگەڵ چ خزم و کەسوکارێکدا ناتوانرێت ژیانی هاوبەش پێك بهێنرێت، لە چ بارودۆخێکدا نابێت سەرجێیی ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی تابووەکانەوە (ئەو قەدەغەکراوانەی کە سزای توندیان هەیە) ئاراستە دەکرێن: چ خزم و کەسوکارێك دەکرێ وەك هاوبەشی ژیان هەڵبژێررێن. کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی ئەخلاقەوە ڕێنوێنی دەکرێن: دەتوانیت چەند هاوسەرت هەبێت، ئایا بوونی پەیوەندی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەرداریدا دروستە و، ئایا تاك پەیمانێکی ئەخلاقی بەستووە کە ڕێز لە داواکارییەکانی هاوسەرەکەی خۆی بگرێت. کۆمەڵگەکان لە ڕێگەی شێوازەکانی کردەی باوەوە ئاراستە دەکرێن: ڕۆڵی ئامادەسازی، چاکترین شێوازەکانی سەرجێیی، ئەوەی دوای جووتبوون پێویستە ئەنجام بدرێت. کۆمەڵگەکان هەروەها کۆمەڵێك چاوەڕوانیی



ناڕەسمیان هەیە: لەم پەیوەندییەدا چ کەسێك پێویستە نەترسانە مامەڵە بکات، چ کەسێك پێویستە ئەرکی سکپڕیی نەخوازراو لە ئەستۆ بگرێت و کێ دەبێت بە کچێنی بمێنێتەوە. هەموو ئەم ڕێسایانە ـ داب و نەریت، یاسا، ئەخلاق، شێوازەکانی کار و، چاوەڕوانییە ناڕەسمییەکان ـ بۆ تاك و بۆ کۆمەڵگە گرنگن. ئەوان مرۆڤەکان فێر دەکەن کە چۆن هەڵسوکەوت بکەن؛ پێیان دەڵێن کە ئەوانی تر چاوەڕوانی چ جۆرە هەڵسوکەوتێکیان لێدەکەن؛ هەروەها پێیان دەڵێن کە چاوەڕێی چ جۆرە ڕەفتارێك لەوانی تر بکەن. ئەوان هەروەها یارمەتی کۆنترۆڵکردنی تاك و دابینکردنی هاوکاری لە کارلێکدا دەدەن. بە کورتی، ئەوانە لە ڕێگەی ڕێکخستنی کردەی تاکەوە بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە زۆرینەی خەڵك پێیان دەگەن، یارمەتی راوەستاوی و بەردەوامی کۆمەڵگە دەدەن.

جگە لە ڕێساکان، کولتوور هەروەها بەهاکان (ئەو شتانەی کە خەڵك بەرامبەریان پەیمانیان بەستووە و لە ژیانیاندا بە بایەخەوە سەیریان دەکەن) لە خۆ دەگرێت و، ڕێککەوتن لەسەر بەهاکان ئەگەری کارلێکی پشت ئەستوور بە هاوکاری زیاتر دەکات. بۆ نموونە، کۆمەڵگەیەك لەوانەیە ڕێز لە مادەگەرایی، تاکگەرایی و ژیانی خێزان بگرێت. ئەم بەهایانە کاریگەری لەسەر کردە دادەنێن: ئەوان هانی تاکەکان دەدەن کە بڕۆنە قوتابخانە و بخوێنن تاوەکو پارەیەك بۆ خۆیان و خێزانی داهاتوویان دەستەبەر بکەن. لەو شوێنەوە کە ئەمانە بەهاگەلێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتین، زۆرێك لە تاکەکان هەر ئەم ڕێڕەوە لە کۆمەڵگەدا دەگرنە بەر کە ئەم هاوکارییە ئاسانتر دەکەن. بەبێ هەستێکی هاوبەش بەرامبەر بەوەی کە گرنگە، هێز و بەردەوامیی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت، تاکەکان بە هەر ئاراستەیەکدا کە بیانەوێ دەڕۆن و هاوکاریی نێوانیان زۆر ئەستەم دەبێت. بەها هاوبەشەکان دەرکی کارلێکەکان بۆ تاکەکان ئاسانتر دەکات و دیسان هاوکاری ئاسانتر دەکاتەوە، چونکە تاکەکان دەزانن کە چ

چاوەڕوانییەکیان لەوانی تر هەبێت و ئەوانی تریش دەزانن چ چاوەڕوانییەکیان لەوان هەبێت. بەهاکان کۆمەڵە پێوەدانگێکن کە ئێمە ئەوانە لەگەڵ بارودۆخە تایبەتییەکان بەرامبەر دەکەین. ئەوان، ئەوەی کە ئێمە بڕیار دەدەین ئەنجامی بدەین ڕێنوێنی دەکەن. "ئەوان کۆمەڵە بنەمایەکی بێ ئەملاوئەولا و خۆئاراستەکەرن کە هۆکاری هەماهەنگی وەڵامەکان بۆ بارودۆخە دووبارەبووەکان لە ناو ئەو تاکانەی کە خاوەنی کولتووری هاوبەشن شی دەکەنەوە." (shibutani, 1986: 68).

کولتوور هەروەها لە کۆمەڵێك باوەڕی هاوبەش پێك هاتووە. خەڵك لەوانەیە باوەڕیان وابێت کە ئیشی قورس سەرکەوتنی مادی لێدەکەوێتەوە یان ئەوەی کە خوێندنی زانکۆ بە دۆزینەوەی پیشەی باش کۆتایی دێت. بیروباوەڕێکی باو لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئەمریکادا ئەوەیە کە هاوسەرگیری ژیانێکی پڕ لە ڕەزامەندی بەدوادا دێت. ئەوەی کە "سیستەمی بازاڕی ئازاد کاراترین سیستەمی ئابوورییە" پێدەچێ باوەڕێکی گرنگ بێ لە کولتووری ئەمریکیدا. ئێمە هەروەها باوەڕمان بەوە هەیە کە "حکوومەتی باش حکوومەتێکە کە دەست لە کاروباری تاك وەرنەدات" و "تاکەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەتوانن هەرشتێکی کە بیانەوێت بەدەستی بێنن." "ئێمە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیمان هەیە، بەڵام تاکەکان لە تواناياندایە بە ئاسانی بەرەو سەرەوە و بەرەو خوارەوەیان ببزوون. ئەم باوەڕانە دەشێ ڕاست یان ناڕاست بن ـ خاڵی گرنگ ئەمە نییە. ئەوانە باوەڕگەلێکن کە لەم کۆمەڵگەیەدا جێی بایەخن و بەمپێیە بوون بە بەشێك لە فەرهەنگی کۆمەڵگە. هەموومان فێری ئەوانە بووین و زۆربەمان پێیان ڕازین، مەگەر ئەوەی کە ئەوانی تر کە لە دەوروبەری ئێمەدان ڕەتیان بکەنەوە و کولتوورێك بەدی بهێنن کە پێچەوانەی کولتووری زۆرینە بێت. ئەم جۆرە باوەڕە هاوبەشانە کاریگەری لەسەر کرداری تاکەکان دادەنێت و لە ئەنجامدا بەرقەرارکردنی ڕێکخستن و هاوکاری ساناتر دەبێت.



مارکس ئەم نموونانەی کولتووری بە باشی دەستنیشان کرد. ئەو پێی وا بوو کە ڕێسا و بەها و باوەڕەکان زێدەڕۆییی واقیعن و کۆمەڵە بەڵگەیەکی قابیلی دەرك لە ئاڕادان کە بۆچی زیادەڕۆییەکی تایبەتی ڕوودەدات. مارکس دەنووسێت: فەرهەنگ زیاتر ئایدیۆلۆژیایە، یان بیروباوەڕ و هزرگەلێك کە بەرگری لە کۆمەڵگەی هەبوو دەکەن، لەوانەش نایەکسانیی دەسەڵات و ئیمتیاز لە کۆمەڵگەدا. ئایدیۆلۆژیا لەلایەن هەموو ئەو تاکانەوە کە سەرقاڵی کارلێکن بەدی نایەت، بەڵکو زۆر جار لەلایەن کەسانێکەوە کە لە کۆمەڵگەدا خاوەنی دەسەڵاتن بەدی دێت و ڕوون دەکرێتەوە. ئەو بۆچوونە کە کولتوور ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە دەبەستێتەوە لە ڕوانگەی مارکسەوە واتای ئەوە بوو کە هزرگەلێکی دیاریکراو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە و بۆ ئەوان دروست دەکرێن و ئەم هزرانە فێری زۆرێك لە خەڵکی دەکرێن. ئەم هزرانە بە **کولتوور** ناو دەبرێن بەڵام لە واقیعدا ئایدیۆلۆژیان. ئەوانە کاریگەری لەسەر پاراستنی ڕێکخستنی کۆمەڵگە دروست دەکەن، تەنیا لەبەر ئەو هۆکارەی کە بەرگری لە نایەکسانی هەبوو دەکەن. زۆربەی کۆمەڵناسان تارادەیەکی زۆر لەگەڵ مارکسدا هاوڕان: ئەگەر ئێمە بە وردی لێکۆڵینەوە لەسەر کولتوور بکەین، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە ڕێسا و بەها و نۆرمەکان زۆر جار زێدەڕۆییکردنێکن کە پشتیوانی لە دەسەڵاتداران لە کۆمەڵگەدا دەکەن و بەمپێیە یارمەتیی سەقامگیری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی دەدەن.

بەمپێیە، کولتوور واتای ئەوە دەگەیەنێ کە خەڵك لە کۆمەڵگەدا دەربارەی زۆرێك لە بابەتە گرنگەکان ـ ڕێسا و بەها و باوەڕەکان ـ ڕێککەوتوون و ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە هۆی بەردەوامیی کۆمەڵگە. ڕێککەوتنی تەواوەتی بە هیچ شێوەیەك مومکین یان تەنانەت پێویست نییە، بەڵام ڕێککەوتنی گشتی (کلی) نەك تەنیا مومکین، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەش خاوەنی گرنگییەکی بنەڕەتییە. هەڵبەت ئەگەری ئەوە لە

ئارادایە کە تاکەکان لەگەڵ کولتوورێکدا کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە ڕێك نەکەون و تەنانەت لەوانەشە لەگەڵ ئەوانی تردا دەست بە کارلێك بکەن و کولتوورێکی پێچەوانە لەگەڵ کولتووری چەسپاوی کۆمەڵگە لە نێو خۆیاندا دروست بکەن. ئەگەر دژایەتی پەرە بسێنێت و دەست بە رەخنەگرتن لە کولتووری باو (کولتوورێك کە کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کردووە - وەرگێر) بکات، ئەوکات لەوانەیە رووبەڕووبوونەوەی جددی لەگەڵ کولتووردا سەر هەڵبدات و یەکێك لە ئەڵقە گرنگەکانی پەیوەندیی کۆمەڵگە لاواز بکات. زۆر جار ئەم دۆخە دژایەتی و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بەڵام زۆرێك خاڵی هاوبەشی لەگەڵ کولتووری کۆنەکەدا هەیە.

### بونیادی کۆمەڵایەتی

بونیادی کۆمەڵایەتی نموونەیەکی گرنگی دیکەیە کە کۆمەڵگە بەدی دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەدا کە خەڵك بە درێژایی کات خەریکی کارلێك دەبن، کۆمەڵێك پەیوەندی دروست دەکەن، شوێنگە و پلەوپایەی خۆیان لەبەرامبەر یەکتریدا دەستنیشان دەکەن و لە پەرچەکرداردا فێری رۆڵەکان دەبن و دەیانگێڕن. بونیاد ئاماژە بە سیستەم و رێسای هەبوو لە پەیوەندیی نێوان بکەرەکان لە کارلێکدا دەکات، ئەو تاکانەی کە هەماهەنگ لەگەڵ شوێنگەی یەکتری لە کارلێکدا هەڵسوکەوت دەکەن. بونیاد، کردارەکانی تاکەکان لە میانەی پەیوەندیکردنیان پێکەوە رێك دەخات: وەکو کولتوور، تاکەکان تێدەگەن کە ئەوانی تر چ چاوەڕوانییەکیان لێیان هەیە و دەرك بەوە دەکەن کە ئەوانی تر دەبێت چی بکەن.

بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك لە شوێنگەکان (یان ئەوەی کە ئێمە پێیان دەڵێین "پێگەکان" "شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان"، "شوێنگەکان" یان "شوێنگە پێگەییەکان") دەگرێتەوە کە لە کارلێکدا دروست دەبن. تاکەکان



لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا ئەم شوێنگانە پڕ دەکەنەوە. قوتابیانی زانکۆ (لە پەیوەندییان لەگەڵ مامۆستاکانیان)، ئەندامانی چینی ناوەند (لە پەیوەندییان لەگەڵ چینی کرێکار و چینی سەرەوە)، پیاوان (لە پەیوەندییان لەگەڵ ژنان)، یاریزانانی هێڵی هێرشبەر (لە پەیوەندییان لەگەڵ یاریزانەکانی تر و راهێنەر)، کارمەندە تازە دامەزراوەکان (لە پەیوەندییان لەگەڵ کارمەندە دێرین و خاوەن کارەکان)، و سەرۆکەکان (لە پەیوەندییان لەگەڵ جێگرەکان، سکرتێرەکان، خەزێنەدارەکان و، ئەندامە سادەکانی رێکخراو). هەزارەها شوێنگە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. تاکەکان فێری ئەوە دەبن کە کاتێك دەچنە نێو هەر شوێنگەیەکەوە یان لەوانەیە شوێنگەیەك لە ئەستۆ بگرن دەبێت چ کارێك ئەنجام بدەن و ئەم شوێنگانە پێکەوە - بەپێچەوانەی ئەوەی کە ئاژاوە و گێرە و کێشە دەنێتەوە - نەزم و رێکخستن بەدیدەهێنن.

هەر شوێنگەیەك رۆڵێکی وابەستە بەخۆی هەیە (کۆمەڵێك لە چاوەڕوانییەکان کە ئەوانی تر لەو شوێنگەیەیان هەیە) و، ئەو تاکەی کە ئەم شوێنگەیە پڕ دەکاتەوە فێر دەبێت کە ئەو رۆڵە بگێڕێت. رۆڵەکان لە قۆناغەکانی پێش سەرەتاییدا فێری منداڵەکان دەکرێن: "پەرستار ئەم کارانە رادەپەڕێنێت؛ باوك ئەم کارە ئەنجام دەدات؛ منداڵێکی بچووك ئەم کارە ئەنجام دەدات؛ کارمەندی ئاگرکوژێنەوە ئەم کارانە بە ئەنجام دەگەیەنێت." لە رێگەی فێربوونی ئەمانەوە، منداڵان دەتوانن لەوە تێبگەن کە تاکەکان چاوەڕوانی چ کارێکیان لەم شوێنگانەدا لێ دەکرێت، و ئەگەر ئەوانیش لە ئایندەدا بوونە خاوەنی یەکێك لەو پیشانە دەزانن کە دەبێت چی بکەن. هەر شوێنگەیەك هەروەها دیدگایەکی وابەستە بەخۆی هەیە (پەرستاران بەم چەشنە بیر دەکەنەوە) و، خاوەنی رێژەیەکی دیاریکراو دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتییە. یاریزانەکانی هێڵی پێشەوە بە جۆرێکی جیاواز لە ئامانجەکانی بەرگریکردن سەیری یارییەکە دەکەن،

کارمەندە تازە دامەزراوەکانیش بە هەمان شێوەی خاوەنکارەکانیان سەرنج نادەن و تاکەکانی چینی ناوەڕاست جیهان بە جۆرێکی جیاواز لە تاکەکانی چینی کرێکار دەبینن. باش یان خراپ، ستراکچەری کۆمەڵایەتی تاکەکان توێژبەندی دەکات و هەریەکە لە ئێمە لە شوێنگەیەکی بەرزتر لە هەندێك و خوارتر لە ئەوانی تر دادەنێت. بونیادی کۆمەڵایەتی پەیوەندییەکی سادەی لەگەڵ پاراستنی کۆمەڵگەدا هەیە، کە تاکەکان توێژبەندی دەکرێن، ئەوان بەسەر سەرتاپای کۆمەڵگەدا پەرش و بڵاو دەبنەوە، فێری رەفتار و شێوازی بیرکردنەوەی گونجاو دەبن و تێدەگەن کە کردارەکانیان لەگەڵ زنجیرەی سیستەمی ئاڵۆزدا هەماهەنگ بکەن. کار دابەش دەکرێت. ئێمە هەریەکەمان تا رادەیەك ئەرکی خۆمان بەرامبەر بە کۆمەڵگە ئەنجام دەدەین؛ لە کۆتاییدا هەر شتێکی لە کۆمەڵگەدا پێویستە ئەنجام دەدرێت. هەر یەکە لە ئێمە تەنیا بەشێکی بچووك لە گشت فێر دەبین، لەگەڵ ئەمەشدا هەر یەکە لە ئێمە دەتوانین ئەوەی کە پێویستە بۆ بەردەوامیی کۆمەڵگە بە درێژایی کات ئەنجامی بدەین.

لێرەدا بە هیچ شێوەیەك بانگەشەی ئەوە ناکرێت کە تاکەکان پلەیەك بەدەست دەهێنن کە "شایەنیانە" یان "بە هوڵی خۆیان بەدەستی دەهێنن". شوێنگەکان لەسەر بنەمای لەدایکبوون، توانا، یان چانس بەدەست دێن و بایەخی رێژەیی بە رادەی کراوەبوونی سیستەمی چینایەتییەوە بەستراوەتەوە (کە تاکەکان دەتوانن لەسەر بنچینەی دەسکەوتەکانیان بزاوتی بەرەو سەرەوە[1] یان بەرەو خوارەوە[2] یان هەبێت). بەبێ گوێدانە ئەوەی کە تا رادەیەك سیستەمی چینایەتی کراوەیە، توانایەکی زۆر بە فیڕۆ دەدرێت و تاکەکان کۆمەڵێك شوێنگەیان بە بۆماوە بۆ دەمێنێتەوە کە شایستەی نین ـ و لەبەر ئەوە سیستەم بە ئاراستەی

[1] Upward mobility
[2] Downward mobility



چارەسەرکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگەدا کار ناکات و رق و قین لە ناو ئەو کەسانەدا کە هەست دەکەن ئەم دابەشکردنە نادادپەروەرانەیە دروست دەکات. بەم حاڵەشەوە، بونیادی کۆمەڵایەتی لە رێگەی بە سیستەم کردن و کاملترکردنی کۆنترۆڵ، بە کۆمەڵایەتی بوون و هاوکاریشەوە یارمەتیی بەردەوامی کۆمەڵگە دەدات.

بونیادی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی تریش یارمەتیی کۆمەڵگە دەدات. لە نێوان بکەرەکاندا وابەستەیی بەرامبەر دروست دەکات و لە رێگەی ئەم وابەستەییە بەم بەرەوە پەیمانێك بەرامبەر بە هەموان دادەمەزرێنێت. دۆرکهایم ئەم پرۆسەیە باشتر لە هەمووان وەسف دەکات. لەو شوێنەوە کە هەریەکە لە ئێمە لە شوێنگە جۆراوجۆرەکاندا ئەو کارانەی کە چاوەڕوانمان لێدەکرێت ئەنجامیان دەدەین، ئەوانی تر وابەستەی ئێمە دەبن. دواتریش ئێمە لەگەڵ ئەوانی تردا بەپێی شوێنگەکانیان سەروکار پەیدا دەکەین، ئێمەش وابەستەی ئەوان دەبین. بۆ نموونە، من بە قوتابیەکانم، سەرۆکی کۆلێژەکەم و دەزگای یاسادانانەوە بەستراومەتەوە. ئەوانیش بۆ وانە وتنەوەی کۆمەڵناسی پێویستیان بە من هەیە. هەڵبەت من بۆ سەرگەرمی خۆیشم پەیوەندیم بە ئەندامی ئۆرکێسترای سەمفۆنی فارگۆ ـ مۆرهد[1]، گرووپی وایگینگەکانی مینسوتاو، رادیۆی نەشناڵ یا بلیکشەوە هەیە و بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی رۆژانەم بەو کەسانەوە کە لە خواردنگەی هۆرنباخر و فرۆشگای فالگریندا کار دەکەن وابەستەم و هەروەها بە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس و دادگاکانەوە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆم و خێزانەکەم. ئەم ئاڵوگۆڕی خزمەتگوزارییانە ـ ئەم وابەستییە دوولایەنەیە ـ هەمووومان پێکەوە دەبەستێتەوە و، هەر تاکێك بە باشترین شێوە لە شوێنگەکەی خۆی لە کۆمەڵگەدا تێدەگات. لە راستیدا،

[1] Fargo – Moorhead

لە ڕێگەی ئەم وابەستەییە دوولایەنەوە هێدی هێدی مەعریفەیەك سەبارەت بە ئەخلاقی كۆمەڵایەتی باڵاتر سەر هەڵدەدات كە ئەگەر بڕیارە خزمەتگوزارییە بەرامبەرەكانی ئێمە بەردەوام بێت، پێویستە لە كۆمەڵگەدا باڵادەست بێت. بەمپێیە، ئەخلاقێكی هاوبەش دێتە ئاراوە، پەیوەندییەك بەرامبەر بە گشتێكی ئەخلاقی، واتە كۆمەڵگە. دۆركهایم دەنووسێت كە، "دابەشكردنی كار" ـ ئەوەی كە من لێرە پێی دەڵێم بونیادی كۆمەڵایەتی ـ بەرژەوەندیی كەسی تاك لەگەڵ سیستەمی ڕێساگەلێكی باڵاتردا هەماهەنگ دەكات:

ئێمە دەتوانین بڵێین كە ئەو شتەی كە ئەخلاقییە... هتد هەر شتێكە كە مرۆڤ ناچار دەكات حساب بۆ ئەوانی تر بكات، كردارەكانی لەگەڵ شتێكی بەدەر لە پاڵنەرە خۆپەرستەكانی خۆی ڕێك بخات و، تا ئەم پێكەوە بەستنانە (وابەستەیی بەرامبەركێی شوێنگەكان) زیاتر و بەهێزتر بن، ئەخلاق بەتینترە. (1893: 331).

ستراكچەر و كولتوور پێكەوە یارمەتی دابینكردنی كۆنترۆڵكردنی تاك، هاوكاری و وابەستەیی بەرامبەر لە نێو تاكەكان و ڕێكخستن لە كۆمەڵگەدا دەدەن. ئەوانە نموونەگەلێكی كۆمەڵایەتین كە لە ماوەیەكی زەمەنی دوورودرێژدا هاتوونەتە بوون و بۆ كارلێك زەروورین.

**دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان.** كۆمەڵگەكان بە درێژایی كات دەمێننەوە چونكە خەڵك شێوازگەلێك بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بارودۆخە بەردەوامەكان دەدۆزنەوە. ئەم جۆرە شێوازە چەسپاوانە پێیان دەوترێت دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان. لەراستیدا، هەر گرووپێك شێوازگەلێكی تایبەت بە خۆی بەدی دەهێنێت و ئەمە هەموو ڕێكخراوە ڕەسمییەكان لە خۆ دەگرێت. دوكانەكانی فرۆشتنی خۆراك كۆمەڵێك سندووقی كۆمپیوتەری و سندووقی ژمارە لەسەر دانراویان بۆ شتومەكە دیاریكراوەكان داناوە، یان خێزانێك لەوانەیە بەرنامەیەكیان بۆ نانی ئێوارەی شەوی هەینی یان جەژنی شەوی كریسمەس داڕشتبێت. هەموو ئەمانە كاری ئاسایی و سادەی ژیانی



ڕۆژانەن كە تاكەكان لەسەری دەڕۆن. ئەوانە هەندێ جار وەك كۆمەڵێك دروشمیان لێدێت كە تەقریبەن پیرۆز دێنە بەرچاو. ئەوانە نموونەگەلێكن كە دەبنە هۆی ئەوەی كە كردار بە چەشنێكی ئارام و بەسەریەكەوە لە نێو ڕێكخراوەكاندا بە درێژایی كات بەردەوام دەبێت.

ئەگەر بڕیار بێت كۆمەڵگە كاركردەكانی ئەنجام بدات، دەبێت كۆمەڵە شێوازێكی بۆ بەرهەمهێنان و دابەشكردنی كاڵاكان، كۆنترۆڵی ڕەفتاری تێكدەری یاسا و ڕێسا، بە كۆمەڵایەتی بوونی منداڵان، ڕێكخستنی پەیوەندییە سێكسییەكان، بەرگریكردن لە خود، ئاڵوگۆڕ لەگەڵ كۆمەڵگەكانی تر، هاندانی جێبەجێكردنی هەموو ڕۆڵە زەرووریەكان و، پەرەپێدانی ئامێرە گونجاوەكانی هاتوچۆ و گواستنەوە و پەیوەندییەكان هەبێت. پێویستە لانیكەمی پێداویستییەكانی ئەندامەكانی خۆی پڕ بكاتەوە. كۆمەڵناسان لە كۆنەوە گفتوگۆگەلێكی دورودرێژیان سەبارەت بەوەی كە چ هەوڵێك بۆ مانەوەی كۆمەڵگە پێویستە ئەنجام داوە، ئەگەرچی هیچ ڕێككەوتنێكی بە تەواوەتی بەدەست نەهاتووە، هەمووان دانیان بەوەدا ناوە كە هەر كۆمەڵگەیەك كۆمەڵێك شێوازی تایبەت بەخۆی پێك دەهێنێت كە ئەو دەرفەتەی بۆ دەڕەخسێنن كە كاركردەكانی خۆی ئەنجام بدات و چارەسەری ئەو كێشە سەرەكییانەش بكات كە سەرهەڵدەدەن. ئەم نموونانە **دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكانن**، سێیەمین كۆمەڵە لە نموونە كۆمەڵایەتییەكان كە كۆمەڵگە دادەمەزرێنن. ئێمە دەتوانین زۆرێك لە نموونەكانی دامەزراوەكان بۆ پیشاندانی بایەخی ئەوان لێرەدا بەكار بهێنین، بەڵام سوود لەو نموونانە وەردەگرین كە تاكەكان بەكۆمەڵایەتی دەكەن و ئەوان لە یەكەم گشتی یەكگرتوودا وەك یەك پارچە ڕێك دەخەن. هەر كۆمەڵگەیەك پێویستە بۆ بەكۆمەڵایەتیكردنی تاكەكان و گونجاندنی كۆمەڵگە شێوازگەلێك پێك بهێنێت؛ بەمپێیە هەمیشە دامەزراوەگەلێك بوونیان دەبێت كە هەوڵ دەدەن ئەم كارە ئەنجام بدەن.

**دامەزراوە بەکۆمەڵایەتیکەرەکان.** چۆن کۆمەڵێك تاکی تێکۆشەر و ئامادە بەرهەم بهێنین کە شێوازەکانی کۆمەڵگە قەبووڵ بکەن؟ چۆن کۆمەڵە تاکێك بەرهەم بهێنین کە لە شتە باشەکان تێبگەن و خاوەنی شارەزاییەکی باش بن بۆ چالاکی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لەم سەردەمە تایبەتەی مێژوودا؟ ئەم پرۆسەیە ناتوانێت پرۆسەیەکی سروشتی بێت، چونکە کۆمەڵگە و سەردەمەکان بەدرێژایی مێژوو جیاوازیان هەبووە. ئەمە ناتوانێت پرۆسەیەکی سروشتی بێت، چونکە کۆمەڵێك کێشەی نوێ سەرهەڵدەدەن و پێویستی بوونی چەندەها جۆر لە تاکەکان کە توانای کرداریان لە بارودۆخە نوێیەکاندا هەبێت دەسەلمێنن. ئەم دۆخە پێویستی بە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە. سروشت ئێمە بەرەو پێشەوە دەجووڵێنێت: ئێمە داماوین بۆیە دەبێت فێر بین کە مانەوە و سەرکەوتن بە فێربوون و قەبووڵکردنی نموونە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە. ئەو دنیایەی کە ئێمە تێیدا لە دایك دەبین هەوڵ دەدات خۆی بۆ ئێمە ئامادە بکات: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات تاوەکو ئێمە وەك ئەندامانی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگە لێبکەن. دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئێمە لە منداڵییەوە کۆمەڵایەتی دەکەن و لەسەر بەکۆمەڵایەتیبوونمان لە سەرتاسەری ژیانماندا بەردەوام دەبن. ئەم بەکۆمەڵایەتیکردنە بەردەوامە، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان لە هەموو کۆمەڵگەکاندا و بەمپێیە هەموو کۆمەڵگەکان دامەزراوەگەلێك بۆ ئەم کارە دادەمەزرێنن.

لە ماوەیەکی زەمەنیی دوورودرێژدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێك دامەزراوەی بۆ بەکۆمەڵایەتی کردنی کۆمەڵگەی خۆی، هاوڵاتییانی رەسەن و پەنابەر، گەنجان و پیران، چینەکانی سەرەوە و چینە بێبەشەکان دامەزراندووە. دامەزراوە فێرکارییەکان بەتایبەت بۆ ئەم کێشەیە دروست کراون، کە بۆ نموونە باخچەی ساوایان، قوتابخانەی سەرەتایی، ئامادەیی، پەیمانگا دوو ساڵییەکان، زانکۆ ویلایەتییەکان، قوتابخانەی شەوانە، فێرکردنی زنجیرەیی، فێرکردنی پیشەیی، قوتابخانەی گشتی و تایبەتی و، فێرکردنی شارستانی لە قۆناغی ئامادەیی لە خۆ دەگرێت. دامەزراوە ئایینییەکان قوتابخانەکانی رۆژی یەکشەممە و قوتابخانەی زانستە ئایینییەکان دەگرێتەوە و دامەزراوەکانی راگەیاندن وەکو تەلەفزیۆن، رۆژنامە ناوخۆیی و نەتەوەیی و، گۆڤارە هەفتانەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ بەکۆمەڵایەتی کردن بەشداری دەکەن. هیچکام لەم دامەزراوانە - رێگای لێدەربازبوونیان نییە - بەتێپەڕبوونی کات لە کۆمەڵگەی ئێمەدا پەرەیان سەندووە، یارمەتیی بەردەوامی و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەڵگە دەدەن و کۆمەڵگەی ئێمە لە کۆمەڵگاکانی تر جیا دەکەنەوە. گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی هەندێك لەم دامەزراوانە کەم بایەختر دەکات و کۆمەڵێ دامەزراوەی نوێ دادەمەزرێن تاوەکو کاری بە کۆمەڵایەتیکردنی خەڵك لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدەن. لەم دەیەیەدا، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت وەك ئەو دامەزراوانەی کە پێداویستییەکانی بە کۆمەڵایەتی بوون دەستەبەر دەکەن بەخێرایی لەم کۆمەڵگەیەدا سەریان هەڵداوە.

جۆرج هربرت مید پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونی لە دوو قۆناغدا وەسف کرد. یەکەم، ئێمە لەگەڵ ئەو تاکانەدا کە ئەو بە"ئەوانی گرنگ"[1] ناوزەدیان دەکات مژوولی کارلێك دەبین و لێیانەوە فێر دەبین. کاتێك کە دەگەینە قۆناغی بەتەمەنی، ئەوانی گرنگی خۆمان هەڵدەبژێرین و وەك گرووپێك لەبەرچاویان دەگرین، گشتێکی گشتێنراو، کە ئەو پێی دەڵێت "ئەوی تری گشتێنراو"[2]. ئەوەی تاکەکان لە ئێمەیان دەوێت و فێری ئێمەی دەکەن لە شێوەی گشتێکی گونجاودا پێك دەهێنرێت و کاتێك کە ئەمە بە ئەنجام گەیەنرا، ئێمە وەك ئەندامانی کۆمەڵگەکەمان لێدێت و نەك بەتەواوەتی کۆمەڵە تاکێك کە لەلایەن تاکەکانی ترەوە پێك دەهێنرێن. لە رێگەی ئەم

[1] “Significant others”
[2] “genera lized others”

پرۆسەیەوە ئێمە بە شێوەیەکی بەرچاو دەتوانین لەگەڵ ئەوانی تر هاوکاری بکەین؛ ڕێساکانی کۆمەڵگە دەبنە ڕێسای خۆیشمان، ئێمە ئەو ڕێسایانە دەروونی دەکەین و دەیانکەینە هی خۆمان. بە کۆمەڵایەتی بوون دواجار مانای وایە کە ئێمە فێری توانای کۆنترۆڵکردنی خۆمان بەپێی ڕێساکانی گرووپ دەبین و، لەم ڕێگەیەوە ئێمە دەتوانین لەو چالاکییانەدا کە لەسەر بنەمای هاوکاری راوەستاوە بەشداری بکەین. هەموو کۆمەڵگەکان دامەزراوگەلێك بۆ ئەم مەبەستە دادەمەزرێنن کە بە دامەزراوەکانی خێزانی دەست پێدەکات و پاشان بۆ دامەزراوەی ئایینی، ڕاگەیاندن و تەنانەت دامەزراوە ئابووری و سیاسییەکان پەرە دەسێنێت.

**دامەزراوە گونجێنەرەکان.** نموونەیەکی تر لەو مەسەلانەی کە پێویستە کۆمەڵگەکان لەبەرچاوی بگرن گونجاندنە[1]. چۆن دەتوانین تاکەکان لە شێوەی گرووپێکی گشتدا پێکەوە ببەستینەوە؟ چۆن دەتوانین لە تاکەکاندا گیانی لێپرسراوێتی بەرامبەر بە یەکتر و بەرامبەر بە کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی بچێنین؟ چۆن دەتوانین پەیوەندییەکی بەتینی کۆمەڵایەتی کە بۆ تاکەکان جێی بایەخن بەدی بهێنین؟ یان، ئەگەر ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی تر بخەینە روو، چ دامەزراوەگەلێك بۆ دەستەبەرکردنی گونجاندنی کۆمەڵگە لەچالاکیدان؟

تا رادەیەك، قوتابخانە گشتییەکان و خێزان یارمەتیی گونجاندن دەدەن، بەڵام یاسا، دادگاکان و سیستەمی بەندیخانەش هەمان ئەرك بەجێ دەگەیەنن. هەموو ئەمانە پێکەوە، هانی هاودەنگی دەدەن و ئیدانەی ناهاودەنگی دەکەن. رابەرە سیاسییەکان یارمەتیی کۆبوونەوەی ئێمە دەدەن، هەر بەو چەشنەی کە تۆڕەکانی ئاڵۆگۆڕ و هاتوچۆی گشتی و پەیوەندییە نوێیەکانیش ئەم کارە دەکەن. لە ڕێکخراوە خۆبەخشە

[1] integration



پێشەنگەکانەوە بیگرە تا حزبی دیموکرات، بۆ دەستەبەرکردنی گونجاندن گرنگن، چونکە ئەوانە تاك دەبەنە نێو کۆمەڵگەوە، تاك کۆنترۆڵ دەکەن و وابەستەیی تاك بە گشتییەوە ئاسان دەکەن و هەڵبەت ناتوانین دامەزراوە ئایینییەکانیش فەرامۆش بکەین کە یارمەتیی بەهێزکردنی یاساکانی کۆمەڵگە دەدەن، ئەم یاسا کۆمەڵایەتیانە پیرۆز دەکەن، هەروەها دروشمەکانیش کە ئەم یاسایانە بەهێز دەکەن و پشتگیری لێدەکەن و تاکەکان لە داننان بەم یاسایانەدا کۆ دەکەنەوە.

**دامەزراوەکانی تر.** کۆمەڵگەکان پێویستییەکی گەلێك زۆریان هەیە، لەگەڵ کۆمەڵێك کێشە کە پێویستە بەدواداچوونیان بۆ بکرێت؛ بەمپێیە ئەوان پێویستە ژمارەیەکی زۆر دامەزراوەی فرەچەشن دروست بکەن. بە رای یەکێك لە کۆمەڵناسان، ***تالکوت پارسۆنز***، جگە لە بە کۆمەڵایەتی کردن و گونجاندن، کۆمەڵگە دەبێت کۆمەڵێك دامەزراوەی دیکە بەدی بهێنێت کە (ئەم دامەزراوانە) هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێنن کە بتوانێت خۆی لەگەڵ ژینگە فیزیکی و کۆمەڵایەتییەکەدا بە چەشنێکی سەرکەوتوو بگونجێنێت؛ کۆمەڵێك ئامانج دیاری بکات و بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە هاوکاری بکات، تا رادەیەك رەزامەندیی خەڵکەکەی لە شێوازی ژیانیان بەدەست بهێنێت. هەموو کۆمەڵگەکان بۆ دابینکردنی سەرکەوتوانەی ئەم جۆرە پێداویستییانە دامەزراوە سیاسی، ئابووری، ئایینی، یاسایی، سەربازی، خێزانی، فێرکاری، تەندروستی، خۆشگوزەرانییەکان دادەمەزرێنن. حکوومەت ناچارە چالاکی ئەنجام بدات، واتە پێویستە بە شێوەیەکی کارامە ئامانجەکانی کۆمەڵگە وەدی بهێنێت. حکوومەت دەبێت لە کاتی ناکۆکییەکاندا دادوەری بکات و یاساگەلێك پراکتیزە بکات کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دابین دەکەن. حکوومەت گرنگە لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا پەیوەندی دروست بکات،

دەبێت یارمەتیی ئەو کەسانە بدات کە ناتوانن پارێزگاری لە خۆیان بکەن. دامەزراوە ئابوورییەکانی کۆمەڵگە پێویستە لەسەریان بە شێوەیەکی کاریگەر کاڵاکان بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن. دامەزراوە یاساییەکان گرنگە چالاکییەکانی خەڵك رێکبخەن و ناکۆکییەکان چارەسەر بکەن و دامەزراوە ئایینی، فێرکاری و خێزانییەکان پێویستە یارمەتیی تاکەکان بدەن بۆ ئەوەی لە ژیانیان رازی بن. کۆمەڵگە تا رادەیەك لەبەر ئەوەی وەها دامەزراوگەلێکی دروست کردووە و ئەوانیش بە گشتی کارکردێکی کاریگەریان هەیە، درێژە بە بەردەوامیی خۆی دەدات.

## کۆکردنەوەی کورت

لە بیرتان نەچێ کە ئێمە دوو تایبەتمەندیمان باس کرد کە بۆ دامەزراندن و بەردەوامیی کۆمەڵگە پێویستن: یەکەم کارلێکی کۆمەڵایەتیی سیمبولی و، دووەم ئەو نموونە کۆمەڵایەتییانەی کە کارلێکیان لێدەکەوێتەوە. سێ نموونەی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن: کولتوور، بونیادی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم نموونانە پێکەوە هەڵبژاردن بە تاك دەبەخشن، کردار رێك دەخەن و هەماهەنگی دەکەن و ئەو کێشە بەردەوامانەی کە رووبەرووی کۆمەڵگە دەبنەوە چارەسەر دەکەن. بەمپێیە، دەبێت دوو تایبەتمەندیی تر کە ئیمکانی بوونی کۆمەڵگە دەرەخسێنن تاوتوێ بکرێن: ئینتیما بۆ کۆمەڵگە و بوونی ململانێ پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی.



## کۆمەڵگە لە رێگەی هەستی ئینتیماوە ئیمکانی هاتنە کایەی هەیە

تا رادەیەك هەر جۆرە پێناسەیەکی کۆمەڵگە بە دانانان بە گرنگیی هەستکردن و لێپرسراوێتی کۆتایی دێت. کۆمەڵگە تا رادەیەك لەبەر ئەوە بوونی هەیە کە خەڵکی هەستێکی پۆزەتیڤیان بەرامبەری هەیە. گشت لەلای ئەوان گرنگی پەیدا دەکات و ئەوان لەبەر ئەوەی کە بەشێکن لەو گشتە هەست بە ئاسوودەیی دەکەن. تاکەکان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان یان ئارەزووەکانیان ئامادە دەبن لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی دروست بکەن. ئیرادەگەرایی بۆ زەمانەتکردنی هاوکاریی بەردەوام دەبێتە تەواوکەری هێز. هەڵبەت هیچ کۆمەڵگەیەك نییە کە تێیدا هەمووان ئەم هەستی لێپرسراوێتییەیان هەبێت؛ بەڵام بەبێ هەستی بەرفراوانی ئینتیما و وابەستەیی، رابەرانی کۆمەڵگە ناچارن بۆ بەدیهێنانی یەکدەنگی پەنابەرنە بەر هێز - و ئەنجامەکەشی زۆر جار ناکارایی - تووڕەیی خەڵك و ناسەقامگیری دەبێت.

فردیناند تۆنێس[1] 1855 - 1937، یەکێك لە کۆمەڵناسە بەناوبانگەکانی ئەورووپی، کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەرهەمەکانی خۆی نووسیون، باس لە دوو جۆر کۆمەڵگە دەکات کە هەر یەکەیان لەسەر بنەمای جۆرێکی جیاواز لەو ئینتیمایە بونیاد نراوە. لەو کۆمەڵگانەدا کە نەریتیترن، لێپرسراوێتی لەسەر بنەمای "هەستی هاوبەش"[2]ە، پەیوەندیی سۆزداری کە تێیدا تاك هەست دەکات کە بەشێکە لە شتێکی گەورەتر. هەستی "ئێمە" بوون باوە لەگەڵ بیروباوەڕێك بەوەی کە ئەم کۆششانەی من نەك بۆ من، بەڵکو بۆ ئێمە گرنگە. لە زمانی ئەڵمانیدا، ئەم چەمکە پێی دەوترێ گەمانیشافت و، وەسفەکەی تۆنێس تا رادەیەك لەگەڵ هەستی "ئێمە"دا یەکسانە کە چارلز

1 Ferdinand Toennies
2 feeling of community

کولی ئەو کاتەی کە وەسفی گرووپی سەرەتایی دەکرد دەستنیشانی کرد (گرووپی بچووك، تا رادەیەك هەمیشەیی، میهرەبان و ناپسپۆڕن". زۆرێك لە ئەندامانی تاقمە خراپەکارییەکان ئەم هەستە بەهێزەی ئینتیمایان تێدایە، هەر بەو جۆرەی کە گرووپە بچووکە ئایینی و سیاسییەکان و، هەندێك لە کۆمەڵگەکانی وەك ئێرانی ئەمڕۆ، ئەڵمانیای نازی، ئینگلیز لە سەدەی نۆزدەیەم و ژاپۆنی پێش جەنگی جیهانی دووەمیش ئەم هەستە پیشان دەدەن: نەتەوەگەرایی توند لەم هەستە نزیك دەبێتەوە: "کۆمەڵگەی من بۆ من زۆر گرنگە. ژیانی من وەك مرۆڤێك تا رادەیەك لەبەر ئەوەیە کە بەشێکم لەو."

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێك تاك هەن کە دەرك بە هەستێکی راستەقینەی هاوبەش دەکەن و خۆیان وەك شتێکی زۆر گەورە هەژمار دەکەن! زۆرێك لە ئەمریکییەکان وەها هەستێکیان هەیە؛ هەندێ جار تەقریبەن هەموو ئەمریکییەکان ئەم هەستەیان بۆ دروست دەبێت! تۆنێس ــ و ژمارەیەکی زۆر لە کۆمەڵناسان ـ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لێپرسراوێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگەی مۆدێرن زیاتر بە"ئینتیمای مەرجدار"[1] دەستنیشان دەکرێن. ئەم لێپرسراوێتییە بیرۆکەیەکی زیاتر لەخۆ دەگرێت: "من ئینتیمام بۆ کۆمەڵە بنەمایەکی دیاریکراو هەیە. تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگە پێداویستییەکانی من دەستەبەر دەکات من ئینتیمام بۆی هەیە. کۆمەڵگەی من جێگەی بایەخە، بەڵام منیش وەك تاکێك گرنگم." لەبەر ئەوە، ئەوەی کە پەیوەست دەبێت بە لێپرسراوێتیی ئێمەوە بیروباوەڕێکە لەسەر ئەو بنەمایەی کە کۆمەڵگە، لەراستیدا، سوودمەندی ئێمە کار دەکات. لەجیاتی گۆمانیشافت (هەستی هاوبەش)[2]، ئێمە گەزەلشافت (یەکگرتنی خەڵك)[3]مان هەیە کە تێیدا پەیمان و ئەقڵ زیاتر باڵادەستە. لە جێگای ئەوەی

1 conditional loyalty
2 a sense of community
3 “association” of people



کە تاکەکان خۆیان بە بەشێك لە گرووپێکی سەرەتایی هەست پێبکەن کە تێیدا هەستی "ئێمە" باڵادەستە، خۆیان وەك بەشێك لە گرووپی دووەمین هەست پێدەکەن کە تێیدا هەستی "من" زاڵە و ئینتیما بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا کۆمەڵگە پێداویستییەکانی من دابین دەکات یان نا.

هەموو کۆمەڵگەکان ئاوێتەیەکن لەم دوو جۆرە ئینتیمایە، هەندێك دەتوانن لێپرسراوێتییەکی سۆزداری تر بەدەست بهێنن، ئەوانی تر زیاتر پشت بە ئینتیمای مەرجدار دەبەستن. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، ئینتیمای مەرجدار باڵادەستتر دەبینرێت. بەڵام لە ئەڵمانیای نازی ئێمە نموونەیەکی مۆدێرن لە پەیوەندییەکی سۆزداری بەتین بەرامبەر بە کۆمەڵگە دەبینین. بە پەرەسەندنی تاکگەرایی لە کۆمەڵگەدا، لێپرسراوێتی بەرامبەر بە گشت ئاڵۆزتر دەبێت و هەر بەو جۆرەی کە ئەریك فرۆم ئاماژەی پێدەکات، تا ئەو کاتەی کە خەڵك پەیوەندییەکی هەرچی کەمتر لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کۆمەڵگەدا بە شێوەییەکی گشتی دروست بکەن، زۆرێك روویان لە تاکگەرایی وەردەگێڕن و بە دوای لێپرسراوێتیی بەهێزتردا دەگەڕێن بەرامبەر بە گرووپە گەورەکان و کۆمەڵگە، تاوەکو شتێك لە رابردوو بسێننەوە کە بە جۆرێك لێیان سەنراوە.

کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکان، وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان، رووبەرووی مەتەڵێك بوونەتەوە کە هەرگیز ئیمکانی هەڵنانی نییە، بەڵام کلیلی سەرەکیی زۆرێك لەو کێشە و گرفتانەیە کە دوچاری تاك بۆتەوە. تا چ رادەیەك پێویستە ئینتیما بۆ گشت بنوێنرێت؟ هیچ شتێك لە ژیانی مندا بەقەدەر گەڕان بەدوای ئازادیدا گرنگ نەبووە. بەمپێیە ئایا ئازادی دەتوانێت لە نێوان زۆربەی خەڵکدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵکەکەی حەز ناکەن ئینتیمایان بۆ کۆمەڵی گەڕەکی هەبێ و تا ئەوپەڕی خۆیان لە پەیڕەوکردنی نموونە کۆمەڵایەتییەکان بە دوور دەگرن بوونی هەبێت؟ ئایا ئازادی بەبێ لێپرسراوێتی بەرامبەر بە گشت دەتوانێت بوونی هەبێت؟ و

ئەگەر ئێمە بەرامبەر بە گشت لێپرسراوێتیمان هەبێت، ئایا دەتوانین بە دوای خەونەکانماندا بڕۆین و بیروباوەڕ و بنەما ئەخلاقییەکانی خۆمان بەدی بهێنین؟ دۆرکهایم چەندین جار ئەم پرسیارە دەخاتە روو: ئایا بەبێ رێککەوتنێکی هاوبەش سەبارەت بەوەی کە چ شتێك راستە و چ شتێك هەڵە، ئازادی دەتوانێت بوونی هەبێت؟

هەر بەو جۆرەی کە پێشتر بیرم هێنانەوە، دامەزراوەکان ئەرکی بەدواداچوونی کێشە فرەچەشنەکانیان لە ئەستۆدایە کە رووبەرووی کۆمەڵگە دەبنەوە، یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کە دامەزراوەکان ئەنجامی دەدەن هەوڵدانە بۆ دروستکردن و پاراستنی ئینتیما. قوتابخانە گشتییەکان، خێزانەکان، ئایین و رابەرانی سیاسی هەوڵ دەدەن ئێمە کۆمەڵایەتی بکەن تاوەکو ئێمە لەوەدا کە بەشێکین لە کۆمەڵگەی خۆمان هەست بە رەزامەندی بکەین. لە کاتی شەڕدا رابەرانی سیاسی و سەربازەکان کۆشش دەکەن یەکێتیی خەڵك لە لێپرسراوێتییاندا بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەدی بهێنن و، جۆرەکانی سیمبولە نەتەوەییەکان ـ بۆ نموونە ئاڵا، سەرۆك کۆمار، سروودی نەتەوەیی، مردنی رابەرێکی بەناوبانگ ـ ئەم ئامانجانە بەدیدەهێنن. وەسفکردنی هەندێ لە تاکەکان بە بێگانە، لادەر و سەرلێشێواو و یارمەتیی دروستکردنی ئینتیما بۆ کۆمەڵگە دەدات، هەر بەو جۆرەی کە سزادانی ئەو کەسانەی کە بە بێگانە ناوزەد دەکرێن وەها کاریگەرییەکی دەبێت. جۆرەکانی دروشمە فرەچەشنەکان دیسان یارمەتیی یەکپارچەکردنی خەڵکی لە کۆمەڵگەدا دەدات و دەبێتە هۆی ئەوەی بەرامبەر بە کۆمەڵگە هەست بە وابەستەیی بکەن. دروشمەکان کردارگەلێکن کە ئامانجیان بە تەواوەتی ئامرازی (شوێنکەوتەی بە ئامانج) نییە، بەڵکو شتێك لە ناو خەڵکدا دەگوازنەوە کە سیمبولی "گشت"ە. دروشمەکان کردارگەلێکی کۆمەڵایەتین و مەبەستیان بەستنەوەی خەڵکە بە یەکتر و بە رابردووەوە. هەموو دامەزراوە جۆراوجۆرەکان خاوەنی کۆمەڵێك دروشمن



کە ئینتیما بۆ کۆمەڵگە بە بیر دەهێننەوە و نمایش دەکەن و هان دەدەن(wothnow, 1987; 140).

بۆ ئەوەی ئینتیما بوونی هەبێت، دامەزراوەکانیش پێویستە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام بدەن. حکوومەت دەبێت ئەولەویەتی ئامانجەکان دەستنیشان بکات و باوەڕمان پێ بهێنێت کە بەم ئامانجانەی دەگات. قوتابخانەکان پێویستە لەسەر فێرکردن بەردەوام بن، دامەزراوە ئابوورییەکانیش دەبێت سەروەت و سامان، دەرفەتی کار و ئایندەیەکی گەش دابین بکەن و، دادگاکانیش دادپەروەرانە بڕیار بدەن. ئایین و خێزان پێویستە واتا و ئاسایش بۆ تاکەکان فەراهەم بکەن. بۆ ئەوەی ئینتیما لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە ببێت. خەڵك پێویستە ببینن کە کۆمەڵگە ئەرکەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دامەزراوەکان بە باشترین شێوە بەدواداچوون لەسەر کێشە و گرفتەکان دەکەن. ئەمە بەتایبەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا گرنگە.

من پێشتر لەم باسەدا ئاماژەم پێدا کە بەبێ ئەم هەستی ئینتیما و پێکەوەبەسرانە، کۆمەڵگە لە بنەڕەتدا لەسەر بنچینەی زۆرداری بونیاد دەنرێت. ماکس ڤێبەر لە شیکردنەوە درەخشانەکەیدا بۆ دەسەڵات، دەریدەخات کە چۆن پشت بەستنی تەواوەتی بە زۆرداری، کۆمەڵگە دوچاری نائارامی دەکات. هەوڵێکی زۆر پێویستە خەرجی چاودێری و کۆنترۆڵی خەڵك بکرێت؛ ترس خەرجێکی زۆری پێویستە و؛ هەمیشە سزادانی خەڵك بە فیڕۆدانی تواناکانە. ئینتیما حەزی هاوکاری، هاودەنگی و گوێڕایەڵیی لێدەکەوێتەوە. ڤێبەر پیشانی دەدات کە گوێڕایەڵیی خۆبەخشانە و بەپێی ویست بنەمای سیستەمە سەقامگیرە بەهێزەکانە لە کۆمەڵگەدا. ئەو ئەم جۆرە رژێمانە بە"دەسەڵات" ناو دەبات و دەسەڵات وەك "دەسەڵاتی یاسایی" پێناسە دەکات. بە کورتی، ئینتیما بۆ کۆمەڵگە ئارەزووی گوێڕایەڵی بۆ نوێنەرانی یاسایی ئەو کۆمەڵگەیەی، مادام ئەوانیش لەگەڵ یاساکاندا یەکدەنگن، لێدەکەوێتەوە. سیستەمی دەسەڵات یارمەتیی

گەرەنتی کردنی سەقامگیری لە کۆمەڵگەدا دەدات، بەبێ ئەوەی کە خەڵك بەردەوام خۆیان لە پەیڕەوکردنی یاساکان بدزنەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە رابەران پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی زەبروزەنگ. دیاریکردنی ئەوەی کە چ رێژەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا سیستەمی دەسەڵات بە یاسایی دەزانن ئیمکانی نییە، جگە لەوەش لە تواناد ا نییە بتوانرێت ئەوە دەستنیشان بکرێت کە چ رادەیەك لە خەڵك پێویستە دەسەڵات بە یاسایی بزانن تاوەکو کۆمەڵگە بتوانێت بە راوەستاوی بمێنێتەوە، بەڵام لە حاڵێکدا ئەگەر هەر کۆمەڵگەیەك خاڵی بێت لە بونیادی دەسەڵاتێك کە بەشێکی گەورە لە دانیشتووانەکەی بە یاسایی هەژماری بکەن، ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە بە ئاشکرا لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژی.

## دژایەتی و گۆڕانکاری یارمەتیی پاراستنی کۆمەڵگە دەدات

مرۆڤەکان بە ئامادەیی بەشداریکردن لە کۆمەڵگەوە لە دایك نابن. ئەوان خاوەنی غەریزەیەك نین کە بۆ سەرکەوتنەکان، کولتوور و ئەو دامەزراوانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەن ئامادەیان بکات. شێوازە تایبەتەکانی کۆمەڵگە - دامەزراوەکانی - لە غەریزە ناکەونەوە. پێویستە بزانرێت کۆمەڵگەی مرۆیی، لە راستیدا، لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و هەڵە، کارلێکی بەردەوام و، بە کۆمەڵایەتی بوونەوە هاتۆتە ئاراوە. تاکەکان کارلێك ئەنجام دەدەن، نموونە کۆمەڵایەتییەکان پێك دەهێنن و ئەو نموونە کۆمەڵایەتییانە بۆ رەنگڕێژی ئەوەی کە لە ژیانی خۆیاندا دەبێت ئەنجامی بدەن بەکار بهێنن. بەمپێیە، هەستی ئینتیما بۆ کۆمەڵگەیان تێدا دروست دەبێت.

لەگەل ئەمەشدا، لەوانەشە سەبارەت بە ئینتیما و دیسپلین زێدەڕۆیی بکرێت. هەموو کۆمەڵگەکان بە گۆڕانکارییەوە وابەستەن و گۆڕانکاریش بەپێی خۆی بە ململانێ کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە. هەر بەو جۆرەی



کە جۆرج زیمل لە شیکردنەوەکەی خۆیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، ململانێی کۆمەڵایەتی لە هەر رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا لە گرووپێکی بچووکەوە تا کۆمەڵگە لێدەربازبوونی نییە. دژایەتی نەك تەنیا بوونی هەیە، بەڵکو بە روونکردنەوەی کێشەکان و دروستکردنی گۆڕانکاری کارکردێکی زۆر گرنگ ئەنجام دەدات. ململانێی ئاشکرا لەوانەیە زۆر ئازاردەر بێت - بەتایبەت ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن نموونە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزن - بەڵام ئەم جۆرە ململانێیەی نێوان خەڵك، ئەگەر هان نەدرێت، بە تێپەڕبوونی کات دەتوانێت بۆ ململانێیەکی وێرانکەر گۆڕانی بەسەردا بێت یان ململانێیەك کە نەك تەنیا ناکۆکی و ناسازگاری، بەڵکو رق و قین و دوژمنایەتی تێدا باڵادەستە. ململانێی بونیادنەری کۆمەڵایەتی، یارمەتیی پێشکەوتنی ئارامی و چارەکردنی کێشەکان دەدات؛ دژایەتی رووخێنەری کۆمەڵایەتی هەڕەشە لە مانەوەی کۆمەڵگە دەکات.

کۆمەڵگە هەروەها لەو رووەوە دادەمەزرێ و دەمێنێتەوە کە دەتوانێت گۆڕانکاری بەسەردا بێت، واتە ئەو تاکانەی کە دەست بە کارلێك دەکەن، هزر و بەها و کۆمەڵە رێسایەکی نوێ بەدیدەهێنن؛ ئەوان دامەزراوەگەلێکی نوێ دروست دەکەن و؛ ستراکچەرێکی نوێی کۆمەڵایەتی دادەڕێژن. ناتوانرێت بە شێوەیەکی بابەتی بانگەشەی ئەوە بکرێت کە گۆڕانێکی تایبەت باش یان خراپە، چونکە ئەم چەشنە بانگەشانە بەستراونەتەوە بەوەی کە مەبەستی ئێمە لە باش و خراپ چییە. بەڵام دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە گۆڕان بۆ سەقامگیریی کۆمەڵگە زەرورییە. کێشەگەلی نوێ بە شێوەیەکی حەتمی سەرهەڵدەدەن و، پێویستە کۆمەڵێك شێوازی نوێ بۆ چارەسەرکردنیان وەدی بهێنرێت. خەڵك کارلێك دەنوێنن و کۆمەڵێك داواکاریی نوێ (بۆ حەقدەستی زیاتر، نوێنەرایەتیی باشتر، بارودۆخی ژیانی چاکتر) دەخەنە روو، ئەگەر ئەم خواستانە پشتگوێ بخرێن، لەوانەیە دژایەتی و پێکدادانی توند رووبدات کە ئیفلیج کردن و

دارمانی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە. مەترسییە نوێیەکان بۆ کۆمەڵگە ـ خراپ بەکارهێنانی مادە هۆشبەرە نایاساییەکان، ڕێژەی زۆری قەرزی نەتەوەیی، چینی هەژاری هەمیشەیی ـ لەوانەیە سەرهەڵبدەن و ئەگەر لە ڕێگەی چارەسەری گرنگەوە بەربەرەکانیی ئەم جۆرە کێشانە نەکرێت، ئەو شتەی کە هەمووومان بە کۆمەڵگەی ئەمریکی دەیناسین، لەوانەیە ڕووبەڕووی مەترسی بێتەوە.

گرنگ ئەوەیە کە هەم دژایەتی و هەم گۆڕانکاری بە شێوەیەك ڕوودەدەن کە کۆمەڵگە دەتوانێت پەرە بسێنێت، نەك لەناو بچێت و چارەسەری زیرەکانەی کێشەکان لە توندوتیژیی وێرانکەر گرنگتر دەبێت.

## کورتە و دەرەنجام

کۆمەڵگەکان بە هۆی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بوونیان هەیە. بەبێ کارلێك کۆمەڵگەیەك بوونی نییە؛ بە هۆی کارلێکی دابەش بووەوە چەندین کۆمەڵگەی جیاواز سەرهەڵدەدەن. کارلێکی کۆمەڵایەتی بە تەواوەتی واتای ئەوەیە کە خەڵکی لە زەینیدا پێکەوە کردار ئەنجام دەدەن. کارلێکی کۆمەڵایەتی سیمبولییە. خەڵك پێکەوە پەیوەندی دروست دەکەن. لە یەکتری تێدەگەن و لە بوارە جۆراوجۆرە جیهانییەکاندا کە تێیدا دەژین پێکەوە بەشداری دەکەن.

کۆمەڵگەکان بە هۆی ئەوەوە کە خەڵك لە کارلێکی سیمبولییاندا لەگەڵ یەکتری تێیدا بەشدارن بوونیان هەیە. بە تێپەڕبوونی کات، تاکەکان تێیدا کارلێکی نموونە کۆمەڵایەتییەکان بەرقەرار دەکەن: کولتوور، بونیادی کۆمەڵایەتی و، دامەزراوەکان. کولتوور خەڵك پێکەوە دەبەستێتەوە، چونکە ئەوان لە هەندێ کێشەی گرنگدا دەگەنە ڕێککەوتن: باوەڕ، بەها و یاساکان. ستراکچەری کۆمەڵایەتی خەڵك لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکاتەوە،



شوێنگەیان دیاری دەکات، فێری هەر یەکەیان دەکات کە چۆن لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەن، وابەستەیی بەرامبەر دەهێنێتە کایە و هاوکاری ئاسان دەکات.

دامەزراوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە دادەمەزرێن، خەڵك لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە بە کۆمەڵایەتی دەبن، کۆمەڵگە یەکپارچە دەبێت، تاکەکان پاداشت وەردەگرن و سزا دەدرێن، کاڵاکان بەرهەم دەهێنرێن و دابەش دەکرێن و ئامانجەکان سەرهەڵدەدەن و بۆ بەدەستهێنانیان هەوڵەکان دەخرێنە گەڕ.

کۆمەڵگەکان هەروەها لەبەر ئەوە دەتوانن بوونیان هەبێت، کە خەڵك بەرامبەر بەوان هەست بە ئینتیما بکەن. ئەوان هەست دەکەن کە بە کۆمەڵگەوە بەسراونەتەوە. ئەوان حەز دەکەن گوێڕایەڵی ئەو کەسانە بن کە لەسەر کورسیی دەسەڵاتن، چونکە ئەوان بە نوێنەری ڕەوا و یاسایی خۆیان دەزانن. دواجار، کۆمەڵگەکان لەبەر ئەوە بوونیان هەیە، کە دەتوانن بگۆڕێن و وەڵامی دژایەتی بدەنەوە. ئەندامەکانیان چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە نەوەك پشتگوێیان بخەن؛ ئەوان کۆمەڵە ڕێگەچارەیەکی گونجاو دەدۆزنەوە لە جیاتی ئەوەی بەردەوام ڕێگەچارە کۆنەکان تاقی بکەنەوە. ئاوێتەیەکی ئاڵۆز لە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و نموونە کۆمەڵایەتییەکان کارکردێکی سەرکەوتوانەیان هەیە.

ئێمە لە جیهانێکی ئاڵۆزدا دەژین. هەندێ جار زانینی ئەوەی کە چ گرفتگەلێك لە کۆمەڵگەی ئێمە یان لە کۆمەڵگەکانی تردا سەریان هەڵداوە، دژوارە. بە وردی جیهان بخەنە ژێر خوێندنەوە و تاوتوێکردنەوە: دەتوانن کارلێکی سیمبولی، کولتوور، بونیادی کۆمەڵایەتی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و هەستی ئینتیما بڵاو بکەنەوە و لێرە و لەوێ

دەستنیشانی بکەن. دەبینین کە کۆمەڵگەکان نموونەگەلێکی نوێ دروست دەکەن کە یارمەتی چارەسەرکردنی کێشە نوێیەکان دەدەن. ئەمە دەتوانێت سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئێوە بۆ ئەوەی ئەو نهێنییە بدۆزنەوە کە لەم بەشەدا خۆی حەشار داوە: چۆن بوونی کۆمەڵگە ئیمکانی هەیە؟ چۆن کۆمەڵگە دەتوانێت بوونی هەبێت؟ ئەمە هەروەها یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە ئێوە بە هۆیەوە دەتوانن ئەو تێڕوانینانە بناسن کە کۆمەڵناسان بۆ دەرککردنی بابەتە گرنگەکانی جیهان بەکاریان دەهێنن.

# 4

# بۆچی خەڵك لەكۆمەڵگەدا نایەكسانن؟

## بنەوان و بەردەوامیی نایەكسانیی كۆمەڵایەتی

### پێشەكی

لە روانگەی ڤۆڵتێر، فەیلەسووفی فەڕەنسیی سەدەی هەژدەیەمەوە، "لەوێوە كە سروشتی كۆمەڵگە بە جۆرێكە كە نایەكسانی بەدی دەهێنێت ئامانجی حكوومەت پێویستە هەوڵدان بۆ یەكسانی بێت." ڤۆڵتێر ئارەزووی یەكسانیی هەموو مرۆڤەكانی دەكرد، بەڵام دەیزانی گەیشتن بەو ئامانجە ئەستەمە. رێك و راست لەو رووەوە، كە هەموومان لە كۆمەڵگەدا دەژین و كۆمەڵگەكانیش نایەكسانی بەرهەم دەهێنن. كۆمەڵناسان بە شێوەیەكی گشتی لەگەڵ ڤۆڵتێردا هاوڕان و دەیانەوێت بە جۆرێكی كاملتر تێبگەن كە بۆچی راستی لەلای ئەوە.

كۆمەڵناسان هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی كۆمەڵناسییەوە گرنگییان بە كێشەی نایەكسانی داوە. نایەكسانی بابەتی سەرەكیی هەموو بەرهەمەكانی ماركس پێكدەهێنێت. زۆربەی ئەو بابەتانەی كە ماكس ڤێبەر لێی كۆڵینەوە



بریتی بوو لە نایەكسانی. لە راستیدا، بەرهەمەكانی تەقریبەن هەموو كۆمەڵناسە گەورەكان هەڵگری تێڕوانینێكە بەرامبەر بەم بابەتە.

زۆربەی خەڵك پرسیارگەلێك سەبارەت بە نایەكسانی دەخەنە روو و ئەو تاكانەش كە بە دوای دنیایەكی دادپەروەرانەدا وێڵن تەقریبەن هەمیشە وەك سەرچاوەیەكی ناعەدالەتی پێناسەی دەكەن. لە راستیدا، ئەم بابەتە بە ئەگەری زۆر پتر لە هەر بابەتێكی تر بیرمەند و دڵسۆزەكان بۆ توێژینەوەی كۆمەڵناسی هان دەدات.

هەر جارێك كە ئێمە پێكەوە كارلێك ئەنجام دەدەین، نایەكسانی بە شێوەیەك لە شێوەكان سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە، تایبەتمەندییە تاكەكەسییەكان نەك تەنیا ئێمە لە یەكتر جیا دەكەنەوە، بەڵكو زۆر جار دەبنە بنەمای نایەكسانی لەنێو ئێمەشدا. ئێمە بە جۆرێكی نایەكسان جوان، زیرەك، خاوەن كەسوكار، بەتوانا لە وەرزش و، تەنانەت هێمن و رۆح سووكین. لە هەر شوێنێك ئەم جۆرە تایبەتمەندییانە گرنگ بن نایەكسانی بوونی دەبێت. كاتێك كە ئێمە خۆمان لەسەر بنەمای كۆمەڵێك تایبەتمەندیی زیاتر بەراورد دەكەین، زۆرێك لە تاكەكانی تر دەوڵەمەندتر، سەركەوتووتر، یان میهرەبانتر دەبینینەوە. هەڵهاتن لە نایەكسانی و دەركی نایەكسانی لە ژیانی ئێمەدا ئەستەمە.

ویلایەتە یەكگرتووەكان كۆمەڵگەیەكە پابەند بە ئایدیالێكی [1] دیموكراسی كە كۆمەڵێك دەرفەتی یەكسان بۆ هەمووان لە خۆ دەگرێت. بەمپێیە، ئەگەر راستگۆیانە بڵێین، بە زەحمەت دەتوانین پشتگوێ خستنی ئەو نایەكسانییە زۆرانە بەدی بكەین كە بەردەوام بوونیان هەیە و دەبنە هۆی ئەوەی كە ئێمە لە ئایدیالەكەی خۆمان دوور بكەوینەوە. بۆ نموونە، لەساڵی 1993دا یەك لە سەر پێنجی دانیشتووان، لەسەدا 44ی تێكڕای

1. idial

داهاتەکانیان وەردەگرت، لە کاتێکدا کە سێ لەسەر پێنجی هەژارترین تاکەکان لە سەدا 30ی تێکڕای داهاتەکانیان بەردەکەوت (بەراوردێك لەسەر بنەمای ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، 1995)

هەڵسەنگاندنی تێکڕای سەروەت و سامان ئاڵۆزترە، بەڵام ڕێککەوتنێکی گشتی لە ئارادایە کە سەروەت تەنانەت نایەکسانترە. لە ساڵی 1995، لە سەدا 10ی دانیشتوانی دەوڵەمەندتر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا خاوەنی لەسەدا 68ی تێکڕای سەروەت بوون (Beeghley, 1993)، لە ڕاستیدا لە ساڵی 1986دا لە سەدا 1ی دانیشتوانی دەوڵەمەندتر خاوەنی لەسەدا 42ی تێکڕای سەروەت و سامان بوو (کۆمیتەی ئابووریی هاوبەش، کۆنگرێسی ئەمریکا، 1986). بەپێی ئامارێك لەسەر بنەمای زانیارییەکانی فیدراڵی ڕۆزرۆی ئەمریکا لە ساڵی 1990، نرخی پوختی سەروەت و سامانی لەسەر سەدی سەرەوەی ئەمریکا زیاتر لە نرخی پوختەی سەروەتی لە سەدا 90ی خوارەوەی دانیشتووان بوو. (Wood bum,1992 Kennickell &) و جۆن ماسیۆنیس[1] (263: 1997) بەراوردێك دەکات کە "داراییەکانی دەوڵەمەندترین دە خێزانی ئەمریکی بەسەر یەکەوە خاوەنی نزیکەی 150 ملیار دۆلار نرخی پوختن، کە یەکسانە بە تێکڕای سەروەتی یەك ملیۆن خێزانی ناوەند لە ئەمریکادا..."، لێرەدا دەبێت ئەوەش زیاد بکەین کە داراییەکانی لە سەدا 40ی خوارەوەی دانیشتووان هیچ نرخێکی پوختیان نییە، چونکە ئەوان زیاتر لەوەی کە بەدەستی دەهێنن قەرزارن (هەمان سەرچاوە). هەروەها وا دەردەکەوێت کە شێوازێك لە ئارادایە کە جیاوازییەکانی سەروەت تەنانەت زیاتر دەکات، ئەگەرچی بە ئەگەری زۆر لە دەیەی 1990دا ئەم شێوازە گوڕ و تینەکەی کەمتر بۆتەوە؛ بۆ نموونە لە

1 john j.macionis.



20ساڵی نێوان 1963 و 1983، سەروەتی مامناوەندیی دەوڵەمەندترینی لە سەدا 10ی دانیشتوان لە سەدا 147 زیادی کرد بەبەراورد لەگەڵ لەسەدا 45 بۆ دانیشتووانەکەی تر کە ماوەتەوە (کۆمیتەی ئابووریی هاوبەش، کۆنگرێسی ئەمریکا، 1986).

ئەوەی کۆمەڵناسی ئەنجامی داوە زیاتر دەرك و سەلماندنی بەڵگەیی جۆرەکانی نایەکسانییە. ئەمە کارێکی ئاسان نییە. ڤێبەر دەنووسێت کە ئێمە لە سێ بوار یان کایەدا لە نێو کۆمەڵگەدا نایەکسانین: بواری ئابووری، بواری کۆمەڵایەتی، کایەی سیاسی. ئێمە دەتوانین ئەمە بۆ چین (بواری ئابووری)؛ نەژاد، پیشە، پلەی خوێندەواری، ڕەگەزێتی، هەروەها ئەندامێتی گرووپی نەتەوەیی (بواری کۆمەڵایەتی)؛ و پێگەی سیاسی (بواری سیاسی) وەربگێڕین. زیاد لەوەش، کۆمەڵناسان بیرمان دەخەنەوە کە لە ناو هەر ڕێکخراوێکدا لە زانکۆوە تا شوێنی کارکردن ئێمە کۆمەڵێك شوێنگە بەدەست دەهێنین کە نایەکسانن. تەنانەت کاتێك کە ئێمە لە گرووپە بچووکەکاندا کارلێك ئەنجام دەدەین یان تەنانەت لەگەڵ تاکێکی تردا، سیستەمێك دادەمەزرێنین کە تێیدا شوێنگە نافەرمییەکانی ئێمە تەقریبەن هەمیشە نایەکسانن. لە گرووپەکاندا، سەرکردەکان، شوێنکەوتوان و تەنانەت پاسەوانەکان بوونیان هەیە. بە هەمان شێوە، ئێمە کۆمەڵێك جیاوازی لە نێوان ڕێکخراوەکاندا دەبینین: بەڕێوەبەرایەتی لە کۆمپانیایەکی گەورەدا لەوانەیە دەسەڵاتێکی زیاتر یان کەمتری هەبێت لەچاو یەکیەتییەکی کرێکاریدا. هاروارد و ستانفۆرد ئیعتیبارێکی[1] زیاتریان ـ هەندێ جار تەنانەت دەسەڵاتێکی زیاتریان ـ لە زۆربەی زانکۆکانی تر هەیە. ئەنجومەنی نەتەوایەتیی تفەنگداران لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا دەسەڵاتێکی زیاتری هەیە، ئەنجومەنی پزیشکیی ئەمریکا و ئەنجومەنی نەتەوایەتیی بەرهەمهێنەرانیش بە

1 .prestige

هەمان شێوەن. حزبە سیاسییەکان دەوڵەمەند یان هەژارن. هەندێ لە کلێسەکان بە هۆی سەرچاوەیەکی دارایی کەمەوە - کاروبارەکانیان رادەپەڕێنن، لە کاتێکدا کلێسەکانی تر دەوڵەمەندترن.

بۆچی نایەکسانی بوونی هەیە؟ لە کاتێکدا کە زۆربەمان رەنگە بمانەوێت بۆ ئەم پرسیارە بەپێی سروشتی مرۆیی، بەرزی یان نزمی لایەنی بایەلۆجی، هێزە سەروو سروشتییەکان یان سیستەمی بازاڕی ئازاد وەڵام بدەینەوە، کۆمەڵناسان بە دڵنیاییەوە گرنگی بە چیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە دەدەن. بۆ دەرککردنی نایەکسانیی نێوان خەڵك لە کۆمەڵگادا، پێویستە رێکخراوی کۆمەڵایەتی بناسین، نایەکسانی کۆمەڵایەتی وەك چۆنایەتییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا لەبەرچاو بگرین، ئەو هێزە کۆومەڵایەتییە کاریگەرانەی کە بوونی نایەکسانی کۆمەڵایەتی لە ژیانی مرۆڤدا حەتمی دەکەن بناسین. کۆمەڵناس بە شێوەیەکی گشتی دوو لایەنی ئەم کێشەیە تاوتوێ دەکات:

یەکەم، بەڵگەکانی ئەوەی کە لە بنەمادا بۆچی نایەکسانی سەر هەڵدەدات.

دووەم، چۆن نایەکسانی بە درێژایی کات دەمێنێتەوە - بۆچی کاتێك کە نایەکسانی دێتە کایەوە، زۆر جار لە کۆمەڵگەدا بەردەوام دەبێت و بەمپێیە بۆچی سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی یان گۆڕانی بایەخەکەی زۆر ئەستەمە.

روون و ئاشکرایە کە تێڕوانینی کۆمەڵناسییانەی نایەکسانی - دامەزراندنی ستراکچەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا لە خۆدەگرێت. ستراکچەری کۆمەڵایەتی نموونەیەکی کۆمەڵایەتییە کە پلە نایەکسانەکان دەگرێتەوە. لەبەر ئەوە، لەهەر شوێنێکدا کە ئەم نموونەیە پەرە بسێنێت، سیستەمێکی نایەکسانی هەمیشەیی دادەمەزرێت و تاکەکان لە سەرتاسەری کۆمەڵگە و لەسەرتاپای هەر رێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا پلەبەندی دەکرێن. بەمپێیە، ئەمە نە سروشتی مرۆڤەکانە کە نایەکسانی بەدی دەهێنێت و نە بەرزی یا نزمیی سرووشت یا هێزە سروشتییەکانە، بەڵکو زیاتر کارلێکی



کۆمەڵایەتی و دروستکردنی نموونە کۆمەڵایەتییەکانە کە نایەکسانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. بە واتایەك، کۆمەڵناسان دیدگایەك قەبووڵ دەکەن کە باوەڕی وایە کە مادام خەڵك لە کۆمەڵگەدا دەژین - و بە رواڵەت ئێمەش بە سروشت واین - نایەکسانی بەشێکی سەرەکییە لە ژیان. تەنانەت کارل مارکس کە خەونی جیهانێکی یەکسانی لەسەردا پەروەردە دەکرد و پێشبینی دەکرد کە لە کۆتاییدا رۆژێك وەها جیهانێك بەدی دێت، پێی وابوو تەنیا بە لەناوچوونی کۆمەڵگە و نموونە کۆمەڵایەتییە هەمیشەییەکانی، ئیمکانی دروستبوونی ئەو جیهانە دەڕەخسێت.

## بۆچی نایەکسانی سەرهەڵدەدات؟

کاتێك کە خەڵکی پێکەوە پەیوەندی دروست دەکەن، زۆر جار دەست بە کارلێك دەکەن - ئەوان هاوکات لەگەڵ ئەوەی پێکەوە رەفتار دەکەن رەفتارەکانی یەکتری دەخەنە ژێر چاودێرییەوە. لەبەر هۆکارێك، ئەم کارلێکە کۆمەڵایەتییە نموونە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەهێنێت. ئەم نموونە کۆمەڵایەتییانە هەر کە هاتنە دی بە شێوەی هەمیشەیی دەمێننەوە. یەکێك لەم نموونانە بونیادی کۆمەڵایەتییە. ستراکچەری کۆمەڵایەتی تەقریبەن هەمیشە سیستەمێکی نایەکسانە ، بۆیە ئەمە هەر ئەو شتەیە کە ئێمە پێویستە تەرکیزی خۆمانی لەسەر چڕ بکەینەوە. دەتوانین باسەکەمان لە مارکسەوە دەست پێبکەین. مارکس جەختی لەسەر گرنگیی سەرەکیی ستراکچەری کۆمەڵایەتی کردەوە. بەڵام بۆچی کاتێك کە خەڵك لە دەوری یەك کۆدەبنەوە ستراکچەری کۆمەڵایەتی سەر هەڵدەدات؟ بۆچی پێویستە نایەکسانی سەر هەڵبدات؟ مارکس سێ هۆکاری سەرەکی لەم بوارەدا دەخاتە روو:

1ـ دابەشکردنی کار
2ـ ململانێی کۆمەڵایەتی
3- بوونی موڵکدارێتیی تایبەتی

لە روانگەی مارکسەوە، مادام کۆمەڵگە ئەم سێ تایبەتمەندییە بەدی دەهێنێت، نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا بوونی دەبێت. روونکردنەوەکەی مارکس هەموو ئەو شتە نییە کە پێویستە دەرك بکرێت، بەڵام بۆ سەرەتای باسەکە گونجاوە.

## دابەشکردنی کار و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نایەکسان

سەرنجدانی ئەم خاڵە گرنگیی خۆی هەیە کە تەقریبەن هەر کۆمەڵناسێك کە هەوڵ دەدات نایەکسانی روون بکاتەوە "دابەشکردنی کار" دەخاتە روو. لە تیۆرەکەی مارکسدا ئەم بابەتە زۆر گرنگ و بنەڕەتییە. کاتێك کە دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەدا دەردەکەوێت ـ واتە تاکەکان بە شێوەیەکی بەرچاو کۆمەڵێك کاری جیاواز ئەنجام دەدەن ـ هەندێك لەم چالاکیانە لە بەرامبەر ئەوانی تردا ئیمتیازاتێك بە هەندێك لە تاکەکان دەبەخشن. هەندێك لە چالاکییەکان بەنرختر لە قەڵەم دەدرێن، هەندێك دەرفەتی کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر فەراهەم دەکەن، هەندێك کۆمەڵێك ئیمتیاز لە رووی شێوازی ژیانیانەوە بە تاکەکان دەبەخشن، هەندێك بە درێژایی کات بەرەو کەڵەکەبوونی روو لە زیادی ئیمتیازات پەلکێش دەکرێن. ئەگەر کەسێك کاری کشتوکاڵ بکات و ئەوانی تر نەیکەن، ئەوانی تر بە شێوەیەکی بەرچاو وابەستەی ئەو کەسە دەبن. ئەگەر تاکێك لە کاری کشتوکاڵدا سەرکەوتوو بێت (لە ئەنجامی پسپۆڕی، چانس، وەبەرهێنان یان فێڵ و تەڵەکە)، لەو حاڵەتەدا ئەو جووتیارە دەتوانێت هەوڵی کەڵەکەکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان بدات ـ بۆنموونە، زەوی، کرێکار و، سەرمایە ـ کە ئیمتیازاتێك



بە کەسێك دەبەخشن لە بەرامبەر کەسانێکی تردا کە رێژەیەکی کەمتر لەو سەرچاوانەیان لەبەردەستدایە. لەمەش گرنگتر، ئەگەر جووتیارەکە بتوانێت کرێکار دابمەزرێنێت (دابەشکردنی کار)، ئەوکاتە سیستەمێکی نایەکسان بە شێوەیەکی جددی دەستبەکار دەبێت. لە روانگەی مارکسەوە، خاوەنکار کرێکارەکان کۆنترۆڵ دەکات، سەرۆك کرێکارەکانی بەکار دەهێنێت، بە هۆی زەرەرکردنی ئەوانەوە قازانج دەکات، بە شێوەیەکی بەرچاو لە پەیوەندییەکانیدا لەگەڵ ئەواندا دەوڵەمەندتر و بەهێزتر دەبێت. خاوەنکار بە تێپەڕبوونی کات دەتوانێت شوێن پێی بەرزی خۆی بەهێزتر بکات و ئیمتیازاتەکانی پەرە پێبدات. هەر کە ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگەدا دەستی پێکرد، ئیدی ناتوانرێت بە ئاسانی بوەستێنرێت. دابەشکردنی کار خۆی لە خۆیدا یارمەتیی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەدات و کار دابەشکردن کە خاوەنکارەکان و کرێکارەکان لە خۆ دەگرێت گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

ئەگەر هەمووان هەر لەبنەڕەتەوە کۆمەڵێك ئەرکی یەکسان ئەنجام بدەن ـ هیچ جیاوازییەکی گرنگ لەوەدا کە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدەن بوونی نەبێت ـ نایەکسانییەکی گرنگی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا سەرهەڵنادات. ئەگەر کرێکار و خاوەنکار نەبن یەکسانی لە کۆمەڵگەدا بەدی دێت.

مارکس تەقریبەن بە شێوەیەکی تەواو تەرکیزی لەسەر دابەشکردنی کار و ئابووری کردووە، بەڵام کار دابەشکردن دەتوانێت پەرە بسێنێت و جۆرەکانی تری چالاکییەکانیش بگرێتەوە. دابەشکردنی کار و بەمپێیەش نایەکسانی دەتوانێت لە نێو خێزانەکان، لە گرووپەکانی هاوڕێیەتی، لە قوتابخانە، لە سیاسەت، لە کڵێسەکان ـ لە راستیدا لەهەر شوێنێك کە رێکخراوی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە ببینرێت. دەکرێ تێبینی بکرێت کە دابەشکردنی کار لەم جۆرە شوێنانەدا لەو رووەوە بوونی هەیە کە دابەشکاری لە نێوان سەرکردەکان و شوێنکەوتواندا لەم گرووپانەدا سەرهەڵدەدات. کاتێك کە رێکخراوێکی گەورە یان ئاڵۆز دەبێتە (خاوەنی

کارکردە جیاوازەکان) کەسانێك سەرهەڵدەدەن کە ئەرکیان بریتییە لە دابینکردنی رەوتی رێکوپێکی چالاکییەکان، دەرکردنی بڕیاری رۆژانە و گەرەنتی کردنی ئەوەی کە رێکخراوەکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی چالاکی ئەنجام بدات. لە راستیدا، ئەم جۆرە تاکانە لە پەیوەندیان لەگەڵ رێکخراوەکانی تردا زۆر جار نوێنەری بەرژەوەندییەکانی رێکخراوەکەن. هەماهەنگیی چالاکییەکان و بە دەستهێنانی سەرکەوتوانەی ئامانجەکان زۆر جار واتای هەبوونی سەرکردە یان کۆمەڵێك لە سەرکردەکان دەگەیەنێت. هەر کە شوێنگەکانی سەرکردایەتی کردن رەخسان، لە راستیدا کار دابەشکردن هاتە کایەوە. بەڵام بۆچی ئەم حاڵەتە زۆر جار نایەکسانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؟ رۆبەرت میشلز (1876– 1936) ئەوەی روون کردووەتەوە: لەم پرۆسەیەدا ئەو جەختە لەسەر روونکردنەوەکەی مارکس و گرنگیی دابەشکردنی کار دەکاتەوە. میشلز ئەم پرۆسەیە بە پرۆسەیەکی حەتمی دەزانێت: لەهەر رێکخراوێکدا هەر کاتێك کە سەرکردەیەك هەڵبژێردرا (و بە رواڵەت بایەخێکی وەهای نییە کە چۆن هەڵبژێردرێت)، کۆمەڵێك هێزی دیاریکراو دەست بە جووڵە دەکەن تاوەکو چەند ئیمتیازێك بەرامبەر بە هەموو تاکەکانی تر بەو سەرکردەیە ببەخشن. لە راستیدا، سەرکردایەتی زۆر جار بە دەوری ژمارەیەکی کەم لە تاکەکاندا - دەسووڕێتەوە کە میشلز بە بژاردەکان (نوخبەکان) ناویان دەبات. شوێنگەکانی سەرکردایەتی ئیمتیازاتێکی زۆر بە بژاردەکان دەبەخشێت: زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە رێکخراو، مافی دەرکردنی بڕیارەکانی رۆژانە و، کۆنترۆڵکردنی ئەوەی کە ئەوانی تر لە رێکخراودا دەیزانن. بە تێپەڕبوونی کات ئەندامانی گرووپی بژاردە خۆیان لە تاکەکانی تری رێکخراوەکە جیا دەکەنەوە و هۆشیارانە شێوازگەلێك بۆ پاراستنی شوێنگەکانیان بەدی دەهێنن. ئەو تاکانە کە ناکەونە نێو بازنەی سەرکردەکانەوە دواجار زۆر کەمتر دەتوانن رەخنە لە سەرکردایەتی بگرن - و هەرچی کەمتر حەزی



خۆیان بۆ ئەم کارە دەردەبڕن. هەر کەسێك کە ئەم پێگانە داگیر بکات کۆمەڵێك شوێنگە بۆ خۆی مسۆگەر دەکات، کە بە شێوەیەکی سروشتی بەهێزترن. رەشبینیی میشلز سەبارەت بە ئیمکانی دابینکردنی یەکسانی لە رێکخراودا ناوی "یاسای ئاسنینی ئۆلیگاریش"ی لێنراوە، کە ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە لە هەر شوێنێکدا کە رێکخراو بوونی هەیە، ژمارەیەکی کەم لە تاکەکانیش بوونیان دەبێت کە بەرامبەر بە هەموو تاکەکانی تر خاوەنی دەسەڵاتن. هەر کاتێك دەڵێین "رێکخراو"، واتە حکوومەتی ژمارەیەکی کەم، جا چ بە دیموکراسی پێناسەی بکەین یا دیکتاتۆری. دواجار ئەم دابەشکردنی کارە خۆی لە دەسەڵاتدا واتای نایەکسانی دەگەیەنێت.

میشلز هەوڵ دەدات کە هەندێك لەو بارودۆخانەی کە وا دەردەکەوێت کار دابەشکردن زیاد بکەن دەستنیشان بکات. بۆ نموونە، بەزیادبوونی ژمارەی تاکەکان لە رێکخراودا، کارلێکی ناڕەسمی زۆر جار شوێنی خۆی بە رێوشوێنی رەسمیی سەرکردەکان بۆ هەماهەنگکردنی چالاکییەکان دەدات. زیاد لەوەش، ملمڵانێ لەگەڵ رێکخراوەکانی تر یارمەتیی پەرەسەندنی چڕبوونەوەی دەسەڵات و دابەشکردنی کار وەك شێوازەکانی مانەوە و پاراستنی رێکخستنی ناوخۆیی رێکخراو دەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پرۆسەیە ئاڵۆزە. هەرچەندە زیادبوونی دابەشکردنی کار زۆر جار نایەکسانییەکی زیاتر بەدی دەهێنێت، لە خاڵێکی دیاریکراودا هۆکارگەلێکی تر دێنە ناوەوە و بە ئاراستەی نایەکسانییەکی دیارتر کار دەکەن. بۆ نموونە، لە پەرەسەندنی ئابووریی کۆمەڵگەدا، گرهارد لێنسکی[1] پیشانمان دەدات کە بە تێپەڕبوونی کۆمەڵگە لە رەوشی کشتوکاڵییەوە بۆ رەوشی پیشەسازی - و بەمپێیە دابەشکردنی کاری زیاتر - لە راستیدا یەکسانی زیاتر دەبێت. ئەم دیاردەیە لەوێوە روودەدات کە بەپیشەسازی بوون کۆمەڵگەیەکی هۆشیارتر و، هێزێکی کاری لە رووی

1. Gerhard Lenski

تەکنیکییەوە شارەزاتر دەخوازێت. گرووپی بژاردەکان پێویستی بە یارمەتییەکی زیاتر بۆ سەرکردایەتیی کۆمەڵگە هەیە و، بەشێك لە تێچوونی ئەم یارمەتییە، هاوبەشیکردنە لە بواری هێز و داراییدا. لینسکی هەرگیز بانگەشەی ئەوە ناکات کە نایەکسانی کۆتایی دێت، بەڵکو دەڵێت بە بەپیشەسازی بوون نایەکسانی تەنیا پشتڕاست دەبێتەوە، چونکە تاکەکانی سەرەوە بۆیان دەردەکەوێت کە بۆ پاراستنی پێگەکەیان و بۆ بەرەو پێشچوونی ئابووریی کۆمەڵگە، پێویستە تارادەیەك بەشداربوون لە دەسەڵات و سەروەت بوونی هەبێت. لە راستیدا، لەوانەیە وابەستەیی بە چینەکانی ترەوە لە ناو کۆمەڵگەی خۆماندا بۆ بژاردە ئابوورییەکان لە جیهانی مۆدێرندا بایەخێکی کەمتری هەبێت و ئێمە گەیشتووینەتە قۆناغێك کە تێیدا هاوبەشیکردن لە سەروەت و دەسەڵات لە کۆمەڵگەدا بۆ بەرەوپێشچوونی لایەنی ئابووری زەروری نییە. دابەشکردنی کاری روو لە زیاد لەوانەیە تەنیا نایەکسانییەکی هەرچی زیاتری لێبکەوێتەوە.

هەندێ جار دابەشکردنی کار بە ئەنقەست ئەنجام دەدرێت و سیستەمی نایەکسانی هەر لە هەمان سەرەتای پێکهاتنی رێکخراوەوە بوونی هەیە. کاتێك کە کۆمەڵگەیەك دەست بە سەر کۆمەڵگەیەکی تردا دەگرێت و ستراکچەرێکی نوێی کۆمەڵایەتی دادەمەزرێت تەقریبەن هەمیشە ستراکچەری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی خۆویستانە گرووپی دۆڕاو لە پێگەیەکی جیاواز و خوارتر لە گرووپی براوەدا جێگیر دەکات. کۆیلایەتی و داگیرکاریش لە سەدەی نۆزدەیەمدا دوو نموونەی ئەم واقیعەن.

لە راستیدا، کاتێك کە خەڵك لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە تاوەکو رێکخراو و دامودەزگای تایبەت بەخۆیان پێکبهێنن - وەك بنکەی ئیش و کار، یانە، یەکێتیی تیپە وەرزشییەکان - دابەشکردنی کار بە چەشنێکی ئامانجدار و هاوکات لەگەڵیدا سیستەمێکی نایەکسانی روون و ئاشکرا دادەمەزرێت. بنکە نوێیەکە دەستەیەکی بەڕێوەبردن لەگەڵ بەڕێوەبەر،



جێگر و ...هتد دەهێنێتە کایەوە. ریستۆرانتێکی نوێ لەگەڵ بەڕێوەبەر، جێگری بەڕێوەبەر، سەرۆکی خزمەتکارەکان و، چێشتکەر و سەرپەرشتیاری کرێکاران دەگرێتەوە. ڤێبەر ئەم سیستەمی نایەکسانە وەك دەسەڵاتی "ئەقڵانی - یاسایی" یا "دەسەڵاتی بیرۆکراتیك" وەسف دەکات، واتە پلەبەندی خۆویستانەی پێگەکان بەپێی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی لە رێکخراودا. ئامانجی ئەم کارە چییە؟ وەڵامی ڤێبەر ئەمەیە کە ئامانجەکەی کارا بوونە: لە جیهانی مۆدێرندا، لەوێوە کە کارابوون لە رێکخراودا گرنگیی زۆری هەیە، تاکەکان بە ئەنقەست ئەوەی کە بە سیستەمی ئەقڵانیی نایەکسانی لە قەڵەم دەدەن بەدیدەهێنن تاوەکو دڵنیا بن کە دابەشکردنی دەسەڵات و لێپرسراوێتی بە شێوەیەکی روون و کارامە هاتۆتە ئاراوە. لە روانگەی ڤێبەرەوە، ئەم جۆرە دەسەڵاتە لە هەموو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان و هەورەها تەقریبەن لە هەموو رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مۆدێرندا بوونی هەیە. بونیادی دەسەڵاتی بیرۆکراتیك لە هەر رێکخراوێکدا کە بڕۆینە ناوییەوە بوونی دەبێت و هەمووومان کۆمەڵە پێگەیەك لە ناو ئەو ستراکچەرەدا داگیر دەکەین و دەسەڵاتێکی کەمتر یان زیاتر لەوانی ترمان لەو ستراکچەرەدا دەبێت. بە واتایەك، نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بە ئەنقەست لەلایەن کۆمەڵێك تاکەوە بەدی دێت کە دەیانەوێت ئەوانی تر بۆ ئەنجامدانی کارەکان رێك بخەن.

ڤێبەر بیرۆکراسی بە سیستەمێك دەزانێ کە لە سەدەی بیستەمدا شێوەی رێکخراوێکی باڵادەست بەخۆوە دەگرێت و ئەگەر ئێمە سەیری دەوروبەری خۆمان بکەین دەتوانین ببینین کە تاچ رادەیەك بۆچوونەکانی راست بووە. تا رادەیەك ئەگەر بڕۆینە ناو هەر رێکخراوێکی گەورەوە نموونەیەکی تر لە بیرۆکراسیەت دەبینین. شیکردنەوە پرشنگدارەکەی ڤێبەر لە بیرۆکراسیدا چەند خاڵێکی گرنگمان وەبیر دەهێنێتەوە: 1) بیرۆکراسی سیستەمێکی رێکخراوەییە کە بە ئەنقەست بۆ ئەنجامدانی کارەکان بە کارایییەکی هەرچی زیاترەوە هاتۆتە کایەوە. 2) بیرۆکراسی سیستەمێکی نایەکسانە کە بە

مەبەستی دابەشکردنی ئاشکرا و راشکاوانەی لێپرسراوێتی و دەسەڵات دامەزراوە. گوێڕایەڵیی دەسەڵات بەهایەکی سەرەکیە. 3) بیرۆکراسی فۆرمێکە لە رێکخراو کە بکەرەکان نایەکسانییەکەی بە زەرووری و یاسایی دەزانن. بیرۆکراسی سیستەمێکی کۆنترۆڵە کە رێك و راست دادەمەزرێت تاوەکو دڵنیاییەك بەرهەم بێت کە بڕیارەکانی ژمارەیەکی کەم لەلایەن ژمارەیەکی زۆرەوە جێبەجێ بکرێن. 4) بیرۆکراسی هەر کە سەرهەڵبدات لەناوبردنی تەقریبەن مەحاڵە، چونکە دابەشکردنی کار وەك ئامرازێکی زەرووری بۆ بە دەستهێنانی ئامانجەکانی رێکخراوی لێدێت و هەورەها لەو رووەوە کە ئەو کەسانەی کە لە سەرەوەن هۆکارەکانی کۆنترۆڵی ئەوانی تریان بەو شێوازانەی کە لە جۆرەکانی تری رێکخراودا وێنا ناکرێت، لەبەردەستدایە.

تەقریبەن هەموو کۆمەڵناسە کلاسیکییەکان جەخت لەسەر گرنگیی دابەشکردنی کار بۆ سەرهەڵدانی نایەکسانی دەکەنەوە. رێکخراوێك کە تێیدا سەرکردەگەلێك بوونیان نەبێت یان کۆمەڵگەیەك کە تێیدا هەمووان کۆمەڵێك ئەرکی یەکسان ئەنجام بدەن وەك خەونێکی مەحاڵ (یان وەهم و خەیاڵ) دێتە پێش چاو. ئەوەی کە کار دابەشکردنێك دابمەزرێنین کە خاوەنی پێگەی یەکسان بێت فێڵێکە کە بە مەحاڵ دەزانرێت.

## ململانێی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی نایەکسان

تا ئێرە ئێمە تەرکیزمان لەسەر دابەشکردنی کار وەك روونکردنەوەیەك بۆ نایەکسانی کردووە. مارکس ئێمە لەگەڵ سەرچاوەیەکی دووەمدا، واتە ململانێ کۆمەڵایەتیدا، ئاشنا دەکات.

ململانێ واتای رووبەڕووبوونەوەی بکەرەکان لەسەر شتێکی بەنرخ دەگەیەنێت. لە شوێنێکدا کە روبەڕووبوونەوە هەیە، هەندێ لە بکەرەکان براوە و هەندێك دۆڕاو دەبن و یان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەندێك زیاتر لەوانی تر ئەوەی کە دەیانەوێت بەدەستی دەهێنن. دژایەتی و ململانێ



کاتێك روودەدات کە کەمایەسی بوونی هەیە. هەر کەسێك ناتوانێت ئەوەی کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، چونکە بە دوای شتێکدا دەگەڕێت کە بە رادەی پێویست بوونی نییە. دژایەتی، هەروەها کاتێك روودەدات کە هەندێك لە تاکەکان دەست بەسەر ئەو شتەدا دەگرن کە لە کۆمەڵگەدا بەنرخە و لەئەنجامدا، ئەوانی تری لێ بێبەش دەکەن. بەهەرحاڵ، دەرەنجامی کەمایەسی یان دابەشکردنی نایەکسانە، چونکە هەندێك داراییەکانی خۆیان پەرە پێدەدەن و ئەوانی تر ناتوانن.

بە تێگەیشتن لە رۆڵی دەسەڵات باشتر لە هەموو شتێك دەتوانرێت سەرکەوتن لە ململانێدا روون بکرێتەوە: ئەو کەسانەی کە براوە دەبن لە نەیارەکانیان دەسەڵاتی زیاتریان هەیە و بەمپێیە دەتوانن لە کارلێکدا سەرکەوتووبن. ئەمە لەوانەیە دەسەڵاتی تاکەکەسی بێت (کە بۆ نموونە لەسەر بنەمای زیرەکی، هێز، سەرنجڕاکێشان، چەك یان سامان راوەستاوە). زۆر جار ئەوە رێکخراو، گرووپ یان کۆمەڵگەیە کە دوچاری دژایەتی و بەرەنگاربوونەوە دەبێت و لە رێگەی دەسەڵاتی باڵاترەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت (بۆ نموونە، کارایی باشتر، ئینتیمای زیاتر لە نێوان ئەندامەکان، تەکنەلۆژیای باشتر، سەرکردایەتیی باشتر یا چەك یان سامانی زیاتر).

کاتێك کە دژایەتی بوونی هەیە و هەندێك لە تاکەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؛ ئەوان دەتوانن باشتر لە نەیارەکانیان بە ئامانجەکانیان بگەن. ئەوان زۆر جار دەتوانن سەرکەوتنی خۆیان پەرە پێبدەن و لە پێشتر بوونی خۆیان بەرامبەر بەوانی تر زیاتر بکەن، کە ئەمەش بە گوێرەی خۆی هەلی پەرەپێدانی تەنانەت زیاتری دەسەڵاتیان بۆ دەرەخسێنێت. دواجار، ئەو کەسانەی کە براوە دەبن دەتوانن سیستەمێکی نایەکسان[1] دابمەزرێنن، واتە بونیادێکی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ئەوان لە سەرەوەدان و بە کولتوور و کۆمەڵێك لە دامەزراوەکان پارێزگاریان لێدەکەن. ئەم سیستەمە

1 system of inequality

نایەکسانە یارمەتی دەستەبەرکردنی مانەوەی ئەوان (و هەروەها گرووپەکەی ئەوان و نەوەکانی ئایندەیان) لەم پێگە بەرزەدا دەدات. سەرکەوتن بە دامەزراوەیی دەبێت، واتە لە شێوازی کارکردنی کۆمەڵگەدا جێگیر دەبێت. ئەو کەسانەی کە براوە دەبن سیستەمێك دادەمەزرێنن کە یارمەتیی گەرەنتی کردنی بەردەوامی سەرکەوتنەکانیان دەدات. بەمپێیە، ئەمریکییەکان دێن بۆ ئەمریکا، بەسەر دانیشتووانی رەسەنی ئەمریکادا سەر دەکەون و پەیمانێك مۆر دەکەن و سیستەمی شوێنی دانیشتووانی تایبەت بە نەیتڤەکان دادەمەزرێنن کە بەردەوامی خاوەنداریێتی زەوی و دەستەمۆکردنی نەیتڤەکانی ئەمریکا گەرەنتی دەکات. دوو بنکەی ئاڵوگۆڕ بۆ بازاڕێك لەگەڵ یەکتر کێبڕکێ دەکەن. یەکێکیان دواجار لەم کێبڕکێیەدا پێش دەکەوێت و بە تێپەڕبوونی کات ئەوەی کە پێش کەوتووە هەوڵ دەدات ئەم پێگە بەرزەی خۆی لە رێگەی دروستکردنی سیستەمی دابەشکردن، سیستەمی نرخدانان و، بەرنامەی پڕوپاگەندەوە کە بەردەوامی دەسەڵاتەکەی بەسەر بازاڕدا دەسەپێنێت، بپارێزرێت، زۆر جار، دەرەنجامی بەدیهاتنی سیستەمی تەقریبەن هەمیشەیی نایەکسانی لە نێوان ئەم بنکانەی ئاڵوگۆڕکردندایە.

دامەزراندنی سیستەمی هەمیشەیی نایەکسانی لە چەند روویەکەوە بە قازانجی گرووپی دەسەڵاتدارە. یەکەم، پارێزگاری لەو ئیعتیبارانە دەکات کە گرووپەکە پێشتر هەیەتی. بەمپێیە سیستەمی حکوومەت و یاسا ئەگەر لەژێر کاریگەریی توندی دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتداران بێت، یارمەتیی پاراستنی دارایی و ئیمتیازاتی ئەوان لە بەرامبەر ئەوانی تر لە کۆمەڵگەدا دەدات. دووەم، گرووپی باڵادەست لە شوێنگەیەکی کێبڕکێ ئامێزی لەباردا بۆ پیشەکان، پەروەردە و فێرکردن و، خانووبەرە جێگیر دەکات. سێیەم، دەرفەت بۆ بژاردەکان دەڕەخسێنێت تاوەکو سوود لەو کەسانەی کە لە پێگەکانی خوارەوەدان وەك کرێکار و کرێچی و بەکاربەران وەربگرن و بەمپێیە ژیان ئاسانتر بکەن و سەروەتی خۆیان زیاتر بکەن. ئێمە بە



دروستی دەتوانین باوەڕمان بەوە هەبێت، کە سیستەمی نایەکسانی **پێگەی بەرزی دەسەڵاتداران دەپارێزێت، نفووزی کێبڕکێ ئامێزی ئەوان زیاتر دەکات** و هەلیان بۆ دەڕەخسێنێت کە ئەو کەسانەی کە لە پێگەکانی دواتردان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن.

جیهان وەکو شوێنێکی دژایەتی و دووبەرەکیی بەردەوامی کۆمەڵایەتی وێنا بکەن: هەموو تاکی گرووپەکان، رێکخراوەکان و کۆمەڵگەکان لەپێناو هەر شتێکدا کە بەنرخ بێت بەرەنگاری یەکتری دەبنەوە. هەر بەو جۆرەی کە هەندێك براوە دەبن، ئەوانی تر دەیدۆڕێنن و بە تێپەڕبوونی کات سیستەمێکی تەقریبەن هەمیشەیی نایەکسانی سەرهەڵدەدات. هەندێك دەوڵەمەند دەبن، هەندێك هەژار، هەندێك دەبنە خاوەنی دەسەڵات، هەندێك بێدەسەڵات، چینێکی سەرەوە سەرهەڵدەدات، و چینێکی هەژار دێتە کایەوە. پیاوان، نەك ژنان، سیستەمی ئابووری و سیاسی کۆنترۆڵ دەکەن و جۆری یاساکان، بیروباوەڕ و هزرەکان، ترادسیۆنەکان و، دامەزراوەکان سەر هەڵدەدەن کە بەردەوامی بەم کۆنترۆڵکردنە دەبەخشن. سپی پێستەکان دەسەڵات بەسەر غەیرە سپی پێستەکاندا دەگرن و پرۆستانتەکان بەسەر کاتۆلیکییەکاندا زاڵ دەبن. لە هەر حاڵەتێکدا سیستەمێکی سەقامگیری نایەکسان دادەمەزرێت کە بە قازانجی دەسەڵاتداران تەواو دەبێت. ئەم دیاردەیە لە هەر رێکخراو و گرووپێکدا روودەدات، تاکەکان لە گرووپە تازە پێکهاتووەکاندا دەست بە ململانی دەکەن، لە دەستەی سوێندخۆرەکانەوە تا یانەکان، تا گرووپەکانی توێژینەوە تا خێزانەکان. لە هەموو بارودۆخەکاندا، ئەو تاکانەی کە سەرکەوتوو دەبن دەتوانن شێوازگەلێك بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەدی بهێنن، بە کورتی، براوەکان لەبەربەرەکانێیەکی کۆمەڵایەتیدا زۆر جار دەتوانن سەرکەوتنەکانی خۆیان گەرەنتی بکەن.

روونترین نموونەکان حاڵەتەتەکانی دەسەڵاتی توند و زیادەڕۆیانەیە. تا ئەم کۆتاییانە، ئەمریکای باشوور بە هۆی یاساکان، ڕێوڕەسمەکان و هزرگەلێکەوە دەستنیشان دەکرا کە بە ئاشکرا جیابوونەوەی نەژادەکانی رادەگەیاند و ڕەشەکانی لە بەشداریکردنی یەکسان لە کۆمەڵگە و پشتیوانیکردنی یەکسانی یاسا جیا دەکردەوە. کۆیلایەتی لە ئەمریکاشدا بەم جۆرە بوو. بە رادەیەکی جیاواز، کۆمەڵگەی مەسیحی، جوولەکە و موسڵمانەکان هەمیشە یاسایەکی دیاریکراویان هەبووە کە بە سەر کردەوەکانی پیاوان و ژناندا زاڵ بووە، یاسایەك کە تێیدا ژیان بە شێوەکی سیستەماتیك لە بەشداریکردنی کامڵ لە نێو سیستەمە سیاسی، فێرکاری، ئایینی و ئابوورییەکاندا جیا کراونەتەوە. کاتێك نازییەکان لە ئەڵمانیا هاتنە سەر حوکم، بوونی پیشە ئابڕوومەندانەکانیان بۆ جوولەکەکان بە نایاسایی زانی، کۆمەڵە یاسایەکیان دەرکرد کە مانای هاووڵاتی بوون لە جوولەکەکان بسێنێتەوە و، دەست بەسەر دارایی و سامانی جوولەکەکاندا بگرێت. ئەوان دواجار سیستەمێکی سیستەماتیکیان بۆ نیشتەجێ کردنی دووبارەی جوولەکە ئەڵمانییەکان لە ئۆردوگا جێگیرەکاندا دامەزراند کە تێیاندا زۆرینەیەکی گەورەی جوولەکەکان بە شێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو کوژران.

دۆناڵد نوئل (1968) لە تیۆری سەرچاوەی چینایەتی نەتەوەیی خۆیدا، جەخت لەسەر رۆڵی دژایەتی دەکاتەوە. سێ مەرجی پێویست لێرەدا بوونیان هەیە. یەکەم، ئەو گرووپانەی کە خاوەنی کۆمەڵێك کولتوور و ناسنامەی جیاوازن لە دەوری یەکتری کۆدەبنەوە. دووەم، کێبڕکێ بۆ سەرچاوەیەکی کەمیاب، یان دەرفەتێك بۆ بەکارهێنانی لەلایەن گرووپێکی ترەوە (کە هەردووکیان دوو نموونەی ململانێن) لەئارادایە. سێیەم، گرووپێك زیاتر لە گرووپێکی تر دەسەڵاتی هەیە و دەتوانێت بەجۆرێکی سەرکەوتوانە لەم ململانێیەدا، ئیرادەی خۆی بسەپێنێت.



گرووپی سەرکەوتوو لەم ململانێیەدا، سیستەمێك دادەمەزرێنێت کە لە بنەڕەتدا بەردەوامی (هەمیشەیی) بە نایەکسانیی بەدەستهاتوو دەبەخشێت:

دژایەتی کۆمەڵایەتی ← سەرکەوتنی گرووپێك ← دامەزراندنی سیستەمی نایەکسانی کە بەردەوامی هەمیشەیی بە شوێنگەی بەرزی گرووپ دەبەخشێت.

دوو روونکردنەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی لێرەدا خراونەتە روو: دابەشکردنی کار و ململانێی کۆمەڵایەتی. کاتێك کە رێکخراو یان کۆمەڵگەیەك کۆمەڵێك ئەرك لە نێوان تاکەکانی خۆی دابەش دەکات، هەندێك دەبنە خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاتر لەوانی تر. بە گیرۆدەبوونی تاکەکان لە نێو ململانێی کۆمەڵایەتیدا، هەندێك براوە دەبن و هەندێك دۆڕاو و بە تێپەڕبوونی کات، سیستەمی دەسەڵاتی نایەکسان دادەمەزرێت. ئێمە ناڵێین کە ئەو کەسانەی کە دەیبەنەوە خراپ و خۆپەرستن (هەندێ جار بەم جۆرەن و هەندێ جاریش نین)، بەڵام زۆربەمان کاتێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنین، بۆ پاراستنی جیهانێك کە تێیدا سەرکەوتوو بووین پاڵنەری پێویستمان دەبێت و هەوڵ دەدەین پارێزگاری لێبکەین.

تا ئێرە ئێمە ململانێی کۆمەڵایەتیمان بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە بەستۆتەوە: دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی هەل بۆ هەندێك دەڕەخسێنێت کە لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن، سەرکەوتن لە ململانێی کۆمەڵایەتیدا، بە گوێرەی خۆی، زۆر جار دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئێمە دابەشکردنی کاریشمان بە دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە بەستۆتەوە: هەرکە دابەشکردنی کار دێتە کایەوە، هەندێك لە پێگەکان دەسەڵاتێکی زیاتر لەوانی تر بەدەست دەهێنن، پێگەگەلێك کە

خاوەنی دەسەڵاتێکی زیاترن دەتوانن گەرەنتیی بەردەوامی کاردابەشکردنێك بکەن کە بە قازانجیان تەواو دەبێت.

ئاسانترین رێگا بۆ دەرککردنی واتای دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی زانینی ئەو خاڵەیە کە **دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی** توانای بەدەستهێنانی ئامانج بە بکەرەکان یان رێکخراوەکان دەبەخشێت لە پەیوەندیان لەگەڵ ئەوانی تردا. هەبوونی دەسەڵاتی زۆر واتای ئەوە دەگەیەنێ کە دەتوانرێت سەرکەوتن بەسەر ئەوانی تردا بەدەست بهێنرێت. **لە ئەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کار، سیستەمێکی نایەکسانی دەسەڵات لە نێو هەموو گرووپ و رێکخراو و کۆمەڵگەکاندا سەرهەڵدەدات.**

## سەرهەڵدانی موڵکدارێتیی تایبەت و ئیمتیازاتی نایەکسان

دابەشکردنی کار و ململانێی کۆمەڵایەتی نەك تەنیا نایەکسانیی دەسەڵاتی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو ئیمتیازاتیش بە شێوەیەکی نایەکسان دابەش دەکەن. بۆ دەرککردنی ئەم بابەتە، جارێکی تر ململانێی کۆمەڵایەتی تاوتوێ دەکەینەوە.

ململانێی کۆمەڵایەتی مانای ئەوەیە، کە بکەرەکان بۆ شتێك خەبات دەکەن: هەندێك دەیبەنەوە و هەندێك دەیدۆڕێنن. بەربەرەکانێ لەسەر دەسەڵات بوونی هەیە، بەڵام ململانێ لەسەر شتگەلێك کە بکەرەکان بە بەهادار تەماشای دەکەن دیسان لە ئارادایە: زەوی، پارە، کار و پیشە، خانووبەرەی باش، پەروەردە و فێرکردنی باش، ئاسایش. بەربەرەکانێ لەو رووەوە بوونی هەیە کە ئەم شتانە کەمیابن؛ خەڵك زیاتر لەوەی کە لەبەردەستیاندایە، داوا دەکەن. بەمپێیە ململانێ بوونی هەیە و هەرچی زیاتر هەندێك لە تاکەکان ئەم شتانە بەدەست دەهێنن، ئەوانی تر کەمتر دەتوانن ببنە خاوەنیان. ئەگەر هەموو خەڵك توانیبایان بەو شتانەی کە



هەیانە رازی بن، پێویستییەکی کەمتر بە ململانێ لەسەر شتە بەنرخەکان دەبوو. هەندێ جار کێشەکە کەمایەسی نییە، بەڵکو تەنیا ئەو راستییەیە کە هەندێ لە تاك و گرووپەکان دەتوانن زیاتر لەوەی کە بەڕاستی پێویستیانە کۆ بکەنەوە و لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا کە بە رادەی پێویستیان نییە سەرچاوەیەکی دەسەڵات بەدیدەهێنن. ئەگەر دابەشکردن بۆ شتە بەنرخەکان مومکین بووایە، ململانێش بە شێوەیەکی بەرچاو کەم دەبۆوە. بەڵام، هەر بەو جۆرەی کە مارکس بە بیرمان دەهێنێتەوە، دابەشکردنی یەکسانی کاڵا مادییەکان بەتایبەت کاتێك کە خاوەندارێتیی تایبەتی لە ئارادایە، مەحاڵە. لەم حاڵەتەدا، تاکەکان دەتوانن هەر شتێك بەدەست دەهێنن دەستی بەسەردا بگرن و سنووردارکردنی کۆکردنەوەی ئەوەی کە بوونەتە خاوەنی ئەستەمە. ئەوان هەر شتێك کە بیانەوێت بەدەستی بهێنن وەك بەشێك لە مافی خۆیان جێگیری دەکەن. خەڵك چیتر دوای رازیکردنی خواستە سەرەکییەکانی یەکتر ناکەون، بەڵکو هەوڵ دەدەن ئیمتیازات و دەسەڵاتیان لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا پەرە پێبدەن. جان جاك رۆسۆ ئەم بابەتە بە رۆشنی روون دەکاتەوە:

> یەکەم مرۆڤ کە پەرژینی بە دەوری پارچە زەوییەکدا دروست کرد و ئەو بیرۆکەیەی لەلا دروست بوو کە بڵێت: **"ئەمە موڵکی منە"** و ئەوەندە بە سادەیی سەیری خەڵکی کرد کە باوەڕ بە قسەکەی بکەن، ئەوە دامەزرێنەری راستەقینەی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو. ئەگەر کەسێك دارەکانی پەرژینەکەی دەرهێنا یان، چاڵەکانی پڕ بکردایەوە و، بەرامبەر بە هاوتاکانی خۆی هاواری کردایە، "ئاگادار بن کە بەرهەمەکانی زەوی هی هەمووانە و زەوی موڵکی هیچ کەس نییە"، لەوانەبوو مرۆڤایەتیی لە زۆربەی تاوان و جەنگ و کوشتار و، لە زۆربەی تۆقاندن و بەدبەختییەکان رزگار بکردایە. (207: 1755).

ئەگەر هەمووان خاوەنی هەموو شتێك بوونایە، ئەگەر هیچ کەس لەسەر شتە مادییەکان هیچ مافێکی زیاتر بەرامبەر بە ئەوانی تر نەبووایە، لەو حاڵەتەدا نایەکسانی زۆر کەم دەبوو. بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا خاوەندارێتی تایبەتی بوونی هەیە و بڵاویش دەبێتەوە. هەندێ لە تاکەکان، لە ململانێدا لەسەر شتی مادی، سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و دەست بە کۆکردنەوەی کۆیلە یان زەوی یا پارە دەکەن. ئەم شتانە دەبێتە هی ئەوان. هەرچی تاکەکان بەرامبەر بە ئەوانی تر لەم شتانە زیاتر بەدەست بهێنن، نایەکسانی لە نێوانیاندا زیاتر دەبێت. ڤێبەر هەموو ئەم شتانە بە ئیمتیاز پێناسە دەکات. ئیمتیازات[1] هەموو ئەو دەستکەوتانە لەخۆ دەگرێت کە بکەر بە هۆی پێگەکەیەوە لە کۆمەڵگە یان رێکخراوی کۆمەڵایەتیدا بە دەستیان دەهێنێت، بۆ نموونە: داهات، خانووبەرە، ژینگەی شوێنی کارکردن، چاودێریی پزیشکی و تەندروستی و دەرفەتی خوێندن. بەمپێیە، ئێمە هەم لە رووی دەسەڵاتەوە (توانای بەرجەستەکردنی ئیرادەی خۆمان) و هەم لە رووی ئیمتیازاتەوە (ئەو دەستکەوتانەی کە وەریاندەگرین) نایەکسان دەبین و، ئەم هەر دوو نایەکسانییە لە ئەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات.

نایەکسانیی ئیمتیازات نەك تەنیا لە ئەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی بەڵکو بەهۆی دابەشکردنی کاریشەوە روودەدات. خاوەن کارەکان زیاتر لە کرێکارەکان پارە بەدەست دەهێنن، پزیشکەکان زیاتر لە پەرەستاران و ئەستێرەکانی راك زیاتر لە مامۆستایان داهاتیان هەیە. بۆچی دەبێت وابێت؟ روون و ئاشکرایە کە ئەو کەسانەی کە کۆمەڵێك پێگەی گرنگ لە دابەشکردنی کاردا بەدەست دەهێنن لە باشترین بارودۆخدان بۆ ئەوەی پەرە بە ئیمتیازاتەکانیان بدەن. خاوەن کارگەکان زیاتر لەوانی تر دەسەڵاتیان هەیە و، بەمپێیە دەرفەتگەلێکی زیاتریان هەیە - تاوەکو

1. Privileges




ئەوەی کە بە دەستی دەهێنن پەرەی پێبدەن. ئەو کەسانەی کە کۆمەڵێك شوێنگەی کەم بایەختردان تەنیا لە رێگەی رێکخراوەیی بوون و وەرگرتنی پشکی زیاتر لە کاربەدەستەکانیان دەتوانن ئیمتیازاتەکانیان زیاتر بکەن.

بەڵگەیەکی تر کە دەیسەلمێنێت دابەشکردنی کار دابەشکردنی نایەکسانانەی ئیمتیازاتەکانی لێدەکەوێتەوە پەیوەندی بە هەلومەرجی بازاڕەوە هەیە: بە هۆی کۆمەڵێك لە هۆکارەکانی خوارەوە، لە نێو رێکخراوێکدا ئیمتیازاتی جیاواز بە پێگەکان دەدرێت: 1) گرنگیی ئەوان بۆ ئەو رێکخراوە (گرنگترین پێگەکان زۆر جار زۆرترین ئیمتیازاتەکان بەدەست دەهێنن)، 2) رێژەی خوێندەواری و هەوڵدان و ماندووبوونێك کە تاکەکان پێویستە لە پێناو ئەو پێگانەدا بینوێنن (هەرچەندە ئەم خوێندن و هەوڵ و ماندووبوونە زیاتر بێت ئیمتیازاتەکان زیاتر دەبێت)، 3) کەمیابیی تاکەکان بۆ ئەو پێگانە (هەرچی ژمارەی ئەو تاکانەی کە عەودالّی ئەو پێگانەن کەمتر بێت، ئیمتیازاتەکان زیاتر دەبێت). بەپێچەوانەوە هەر شوێنگەیەك کە زۆر گرنگ نەبێت، خوێندنێکی کەمتری پێویست بێت و، ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بۆ بەدەستهێنانی کێبڕکێ بکەن، مووچەیەکی زۆر کەمتر وەردەگرێت. دواجار، ئەو شوێنگانەی کە زەرووریین پێویستە پڕ بکرێنەوە، بۆ پڕکردنەوەیان پێویستە سەرنجی تاکەکان رابکێشرێت؛ بۆ راکێشانی تاکەکان، پێویستە سوود لە ئیمتیازاتەکان وەربگیرێت. بارودۆخی بازاڕ و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی پێکەوە دەبنە هۆی ئەوە کە دابەشکردنی کار سیستەمێکی ئیمتیازاتی نایەکسان بهێنێتە کایەوە.

بەمپێیە، باسەکەی ئێمە لەوەش کە هەیە ئاڵۆزتر دەبێت. نەك تەنیا دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئیمتیازاتێکی زیاتری لێدەکەوێتەوە، بەڵکو پێچەوانەکەشی راستە. ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی (وەك، پارە، زەوی، کارگەکان)یش دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتیی زیاتری لێدەکەوێتەوە. دەسەڵات بە هۆکارگەلێکی زۆرەوە بەستراوەتەوە، بەڵام سەروەت و سامان بە

دڵنیاییەوە لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەیە. ئەو کەسانەی کە کار و پیشەی پڕ داهاتیان هەیە دەسەڵاتیان لە تاکە کەم داهاتەکان زیاترە. ئەوانەش کە خاوەنی سەروەت و سامانن کاریگەری لە سەر هەر شتێك کە لە بواری ئابووری، لە حکوومەت و لە میدیاکاندا روودەدات دادەنێن. لەبەر ئەوە، دەرککردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و ئیمتیاز گرنگە: دەسەڵات ئیمتیاز بەدی دەهێنێت و ئیمتیاز دەسەڵات. ئەمە هەردووکیان، دەرەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی و کاردابەشکردنن. لەوانەیە پیشاندانی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزانە سوودمەند بێت.




دابەشکردنی کار تاکەکان لێك جیا دەکاتەوە و سیستەمێکی نایەکسان، هەم لە رووی دەسەڵات و هەم لە رووی ئیمتیازەوە بەدی دەهێنێت. ململانێی کۆمەڵایەتی براوە و دۆڕاوە دەهێنێتە کایەوە؛ لەبەرئەوە، براوەکان لە شوێنگەیەکدان کە هەم دەسەڵات و هەم ئیمتیازاتەکانیان زیاتر بکەن. ململانێی کۆمەڵایەتی و مافی خاوەنداریێتی تایبەتی ئیمتیازاتی نایەکسانیان لێدەکەوێتەوە. ئیمتیازاتی نایەکسان، بە گوێرەی خۆی، دەسەڵاتی نایەکسان دەهێننە کایەوە و دەسەڵاتی نایەکسان ئەگەری زیادبوونی ئیمتیازاتەکانی لێدەکەوێتەوە. خاوەنکارەکان زۆر جار هەم دەسەڵات و هەم ئیمتیازاتێکی زیاتریان هەیە، کرێکارەکان زۆر جار هەم لە رووی دەسەڵاتەوە و هەم لە رووی ئیمتیازاتەوە، لە شوێنگەیەکی



خوارتردا گیرساونەتەوە. سەرکردەکان لە هەر دوو رووەکەوە لە شوێنگەیەکی بەرزتردان و شوێنکەوتووان لە پێگەیەکی نزمتر. دەوڵەمەندەکانیش لە هەر دوو لایەنەوە زۆر جار لە شوێنگەیەکی بەرزدان و، هەژاران لە شوێنگەیەکی نزمتردا، سپیپێستەکان، بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا گەورەکان و جەنەڕاڵەکانی سوپا زۆر جاران لە هەر دوو رووەوە لە شوێنگەی بەرزدان؛ غەیرە سپیپێستەکان، کارمەندەکان و، سەربازانیش لە شوێنگەیەکی نزمتردا جێگیر بوون.

## ئیعتیباری کۆمەڵایەتی و نایەکسانی

جۆرێکی تری نایەکسانی لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا دەردەکەوێت کە ئەم نایەکسانییەش هەم لەسەر دەسەڵات و هەم لەسەر ئیمتازاتەکان کاریگەری دەبێت. ئەم نایەکسانییە **ئیعتیباری کۆمەڵایەتییە**.

مارکس لە شیکردنەوەکەی خۆیدا جەختی لەسەر ئیعتیباری کۆمەڵایەتی نەکردەوە، بەڵکو کۆمەڵناسانی تری وەك ڤێبەر، ئاماژەیان پێکردووە. ئیعتیباری کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە چۆنیەتیی هەڵسەنگاندنی ئێمەوە هەیە لەلایەن ئەوانی ترەوە. هەمووومان دەمانەوێت لەلایەن ئەوانی ترەوە رێزمان لێ بگیرێت. هەندێك لە ئێمە لە سەرتاسەری ژیانماندا بۆ پاراستن و بەدەستهێنانی ئەم رێزە هەوڵ دەدەین. رێزگرتن شتێکی تاکەکەسییە و لەسەر تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان کە تاك هەیەتی تەرکیز دەکات: وەك راستی، زیرەکی، لێهاتوویی (لە بوارەکانی مۆسیقا، وەرزش، هونەر). ئیعتیباری کۆمەڵایەتی وەك رێزگرتن وایە، لەو رووەوە کە بەستراوەتەوە بەوەی کە ئەوانی تر چۆن سەیری ئێمە دەکەن، بەڵام ئەم رێزگرتنە حاڵەتێکی **کۆمەڵایەتییە**. رێزگرتنێکە کە ئەوان لەبەر **پێگەی کۆمەڵایەتی** تاك لە کۆمەڵگەدا بۆی دادەنێن.


هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە پێگەکان لە کۆمەڵگە یان لە هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییان هەیە، تاکەکان ڕێژەیەکی جیاواز ڕێز بۆ ئەو پێگانە دادەنێن و تاکەکان لەسەر بنەمای شوێنگەکانیان لە نێو بونیادی کۆمەڵایەتیدا دادوەریان دەربارە دەکرێت: بۆ نموونە، ئایا پیاون یان ژن؟ سپیپێستن یا ڕەنگی تر؟ پسپۆڕ یان کرێکاری یەخە شینن؟ سکرتێری سەرۆکن یا جێگری سەرۆك؟ خەڵك ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتیی زۆر بۆ بەڕێوەبەرانی جێبەجێ کردنی پۆستە بەرزەکان لە کۆمەڵگەدا دادەنێن و بە چاوی ڕێزەوە سەیری لەشفرۆشەکان ناکەن. ئەفسەرەکان لە نێو سوپادا خاوەنی ئیعتیبارێکی زیاترن لە چاو سەربازەکاندا، مامۆستایانی زانکۆ ئیعتیبارێکی زیاتریان لە مامۆستایان هەیە و، دەوڵەمەندەکان ڕێز و ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتیی زیاتریان لە چاو هەژاراندا هەیە. هەمیشە روون نییە کە بۆچی هەندێك لە پێگەکان ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی زیاتر لەوانی تر بەدەست دەهێنن، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لەبەر **دەسەڵات و ئیمتیازێکە** کە هاوکات لەگەڵ ئەم پێگانەدا بەدەست دێت. پێگە دەسەڵاتدار و پڕ داهاتەکان زۆر جار ڕێزێکی زیاتریان لێدەگیرێت (چینی سەرەوە، سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردن، بەهەمهێنەری فیلم، ئەندامانی کۆنگرە). ئەو کەسانەی کە بێ دەسەڵات یان ئیمتیازن زۆر جار ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتیی کەمیان هەیە (هەژاران، بێکاران، کرێکارە ناشارەزاکان، کەمینەکان).

نەك تەنیا دەسەڵات و ئیمتیاز کاریگەری لەسەر ئیعتیباری کۆمەڵایەتی دادەنێن، بەڵکو ئیعتیباری کۆمەڵایەتیش کاریگەری لەسەر دەسەڵات و ئیمتیاز دروست دەکات. ئیعتیباری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات: دەتوانرێت سوود لە ئیعتیباری کۆمەڵایەتی بۆ پیادەکردنی ئیرادەی خود وەربگیرێت. بۆ نموونە، کەسێك کە لە هەر بونیادێکی کۆمەڵایەتیدا خاوەنی ئیعتیبارێکی زۆرە یان دەوڵەمەند، سپیپێست، پیاو، شتێك لەو بابەتانەیە ئەوا ئیمتیازێکی گرنگیشی لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیدا هەم لە پرچەکرداریدا لەگەڵ ئەوانی تر و هەم لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی گشتی هەیە. ئیعتیباری



کۆمەڵایەتیش دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئیمتیازەکان هەبێت: لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لە ڕێکخراوەکاندا خاوەنی ڕێزێکی زۆرن زۆر جار بە شێوەیەکی تایبەت هەڵسوکەوت دەکرێت (یان ئەوان خوازیاری هەڵسوکەوتێکی تایبەتن). هەموو ئەم سێ تایبەتمەندییە پەیوەندییەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە: ئیعتیباری کۆمەڵایەتی دەسەڵات و ئیمتیاز بەدی دەهێنێت؛ دەسەڵات ئیعتیباری کۆمەڵایەتی و ئیمتیازی لێدەکەوێتەوە؛ ئیمتیاز ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی دەسەڵات بەدی دەهێنێت؛ ئەم دەستکەوتانە پێکەوە یارمەتیی دروستبونی سیستەمی پلەبەندی لەسەرتاسەری ژیانی ڕێکخراو دەدەن.

بە واتایەك وێنەکەی ئێمە تەواوە و دەتوانین ببینین کە لە بنەڕەتدا بۆچی نایەکسانی دێتە کایەوە: **سیستەمی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا بە هۆی ئاوێتەیەك لە دابەشکردنی کار، ململانێی کۆمەڵایەتی و خاوەندارێتیی تایبەتی سەر هەڵدەدات. ئەو پێگانە کە لێی دەکەونەوە، ئاستە جیاوازەکانی دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی بەدیدەهێنن. دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت؛ ئیمتیاز دەسەڵات و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە؛ ئیعتیباری کۆمەڵایەتی دەسەڵات و ئیمتیازی بەداودا دێت.**



دەرکی ئەم بەڵگەهێنانەوە سەرەکییە گرنگە. بە سادەیی بڵێین، نایەکسانی **لە پەرەسەندنی ستراکچەرێکی نایەکسانی کۆمەڵایەتی** دەکەوێتەوە. ئەوە سروشتی مرۆیی، هێزە سەروو سروشتیەکان، مانەوەی وەچە، یا سرووشت نییە کە ستراکچەری کۆمەڵایەتی بەدی دەهێنێت، بەڵکو ئەو واقیعەیە کە لە هەموو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆمەڵێك تایبەتمەندیی گرنگ یارمەتی پەرەسەندنی سیستەمێکی نایەکسان دەدەن کە بە ستراکچەری کۆمەڵایەتی ناوی دەبەین. نایەکسانی لەو رووەوە سەرهەڵدەدات کە سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە وایە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان بەدی بهێنین؛ یەکێك لەم نموونانە ستراکچەری کۆمەڵایەتییە و ستراکچەری کۆمەڵایەتی تەقریبەن هەمیشە نایەکسانە. ستراکچەری کۆمەڵایەتی لەو رووەوە نایەکسانە کە سیستەمی نایەکسانی هەمیشەیی لە ئاوێتەیەك لە دابەشکردنی کار، ململانێی کۆمەڵایەتی و، خاوەنداریێتیی تایبەتی دێتە کایەوە. ستراکچەری کۆمەڵایەتی لەبەر هۆکاری کاریگەری بەرامبەرکێی دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی کە دەدرێتە پاڵ پێگە جیاوازەکان نایەکسانە. ئێمە دەچینە نێو رێکخراوەکان. قوتابخانەکان، دامودەزگاکانی ئیش و کار، ئەنجومەنە پسپۆڕییەکانەوە کە هەر یەکەیان خاوەنی بونیادێکە (کە زۆر جار خۆویستانە بەدی هاتووە) و کۆمەڵێك پێگە کە تێیدا دەستنیشان کراوە. ئەگەرچی بکەر تا رادەیەك لەم پێگانەدا ئازادانە مامەڵە دەکات، رووبەرووی ئەم واقیعەش دەبێتەوە کە پێگەکان بە تێپەڕبوونی کات دەسەڵات، ئیمتیاز و، ئیعتیباری زیاتری کۆمەڵایەتی یا کەمتر لە پێگەکانی تریان بەدی هێناوە. ئەگەر ئێمە دەست بە کارلێك بکەین و رێکخراوی تایبەت بە خۆمان دابمەزرێنین، ململانێی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی کار و، مافی خاوەنداریێتیی تایبەتی دەبنە



هۆی ئەوەی کە سیستەمێکی نوێی نایەکسان سەر هەڵبدات (تەنانەت ئەگەر ئێمە بە ئەنقەست دروستی بکەین).

## بۆ نایەکسانی بەردەوام دەبێت؟

کاتێك کە سیستەمی نایەکسانی بەدی هات، گۆڕانی ئەستەمە. روون و ئاشکرایە کە ئەم سیستەمە بە تێپەڕبوونی کاتێکی کەم گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام زۆر جار خۆی بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. وا دەردەکەوێت کە پێنج هۆکار دەبنە هۆی ئەم مانەوەیە:

1- کۆششی دەسەڵاتداران

2- دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

3- کولتوور

4- بەکۆمەڵایەتی بوون

5- ئامرازەکانی هێز

بەڕیز هەر یەکە لەم هۆکارانە تاوتوێ دەکەین.

### کۆششی دەسەڵاتداران

مارکس و میشلز "یاسای ئاسنینی ئولیگارشی" راڤە دەکەن کە چۆن دەسەڵاتداران پارێزگاری لە سیستەمی نایەکسانی دەکەن. کاتێك کە تاك پێگەیەکی بەرز بەدەست دەهێنێت، سەرچاوەی پێویستی بۆ پاراستنی خۆی لەبەردەستدایە. ئەو کەسانەی کە لە نێو پێگەیەکی بەرزی ئەم سیستەمەدا نین سەرچاوەیەکی کەمتریان بۆ پارێزگاریکردنی خۆیان لەبەردەستدایە و توانایەکی وایان بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە نییە کە ئەوان لە شوێنگەکانی خوارەوەدا دەهێڵێتەوە. بە شێوەیەکی کورت، نایەکسانی لە رێگەی **دەسەڵاتی کۆمەڵایەتییەوە** سیفەتی هەمیشەیی وەردەگرێت و

ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان هەیە کەسانێکن کە سوود لە سیستەمی نایەکسانی وەردەگرن.

مارکس لە تیۆری کۆمەڵگەدا جەخت لەسەر ئەم بابەتە دەکاتەوە. ئەو دەڵێت کاتێك کە هەندێ لە تاکەکان خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن، دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە. ئەوان ئەم دەسەڵاتەیان بۆ پاراستنی پێگەکانی خۆیان و زیادکردنی سامانەکەیان بەکار دەهێنن. لەبەر ئەوە، هەرکە نایەکسانیی ئابووری سەرهەڵدەدات، مەیلێکی بەهێز بۆ دەوڵەمەندەکان لە ئارادا دەبێت کە دەوڵەمەندتر بن و تێکڕای بونیادی کۆمەڵایەتی و هەروەها پێگەکانیان لەو بونیادەدا بە جۆرێکی کاریگەر بپارێزن.

مارکس ئەو کەسانەی کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن ڕێك و ڕاست بە "چینی دەسەڵاتدار" ناو دەبات. دەسەڵاتی ئەوان بەسەر دامودەزگا گەورە بازرگانییەکاندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەست بەسەر پیشەی تاکەکان، ئەو کۆمەڵانەی کە خەڵك تێیاندا ژیان بەسەر دەبەن، ئەو بەروبوومانەی کە دروست دەکرێن، ئەو بڕیارە ئابوورییانەش کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و تەنانەت لەسەر جیهان دادەنێن، بگرن. ئەم دەسەڵاتە واتای ئەوەیە کە هەر بڕیارێك کە دەردەچێت بە ئەگەری زۆر لە پێناو یارمەتیدانی دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکاندایە.

بەمپێیە، مارکس مەودایەکی زیاتر دەبڕێت. کۆنترۆڵکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهینان - دەسەڵاتی ئابووری - دەگۆڕێت بۆ جۆرەکانی تری دەسەڵات. دەسەڵاتی ئابووری کاریگەری لەسەر حکوومەت دروست دەکات: واتە ڕێساگەلێك کە حکوومەت ئاراستە دەکەن، ئەو تاکانەی کە شوێنگە حکوومییەکان پڕ دەکەنەوە و ئەو یاسایانەش کە حکوومەت دەری دەکات. چینی دەسەڵاتدار کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن، قوتابخانە، دەزگاکان و تەقریبەن هەر شتێکی تری کۆمەڵگە دادەنێت.



بۆچی وەها شتێك ڕوودەدات؟ وەڵامە ئاسانەکەی ئەوەیە کە بە قازانجی هەر کەسێك تەواو دەبێت کە بە جۆرێکی سەرکەوتوانە کار لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەکات. من و ئێوەش خوازیاری وەها شتێکین. بەڵام من هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی جیاواز لە ئێوە کاریگەری لەسەر دابنێم. بۆ نموونە، ئێوە هەوڵ دەدەن مانگانەی زانکۆ کەم بکەنەوە، بەڵام من لەبەرامبەردا کۆشش دەکەم مووچەی مامۆستای زانکۆ زیاتر بکەم. لایەنگرانی مافی ئافرەتان، ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان، پارێزەرانی دادگا، سەندیکاکان، قەشەکان - ئەگەر بمانەوێت تەنیا چەند نموونەیەکی کەم ئاماژە پێبکەین - هەموویان کۆمەڵێك داواکاریی تایبەت بە خۆیان هەیە و هەمووشیان دەیانەوێت خواستەکانیان جێبەجێ بکرێن. دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارەکانیش بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام جیاوازی لە نێوان ئەوان و ئەوانی تردا ئەوەیە کە ئەوان سەرچاوەیەکی زیاتریان لەبەردەستدایە و بۆ دەستەبەرکردنی داواکانیان لە ڕاستیدا دەتوانن ئەو سەرچاوانەیان بخەنە کار. بەمپێیە، ئەگەرچی کۆمەڵگە هەرگیز بە شێوەیەکی تەواوەتی بە قازانجی ئەوان کار ناکات، بەڵام زۆر جار بەپێی شێوازگەلێك هەنگاو دەنێت کە لەگەڵ ئەو شتەدا کە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت هاوئاهەنگە.

لە بیرتان نەچێت کە ئەو پرسیارەی ئێمە خستوومانەتە ڕوو ئەوەیە کە چۆن نایەکسانی بە تێپەڕبوونی کات دەبێتە هەمیشەیی؟ چۆن سیستەم دەتوانێت ببێتە هەمیشەیی؟ ئێمە لێرەدا تەنیا یەك وەڵاممان هەیە: نایەکسانی لەو ڕووەوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە کە دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکان بە دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان - پاراستنی سەروەت و دەسەڵاتیان - لەسەرتاپای کۆمەڵگەدا لە باشترین شوێنگەکاندا جێگیر بوون.

میشلز لەم بۆچوونەدا لەگەڵ مارکس هاوڕایە؛ ئەویش پێی وایە دەسەڵاتدارەکان پارێزگاری لە سیستەمی نایەکسانی دەکەن. میشلز جەخت لەسەر ڕووە سیاسییەکەی دراوێك لە جیاتی ڕووە ئابوورییەکەی دەکاتەوە.

ئەو زۆر گرنگی بە خاوەندارێتیی تایبەتی نادات، بەڵکو زیاتر تەرکیز لەسەر ئەو کەسانە دەکات کە سەرکردایەتیی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆدایە. ئەو رێك و راست دەپەرژێتە سەر ئەو خاڵەی کە سەرکردەکان لە هەر رێکخراوێکدا بە تێپەڕبوونی کات ـ زیاتر لە جاران ـ لە تاکەکانی تر کە لەو رێکخراوەدان جیا دەبنەوە. ئەوانە لە پاراستنی پێگەکانیان و بەردەوامبوونی سیاسەتەکانیاندا بەرژەوەندی خۆیان هەیە. ئەوان هەوڵ دەدەن پێگەکانیان و پیشەکەیان بەردەوام بێت و سیستەمی نایەکسانی بە قازانجی ئەوان پارێزگاری لێبکرێت. ئەگەرچی لەوانەیە ئەوان بە شێوەیەکی دیموکراتیانە هەڵبژێردرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە لە شوێنگەکانی خۆیاندا جێگیر بوون بە توندی ئاراستەیەك وەردەگرن کە ئەم پێگانە بە "هی خۆیان" بزانن و رێبازێك بۆ بەرقەرارکردنی سیاسەتەکان و بەردەوامبوونی ئامانجەکانیان دەگرنەبەر کە لەگەڵ ئەو باوەڕەدا سازگار بێت. سەرکردەکان دواجار یەك دەگرن و گرووپێکی بژاردەی پشت بەستوو بە خۆیان پێکدەهێنن کە ئەوان لە ئەوانی تر جیا بکاتەوە. ئەوانی تر لە رێکخراودا زۆر جار متمانەیان پێدەکەن و ئەوان، بە گوێرەی خۆیان، هەرچی زیاتر خۆشەویستی هەمیشەیی کردنی سیستەم کە بە قازانجی ئەوان و پاراستنی شوێنگەکانیانە دەچێتە دڵیانەوە.

تا رادەیەك لە نێوان مارکس و میشلزدا رێککەوتن هەیە: کەسانێك کە خاوەنی دەسەڵاتی (سیاسی، ئابووری)ن، کۆمەڵێك بەرژەوەندی جیاواز لەوانی تر پەیدا دەکەن (پاراستنی نایەکسانی هەبوو). ئەوان لە باشترین پێگەکاندا جێگیر بوون تاوەکو بەجۆرێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دابنێن کە بە ئاراستەی ئەم بەرژەوەندیانەدا هەنگاو بنێت. لەبەر ئەوە بۆ دەرککردنی هەمیشەیی بوونی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا پێویستە بزانین کە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارەکاندایە کە ئەوەی دەتوانن بۆ پارێزگاری کردنی سیستەمێك کە بە قازانجیانە ئەنجامی بدەن و دەسەڵاتەکەیان توانای ئەنجامدانی ئەم کارەیان پێدەبەخشێت.



## دامەزراوە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکان

ئەنجامی باڵادەستی چینی دەسەڵاتدار دروستکردنی **دامەزراوەکانە**، واتە شێوازە بەربڵاو و یاساییەکانی ئەنجامدانی کارەکان لە کۆمەڵگەدا. دامەزراوەکان، هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی 3دا بینیمان، شێوازگەلێکی چەسپاون کە یارمەتیی دابینکردنی بەردەوامی کۆمەڵگە دەدەن و، تارادەیەك بە قازانجی زۆرینەی خەڵکن لە کۆمەڵگەدا. بەم حاڵەشەوە ئەم دامەزراوانە زۆر جار زیاتر لە هەمووان بە قازانجی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندان تەواو دەبن، چونکە لەلایەن ئەوانەوە دروست کراون و پشتگیری دەکرێن و لە کۆتاییدا لە پێناو پاراستنی سیستەمی نایەکسانی هەبوودا هەنگاو دەنێن.

بۆ نموونە، بە تێپەڕبوونی کات دامەزراوە سیاسییەکان بە مەبەستی دانانی یاساکان، جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە و راڤەکردنیان لە کۆمەڵگەدا هاتوونەتە کایەوە. حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ئەم مەبەستە خاوەنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری سەربەخۆ و جیایە. کۆمەڵگەکانی تر، لەوانەش بەریتانیا (کە لانیکەم بە هەمان رادەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمرکا دیموکراسین) ئەم هێزانەیان جیا نەکردۆتەوە. سیستەمی سیاسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی سیستەمی دوو حزبی، دەستەی هەڵبژێرەرەکان، فیدراڵیزم، جیاکردنەوەی هێزەکان و، کۆنترۆڵی ناسەربازیانە لەسەر سوپا دەناسرێنەوە. ئەمانە دامەزراوە سیاسییەکانی ئێمە یان شێوازەکانی مامەڵەکردنی ئێمەن لەگەڵ کێشە سیاسییەکاندا. ئێمە دامەزراوی ئابووریشمان هەن وەك کۆمپانیا چەند نەتەوەییەکان، سیستەمی پاشەکەوتی فیدراڵ، بازاڕی پشك، خاوەندارێتیی تایبەتی و بنکەی تایبەتی. ئێمە هەروەها دامەزراوی دیاریکراوی فێرکاری، ئایینی،

تەندروستی، سەربازی، خزمایەتی و خۆشگوزەرانیشمان هەن. ویلایەتە یەکگرتووەکان وەك کۆمەڵگەیەك لەبەر هۆکاری بوونی دامەزراوەکانی خاوەنی کارکردە - یان خاوەنی کارکرد نییە. یەکێك لەو بەڵگە سەرەکیانەی کە یەکێتی سۆڤیەت ناچار بوو پشت لە سیستەمی کۆمۆنیستی بکات تەنیا ئەوە بوو کە دامەزراوەکانی نەیانتوانی چارەسەری ئەو مەسەلانە بکەن کە لە دەیەی 1990دا رووبەرووی سۆڤیەت بوونەوە. ئەو سیستەمە خاوەنی کادر نەبوو.

تێگەیشتن لەم خاڵە گرنگە کە دامەزراوەکان بە گشتی بۆ کۆمەڵگە بەو جۆرەی کە هەیە کار دەکەن. ئەگەر دەربکەوێت کە دروست کار دەکەن، بەردەوامی پەیدا دەکەن. ئەگەریش دەربکەوێت کە بەقازانجی دەسەڵاتداران هەنگاو هەڵدەگرن، بەتایبەت دانیان پێدادەنرێت. **کاتێك کە کۆمەڵگەیەك سیستەمێکی نایەکسان بەدیدەهێنێت، دامەزراوە باڵادەستەکان زۆر جار بە شێوازێك کاردەکەن کە پارێزگاری لە نایەکسانی دەکرێن یان تەنانەت زیاتر دەبێت.** تێبینیکردنی ئەم پرۆسەیە لە کۆمەڵگاکانی تردا ئاسانترە لە چاو کۆمەڵگەی خۆماندا (ئەمریکا). عەرەبستانی سعودیا کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا تەقریبەن هەر دامەزراوەیەك لە پێناوی پاراستنی سەروەت و دەسەڵاتی چەند خێزانێك و سوڵتەی پیاوان بەسەر ژناندا کار دەکات. ئەمە شێوازی کاری حکوومەت، ئابووری، ئایین، سوپا و، خێزانە لەو کۆمەڵگەیەدا. ئاپارتاید (سیاسەتی رابردوو و چەق بەستووی ئەفریقای باشوور کە بۆ جیاکردنەوە و پلەبەندی نەژادەکان لە یەکتر و بەرزکردنەوە و پاراستنی باڵادەستیی سپیپێستەکان پیادە کرابوو، سیستەمێك بوو کە تێیدا ناسنامەی هەر تاکێك لەسەر بنەمای پلەبەندی نەژادی ئەو تاکە دیاری دەکرا_ وەرگێڕ) لە ئەفریقیای باشوور، جیاکردنەوەی ناچاری نەژادەکان لە پێناو سوڵتەی سپپێستەکان، لە رێگەی زینجیرەیەکی ئاڵۆز لە دامەزراوەکانەوە پارێزگاری لێدەکرا. لە چین،



حکوومەت، سوپا، پەروەردە و فێرکردن و، میدیاکان بەردەوام یارمەتیی دابینکردنی مانەوەی دیکتاتۆریەتی حزبێکی بچووك دەکەن.

ئەگەر یەکسانی شێوەی بەهایەکی وەرنەگرتبێت کە کۆمەڵگە بەڕاستی بەدوایدا دەگەڕێت، دامەزراوەکان زۆر جار پارێزگاری لە نایەکسانی دەکەن و پەرەی پێدەدەن. هەژاری هێشتا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوونی هەیە، چونکە دامەزراوەکان بەڕاستی بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە دانەمەزراون. سیستەمی باجی ئێمە لە بنەڕەتدا سەروەت و سامان بە شێوەیەکی نوێ دابەش ناکات، هەروەها بۆ سنووردارکردنی کاریگەری سەروەتێك کە تاك دەتوانێت بەدەستی بهێنێت کارێکی وەها ئەنجام نادات و لە دەیەی رابردوودا لەڕاستیدا یارمەتیەکی زۆر نایەکسانی داوە. قوتابخانەکان، حکوومەت، سیستەمی خۆشگوزەرانی و سیستەمی ئابووریی ئێمە لەوانەیە لە هەندێك رووەوە زۆر باش بن، بەڵام زیاتر بەلای پاراستنی سیستەمی نایەکسانیی باودا لار دەبنەوە و خەڵکی لەنێو پێگە چینایەتییەکانی سەردەمی منداڵیاندا دەهێڵنەوە. دامەزراوکان پارێزگاری لە کۆمەڵگەی گیرۆدەی جیاکاری نەژادیی ئێمە دەکەن؛ ئەوان بە شێوەیەکی گشتی پشتیوانی لە نایەکسانیی نێوان پیاوان و ژنان دەکەن و دەسەڵات و ئیمتیازەکانی گرووپی بژاردەی سیاسی و ئابووری دەپارێزن. لەم رووەوە، کۆمەڵناسان زۆر جار هەمیشەیی بوونی نایەکسانی لە ناو سروشتی خودی کۆمەڵگەدا دەبیننەوە. بە دەگمەن دەتوانرێت کۆمەڵگەیەك ببینرێت کە ئامانجە راستەقینەکەی پاراستنی سیستەمی یەکسانی بێت.

ئاگادارکردنەوەکەی ڤۆلتێرمان کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا هاتووە لە بیر نەچێتەوە. ئەگەر کۆمەڵگەیەك بەڕاستی بۆ دامەزراندن و پاراستنی یەکسانی هەوڵ نەدات، ناچار بەرەو لای نایەکسانی ئاراستەکەی دەگۆڕێت. کاتێك کە بۆمان روون دەبێتەوە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان

بە ئاراستەی پاراستن و پەرەپێدانی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی هەنگاو دەنێن، بە ئاسانی دەتوانین پەی بە راستییەتی ئەم قسەیە ببەین.

بەمپێیە، بەڵگەی دووەمی هەمیشەیی بوونی نایەکسانی لە کۆمەڵگادا ئەوەیە کە دامەزراوەکان بە گشتی لەو پێناوەدا کار دەکەن، تا رادەیەکیش لەبەر ئەوەی کە دەسەڵاتداران زۆرترین کاریگەرییان لەسەر چیەتیی ئەو دامەزراوانە هەیە.

## کولتوور: قەبووڵکردنی نایەکسانی

بەتێپەڕبوونی کات زۆربەی خەڵك نایەکسانییە هەبووەکان قەبووڵ دەکەن. ئاشکرایە کە ئەم قەبووڵکردنە یارمەتیی هەمیشەیی بوونی دەدات.

نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە خەڵکی لە کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا لە دایك بوون بە کۆمەڵایەتی دەبن. هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی 2دا بینیمان، بە کۆمەڵایەتی بوون واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە زۆرێك لەو تایبەتمەندیانەی کە نوێنەرانی کۆمەڵگە، دایك و باوکان، رابەرانی سیاسی، رابەرانی ئایینی، رابەرانی راگەیاندن و، مامۆستاکان) فێرمان دەکەن قەبووڵ دەکەین ـ تا رادەیەکی زۆر ئێمە بە زمانەکەی ئەوان، یاساکانی ئەوان، بەهاکانی ئەوان و، چاوەڕوانییەکانی ئەوان رازی دەبین ـ و بەکۆمەڵایەتی بوونی ئێمە لە کولتووردا مانای ئەوەیە کە چۆن سیستەمێکی نایەکسانی کە لە پێشینانەوە بۆمان ماوەتەوە قەبووڵ دەکەین.

کولتوور تەقریبەن هەمیشە کۆمەڵێك پاساوی بۆ نایەکسانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. بۆ نموونە ئەمریکییەکان بە گشتی باوەڕیان وایە کە ئێمە لە ناو رێکخستنێکی ئابووریدا دەژین کە تێیدا تاکەکان لە بەرامبەر کارە قورسەکانیاندا پاداشتی شیاویان پێدەدرێت: "ئەگەر بە جددی کار بکەن، دەتوانن پێگە بەرزەکان بەدەست بهێنن." بەو مانایەی کە، ئێمە



باوەڕمان وایە کە سیستەمی نایەکسانی بە شێوەیەك لە شێوەکان دادپەروەرانە و دیموکراسیە و پاداشت بۆ ئەو کەسانە دابین دەکات کە پێویستە خەڵات بکرێن. ئەمە ئەو جۆرە هزرە کولتوورییەیە کە تاك تێیدا لە رێگەی بەکۆمەڵایەتی بوونەوە باوەڕی پێدەکات. پیتەر بێرگ بەڵگە دەهێنێتەوە کە زۆربەی کۆمەڵگەکان لەراستیدا دوو ئایدیۆلۆژیا بەرهەم دەهێنن کە یارمەتیی پاراستنی نایەکسانی دەدەن. ئایدیۆلۆژیایەکیان مەشروعییەت بە شوێنگەی چینەکانی سەرەوە دەبەخشێت و زۆر جاران بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەم تاکانە بە جۆرێك لە جۆرەکان باڵاتر یان شایستەترن. (بۆ نموونە، ئەوان بەتواناترن، خۆیان زیاتر ماندوو دەکەن یان خاوەنی فەرهەنگێکی باڵاترن.) ئایدیۆلۆژیایەکەی تر بەڵگە دەهێنێتەوە کە هەژاری دەرەنجامی گوناه یان تەمەڵییە و رەفتاری پەسەند لەلایەن هەژارانەوە دواجار لە ژیانی دوایی یان ژیانی پاش مردن پاداشت وەردەگرێت.

لە کۆمەڵگەکانی ئەوروپادا، نایەکسانی چەندەها سەدەیە بەم بەڵگەهێنانەوەیە کە خواستی خوایە پاساو دەدرایەوە. خودا فەرمانڕەواکانی هەڵبژاردووە و هەروەها چینی سەرەوەی کە ئامانجی سەرکردایەتی کردنی زۆرینەکانە خستۆتە ژێر کەرەم و میهرەبانی خۆیەوە. هەرچەندە شۆڕش دواجار ئەم بیرەی لەناو برد بەڵام بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ تەمەنی کرد. لەڕاستیدا، لە زۆربەی جیهانی ئەمڕۆدا نایەکسانی هێشتا بە خواستی خوا لێك دەدرێتەوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خەڵکی فێر دەکرێن کە کات و وزەی خۆیان بۆ کۆمەڵێك کاری تر بەدەر لە هەوڵدان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگە بۆ یەکسانترکردنی ـ کۆمەڵگە ـ تەرخان بکەن.

ماوەیەکی دوورودرێژ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نکووڵییان لە بوونی چینی سەرەوەی دەوڵەمەند یان چینی هەژار دەکرد: "ئێمە سەرزەمینی دەرفەتە یەکسانەکان بۆ هەمووانین." باوەڕ پێکردنی ئەم

قسەیە، واتە ئینکارکردنی کاریگەرییەکانی نایەکسانی و وەها بیروباوەڕێك یارمەتیی پاراستنی نایەکسانییەك دەدات کە بە کردەیی بوونی هەیە. دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کولتووری ئەمریکایی ڕێك و ڕاست چی لە خۆ دەگرێت ئاسان نییە، بەڵام تەنیا بەوەی کە هزرە بونیادییەکان، بەها و ئەو بنەما ئەخلاقییە گرنگانەی کە باوەڕمان پێیان هەیە بژمێرین؛ بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوانە یارمەتیی پارێزگاریکردنی سیستەمی نایەکسانی هەنووکە دەدەن: "هەژارەکان لە ڕاستیدا نایانەوێت کار بکەن (و بۆیە شایەنی چارەنووسێکن کە هەیانە). "سەرمایەداری بە هۆی کەمترین ڕێساکان و باجە دەوڵەتییەکانەوە دادپەروەرانەترین و کاراترین سیستەمی ئابوورییە." خەڵکی مافی خۆیانە تا دەتوانن سەروەت کۆبکەنەوە و پارێزگاری لە هەموو ئەو شتە بکەن کە بە دەستی دەهێنن و تێکڕای ئەو شتەش کە بە دەستیان هێناوە بۆ منداڵەکانیانی بگوازنەوە. "لەوانەیە ئێمە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیمان هەبێت، بەڵام هەموو کەسێك هەلی ئەوەی بۆ ڕەخساوە کە دەوڵەمەند بێت." "خەڵك بە شێوەیەکی سروشتی کێبڕکێخواز، خۆپەرست و تەمەڵن. بەڵام هەموومان کار دەکەین تاوەکو ئەوی تر شکست پێ بهێنین، ئێمە هەر شتێکی بمانەوێت بەدەستی بهێنین بەدەستی دەهێنین و ئەگەر بڕیارە کار بکەین پێویستە حەقدەستێکی باشمان پێبدرێت."

یان سەرنجی ئەو هزر و بیروباوەڕانە بدەن کە لەگەڵ جۆرەکانی تری نایەکسانیدا تەبان: "ژنان بە شێوەیەکی سروشتی توانای کێبڕکێیان لە جیهانی سیاسەت و ئابووریدا نییە." "خودا نەیویستووە کە ژنان لە دەرەوەی ماڵدا کار بکەن." "ژنان ئەخلاقیەن ناچارن گوێڕایەڵی هاوسەرەکانیان بن." و "ڕەشەکان بە شێوەیەکی سرووشتی لە سپی پێستەکان نزمترن." خودا ویستوویەتی کە ڕەشەکان گوێڕایەڵی لە سپی پێستەکان بکەن." هەموو ئەم بیروباوەڕ و هزرانە - و زۆرێکی تر - لە



کۆمەڵگەی خودی ئێمەدا بوونیان هەبووە و یارمەتی پاراستنی سیستەمەکانی نایەکسانیان داوە. کۆمەڵێك بیروباوەڕی هاوشێوە لە کۆمەڵگەکانی تردا بوونیان هەیە. لە هیندستان خەڵك لە کۆمەڵێك کاستدا لە دایك دەبن کە چاوەڕوان دەکرێت، هەموو تەمەنیان تێیاندا بمێننەوە.

چۆن دەتوانرێت پاساو بۆ وەها سیستەمێك بهێنرێتەوە؟ وەڵام ئەوەیە کە خەڵك باوەڕ بەو بیروباوەڕانە دەکەن کە پێگەکانیان لە ژیاندا بەستراوەتەوە بەوەی کە تا چ ڕادەیەك بە شوێنگەی خۆیان لەم ژیانەدا ڕازی بن. کاست وەك تاقیکردنەوەیەك سەیر دەکرێت؛ قەبوولکردنی شوێنگە وەك ئەخلاق بەرزیەکی لێدێت و کاتێك کە خەڵك لەوە ئاڵۆزتر دەبن کە باوەڕ بە وەها بیروباوەڕێك بهێنن، بیروباوەڕ و هزرگەلێکی نوێ بۆ پاساوهێنانەوەی نایەکسانی سەر هەڵدەدات: "ژنان بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ پیاواندا جیاوازن و، لە هەندێ لە کارەکاندا وەك پەروەردەکردنی منداڵ، لە پیاوان باشترن، بەڵام نەك لە بوارکانی تری وەك بیرکاریدا." "من باوەڕم وایە کە پێویستە ڕەشەکان لەگەڵ سپی پێستەکاندا یەکسان بن، بەڵام ئەوەی کە لەڕاستیدا یەکسان نین خەتای خۆیانە." "لە ڕووی ئەخلاقەوە ئێمە مافی خۆمانە بەسەر غەیرە سپیپێستەکاندا لە کۆمەڵگەدا زاڵ بین لەبەر هۆکاری نزمتربوونی کولتووری ئەوان - ئەوان بەها و هزرە دروستەکانقەبووڵ ناکەن و لەبەر ئەوە شایەنی شوێنگەیەکن کە هەیانە."

تێرنەر، سینگلتۆن و موسیك لە کتێبی ستەمدا [1] بە وردی دەری دەخەن کە چۆن باوەڕە زاڵەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەبارەت بە ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان بە گۆڕانی پەیوەندیی نێوان ڕەشەکان و سپیپێستەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە (176 ـ 170: 1984). ئێمە هەمیشە ئایدیۆلۆژیایەکی نوێ دەهێنینە کایەوە کە پاساو بۆ نایەکسانی

1. Oppression

دەهێنێتەوە. پێش 1820، سپیپێستەکان ڕەشەکانیان بە هاوەڵدانەر، ناشارستانی، نفرین لێکراوانی خودا و کەسانێك کە شایانی ئازادی نین پێناسە دەکرد. پاش ساڵی 1820 و پێش شەڕی ناوخۆ، کۆیلایەتی وەك سیستەمێکی گونجاو هەم بۆ ڕەشەکان و هەم بۆ سپیپێستەکان پاساو دەهێنرایەوە، دامەزراوەیەك کە ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکانی بە شارستانی دەزانی و پشتیوانی لێدەکردن. پاش شەڕی ناوخۆ و پێش یەکەمین جەنگی جیهانی، لە کاتێکدا کە هەموو کایەکانی ژیان لێك جیا دەکرانەوە، ڕەشەکان بە سروشت بە چاوی نزمتر سەیر دەکران و لەبەر ئەوە جیاکردنەوەی نەژادی بۆ پشتیوانیکردن لە سپیپێستەکان وەك پێویستییەکی لێهات. لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا ساڵی 1941، کە ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان بەرەو باکوور کۆچیان کرد، نزمتربوونی ڕەشەکان شێوەی "واقیعێکی زانستی" بەخۆوە دەگرت و جیاکاری نەژادی بە حاڵەتێکی سروشتی، جیاکەرەوە گونجاوی هەر دوو نەژادی ڕەش و سپی وەسف کرا. پاش جەنگی جیهانیی دووەم، کاتێك کە بە جۆرێکی بەرچاو ڕەخنە ئاراستەی جیاکاری و جیاکاریی نەژادی کرا، بیروباوەڕ و هزری لایەنگری نایەکسانی کەمتر بوونەوە. بەڵام پاش ساڵی 1968، نایەکسانی دووبارە پاساوی بۆ هێنرایەوە: نزمتربوونی ڕەشەکان ڕاستە و، لەخودی ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان دەکەوێتەوە، بەتایبەت "نەبوونی پاڵنەر" تێیاندا. زۆرێك لە ئەمریکییەکان بەم دواییانە باوەڕیان بەوە هێنا کە ئێمە بە خێرایی بە ئاراستەی مافی یەکسانی نەژادی بەڕێ کەوتووین و کۆمەڵگە بە ڕادەی پێویست لەم پێناوەدا هەوڵی داوە.

کولتوور لە ڕووی ئەمەشەوە کە فێر ناکات گرنگە. دەیەی 1990، شایەدی داڕمانی دەسەڵاتی سۆڤیەت لەسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵات و لەناوچوونی خێرای دامەزراوە کۆمۆنیستەکان بووە لە یەکیەتی سۆڤیەتدا. ڕاگەیاندنەکانی ئەمریکا بە ستایشکردنی دامەزراوەکان و بەها دیاریکراوە ئەمریکییەکان،



بەتایبەت خاوەندارێتیی تایبەتی، بازاڕی ئازاد و ئازادیی موڵکدارێتی ئیش و کاری تاکەکەسی، کاردانەوەیان بەرامبەری نواندووە. تا ڕادەیەك لەم بوارەدا ئەم بەهایانە زیاتر لە یەکسانیی دەرفەتەکان، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتن لە تاك و، پلۆرالیزمی کولتووری، باڵیان بەسەر کولتووری ئێمەدا کێشاوە. کێشەکە ئەوە نییە کە چیدی باوەڕمان بە بەهاکانی ئەم دواییە نییە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بەهاکانی پێشوو بەسەر هزری ئێمەدا زاڵ بوون. بە پشتگوێ خستنی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کولتوور بەرەو پشتیوانیکردنی نایەکسانی و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ئاراستەکەی دەگۆڕێت و خەڵکی بەرەو پرسیار کردن دەربارەی ڕێژەی نایەکسانییە هەبووەکان لە کۆمەڵگەدا هان نادات.

تەنانەت لە ڕێکخراوەکاندا ڕووبەڕووی هزر و بیروباوەڕگەلێك دەبینەوە کە پاساو بۆ نایەکسانییەکانی نێو ڕێکخراوەکان دەهێننەوە: "سەرۆك دەزانێت کە چی ڕوودەدات؛ ئەوانی ترمان زانیارییەکی پێویستمان لەبەردەستدا نییە کە بڕیارگەلێکی ئاقڵانە دەربکەین." "دیموکراسی، لە شوێنیکدا کە هەموو کەسێك دەنگ دەدات کارایی نییە." "دنیای واقیعی یەکسان نییە. بۆچی دەبێت ئەم ڕێکخراوە بە ئاراستەی یەکسانی کار بکات؟ ئێمە پێویستە ئێرە وەك ناوەندێکی تایبەتی بەڕێوە ببەین، ئایا جگە لەمەیە؟"، "ئێوە خوازیاری دادپەروەرین؟ ژیان بە هیچ شێوەیەك دادپەروەرانە نییە."

نابێت خاڵی سەرەکی لە بیر بکەین: کۆمەڵگە - یان هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی - سیستەمێکی باوەڕدارانەی ( "کولتووری" ) دەهێنێتە کایەوە و ئەو سیستەمە باوەڕیە (لەگەڵ ئەو کارکردانەی کە هەیەتی) پشتیوانی لە نایەکسانیی باو دەکەن.

بەڵام کولتوور لە کوێوە دێت؟ هەروەك لە بەشی 3دا بینیمان، کولتوور زنجیرەیەك لە بیروباوەڕ و هزر، بەها و ڕێساکانە کە خەڵك بە تێپەڕبوونی کات لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا لەگەڵ ژینگەکەیان قەبوڵیان دەکەن. ئەم

بیروباوەڕ و هزر و ڕێسایانە تا ڕادەیەك ڕاستن، بەڵام ئەوەی کە گرنگترە ئەوەیە، کە ئەوان **سوودمەندن**. کولتووری ئێمە بۆ ئێمە کارکردی هەیە؛ فەرهەنگی ئەوانی تر بۆ ئەوان کارکردی هەیە. کولتوور کردارەکانی ئێمە ڕوون و ئاراستە دەکات. بەڵام ئێمە کێین؟ کولتوور بەڕاستی بەقازانجی کێیە؟ بەواتایەك، کولتوور بە قازانجی هەموانە چونکە یارمەتی بەرقەرارکردنی ئارامی و ڕێکوپێکی دەدات لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ یەکتردا. ئێمە لە هەڵبژاردنەکانمان و چۆنیەتیی شێوازی ژیانماندا ڕێنوێنی دەکات. بەمپێیە ـ و ئەمە ئەو خاڵە گرنگەیە کە لێرەدا دەخرێتە ڕوو ـ کولتوور بە تایبەتی بە قازانجی کەسانێکە کە زۆرترین بەرهەم لە کۆمەڵگەدا بەدەست دەهێنن: کەسانێك کە لە سەرەوە(لووتکە)ی کۆمەڵگەدان.

نابێت سەرمان لەوە سووڕ بمێنێت کە ئەو کەسانەی کە لە سەرەوەی کۆمەڵگەدان هەوڵی ئەوە بدەن تاوەکو بیروباوەڕ و هزر و بەها و ڕێساکانیان باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێت. بهێننە پێش چاو کە کۆمەڵگە بیروباوەڕ و هزرگەلێکی زۆر بەرهەم دەهێنێت. خەڵك باوەڕ بە کام لەم بیروباوەڕ و هزرانە دەکەن و کامیان ڕەت دەکەنەوە؟ ناتوانرێت بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، بەڵام پێویستە بزانرێت کە بیروباوەڕ و بەها و ڕێساکان پێویستە کۆمەڵێك پشتیوانیان هەبێت، ئەو گرووپانەی کە پێداگری لەسەر قەبووڵکردنیان دەکەن. ئەو گرووپانەی کە زۆرترین دەسەڵاتیان هەیە باشترین دەرفەتیشیان بۆ قەبووڵکردنی بیروباوەڕەکانیان بۆ دەڕەخسێت. تا ڕادەیەك مارکس ڕاست دەکات: دەوڵەمەندەکان نەك تەنیا کاڵاکانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنن، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر کولتووری کۆمەڵگەش بەرهەم دەهێنن ( و ڕەواجی پێدەدەن). هەڵبەت کاتێك کە بیروباوەڕ، بەها و ڕێساگەلێك دەخرێنە ڕوو کە لەگەڵ بیروباوەڕ و بەها و ڕێساکانی بژاردەکاندا هەماهەنگ نین، ململانێیان دەکرێت و چانسێکی کەمتریان بۆ قەبووڵکردن هەیە.



لەبەر ئەوە، نایەکسانی لەو ڕووەوە خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت کە کولتوور پشتیوانی لێدەکات و، فەرهەنگ، بە گوێرەی خۆی، زیاتر بیروباوەڕ، بەها و فۆڕمی دەوڵەمەندەکان لە کۆمەڵگەدا دەگوازێتەوە.

## بە کۆمەڵایەتی بوون: قەبووڵکردنی شوێنگە

جگە لەوەی کە تاکەکان بەکۆمەڵایەتی دەبن بۆ ئەوەی کە سیستەمی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا قەبووڵ بکەن، هەروەها بەکۆمەڵایەتیش دەبن تاوەکو بە شوێنگەکەی خۆشیان لە کۆمەڵگەدا ڕازی بن. ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆزە. ئێمە لە ساڵەکانی سەرەتای ژیانمانەوە فێر دەبین کە چ کەسانێکین. دراوسێ، دایك و باوك و مامۆستاکانمان شێوازە نهێنیی و ئاشکراکانی پلەکان ـ پێگە ـ ی خۆمانمان لە کۆمەڵگەدا فێر دەکەن و پێمان دەڵێن مافی چ جۆرە چاوەڕوانییەکمان لە کۆمەڵگە هەیە: "کەسانێکی وەك ئێمە ئەو کارانە ناکەن." "لەگەڵ کەسانێکی هاوپلە و پایەی خۆت ئەڵقەی هاوسەرگیری بگۆڕەوە." "بڕۆ بۆ هارڤارد." "بە کۆلێژی شارەکەی خۆت ڕازی بە." ئێمە فێر دەبین کە ئەگەر زۆر خۆمان ماندوو بکەین دەتوانین چ چاوەڕوانییەکمان لە ژیاندا هەبێت (زۆربەمان کەمێك لە پلە و پایەی ئێستای خۆمان، هەر شتێك کە لەوانەیە هەبێت)، بەڵام دەگمەنە، بەبێ پەیڕەوی لە نموونەیەکی واقیعگەرایانە چاوەڕوانی شتگەلێکی گەورەمان هەبێت. بەڕێوەبەرە دەوڵەمەندەکانی کۆمپانیاکان منداڵەکانیان بە جۆرێك کۆمەڵایەتی دەکەن کە چاوەڕوانی سامان، ناوبانگ و دەسەڵاتیان هەبێت. پارێزەرانی دادگاکان منداڵەکانیان بە شێوەیەك کۆمەڵایەتی دەکەن کە چاوەڕوانی پیشەیەکی پسپۆڕییان هەبێت. هەڵبەت ئێمە تەنیا بەرهەمی ئەو شتە نین کە دایك و باوکانمان چاوەڕوانی دەکەن، بەڵام ئەوان لەگەڵ مامۆستاکان (کە لە قوتابخانە چینایەتییەکاندا وانە

دەڵێنەوە) و هاورێیان (کە زۆر جار لەو گەڕەکانەن کە پشت بە چین دەبەستن)، شوێنگەکانی ئێمە لە کۆمەڵگەدا پیشانی ئێمە دەدەنەوە و فێرمان دەکەن کە چاوەڕوانییەکانمان تا رادەیەك بەرەو ئەو ئاستە سنووردار بکەین.

بۆلز و جینتیس[1] **لە خوێندن لە ئەمریکای سەرمایەداریدا** جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە چۆن شەرعییەت دان بە نایەکسانی و فێرکردنی تاکەکان بۆ زانینی پێگەکانی خۆیان بەشێکی جیانەبووەوە لە سیستەمی فێرکردنی ئێمەیە. قوتابخانەکان قوتابییەکانیان لە ئاستەکانی خوێندن و فێرکردندا دەستەبەندی دەکەن کە ئەمانە بە گوێرەی خۆیان قوتابییەکان لەناو سیستەمە پیشەییەکان و لە کۆتاییدا لە سیستەمی ئابووریدا بڵاو دەکەنەوە. قوتابخانەکان یاسا و رێسا، ریزبەندییەکان و گوێڕایەڵی فێری قوتابییەکان دەکەن و تێیان دەگەیەنن کە چاوەڕوانی کۆنترۆڵکردنی کارەکانیان نەبێت. خوێندکارانی چینی کرێکار فێری گوێڕایەڵی دەبن، فێرخوازانی چینی ناوەندی سەرەوەش فێری سەرکردایەتی و داهێنان دەکرێن.

یان سەرنجی ژنان و کەمینەکان بدەن، کە لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بۆ قەبووڵکردنی شوێنگە نزمەکان بە کۆمەڵایەتی دەبن. ئەم جۆرە بە کۆمەڵایەتی کردنە زۆر جار سەرکەوتووە، بەڵام نەك هەمیشە. بە ناچاری، هەندێك خۆیان لە قەبووڵکردنی پێگەکانیان دەدزنەوە، هەندێك بە دوای شێوازگەلێکدا بۆ بزووتنێکی گەورە دەگەڕێن تاوەکو بە سەر شوێنگەی نزمتری خۆیاندا زاڵ بن و هەندێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. زۆربەی ئەو کەسانەی کە وەها هەوڵێك دەدەن سەرکەوتوو نابن، نەك لەبەر نەبوونی هەوڵ یان زیرەکی یا توانایان بەڵکو لەو رووەوە کە هۆکارە پەیوەندیدارەکان بە شوێنگە چینایەتییەکان و کەمی دەرفەت واقیعەکانیان

1 . Bowles & gintis



لێ قەدەغە دەکات. بۆ ئەو کەسانەی کە کۆشش دەکەن و سەرکەوتوو نابن، بەردەوامی لەسەر گەیشتن بەو ئارەزووانەی کە دوور دێنە بەر چاو ئەستەم دەبێت. ئەمە یەکێك لە گرنگترین شێوازەکانی بە کۆمەڵایەتی بوونی هەموومانە: فێرمان دەکەن کە تێڕوانینەکانمان بگۆڕین و ئەمە واتای قەبووڵکردنی شوێنگەیەك دەگەیەنێت کە لە زۆربەی تاکەکانی وەك ئێمە چاوەڕوان دەکەن کە لەو شوێنگەیەدا بمێنینەوە.

دەسەڵاتی یاسایی یەکێکە لەو چەمکانەی کە ڤێبەر لە کۆمەڵناسیدا دەیخاتە روو. ئەو دەپرسێت، بۆچی ئێمە بە ئارەزووی خۆمان گوێڕایەڵی لەوانی تر دەکەین کە لە سەرەوەی خۆمانەوەن؟ وەڵامەکەی ئەو ئەمەیە کە ئێمە **زۆربەمان باوەڕمان وایە کە ئەوان مافی خۆیانە فەرمانمان بەسەردا بکەن.** بە کۆمەڵایەتی بوون خەڵکی ناچار دەکات کە وا هەست بکەن بەشێکن لەو کۆمەڵەیە و هەستی **لێپرسراوێتییان** بەرامبەر بە گوێڕایەڵیکردن لەو تاکانەی کە نوێنەری ئەو کۆمەڵەن، تێدا دروست دەکات. ئێمە باوەڕ بەوە دەهێنین کە ئەگەر بڕیارە وەك کۆمەڵگەیەك بوونمان هەبێت پێویستە سیستەمی نایەکسانی هەنووکە وەك سیستەمێکی راستەقینە قەبووڵ بکەین. سیستەمێکی نایەکسانی هەمیشەیی لە نەریتەکان یان یاساکانی کۆمەڵگەدا هاتۆتە کایەوە کە تاکە وەفادارەکان خۆیان بە مولتەزیم و لێپرسراو دەزانن بەرامبەر بە گوێڕایەڵی کردنی. سیستەمی نایەکسانی ئێمە لە چاوی زۆربەی هاووڵاتیاندا خۆی بە یاسایی دەنوێنێت و زۆربەیان لە گوێڕایەڵی کردنی ئەو کەسانەی کە لە سەرەوەی خۆیاندان هەست بە لێپرسراوێتییەکی ئەخلاقی دەکەن.

لەبەر ئەوە، ئەم سیستەمە لە رێگەی دانوسانی کەسانێکەوە کە لە کۆمەڵگەدا بە کۆمەڵایەتی بوون دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت. بە کۆمەڵایەتی بوون قەبووڵکردنی کولتوورێك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە پاساو بۆ نایەکسانی دەهێنێتەوە و زۆر جار قەبووڵکردنی پێگەی رێژەیی تاکی لەو سیستەمە نایەکسانەدا لێدەکەوێتەوە.

## ئامرازی زەبروزەنگ لە کۆمەڵگەدا

ئاشکرایە کە هەندێ لە تاکەکان خۆیان لە رازی بوون لە پێگەکەی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بە دوور دەگرن و هەوڵ دەدەن پێگەکەیان بە هەر شێوازێك کە دەتوانن، لەوانەشە بە رێگاکانی دەرەوەی یاسا پەرە پێبدەن؟ زۆر جار، ئەوان دەرك بەوە دەکەن کە سیستەم لەگەڵ ئەواندا لە ململانێدایە و بۆ سەرکەوتن ناتوانن لە رێگە ئاساییەکانەوە هەنگاو بنێن. ئەوان لە رێگەی کردەوەکانیانەوە هەڕەشە لە یاسایی بوونی دیسپلینی ئێستا دەکەن. شێوازگەلێك بۆ دۆزینەوە، کۆنترۆڵ و سزادانی ئەم جۆرە تاکانە دەخرێنە گەڕ. پۆلیس، دادگا و بەندیخانەکان تەنیا لە خزمەتی پشتیوانیکردنی خەڵکیدا نین؛ ئەوان پشتیوانی لە سیستەمی نایەکسانی دەکەن.

هەندێك لە گرووپەکان خۆیان لە قەبووڵکردنی سیستەم دەدزنەوە و لە پێناو رووخاندنی خۆیان رێك دەخەن. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەم جۆرە گرووپانە تا رادەیەك ئازادی کارکردنیان هەیە: ئەوان زۆر جار مافی خۆیانە ئەوەی کە دەیانەوێت بیڵێین و بینووسن. بەڵام کاتێك کە لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا بۆ گۆڕانی سیستەم دەست بەکار دەبن، ئێمە ئەوان بە یاخی پێناسە دەکەین و بۆ وەستاندنیان و رێگە لێگرتنیان سوود لە زەبروزەنگ وەردەگرین. هەموو کۆمەڵگەکان سنوورێك دیاری دەکەن و هەموانیش هەوڵ دەدەن لە رێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە بەسەر ئەو گرووپانەدا سەرکەون کە هەڕەشە لە نەزمی هەبوو دەکەن ـ لەوانەش سیستەمی نایەکسانی باو .

هەرچەندە تاوان و کوشتن و بڕین و ئاژاوە رێکخستن و دیسپلین تێك دەدەن و بۆ هەموو خەڵك لە کۆمەڵگەدا گرفت دەسازێنن، کەسانێك کە لە سەرەوەی سیستەمی نایەکسانیدان زیاتر لە هەموان زیانیان بەر دەکەوێت. زیاتر لە هەموو شتێك شوێنگەی بەرزی ئەوانە کە رووبەرووی



مەترسی دەبێتەوە. ئەوان دارایییەکی زیاتریان لە کیس دەچێت. ئەو ئیمتیازاتەی کە ئەوان لێی بەهرەمەندن دەکەونە بەر هەڕەشە. بۆ ئەوان زۆر چارەنووسسازە کە پارێزگاری لەو شتانە بکەن کە هەوڵیان بۆ بە دەست هێنانیان داوە یان بۆیان ماوەتەوە. لەبەر ئەوە ئەوان گرنگیەکی چالاکانە بە سیاسەت، یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان دەدەن. مارکس تا ئەو شوێنە دەڕواتە پێشەوە کە دەڵێت ئامانجی دەوڵەت پاراستنی چینی دەسەڵاتدارە. لانیکەم، دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ئامرازە یاساییەکانی زەبروزەنگ کۆمەڵێك ئامرازی گرنگن کە بە یارمەتیی ئەوان کەسانێك کە لە سەرەوەی کۆمەڵگەدا جێگیر بوون دەتوانن پارێزگاری لە خۆیان و سیستەمی نایەکسانی بکەن.

هەر رێکخراوێك کۆمەڵێك ئامراز بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی دەخاتە کار کە پارێزگاری لە ستراکچەرەکەی دەکەن. زانکۆکان بۆ کۆنترۆڵکردنی قوتابی پەنا دەبەنە بەر نمرە، هەڕەشەی هەڵواسراوی و هەندێ جار رێگەگرتن لە هاوکاریکردنی قوتابییە هەڕەشەکەرەکان. دامودەزگایەکی ئابووری دەتوانێت سوود لە سزا، دابەزاندنی پلە و پێشکەشنەکردنی پلەی بەرز و پیشەی بەرز بۆ کۆنترۆڵ وەربگرێت. خێزان دەتوانێت تاکی زیادەڕۆ بخاتە نێو ژوورەکەی خۆیەوە یان بۆ ماوەی دوو هەفتە لە "ئیمتیازات بێبەشی بکات." دەتوانێت بەو ئەندامەی خۆی کە هەڵەی کردووە رابگەیەنێت کە گرووپ چیتر پێویستی پێی نییە و لەوانەیە بۆ چالاکییەکانی داهاتوو بانگهێشتی نەکاتەوە. هەڵبەت تا رادەیەك سەربەخۆیی تاکەکەسی و ئازادی بوونی هەیە، بەڵام هەمیشە لە بەردەم هەڕەشە بەرامبەر بە سیستەمی نایەکسانی هەبوو کاردانەوە پیشان دەدرێت.

## کورتە و دەرەنجام

نایەکسانی لە ئەنجامی ململانێی کۆمەڵایەتی، دابەشکردنی کار و بوونی خاوەندارێتی تایبەتییەوە سەرهەڵدەدات. نایەکسانی هەروەها لە ئەنجامی کاریگەری بەرامبەری دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە. لە ڕێگەی هەموو ئەمانەوە، بونیادێکی تەقریبەن هەمیشەیی دێتە کایەوە کە خەڵك تێیدا جێگیر دەبن و بە کۆمەڵایەتی دەبن.

نایەکسانی بە درێژایی کات بەردەوام دەبێت. هەوڵی کەسانێك کە لە سەرەوەی کۆمەڵگەدان ـ لە بواری ئابووری، لە حکوومەت، لە پەروەردە و فێرکردن، لە سیستەمی مافی سزادان و لە راگەیاندنەکان ـ یارمەتیی هەمیشەیی کردنی دەدەن. دامەزراوەکانی کۆمەڵگە و شێوازە بونیادییەکانی ئەنجامدانی کارەکان لە کۆمەڵگە، بە ئاراستەی پاراستنی نایەکسانیی هەنووکە هەنگاو دەنێن. بە کۆمەڵایەتی بوونی تاکەکان لە کولتوورێکدا کە پاساو بۆ نایەکسانی دەهێنێتەوە دیسان هۆکارێکی گرنگە و هەروەها بە کۆمەڵایەتی کردنی سەرکەوتوانەی خەڵکیش بە مەبەستی فێربوون و قەبووڵ کردنی پێگەکەیان لە کۆمەڵگەدا هۆکارێکی تر. دواجار، سوود لە ئامرازەکانی زەبروزەنگ بۆ هەمیشەیی کردنی نایەکسانی وەردەگیرێت.

هەندێك لە نایەکسانییەکان ئەگەری هەیە حەتمی بن. خەڵك پێویستە هەوڵ بدەن کە ڕێگە لە سەرهەڵدانیان بگرن و لەگەڵ سەرهەڵدانیان، دەبێت ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ کە بەسەریاندا زاڵ بن. ڕۆبەرت میشلز بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەو ڕێکخراوانەی کە خاوەنی سەرکردەن بە شێوەیەکی حەتمی سیستەمێکی نایەکسان بەدیدەهێنن و لە کۆتاییدا ریشەکێش کردن و لە ناوبردنی ئەو سیستەمە زۆر ئەستەم دەبێت. ئەگەرچی مارکس باوەڕی وا بوو کە بە لەناوبردنی سەرمایەداری یەکسانی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا دەکێشێت، بەڵام ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم ڕاست بوونی



بۆچوونەکەی ئەویان ساغ نەکردۆتەوە. لەڕاستیدا، بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز دێتە پێش چاو. لە یەکیێتی سۆڤیەت، چین یا کووبا و ئەو وڵاتانەی کە تێیاندا خاوەندارێتیی تایبەتی هەڵوەشایەوە، دیسان سیستەمێکی جێگیری نایەکسان سەری هەڵدا، ڕەنگە نەك لەسەر بنەمای خاوندارێتیی دارایی، بەڵکو زیاتر لەسەر بنچینەی سەرکردایەتیی سیاسی، پیشە و کۆنتڕۆڵی دارایی (لە جیاتی خاوەندارێتی دارایی). تەنانەت لە کیبوتسە[1] ئیسرائیلییەکاندا کە خەڵك کۆنترۆڵی یەکسانیان بەسەر سەرچاوە گشتییەکانەوە هەیە و بڕیارەکان بە شێوەیەکی دیموکراسیانە دەدرێن، سیستەمێکی ناڕەسمی نایەکسان لە نێوان سەرکردەکان و ئەوانی تردا سەر هەڵدەدات.

بانگەشەی ئەوەی کە نایەکسانی حەتمییە بەو مانایە نییە کە تاکەکانیش پێویستە رای بگەیەنن کە پێویستە هەژاری و بێبەشبوون قەبووڵ بکەن یان ئەوەی کە پێویستە دیکتاتۆریەت تەحەمول بکەن. پرسیار دەبێت بۆ هەمووان ئەوەبێت کە چ ڕێژەیەك لە نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا یان لە ڕێکخراودا پێویستە بکرێت؟ چ ڕێژەیەك لە نایەکسانی پێویستە؟ یان سوودمەندە؟ دیموکراتیك؟ مرۆڤانە؟ ئەخلاقیانەیە؟

دەرککردنی ئەوەی کە نایەکسانی حەتمییە، هەروەها واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو تاکانە کە خۆیان بەرامبەر بە بنەماکانی یەکسانی بە لێپرسراو دەزانن ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە، چونکە وا دەردەکەوێت هۆکارگەلێکی زۆر لە کۆمەڵگەدا هاندەر و پشتیوانی سیستەمی نایەکسانی دەکەن. لەم ڕووەوە، یەکسانی وەك ئازادییە: نەك تەنیا لە خۆوە بەدەست نایەت، بەڵکو تەنیا بە چاودێری و هۆشیارییەکی هەمیشەیی ئەگەری دەستەبەربوونی هەیە.

[1] ئەو کۆمەڵانەی کە لە ئیسرائیل دامەزراون و تێیاندا بەرهەمهێنان بە شێوەی هاریکاری ئەنجام دەدرێت و نایەکسانییەکانی سامان و دەرامەت بۆ کەمترین ئاست کەم کراوەتەوە.

5

# بۆچی ئەوەی کە دەیکەین باوەڕمان پێیەتی؟

## دروستکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی

بۆچی من باوەڕم بە خودا هەیە؟ ئایا ئەمە باوەڕێکە کە بۆ من سەلماوە؟ ئایا شتێکە کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی سروشتی باوەڕیان پێیەتی؟ ئایا شتێکە کە لە دایك و باوکەوە وەرمانگرتووە؟ ئایا شتێکە کە ئاسوودەیی بە من دەبەخشێت؟ ئایا شتێکە کە پێویستە باوەڕم پێی هەبێت؟ ئایا راستییەکە کە لە سەرچاوەیەکی سروشتییەوە بۆ من ئاشکرا بووە؟

جگە لەوەی کە من باوەڕم بە خودا هەیە یان نییە، ئەم باوەڕە بۆ من تا چ رادەیەك گرنگە؟ و ئەو سیفەتانەی کە باوەڕم وایە خودا هەیەتی چین؟ ئایا خودا دادپەروەرە؟ توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە؟ نزای بەندەکانی گیرا دەکات؟ دادوەری کردەوەکانی منە؟ بۆچی وەها بیروباوەڕێکم هەیە؟

لە خۆتان بپرسن، "ئەگەر ژیانی من جیاواز بوایە، ئەگەر لە شوێن و کاتێکی جیاوازدا لە دایك بوومایە، ئایا دیسانیش ئەم باوەڕانەم دەبوو؟ ئایا بیروباوەڕەکانم سەبارەت بە خودا هەر ئەوانە بوون کە ئێستا هەمن؟



ئێمە باوەڕمان بە شتگەلێکی زۆر هەیە. یەك چرکە بیر بکەنەوە کە باوەڕتان بە چ شتگەلێك هەیە. باوەڕی ئێوە دەربارەی سزای لە سێدارەدان چییە؟ دەربارەی سروشتی مرۆڤ؟ سەبارەت بە سەرمایەداری؟ تاکگەرایی؟ ئازادی؟ لەمەڕ قوتابخانە ئامادەییەکانی ئەمریکا؟ سەبارەت بە پیشاندانی چەند جارەی توندوتیژی لە تەلەفزیۆن؟ لە بارەی ژنان و پیاوان، رووداوە عاشقانەکان، پەیوەندییە سێکسییەکان و هاوسەرگیری؟ دەربارەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ سەبارەت بە ئایندەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیهاندا؟

دەتوانین باوەڕمان بەو شتانە هەبێت کە بە وردی لێکۆڵینەوەمان دەربارەی دروستی یا نادروستیان کردووە، بەڵام ئەگەر بەڕاستی تاوتوێی ئەو شتانە بکەین کە باوەڕمان پێکردوون، تێبینی ئەوە دەکەین کە زۆربەیان رەگیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە داکوتاوە. لە ڕاستیدا، ئایا دەتوانرێت بیر لە بیروباوەڕێك بکرێتەوە کە لە بنەمادا بونیادێکی کۆمەڵایەتی نەبێت؟ ئایا شتێك لە بیروباوەڕەکانی ئێمەدا بوونی هەیە کە لە بنەڕەتدا لە رێگەی کارلێك لەگەڵ ئەوانی ترەوە سەری هەڵنەدابێت؟

تێڕوانینی کۆمەڵناسیانە بۆ کێشەی راستەقینە (حەقیقەت) لێرەوە دەست پێدەکات.

## سوودی زانست

دەروونناسان و کۆمەڵناسان تێڕوانینی خۆیان بۆ زانست بەم گریمانەیە دەست پێدەکەن کە مرۆڤەکان توانایەکی سنوورداریان بۆ وەبیرهێنانەوەی شتەکان هەیە. هەموو رۆژێك ئێمە بە هۆی واقیعەکان و ورژێنەرەکانی ژینگەوە تۆپباران دەکرێین. ئێمە تێبینی هەندێك لەو

شتانە دەکەین کە ئێستا بایەخیان هەیە: زۆربەی شتەکان بە هیچ شێوەیەك نابینین. لە نێو ئەو شتانەی کە تێبینیان دەکەین، ژمارەیەکی زۆر کەمیان وەبیر دەهێنینەوە، مێشکی ئێمە شوێنی ژمارەیەکی زۆر کەمی شتە لەبەر کراوەکانی تێدا دەبێتەوە. قوتابیانی زانکۆ کاتێك کە بۆ تاقیکردنەوە کتێبەکانیان دەخوێننەوە پەی بەم بابەتە دەبەن: "من ئەم بابەتە بۆ یەك رۆژ لەبەر دەکەم، بەڵام هەر کە تاقیکردنەوەکە تەواو بوو هەمووی لە بیر دەکەم!".

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو رۆژێك رووبەرووی بارودۆخی نوێ دەبینەوە، ئەوەی کە دەتوانین بە بیری بهێنینەوە دەیخەینە کار و بە سوود وەرگرتن لە هەر شتێك کە وا دیارە گونجاوە کارەکان بەرەو پێشەوە دەبەین. هەر جارێك کە من دەڕۆمە پۆلەوە، سوود لە هەموو زانستی خۆم وەردەگرم و لە قسەکانمدا بە کاری دەهێنم. کاتێك کە پرسیارێك دەخرێتەروو، لە نێوان هەموو ئەو واقیعانەی کە لەبەر دەستمدایە هەڵبژاردن دەکەم و وەڵام دەدەمەوە. کاتێك کە چاوم بە کاندیدێکی پۆستێکی سیاسی لە حیزبێکدا دەکەوێت، ئەوەی کە بە پێویستی دەزانم لە مێشکمدا رایدەکێشمە دەرەوە ـ هەمیشە بە شێوەیەکی هەڵبژاردن ـ و لەو هەلومەرجەدا بەکاری دەهێنم. هەر کاتێك کە بۆم دەرکەوتووە کە نابێت متمانە بە کاندیدە سیاسییەکان بکەم، پرسیارگەلێك دەخەمە روو تاوەکو جێی متمانەبوونی کاندیدە سیاسییەکە تاقی بکەمەوە. ئەگەر رقم لە دیموکراتەکان بێت و یەکێك بێت لە کاندیدی دیموکراتەکان، بە دوای ئەوەدا دەگەڕێم کە بزانم ئایا ئەو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دیموکراتەکانی تردا هەیە یان نا، لەوانەشە بە خستنەرووی ئەو پرسیارانەی کە من و ئەوانی تر دڵنیا بکاتەوە کە دیموکراتەکان هێشتا شیاو نین سەری لێ بشێوێنم. لەلایەکی ترەوە،



لەوانەیە ئەم واقیعە کە ئەم تاکە قۆز یان گەنجە یان بەم زوانە تەڵاقی وەرگرتووە یا ئایرلەندییە لەم هەلومەرجەدا بۆ من گرنگتر بێت. من ئەگەری هەیە نەتوانم هەموو شتەکان تێبینی بکەم و لەوانەشە نەتوانم هەموو ئەو شتانەی کە فێری بووم و دەکرێ لەو کاتەدا یارمەتیم بدەن بەکار بهێنم.

لە نێو ئەو شتانەی کە لەوانی ترەوە فێری دەبم و لە نێو هەموو ئەو ئەزموونانەی کە هەمە، ئەو شتانە بەبیر دەهێنمەوە کە سوودم پێدەگەیەنن، ئەو شتانەی کە دەتوانم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم و چارەسەرکردنی ئەو مەسەلانەی کە رووبەڕووم دەبنەوە بەکاریان ببەم و هەر جارێك کە شتێك لە هەلومەرجێکدا بەکار دەهێنم و کاریگەری بەجێ دەهێڵێت، ئەم سەرکەوتنە ئەو شتە لە مێشکی مندا بەهێز دەکات و بەبیری دەهێنمەوە و دووبارە سوودی لێ وەردەگرمەوە. هەرچەندیش کە شتێك راست بێت، ئەگەر بەکاری نەهێنم لەبیرم دەچێتەوە. من باوەڕم بە خودا هەیە، چونکە سوودم پێ دەگەیەنێت، من باوەڕم بە خودایەکی دادپەروەرە، چونکە ئەم بیروباوەڕە لە دنیایەکدا کە هەموو رۆژێك رووبەرووی دەبمەوە، واتای هەیە، من باوەڕم بە خودایەکی بەخشندە هەیە، چونکە ئەم باوەڕە یارمەتیم دەدات کە بە شێوەیەکی راست و دروست رووبەرووی کێشەکان ببمەوە، من باوەڕم بە خودایەکی میهرەبان هێناوە چونکە ئەمە واتا بە ژیانی من دەبەخشێت. کاتێك کە ئەم باوەڕانە چیتر سوودم پێ ناگەیەنن، من لە بیریان دەکەم و، کۆمەڵێك بیروباوەڕی تر شوێنی ئەوان لە ژیانمدا دەگرنەوە.

کێشەکە ئەوەیە کە روونی بکەینەوە چۆن بیروباوەڕەکان سوود بە تاك دەگەیەنن و، لەبەر ئەوە دەچینە نێو دنیای کۆمەڵایەتییەوە.

## بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع

پیتر بێرگر و تۆماس لوکمان لە کتێبە بەنرخەکەی خۆیاندا بە ناوی بونیادی کۆمەڵایەتیی واقیع (1966) بە وردەکارییەکی زۆرەوە دەریدەخەن کە خەڵك چۆن لە کارلێکیاندا لەگەڵ یەکتری کۆمەڵە راستییەك کە باوەڕیان پێیەتی، دەهێننە ئاراوە. ئەوان بەڵگە دەهێننەوە کە تاکەکان هەندێك لە بیروباوەڕەکان بە سوودمەند دەبینن و ئەوانەش کە سوودمەند نین رەت دەکەنەوە یان پشتگوێیان دەخەن. ئەنجومەنە برادەرییەکان ئەندامەکانی خۆیان فێر دەکەن کە بایەخی فیداکاری بۆ گرووپەکەیان لە تاکگەرایی باشترە؛ ئەنجومەنەکانی فێرکردن، فیداکاری لە پێناو چارەڕەشان فێری ئەندامەکانیان دەکەن؛ سوپاکان فیداکاری بۆ وڵات لە جیاتی خۆشەویستی بۆ داهاتووی خودی تاك فێری ئەندامەکانیان دەکەن. تاکەکان زۆر جار ئەم باوەڕانە بە سوودمەند سەیر دەکەن، چونکە خۆیان لەم گرووپانەدا ئەندامن. خۆشەویستان بۆ گرووپ هانیان دەدات کە دەرك بە دانایی ئەم فێرکردنە بکەن. بیروباوەڕە سوودمەندەکانی تاك لە ئەنجامی بیروباوەڕە سوودمەندەکان بۆ ئەو گرووپانەی کە پێیانەوە بەستراوەتەوە سەرهەڵدەدەن.

## چەمکی کولتوور

هەر رێکخراوێك ـ گرووپەکان، رێکخراوە رەسمییەکان، کۆمەڵە بچووك و لاکۆڵانییەکان و، کۆمەڵگەکان ـ کۆمەڵێك لە بیروباوەڕ، بەها و رێسا دەهێنێتە دی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ناچارە رووبەڕوویان بێتەوە سوودمەندن. هەر بەو جۆرەی کە بینیمان ئەم زنجیرە بیروباوەڕ و بەها و رێسایانە پێی دەوترێت **کولتوور**.



بێرگەر و لوکمان وەبیرمان دەهێننەوە کە کۆمەڵگەیەکی راووشکار کۆمەڵێك واقیع دەربارەی راو دەزانێت، کۆمەڵێك دروشم و رێوشوێن لە بواری راودا دەگرێتە بەر و سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانێت راو بکات فێری بیروباوەڕێك دەبێت. لەلایەکی ترەوە، ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە رووی ئەخلاقییەوە دژی خواردنی گۆشتە کۆمەڵێك واقیعی جیاواز دەربارەی راو دەزانێت، سیستەمێکی ئەخلاقی دادەمەزرێنێت کە راوکردن ئیدانە دەکات و بیروباوەڕێك فێر دەکات کە چۆن دەتوانرێت بەبێ خواردنی گۆشت درێژە بە ژیان بدات.

کولتوور کۆمەڵێك راستی (حەقیقەت) لە خۆ دەگرێت کە ئێمە بە حەتمییان دادەنێین، زنجیرەیەك لە گریمانەکان کە ئێمە زۆر جار بەبێ پرسیارکردنێکی جددی قەبوڵیان دەکەین. لە ئاستێکی گشتیدا، کولتوورێکی دیاریکراو لەوانەیە کۆمەڵێك گریمانەی ئایینی یان گریمانەی زانستی سەبارەت بە گەردوون کەڵەکە کردبێت. لەوانەیە جەخت لەسەر پێشکەوتن بکاتەوە یان بایەخێکی زۆر بە نەریتەکان بدات. دەکرێ بەرامبەر بە تاك یان بەرامبەر بە گشت لێپرسراو بێت. لەم ئاستە گشتییەدا، کولتوور فێرمان دەکات کە بە چاوی رێزەوە سەیری ئازادی، شتە ماددییەکان، خێزان، یان هونەر بکەین؛ فێرمان دەکات کە زۆر خۆمان ماندوو کەین، شتەکان بە سادە سەیر بکەین، کێبڕکێ بکەین، هاوکاری بکەین، ئەوانی تر بەکار بهێنین یان ئەوانی ترمان خۆش بوێت. فەرهەنگ، رێنیشاندەرێکی وەها گشتی و سەرەکییە کە لە روانگەی زۆربەمانەوە توخمەکانی بە سروشتی دەردەکەون و، وا دیارە لەگەڵ شتێکی سروشتیدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین نەك شتێکی کۆمەڵایەتی.

تازەگەری نموونەیەکی باشە بۆ ئەوەی کولتوور وەك رێنیشاندەرێکی گشتی شێوازی بیرکردنەوەی خەڵك پیشانی ئێمە بدات. کاتێك کە تازەگەری لە کۆمەڵگەدا روودەدات (واتە، کاتێك بەپیشەسازی بوون،

شارنشینی و بیرۆکراسی بوون پەرە دەسێنێت)، کولتوور ـ و هۆشیاری ـ کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا دێت. خەڵك بە جۆرێکی روو لە زیاد بە شێوەیەکی ناتاکەکەسی بیر لە یەکتر دەکەنەوە. ئەوان سەربەخۆتر و نەناسراوتر دەبن. ئەوان بە چاوی رێزەوە سەیری تاکێتی و گۆڕانکاری دەکەن. تێڕامانی خەڵك بەرامبەر بە کات دەگۆڕێت. ئەوان زیاتر بەرەو بیرکردنەوە سەبارەت بە داهاتوو ئاراستە وەردەگرن و گرنگییەکی زیاتر بە رابردوو دەدەن. لەجیاتی ئەوەی کە کات بە دووری پێناسە بکەن (بەیانی وەك رابردووی لێدێت؛ پێشکەوتن وەهمێك زیاتر نییە)، بە هێڵێك پێناسەی دەکەن، لەسەر هێڵێکی کاتی کە سەرەتایەك و داهاتوویەکی هەیە (بەیانی لەگەڵ رابردوودا جیاوازی دەبێت؛ پێشکەوتن رەنگە رووبدات). تەنانەت پێناسەی ئەوان بۆ کاتژمێریش دەگۆڕێت. لە جیاتی رۆژە تەقریبییەکان کە بە مەبەستی وەرگرتنی مووچە و حەقدەست ئیشیان کردووە، خاوەنکارەکان گرنگییەکی تایبەتی بە کاتژمێرەکان و تەنانەت خولەکەکانیش دەدەن. جەخت لەسەر رێزگرتن لە کات دەکرێتەوە، هەر بەو جۆرەی کە گرنگی بە رێکخستن و رێڕەوی ئاسایی کارکردن دەدرێت. کولتووری نەتەوەیەك بۆ ژیانیان بایەخێکی بونیادی هەیە؛ کولتوور کۆمەڵێك لە بیروباوەڕ، بەها و نۆڕمەکانە کە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدی هاتووە و بنەڕەتی شێوازی هەڵسوکەوتی ئەوان پێکدەهێنێت.

کولتوور زیاتر دەتوانرێت **بە دیدگای هاوبەشی** یەك نەتەوە پێناسە بکرێت. کولتوور تێڕوانین و شێوازی بەرخوردی ئەوانە بۆ دەرککردنی واقیع. کولتوور زەمینەیەکە کە تێیدا ئەزموون تێبینی و راڤە دەکرێت. هەڵبەت، دیدگای هاوبەش یەك لایەن دەبێت. زۆرێك لە شتەکان پشتگوێ دەخات، لایەنە دیاریکراوەکانی ژینگە هەڵدەبژێرێت و جەختی لەسەر دەکاتەوە و هەمیشە واقیعەکان لەژێر تیشکدانەوەی ئەو گریمانانەدا کە پێشتر بیریان لێ کراوەتەوە لێکدەداتەوە و روون دەکاتەوە. ئێمە ناتوانین



لە کولتوور هەڵبێین؛ ئێمە وەك رێ نیشاندەرێك بۆ دروستکردنی واقیعەکانمان سوود لە کولتوور وەردەگرین. کاتێکیش کە ئەرکێك بەرامبەر بە کولتوورێك دەگرینە ئەستۆ، بە توندی ئاراستەیەك وەردەگرین کە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن بە بێگانە بزانین و ئەگەر هەڕەشە لە ئێمە بکەن، ئەوان بە"لادەر و رێ هەڵەبوو" ناو ببەین. ئێمە نازناوی هەڵەکەر، خراپەکار یا نەخۆشیان دەدەینە پاڵ. بەڵام ئەم ناولێنانە هێشتا کۆمەڵایەتییە؛ ئەوەی تووشی لادان و رێ هەڵەبوون دەبێت دەرەنجامی لێپرسراوێتیی ئێمەیە بەرامبەر بە پێودانگەکانی کولتوورێکی دیاریکراو.


بۆ نموونە، سەرنجی جووتێکی (زەوج) هاوڕەگەزگەرا (هاوجنس گەرا) بدەن. کۆمەڵگە سەبارەت بە هاوڕەگەزبازی شتگەلێکیان فێر دەکات و پڕیان دەکات لە"واقیعەکان"، بەها و، بنەما ئەخلاقییەکان کە لە کاتی کارلێك لەگەڵ جووتی هاوڕەگەزگەرادا بەکاریان دەهێنین. کۆمەڵگە وشەگەلێکمان پێدەدات ـ وەك خۆشحاڵ، نائاسایی، هاوڕەگەزباز، و هتد، کە ئێمە دەربارەی تاکە هاوڕەگەزبازەکان سوودیان لێوەردەگرین. کۆمەڵگە ئەو بەڵگانەشمان فێر دەکات کە بۆچی تاکەکان هاوڕەگەزبازن (هەڵبژاردن، لاوازی، نەخۆشی، بایەلۆژی، پەروەردە و...) و پیشانمان دەدات کە بۆچی ئەم جۆرە کردارانە ئەخلاقی یان نائەخلاقین. ئێمە زۆربەمان دەکەوینە ژێر کاریگەریی تێڕوانینی کۆمەڵگەوە، بۆیە کاتێك کە چاومان بە جووتێکی هاوڕەگەزباز دەکەوێت، ئەوە بۆ ئێمە واتا پەیدا دەکات و دەبێتە شتێکی سوودمەند.

هەڵبەت ئێمە هەمووومان یەکسان بیر ناکەینەوە. ئەگەر ئێمە بەشێك بین لە کۆمەڵی هاوڕەگەزگەرایان، دەبینە خاوەنی تێڕوانینێك کە لەگەڵ تێڕوانینی بۆ نموونە ئەندامی کلێسەی بونیادگەرادا جیاوازە. ئەگەر بەشێك لە گرووپێکی زانکۆیی بین، بە ئەگەری زۆر جیاوازییە مرۆیەکان زیاتر تەحەمول دەکەین و لەبەر ئەوە هاوڕەگەزبازیش وەك ئاڕاستییەکی رەگەزی

هەنـدێك لـە تاكـەكان سـەیر دەكـەین، ئەگـەر بەشـێك لـە كۆمـەڵی دەروونشیكارەكان بین، واقیعێكی دیكە دەبیـنین و ئەگـەر كۆمـەڵناس بـین، دیسان تێبینی واقیعێكی جیاوازی دیكە دەكەین. بـەڵام خـاڵی گـرنگ ڕێـك و ڕاست ئەوەیە كە هەموومان دەسـت بـە كارلێـك دەكـەین ـ ئێمـە دیـدگاكانی هەندێ لەو گرووپانە قەبووڵ دەكەین كە تێیدا دەست بە كارلێك دەكەین ـ و بەپێی ئەوەی كە باوەڕمان بە چ شتگەلێك سەبارەت بە جیهان هـەبووە ئـەو دیدگایانە شوێنی ڕێ نیشاندەرێكمان بۆ دەگرنەوە. **واقیـع هـەرگیز پێمـان ناڵێت كە چییە؛ واقیعەكان نهێنییە بۆشەكانمان بۆ پڕ ناكەنەوە. بەڵكو، مرۆڤەكان پێویستە بەو جۆرەی كە هەیە واقیع ڕاڤە بكەن و ئەو ڕاڤەكردنە بە كولتوورێك كە ئێمە بۆ ڕێنوێنی كردنی خۆمان بەكاری دەهێنین دەست پێدەكات. ئەو كولتوورە بە گـوێرەی خـۆی لـە گرووپـەكانی ئێمـە و لـە كۆمەڵگە دەكەوێتەوە.**

ئەم دیدگایە بەو شێوەیەی كە پێویستە بەلای زۆربەی خەڵكەوە ئاشـكرا نییە. ئێمە بە دڵنیاییەوە دەرك بەوە دەكـەین كـە ئـەوانی تـر لـە فێركردنـی ئەو شتەدا كـە ئێمـە دەیـزانین گـرنگن و لەبـەر ئـەوە دەتـوانین بـە ئاسـانی دەستنیشانی گرنگی كاریگەرییەكی كۆمەڵایەتی گشتی بكەین. بـەڵام لێـرەدا ئێمە بایەخ بە شتێكی زۆر سەرەكیتر دەدەیـن. هـەر شـتێك كـە ئێمـە فێـری دەبین هەمیشە لە بوارێكی كۆمەڵایەتیدا لێـك دەدرێتـەوە و ڕاڤـە دەكرێـت و بڕیاری لەسەر دەدرێت ـ كولتوورێك كە لە نێـو خەڵكدا ڕەگـی داكوتـاوە ـ و ئەم زەمینەیە كاریگەرییەكی بەهێز بەجێ دەهێڵێت، جا چ ئەو شتەی كە لـە هـەر ساڵێكدا فێـری دەبـین باوەڕمـان پێـی هـەبێت، وەبـیری بهێنینـەوە و بـەكاری بـەرین یـان نـا. دەكـرێ ئـەم بیرۆكەیـە بـەم شـێوەیەی خـوارەوە هێڵكاری بكەین:






زانینی ئەم خاڵە گرنگیی خۆی هەیە، كە مرۆڤەكان تەنیا لە ئەزموونـەوە فێر نابن ـ ئەوان ئەوەی كە ڕاڤەی دەكەن لـەو دیـو چاویلكەی كولتـوورەوە ڕاڤـەی دەكـەن. **كولتـوور** تێڕوانینـی گرووپێكـە بـۆ واقیعیـەت و ئەنـدامانی گرووپ، لەبەر ئەوە بـاوەڕی دەكـەن كـە بـە شـتێكی سـوودمەندی دەزانـن، خەڵكی لە ژیانی كۆمەڵایەتی خۆیان پێكەوە هاوكاری یەكتری دەكـەن و، لـە ئەنجامی ئەم هاوكارییەدا ڕێككەوتنێك سەبارەت بە جیهـانی كۆمەڵایـەتی لـە نێوانیاندا پێك دێت ـ كولتوور ـ و بە هۆی بەرقـەراركردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ژینگەكەیاندا بە چەشنێكی بەرچاو ئەم تێڕوانینە بە حەتمی لێك دەدەنـەوە. ئـەوان وەك گرووپێـك بـەردەوام ئـەم ڕێككەوتنـە بـە سـوودمەند دەبیـنن، چـونكە كارەكانیـان بـۆ سـاز دەكـات. ئەگـەر بیروباوەڕەكـان، یـا ڕێـسا و یاسـاكان لەبـەر هـەر هۆكارێـك لەگـەڵ ئـەو شـتەدا كـە گـرووپ هـەوڵی بەدەستهێنانی دەدات هەماهەنگ نەبێت، لەو حاڵەتـەدا فـەرامۆش یـان ڕەت دەكرێتەوە. ئەگەر ئێمە كۆمەڵگەیەكی نایەكسان بین، لـەو دۆخـەدا كۆمەڵـە باوەڕێـك دروسـت دەكـەین كـە ئـەو نایەكـسانییە پاسـاو بهێننـەوە یـان یارمـەتیمان بـدەن كـە بـوونی ـ نایەكـسانی پـشتگوێ بخـەین. ئەگـەر كۆمەڵگەیەكی سەرمایەداری بین بۆ ئێمە گرنگە كە بە چاوی ڕێزەوە سەیری ڕكابەری بكەین. ئەگەر دوژمندار بـین بـۆ ئێمـە زۆر گرنگـە كـە بـە پیـاوكوژ،

تیرۆریست، یا ئاژەڵ پێناسەکردنی ئەوان، تایبەتمەندییە مرۆییەکانیان لێ زەوت بکەین. ئەگەر لە بزووتنەوەی مافی ژناندا ئەندامی چالاك بین، بۆ ئێمە گرنگ دەبێت کە باوەڕمان وا بێت کە کۆرپەلە مرۆڤێکە؛ ئەگەر لایەنگری مافی هەڵبژاردن بین ئەوا بە لامانەوە گرنگ دەبێت کە باوەڕمان وا بێت کە کۆرپەلە هێشتا نەبۆتە مرۆڤێك. کارل مانهایم دەنووسێت کە: "تەنانەت ئەو پلەبەندییانەی کە ئەزموونەکانمان تێیاندا کۆکردۆتەوە و ڕێکوپێك کردووە" بەستراوەتەوە بە شوێنگەی ئەو گرووپەوە کە بیروباوەڕەکانی بەکار دەهێنین (1929: 130). لە هەموو حاڵەتەکاندا کولتووری گرووپ پەیوەندی بە خودی گرووپەوە هەیە: چی دەکات، چۆن چالاکی ئەنجام دەدات، چۆن بنیاد نراوە، چالاکییەکانی چین و مێژووەکەی چۆن بووە. هەردەم بەڵگەیەك لە ئارادایە کە بۆچی گرووپێکی تایبەت بەدەر لە دروستی یا نادروستییەکەی، باوەڕی بە توخمە کولتوورییەکانی خۆی هەیە. ناسینی ژمارەیەکی زۆر لەو ڕاستییانەی کە ئێمە ڕەنگە ڕەت یان فەرامۆشمان کردوون، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وا بکەین، سەرسوڕهێنەر و ترسناکە.

یەکێك لە نموونەکانی کولتوور فاشیزمە، کۆمەڵێك لە باوەڕ، نۆڕم و بەهاکان کە پاش جەنگی جیهانیی یەکەم لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیادا سەریهەڵدا. فاشیزم ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، زنجیرەیەك لە باوەڕەکان کە سەبارەت بە توخمگەلێکی دیاریکراو لە جیهاندا زیادەڕۆیی دەکات تاوەکو پاساو بۆ بەرنامەیەکی دیاریکراوی سیاسی بهێنێتەوە - بۆ نموونە ئەو باوەڕەی کە جەنگ و دەسەڵات باشترین تواناکانی مرۆڤایەتی ئاشکرا دەکەن، ئەو بیروباوەڕەی کە گرووپە جۆراوجۆرەکانی خەڵك بە شێوەیەکی سروشتی نایەکسانن و، ئەو باوەڕەی کە دیموکراسی و ئازادی نیشانەی لاوازییە. فاشیزم وەك بەشێکی سەرەکیی کولتووری ئەڵمانیای لێهات، چونکە کارساز و سوودمەند بوو: شکستی ئەڵمانیای لە جەنگدا ڕوون دەکردەوە،



هۆکارەکانی قەیرانی ئابووری شی دەکردەوە و سوودی لە نائارامیی گشتی وەردەگرت. فاشیزم لەگەڵ زۆربەی کایەکانی ئەوکاتی کولتووری نەریتی ئەڵمانیاشدا تەبا بوو: ناسیۆنالیزمی بەهێز، سەربازگەرایی و دەسەڵاتگەرایی. بۆ گرووپە دیاریکراوەکانی خەڵك وەك خاوەن پیشەسازییەکانی ئەڵمانیا و هەلپەرستە سیاسییە جۆراوجۆرەکان، کە دەیانتوانی بە قازانجی خۆیان بەکاری بهێنن، سوودمەند بوو. فاشیزم کارساز بوو، چونکە ئێستای ڕاڤە دەکرد، لەگەڵ ڕابردوودا دەگونجا و بۆ داهاتوو هیوای لەگەڵ خۆیدا دەهێنا: ئێمە دەتوانین بە وردی تاوتوێی ئەو بیروباوەڕ و هزرانە بکەین کە باڵیان بەسەر مێژووی خۆماندا کێشاوە و بۆمان دەرکەوت کە ئەوانیش بۆ ئەو شتەی کە ئێمە وەك کۆمەڵگە ئەنجامی دەدەین سوودمەند بوون. ئەوان هەر دووکیان کاریگەرییان لەسەر ئەوە دانا کە ئێمە ئەنجاممان دا، پارمەتیی پاساو بۆ هێنانەوەشیان دا.

دیدگاکان هەڵخەڵەتێنەرن. هەر کە تاکەکان باوەڕیان بە دیدگایەك کرد ئیدی قەبوولکردنی بەڵگەگەلێك دژی ئەو دیدگایە بە ئەستەم دەزانن. لۆژیکێکی ناوەکی لێرەدا بوونی هەیە، لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکی هەڵبژێرراو لە بەڵگەکان و ئاراستەیەك بەرەو ڕاڤەکردنێکی ئەزموونی بەپێی ئەوەی تاکەکان لە ڕابردوودا قەبووڵیان کردووە.. وا نییە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئێمەدا هاوڕا نین بێئەقڵ بن؛ ئەوان بە تەواوەتی دەربارەی هەمان ئەو جیهانەی کە ئێمە تێبینی دەکەین تێڕوانینێکی جیاوازیان هەیە و ڕووداوەکان بە گوێرەی ئەو تێڕوانینانە ڕاڤە دەکەن و لێکی دەدەنەوە. وا دەردەکەوێت کاتێك کە کەسێك پێشبینی جیهان دەکات و وەها شتێك ڕوونادات، ئیدی لایەنگرەکان ڕوو لەو کەسە وەردەگێڕن، بەڵام بەڵگەگەلێك لە ئارادایە کە شوێنکەوتووەکان تەنانەت پابەندتر دەبن، چونکە باوەڕداران باوەڕیان وایە کە لێپرسراوێتیی ئەوان جیهانی ڕزگار کردووە. (بۆ نموونە، ن. ك Leon Festinger, When prophecy Fails 1956).

ئەم تێگەیشتنە کە بیروباوەڕەکان بە تەواوەتی "سوودمەند دەبن" و لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئێمە باوەڕمان پێیان هەیە، لەڕاستیدا تێگەیشتنێکی زۆر سادەیە. هەندێ جار لەسەر باوەڕ بوون بەو شتانەی کە لە سەرەتای ژیاندا فێری بووین هەر بەردەوام دەبین یان بە شتێك کە راگەیاندنەکان یا بەپرسە سیاسییەکان دەیانەوێت باوەڕمان پێی هەبێت و هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە کە شتێکی تر لەوانەیە سوودێکی زیاترمان پێبگەیەنێت. تا کاتێك کە رووبەرووی بیروباوەڕێك نەبینەوە کە بە روالەت لەو شتانەی کە فێریان بووین سوودمەندتر بن، مەیلێکی بەهێزمان بۆ وازهێنان لە بیروباوەڕە کۆنەکان هەر تێدا دەمێنێت. رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرووپە نوێیەکان و بەمپێیە فەرهەنگە نوێیەکان ئەم جۆرە بیروباوەڕە نوێیانەمان پێ دەناسێنێت.

### بایەخی کولتوور بۆ تاك

بەمپێیە، بۆ کۆمەڵناس لە سەرتاسەری ژیانی رێکخراودا "بونیادێکی کۆمەڵایەتی واقیع" بوونی هەیە. لە جیاتی ئەوەی کە واقیع تەنیا لە دەرەوەدا بوونی هەبێت، تاوەکو ئێمە وەڵامی بدەینەوە، ئێمە خۆمان دروستی دەکەین ـ ئێمە وەك خانوویەك یان شارێگەیەك ـ لە رێگەی هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتر و پێکهێنانی چوارچێوەیەك کە بە هۆیەوە دەتوانین ژینگەکەمان لێك بدەینەوە و راڤە بکەین دروستی دەکەین. پرسیارێکی گرنگ بۆ هەموومان ئەمەیە، کە بۆچی تاك بەم بونیادە کۆمەڵایەتییە رازی دەبێت؟ ئەوەی کە ئێمە قەبووڵی دەکەین حەتمی نییە، بەڵام کۆمەڵێك هۆکاری گرنگ هەیە کە سەرنجی ئێمە رادەکێشێت. گوشارێکی زۆر بۆ ئەم مەبەستە لە ئارادایە. ئەگەر بڕیاریش بێت کە لێی تێبگەین، لەوانەیە باشتر وابێت کە بۆ چواربەش دابەشی بکەین.



یەکەم، لەو باوەڕەوە دەست پێدەکەین کە تاك دیدگایەك قەبووڵ دەکات کە قازانجی پێدەگەیەنێت. تا کاتێك کە تاك لە گرووپدایە زۆر جار دیدگای گرووپەکە بەباش و سوودمەند دەزانێت: "ئەو تاکانەی کە من دەیانناسم و رۆژانە لەگەڵیاندا کارلێك ئەنجام دەدەم، ئەم دیدگایە بەکار دەهێنین و سوودمان پێ دەگەیەنێت." تاك هان دەدرێت و بیری دەخرێتەوە کە دیدگای گرووپەکەی بەردەوام بەکار بهێنێت: "دیدگای گرووپ دیدگای منە. خواست و بەهاکانی، خواست و بەهاکانی منن، رێسا و وەڵامەکانی ئەو بۆ من واتادارن. لە راستیدا، من لەگرووپدا دەمێنمەوە تا رادەیەك لەبەر ئەوەی کە ئەو دیدگایە قازانجی بۆ من هەیە. بەڵگە و نیشانەکان لە دەوروبەری مندا هەن. ئەو کەسانەی کە من لەگەڵیاندا کارلێکم هەیە و رێزیان لێدەگرم بە سوودمەندی دەزانن و ئەمە کاریگەری لەسەر من دادەنێت تاوەکو باوەڕ بکەم کە راستە." بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانی مۆسیقای راکدا کولتوورێکی هاوبەشیان هەیە، ئەم باوەڕە بە سوودمەند دەزانن کە مۆسیقا ژیانە، مۆسیقای باش پێویستە درێژ بێت، نوێترین ئاواز باشترین ئاوازە، لە دەستدانی هێزی بیستن بەقەدەر دەرکەوتن لە دنیای مۆسیقای راکدا گرنگ نییە.

دووەم، کارلێك، بەپێی چیەتییەکەی، یارمەتیی بەهێزکردنی دیدگایەك دەدات کە تاك لەوانی ترەوە فێری دەبێت. هەرچی کارلێك بەتینتر بێت ـ واتە، هەرچی زیاتر تاك لەگەڵ کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو و تایبەتدا کارلێك بنوێنێت و، کەسە دوورەکان پشتگوێ بخات ـ زیاتر باوەڕ بەوە دەهێنێت کە دیدگای گرووپ سوودمەندترین و باشترین دیدگایە. هەرچییەك بێت ئەگەر من دەرفەتی تاقیکردنەوەی دیدگاکانی ترم نەبێت، شتێکیشم نییە کە دیدگای گرووپەکەی لەگەڵدا بەراورد بکەم. کارلێك بەردەوام جەخت لەسەر دیدگایەك دەکاتەوە و؛ رێگر دەبێت لەبەردەم ئەوەدا کە تاك لە

دەرەوەی گرووپ دیدگایەکی جێنشین فێر ببێت. کۆمەڵێکی گۆشەگیر زۆر جار واتای بوونی کۆمەڵێك دیدگای کەمتر و دڵنیاتر دەگەیەنێت. کۆمەڵێکی فرەڕەنگی شاری زیاتر واتای کارلێکی پچڕ پچڕ، بەرخورد لەگەڵ گرووپە زۆرەکان و دڵنیایی کەمتر سەبارەت بە دیدگای خود دەگەیەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو حاڵەتەکاندا کارلێك بە بەردەوامی ئەم دیدگایە بەهێز دەکات و هەر جۆرە لێك دابڕانێك لە کارلێکدا لاوازی دەکات. واتای ئەم پەیوەندییە دەتوانێت قووڵ بێت، کاتێك بزانین کە کارلێك واتای پەیوەندی، قسەکردن، نووسین، ئاماژە پێکردن و، هاوبەشیکردن لە زمان، بیروباوەڕ، بەها، نۆرم و... دەگەیەنێت. ئێمە کولتوور لە ناو کەناڵەکانی پەیوەندیکردنی خۆماندا بەدی دەهێنین. بە گۆڕانی ئەوان کولتووریش کە بە لامانەوە گرنگە گۆڕانی بەسەردا دێت.

سێیەم، تاك لەو رووەوە دیدگای گرووپ قەبووڵ دەکات کە گرووپێکی هاودەنگیش هەم لە رێگەی بەکۆمەڵایەتی کردنی بەردەوامەوە و هەم لە رێگەی گەرەنتی کردنی رێوشوێنە کۆمەڵایەتییەکانەوە هان دەدات. ئێمە بەکۆمەڵایەتی دەبین تاوەکو ئەوەی گرووپ ئەنجامی دەدات باوەڕمان پێی هەبێت. ئێمە دیدگای گرووپ لە رێگەی گوێگرتن لەوانی ترەوە، سەیرکردنی ئەوان و لە رێگەی فێربوونە خۆویستانەکانی ئەوانی ترەوە فێر دەبین. چوونە ناو ژیانی زانکۆ، فێربوونی بنەڕەتی نێو سوپا، فێربوونی کاتی خزمەت و مەشقی تۆپی پێی بەهار، تەنیا چەند نموونەیەکن لە بەکۆمەڵایەتی بوون لە کولتووری گرووپدا. ئێمە لە بەردەم گەرەنتی رێوشوێنە کۆمەڵایەتی (پاداشت و سزا) یەکاندراین لەلایەن گرووپیشەوە. کاتێك کە سوود لە دیدگای گرووپ وەردەگرین، ئەوانی تر لە گرووپدا قەبووڵمان دەکەن و هەست دەکەین کە بەشێکین لە شتێکی گرنگ. ئەگەر سوودی لێوەرنەگرین، پاداشت وەرناگرین و هەندێ جار سزاش دەدرێین.



هەموو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان خوازیاری ئینتیمان و ئینتیمای ئێمە بە پیشاندانی باوەڕەکانمان بەرامبەر بە بنەما و بیروباوەڕە سەرەکییەکانی گرووپ تاقی دەکرێتەوە.

دواجار، ئێمە باوەڕ بە دیدگای گرووپ دەهێنین، چونکە بۆ مرۆڤەکان زۆر ئەستەمە کە بتوانن بە تەنیا باوەڕیان بە شتێك هەبێت. ئێمە دەمانەوێت باوەڕمان بەوە هەبێت کە دیدگای ئێمە سەبارەت **بە واقیع هاوبەشە**. زۆربەمان هەوڵ دەدەین راستییەکانی خۆمان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی کۆنترۆڵ بکەین، راستی بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دەچەسپێت، چونکە ئێمە بە دوای **پشتیوانی کۆمەڵایەتی** بۆ بیروباوەڕەکاندا دەگەڕێین. بە واتایەك، ئێمە دروست کراوین کە کولتووری ئەو گرووپانەی کە تێیاندا دەژین قەبووڵ بکەین، ئەوان دڵنیامان دەکەنەوە کە باوەڕەکانمان سەبارەت بە جیهان راستە.

لەبەر ئەوە، یەکەمین وەڵام بۆ ئەو پرسیارە کە بۆچی باوەڕمان بەو شتە هەیە کە ئەنجامی دەدەین پەیوەندی بە کولتوورەوە هەیە. تاکەکان، کارلێکیان لەگەڵ ئەوانی تر، تێڕوانینێك (دادگا، فەرهەنگ) بۆ دەرکی جیهان بەرهەم دەهێنن و فێر دەبن. ئەم تێڕوانینە بەپێی پێناسەکە، بە هەڵبژاردن و لەسەر ئەوەی کە ئێمە فێری دەبین و چۆنییەتیی شیکردنەوەی ئەزموونەکانمان کاریگەری دروست دەکات. ئێمە باوەڕمان بە دیدگاکانمان هەیە چونکە لە نێو ئەو گرووپانەدا کار دەکەین کە لەم دیدگایەدا هاوبەشن. ئەو گرووپانەی کە بۆ ئێمە سوودمەندن کۆمەڵێك دیدگای هاوبەشیان هەیە کە قازانجمان پێدەگەیەنن. کارلێکی بەردەوام هانی بەکۆمەڵایەتی بوون و بەهێز بوونی ئێمە دەدەن کە باوەڕمان بە کولتوور هەبیت، هەر بەو جۆرەی کە پێویستی ئێمە بۆ هەبوونی پشتیوانی کۆمەڵایەتی بۆ راستییەکانمان وا دەکەن.

## ستراکچەری کۆمەڵایەتی و واقیع

### پێگەکان و دیدگاکان

دیدگاکانی ئێمە سەبارەت بە واقیع نە تەنیا بەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانەوە کە تێیاندا جێگیر بووین، بەڵکو بە پێگەکانی ئێمەشەوە لەو ڕێکخراوانەدا بەستراوەتەوە. دیدگاکان کۆمەڵێك دیمەن یان گۆشەنیگان کە لێیانەوە واقیع دەبینین. گۆشەیەك لە سەرەوەیە، ئەوی تر لە خوارەوە. چینی دەوڵەمەندی سەرەوە و چینی هەژاری خوارەوە لە کۆمەڵێك شوێنگەی جیاوازەوە سەیری واقیع دەکەن و ئەم شوێنگانە **بە پێگەکان** ناو دەبرێت. سەرکردەکان و لایەنگران لە گرووپەکاندا دیدگای جیاوازیان هەیە و هەروەها مامۆستایانی زانکۆ و قوتابییەکان. ڕاستییەکەی ئەمەیە کە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی نەك تەنیا لەڕێگەی کولتوورەوە (کە هەمووان تێیدا هاوبەشن)ـ بەڵکو هەروەها لە ڕێگەی ئەو پێگانەشەوە کە دەیانگرینە بەر و ئەو ڕۆڵانەوە کە دەیانگێڕین باوەڕەکانی ئێمە بەدی دەهێنێت.

بۆ نموونە، ئێمە باوەڕمان بە کۆمەڵە بیروباوەڕێك هەیە کە لە ئەنجامی ئەو واقیعەوە سەرهەڵدەدەن کە ئێمە پیاوین یان ژن. بەشێك لە واقیعی ژن بوون لەم کۆمەڵگەیەدا فێربوونی "بیرکردنەوە وەك ژنێك"ە، بۆ نموونە، باوەڕبوون بەوەی کە ئەویندار‌بوون، ئەڵقەگۆڕینەوە و بوونە خاوەن منداڵ کۆمەڵێك کرداری زەرووری بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە و ڕەزامەندانەن. پیاوبوونیش فێربوونی "بیرکردنەوە وەك پیاوێك"ە، بۆ وێنە باوەڕهێنان بەوەی کە پارە پەیداکردن و بەدەستهێنانی ئیعتیباری کۆمەڵایەتی، دەسەڵات و ئیمتیاز لە جیهانی ئابووریدا کۆمەڵێك دەسکەوتی زەرووری بۆ ژیانێکی کامەران و خۆشبەختانە پێکدەهێنن. **تایبەتمەندی ژنانە و تایبەتمەندییە پیاوانەکان** وشەگەلێکن کە پەیوەندییان بە ڕەفتاری



چاوەڕوانکراوی تاکەکانەوە هەیە. شێوازەکانی بیرکردنەوە هاوڕێن لەگەڵ ئەم ڕەفتارانەدا. هەڵبەت، لە کۆمەڵگەی ئازادتری ئەمڕۆدا، ئەم جیاکردنەوەیە ئیتر ئاسان نییە. بینینی ئەم ڕۆڵانە لە نێو کولتوورێکی بونیادگەرای ئاییندا (ئیسلامی، یەهودی، مەسیحی) ئاسانترە. لەوانەیە بۆ زۆربەمان وێناکردنی ئاسان نەبێت کە ژنانی نەریتی ئێرانی دەتوانن ڕێگە بەخۆیان بدەن کە لەژێر کۆتی پیاواندا بن، لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پیاوان دەیانکەن بە تەواوەتی خۆیان بە دوور بگرن، تەنیا بە گوێڕایەڵبوون و دایکایەتیکردن ڕازی بن، تەنانەت کاتێك کە دەچنە شوێنە گشتییەکانەوە دەم و چاو و تەواوی جەستەیان داپۆشن. بەم حاڵەشەوە، ئەگەر ئێمە پرسیاریان لێبکەین، سیستەمێکی باوەڕدارانە دەدۆزینەوە کە ئەو کێشەیە ڕوون دەکاتەوە و کاتێکیش کە دەرك بە سیستەمی باوەڕدارانە دەکەین، لە مەنتیقی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە تێدەگەین. ژنان تەنیا بە ئەنجامدانی ئەم کارانە ناچار نەکراون، ئەوان دیدگایەکیان فێر کراوە کە پاساوی بۆ دەهێنێتەوە و گۆشەنیگای ئەوان دەبێتە بەشێك لە بوونیان؛ ئەوان بە شێوەیەك بیر دەکەنەوە کە جیاوازە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەو پیاوانەدا کە کارلێکیان لەگەل ئەنجام دەدەن. ئەگەر خوێندنەوەش بۆ بونیادگەرایی یەهودی و مەسیحیش بکەین ئەم بابەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. لە بیرمان نەچێت کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ژنان و پیاوان پێگەی جیاوازیان هەیە (لەوان چاوەڕوان دەکرێت کە کۆمەڵێك ڕۆڵی جیاواز بگێڕن و ڕێژەیەکی جیاوازی دەسەڵات، ئیمتیاز و ئیعتیباری کۆمەڵایەتییان لە کۆمەڵگەدا پێ بدرێت) و بۆیەشە کۆمەڵێك دیدگای جیاوازیان دەبێت. دیدگای ژنان کاریگەری لەسەر بیروباوەڕەکانی ژنانی تاك سەبارەت بە سکپڕی، لە باربردنی کۆرپەلە، شووکردن، کۆنترۆڵی منداڵ بوون، نائومێدیی ژن، دەرفەتە پیشەییەکان، مێژووی ئەمریکا و وەرزشە پسپۆڕییەکان دروست دەکات.

بەڵام لە ڕەگەزیەت تێپەڕ دەکەین. کرێکاری کارگەیەك بە شێوازێکی جیاواز لە بەڕێوەبەرەکان بیر دەکاتەوە؛ سەرۆك جیاواز لە کارمەند؛ خاوەن موڵك جیاواز لە بەڕێوەبەر؛ ژمێریار جیاواز لە سکرتێر بیر دەکاتەوە. هەریەکەیان شوێنگەیەکی لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە و هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ واقیع هەیە. کۆمەڵگە بە هەزاران شوێنگەوە بهێننە پێش چاو، شوێنگە پیشەییەکان و شوێنگەکانی تر. ئێمە دەست بە کارلێك دەکەین و خۆمان لەم شوێنگانەدا دەبینینەوە. چ شتێك ڕوودەدات؟ ئێمە بەپێی ئەم شوێنگانە بیر لە جیهان دەکەینەوە: دەرچووانی ئامادەیی، پزیشکی ددان، هونەرمەند، جەنەڕاڵی سوپا، بەندکراوی پێشوو، ئەندامی چینی سەرەوە، ئەمریکیی بە ڕەگەز ئەفریقی و ئەستێرەی ڕاك. ئەوانە کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی تێڕوانینی ئێمە بۆ واقیع دادەنێن: هەم لەسەر جیهانی دەرەوە و هەم لەسەر دەروونی ئێمە. لە شوێنگەیەکدا بوون، بینینی ڕۆڵێك کە لێت چاوەڕوان دەکرێت و بەمپێیە هەڵاتن لە کۆتی دیدگایەك کە لەگەڵ ئەو شوێنگەیەدایە، قورسە. ئەستێرەیەکی ڕاك کە لە ناکاو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، واقیعبینانە ڕادەگەیەنێت: "من هەر ئەو مرۆڤەم کە هەمیشە بووم؛ هەر بەو جۆرە بیر دەکەمەوە کە هەمیشە بیرم کردۆتەوە." لە سەرەتادا لەوانەیە ئەمە ڕاست بێت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گوشارەکان ئەوەندە زیاد دەبن کە دیدگای کەسەکە دەگۆڕن تاوەکو لەگەڵ شوێنگەیەکدا هاوتەریب بێت. پیتەر بێرگر (1963) ئاگادارمان دەکاتەوە کە درۆکردن لەم دنیایەدا قورسە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە ڕۆڵەکانی وابەستە بە شوێنگەکانمان دەگێڕین، بەرەو ئەو ئاراستەیە لار دەبینەوە کە ئەو ڕۆڵانە بە هی خۆمان بزانین: "بەڵێ، من قوتابیی ساڵی کۆتایی کۆلێژم." "بەڵێ، من هاوسەرم و باوکیشم." "من نەك تەنیا بەم جۆرە ڕەفتار دەکەم ـ من هەر ئەمەم." و لە هەمان کاتدا ڕۆڵەکانی ئێمە وەك ناسنامەی ئێمەیان لێدێت و ئەو دیدگایانەش



کە لەگەڵ ئەم ڕۆڵانەدان شێوازی تێڕوانینی ئێمە بۆ جیهانێك کە تێیدا دەژین بەدی دەهێنێت.

بۆچی ئێمە وا دەکەین؟ بۆچی پێویستە بێ ئەملاوئەولا دیدگای ئەو پێگانەی کە داگیرمان کردوون بەکار بهێنین؟ ساناترین وەڵام پەیوەندی بە ڕوونکردنەوەیەکەوە هەیە کە من لە سەرتاسەری ئەم بەشەدا بەکارم هێناوە: واتە ئەوەی کە دیدگایەکی وابەستە بە شوێنگەیەك بۆ ئەو کەسانە سوودمەندە کە لەو شوێنگەیەدان. ئەم دیدگایە کارسازە. بۆ بینینی ڕۆڵێکی وابەستە بە شوێنگەیەك پێویستە بزانین کە چۆن لەو ڕۆڵەدا بیر بکەینەوە ـ تەنانەت کاتێك کە ئەو ڕۆڵەشمان خۆش ناوێت. ئەگەر بمەوێ قوتابییەکی سەرکەوتووی زانکۆ بم، دەبێت دیدگای قوتابییەکی زانکۆ بەکار بهێنم و لەو گۆشەیەوە دەرك بە جیهان بکەم. ئەگەر بمەوێ سەرۆك یان بەڕێوەبەر یان یاریزانی هێڵی پێشەوەی یاری تۆپیپێ یا سەرۆك کۆمار بم، دەبێت وەك ئەوان بیر بکەمەوە. ئەگەر بڕۆمە بەندیخانەوە، باشترە بزانم کە بەندییەکان چۆن بیر دەکەنەوە ئەگەرنا تێپەڕکردن بەسەر ئەم سەردەمە ئاڵۆزەدا زۆر ئاڵۆز دەبێت. لەو شوێنەوە کە شوێنگەکانی ئێمە لە سەرتاسەری ژیاندا گۆڕانیان بەسەردا دێت، دیدگاکانیشمان پێویستە بگۆڕین ئەگینا ناتوانین ڕۆڵەکانی وابەستە بەو دیدگایە بەباشی ببینین.

هەر کە شوێنگەکانمان پڕ کردەوە، بە کۆمەڵایەتی بوون دیدگاکانی ئێمەش پێکدەهێنن. ئەگەر بەند بکرێین، زیندانییەکانی تر دەست بە کارلێك لەگەڵ ئێمە دەکەن و ئێمە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەوان چۆن بیر دەکەنەوە. پاسەوانەکان و بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکان کارلێکیان لەگەڵ ئێمە هەیە و ئەوانیش پێمان دەڵێن کە چۆن بیر بکەینەوە. ئێمە فێر دەبین کە "مرۆڤەکانی وەك ئێمە" پێویستە چۆن بیر بکەنەوە و دەکەوینە ژێر کاریگەرییەوە. بە کۆمەڵایەتی بوون دووبارە ڕوخساری خۆی پیشان دەداتەوە !

بەڵام بەڵگەیەکی وردەکارانە و زۆر گرنگی تر بوونی هەیە، کە بۆچی شوێنگەکان لە کاریگەری دانان لەسەر بیرکردنەوەی ئێمە تا ئەو رادەیە بەهێزن. هەر شوێنگەیەك ئەو کەسەی کە لەو شوێنگەیەدایە هان دەدات تاوەکو لەو گۆشەیەوە سەیری واقیع بکات. بە واتایەك، قوتابیی زانکۆ پێویستە جیهان لە گۆشەنیگای قوتابییەکەوە ببینێت، واتە شوێنێك کە لێیەوە سەیر دەکات. ئەگەر من پیاوم، بە ئاسانی ناتوانم وەك ژنێك بیر بکەمەوە. دەتوانم هەوڵ بدەم کە تێبگەم ژنان چۆن جیهان دەبینن، بەڵام ئەمە شوێنگەیەك نییە کە من تێیدام. لەبەر ئەوە، زۆر جار لەو دیدگایەوە سەیری جیهان دەکەم. من ناتوانم بە ئاسانی وەك مرۆڤێکی هەژار یان دەوڵەمەند بیر بکەمەوە مەگەر ئەوەی کە هەژار یان دەوڵەمەند بم. من ناتوانم بزانم کە غەیرە سپیپێست بوون لە کۆمەڵگەی ئەمریکی، جەنەڕاڵ بوون لە سوپا، یان سەرۆکی زانکۆ بوون واتای چی دەگەیەنێ ئەگەر لەم شوێنگانەدا نەبم. هەموو کۆششەکانی من بۆ توێژینەوەی شوێنگەکانی تر بە تەواوەتی نابنە هۆی ئەوەی کە وەك کەسانێك کە لەو شوێنگانەدان بیر بکەمەوە، چونکە کاتێك ئێوە لە پێگەیەکدان و لەو پێگەیەوە سەیری جیهان دەکەن، لە گۆشەیەکەوە سەیری واقیع دەکەن کە هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بەڕاستی ئەو پێگەیەی هەبێت.

مرۆڤەکان کاتێك کە شوێنگە نوێیەکان پڕ دەکەنەوە، کاتێك کە لە شوێنگەی قوتابیی زانکۆوە بۆ دەرچوو، لە سەڵتەوە بۆ خێزاندار یان لە چینی کرێکارەوە بۆ چینی ناوەند دەگوازرێنەوە دیدگاکانیشیان دەگۆڕن. ئێمە دەتوانین هەوڵی ئەوە بدەین کە کاتێك شوێنگەکانمان دەگۆڕین بەرەنگاری گۆڕانی دیدگاکانمان ببینەوە ("من هەمان ئەو مرۆڤەم کە بووم")، بەڵام ئێمە زۆر جاران بەبێ ئەوەی کە تەنانەت ئاگامان لێبێت دەگۆڕێین. شوێنگەکان کۆمەڵێك دیدگا بە ئێمە دەبەخشن، ئێمە ئەو دیدگایانە بە سوودمەند دەزانین، ئەوانی تر ئێمە لەم شوێنگانەدا بە



کۆمەڵایەتی دەکەن و لەوانەشە لە هەمووی گرنگتر شوێنگەکان پەنجەرەیەکمان بە رووی واقیعدا بۆ بکەنەوە کە هەڵاتن لێیان ئەستەمە. دواجار، زۆرێك لە ئێمە تەنانەت ناتوانین دەستنیشانی ئەوە بکەین کە تا چ رادەیەك شوێنگەکانی ئێمە بۆ چۆنیەتیی بیرکردنەوەمان سەبارەت بە جیهان گرنگن. ئەم حاڵەتە بەبێ ئەوەی کە ئێمە دەرك بەم پرۆسەیە بکەین روودەدات، شێوازێکی بیرکردنەوەی نوێ بە شێوەیەکی حەتمی قەبووڵ دەکەین پێش ئەوەی بۆمان دەرکەوێت کە دیدگاکانمان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

## گرووپی تەمەن[1] وەك شوێنگەیەك لە کۆمەڵگە

دەتوانین واتای شوێنگە بۆ گرووپی تەمەن، واتە شوێنگەی نەوەیی تاك لە کۆمەڵگەدا پەرە پێ بدەین. نەوەی هاوچەرخ نەوەیەکن کە دوابەدوای جەنگی جیهانیی دووەم لە دایك بوون و لە دەیەی 1980دا گەیشتنە تەمەنی چلساڵی. ئەم نەوەیە لە شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتیی جیاواز لە تاکەکانی تردایە کە لە دەیەیەکی تردا لە دایك بوون و ئەم شوێنگەیەش دیدگاکەی پێکدەهێنێت.

ئەو کاتەی کە لە دایکبوون زۆر گرنگە، چونکە ئێوە لە سەردەمێکی مێژوویدا جێگیر دەکات کە نەوەیەك دەست بە پێکهێنانی دیدگاکەی دەکات، ئێوە بە دیدگاکانی ئەو نەوەیە لە سەرتاپای ژیانتاندا دەبەستێتەوە و کاریگەری لەسەر زۆرێك لە باوەڕەکانی ئێوە دادەنێت. ئەو کەسانەی کە لە نەوەی خۆیاندا تامی شەڕیان چەشتووە، سەبارەت بە شەڕ (و ئاشتی) دیدگایەکی جیاوازیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەیە کە وەها ئەزموونێکیان نەبووە. ئەو کەسانەی کە لە کاتی دەرچوونیاندا لە زانکۆ دەرفەتی

1. Age Cohort

پیشەییان بۆ رەخساوە سەبارەت بە کار و داهاتوو تێڕوانینێکی جیاوازیان لەگەڵ کەسانێك هەیە کە ئەم جۆرە دەرفەتانەیان بۆ نەڕەخساوە.

ئێمە بیروباوەڕەکانمان دەربارەی خێزان و پەیوەندی سێکسی لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژووی کۆمەڵگەی خۆماندا پێکدەهێنین. تەڵاق، کۆنترۆڵی منداڵبوون، لەباربردنی منداڵ، هاوسەرگیری و، یەکسانیی رەگەزی لە روانگەی تاکەکانەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە سەر بە کام نەوەن، واتایەکی جیاواز پەیدا دەکەن: "چارەیەك نییە. لەو کاتەوە کە لە دایك بووم، ئەمە شتێکە کە سەبارەت بە پەیوەندیی سێکسی فێری بووم!"

ئەو کەسانەی کە لە دەیەکانی 1950 و 1960دا گەنج بوون بزووتنەوەی مافی مەدەنییان بەبیر دێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە بەشێك بوو لە ئەزموونیان و ئەوان دەکەوتنە ژێر کاریگەریی هەموو ئەو رووداوانەوە کە رۆژانە لە رۆژنامەکاندا بڵاو دەکرانەوە. ئەوان دەیانبینی کە خەڵك بەرەنگاری چ شتێك دەبنەوە و ئەوان دەستیان بە کارلێك دەکرد و خاوەنی دیدگایەکی هاوبەش بوون کە بۆ راڤەکردنی بەرەنگاربوونەوە سوودیان لەو دیدگایە وەردەگرت. ئێستا بۆ ئەوان قورسە کە بۆ ئەو نەوانەی کە دواتر لە دایك بوون روونی بکەنەوە کە ئەم بەرەنگاربوونەیە لەبەر چی بوو.

بۆ یەك سات بیر بکەنەوە کە چۆن دیدگای ئێوە جیاواز دەبوو ئەگەر نەوەی ئێوە لە جەنگی جیهانیی دووەم، جەنگی کۆریا یان ڤێتنامدا شەڕی کردبا؛ ئەگەر نەوەی ئێوە کرێکارانێك بوونایە کە لە دەیەکانی 1920 و 1930دا لە پێناو دروستکردنی سەندیکا کرێکاریەکاندا خەباتیان دەکرد؛ یان ئەگەر نەوەیەك بوایەن کە لە جەنگی جیهانیی دووەمەوە سەری دەرهێنایە و ئامادەی سوود وەرگرتن بوایە لە ئیمتیازات و خاڵە پۆزەتیڤەکانی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران و یەکرێز. یان بیر لەوە بکەنەوە کە دیدگای تاك لەسەر ئەو بنەمایەی کە چ کاتێك نەوەی ئەو چووبێتە زانکۆ تا چەندە جیاواز دەبێت: لە دەیەی 1950دا کاتێك کە پەروەردە و فێرکردن و ئەندازیاری بە



پیشەی زۆر بەنرخ هەژمار دەکران؛ لە دەیەکانی 70 و 80دا، کاتێك کە بایەخێکی زۆر بە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، یاسا و پزیشکی دەدرا؛ لە کۆتاییەکانی دەیەکانی 70 و 80، کە تێیاندا کۆمپیوتەر، ئابووری و بەڕێوەبەردنی بازرگانی زۆر بایەخیان هەبوو و، لە دەیەی 1990، سەردەمێك کە بارودۆخی پیشەیی تێیدا نادیار و جێی گومانە و بازاڕی کار بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە. لە زۆربەی لایەنە سەرەکییەکانەوە، بیروباوەڕی ئێمە سەبارەت بەوەی کە بۆ ژیانێکی سەرکەوتوانە بەپێویست دادەنرێت لەلایەن دیدگای تایبەتی نەوەی ئێمەوە کاری تێدەکرێت.

## دەسەڵات و بەدیهاتنی دیدگاکان

لە سەرلەبەری ئەم کتێبەدا، جەختم لەسەر دوو خاڵی سەرەکی کردۆتەوە: تاکەکان کولتوور یان دیدگای هاوبەشی گرووپەکەیان بەکار دەهێنن و پشت بە دیدگای وابەستە بە شوێنگەکەیان دەبەستن. دیدگای گرووپەکانیان و شوێنگەکانیان واقیعی ئەوان پێکدەهێنن. ئەو دیدگایانە دەبنە هۆی ئەوەی کە تاکەکان باوەڕیان بە شتگەلێکی دیاریکراو بە شێوەیەکی ئیختیاری هەبێت و بە شێوەیەکی ئیختیاری جیهانێك هەم لە دەرەوەی خۆیان هەم لە ناوەوەی خۆیان تێبینی بکەن.

ئەوەی جەختم لەسەر نەکردۆتەوە ئەوەیە، کە زۆر جار دەسەڵاتداران دیدگاکان ـ تا رادەیەك ـ لە کۆمەڵگەدا پێکدەهێنن. مارکس و مانهایم ئاگادارمان دەکەنەوە کە چۆن دەسەڵاتداران ئایدیۆلۆژیاکان بەدیدەهێنن، کۆمەڵە دیدگایەکی زیادەڕۆیانە و تەنانەت بەسەرچوو سەبارەت بە واقیع کە لە پێناو بەرگریکردن لە بارودۆخی هەنووکە، واتە دەسەڵات، ئیمتیازات و ئیعتیباری کۆمەڵایەتیی ئەوان لە کۆمەڵگەدا بەکار دەهێنرێت. دیکتاتۆرەکان خەڵکی فێر دەکەن کە گوێڕایەڵیان بن و بەڵگەی ئەوە بهێننەوە کە ئێستا رژێم زەروورییە و گوێڕایەڵی رۆژێك خۆشبەختی بۆ هەمووان لەگەڵ خۆیدا

دەهێنێت. چینی سەرەوە خەڵك فێری ئەوە دەكات كە ئەوەی هەیەتی شایەنیەتی و بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی ماندوبوونی كێشاوە. كۆیلەدارەكان كۆمەڵێك پاساوی جۆراوجۆر فێری كۆیلەكان و ئەو كەسانەش كە پیشەی جگە لە كۆیلەدارییان هەیە دەكەن و نەژادپەرستەكان بە شێوەیەكی حەتمی زنجیرەیەكی تەواو لە بیروباوەڕەكان دادەمەزرێنن و هەوڵ دەدەن تاوەكو بۆ مەبەستی پاساوهێنانەوەی نایەكسانی ئەو بیروباوەڕانە فێری ئەوانی تر بكەن. ئەم بیروباوەڕ و هزرانە زۆر جار ئاڵۆزن و هەمیشە بۆ ئامانجێك كە بەڕاستی هاتوونەتە دی ـ بەرگریكردن لە نایەكسانیی نەژادی ـ لەبەرچاو ناگیرێت. تەنانەت كەسانێكیش كە كۆیلە یان قوربانیانی نەژادپەرستین لەوانەیە بەڕاستی باوەڕیان پێكردبن.

بۆ نموونە، دیدگای هەژاران زۆر جار تێكەڵەیەكی ئاڵۆز لەو باوەڕانەیە كە لە شوێنگەكەی ئەواندا لە كاتێكدا كە كارلێك ئەنجام دەدەن و ژیان بەسەر دەبەن بەدی هاتووە. بەڵام دەرەنجامی كۆمەڵە بیروباوەڕێكیشە كە تاكە دەوڵەمەندترەكان كە بە شێوەیەكی راستەوخۆ (لە كارلێكدا) یا ناڕاستەوخۆ (لە رێگەی راگەیاندنەكانەوە) رووبەڕوویان دەبنەوە بەدیان هێناون. هەژاران لە كۆمەڵگەدا زۆر جار كۆنەپارێزن لەگەڵ ئەوەشدا كە شتێكی بەرچاو لە بارودۆخی هەنووكەی كۆمەڵگە بەدەست ناهێنن. لەبەر ئەوەی كە هەژاران ناتوانن كۆنترۆڵی دامەزراوەكانی پڕوپاگەندە و دامەزراوە فێركاری یان سیاسییەكان بەدەستەوە بگرن، بیروباوەڕەكانیشیان لە كۆمەڵگەدا فێری خەڵك ناكرێن، بۆیە، ئەوانیش وەك خەڵكانی تر، دەكەونە ژێر كاریگەریی كەسانێكەوە كە كۆنترۆڵی ئەم هۆكارانە دەكەن.

ئەم بنەمایە بەسەر هەموو كۆمەڵگەدا زاڵە. كەسانێك كە لە هەر رێكخراوێكدا دەسەڵاتیان هەیە كاریگەری لەسەر چۆنیەتیی بیركردنەوەی خەڵك دادەنێن. قوتابیانی زانكۆ لە هەر زانكۆیەكدا لەوانەیە كۆمەڵێك بیروباوەڕ لە كارلێكیاندا لەگەڵ ئەوانی تر بەدی بهێنن، بەڵام ئەوان لەگەڵ



ئەوەشدا بە كۆمەڵایەتی دەبن تاوەكو باوەڕ بەو بیروباوەڕ و هزرانە (سەبارەت بەوەی كە قوتابیەكان پێویستە باوەڕیان پێی هەبێت) بهێنن كە لەلایەن ئەندامانی كۆلێژ و بەڕێوەبەرەكانییەوە دەخرێنە روو. ئەمریكییەكان دەكەونە ژێر كاریگەریی پڕوپاگەندەی كۆمپانیا گەورەكان و وتاری رابەرە سیاسییەكانیانەوە. زیاد لەوەش، دیدگای ئێمە لە رۆڵی بەكاربەراندا لە چیەتیی هەموو جۆرە پڕوپاگەندەیەك پێكدێت: بكڕن، داوا بكەن، با بە هۆی بەرهەمی باشەوە ژیانێكی باشتر مسۆگەر بكەن و هەمیشە بە دوای شتە نوێ و جوان و سەرنجڕاكێشەكاندا بگەڕێن. ئەوەی ئێمە پێویستە لە رۆڵی دایك و باوكان، پیاوان، ژنان، لاوان، ئەویندارن، هاوڕێیان، گەنجە دەوڵەمەند و دەست بڵاوەكانی چینی ناوەڕاست، یان ئەستێرەكانی تیپێكی یاریی بالە بیری لێبكەینەوە، لە ژێر كاریگەریی ئاوێتەیەكی ئاڵۆزدایە، كە لە پڕوپاگەندەی بازرگانی، نمایشە كۆمیدییەكان، زنجیرە تەلەفزیۆنەكانی پڕوپاگەندە، مۆسیقا و كتێبە دەرسییەكانی زانكۆ پێكدێت. بەشێكی زۆری ئەم بیركردنەوەیە لە ئەنجامی كۆمەڵێك بكەری دەسەڵاتداری ئابووری و سیاسییەوە سەرهەڵدەدات كە بەرژەوەندییەكانیان بە قەبووڵكردنی ئەم هزرانە لەلایەن ئێمەوە دەستەبەر دەبن. لەبەر ئەوە ئەو دیدگایانەی كە ئێمە بەكاریان دەهێنین پێویستە هەمیشە، تا رادەیەك، لە بواری بەرفراوانتری دەسەڵاتدا دەرك بكرێن. دەسەڵاتداران لە هەر رێكخراوێكدا لە رێگەی چڕكردنەوەی هێز و تەزویرەوە كولتووری رێكخراو هەروەها بیروباوەڕ و هزرەكانی پەیوەست بە شوێنگە جۆراوجۆرەكان لەو رێكخراوەدا ـ لانیكەم تا رادەیەك ـ پێكدەهێنین.

ئەم بابەتە سەبارەت بە كۆمەڵگەی زانستیش راستە. زانایانیش بە تێپەڕبوونی كات دیدگایەك دەدۆزنەوە، لەوانە زانایانی فیزیا، زیندەوەرناسان، و كۆمەڵناسانیش وەها دیدگایەك بۆ خۆیان بەدیدەهێنن. كەسانێكی دەسەڵاتداریش لەم كۆمەڵە زانستیانەدا هەن و بیروباوەڕەكانیان كاریگەری

نفووزی زیاتری لەسەر هەریەکە لە دیدگا بەدی هاتووەکان دەبێت. مرۆڤە سەرکەوتووەکان لە بواری زانستەکاندا هان دەدرێن کە کۆمەڵە دیدگایەك بەکار بهێنن کە لە سەرەتاوە کەسانێك کە زیاتر لە هەمووان لە بواری زانستەکاندا سەرکەوتوو بوون بەدییان هێناون و، سەرکەوتنی ئەوانیش تا رادەیەك بەستراوەتەوە بەوەی کە تاچ رادە لە بەکارهێنانی ئەم دیدگایانەدا سەرکەوتوو بوون. دیدگای زانستی لەوانەیە لە زۆربەی دیدگاکانی تر بابەتیانەتر بێت، بەڵام ئەم دیدگایەش کۆمەڵە کەموکووڕییەکی هەیە کە یەکێك لە گرنگترینی ئەم کەمایەسییانە ئەوەیە لەلایەن کەسانێکەوە بەدی هاتووە کە لە دنیای زانستدا شوێنگەیەکی بەهێزیان هەیە. لەڕاستیشدا، پێویستە گرنگی بەم خاڵەش بدەین کە تاکە دەسەڵاتدارەکان لە حکوومەت و بەشی ئاڵوگۆڕیشدا کاریگەری لەسەر زۆربەی بیروباوەڕ و بەهاکان لەسەر ئاستی باڵای کۆمەڵگەی زانستی دادەنێن.

## چیەتیی گۆڕاوی واقیعی تاك

ئەم باسە تا کوێ درێژ دەبێتەوە؟ بۆچی ئێمە باوەڕمان بەو شتە هەیە کە دەیکەین؟ ئێمە باوەڕمان بەو شتە هەیە کە سوودمەندە. سوودمەندیی زانست یەکێك لە دەرەنجامەکانی دیدگا یا کولتوورەکانە کە ئێمە لە کارلێکماندا لەگەڵ ئەوانی تر تێیدا هاوبەشین. هەروەها یەکێك لە دەرەنجامەکان کۆمەڵە دیدگایەکە کە لە ئەنجامی ئەو شوێنگانەوە کە ئێمە لە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمانە سەرهەڵدەدات.

بەڵام نابێت نکووڵی لە گۆڕان بکرێت. ئێمە هەموومان دەگۆڕێین و هەموومان دیدگاکانمان و دواجار باوەڕەکانمان دەگۆڕین. ئێمە بیروباوەڕی مامۆستا و دایك و باوکانمان رەت دەکەینەوە؛ ئێمە بەسەر بیروباوەڕەکانماندا کە دەرەنجامی فێربوونی نێو ئەو کڵێسە و گەڕەکانەن کە تێیاندا پەروەردە



کراوین زاڵ دەبین. بۆچی؟ بۆچی ئێمە دەگۆڕێین و چی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەگۆڕێین؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئاقڵتر دەبین؟ هیوادارین هەندێ جار وا بێت. بەڵام لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، گۆڕان دەبێت لە بواری کۆمەڵناسیدا دەرك بکرێت. ئێمە لەبەر هۆکاری لە بنەڕەتدا کۆمەڵایەتی دەگۆڕێین ـ یان بەو جۆرەی کە هەین دەمێنینەوە.

یەکەم، ئێمە لەبەر ئەم بەڵگەیە دەگۆڕێین کە لەگەڵ **تاکە نوێیەکاندا دەست بە کارلێك دەکەین و دەچینە نێو رێکخراوە نوێیەکانەوە.** بیروباوەڕ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا جێگیر بووە و ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە درێژ و بەردەوامە. ئێمە بەردەوام کارلێك دەنوێنین و پەیوەندی بە گرووپە نوێیەکان، رێکخراوە رەسمییەکان، کۆمەڵە بچووك و کۆڵانی و تەنانەت کۆمەڵگە نوێیەکانەوە دەکەین. مرۆڤ ئەکتەری ژمارەیەکی زۆر شانۆگەرییە کە هەر یەکەیان دیدگایەکی تا رادەیەك نوێ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و لەبەر ئەوە پێویستی بە کۆمەڵێك راستی تا رادەیەك جیاواز هەیە بۆ ئەوەی راڤەی واقیع بکات. ئێمە بە رۆیشتنمان لە شانۆیەکەوە بۆ شانۆیەکی تر، گۆڕانمان بەسەردا دێت. کولتووری قوتابخانەیەکی سەرەتایی جیاوازە لەگەڵ کولتوورێکدا کە لە خێزان یا یەکەم پیشەی خۆماندا قەبووڵی دەکەین.

ئێمە هەروەها لەو رووەوە دەگۆڕێین کە **کولتوور گۆڕانی بەسەردا دێت،** لە پرۆسەی کارلێکدا کولتوور بەردەوام دەچێتە ژێر پرسیارەوە، بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگهێشت دەکرێت و، زۆر جار کەمێك و هەندێ جاریش زۆر زۆر دەگۆڕێت. ئەم حاڵەتە بەتایبەت، لە گرووپە بچووکەکاندا راستە، بەڵام بە دڵنیاییەوە سەبارەت بە کولتووری گشتیی کۆمەڵگەش راستە. تێبینی ئەوە بکەن کە چەندە بە خێرایی کولتووری یەکێتی سۆڤیەتی ئەمڕۆ لە حاڵی گۆڕاندایە. هەروەها سەرنج بدەن کە چۆن بیروباوەڕەکانی ئێمە دەربارەی ژیانی خێزانی، نایەکسانی رەگەزی و بە کۆمەڵایەتی کردنی منداڵان لەم بیست ساڵەی کۆتاییدا گۆڕانی بەسەر هاتووە. بیست ساڵ

لەمەوبەر زاراوەی ئازاردانی منداڵ تەنانەت بەشێك لە وشە ئاساییەكانی ئێمەش نەبووە؛ هەندێك خەڵكی وایان بیر دەكردەوە كە لێدانی منداڵ یەكێكە لە شێوازەكانی فێركردنی خووڕەوشتی منداڵ و تەقریبەن هەموومان باوەڕمان وابوو كە دایك و باوكان مافی خۆیانە هەر چیەكیان بوێت لەگەڵ منداڵەكانیاندا ئەنجامی بدەن. ئەمڕۆ تەنانەت بە هێواشی دەست لە جەستەدانی منداڵیش هەندێ جار قەبووڵ ناكرێت.

ئێمە دیدگاكانیشمان دەگۆڕین، **چونكە هەموومان شوێنگەكانمان دەگۆڕین.** ئێمە لە شوێنگەی قوتابییەكی ساڵی كۆتایی زانكۆدا باوەڕمان بە شتگەلێك هەیە كە لە شوێنگەی ساڵی یەكەمی زانكۆدا باوەڕمان پێیان نەبووە. ئێمە لە پێگەی سەرۆكی دامەزراوەیەكدا باوەڕمان بە شتگەلێك هەیە كە لە شوێنگەی جێگریدا باوەڕمان پێیان نەبووە ئێمە وەك تاكێكی هاوسەردار باوەڕمان بە شتگەلێك هەیە كە ئەگەر تاكێكی سەڵت بووینانە باوەڕمان پێیان نەدەبوو. هاوكات لەگەڵ ئەوەدا كە شوێنگە نوێیەكان داوای دیدگا نوێیەكان بۆ راڤەكردنی واقیع دەكەن، ئێمەش رووبەرووی كۆمەڵێك گۆڕانكاریی زۆر دەبینەوە.

لە راستیدا، ئێمە دەگۆڕێین، چونكە زیاتر **بەساڵا دەچین**. تەمەن بۆ خۆی شوێنگەیەكە لە كۆمەڵگەدا. سەردەمی منداڵی بە سەردەمی پێش نەوجەوانی و لاوێتی، دوای لاوێتی و پیریەوە هەموویان كۆمەڵێك قۆناغن لە ژیانی تاكەكاندا كە راڤەكردن و كۆمەڵێك دیدگای تایبەت بۆ واقیع لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. بیروباوەڕی ئێمە سەبارەت بە خانەنشین بوون كاتێك كە پیرتر دەبین گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بەو جۆرەی كە بۆچوونی ئێمە دەربارەی سەركەوتن و واتای ژیان دەگۆڕێت. لێپرسراوێتی ئایینی وردە وردە كە پیرتر دەبین گۆڕانی بەسەردا دێت و، بیروباوەڕە سیاسییەكانیشمان هەروەها بیروباوەڕی ئێمە سەبارەت بە خزمەتی سەربازی بەستراوەتەوە بەوەی كە لە چ قۆناغێكی تەمەنداین، بەهەمان شێوەش بیروباوەڕمان دەربارەی ئایدز.



لەبەر ئەوە، بیروباوەڕ هەرگیز چەسپاو نییە و بە هۆی كارلێك و گۆڕانكاری لە رێكخراوەكاندا دەگۆڕێت؛ بە گۆڕانی كولتوور گۆڕانی بەسەردا دێت؛ و بە گۆڕانی شوێنگەكانمان دیسان دەگۆڕێت. گۆڕان لەسەرخۆ روودەدات، بەبێ ئەوەی كە تەنانەت ئاگاشمان لێی بێت. رۆژێك لە خەو هەڵدەستین، سەیری رابردوو دەكەین و، بە جددی پرسیار لە خۆمان دەكەین، "چۆن دەتوانین باوەڕ بكەین؟"

## گرنگیی رابردوومان

ئێمە دەگۆڕێین، بەم حاڵەشەوە هەڵاتن لە رابردوو نامومكینە. مرۆڤەكان لە سەرتاپای ژیانیاندا بە كارلێكەوە سەرقاڵن، پێویستە دیدگا و بیروباوەڕەكانیان بگۆڕن، بەڵام رابردوو هیچ كات لەناو ناچێت.

بەكۆمەڵایەتی بوونی سەرەتا، بە كۆمەڵایەتی بوونی منداڵانی ساوایە لە ماڵەوە و لە ژیانیاندا. لەوێدا ئێمە یەكەم جار لەگەڵ جیهاندا ئاشنا دەبین، یەكەمین دیدگا و بیروباوەڕەكانمان دەدۆزینەوە و یەكەمین رێساكان بۆ كۆنترۆڵكردن و چاودێریكردنی خۆمان دادەمەزرێنین. دووەمین بە كۆمەڵایەتی بوون لەلایەن قوتابخانە، راگەیاندنەكان، هاوڕێیان و كەسانێكی ترەوە ئەنجام دەدرێت كە هەوڵ دەدەن شكڵ و شێوە بە ناسنامە و بیركردنەوەی ئێمە پاش بە كۆمەڵایەتی بوونی یەكەمجاری سەردەمی منداڵیمان ببەخشن. بە كۆمەڵایەتی بوونی دووەمین زۆر جار بە شێوەیەكی سەرەكی گۆڕان بەسەر ناسنامەی ئێمەدا ناهێنن، چونكە بە كۆمەڵایەتی بوونی یەكەمین هێشتا بۆ سیستەمی باوەڕدارانەی ئێمە بایەخێكی سەرەكی هەیە. هۆكارەكەشی ئەوەیە كە یەكەمین بە كۆمەڵایەتی بوونە. ئێمە فێری زمان دەبین، فێری سیستەمی گرووپبەندیی مرۆڤەكان دەبین (پیاوان، ژنان، كوڕان، كچان)، فێری زنجیرەیەك لە بیروباوەڕەكان و یەكەمین

دیدگاکانمان دەبین. ئێمە هیچ شتێکمان نییە کە ئەم بیروباوەڕانە و دیدگایانەی یەکەم جاریان لەگەڵدا بەراورد بکەین. ئێمە لە شوێنێکدا نین کە سەبارەت بە بەهای ئەوانە بڕیار بدەین (داوەری بکەین). کارلێکی یەك لە دوای یەك و بەردەوام لەگەڵ تاکە زۆر دەسەڵاتدارەکان (دایك و باوك) کە ئێمە زۆربەمان بە دوای میهرەبانیی ئەواندا دەگەڕێین، لەسەر راستێتی ئەم بیروباوەڕ و هزرانە جەخت دەکاتەوە و لانی کەم بۆ ماوەیەك، باوەڕ بەم بیروباوەڕ و هزرانە دەکەین. چونکە هیچ جێگرەوەیەك بۆ ئەوان نابینین.

کاتێك کە لە بەکۆمەڵایەتی بوونی دووەمیندا جێگرەوەکان دەردەکەون، دیدگا و کۆمەڵێك باوەڕ پێشتر هاتوونەتە ئاراوە و، تاك پێویستە شتە تازەکان لەگەل ئەو شتەدا کە پێشتر دەیزانێت بەراورد بکات و لەبەرامبەر یەکتردا دابنێت. شتە نوێیەکان هەندێ جار قەبووڵ دەکرێن، بەڵام نەك بە تەواوەتی و بێ ئەملاوئەولا وەك شتە کۆنەکان. شتە کۆنەکان بەردەوام دەمێننەوە تا کاتێك کە شتێکی تر کە باشتر دێتە پێش چاو شوێنیان بگرێتەوە. رابردوو وەك پاککەرەوەیەکی لێدێت کە لە رێگەیەوە راستییە نوێیەکان هەڵدەسەنگێنرێن و قەبووڵ یان رەت دەکرێنەوە و بەمپێیە رابردوو وەك رێنیشاندەرێکی بەهێز وایە بۆ بیروباوەڕەکانی ئێمە. هەرچەندە دیدگاکانی ئێمە و راستییە پەیوەستەکان بەو دیدگایانە کۆنتر بن، پاککردنەوە یان جێنشین کردنیان قورستر دەبێت. گوشار هەمیشە لەسەر شتە نوێیەکانە.

بەمپێیە، دەچینە نێو هەر گرووپێکەوە، پەیوەندییەکی بە باوەڕەکانی ئێمەوە هەیە. تا رادەیەك، باوەڕ وابەستەی شوێنگەیە، بۆ ئێستا و هەنووکە سوودمەندە، لە گرووپێکدا کە تێیداین قازانجی هەیە. گرووپەکان کۆمەڵێك گوشاری بەهێز بەسەر تاکدا دەسەپێنن تاوەکو لەگەڵ دیدگای زاڵدا یەك بگرێتەوە. توێژینەوەکانی شاختەر[1] (1951) بە روونی

1. Schachter



دەریدەخەن کە ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بیروباوەڕی گرووپدا خۆیان دەگونجێنن لە هەمووان خۆشەویستترن. توێژینەوەکانی ئاش[1] (1951) پیشانی دەدەن کە چۆن تاکەکان دیدگا راگەیەنراوەکانی خۆیان دەگۆڕن، لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە نایانەوێت بە جیاوازبوون لەوانی تر دوچاری شڵەژان بن. گرووپەکان کاریگەری لەسەر تێگەیشتن، بیروباوەڕ، بەها، هەست و بڕیارەکان دادەنێن. ئیرڤینگ جنیس (1982) بۆمان روون دەکاتەوە کە چۆن گرووپەکان زۆر جار بە ئاراستەی گونجاو بەرەو پێشەوە دەڕۆن، هانی ناکۆکییەکان نادەن و زیاتر بڕیارگەلێکی لاواز دەگرنە بەر، چونکە تاکەکان لە ملمڵانێکردنی ئەو شتەدا کە وا دەزانن خواستی سەرکردەکانیانە ترسیان لێدەنیشێت.

لەبەر ئەوە، ئێمە هەموومان ئاوێتەیەکی ئاڵۆزین لە رابردوو و ئێستا، ئاوێتەیەك لەو بیروباوەڕانەی کە لە یەکەمین قۆناغی ژیاندا لە رێگەی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە فێری بووین لەگەڵ ئەو بیروباوەڕانەی کە هاوئاهەنگن لەگەڵ ئەو گرووپانەی کە لە کاتی ئێستادا تێیانداین. وردە وردە کاتێك کە گرووپە نوێیەکان کۆمەڵە دیدگایەکمان بۆ دەگوازنەوە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان لە بیروباوەڕە کۆنەکانمان، ئێمەش دەگۆڕێین، بەڵام گۆڕان زۆر جار ئەستەمە. لەڕاستیدا، پێویستە بزانرێت کە تا چ رادەیەکی زۆر بارودۆخی رابردوو بەهێز دەکات؛ بە دووەمین بەکۆمەڵایەتی بوون جەختی دووبارە لەسەر زۆربەی ئەو شتانە دەکەینەوە کە لە بە کۆمەڵایەتی بوونی یەکەمیندا فێری بووین؛ کولتووری سەرەتا ئێمە بە باشی بۆ رێکخراوی دواتر ئامادە دەکات.

1. Asch

## ئایا تاکەکان بیروباوەڕەکانی خۆیان پێکدەهێنن؟

تائێستا دەبێت روون بووبێتەوە کە کۆمەڵێك بەڵگەی فراوان و ئاڵۆز بوونیان هەیە، کە دەریدەخەن بۆچی ئێمە باوەڕمان بەو شتە هەیە کە دەیکەین. هەموو ئەوانە لە یەك بنەمای سەرەکیی کۆمەڵناسیدا هاوبەشن: واقیع بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەکرێت. ئێمە جیهان دەبینین، ئێمە ئەزموون شی دەکەینەوە و بیروباوەڕەکان لە رێگەی ئەو دیدگایانەوە فێر دەبین کە لە کارلێك لەگەڵ ئەوانی تردا پشتیان پێدەبەستین. ئەو کولتوورانەی کە فێریان دەبین و ئەو دیدگایانەش کە بە شوێنگەکانمانەوە بەستراونەتەوە (لە چینی کۆمەڵایەتییەوە تا پێگەمان لە رێکخراوە رەسمییەکان و تا گرووپەکانی تەمەن و تا خودی تەمەن) ئەوەی کە لە جیهاندا دەیبینین پێکدەهێنن. ئێمە دەگۆڕێین، بەڵام گۆڕان پێویستە لە زەمینەیەکی بەرفراوانتری ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا رووبدات. ئێمە گۆڕانمان بەسەردا دێت، بەڵام بە کۆمەڵایەتی بوونی یەکەمینی سەردەمی منداڵیمان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە رووبەرووی گرووپە نوێیەکان و دیدگا نوێیەکان دەبێتەوە، یارمەتیی سەقامگیریی بیروباوەڕەکانمان دەدەن.

باسەکەی ئێمە ئێستا ئاڵۆزتر دەبێت. ئایا باوەڕەکانمان بە تەواوەتی دەرەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە یان ئایا ئێمە کۆنترۆڵێکمان بەسەریاندا هەیە؟ کێشەکە تائێستا خاوەنی گرۆتینێکی تەواوە: کاتێك کە ئێمە درك بە کاریگەریی دیدگا لەسەر باوەڕەکانمان دەکەین و بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن دیدگا لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە، پەی بردن بەوەی کە چ شتێك لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بیروباوەڕ و هزرەکانی خۆمان بەدی بهێنین ئەستەمە.

بەڵام کۆمەڵناسی دیدگایەکی ئاڵۆزە. هەرچەندە هەندێ لە کۆمەڵناسان بیرکردنەوەی مرۆڤ بە تەواوەتی بە بەرهەمی کۆمەڵگە دەزانن، زۆربەیان بەو چاوەوە سەیری مرۆڤەکان دەکەن کە دەتوانن دیدگاکان و بیروباوەڕەکانی خۆیان بەدی بهێنن.

بۆ دەرککردنی ئەم توانایە، دەتوانین بۆ بەڵگەهێنانەوەیەك بگەڕێینەوە کە ئەم بەشەمان پێ دەست پێکرد. خەڵك باوەڕ بەو شتە دەکەن کە بۆیان سوودمەندە. سوودمەندبوون بە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە بەستراوەتەوە، بەڵام پەیوەندی بەو ئەزموونەشەوە هەیە کە هەموومان لە رووبەڕووبوونەوەماندا لەگەڵ بارودۆخەکانی ژیاندا ئەنجامی دەدەین. کردەکانی ئێمە هەموو ئەو شتانەی کە دەیانزانین و باوەڕمان پێیانە تاقی دەکەنەوە. ئەگەر دیدگا و باوەڕەکانمان لە بە دەستهێنانی ئەمانجەکانماندا یارمەتیدەرمان بن، لەو حاڵەتەدا ئەو ئەزموونە پۆزەتیڤە و ئێمە لەسەر باوەڕەکان بەردەوام دەبین، بەڵام ئەگەر ئەوان کارساز نەبن، ئەو کاتە ئێمە دەربارەی راستی و دروستییان دەکەوینە گومانەوە. مرۆڤەکان، ئەگەرچی دەکەونە ژێر کاریگەری هاوڕێکانیانەوە، لە کۆتاییدا تاقیکەرانی خۆیانن. ئێمە ئەوەی کە فێری دەبین تاوتوێی دەکەین و ئەگەر گۆڕانکاری بەسەر ئەو شتەدا بهێنین کە دەیزانین، لەوانەیە دواجار گومان لەو شتانە بکەین کە ئەوانی تر فێرمان دەکەن یان دەشێ واز لەو گروپانە بهێنین کە دیدگاکانیان بۆ ئێمە کارساز و سوودمەند نین.

زیاد لەوەش، ئەگەرچی نابێت نکوولّی لە هێزی ژیانی کۆمەڵایەتی بکرێت، بەڵام چۆنایەتیی تایبەتی مرۆیی **بیرکردنەوە و لێکدانەوە و راڤەکردنە**. مرۆڤەکان لە جیهانێکدا دەژین کە واتای پێدەبەخشن، پێناسە و شی دەکەنەوە و بیری لێ دەکەنەوە. ئەم چالاکییە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە هەرچی فێرمان دەکرێت بە دڵنیاییەوە قەبووڵ ناکرێت، بەڵکو ئەگەری هەیە - بخرێتە ژێر گومانەوە، گۆڕانی بەسەردا بێت، لە نێو زانیارییەکانی ئێمەدا تێهەڵکێش بکرێت، یان بە تەواوەتی رەت بکرێتەوە - و زۆر جاریش وەهایە. ئێمە تا رادەیەك بەرامبەر بە بیروباوەڕ و هزرەکانی خۆمان لێپرسراوین (هەرچەندەش

له ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کاریگەریی بەهێز لەسەر ئەوان دروست دەکات)، چونکە ئێمە خاوەنی چۆنیەتیی تایبەتی بیرکردنەوە و هزریشین.

## کورتە و دەرەنجام

کەواتە، بۆچی ئێمە باوەڕمان بەو شتە هەیە کە دەیکەین؟ ئێمە بە کۆمەڵایەتی دەبین، ئێمە دیدگاکانی کۆمەڵگە و گرووپەکانمان قەبووڵ دەکەین و جیهان لە رێگەی دیدگا دان پێدانراوەکانی خۆمانەوە دەبینین. تەمەنی ئێمە و گرووپەکانی تەمەنی ئێمە بایەخیان هەیە و نابێت نکووڵی لە هێزی بە کۆمەڵایەتی بوونی یەکەمین و دووەمین بکەین. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە لەبارەی ئەوەش کە فێری دەبین بیر دەکەینەوە و بەکاری دەهێنین و تاقی دەکەینەوە و ئەم پرۆسەیە دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت کە لانی کەم تا رادەیەك، هزرەکان و بیروباوەڕەکانی تایبەت بەخۆمان بەدی بهێنین.

# 6

# ئایا مرۆڤەکان ئازادن؟

## ئیمکانی ئازادی لە کۆمەڵگەدا

لە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانمدا بیرم لە کێشەی ئازادی کردۆتەوە. لە تەمەنی نەوجەوانیدا لە خۆمم دەپرسی، ئایا دەتوانین لەیەك کاتدا هەم باوەڕمان بە ئیرادەی خودا و هەم بە ئازادیش هەبێت. کاتێك کە دیراسەی مێژووی جیهانم دەکرد، خەباتی مرۆڤم لە پێناو ئازادیدا بۆ دەرکەوت. لەگەڵ ئەوەشدا، زانینی ئەوەی کە دەروونناسی و کۆمەڵناسی لە ئەگەری بوونی ئازادیی زۆردا بە شێوەیەکی جددی گومان و دوودڵی دروست دەکەن نیگەرانی دەکردم. زیگمۆند فرۆید، کارل مارکس و، ئەریك فرۆم پانتاییە نوێیەکانی ئەم کێشەیان بۆ روون کردمەوە، دەرکی منیان سەبارەت بە چەمکی ئازادی و تەنانەت ئارەزووی ئێمە بۆ ئازادی بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگهێشت کرد.

گرنگترین دەرەنجام کە لە هەموو ئەو توێژینەوە و بیرکردنەوانەی من کەوتووەتەوە ئەوەیە کە **دیاریکردنی ئەوەی ئایا مرۆڤەکان ئازادن یان نا نامومکینە.** قەبوولکردنی ئەم ئەنجامگیریە بۆ من زۆر قورسە، بەڵام، لە راستیدا



ئەمە ئەو شتەیە کە من فێری بووم. خوێندنەوەی کۆمەڵناسی پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئەم ئەنجامگیریەدا هەبووە و کاریگەری لەسەر زۆربەی باوەڕەکانی رابردووی من هەبووە. من سەبارەت بە سێ بیری تر تا رادەیەك دڵنیام:

1ـ ئەگەر ئازادی بوونی هەیە، هەمیشە لەلایەن ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەوە کە خەڵك هۆشیارییەکی کەمیان لە بارەوە هەیە سنووردار دەکرێت.
2ـ زۆربەی خەڵك دەربارەی ئەوەی کە بەڕاستی تاچ رادەیەك ئازادن تێڕوانینێکی زیادەڕۆیانەیان هەیە.
3ـ بۆ خەڵکی لە کۆمەڵگەی ئەمریکیدا گرنگە کە باوەڕیان وابێت ئەمریکییەکان ئازادن و زۆربەی نەتەوەکانی تر ئازاد نین.

خوێندنی کۆمەڵناسی زۆرێك لە قوتابیانی زانکۆ بەرەو بیرکردنەوەی رەخنەگرانە لە چوارچێوەی بیروباوەڕەکانیاندا سەبارەت بە ئازادی هان دەدات. کۆمەڵناسی یەکێکە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و دەبێ ئامانجی هەوڵدان بۆ دەرکی ئەم کێشەیە بێت کە **بۆچی شتەکان روودەدەن؟** بۆچی مرۆڤەکان بە شێوازێکی دیاریکراو هەڵسوکەوت دەکەن؟ خستنەرووی پرسیارە بۆچییەکان گەڕانە بە دوای هێزە کاریگەرەکاندا لەسەر تاك ـ لە کۆمەڵناسیدا ئەوە هێزە کۆمەڵایەتییەکانن ـو دەرککردنی کردار لە چوارچێوەی ئەو هێزانەدا. شیکردنەوەی هۆشیارانەی هۆکار ئەم پرسیارەی لێدەکەوێتەوە: تا چ رادەیەك خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی خۆیاندا بەڕاستی ئازادن؟

## واتای ئازادی و لێپرسراوێتی

بۆ ئەوەی بزانین تا چ رادەیەك کۆمەڵناسان باوەڕیان وایە کە مرۆڤەکان بەرامبەر بە کردەوەکانی خۆیان ئازاد و لێپرسراون، پێویستە لە روانگەی کۆمەڵناسانەوە هەوڵی تاوتوێکردنی بابەتی ئاڵۆزی چەمکەکانی ئازادی و لێپرسراوێتی بدەین.

کاتێك کەسێك کارێك ئەنجام دەدات کە ئێمە حەزمان لێ نییە، چی ڕوودەدات؟ ئێمە تووڕە دەبین و، ئەو کەسە بە تاوانبار دەزانین. ئەم مەیلەمان بۆ تاوانبارکردنی ئەوانی تر لەبەر ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەن بەو مانایەیە کە ئێمە باوەڕمان وایە کە ئەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتیان بە سەر کردەوەکانی خۆیانەوە هەیە و زانایانە و هۆشیارانە هەڵسوکەوتیان کردووە: "ئەو دەیزانی کە چی دەکات!" "ئەو دەیزانی کە ئەوان دڵیان دەڕەنجێت. ئەو گرنگی پێنادات." "خەتای مێردەکەی بوو سکی پڕ بوو." "نا، تاوانی خۆی بوو." بە واتایەك، ئێمە پاساو بۆ ڕق و قینی خۆمان دەهێنینەوە بەرامبەر بەوەی کە ئەوانی تر ئەنجامی دەدەن، بە دانانی ئەو گریمانەی کە ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر کردەوەکانی خۆیاندا هەبووە. دادوەرەکانی دادگای نۆرنبێرگ پاش جەنگی جیهانیی دووەم بڕیارێکیان دەرکرد کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی نائەخلاقی هەڵسوکەوتیان کردووە و ئەو بیانووەش کە ئەوان تەنیا فەرمانەکانیان جێبەجێ کردووە قەبووڵ نەکراوە. ئەوان لەبەر هەڵبژاردنی ئەنجامدانی کردەوەی شەڕەنگێزانە دژ بە مرۆڤایەتی بە تاوانبار ناسران: "ئەوان دەیانزانی کە چی دەکەن و دەیانتوانی ڕەتی بکەنەوە."

سیستەمی دادوەری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە شێوەیەکی گشتی پشت بەو بنەمایە دەبەستێت کە مرۆڤەکان کۆنترۆڵیان بەسەر کردەوەکانیاندا هەیە. داننانی تاکەکان بە شێتیی خۆیاندا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان کۆنترۆڵیان بەسەر کردەوەکانیاندا نییە و لەبەر ئەوە بەرامبەر بە کردەوەکانیان لێپرسراو نین. ناردنی تاکەکان بۆ بەندیخانە و یان لە سێدارەدانیان بە هۆی لادانیانەوە زۆر جار لەگەڵ دانانی گریمانەی ئازادکردنیاندا جێبەجێ دەکرێت. ئایینی ڕۆژئاوا وای دادەنێت کە سزا و پاداشتی پاش مردن لە بنەڕەتدا لەبەر ئەو هەڵبژاردنانەی کە لە ماوەی ژیانماندا ئەنجامیان دەدەین چاوەڕێمان دەکات و، ئەم گریمانەیە واتای ئەوەیە کە ئێمە دەسەڵاتمان بەسەر ژیانی خۆماندا هەیە.



چەمکەکانی ئازادی و لێپرسراوێتی هەر دووکیان پەیوەندییان بە دەسەڵاتی ئێمە بەسەر ژیانی خۆماندا هەیە. هەبوونی **ئازادی** مانای ئەوەیە کە تاکەکان کۆنترۆڵی هەموو ئەو شتانە دەکەن کە بیری لێدەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن. ئەوەی کە تاکەکان لێپرسراوی هەموو ئەو شتانەن کە ئەنجامی دەدەن لە بنەمادا هەمان واتای هەیە: واتە ئەوان خاوەنی کۆنترۆڵن. مەبەست لە کۆنترۆڵ چییە؟ کۆنترۆڵکردنی ژیانی خۆیان واتای ئەوە دەگەیەنێ کە تاك تێدەگات چ هەڵبژاردنێك ئەنجام بدات، دەرك بە ئازادیی هەڵبژاردن و پێشهاتەکان دەکات و لە شوێنێکدایە کە چالاکانە ئەو هەڵبژاردنانە دیاری بکات. ئازادبوون، بەمپێیە واتای ناسینی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن و دواجار کۆنترۆڵکردنی خود بەپێی هەڵبژاردنەکە دەگەیەنێت. ئەگەر ئەمە دەریبخات کە مرۆڤەکان چین، دەتوانین بڵێین کە ئەوان ئازادن، یان لێپرسراوی کردەکانیان. کاتێکیش کە ڕایدەگەیەنین کە تاکەکان پێویستە **لێپرسراوێتیی کردەکانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن،** مەبەستی ئێمە ئەوەیە ئەوان پێویستە دەرك بەوە بکەن کە کۆنترۆڵیان بەسەر کردەکانی خۆیاندا هەیە و دەبێت ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببنەوە کە کردەوەکانیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی ئازادانەیانەوە کەوتوونەتەوە.

هەندێ جار مەبەستی ئێمە لە لێپرسراوێتی شتێکی ترە. زۆر جار دەڵێین کە "مرۆڤەکان پێویستە ئازاد بن، بەڵام پێویستە لێپرسراویش بن." لێپرسراوێتی لەم تێگەیشتنەدا واتای شتێکی جیاواز لە کۆنترۆڵکردنی ژیانی تاك لەخۆ دەگرێت. واتای ئەوەیە کە کاتێك من کارێك دەکەم، هەڵبژاردنەکانی من نابێت بە تەواوەتی خۆپەرستانە بن، کردەکانم پێویستە لەگەڵ ئەخلاقی کۆمەڵایەتیدا یەك بگرنەوە ـ بە کورتی، پێویستە بەپێی ویژدان هەڵسوکەوت بکەم. کاتێك کە من ئازادانە کردەیەك دەکەم، پێویستە مافی ئەوانی تریش لەبەرچاو بگرم ـ ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کردەکانی من لێپرسراوانە بن و لە کۆتاییدا واتای ئەوە دەگەیەنێ کە

ئازادی پێویستە لەگەڵ ڕێزگرتنی مافی ئەوانی تردا بێت. ئازادبوون و لێپرسراوانە هەڵسوکەون کردن، واتە ئەوەی کە ئێمە پێویستە ئازادییەکانی خۆمان بە هۆی تێبینییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سنووردار بکەین.

لەبەر ئەوە، **ئازادانە هەڵسوکەوت کردن،** واتای ئەوەیە کە تاکەکان بیرکردنەوە و کردەکانی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. لێپرسراوی کردەبوون مانای ئەوەیە کە ئەوان ئازادن. **ئەرك لەئەستۆگرتنی** کردەکانی خۆیان واتە ئەوەی کە ئەوان ئاگایان لەو ڕاستییە هەیە کە ئازادن و بەم ڕاستییەش ڕازین. ئەوەی کە تاکەکان پێویستە **لێپرسراوانە** هەڵسوکەوت بکەن، مانای ئەوە نییە کە ئەوان پێویستە ئازاد بن؛ بەڵکو واتای ئەوەیە کە کاتێك هەڵسوکەوت دەکەن پێویستە خۆیان لەگەڵ زنجیرەیەك لە یاسا و ڕێساکاندا بگونجێنن: ئازادی شتێکی باشە ئەگەر کردە ئازادانەکان لە کایەیەکی دیاریکراوی ئەخلاقیدا ئەنجام بدرێت.

## ئازادی وەك بەهایەك لە کولتووری ئەمریکاییدا

گومانی تێدا نییە کە خەڵك لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا باوەڕیان وایە کە ئازادن و ئازاد بوون زۆر گرنگە، بەڵام تەنیا باوەڕ بە ئازادی، نابێتە هۆی ئازادیی تاك. لەڕاستیدا، دەرککردنی ئەم خاڵە گرنگە کە باوەڕبوون بەوەی کە تاك ئازادە لەوانەیە ببێتە ڕێگر لەبەردەم ئازادبووندا، لەوانەیە لەڕاستیدا کۆسپ لەبەردەم کۆنترۆڵی تاك لەسەر ژیانی خۆی دروست بکات. چونکە ئەگەر باوەڕمان وا بێت کە ئازادین بە لامانەوە زۆر گرنگ نابێت کە هەوڵی گۆڕینی هەر شتێك بدەین کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی کۆنترۆڵی ژیانی خۆماندا.

ئازادی بە لای زۆربەی ئەمریکییەکانەوە بە شتێکی واقیعی دەزانرێت، شەڕەکانی ئێمە بە ناوی ئازادییەوە ئەنجام دەدرێن، کۆچبەرەکان بە دوای



ئازادیدا ڕوو لە ئەمریکا دەکەن، حکوومەت زۆرێك لەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدات بە هۆی بانگەشەی بەرگریکردن لە ئازادیی خەڵك پاساویان بۆ دەهێنێتەوە و ئێمە بە شێوەیەکی گشتی باوەڕمان وایە کە ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوون و ئەوانەش کە سەرکەوتوو نین، ئەوەی کە مافی خۆیانە و شایەنیانە وەردەگرن چونکە ئازادانە هەڵیانبژاردووە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژیاندا دەکەن.

بۆ خەڵك لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا گرنگە **هەست بەوە بکەن** کە ئازادن. لەڕاستیدا، بەلای زۆربەی خەڵکەوە گرنگە کە ئەم جۆرە هەستەیان هەبێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەوان چارەنووسی خۆیان کۆنترۆڵ دەکەن. ئەگەر ئێمە باوەڕمان بەم شتانە نەبوایە، زۆربەی ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدەن بۆ ئێمە واتایەکی وایان نەدەبوو: "لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ئەگەر ئێمە بەڕاستی ئازاد نین، جیاوازیی نێوان کۆمەڵگەی ئێمە و بەشەکانی تری جیهان چییە؟" شۆڕشەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆ چییە؟"، "ئەگەر خەڵك بەڕاستی لێپرسراو نین بەرامبەر ئەو شتەی کە ئەنجامی دەدەن، کەواتە ئێمە چۆن دەتوانین ئەخلاقییەن پاساو بۆ سزای لە سێدارەدان بهێنینەوە یان تەنانەت زۆربەی سزاکانی تریش (مەگەر بە ناوی چاکسازی و پشتڕاستکردنەوە یان دەربڕینی تۆڵەکردنەوەی ئاشکرا)؟" ئەگەر ئێمە ئازاد نین یان بەرامبەر بە کردەکانمان لێپرسراو نین، لەم حاڵەتەدا ئایا کامەرانی واتایەکی هەیە؟ ئایا ژیان واتایەکی ڕاستەقینەی هەیە یان ئێمە مافی خۆمانە شانازی بەو شتەوە بکەین کە دەیکەین؟" "ئەگەر من بەرامبەر بە کردەکانی خۆم لێپرسراو نیم، کەواتە بەڕاستی نابێت درێژە بە ژیان بدەم ـ هەرچییەك بێت، ئەمە لەڕاستیدا ژیانی من نییە."

بۆ هەر کۆمەڵگەیەك گرنگە کە خەڵك بە لێپرسراوی کردەکانی بزانێت، بە دانانی ئەو گریمانەیەی کە ئەوان دەزانن چی دەکەن و سزای ئەو

کەسانەش بدات کە هەڵبژاردنی شەڕەنگێزانە ئەنجام دەدەن. کۆمەڵگە تەنیا لەبەر ئەم هۆکارە کارکردەکانی خۆی بە ئەنجام دەگەیەنێت کە وەها بیروباوەڕ و هزرگەلێك بوونیان هەیە و بەشێکی لێك دانەبڕاون لە کولتوور. ئازادی لە ژیانی ئێمەدا بەهایەکی سەرەکییە و ئێمە بیروباوەڕ و هزرگەلێکی زۆرمان هەیە کە بەرگری لە بوونی ئازادی دەکەن. بەمپێیە، پرسیارەکەی ئێمە هێشتا لە جێی خۆیدا ماوەتەوە کە ئایا مرۆڤەکان بەڕاستی ئازادن؟

## دیدگای کۆمەڵناسی: دەسەڵاتی کۆمەڵگە

### مەتەڵی کۆمەڵناسی

کۆمەڵناسان رووبەرووی مەتەڵێکی گەورە بوونەتەوە. ئەوان دەیانەوێ باوەڕ بکەن کە مرۆڤەکان دەتوانن ئازاد بن، لەبەر ئەوە بە باشی تێدەگەن کە کۆمەڵگەی بەهێز بە رواڵەت چۆنە. کۆمەڵناسان حەز دەکەن بانگەشەی ئەوە بکەن کە "کۆمەڵگە تاك پێکدەهێنێت، بەڵام تاکیش کۆمەڵگە پێکدەهێنێت."، بەڵام کاتێك کە بەڕاستی دەگەینە ئێرە، لێکۆڵینەوەکانیان دەریدەخات کە کۆمەڵگە لە زۆر رێگاوە تاك پێکدەهێنێت، کەچی ئەو رێگایانەی کە تاك کۆمەڵگە پێکدەهێنن زۆر دەگمەنن. ئەمیل دۆرکهایم یەکێك بوو لە پاڵەوانانی ئازادی لە کۆمەڵگەدا، لەگەڵ ئەوەشدا توێژینەوەکانی دەریدەخەن کە تا چ رادەیەك کۆمەڵگە بەهێزە و تەقریبەن هیچ شتێکمان سەبارەت بەوەی کە ئازادی چۆن دەستەبەر دەبێ پێنالێت - هەروەها نالێت کە چۆن تاك دەتوانێت کۆنترۆڵی واقیعی ژیانی خۆی بە دەستەوە بگرێت و، جگە لەوەش روونی ناکاتەوە کە چۆن دەتوانرێت رێگە بە وەها کۆنترۆڵێکی راستەقینە تەنانەت لە کۆمەڵگەدا بدرێت.

پیتەر بێرگەر پیشانمان دەدات کە تاك شوێنکەوتەی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، چینایەتی، کۆمەڵایەتی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان،



بەکۆمەڵایەتی بوون، رۆڵەکان و، گرووپەکانە، بۆیە لە نووسینەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەکێك لە ئامانجەکانی کۆمەڵناسی ئازادکردنی مرۆڤەکانە، کە لە رێگەی یارمەتیدانی ئەوانەوە بۆ دەرککردنی جۆرەکانی ئەو کۆنترۆڵانەی کە پێکیاندەهێنن بەرجەستە دەبێت. بەم حاڵەشەوە پرسیارێکی سەرەکی دەمێنێتەوە: چەندە ئازادی لە ناو زیندانی بەهێزی کۆمەڵگە ئیمکانی هەیە؟ ئایا دەشێ ئازادییەکی بەرچاو بوونی هەبێت؟ مارکسیش ئارەزوومەندی ئازادی و رزگاربوونی هەموو مرۆڤایەتییە، لەگەڵ ئەوەشدا، تا رادەیەك لە هەموو نووسراوەکانیدا پەنجە بۆ دەسەڵاتی کۆمەڵگە بەسەر تاکەوە درێژ دەکات. ئەو باوەڕی وایە کە رۆژێك لە رۆژان کرێکاران دەسەڵات بەسەر چارەنووس و ژیانی خۆیاندا دەگرن، هەڵبەت پاش شۆڕش و رووخانی سەرمایەداری. بەمپێیە، خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مارکس زۆر جار هێزی گەورەی کۆمەڵگەمان پێ دەناسێنێت و هیوایەکی شایەنی باسکردن بۆ ئازادی و رزگاری لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت.

### پرسە کۆمەڵایەتییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی

لەوانەیە باشتر وابێت کە تێڕوانینی کۆمەڵناسی دەربارەی ئازادی بە تێبینیکردنی بەڵگە هێنانەوەیەك کە *سی.رایت میلز* لە **خەیاڵکردنی کۆمەڵناسیانەدا** (1959) خستوویەتیە روو درێژە پێبدەین. میلز بەڵگە دەهێنێتەوە کە بیرکردنەوە لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە، واتە بینینی خود لە شوێنگەی کۆمەڵگە و مێژوودا؛ یانی دەرککردنی ئەوەی کە مرۆڤ لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەژیت کە ئەم زەمینەیە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر هاتووەتە ئاراوە. ئێمە لەوانەیە خاوەنی چەند ئەزموونێکی دیاریکراوی تاکەکەسی بین - هاوسەرگیریی ناتەندروست، قەرزاریی زۆر، بێکاری، قەیرانی پێش سەردەمی پیری - بەڵام هەر کە بمانەوێت بزانین بۆچی ئەم کێشانە سەر هەڵدەدەن پێویستە ئەوانە لە زەمینەیەکی بەرفراوانتری

کۆمەڵگەدا تێبینی بکەین. کێشە تاکەکەسییەکانی من هەر تایبەت نین بە خودی خۆمەوە. من رووبەرووی هەمان ئەو کێشانە دەبمەوە کە زۆربەی تاکەکانی تر لە هەمان بارودۆخی مندا گیرۆدەی دەبن. ئەگەر من لە سەردەمێکی تردا بژیامایە، کێشەکانی من جیاواز دەبوون. ئەگەر لە شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەم کۆمەڵگەیەدا ژیانم ببردایەتە سەر دیسان جیاواز دەبوو. کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی من لەم سەردەمەدا منیان بە تایبەتی و ئەوانەش وەك منن بۆ چارەسەرکردنی کێشە تاکەکەسییەکانی خۆم هان داوە. هەرچەندە هەر کەسێك کە لەو شوێنەی مندایە هەمان ئەو کێشانەی تووش نابێت کە دوچاری من بوون، بەڵام چیەتیی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ ئەگەری سەرهەڵدانی کێشە تایبەتەکانی زۆر لەوە ئاسانتر کردووە کە لە رابردوودا (یان لە کۆمەڵگەیەکی تردا) لەوانەبوو رووبدات. ئەو کێشە تایبەتیانەی هەر تاکێکی ئەمریکیی بە رەگەز ئەفریقی لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیدا رووبەڕوویان دەبێتەوە لەبەر ئەوە بوونی هەیە کە رق و قینی نەژادی، جیاکاریی نەژادی و، نەبوونی دەرفەتە گونجاوەکان لەو کۆمەڵگەیەدا کە ئەو تێیدا لە دایك بووە، بوونی هەیە. ژیان لەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا ئازاردانی منداڵ و ژن باوە و لە رووی مێژوویییەوە تەنانەت بە یاسایی هەبووە واتای ئەوەیە کە ئێمە لە نێو ژمارەیەك هێزی کۆمەڵایەتیدا ژیان بەسەر دەبەین کە زۆربەمان هان دەدات بۆ ئەوەی ئازاردەر یان قوربانیی ئازاردەرەکان بین.

کێشە تاکەکەسییەکان پەیوەندیان بە چیەتیی خودی کۆمەڵگەوە هەیە. بۆ نموونە، تاکەکان بە رێککەوت تەڵاق وەرناگرن یا خۆیان ناکوژن یان دەست نادەنە تاوان و خراپەکاری. ئەگەر وەها بوایە، هەموو ساڵێك ژمارەیەکی جیاواز لەم جۆرە رووداوانەمان دەبوو. لەڕاستیدا، ئەم جۆرە کێشانە بە رێژەیەکی تا رادەیەك پێشبینیکراو و جێگیر روودەدەن. ئێمە دەزانین کە نزیکەی نیوەی هەموو ئەو زەماوەندانەی کە ئەمڕۆکە ئەنجام



دەدرێن بە تەڵاق کۆتاییان دێت، چونکە هێزەکانی کۆمەڵگە وەها رێژەیەك دەهێننە کایەوە. ئێمە باش دەزانین کە تەقریبەن 19 پیاو لە هەر 100,000 پیاوی وڵاتەکەمان خۆیان دەکوژن، چونکە هێزە جۆراوجۆرە کاریگەرەکان لە کۆمەڵگە ئەم رێژە خۆکوشتنە بەرهەم دەهێنن. ئێمە رێژەی لەدایکبوون، مردن، کۆچکردن، بێکاری، وازهێنان لە خوێندن، تاوان و لادان و سکپڕیمان لەبەردەستدایە. لە هەر حاڵەتێکدا روون و ئاشکرایە کە کۆمەڵگە هێزێکی دەسەڵاتدارە کە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی تاك دروست دەکات. سەرنجی کۆمەڵگە، کۆمەڵێکی بچووکی ناوخۆیی یان کۆڵانێك بدەن: بەها جۆراوجۆرەکان دەستنیشان بکەن، ئەو کات چاکتر دەتوانن دەرك بەوە بکەن کە بۆچی تاکەکان لەو حاڵەتانەدا، بەو جۆرە هەڵدەبژێرن. تاکێك کە گاڵتە بە هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بوونیان رەت ناکاتەوە. زۆر جار دەتوانرێت دیاری بکرێت کە چ هێزێکی کۆمەڵایەتی ـ لە کۆمەڵگەدا ـ زەروورین بۆ ئەوەی تاکێك بتوانێت شوێنگەیەکی بەرزتر لەو کەسانە بەدەست بهێنێت کە ئەوانی تر کۆنتڕۆڵ دەکەن.

لە کاتی روونکردنەوەی پرسی ئازادی و لێپرسراوێتیدا بوونی **پرسە کۆمەڵایەتی و بەها کۆمەڵایەتییەکان** خاڵێکی دەستپێکە بۆ کۆمەڵناسان. ئەوەی کە ئێمە لە کوێ و کەی لە دایك دەبین ئێمە لەبەردەم پرسە کۆمەڵایەتی و بەها دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنێت و کاریگەری لەسەر هەموو ئەو رێڕەوانەی کە لە ژیاندا دەیانگرینە بەر دادەنێت. ئەگەر من لە گەڕەکێکی هەژارنشیندا، شوێنێك کە رێژەی منداڵبوونی تەمەنی ژێر بیست ساڵی تێیدا زۆر زۆرە لە دایك بووبم، ئەگەری ئەوەی کە منیش لە تەمەنی ژێر بیست ساڵیدا ببمە خاوەنی منداڵ زیاترە. ئەگەر لە دەرەوەی ئەو گەڕەکەدا لە دایك بم، ئەگەری ئەوەی کە وەها شتێك روونەدات زیاترە. ئازادی؟ لەوانەیە، بەڵام ئێمە ئەو کۆمەڵانەی کە تێیاندا لە دایك دەبین هەڵنابژێرین و ئەگەر رووبەرووی ئەم جۆرە بەها و پرسانە ببینەوە،

پێویستە زۆر خۆمان ماندوو بکەین تاوەکو بە ئاراستەیەك هەنگاو هەڵگرین کە ئەوانی تر بە حەتمی و روون و ئاشکرای دەزانن.

هەژاری یەکێکە لەو نموونانەی کە دەریدەخات چۆن چارەنووسی تاك لەلایەن پرس و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە کاری تێدەکرێت. ئەگەرچی خەڵکی بە گشتی زۆر جار باوەڕیان وایە کە هەژاری لەبەر ئەوە بوونی هەیە کە تاکەکان ئازادانە ئەو ئاراستە هەڵدەبژێرن، کۆمەڵناسان زۆر جار وەها بانگەشەیەك ناکەن. وەها بیرکردنەوەیەك "بە تاوانبار زانینی قوربانی" بۆ پرسێکی کۆمەڵایەتی بەجددی دەزانرێت. چ کەسانێك هەژار دەبن؟ زۆرێك لە خەڵك لە هەژاریدا لە دایك دەبن. زۆربەی منداڵەکان هەژارن: لەسەدا 7,20٪ی منداڵانی ژێر تەمەنی هەژدە ساڵی لە ساڵی 1993؛ لەسەدا 41ی تێکڕای منداڵانی بە رەگەز ئیسپانی؛ لەسەدا 46ی تێکڕای منداڵانی بە رەگەز ئەفریقی. زۆرێك لە کەسە دەستکورتەکان ئەو ژنانەن کە تەنیا سەرپەرشتیاری خێزان یان قوربانیانی بەجێهێشتن و تەڵاقن (نزیکەی نیوەی هەموو ئەو خێزانە هەژارانە ئەو خێزانانەن کە بەخێوکردنیان دەکەوێتە ئەستۆی ژنەکانەوە، بەبێ ئامادەبوونی هاوسەرەکان). ڕێژەیەکی زۆری هەژارانیش تاکە بەساڵاچووەکان پێکیدەهێنن. زۆرێك لە هەژارەکان سەر بە کەمینەکانن (لە سەدا 1,31٪ی تێکڕای ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقیەکان هەژارن، هەروەها لە سەدا 6,30٪ی تێکڕای ئەمریکیە بە رەگەز ئیسپانییەکانیش). زۆرێك لە هەژاران ئەو کەسانەن کە لەبەر هۆکاری داخرانی شوێنی کارکردنەکەیان بێکار بوون. زۆربەی هەژاران ئەو کەسانەن کە لە شار و ناوەندە کشتوکاڵییەکاندا سەرقاڵی کارکردنن و لە ئەنجامی گۆڕانکاریی خێرای کۆمەڵایەتییەوە دواکەوتوون (U. S. Bureau of the Census 1995).

ئایا هەژارییەك کە ڕووبەڕووی ئەم خەڵکە بۆتەوە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەوانە؟ ئایا کەسانێك کە لە کۆمەڵگەیەکدا پەروەردە بوون کە تێیدا



زۆرینەیەکی بەرفراوانی تاکەکان لە خوێندنی گشتی بێبەش دەبن، ئازادانە وازهێنان لە خوێندنیان هەڵبژاردووە؟ ئایا ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا گەورە کراون کە تێیدا زۆرێك لە ئافرەتانی ژێر تەمەنی بیست ساڵی سکیان پڕ دەبێت، سکپڕی بە ئازادانە هەڵدەبژێرن؟ ئایا تاکەکان بێکاری هەڵدەبژێرن یا ژیان لە کۆمەڵگەیەکدا کە دامودەزگای ئابووری تێیدا لە ڕێڕەوی خۆی دەچێتە دەرەوە، چونکە ناتوانێت سەرکەوتوو بێت، ئازادانە هەڵدەبژێرن؟ ئایا تاکەکان ژیان لە ناو کۆمەڵگەیەکدا کە تێیدا گرووپی نەژادیی ئەوان گرووپی کەمینەیە، بە ئازادانە هەڵدەبژێرن؟ لەڕاستیدا، ئەگەر من لە نێو کار و پیشەی کشتوکاڵیدا گەورە بووبم، ئایا ئازادانە جووتیاربوونی خۆم هەڵدەبژێرم تاوەکو چارەنووسم دەرکردن بێت لە بازاڕی کار و کەسابەت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناتوانم لەگەڵ کۆمپانیا و دامودەزگا گەورە کشتوکاڵییەکاندا ڕکابەری بکەم؟

لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵك زۆر جار وا دەزانن کە هەژاری لە ئەنجامی ئیرادەی ئازادەوە سەرهەڵدەدات. بۆ نموونە، جۆوفیگین[1]، (1975) دەستی دایە توێژینەوەیەك کە بریتی بوو لە توێژینەوەی باوەڕی ئەمریکییەکان سەبارەت بە هۆکارەکانی هەژاری و، بۆی دەرکەوت کە لە جیاتی هۆکاری کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر ئیرادەی تاکەکەسی دەکرێتەوە کە هەڵبەت جێی سەرسوڕمانیش نییە. زۆربەی خەڵك هۆکارەکانی وەك "دروست بەکار نەهێنانی پارە"، "هەوڵنەدان، نەبوونی لێهاتوویی، یا توانا"، یا "بێ سەروبەری ئەخلاقی و ئەلکولیزم"یان بە ڕوونکردنەوەیەکی گونجاو بۆ هەژاری دەزانی (زیاتر لە سەدا 80 بۆ هەر حاڵەتێك). بەدچانسی، ئیستغلال کردنی خەڵك، لاوازیی پیشە تایبەتەکان، جیاکاری و لاوازیی ئاستی خوێندن بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگییەکی کەمتریان پێدرابوو (لە سەدا 35 تا 60 لە

1. Joer & Feagin

هەر حاڵەتێکدا). روون و ئاشکرایە کە هەر هۆکارێکیان زیاتر تاکەکەسی بوایە، پلەیەکی بەرزتری وەردەگرت.

سەرتاپای ژیانی ئێمە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاری تێدەکرێت: بۆ نموونە، ئەوانەی لە دەوروبەرماندان، بە کۆمەڵایەتی بوون، چینی کۆمەڵایەتیمان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکانمان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

سەرنجی تاکەکەسیترین بڕیارەکانی ئێمە بدەن: بۆ نموونە هاوسەرگیری. ئێمە بانگەشەی مافی هەڵبژاردنی ئازادانە دەکەین. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە فراوانە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر هەڵبژاردنی ئێمە، بەڕاستی تا چ رادەیەك هەڵبژاردنی ئێمە ئازادانەیە؟ لەڕاستیدا ئێمە لە بڕیاردانی خۆماندا بۆ هاوسەرگیری تا چ رادەیەك ئازادین؟ بێرت ئادامز (1979) یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە بە کۆکردنەوەی توێژینەوەکانی خۆی تیۆرێکی داناوە، کە تێیدا هەوڵ دەدات شی بکاتەوە کە چ هۆکارگەلێك کاریگەرییان لەسەر ئەو دەبێت کە ئێمە چ کەسێك بۆ هاوسەرگیری هەڵبژێرین. هەڵبژاردنی هاوسەر لەلایەن هەموو هۆکارەکانی ژێرەوە کاری تێدەکرێت: نزیکیی سروشت (ئێمە لەگەڵ کەسێکدا کە لە یەکێك لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەدان هاوسەرگیری دەکەین، کاردانەوەی ئەوانی تر گرنگە بەرامبەر بەم پەیوەندییە، لێکچوون لە رووی رواڵەتی فیزیکی، لێکچوون لە رووی کەسێتی، هاوشێوە بوون لە رووی زەمینەی کۆمەڵایەتی (بۆ نموونە، چین، نەژاد، گرووپی نەتەوەیی و ئایین) نەبوونی دەستتێوەردانی نەگونجاوی دایك و باوك، نەبوونی حاڵەتە سەرسوڕهێنەرە جێگرەکان، کۆك بوون و ئەوەی کە ئەوانی تر هەست بەوە دەکەن کە ئەم دووانە بەڕاستی جووتێکی تەندروست پێك دەهێنن. ئادامز ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆکاری تاکەکەسیی زیاتر دەکات (وەك هێزی سەرنجڕاکێشانی جەستەیی و حەزە هاوبەشەکان لە قۆناغەکانی سەرەتای



پەیوەندیدا)، بەڵام لێرەدا من جەخت لەسەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەکەمەوە کە کرۆکی سەرەکیی تیۆرەکەشی پێك دەهێنن. ئێمە لەوانەیە تا رادەیەك خاوەنی هەڵبژاردنی ئازادانە بین، بەڵام هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژاردنەکەی ئێمە بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار دەکەن.

## ئازادی: هزر و کردار

دووبارەی دەکەمەوە: ئازادی واتای کۆنترۆڵکردنی ژیانی خود دەگەیەنێت، واتە ئەوانی تر دەسەڵاتیان بەسەر ژیانی ئێمەدا نییە. ئازادی مانای ئەوەیە کۆمەڵگە و رێکخراوی کۆمەڵایەتی ژیانی ئێمە کۆنترۆڵ ناکەن.

بە مەبەستی دەرککردنی چەمکی ئازادی پێویستە بۆ دوو بەش دابەشی بکەین: یەکەم، ئەگەر مرۆڤ ئازادە، لە**بیرکردنەوەی** خۆیدا ئازادە - بیر و بەها و، ئەو رێسایانەی کە باوەڕم پێیان هەیە هی خۆمن - نەك هی کۆمەڵگە و هی ئەوانی تر. ئەم بڕیارانەی کە لە زەینی خۆمدا دەیاندەم بڕیارەکانی منن؛ ئەو راستییانەی کە باوەڕم پێیان هەیە راستییەکانی خۆمن. بەبێ ئازادیی بیر، ئازادیی کردە ئازادییەکی پووچە، چونکە واتای کردارێك دەگەیەنێت بە پێی ئەوەی کە ئەوانی تر باوەڕیان پێیەتی و منیشیان فێر کردووە کە باوەڕم پێی هەبێت. بۆ نموونە ئەگەر من بانگەشەی ئازادیی را دەربڕین و نووسین بکەم، بەڵام ئەو هزرەی کە لە گوفتار یان نووسینی مندا خۆی حەشار داوە هی خودی خۆم نەبێت، ئازادیی دەربڕین یا نووسین واتایەکی نییە. ئەگەر من بانگەشەی ئازادیی پارە پەیداکردن بکەم، بەڵام لە دەوروبەرمدا لەلایەن ئەوانەی ترەوە کە حەزیان لە پارەیە کارم تێبکرێت، لەو حاڵەتەدا من چ ئازادییەکی واقیعیم هەیە؟ ئەوانی تر پێیان گوتووم کە چی لە ژیانی خۆم بکەم.

لایەنی دووەمی ئازادی بریتییە لە کردار. من لەوانەیە ئازاد بم کە بیر بکەمەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئازاد نەبم بەپێی ئەوەی کە بیری لێدەکەمەوە هەڵسوکەوت بکەم. لەوانەشە لەگەڵ حکومەتی خۆمدا نەیار بم، بەڵام بۆ نارەزایی دەربڕین دژ بە سیاسەتەکانی نەتوانم کارێك بکەم، ئازادییەکەی من مانایەکی نییە. لەوانەیە باوەڕم وا بێت کە لەبەرکردنی جلوبەرگ دروست نییە، بەڵام ئەگەر ئازاد نەبم بە رووتی بڕۆمە دەرەوە، ئازادییەکەی من بایەخێکی نییە. ئەگەری ئەوە هەیە باوەڕم بەوە هەبێت کە خوێندنی زانکۆ گرنگە، بەڵام ئەگەر توانا و سەرچاوەی دارایی پێویستم لەبەردەستدا نەبێت، ناتوانم بڕۆمە زانکۆ. من دەکرێ بڕیار بدەم ببمە پزیشك، مافناس، مامۆستا یا مۆسیقاژەن، بەڵام بە کردە، بەدەستهێنانی یەکێك لەم پیشانە بە شتێکی زیاتر لە بیرکردنەوەوە بەستراوەتەوە: بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا من دەتوانم بە جۆرێکی کاریگەر لەسەر بنەمای هزرەکەم هەڵسوکەوت بکەم. لەوانەشە باوەڕم وابێت کە پێدانی دەرفەتی زۆر بە منداڵەکانم گرنگە، بەڵام ئەگەر ئامرازی پێویستی مادیم بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لەبەردەستدا نەبێت، باوەڕەکەم بە ئاسانی ناچێتە قۆناغی جێبەجێ کردنەوە.

ئەگەرچی لەوانەیە تاك تا رادەیەك ئازادیی بیر و کرداری هەبێت، تێڕوانینی کۆمەڵناسی زۆر جار ئەوەیە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی سنووردارکردنی ئازادی پیشان بدات. ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵناسان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هیچ جۆرە ئازادییەك بوونی نییە؛ بەڵام هەموویان شێوازە جۆراوجۆرەکانی سنوردارکردنی ئازادی لەلایەن کۆمەڵگە و لە رێگەی بە کۆمەڵایەتی بوون، نموونە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە جیاوازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە روون دەکەنەوە. لە دوو بەشی تردا ئێمە دوو جۆری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، لەسەر هزر و لەسەر کردار تاوتوێ دەکەین.



## کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی هزر

### بەکۆمەڵایەتی بوون

مرۆڤ بە شتێك جگە لە رەنگدانەوە سادەکان، ئارەزووەوەکانی ژیان و توانای هێزەکییەوە نایەتە دنیاوە. کۆمەڵگە تاك بەرەو مرۆڤ بوون، بەواتای بەدەستهێنانی تایبەتمەندییە مرۆییەکان ئاراستە دەکات: کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی وەك زمان، خود و زەین. کۆمەڵگە هەروەها لە رێگەی ئەو رێسا و هزرانەوە کە وەك کۆمەڵە کۆنترۆڵێك بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێت مرۆڤ بە کۆمەڵایەتی دەکات. کۆمەڵگە لە دروستکردنی ئەم تایبەتمەندییە مرۆییانە و لە بە کۆمەڵایەتی کردنی رێساکان و ئەو هزرانەدا کە لە تاکدا دەبنە دەروونی (خودی) یەکەمین دەسەڵاتی خۆی لەسەر مرۆڤ بەکار دەهێنێت: واتە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە دروست دەکات.

من لێرەدا سەبارەت بە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکان قسە ناکەم، کە هەرچەندە شتێکە کە دەروونناس زۆر حەزی لێیەتی. من ئاماژە بە کێشەی بۆماوەیی بەرامبەر بە ژینگە لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی ناکەم، بەڵکو کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی هزر و بیرکردنەوە دەخەمە روو: ئەو رێسایانەی کە تاکەکان پەیرەویان لێدەکەن لە کوێوە دێن؟ بیروباوەڕەکان و ئەو بەهایانەی کە تاکەکان باوەڕیان پێیان هەیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟ زمانێك کە ئەوان لێی تێدەگەن لە کوێوە دێت؟ ئەوان چۆن دەرکێك بەرامبەر بە خۆیان پەیدا دەکەن و چۆن ناسنامە، هەڵسەنگاندنی خود و کۆنترۆڵکردنی خود دەستەبەر دەکەن؟ چۆن توانای بیرکردنەوە بە هۆی وشەکانەوە ـ قسەکردن لەگەڵ خود ـ سەبارەت بە جیهان بەدەست دەهێنن؟

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە تەقریبەن بە شێوەیەکی گشتی لە جیهانێکی کۆمەڵایەتیدا دەدۆزرێتەوە کە تاکەکان تێیدا لە دایك دەبن و گەشەی تێدا دەکەن. دەتوانرێت هێزی کۆمەڵایەتی لەم راستییەدا ببینرێت

که له چەند لایەنێکی گرنگەوە تاکەکان له شتێکدا به کۆمەڵایەتی دەبن کە پێش ئەوەی ئەوان بچنە مەیدانەوە، دامەزراوە.

### زمان و کۆنترۆڵی هزر

بەکارهێنانی زمان نموونەیەکی باشی ئەم هزرەیە. روون و ئاشکرایە کە تاکەکان توانای فێربوونی زمانیان لەکاتی لە دایکبووندا هەیە و زۆر بە خێرایی لاسایی دەنگ و شتەکان دەکەنەوە. بەڵام زمانێك کە تاکەکان بەکاری دەهێنن پشت بە کارلێکی کۆمەڵایەتیی ئەوان دەبەستێت. ئەو وشانەی کە فێری دەبن ــ ژمارە، جۆر و بەکارهێنان و هەروەها گرنگی بەکارهێنانی وشەکان بە شێوەیەکی گشتی ـ بە کۆمەڵگە و ئەو کۆمەڵە بچووکەوە کە تێیدا لە دایك دەبن دەبەسترێتەوە. ئەوانە دەبنە وشەگەلێك کە ئەوان بۆ دابەشکردنی واقیع و بە مەبەستی دەرککردنی دنیای خۆیان بەکاری دەهێنن. ئێمە بە هۆی وشەکانەوە دەبینین و بیر دەکەینەوە. شتەکان لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو وشانەوە کە فێریان دەبین دەرککردنیان بۆ ئێمە ئاسان دەبێت. ئیدوارد ساپیر[1] و بنیامین.لی. وۆرف[2]، ئەم دیدگایەیان چەندەها ساڵە خستۆتە روو و ئەگەرچی هەندێك کەس ئەوان بە زیادەڕۆ دەزانن، بەڵام زۆربەی کۆمەڵناسان رەزامەندیان لەسەر دیدگاکەی ئەوان دەربڕیوە:

> جیهانی واقیعی تا رادەیەکی زۆر ناهۆشیارنە لەسەر بنەمای راهاتنە زمانییەکانی گرووپ بونیاد نراوە... ئێمە دەبینین و دەبیستین و لە چەند لایەنێکی ترەوە تا رادەیەکی زۆر ئەزموون بەدەست دەهێنین، چونکە راهاتنە زمانییەکانی کۆمەڵی ئێمە زەمینە بۆ هەڵبژاردنە دیاریکراوەکانی راڤەکردن دەستەبەر دەکەن. 1941؛ 250 و WHORF)

1. Edward Sapir
2. Benjamin lee Whorf



تاك لە کۆمەڵێکی ئایینیدا کۆمەڵێك وشەی پەیوەنددار بە خۆشەویستییە ئایینییەکان فێر دەبێت و، ئەو کات لە شوێنگەیەکدا خۆی دەبینێتەوە کە خەڵکی لەو زەمینەیەدا ببینێت. هەندێك لە خێزانەکان جیهان بەسەر مەسیحی و نامەسیحیدا دابەش دەکەن؛ هەندێکی تر بەسەر ئیمانداران و بێئیماناندا جیهان دابەش دەکەن؛ ئەوانی تر بەسەر جوولەکە و غەیری جوولەکە و؛ لە کۆتاییدا هەندێکی تر بەسەر موسڵمان و کافردا. ئەم وشانە دەبنە بنەڕەتی بیرکردنەوە سەبارەت بە خەڵك. هەندێك لە سەرکردەکان بیرمان دەخەنەوە کە جیهان لە خەڵکی سپیپێست و غەیرە سپیپێست پێکهاتووە؛ ئەوانی تر زیاتر وشەگەلێکی بەهایی بەکار دەهێنن. چوونە قوتابخانە گشتییەکان، واتە فێربوونی ئەو وشانەی کە دیدی ئێمە بەرەو دنیایەك والا دەکەن کە زیاتر بەلای ئێمە نەناسراو بووە، زانکۆ کۆمەڵە وشەیەك بە ئێمە دەناسێنێت کە هەندێك بواری دیاریکراوی زانستی (وەك کۆمەڵناسی، فیزیا، یان دەروونناسی) بەکاریان دەهێنن. ئەگەر ئێمە بچینە نێو دنیای ماتۆڕسواران یان هاوڕەگەزگەرایانەوە یان ئەنجومەنێك لە ئاسیا یان لە ئەفریقا هەڵبژێرین، زمانیکی نوێ دەدۆزینەوە، جەختکردنەوەیەکی نوێ لەسەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە لە دابەشکردنی واقیعدا بە گرنگی هەژماری دەکات.

لە رێگەی زمانەوەیە کە هەر کۆمەڵگە یان کۆمەڵێك بیروباوەڕ و بەها و نۆڕمە زاڵەکانی پێکدەهێنێت. بیروباوەڕ و هزرەکان لە وشەکانی ناوەوەی ئەو زمانەوە کە فێری دەبین دروست دەکرێن. جەختکردنەوە لەسەر زمان جەختکردنەوە لەسەر بیروباوەڕ و هزرەکانی لێدەکەوێتەوە. بەمپێیە، لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی ئێمەدا لەوانەیە بە بەردەوامی کۆمەڵە وشەیەکی وەك **رکابەری، قازانج، دامودەزگای تایبەتی، هەوڵی تاکەکەسی و، دارایی** بەکار بهێنین. لە دەوروبەری ئەم

وشانەدا زنجیرەیەك لە هزر و بیروباوەڕەكان وردە وردە سەرهەڵدەدەن، كە زیاتر لە جاران بەهێز دەبن. ئێمە دەكرێ بیروباوەڕێكمان سەبارەت بە سۆسیالیزم هەبێت، بەڵام ئەم جۆرە بیروباوەڕانە كەمتر بەهێز دەبن ـ مەگەر ئەوەی كە، بە چەشنێكی نێگەتیڤ دەربارەی لێپرسراوێتیی ئێمە بەرامبەر بە سەرمایەداری بەكار بهێنرێن: ئەم جەختكردنەوانە لە زماندا یارمەتیی دروستكردنی بەهاكانی ئێمە دەدەن و دەبنە هۆی بەهێزكردنی ئەو رێسایانەی كە پێویستە ببنە رێنیشاندەری كردارەكانی ئێمە. چەندە زمانی ئێمە جیاواز دەبوو ئەگەر لە ناو پەرەستگایەك، بەندیخانە، سوپا، یان كێڵگەیەكدا ژیانمان بەسەر بردایە و چەندەش بیروباوەڕ و بەها و ئەو نۆرمانەی كە جەختیان لەسەر دەكەینەوە جیاواز دەبوون.

### كولتوور و كۆنترۆڵی هزر

زمان تەنیا دەستپێكێكە. بەو جۆرەی كە بینیمان، هەر كۆمەڵگە، كۆمەڵ، رێكخراوێكی رەسمی یا گرووپێك، كولتوورێك ـ بیروباوەڕ، بەها و نۆرمەكان ـ دادەمەزرێنێت، كە فێری ئەو تاكانە دەكرێت كە دەبنە ئەندام تێیدا و ئەم كولتوورە لە رێگەی تاكەكانەوە بەهێزتر دەبێت. قوتابخانە، ئایین، تەلەفزیۆن و، خێزان هەموویان پێكەوە هاوكاری دەكەن، بۆ ئەوەی تاك فێری كولتووری كۆمەڵگە و كۆمەڵ بكەن. تەقریبەن هەر شتێك كە ئێمە لە دەوروبەری خۆماندا دەیبینین هێز بەو بیروباوەڕ و بەها و نۆڕمانە دەبەخشن.

دەبێ حەز لە چ جۆرە مۆسیقایەك بكەین؟ ئەگەرچی هەندێك لە ئێمە وا بیر دەكەینەوە كە مرۆڤەكان ئازادانە بە زەوق و سەلیقەی خۆیان دەگەن، هەر شیكردنەوەیەك سەرووتر لە ئاستی رواڵەتی پیشانمان



دەدات كە "سەردەمەكان"ی مۆسیقا بوونیان هەیە و، سەردەمێك كە ئێمە بەڕاستی تێیدا دەژین پەیوەندییەكی زۆری لەگەڵ ئەو شتەدا دەبێت كە ئێمە حەزمان لێیەتی. لەوانەیە ئێمە كۆمەڵێك هەڵبژاردن (بڕیاردان)مان هەبێت: بۆ نموونە ئەگەر لە دەیەی 1960دا ئێمە نەوجەوان بووبێتین، لەوانەبوو حەز بە گرووپی دۆرز[1]مان نەكەین، بەڵام گرووپەكانی بیتڵز[2] و رولینگ ستونز[3]مان خۆش بوێت. ئەمڕۆش لەوانەیە حەزمان لە گرووپی ردهارت چیلی پێپەرز[4] نەبێت، بەڵام دەكرێ گرووپی مێلوینز[5] یان گرووپی جۆن سپنسەر بلوزئكسپلۆژن[6]مان خۆش بوێت. لەگەڵ ئەمەشدا، هەڵبژاردنی ئێمە لە نێوان ئەم گرووپانەدا بایەخێكی ئەوتۆی نییە، ئەگەر پەی بەو راستییە بەرین كە هەڵبژاردنەكانی ئێمە تا رادەیەكی زۆر بەهۆی جۆری ئەو مۆسیقایەی كە نەوەی ئێمە سنووردار دەكرێن، مامەڵەی لەگەڵدا دەكرێت. ئینجا سەرنج بدەن كە دواجار لە جیهانی دەوروبەری ئێمەدا چی روودەدات. لە سەردەمی مۆسیقای راكی ئێمەدا، تاكەكان زمانێك دروست دەكەن بە كۆمەڵێك وشە و دەستەواژەی نوێوە كە ئەوانی تر بەكاری ناهێنن و لێی تێناگەن (نۆیز[7]، ئكسپریمنتاڵ[8]، پیت[9]) و چەندن جار كۆمەڵیك وشەی دیاریكراوە بۆ راڤەكردنی واقیع بەكار دەهێنن (ئامبینت[10]،راد[11]، دی ڤی دی[12]). هەر نەوەیەك زنجیرەیەك لە بیروباوەڕەكان سەبارەت بە مۆسیقا و ژیان بەدی دەهێنێت و بەها و نۆرمە دیاریكراوەكان فێری تاك دەكات. دواجار، كاریگەری لەسەر زۆربەی ئەوەی كە تاك بیری

---

1. Doors
2. Beatles
3. Rolling stones
4. Red Hot Chili Peppers
5 . The Melvin’s
6. The John Spencer Blues Explosion
7. Noise
8. Experimenta
9. Pit
10. ambient
11. rad
12. DVDs

لێدەکاتەوە دادەنێت و بەمپێیە زۆربەی ئەو شتانەش کە تاك ئەنجامی دەدات دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.

له ڕاستیدا، کاتێك ئێمە بەبیر دەهێنینەوە کە مۆسیقا پیشەیەکە و پیشەش بۆ پارە دەرهێنان هاتۆتە دی، پێویستە گرنگی بەو شێوازە جۆراوجۆرانەش بدەین کە پیشەی مۆسیقا کاریگەری لەسەر هزری ئێمە دادەنێت تاوەکو لە جیاتی مۆسیقای بەرهەم هێنراودا پارە خەرج بکەین.

مۆسیقا تەنیا نموونەیەکە. لە هەر بوارێکی ژیاندا ئێمە باوەڕمان بە بیروباوەڕ و بەها و کۆمەڵە نۆرمێك هەیە، کە هەموویان لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنرێن. ئێمە فێری کولتوورەکەمان دەبین، ئێمە باوەڕ بە ڕاستییەکانی دەکەین، بەڵام بە جۆرێکیش باوەڕ دەهێنین کە ئازادانە بەو ڕاستییانە گەیشتووین.

بۆ ساتێك دەتوانرێت سەرنجی داودەرمانە نایاساییەکان بدرێت. ئەوەی کە ئێمە لە بواری داودەرمانەکاندا باوەڕمان پێیەتی و بە بەنرخی هەژمار دەکەین و هەروەها ئەو بنەمایانەی کە ئێمە لە چۆنیەتیی کارکردماندا بەرامبەر بە داودەرمانەکان ڕێنوێنی دەکەن و ئێمە گوێڕایەڵیان دەکەین، بەو کۆمەڵگەیەوە کە تێیدا دەژین بەستراوەتەوە. بیر لەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانە بکەنەوە کە کاریگەری لەسەر ئێمە دروست دەکەن: کۆمەڵگەیەك کە تێیدا دەژین، کۆمەڵ، گەڕەك، گرووپی تەمەنمان، چانسی ئێمە بۆ سەرکەوتنی مادی، ئەو دە ساڵەی کە سەردەمی گەنجێتیمانی تێدا بەسەر دەبەین، قوتابخانە، دۆستان، چینی کۆمەڵایەتیمان، گرووپی ئایینیمان و ئەزموونەکانمان لە کاردا. هەڵبەت، ئێمە دەتوانین بە"داو و دەرمانەکان بڵێین نا"، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی بەتەواوەتی ئازادانە نییە. ئێمە دەتوانین بۆ فرۆشتنی نایاسایی دەرمانەکانیش بڵێین نا، بەڵام ئەو هەڵبژاردنەش دیسان هەڵبژاردنێکی ئازادانە نییە.



زیاد لەوەش، بیرکردنەوەی ئێمە دەربارەی دەرمانەکان پەیوەندی بە زۆرێك لەو بیروباوەڕانەی تریشەوە هەیە کە ئێمە هەمانە و هەموویان بە توندی لەلایەن کۆمەڵگەوە کاریان تێدەکرێت. بۆ نموونە، لەوانەیە ئێمە بە چەشنێك بە کۆمەڵایەتی بین کە باوەڕ بکەین، خۆشبەختی واتە پێشکەوتن یان پارەی زیاتر دەرهێنان؛ کە ڕێگا چارەی کێشە تاکەکەسییەکانە، یان ئەوەی کە خواردنی حەب بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو پەستانانەی کە ژیانی مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت هیچ کێشەیەکی تێدا نییە. کاتێك کە ئەم جۆرە نموونە کۆمەڵایەتییانە دەهێنینە پێش چاو دەرکی ئەوەی کە بۆچی زۆرێك لە تاکەکان بەرەو دەرمانە نایاساییەکان پەلکێش دەکرێن ئاسانە.

## کاریگەریی ئەوانی تر لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە سەبارەت بە خۆمان

هەرگیز نابێت ئەوە لە بیر بکەین کە بیرکردنەوە تەنیا هەڵگری هزر نییە دەربارەی جیهانێك کە ڕووبەڕووی دەبینەوە. ئێمە دەربارەی خۆشمان بیر دەکەینەوە. ئێمە دەربارەی خۆمان بڕیار دەدەین ـ ئێمە ئەوەی کە هەین و ئەنجامی دەدەین خۆشمان دەوێت یان خۆشمان ناوێت. بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە تێگەیشتنێك بە خۆمان دەدۆزینەوە کە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر تا ڕادەیەك جێگیرە. ئێمە ناسنامەیەك دروست دەکەین: ئەو ناوانەی کە لە خۆمانیان دەنێین، باوەڕیان پێدەهێنین و بەوانی تریان ڕادەگەیەنین. ئەم جۆرە ناسنامانە دەبنە کەسانێك کە ئێمە وا دەزانین هەین.

ناسنامەکان و داوەرییەکان سەبارەت بە خۆمان لە بۆشاییدا نایەتە بەرهەم و، ساویلکانە بیرکردنەوەیە کە پێمان وا بێ ئێمە ئازادانە پێیاندەگەین. ئیستغلالی مندالێك دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو منداڵە دیدێکی نێگەتیڤی بەرامبەر بە خۆی هەبێت و خۆی بە تاکێکی بێبەها وێنا

بکات. بەشداریکردن لەو قوتابخانانەی کە تاك ناتوانێت تێیاندا پێشکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك لانی کەم خۆی بە قوتابییەکی لاواز و، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بە مرۆڤێکی کاڵفام وێنا بکات. خۆ لە رۆڵی مامۆستا، مافناس، پزیشکدا بینین، خۆ بە ناشیرین یا جوان هەڵسەنگاندن و خۆ بە بەنرخ یا بێنرخ زانین پەیوەندییەکی زۆری بە ژیانی کۆمەڵایەتیمانەوە هەیە. تێڕوانینی ئێمە بەرامبەر بە خۆمان دەرەنجامی بە کۆمەڵایەتی بوونی ئێمەیە، نەك تەنیا لەسەردەمی منداڵیدا، بەڵکو لەهەر شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتیدا. ئەمە بە رێکەوت نییە و، لە ئەنجامی ئازادانە بیرکردنەوە سەبارەت بەوەی کە ئێمە کێین سەرهەڵدەدات. بیرکردنەوەی ئێمە سەبارەت بە خۆمان، رێك و راست وەك بیرکردنەوەی ئێمە دەربارەی جیهانی دەرەکی، کۆمەڵایەتییە.

## کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی کردە

من بەردەوام هێنری دەیڤید سۆرۆ[1] بەبیر خۆم دەهێنمەوە کە پاش ئەوەی لەبەر هۆکاری سەرپێچی کردن لە بڕیارەکانی یاسا کەوتە بەندیخانەوە رایگەیاند کە چەندە لە زینداندا لەو کەسانەی کە لە دەرەوەی بەندیخانەدا بەسەر دەبەن ئازادترە: "من بینیم کە ئەگەر دیوارێکی بەردین لە نێوان من و هاوشاریەکانمدا هەبایە، دیوارێکی تریش هەبوو کە سەرکەوتن بەسەریدا یان تێپەڕبوون لێی - پێش ئەوەی کە ئەوان بتوانن بە رادەی من ئازاد بن - ئەستەم بوو" (1849؛ 295). بەڵام، سۆرۆ دەیزانی کە ئازادی بە بیری ئازادییەوە دەست پێدەکات و بیری ئازاد، واتە دەسەڵات بەسەر ئەو شتەدا کە تاك بیری لێدەکاتەوە. ئەو هێزی کۆمەڵگەی خۆی لە دەستەبەرکردنی پشتیوانیی خەڵك بۆ شەڕ دەبینییەوە و باوەڕی وابوو کە

1. Henry David Thoreau



زۆرینەی خەڵك لە دەرەوەی بەندیخانەدا رێك و راست هەر شتێك کە حکوومەت فەرمانیان بەسەردا دەکات قەبووڵ دەکەن. ئەو پێی وا بوو کە بیروباوەڕەکانی هی خۆین و، تا رادەیەك ئازادە لە نفوزی حکوومەت یان راگەیاندنەکان. ئەو خۆی بەم تێڕوانینە گەیشتبوو و لە رێگەی سەرپێچی کردنی یاسا لەسەر بنەمای ئەو دیدگایەوە هەڵسوکەوتی کردبوو. لەبەر ئەوە باوەڕی وابوو کە کردارەکەی ئەو کردەیەکی ئازادانەیە. ئەو کۆنترۆڵی بەسەر هزر و کرداری خۆیدا هەبوو.

بەڵام، دەستنیشانکردنی ئەوەی کە سۆرۆ بەڕاستی ئازاد بوو زۆر ئەستەمە. دەکرێ هزرەکانی ئەو دەرەنجامی بیرکردنەوەیەکی ئازادانەتر لە بیرکردنەوەی ئەوانی تر بووبێ و کردارەکەشی دژ بە حکوومەت لە کرداری زۆرێك لە تاکەکانی تر ئازادانەتر بووبێ، چونکە ئەو دەیزانی کە چی دەکات و کۆنترۆڵی بەسەر کردەی خۆیدا هەبوو و دەستنیشانی دەکرد کە چ کارێك پێویستە ئەنجام بدات تاوەکو لەسەر بنچینەی هزری خۆی هەڵسوکەوت بکات. بەڵام پەیبردن بەم خاڵەش گرنگە کە ئەو کاتەی کە لە زیندان بوو، ئەگەرچی هێشتا دەیتوانی ئازادانە بیر بکاتەوە، بەڵام بەرامبەر بە کۆمەڵگەیەك راوەستابوو کە چیتر رێگەی ئازادیی کرداری بەو نەدەدا. ئەو دەیتوانی دەربارەی هەر شتێك کە حەزی لێبوو بیر بکاتەوە و ئەم بیرکردنەوەیەش دەیتوانی ئازادانەتر لەوانی تر بێت، بەڵام ئەو چیتر نەیدەیتوانی وك ئەو کەسانەی کە دەرەوەی بەندیخانەدا بوون ئازادانە مامەڵە بکات.

بۆ هەندێ لە فەیلەسووفانی وك تۆماس هۆبز و ئیمانوێل کانت، ئازادی پەیوەندی بە جووڵەوە هەیە. تاك ئازادە ئەگەر بتوانێت بەبێ کۆنترۆڵی هێزەکانی دەرەوەی خۆی بجووڵێت؛ کردار سنووردار نابێت. کاتێك کە دەست لە جووڵە وەردەدرێت، تاك ئازاد نییە. لەوانەیە کاتێك کە دەڵێین "ئازاد وەك باڵندەیەك" مەبەستی ئێمە هەر ئەمەیە، چونکە وا دیارە هەڵفڕین کردەیەکە، کە لەرێگەی هێزە دەرەکییەکانەوە کۆنترۆڵ ناکرێت.

بەمپێیە دەگەینە شێوازی دووەم کە کۆمەڵگە بۆ زاڵبوون بەسەر ئێمەدا دەیخاتە کار: کۆمەڵگە نە تەنیا کۆنترۆڵی بەسەر ئەو شتەدا هەیە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە سنووردار دەکات، ئێمە ڕێنوێنی (ئاراستە) دەکات و، زۆربەی ئەو شتانەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین و، ئەوەی کە چۆن هەڵسوکەوت دەکەین کۆنترۆڵ دەکات. تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگە ڕێگەمان پێبدات کە ئازادانە بیر بکەینەوە (گریمانەیەك کە، لە واقیعدا ڕاست نییە)، هەڵسوکەوت هەمیشە سنووردار بێت و کردەی ئێمە هەمیشە لەلایەن ئەو هێزانەوە ئاراستە دەکرێت کە جیایە لە هەڵبژاردنی ئازادانەی بکەرەکە. هەندێ لە تاکەکان باوەڕیان وایە کە ئەم جۆرە هێزانە بەشەکی (جزئی) و کەم بایەخن، بەتایبەت لە"کۆمەڵگەی ئازادی ئێمەدا"؛ ئەوانی تر، وەك زۆربەی کۆمەڵناسان، ئەم چەشنە هێزانە بۆ هەموو بکەرەکان[1] بە زۆر گرنگ وەسف دەکەن. ئێمە لە جیهانێکدا هەڵسوکەوت دەکەین کە تێیدا ئەو شتەی ئەنجامی دەدەین و هەروەها ئەوەی بیری لێدەکەینەوە بەرهەمی شتێکە سەرووتر لە هەڵبژاردنی ئازادانەی ئێمەوە.

## کۆنترۆڵی هزر (بیر) و کۆنترۆڵی کردە

ئاشکرایە کە کۆنترۆڵی هزر یەکەم هەنگاوە بەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگە، خێزان، میدیاکان، قوتابخانە، کۆمەڵ و، گرووپە یەکەمینەکان ئێمە بە کۆمەڵایەتی دەکەن کە بیر بکەینەوە ـ بیروباوەڕەکان، بەهاکان و نۆرمەکان قەبووڵ بکەین ـ بە ئازاد هەژمارکردنی بکەر[2] ئاڵۆزە. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە کردەی ئازادانە واتای ئەوەیە، کە بکەر خاوەنی کۆنترۆڵە؛ ئەگەر هزر لەلایەن ئەوانی ترەوە کۆنترۆڵ بکرێت، کۆنترۆڵ لەسەر خودی واقیعی

1. actors
2. actor



کەمتر بوونی هەیە. من دەڕۆم بۆ قوتابخانە و، هەوڵی زۆر دەدەم تا سەرکەوتوو بم: من وانەکان لەبەر دەکەم، دەیانناسم و پێیاندا دەچمەوە و بابەتەکان لەگەڵ ئەوانی تر باس دەکەم. بەڵێ، وا دایارە کە کۆنترۆڵم بەسەر ژیانی خۆمدا هەیە. بەڵام سەیری کۆمەڵگە بکەن: جەختکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر پێشکەوتن لە بواری خوێندن (لە جۆرێکی تایبەتی خوێندندا)؛ جەختکردنەوەی لەسەر جۆرێکی دیاریکراوی تاقیکردنەوە؛ شێوازی هەڵسەنگاندنی ئەو (کۆمەڵگە) لە تێگەیشتن. سەرنجی خانوو، قوتابخانە، گەڕەك، چینی کۆمەڵایەتی و هاوڕێیان بدەن: جەختکردنەوەی ئەوان لەسەر خوێندن وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی مادی. ئەو تاکانەی کە بۆ من نموونەن، بیرکردنەوەی ئەوان دەربارەی ئەوەی کە چ شتێك خوێندنێکی باش پێکدەهێنێت. هەموو ئەم فاکتەرانە و ژمارەیەکی زۆر هۆکاری تر لەسەر ژیانی من و چۆنیەتیی هەوڵدانی من بۆ تێگەیشتن بە خۆشبەختی کاریگەری دادەنێن. ئینجا ئەم بیرکردنەوەیە لە قوتابخانەدا کار لە کردەکانی من دەکات.

هربرت مارکوزە لە مرۆڤی تاك ڕەهەندد (1964) دیمەنێك لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی پیشەسازیی ئێمە دەکێشێت و لە شوێنێك کە ڕاگەیاندنە گشتییەکان بەسەر هزر و کرداردا زاڵن، پێناسەی دەکات کە تێیدا ناڕەزایی دەربڕین وێنا نەکراو دەبێت. مادیگەریی و فراوانی، پەیامی سەرەکیی میدیاکان، هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیانی ئێمەدا گرنگن بۆ ئێمە دەگوازنەوە و سەرنجی ئێمە بۆلای گەڕان بە دوای هەرچی زیاتری سەروەت و ساماندا ڕادەکێشن. پرسیارە پەیوەندیدارەکان بە چۆنیەتیی ژیان، ئازادی، یەکسانی و خۆشگوزەرانی گشتیی مرۆڤ لەبیر دەکرێن. بەو جۆرە نییە کە گرووپێك لە پلان داڕێژەران بڕیار بدەن کە پەیام دەبێت بەم شێوەیە بێت. کێشەکە زۆر ناسك و ئاڵۆزترە: تەواوی ئەم پەیامە، تێکڕای

بەها شاراوە و دان پێدانراوەکان تەنیا یەك پەیامی سەرەکی و گرنگ دەگەیەنن و هەموو شتێکی تر دەکوژێتەوە. کردەی[1] ئێمە بەم پەیامەوە بەستراوەتەوە و زۆربەمان کردەکانمان بە ئاڕاستەی ماددیگەری و خۆشگوزەرانی ڕێنوێنی دەکەین.

با بگەڕێینەوە سەر قسەکردن لەبارەی بیرکردنەوە دەربارەی خودی خود. ئەم خودبینیانە[2] (خۆوادانانە) چ دەرەنجامێکی بۆ ئەو شتەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین لێدەکەوێتەوە؟ ئەگەر من دەبارەی خۆم وەك پیاوێك، دەرگاوان و پاسەوان، یان وەك مامۆستایەکی زانکۆ بیر بکەمەوە، لەو حاڵەتەدا وەك ئەوان ڕەفتار دەکەم. ئەوەی کە ئایا من گومانم لە نرخ و بەهای خۆم هەیە یان باوەڕم بە خۆم هەیە، لەو شتەدا کە ئەنجامی دەدەم جیاوازییەکی زۆر دروست دەکات. جیمز بالدوین (1963؛ 18) نووسەری ئەمریکیی بە ڕەگەز ئەفریقی، لە نامە بەناوبانگەکەیدا بۆ برازاکەی دەنووسێت: "لە بیری نەکەی، جمیز،... تۆ تەنیا بە قەبووڵکردنی ئەوەی دنیای سپیپێستەکان بە کۆیلە ڕەشەیەك ناوی دەبەن دەتوانی لە ناو بچی." بالدوین دەرکی بەوە دەکرد کە شکست بە نسیبی کەسانێك دەبێت کە خۆیان بە شکست خواردوو دەزانن. هەموو بیری ئێمە سەبارەت بە خۆمان - و بەمپێیە ئەوەی لە جیهاندا ئەنجامی دەدەین - لەو شتانەوە کە ئەوانی تر بە ئێمەی دەڵێن و بۆ ئێمەی دەکەن کاری تێدەکرێت. ئەستەمە بتوانین تاکێك بە لێپرسراوی هەموو ئەو کردارانە بزانین کە ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی خۆوادانانی نێگەتیڤی خۆیەوە دەکەونەوە، خۆوادانانێك (خودبینییەك) کە بە هۆی کارلێکی لەگەڵ ئەوانی تر سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات.

1. action
2 . self – image



**دامەزراوەکان و کردە**

ئەوەی کردەکان ئاراستە دەکات شتێك زیاتر لە **بیرکردنەوەیە**. ئێمە **هەروەها** فێر دەبین کە چۆن لە ماڵەوە، گەڕەك و کۆمەڵگەکەماندا **ڕەفتار** بکەین. ئێمە فێر دەبین درێژە بە کۆمەڵێك ڕێوڕەسم بدەین کە بە دامەزراوە ناو دەبرێن، ئێمە زەماوەند دەکەین، چونکە کۆمەڵگە کۆمەڵە داب و نەریتێکی بۆ ئێمە بەدی هێناوە. ئێمە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا پەیوەندی بەرقەرار دەکەین، ئەویندار دەبین، زەماوەند دەکەین، دەبینە خاوەنی منداڵ و تەڵاق وەردەگرین، چونکە ئەمانە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی خزمایەتین - یا کۆمەڵە ڕێڕەوێك - کە کۆمەڵگە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر بۆ کەسانێکی وەك ئێمەی هێناوەتە کایەوە، کە ئێمەش درێژەیان پێبدەین. ئێمە لە نێو کاندیدەکانی هەڵبژاردندا کەسانێك هەڵدەبژێرین و دەنگیان پێدەدەین؛ ئێمە لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا بەشداری دەکەین؛ ئێمە لە میوانداریيە نەفەری 1000 دۆلارەکاندا (یان ئەوەی کە زیاتر باوە نەفەری 25 دۆلار) ئامادە دەبین و یارمەتیی مادیی ململانێ حیزبییەکان دەدەین، چونکە ئەمانە ئەو دامەزراوە سیاسییە جۆراوجۆرانەن کە کۆمەڵگە بەرهەمی هێناون. ئێمە نزا دەکەین، لە مەراسیمی ئێوارەی ڕەبانیدا بەشداری دەکەین، خۆشۆردنی پاکبوونەوە ئەنجام دەدەین، لە جەژنی ئایینی کریسمەسدا بەشداری دەکەین، یان لە ڕۆژی یەکشەممەدا دەچین بۆ کڵێسە، چونکە ئەمانە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمەن. دامەزراوە ئابووری، دادوەری، فێرکاری، تەندروستی و خۆشگوزەرانییەکانیش هەن. ئایا ئێمە سەیرکردنی تەلەفزیۆن بە ئازادانە هەڵدەبژێرین یان لەبەر ئەوە ئەو کارە دەکەین کە ئەمڕۆ بە دامەزراوەی خۆشگوزەرانی زاڵی ئەمریکایی دەناسرێت.

### بەکۆمەڵایەتی بوون و کردە

ئێمە لێرەدا بەڵگەمان هێنایەوە کە تا ئەو شوێنەی کە هزر (بیر) ئازاد نییە و تا ئەو شوێنەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کردەکانی تاک ئاراستە دەکەن و هەڵبژاردنی تاکەکەسی سنووردار دەکەن کردەی ئازادانە بوونی نییە. سێیەمین هۆکارێکی سنووردار کە پێویستە لێرەدا تاوتوێی بکەین بە کۆمەڵایەتی بوونە.

بە کۆمەڵایەتی بوون پرۆسەیەکە کە لە ئەنجامی ئەو پرۆسەیەدا ئێمە بە شێوەیەکی گونجاو بۆ کۆمەڵگەکەی خۆمان بیر دەکەینەوە و هەڵسوکەوت دەکەین. بە کۆمەڵایەتی بوون لە رێگەی کۆمەڵێك هۆکارەوە ئەنجام دەدرێت: لە گرنگترینیان دەتوانین ئاماژە بە دایك و باوك، برا و خوشکەکان، هاورێیان، مامۆستاکان، هاوتەمەنەکان، کتێبەکان، فیلمەکان، دراوسێکان، یانەکان، گرووپەکان، پۆلیس و خاوەن کارەکان بکەین. بۆ ئەوەی پەی بە گرنگیی ئەم هۆکارانە ببەین پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە رەفتار دەکەین، ئەوان ئەو شتەی کە خۆشیان دەوێت بەهێزتری دەکەن و دان بەو رەفتارانەدا نانێین کە حەزیان لێ نییە. ئێمە بە نێو رێرەوی پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی پێکەنین و غەمباربوون، دانپێدانان و گاڵتەپێکردن، ستایش و تووڕەیی، پاداشت و سزا، نمرەی دەرچوون و نمرەی کەوتنەوە، بەرزبوونەوەی پلە و نزمبوونەوەی پلە، دەوڵەمەند بوون و موفلیس بوون، بەدەستهێنانی پۆستی هەڵبژاردن و کەوتنە زینداندا گوزەر دەکەین. لە رێگەی هەموو ئەوانەوە ئەو رێنموونیانەی کە ئەوانی تر مۆری دووپاتکردنەوەی پێدادەنێن فێر دەبین. هەندێ جار لەوانەیە پشتیان تێبکەین، بەڵام بۆ زۆربەمان، زۆربەی کات، پاداشت و سزاکان گرنگن.

بە کۆمەڵایەتی بوون بە شتگەلێکی زیاتر لە بەهێزکردن بەستراوەتەوە. بە کۆمەڵایەتی بوون، هەروەها لەو دەرفەتانەش دەکەوێتەوە کە دەخرێنە بەر دەستی ئێمە. لە رێگەی کردەکانی ئەوانی ترەوە ئێمە رووبەرووی هەندێ لە شتەکان دەبینەوە و دوچاری هەندێکی تر نابین. دایك و باوکان لەوانەیە دەرفەتی کتێب خوێندنەوە بۆ منداڵان برەخسێنن. هاورێییان دەکرێ ئەوان تووشی مادەی سەرخۆشکەر یان مادە هۆشبەرەکان بکەن. کۆمەڵێك لەوانەیە قوتابخانەیەکی سەماکردنی گونجاوی بۆ هاندانی بالە نەبێت. گەڕەکێك دەکرێ چەند گرووپێکی شەڕەنگێزی تێدا بێت کە نەوجەوانان بۆ پێشێلکردنی یاسا هان بدەن. بە کۆمەڵایەتی بوون تەنیا بەهێز کردن نییە، بەڵکو نفووزی زۆر نەرمونیانی ئەو دەرفەتانەیە کە لە رێگەی هۆکارەکانی بە کۆمەڵایەتی بوونەوە دەستەبەر دەبێت. ئەم دەرفەتانە، هەڵبژاردنەکانی ئێمە سنووردار دەکەن. زۆرێك لە دەرفەتەکانی ئێمە بە چینی کۆمەڵایەتی، بە ئەندام بوون لە گرووپی نەتەوەیی و، رەگەزەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر دەرفەتێك برەخسێت، وەك ئیمکانێکی لێدێت بۆ هەڵبژاردن لە ژیانی ئێمەدا و ئەگەر نەڕەخسێت، ئەنجامدانی هەڵبژاردن زۆر ئەستەمتر دەبێت. ئەگەر دەرفەت لە ئارادا نەبێت، ئەگەر لە نێو ئەو تاکانەدا بوونی نەبێت کە لە دەوروبەری ئێمەدان، چۆن ئێمە لە ناکاو بڕیار دەدەین بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕۆین؟ ئەویش کاتێك کە لە جیهانێکدا هەوڵ دەدەین کە بە ئاشکرا دەبێتە رێگر لەبەردەم سەرکەوتنی ئێمەدا؟

**نموونەسازیی رۆڵ** لە بە کۆمەڵایەتی کردنی پیاوان و ژنان لە کۆمەڵگەدا پشکێکی گەورەی هەیە. چۆن دەبێت ژنێك بڕیار بدات کە ببێتە پارێزەری دادگایەك یا ببێتە پزیشك لە کاتێکدا تەنیا پیاوان بە دوای ئەو کارانەدا بڕۆن؟ چۆن دەگونجێت ژنێك بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە بوونە خاوەنی منداڵ تەنیا لە رێگەی ژیانێکی بەختەوەر نییە، کاتێك کە هەموو ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەدا دەیانبینێت و دەیانناسێت ئەو رێڕەوە دەگرنە بەر؟ لە دەیەی 1950دا کە من هێشتا لە ئامادەیی بووم، چۆن دەکرا هاورێکانم بزانن، کە ئەوانیش دەتوانن ببنە پاڵەوانی بەیسباڵ و تۆپی پێ، یان ببنە دکتۆر و

سەرکردەی سیاسی و سەرۆکی زانکۆ و دادوەری دیوانی باڵا؟ تەقریبەن هیچ نموونەیەکی ژنانە لەم پیشە و شوێنگانەدا بوونی نەبوو.

بۆیە زۆر گرنگە کە بە کۆمەڵایەتی بوون وەك بەشێك لەو شتە لەبەرچاو بگرین کە کردەی مرۆیی ڕێنوێنی دەکات و بەمپێیەش ئازادیی تاکەکەسی سنووردار دەکات. بە کۆمەڵایەتی کردن لە ڕێگەی پاداشت و سزاوە ڕەفتارە گونجاوەکانمان لە کۆمەڵگەدا فێر دەکات؛ بەکۆمەڵایەتی بوون لەڕێگەی فراوانکردن و سنووردار کردنی دەرفەتەکانی ئێمەوە ڕێڕەو و هەڵبژاردنەکانی ئێمە سنووردارتر دەکات و؛ بە کۆمەڵایەتی کردن لە ڕێگەی نموونەسازیی ڕۆڵەوە یەکێکە لەو ڕێگا گرنگانەی کە پیشانمان دەدات کە ئێمە چ کارێك دەتوانین ئەنجام بدەین. هەژارترین منداڵان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەمڕۆ بە ژمارەیەکی کەم لەو نموونە ڕۆڵانەوە کە پیشەگەلێکی بەردەوام و ژیانێکی خێزانی و کۆمەڵایەتی سەقامگیریان هەبێت، لەدایك و گەورە دەبن. پیاوان بێکارن و وا هەست دەکەن کە لە ژیاندا شکستیان خواردووە. چۆن دەتوانرێت لە کۆمەڵگەیەکدا کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە تاکەکان لە سیستەمی خوێندنیاندا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن منداڵەکان تێبگەیەنرێن کە قوتابخانە گرنگە؟ چۆن دەتوانرێت منداڵان بە ئاراستەی سەرکەوتن بە کۆمەڵایەتی بکرێن لە کاتێکدا کە خەڵکێکی شکست خواردوو لە دەوروپشتی خۆیاندا دەبینن؟ بۆ ئەو گرووپە لە ئێمە کە لە دوورەوە دەستێکمان لە ناو ئاگرەکەدایە ئاسانە کە بەتەمەنەکان بە تاوانبار بزانین؛ بەڵام ئەوانیش قوربانی کۆمەڵگەیەکن کە نموونەکانی ڕۆڵی تێدا بەدی ناکرێت و ئەوانیش قوربانیی هەژاری و نەژادپەرستییەکن کە ڕزگاربوون لێی تا ڕادەیەك بە مەحاڵ دەزانن.



## شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان و کردە

سنووورداربوونەکانی ئازادانە بیرکردنەوە، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و بە کۆمەڵایەتی بوون سنووورداربوونەکانی کردەی ئازادانەن. هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی و ئەو شوێنگانەش کە تاك کۆنترۆڵ دەکەن بە هەمان شێوە. شوێنگەی چینایەتی لە کاتی لە دایکبوونەوە تایبەت دەکرێت بە هەموومانەوە و ئێمە فێر دەبین کە چینایەتی بوون تێیدا واتای چییە و پێویستە لەو چینەدا چۆن هەڵسوکەوت بکەین. ئەو کردارانەی کە دەیبینین و وەك کردەکانی خۆمان هەڵیاندەبژێرین کۆمەڵە کردەیەکن کە بۆ شوێنگەی چینایەتیی ئێمە گونجاون. خۆشەویستی و چالاکی لە سیاسەتدا دەکەونە ژێر کاریگەریی چینەوە، هەر بەو جۆرەی کە ڕەنگە تەڵاق یان لەدایك بوونی ناشەرعی بکەونە ژێر کاریگەرییەوە. چاوەڕوانییەکانی ڕۆڵی ڕەگەزی بەپێی چینی کۆمەڵایەتی جیاوازیان هەیە و بە هەمان شێوەش هەڵبژاردنی ئایین. پێشکەوتنی خوێندن، چاودێرییە تەندروستییەکان، شێوازەکانی پەروەردەکردنی منداڵ و ئەگەری ڕەفتاری تاوانبارانە، لانیکەم تا ڕادەیەك، بە چینەوە بەستراونەتەوە. ڕەفتاری سێکسی، هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ژیانی خێزانی، خواردن، خواردنەوە، شێوازەکانی جلوبەرگ لەبەرکردن و زمان ـ هەموویان لەلایەن چینی کۆمەڵایەتییەوە کاریان تێدەکرێت.

چین پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ئازادیی هەڵبژاردنی تاك لە ژیاندا هەیە. دەرفەتەکانی ئێمە لە ژیانماندا لە ڕێگەی شوێنگەی چینایەتیی ئێمەوە دەستەبەر دەبن، بۆ نموونە، چین لەسەر ئەو قوتابخانانەی کە تێیاندا دەخوێنین، ئەو پیشانەی کە بە شێوەیەکی واقیع بینانە دەتوانین لە ژیاندا بۆ خۆمانی هەڵبژێرین کاریگەری دادەنێت. هەڵبژاردنی گەڕەك، پارێزەر و، پزیشك بە توندی لەلایەن چینەوە کاریان تێدەکرێت و بە هەمان شێوەش گەرەنتی کردنی تاك و سەروەت و سامان، ئەگەری گیران و چوونە نێو بەندیخانە و ئەگەری نەخۆشییە دیاریکراوەکان و مردنی ناوادە.

بۆ زۆرێك لە خەڵكی هـەژاری تەڵەیەكـە كـە دەربـازبوون لێـی ئەسـتەمە. هەژاری سەرنجی تاكەكان بە تەواوەتی بـەرەو لای مانـەوە و بـەردەوامی لـە ژیان رادەكێشێت، تەركیز لەسەر بەدەستهێنانی خواردنی مـەمرە و مـەژی و شوێنك بۆ ژیان دەكاتەوە. هەژاری دەبێتە هـۆی لادانـی تـەركیزی تاكـەكان لەسـەر بەدەسـتهێنانی ئـارەزووە درێژخایەنـەكان، بەدەسـتهێنانی دیبلـۆمی قۆنـاغی ئامـادەیی، بەشـداریكردن لـە راهێنـان بـۆ پیـشەیەكی ئابڕوومەنـد، پاشـەكەوت كـردن بـۆ رۆژی تەنگانـە. هــەژاری بـۆ زۆربـەی خـەڵك واتــای وابەسـتەبوون بـە ئـەوانی تـر بـۆ مانـەوەی خـۆی دەگەیـەنێت. كەسـێك كـە هەژارە بە شێوەیەكی گشتی كـۆنترۆڵی بەسـەر ژیـانی خۆیـدا نییـە. بـەڵكو خانوو، پشتیوانی، خواردن، پۆشاك و چـاودێری پزیـشكی هـەمووی لـە ژێـر دەسـتی ئـەوانی تردایـە. ئاشـكرایە كـە شـوێنگەی هـەژاری شـوێنگەیەكی كاریگەرە و نفوورێكی بەتەواوەتی بـەهێزی هەیـە. ئەگـەر ئـەو تاكانـەی كـە لـە سـنووری زیادەڕۆیـەكی تـری كۆمەڵـدان، واتـە دەوڵەمەنـدەكان تـاوتوێ بكـــەین، دەتـــوانین ببیـــنین كـــە ژیـــانی ئـــەوانیش بۆیـــان رێكخـــراوە. دەوڵەمەنـدەكان زۆر جـار زیـاتر لـە هـەژارەكان كۆنترۆڵیـان بەسـەر ژیـانی خۆیانـــدا هەیـــە (چـــونكە دەوڵەمەنـــدان سەرچـــاوەیەكی زیاتریـــان بـــۆ ئەنجامـدانی خواسـتەكانیان لەبەردەسـتدایە). بـەڵام ئـازادیی راسـتەقینە لەسەر هزر و كردە هێشتا سنووردارە.

هەروەها بۆمان دەردەكەوێت كە كاریگەریی رەگەز چییە. ژن بـوون یـان پیـاو بـوون لـە كۆمەڵگـەدا واتـای فێربـوونی ژمارەیـەكی زۆر لـە رەفتـارە گونجاوەكان دەگەیەنێت. ئایا ئێمـە كتێبەكـەمان لـە سـەرەوە بەرامبـەر بـە سـینگمان دادەنـێین یـان لـەخوارەوە لـە تەنیـشتماندا؟ ئایـا لـە پێكدادانـە رەگەزییەكاندا رۆڵێكی چالاك یان كارتێكراو دەگێڕین؟ ئایا كـار دەكـەین بـۆ ئەوەی لە بواری پیشەییدا بەرەو پێـشەوە بـڕۆین یـان لـە كایـەی خێزانـدا؟ ئایا لە بەشـی بازرگانیـدا بڕوانامـە وەردەگـرین یـان لـە بەشـی پـەروەردە و فێركردندا؟ سەیركەن "پیاو"بوون مانای چییە: بـەهێز، بـەتوانا، بەجـەرگ، لـە رووی رەگـەزەوە چـالاك، هـێمن، لـۆژیكی، كردەیـی، میكـانیكی، زاڵ، سەربەخۆ، ئازاد، شەڕانی، دامەزراو، ركابەرخواز، عەودال. ئینجـا چـاوەڕێی ئـەوەش دەكـەین كـە "ژن" ناسـك، عـاتیفی، بەقیمـەت، پابەنـدی مـاڵ و خێزان، دایكانـە، پـاك، لـە رووی رەگـەزەوە ناچـالاك، بـەناز و لار و لەنجـە، خـاوەن سـۆز، میهرەبـان، رواڵـەتی، خـاوەنی دەركـی غـەریزی، وردبـین، خۆپەرست، فرەڕەنگ و ناجێگیر، وابەستە، رۆح سـووك، شـیرین، خـۆڕاگر، بەسۆز و كەسـێكی خـۆ دوورخـەرەوە لـە ململانـێ بێـت (Chaftez, 1982; 38-39). هەڵبەت، ئەمڕۆ ئەمانە لەوانەیە بە وێنـاكردنی بـاو هـەژمار بكـرێن و زۆرێـك لە ئێمە نەمانەوێت باوەڕ بكەین كە خەڵك وەهـا چـاوەڕوانییەكیان هەیـە. لەگـەڵ ئەوەشدا، بیركردنەوەی باو هێـشتا لەسـەر ئـەوەی ئێمـە پێـی دەبـین و ئـەوەی پیـاوان و ژنـان لـە واقیعـدا ئـەنجامی دەدەن و بـیری لێدەكەنـەوە كاریگـەری دروست دەكات. ئێمە ناچار نـین بـەپێی ئـەم نموونانـە رەفتـار بكـەین، بـەڵام چ بـەپێی ئـەم نموونانـە رەفتـار بكـەین و چ رەفتـار نەكـەین بەهـەرحاڵ كۆمـەڵێك پێشهات بوونیـان هەیـە. لـە هـەر بڕیارێكـدا كـە دەیـدەین، كۆمەڵگـە پیـشانمان دەدات كە چ شتێك بۆ رەگەزی ئێمە لەبارە و یان نالەبارە.

یەكێك لە شێوازە زۆر سەرنجڕاكێشەكان بـۆ دەرككردنـی هێـزی رەگـەز ئەوەیە كە جیهانێكی تر وێنا (تصور) بكەین:

> جیهانێك وێنا بكەن كە بەتەواوەتی خاڵییە لە هەموو جۆرە جیاوازییەكی كۆمەڵایەتی بۆ رەگەزە جیاوازەكان. خێزانەكان چاوەڕوانیی یەكسانیان لـە كـوڕان و كـچان هەیـە. منـداڵانی هـەر دوو رەگـەز بووكەشووشـە، دەستكێشی بەیسباڵ بەدەستەوە دەگرن و بەشداری لە خولی فێربوونی یاریی تۆپی پێ و وانەكانی بالە دەكەن. تیپی تـۆپی پێـی قوتابخانـە و هاندەرانیش هەردووكیان تێكەڵن. كتێبەكان ژمارەیـەكی زۆر گرووپیـان

> له خۆ گرتووه که تێیاندا کەسایەتییە پیاوەکان بەو شێوازانە رەفتار دەکەن که له کولتووری ئەمریکایی سەدەی بیستەمدا به شێوازەکانی "ژنانە" ناسراون و ژمارەیەك کەسایەتیی ژنیان تێدا بەدی دەکرێ که به شێوازی "پیاوانە" رەفتار دەکەن و جلوبەرگ لەبەر دەکەن. زمان له هەموو ئاماژە رەگەزیەکان "پاك بۆتەوە". نه تەنیا راناوەکانی نێر و مێ له ناو چوون، بەڵکو بەیەك رادە دەتوانرێت کوڕانێك بدۆزرێنەوە که ناوی کچانەیان لێنراوە و کچانێکیش ناوی کوڕانیان هەیە. له نەخۆشخانە نیوەی پەرەستارەکان پیاو و نیوەی پزیشکەکان ژنن. به هەمان شێوە نیوەی سکرتێرەکان پیاو و نیوەی بەڕێوەبەرەکان ژنن. تا چ رادەیەك رەفتاری نەریتیی "ژنانە" و "پیاوانە" له وەها ژینگەیەکدا دەمێنێتەوە؟ (Wallace and Wallace, 1985; 356)

وێناکردنی وەها دنیایەك و پێشهاتەکانی بۆ کردەکانی ئێمە ناسینی هێزی رەگەز له کۆمەڵگەی ئێمە و بەمپێیە، ناسینی هێزی شوێنگەکانە له پێکهێنانی ئەوەی هەموومان پێی دەبین.

## رۆڵەکان و کۆنترۆڵی کردار

هەر بەو چەشنەی که له بەشی 5دا بینیمان، شوێنگەکان رۆڵەکان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن و رۆڵەکان نمایشنامەیەك پێکدەهێنن که به بکەر دەدرێت له شوێنگەیەکی دیاریکراودا. رۆڵ تاك فێر دەکات که له شوێنگەیەکی دیاریکراودا چۆن رەفتار بکات. هەزاران شوێنگە له کۆمەڵگەدا بوونی هەیە: رێبوار، چێشت لێنەر، ئەفسەری پۆلیس، هاوڕێ، مێژوونوس، یاریزانی تۆپی پێ، جێگری سەرۆکی کۆمپانیا، دەرهێنەری بەرنامەی تەلەفزیۆنی، وردەفرۆش، لەشفرۆش، تۆپ لێدەر له یاریی باله و



بێژەری تاك سوپرانۆ له گرووپی سروودی کڵێسە. رۆڵەکان لەم شوێنگانەدا پیشانی بکەری دەدەن که چ شتێکی لێ چاوەڕێ دەکەن، ئەو پێویستە چۆن رەفتار بکات. لەڕاستیدا، ئەوان هەروەها پیشانمان دەدەن که چۆن بیر بکەینەوە و چ کەسێکین. هەڵاتن لەم جۆرە رۆڵانە نامومکینە.

پیربوون واتای چوونە ناو شوێنگەیەك دەگەیەنێت له کۆمەڵگەدا، ئەویش رۆڵێك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت که بکەر بەرەو چۆنیەتیی رەفتارکردن رێنوێنی دەکات. وا بیر دەکرێتەوە که پیرەکان له رۆڵی کریکار و هاوسەردا پێویستە له بەشداریکردن له کار و ژیاندا پاشەکشێ بکەن. کەنارگیری کردن له کار له رێگەی چەند قۆناغێکەوە ئەنجام دەدرێت: رێژەی کارکردنی نزم چاوەڕوان کراوە، کرێکارەکانی تر چاوەڕوانی خانەنشین بوون دەکەن، بەرزکردنەوەی پلە رادەوەستێت و ئەرکەکان کەم دەبنەوە. خانەنشین بوون به شتێکی ئاسایی و دروست دادەنرێت. بەتەمەنەکان هەروەها دەبێ رووبەرووی له دەستدانی هاوسەرەکانیان ببنەوە و پێویستە خۆیان ئامادە بکەن به تەنیایی بژین. ژیان له ناو وەها شوێنگەیەکدا کۆمەڵێك چاوەڕوانی بۆ تاك لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت که لەگەڵ هەموو شوێنگەکانی تر له کۆمەڵگەدا جیاوازە و به توندی کاریگەری لەسەر ئەو شتەی که ئێمە ئەنجامی دەدەین دادەنێت. بینینی ئەوەی که چۆن هەموو شوێنگەکان زنجیرەیەك چاوەڕوانی تایبەت به خۆیان لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن تا رادەیەك ئاسانە: منداڵی ساوا، منداڵ، منداڵی بچووك، نەوجەوان و، هتد. ئێمە له تاکەکان چاوەڕێ دەکەین کاتێك که لەم شوێنگانەدان به شێوازگەلێکی دیاریکراو رەفتار بکەن. ئەوەی هەموومان له ژیاندا ئەنجامی دەدەین تا رادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەوەی که له کۆمەڵگەدا **له چ شوێنێکدا جێگیر بووین.**

## کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و کردە

دوو جار، لە تاوتوێکردنی ئیمکانی ئازادیدا، پێویستە بارودۆخەکەی سۆرۆ بە بیر بهێنینەوە. کۆمەڵگە کەسانێکی وەك ئەو بە کافر دادەنێت. ئەوان دەخاتە بەندیخانەوە تاوەکو نەتوانن بەو جۆرە کە هەڵدەبژێرن هەڵسوکەوت بکەن. لە بارەی هەموو کردەکانیشمانەوە بە هەمان شێوەیە: پاداشت یان سزا دەدرێن. هەموو ئەو شتانەی کە ئەنجامی دەدەین شوێنکەوتەی ئەو کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتیانەیە کە ئەوانی تر بەسەر ئەو شتەدا کە ئێمە ئەنجامی دەدەین دەیسەپێنن.

ئێمە بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی یاساکانی کۆمەڵگە کردەیەك دەنوێنن زیندان و سزامان هەیە، بۆ ئەو کەسانەش کە هاووڵاتییەکی باشن بەرزکردنەوەی پلە و ئیمتیازاتمان هەیە. دایك و باوك هاوار دەکەن، بزەیەك دەکەن یان دەست بە سەری منداڵەکاندا دەهێنن یان ناچاریان دەکەن کە هەست بە گوناه بکەن، ئەوان هەروەها بە میهرەبانیشەوە گفتوگۆ دەکەن، باسی چاکەی منداڵەکان دەکەن و ستایشیان دەکەن و پاداشتیان پێدەدەن. هاوڕێیان، خێزانەکان، گرووپەکان و کۆمەڵەکان هەموویان خاوەنی کۆمەڵێك گەرەنتی جێبەجێکاری ـ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ـ ن کە هانی یەکدەنگی دەدەن.

ترووینگ گافمەن (1959) بیرمان دەهێنێتەوە کە لە هەموو کارلێکەکاندا کۆمەڵە ڕێسایەك هەن کە لە ئێمە چاوەڕوان دەکرێت ئەو ڕێسایانە پەیڕەو بکەین؛ و ئەگەر پەیڕەویان نەکەین، ئەوانی تر ئێمە سزا دەدەن. کاتێك کە دەچینە نێو هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتییەوە، ڕۆڵێك لە نێو مەیداندا دەبینین و هەوڵ دەدەین چۆنیەتیی پێشکەشکردنی ڕۆڵی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین. زۆرێکمان وا تێگەیشتووین کە کردار جێبەجێکردنی ڕۆڵە، بەڵام ئەگەر زۆر ناواقیعی بێتە پێش چاو ـ واتە، ئەگەر وا بێتە پێش چاو کە ئەو خودەی کە



پێشکەش کراوە تەنانەت بۆ بکەرێك کە پێشکەشی دەکات واقیعی نییە ـ ئەوانی تر سەبارەت بە جێبەجێکردنی ڕۆڵ و بکەر بە توندی دادوەری دەکەن و هەردووکیان ڕەت دەکەنەوە. هەر بکەرێك بە باشی ئەمە دەزانێت و ناچار دەبێت جێبەجێکردنێکی باوەڕپێکراو پێشکەش بکات. لەلایەکی ترەوە، ئەوانی تریش لەم کارلێکەدا ـ واتە کەسانێك کە سەبارەت بە جێبەجێ کردنی ڕۆڵ داوەری دەکەن ، ناچار دەبن زۆربەی پێشکەشکردنەکان قەبووڵ بکەن، ئەو خودەی کە بکەر دەیخاتە ڕوو قەبووڵی بکەن و دوچاری شڵەژانی نەکەن یا شتگەلێك ئاشکرا نەکەن کە لەوانەیە چیەتیی کەسی "واقیعی" ئاشکرا بکات. چونکە هەمووومان دەزانین کە ئەگەر کەسێك جێبەجێکردنێك ڕەت بکاتەوە تێکڕای ستراکچەری کارلێك بە بەردەوامی دەکەوێتە مەترسییەوە. ئەو شتەی کە چاوەڕوانی کەسانێك دەکات کە هەوڵ دەدەن ڕێساکانی کارلێك لاواز بکەن، کاردانەوەی نێگەتیڤ، شڵەژاوی، دەرکردن و تەنانەت پەژارەی هەمیشەییە. لە بارودۆخی کارلێکی سادەی وەك ئەمەوە تاوەکو یاسا ڕەسمییەکانی کۆمەڵگە، مرۆڤەکان بە بەردەوامی لەژێر دەسەڵاتی ڕێساکان و گەرەنتیە جێبەجێکارییەکاندان کە ڕێنوێنیی هەموو ئەو شتانە دەکەن کە ئەوان ئەنجامی دەدەن.

## هێزە کۆمەڵایەتییەکان و تاك: کۆکردنەوە

دیدگای کۆمەڵناسی بەڵگەیەکی زۆر بەهێز دەخاتە ڕوو لەسەر بنەمای ئەوەی کە ژیانی مرۆڤەکان شوێنکەوتەی جۆرەکانی کۆنترۆڵە لە کۆمەڵگەدا. نموونە کۆمەڵایەتییەکان، وەك بە کۆمەڵایەتی بوون و گەرەنتییە جێبەجێکارییەکان[1] کردەکانی ئێمە سنووردار دەکەن. ئێمە

1. sanction

جۆرێك شێوازی پاداشت یان سزایە کە شێوازەکانی ڕەفتاری چاوەڕوانکراوی کۆمەڵگە بەهێز دەکات.

شوێنکەوتەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکانین. بە کۆمەڵایەتی بوون بەم واتایە، هەڵبژاردنی ئازادانە هەم لە بیرکردنەوە و هەم لە کردەدا سنووردار دەکات. بە شێوەیەکی روونتر دەتوانین بڵێین کە:

1. ئێمە هەموومان لە یەك کۆمەڵگە و مێژوودا خۆمان دەبینینەوە. ئێمە لەلایەن ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە تایبەتانەوە کە لەو بڕگەیەی مێژوودا بوونیان هەیە کارمان تێدەکرێت. کێشەکانی کۆمەڵگە کێشە تایبەتەکان بەرهەم دەهێنن؛ بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك پێکهاتەیان بۆ هەموو هەڵبژاردنە تاکەکەسییەکانی ئێمە هەیە. هەم کێشە کۆمەڵایەتییەکان و هەم بەها کۆمەڵایەتییەکان بایەخی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی تاکەکاندا ئاشکرا دەکەن.
2. دەرککردنی ئەم خاڵە گرنگیی خۆی هەیە کە ئازادی واتای کۆنترۆڵ بەسەر ژیانی خود دەگەیەنێت، هەم لە بیرکردنەوە و هەم لەکرداردا. ئازادی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە چالاکەکان لەخۆ دەگرێت. کاتێك دەتوانین دەستنیشانی ئازادی لە ژیانی تاکەکاندا بکەین کە ئاشکرای بکات تاك ببێتە هۆی بیرکردنەوە و کردار نەك هێزەکانی تری وەك کۆمەڵگە.
3. کۆمەڵناسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئازادیی بیر لە رێگەی بە کۆمەڵایەتی بوون، زمان و، کولتووروە سنووردار دەکرێت. هەم هزرەکانی ئێمە سەبارەت بە جیهانی دەرەوەی خۆمان ئەگەری کارتێکردنیان هەیە.
4. ئازادیی کردە بە نەبوونی ئازادیی بیر سنووردار دەبێت. ئازادیی کردار لە رێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بە کۆمەڵایەتی بوون، شوێنگە کۆمەڵایەتییەکان، رۆڵەکان و کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە سنووردار دەبێت.



## ئایا ئازادی بوونی هەیە؟

لە بیرتانە کە من ئەم بەشەم بەو قسەیە دەست پێکرد کە مومکین نییە بتوانرێت دیاری بکرێت کە ئایا مرۆڤەکان ئازادن یان نا. پێویستە ئاشکرا بکرێت کە زۆربەی ئەوەی ئێمە ئەنجامی دەدەین لە کۆمەڵگەوەیە. کۆمەڵە هێزێکی زۆر ئێمە پێکدەهێنن و بەسەرماندا زاڵن. بەڵام ئایا شتێك دەمێنێتەوە؟ ئایا ئێمە بە هیچ شێوەیەك ئازادین؟ ئایا دەتوانین ئاماژە بە خەڵك بکەین و بەڕاستی رایبگەیەنین: "ئەوان لێپرسراوی کردەوەکانیانن"؟

زۆربەی کۆمەڵناسان هەڵوێستێکی زیادەڕۆیانە سەبارەت بە ئازادی دەرنابڕن. بە هەموو بایەخێکەوە کە کۆمەڵگە هەیەتی، مرۆڤەکان بە جۆرێکن کە ناتوانرێت لە کۆمەڵگەدا وەك رۆبۆتیان لێ بکرێت. ئێمە هەموومان تا رادەیەك بەسەر هەوڵەکانی بە کۆمەڵایەتیکەرەکاندا زاڵ دەبین و هەندێك لە ئێمە بە رێژەیەکی زۆر زیاتر بەسەر ئەواندا سەردەکەوین. ئێمە لانیکەم تا رادەیەك لە ژینگەی خۆماندا "چالاك"ین، دنیای خۆمان پێکدەهێنین، سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ ئەو دنیادا هەڵسوکەوت دەکەین و دەربارەی ئەوەی کە لەم دنیایەدا چی دەکەین بڕیار دەدەین.

چۆن پێویستە ئەگەری (ئیمکانی) ئازادی لە کۆمەڵگەیەکدا کە زیاد لە پێویست سنووردارکەر دێتە پێش چاو دەرك بکرێت؟ ئەمە بابەتێکی سادە نییە، چونکە پێویستە جارێکی تر دەرك بە رۆڵی کۆمەڵگە لە دیاریکردنی تایبەتمەندییە مرۆییە سەرەکییەکانی خود، لەوانەش ئیمکانی ئازادیی مرۆڤ بکەینەوە.

ئێمە تا ئێستا بەڵگەی ئەوەمان هێناوەتەوە کە ئازادیی بڕیاردان لە ژیانی خۆمان و ئازادیی هەڵبژاردن لەو بارودۆخانەدا کە رووبەڕوویان دەبینەوە، بەکارهێنانی پەیوەندییەکی چالاك نەك ناچالاك بەرامبەر بە ژینگەکەمان لە خۆ دەگرێت. چۆن وەها تایبەتمەندییەك دەتوانێت

سەرهەڵبدات؟ ئەوە لەدایکبوون، یا غەریزە، یان هێزە سەروو سروشتییەکان نین کە ئەم تایبەتمەندیە بەدیدەهێنن. پێویستە جارێکی تر سەرنجی کۆمەڵگە بدەینەوە. ئێمە لە جیهانێکدا لە دایك دەبین کە پێویستی بە کۆمەڵایەتی بوون لە هەموو ماوەی ژیانماندا دەسەپێنێت. بەشێکی گەورە لەم بە کۆمەڵایەتی بوونە بەکارهێنانی سیمبولەکان لەخۆدەگرێت ـ لەوانەش زمان. مرۆڤ لە رێگەی ئەم بە کۆمەڵایەتی بوونەوە فێر دەبێت کە ئەندامی کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئەو هەروەها فێر دەبێت کە لەو زمانە تێبگات کە فێری دەکەن و ئەوجا بەکاری بهێنێت. ئێمە دەبین بە بەکارهێنەرانی سیمبول و بەم کارەش توانای بیرکردنەوە دەربارەی کردەکانی خۆمان، کردەکانی ئەوانی تر و، بە کۆمەڵایەتی بوون کە سەبارەت بە خۆمان روودەدات بەدەست دەهێنین. بیرکردنەوە لێرەدا فاکتەری سەرەکییە. بەبێ ئەوە ئێمە مەحکوم بە پیشاندانی کارلێکین. بە بیرکردنەوە ئەگەری زاڵبوون بەسەر ژینگەی فیزیکی دەگۆڕێت بۆ واقیع. ماکس ڤێبەر جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤەکان بوونەوەرانێکن کە واتا بە کردەکانی خۆیان و کاردانەوەکانی ئەوانی تر دەبەخشن. ئەوان کردەکان دەرك پێدەکەن، دەبنە راڤەکەرانی جیهانی خۆیان، نەك تەنیا وەڵامدەرەوەی ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین. بیرکردنەوە لە زمان دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنێت کە کردەکانی خۆمان لەو بارودۆخانەدا کە رووبەڕوویان دەبینەوە شی بکەینەوە، هەڵبژاردنەکان تاوتوێ بکەین، ئەخلاقی بوون و کاریگەربوونی ئەوەی کە لە نێوان خەڵك ئاڵوگۆڕ دەبێت هەڵسەنگێنین، لە پێشهاتەکانی ئەوەی ئەنجامی دەدەین قووڵ ببینەوە، زانست و بارودۆخەکانی رابردوو سەبارەت بە هەلومەرجی هەنووکە بەکار بهێنین و، دەرك بە بیر و هەستی ئەوانەی تریش بکەین کە لەگەڵیاندا کارلێك ئەنجام دەدەین. ئەم توانای بیرکردنەوەیە لەگەڵ وشەکاندا سەرنجڕاکێشە، چونکە هەلمان بۆ دەڕەخسێت کە خۆمان لە پەیوەندی بە



تەواوەتی هۆ و بەرەنجامی کۆمەڵایەتی کە من تا ئێستا لەم بەشەدا شیم کردۆتەوە رزگار بکەین.

هیچ کۆمەڵناسێك نکووڵی لە هێزی بە کۆمەڵایەتی بوون، ستراکچەرەکان، کولتوور و دامەزراوەکان ناکات. بەڵام کاتێك کە ئێمە توانای بیرکردنەوەیان بۆ زیاد دەکەین، شوێنێك بۆ هەڵبژاردنی ئازادانە بوونی دەبێت. ئەگەر ئازادی بە توانای بکەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی ژیانی خۆی پێناسە بکەین، ئەم توانای بیرکردنەوەیە پێشمەرجێکە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بانگەشە دەکەن کە مرۆڤەکان ئازادن، بیرکردنەوە بە یەکێك لەلایەنە سەرەکییەکانی ئەو ئازادییە هەژمار دەکەن. ستیۆن لیوکس (52: 1973) تاکی خۆبەڕێوەبەر و سەربەخۆ بە تاکێك وەسف دەکات کە "گوشارەکان و ئەو نۆرمانەی کە رووبەڕووی دەبنەوە هۆشیارانە دەپێوێت و رەخنەیان لێ دەگرێت، بیروباوەڕ و هزرەکانی پێکدەهێنێت و لە ئەنجامی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و ئەقڵانی خۆی بە بڕیارە کردەییەکان دەگات." من بڕیار دەدەم، من هەڵدەبژێرم، من رێگا جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو دەگرم. ئەم پەیوەندییە ئەقڵانییە لەگەڵ ژینگە و لەگەڵ کردەی خۆماندا بۆ چەمکی ئازادبوون بایەخێکی سەرەکی هەیە. لە جیاتی ئەوەی کە تەنیا ئەوانی تر رەفتارەکانی ئێمە پێکبهێنن، ئێمە بە خۆمان دەڵێین کە دەبێ چی بکەین. ئەگەر تەنانەت لەگەڵ کۆمەڵگەدا هاودەنگی بکەین، هاودەنگییەکەش دەتوانێت لە ئەنجامی ئەو جۆرە بیرکردنەوە و هەڵبژاردنەوە بێت.

گافمەن (1961) وەسفی مرۆڤە چالاکەکان دەکات کە رۆڵ دەگێڕن، هەڵدەبژێرن، خۆیان و ئەوانی تر هەڵدەسەنگێنن، خۆیان لە هەندێ لە رۆڵەکان دوور دەخەنەوە، رۆڵەکان پێکدەهێنن، بارودۆخەکان تاوتوێ دەکەن و تێیاندا دەست دەدەنە پێشکەشکردنی رۆڵەکان. گەری ڤاین[1]

1. Gary Fine

(1984) ئاگادارمان دەکاتەوە کە سەبارەت بە رۆڵەکان گفتوگۆ دەکرێ، رەفتارەکان جێگیر نین، بەڵکو لە ئەنجامی بگرە و بەردەکانی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەکەونەوە کە دەرەنجامی رەفتار بەرامبەرکێیەکانی تاکەکانەوە سەر هەڵدەدات. **کۆمەڵگە نمایشی چالاکە**[1]. مرۆڤەکان لەبەر هۆکاری بەکۆمەڵایەتی بوون لانی کەم رادەیەك لە کۆنترۆڵ لە جیهانی کۆمەڵایەتییەوە وەردەگرن و، تا رادەیەك دەستنیشانی دەکەن کە ئەوان پێویستە چۆن بیر بکەنەوە و هەڵسوکەوت بکەن. ئەمە هەمان چەمکی خودە لە تیۆرەکەی جۆرج هربرت مید (1934)دا: هەبوونی خودێك بەو مانایەیە کە تاك خاوەنی کۆنترۆڵە. بەدەر لە بایەخی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە تاکانە دەتوانن ئەو کاریگەرییە تا رادەیەك پشتڕاست بکەنەوە و بە خۆیان بڵێن کە  پێویستە چی بکەن.

هیچ کۆمەڵناسێك ئازادی لە پەیوەندی لەگەڵ کەسانێکدا لەبەرچاو ناگرێت کە بە تەنیا لەسەر بنەمای هێزی وروژێنەری لەناکاو، کۆنترۆڵ نەکراو، ناپەیوەست بە کۆمەڵگە هەڵسوکەوت دەکەن و هەر شتێك کە لە ساتێکی دیاریکراودا هەستی پێدەکەن ئەنجام دەدەن. ئازادی واتای نەبوونی رێکخراوی کۆمەڵایەتی، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵایەتی بوون ناگەیەنێت. بەڵکو رێنوێنی کردنی خودە لە بوارێکی فراوانتری کۆمەڵگەدا. کۆتایی هێنان بە ژیانی سیستەماتیك، کۆتایی هێنانە بە ژیانی مرۆڤ. دۆرکهایم بە چەشنێکی باوەڕپێهێنەر بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئازادی بۆ مرۆڤەکان تەنیا دەتوانێت لە بواری رێکخستنی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا بوونی هەبێت. ئازادی زاڵبوونە بەسەر خوددا[2] لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیدا. بەبێ رێکخراوی کۆمەڵایەتی پشێوی دێتە کایەوە و، لە ئاڵۆزی و پشێویدا یاسا و رێساگەلێك بوونی نییە.

[1]. active drama
[2]. Self – direction.



هەرچەندەش کە لەوانەیە ئەم قسەیە بە خەیاڵی بێتە پێش چاو، بەبێ یاسا و رێساکان ئەستەمە بتوانرێت شتێك جگە لە ململانێی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی راوەستاو لەسەر بنەمای زەبروزەنگ و پشتگوێ خستنی ئازادیی هەر کەسێك جگە لە خۆی وێنا بکرێت.

لەوانەیە یەکێك لە رێگاکانی وێناکردنی ئیمکانی ئازادی لە کۆمەڵگەدا تەنیا ناسینی ئەم حاڵەتە بێت، رێکخراوی کۆمەڵایەتی سنوورێکی بەرفراوانتر دیاری دەکات کە هەموومان لە ناویدا کار دەکەین و لەچوارچێوەیدا تا رادەیەك ئازادی هەڵبژاردنمان هەیە. رێکخراوی چەقبەستوو، وشك و نەگۆڕ و خاوەنی چاودێری تەواو لەسەر بکەر ناتوانێت بوونی هەبێت. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێمە کۆمەڵگەیەکمان هەیە کە پێمان دەڵێت بۆ پێشکەوتن پێویستە بڕۆین بۆ زانکۆ و هەوڵ بدەین بەشداری خولی فێرکاری بکەین، هەر یەکە لە ئێمە تا رادەیەك دەتوانێت هەڵیبژێرێت کە لە چ ئاراستەیەکی تایبەتیدا کار بکات. ئەگەرچی بەئێمە دەوترێت کە هاوسەرگیری گرنگە و ئێمە دەکەوینە ژێر کاریگەرییەوە کە لەگەڵ جۆری دیاریکراو لە تاکەکاندا هاوسەرگیری بکەین، بەڵام تا رادەیەك ئازادیی هەڵبژاردنی هاوسەرمان هەیە. ئەگەرچی وا دەردەکەوێت هەموو شتەکان پێمان دەڵێن کە نمرەی زانکۆ بەدەست بهێنین، بڕۆینە بەشێکەوە کە گەرەنتی داهاتوویەکی دارایی دڵنیامان بۆ دەستەبەر دەکات و، بەشداری لەوانە دیاریکراوەکاندا بکەین، بەڵام ئێمە هێشتا تا رادەیەك مافی هەڵبژاردنی نێوان دوو یا سێ زانکۆ، نێوان دوو یا سێ بەش و ئاراستەی سەرەکی و نێوان وەرگرتنی دوو یان سێ پۆلی وانە وتنەوەمان هەیە.

ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە ئازادی هەمیشە گوێڕایەڵیکردن لە کۆمەڵگەی هەنووکەیە. بەپێچەوانەوە: ئازادی بە دڵنیاییەوە رەخنەگرتن لە کۆمەڵگە و کردارە بیرمەندانەکان بۆ گۆڕان یان تەنانەت رووخانی ئەو کۆمەڵگەیە لە خۆ دەگرێت. بەڵام رەخنەگرتن، گۆڕان و رووخانی کۆمەڵگە

نەبوونی ڕێکخراوی لێ ناکەوێتەوە، بەڵکو ڕێکخراوێکی جێنشین دادەمەزرێنێت کە یان ئازادیی تاکەکەسی زیاتر هان دەدات یان بە تەواوەتی دەیخنکێنێت.

پێویستە ئەو شتەی کە کرۆکی سەرەکیی باسەکەی ئێمە بووە لە تێکڕای ئەم بەشەدا روون بکەینەوە. ئازادی، ئەگەر لە بنەمادا بوونی هەبێت، پێویستە بە ڕێژەیی لەبەرچاو بگیرێت؛ ئازادی هەرگیز ڕەها نییە. هیچ کەس ناتوانێت بە تەواوەتی ئازاد بێت. هیچ هەڵبژاردنێك ناتوانێت بە تەواوەتی ئازاد نەبێت. هیچ هزر یان کردارێك ناکرێت بە تەواوەتی ئازاد بێت. هەمیشە سنوورەکان بوونیان هەیە. هەندێ جار ئەم سنوورانە گەورەن؛ هەندێ جاریش زۆر گرنگ نین. لە هەمووشی گرنگتر بۆ کۆمەڵناس و بۆ ئەو کەسانەی کە حەزیان لە دەرکی ئازادییە ئەوەیە کە سەرنجی ئەوە بدەن هەندێ لە تاکەکان لە تاکەکانی تر ئازادترن، هەندێ لە کۆمەڵگەکان لەوانی تر ئازادترن و هەندێك بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئازادی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی ڕادە و هەندێکیش بە توندی سنوورداری دەکەن. بۆنموونە پڕکردنەوەی لایەنی مادی بە شێوەیەکی گشتی زیاتر لە هەژاری ئەگەری هەڵبژاردنە ئازادانەترەکان دەستەبەر دەکات. چاودێری لەلایەن گرووپێکەوە ئازادییەکی کەمتر بە تاك دەبەخشێت تاوەکو بەشداریکردن لە نێو چەندین گرووپدا. دەسەڵات بایەخێکی زۆری هەیە: ئەگەر دەسەڵات توانای پیادەکردنی ئیرادەی خودە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا، کەواتە کەسانێك کە بێدەسەڵاتن ناتوانن ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن. ئەوان بێدەسەڵات و وابەستەی ئەوانی ترن و، ژیانیان ناتوانێت هی خۆیان بێت. ئەگەر تاك هەژارە، کەواتە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا زۆر جار زۆر ئازاد نییە. ئەگەر تاك لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە تێیدا دەوڵەتێکی تۆتالیتار بوونی هەیە، لەو حاڵەتەدا ناتوانێت زۆر ئازاد بێت، ئەگەر تاك لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی کە تێیدا کۆمپانیا زۆر گەورە و دەوڵەمەندەکان دیاری



دەکەن کە چ کەسانێك کار بکەن، پێویستە لەسەر چۆن بیروباوەڕێك ئارام بگرن، خەڵك دەبێ سەیری چ بەرنامەگەلێکی تەلەفزیۆنی بکەن و جۆرەکانی ئەو بەهایانەی کە خەڵك پێویستە باوەڕیان پێیان هەبێت تاوەکو لە ژیانێکی سەرکەوتوانە و واتادار بەهرەمەند بن، لەو حاڵەتەدا ئازادی تاکیش تا ڕادەیەك نامومکین دەبێت.

## کورتە و دەرەنجام

کۆمەڵناسی دیدگایەکی سادە نییە؛ وەڵامەکانی هەمیشە ئاڵۆزن. جۆرەکانی کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر مرۆڤ بە بەردەوامی بوونیان هەیە و سنوورگەلێکی گرنگ بەسەر ئازادیدا دەسەپێنن. نکووڵی کردن لە بوونی ئەوانە ساویلکانە بیرکردنەوەیە؛ لە ڕاستیدا ئەگەر بمانەوێ لەوە تێبگەین کە ئێمە کێین و بۆچی بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕەفتار دەکەین و بیر دەکەینەوە پێویستە دەرك بە گرنگیی ئەوانە بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هەموومان تا ڕادەیەك ئازادیمان هەیە؛ هەر بەو جۆرەی کە وتوومە مومکین نییە بتوانین ئەوە بسەلمێنین، بەڵام ئەگەر ئێمە چیەتیی مرۆڤ لەبەرچاو بگرین ئەگەری هەیە بتوانین ئەم کارە بکەین. تێڕوانینی کۆمەڵناسی لە بواری ئیمکانی ئازادیدا بۆ بابەتێکی سادە بەڵام زۆر قووڵ دەگەڕێتەوە: **زمان، بیر و، ناسنامەی تاکەکەسی**[1] **بۆ ئازادی** (بنەمای) **سەرەکین و هەموویان ئەو چۆنیەتییانەن کە لە کۆمەڵگەدا دەکەونەوە.** ئەوان لە کارلێکدا سەرهەڵدەدەن. ئەوان یەکێکن لەلایەنە سەرەکییەکانی بەکۆمەڵایەتی بوونی ئێمە.

1 . self hood

7

# بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟

## کێشەی نەتەوەسەنتەری

یۆنانییە کۆنەکان لە دەوڵەتە شارە بچووکە جۆراوجۆرەکاندا دەژیان. هەر دەوڵەتە شارێك بۆ خۆی سەربەخۆ بوو و حکوومەت، سوپا و ئابووریی تایبەت بە خۆی هەبوو. هەندێکیان وەك ئەسینا، حکوومەتی دیموکراتیك بوون و هەندێکیش وەکو ئیسپارت، حکوومەتی دیکتاتۆری بوون. بەڵام، بە گشتی، هاووڵاتییەکانیان کەلەپوورێکی هاوبەشیان هەبوو: واتە هەموویان یۆنانی بوون. لەوپەڕی شاخەکان و دەریادا کۆمەڵێك نەتەوەی تر دەژیان. ئەم نەتەوانە بێگانە، بەربەری و کێوی بوون. شێوازەکانی ژیانیان جیاواز و تا رادەیەك نالەبار بوو. ئەوان، لە یەك وشەدا "ناشارستانی" بوون. رۆمییەکانیش وەك یۆنانییەکان جیهانیان بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکرد: شارستانییەتی رۆم و نەتەوە بەربەرییەکان. جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست خەڵکی بە سەر کافر و مەسیحیدا دابەش دەکرد و ئەو نەتەوانەی کە هاتن بۆ ئەمریکا رووبەرووی ژمارەیەکی زۆر کولتووری جۆراوجۆر بوونەوە، بەڵام هەموویانیان بە "هیندی" ناو برد و بە گشتی شێوازی ژیانی ئەوانیان بە ژیانی وەحشیانە وەسف کرد.



کاتێك کە من لە ئامادەیی نۆرس[1] بووم، بەڕاستی باوەڕم وا بوو کە قوتابخانەکەی ئێمە، قوتابییەکانمان، تیپە وەرزشییەکانی ئێمە لەوانی تر چاکترن. ئینتیما من بەرامبەر بە نۆرس بیروباوەڕێکی دامەزراو بوو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئێمە بەڕاستی بەختەوەرتر لە کەسانێکین کە دەچنە قوتابخانەکانی ترەوە. لە هەموو رووداوە وەرزشییەکاندا من دڵنیا بووم کە لە حاڵەتە جیاوازییەکاندا ئێمە راستمان دەوت و ناوبژیوانەکان لایەنی تیپەکەی تریان گرتووە.

لە راستیدا، زۆربەمان باوەڕمان وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەزنترین نەتەوە لە جیهاندا و بۆ ئێمە ئەستەمە کە باوەڕ بەوە بکەین شێوازگەلێکی ژیانی دیکە بوونیان هەیە کە بە هەمان رادەی ژیانی ئێمە باش یان تەنانەت باشترن. کاتێك کە ئێمە سەیری یەکێتی سۆڤیەتی جارانمان دەکرد رژێمی دەسەڵاتگەرا و دەستێوەردانی دەوڵەتمان لە بواری ئابووری بە لێپرسراوی گرفتەکان و کەموکوڕییەکانی دەزانی و بانگەشەی ئەوەمان دەکرد ئەگەر شێوازەکانی کاری کرملین وەك شێوازی ئێمەی لێبێت، خەڵکی دەتوانن لە هەموو ئەو شتانە بەهرەمەند بن کە ئێمە لێیان بەهرەمەندین. لە راستیدا، کاتێك کە ئێمە سەرنجی کولتوورەکانی تر دەدەین، زۆر جاران ئەوان لەسەر بنەمای ئەوەی کە تا چ رادەیەك لە فەرهەنگی خودی ئێمە نزیکن جیا دەکەینەوە: ئێمە هەندێك لەو کولتوورانە بە سەرەتایی، هەندێکیان لە حاڵەتی پێشکەوتن و شارستانییەتدا دەبینین.

ئێمە لێرەدا سەبارەت بە چەند کێشەیەکی زۆر گرنگ، کە هەموویان پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە قسە دەکەین. پێویستە ئەم بابەتانە یەك بە یەك تاوتوێ بکەین.

## واتای بەهاکان

باوکی من لە باوکی تۆ باشترە. ئایینی من چاکترە لە ئایینی تۆ. قوتابخانەکەی من باشترە. بەشەکەی من چاکترە. دایك و باوکی من باشترن. ئەخلاقی من گونجاوترە. بەرنامەکانی ژیانی باشترن. ئۆتۆمبێلەکەی باشترە. هاوڕێکانی من چاکترن.

بەراوردەکان پەیوەندیان بە بەهاکانەوە هەیە. هەر کاتێك کە ئێمە وشەکانی وەك **چاکتر، باش، خراپ، بەرزتر، نزمتر، دەبێت و نابێت** بەکار دەهێنین، دەچینە نێو جیهانی ئاڵۆزی بەهاکانەوە. بە بۆچوونی من کاتێك کە تاکەکان بە شێوەیەکی شاراوە یان ئاشکرا وشەی دەبێت بەکار دەهێنن، روونی دەکەنەوە کە لە بارەی بەهاکانەوە گفتوگۆ دەکەن. لەو حاڵەتانەدا هەمیشە کەسێك دەست بە داوەری بەهایی دەکات. ئەم حوکمە سەروکاری لەگەڵ ئەو شتەدا هەیە کە پێویستە هەبێت نەك ئەوەی کە بەڕاستی بوونی هەیە. ناونیشانی ئەو بەشە ئەوەیە کە بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟ ئەگەرچی وشەی دەبێت لەم پرسیارەدا بوونی نییە، بە دڵنیاییەوە بە شێوەیەکی شاراوە هەڵێنجانی لێ دەکرێت: "ئەوانی تر پێویستە وەك ئێمە بن، کەواتە بۆچی نین؟"

من ئەو رۆژەم بە باشی لە بیرە کە لە کاتی ئۆتۆمبێل لێخوڕیندا نزیکەی چوار کاتژمێر لەگەڵ دوو مامۆستای زانکۆدا گفتوگۆم کرد. ئەوان بە شان و باڵی خوێندنی باڵایاندا هەڵدەدا "هەموو کەسێك دەبێت خوێندنی زانکۆ تەواو بکات." "زانست چاکترە لە نەزانی." من رووم بەرەو لای ئەوان وەرگێڕا و نەترسانە رامگەیاند: "ئێوە داوەری بەهایی دەکەن. ئەگەرچی من بە شێوەیەکی گشتی هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا، بەڵام هیچ رێگایەك لە ئارادا نییە کە یەکێك لە ئێمە بتوانێت بیسەلمێنێت کە ئێمە راست دەکەین. تەنیا دەتوانین حوکمە واقیعییەکان بسەلمێنین." ئەوان قایل نەبوون و دیسانەوە



دەستمان بە قسە و بەڵگەهێنانەوە کردەوە. من پرسیارم کرد: "بۆچی زانیاری لە نەزانی باشترە؟ وەڵامی ئەوان ئەوە بوو کە: "چونکە یارمەتی ئێمە دەدەن لە بواری پیشەییدا سەرکەوتوو بین." منیش وەڵامم دایەوە، "باشە، کێ دەڵێت کە ئێمە دەبێت لە بواری پیشەییدا سەرکەوتوو بین؟" ئەم جۆرە پرسیارانە زۆر جار گرنگ و هەندێ جاریش کەم بایەخن، بەڵام هەمیشە کۆمەڵە گریمانەیەکیان هەڵگرتووە سەبارەت بەوەی کە ئێمە بیر دەکەینەوە کە ژیانی ئێمە دەبێت چۆن بێت و، بەمپێیە شێوەی پرسیارگەلێکی بەهایی وەردەگرن.

بەهاکان لێپرسراوێتییەکانی ئێمەن و ئەوان وێنەیەك لەو شتەی کە باشە و ئەوەی کە باش نییە بڵاو دەکەنەوە. بەهاکان کۆمەڵە پێودانگێکن کە تاکەکان سەبارەت بە کردەکانی خۆیان و کردەکانی ئەوانی تر بە بەراورد لەگەڵ ئەواندا دەست بە داوەری دەکەن. ئەوان پێمان دەڵێن کە "خەڵك دەبێت بە دوای ئامانجگەلێکدا بگەڕێن، چ شتێك پێویست و چ شتێك رێگە پێنەدراوە، چ شتێك ئابڕوومەندانە و چ شتێك بێشەرمی لێدەکەوێتەوە و چ شتێك جوان و چ شتێکی تر ناشیرینە" (Shibutani, 1986; 68). ئەگەر من بەڕاستی باوەڕم وا بێت کە هەبوونی خێزان بۆ ژیانێکی واتادار گرنگە، ئەمە بۆ من بەهایەکە. من بۆ خانەوادەکەم دەژیم، من لە بارەی ئەو بابەتانەی کە کاریگەری لەسەر خێزانەکەم دادەنێن رای خۆم دەردەبڕم و کات و پارەکەم بۆ خێزانەکەی خۆم سەرف دەکەم. تەنانەت لەوانەیە ئەم لێپرسراوێتییە بە کردە بە قازانجی ژیانی خێزانەکەم لە سەرتاسەری ویلایەتە یەکگرتووەکان و تەنانەت جیهاندا پەرە پێبدەم. بەو جۆرەی کە زۆر جاران روو دەدات، من وەها بەرامبەر بە خێزانەکەم لێپرسراو دەبم کە بە ئەستەم دەتوانم دەرك بەوە بکەم کە چۆن ئەوانی تر کە ژیانێکی خێزانیی هاوشێوەی منیان نییە، لەوانەیە بتوانن بەختەوەرانە بژین. من هەروەها لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەم کەم و کورتییە دەبێتە

هۆی ئەوەی کە ئەوان خاڵی بن لە بنەما ئەخلاقییەکان یان خۆپەرست بن. من هەڕەشە بەرامبەر بە ژیانی خێزانیی خانەوادەکەم بە شێوەیەکی گشتی بە هەڕەشەیەکی گرنگ بەرامبەر بە بوونی خۆم لێکدەدەمەوە و پشتیوانی لە هەوڵدان بۆ رزگارکردنی خۆم لەم هەڕەشانە دەکەم.

بۆ هەندێك لە ئێمە، ئازادی بەهایەکی گرنگە ("من دەبێت ئازاد بم، هەموو ئەمریکییەکان دەبێت ئازاد بن و هەموو خەڵك دەبێت ئازاد بن"). بە هەمان شێوە، یاسا و رێکخستن لەوانەیە بەها بن، یان ئایین، یەکسانی، دەربڕینی هونەری، پەروەردە و فێرکردن، جەستەی تەندروست، جوانیی فیزیکی، نەریتەکان، تاکگەرایی، هاوڕێیەتی، یارمەتیدانی ئەوانی تر، هەبوونی ژیانێکی ئەخلاقی، پارەی زۆر بەدەستهێنان، هاوڵاتییەکی باش بوون و... ئەمانە هەموویان نموونەگەلێکن لەو شتانەی کە ئێمە بە بەهایی هەژماریان دەکەین، ئەگەر من باوەڕم پێیان هەبێت، ئەوانە بەهاکانی منن؛ ئەگەر ئێوە باوەڕتان پێیان هەبێت، بەهاکانی ئێوەن. بەڵام هیچ رێگایەك بوونی نییە کە یەکێك لە ئێمە بتوانێت بیسەلمێنێت کە بەهاکانی ئێمە لە بەهاکانی تاکێکی تر باشترن، چونکە هەر کاتێك کە ئەم کارە بکەین، بە ناچاری رووبەرووی هەرچی زیاتر داوەرییە بەهاییەکان دەبینەوە کە ناتوانرێت هیچ کامیان بسەلمێنرێت.

بەهاکانی ئێمە لەوانەیە دژیەك بن. ئەمریکییەکان دەتوانن هەم باوەڕیان بە کۆمەڵگەیەك هەبێت کە تێیدا جیاکاری نەژادی بوونی هەیە و هەم باوەڕیشیان بە یەکسانیی دەرفەتەکان بۆ هەمووان بێت، یان دەتوانن خۆیان هاوکات بە ستایشگەری تاکگەرایی و ئینتیما گرووپی لە قەڵەم بدەن. من خۆم لە هەمان کاتدا بە کەسێك کە لە ژێر کاریگەریی نەریتەکان و پێشکەوتندایە دەبینمەوە و هەندێ جار لە نێوان تەرخانکردنی کات بۆ نووسینی کتێبێك و گوێگرتن لە داواکارییەکانی هاوسەر و منداڵەکانمدا هەڵبژاردنی یەکێکیان زۆر بە ئەستەم دەبینمەوە.



زۆربەی بڕیارەکانی ئێمە لە ژیانماندا بریتین لەو هەڵبژاردنانەی کە ئێمە لە نێوان چەندین بەهادا ئەنجامیان دەدەین. ئێمە لەوانەیە هەم ئازادیی رادەربڕین و هەم مافی ژیان بە بەها لە قەڵەم بدەین. لەمەڕ کێشەی وێنە ناشیرین و نائەخلاقییەکان، ئێمە لەوانەیە ناچار بین لە نێوان ئەم بەهایانەدا دەست بە هەڵبژاردن بکەین: "بەڵێ، من ئازادیی رادەربڕین بە بەها لە قەڵەم دەدەم، بەڵام وا نازانم تاکەکان مافی ئەوەیان هەبێت وێنە نائەخلاقییەکان بڵاو بکەنەوە کە دەبێتە هۆی ناشیرینکردنی ژنان." یان سەبارەت بە کێشەکانی مافی مەدەنی: "هەڵبەت، من لایەنگری یەکسانی هەموو نەژادەکانم، بەڵام هەروەها باوەڕم وایە کە تاکەکان دەبێت لە گەڕەکەکانی خۆیاندا بڕۆنە قوتابخانەوە." هەمیشە ئاسان نییە کە پشت لە یەکێك لە بەهاکانمان بکەین تاوەکو بتوانین بە قازانجی بەهایەکی تر هەنگاو بنێین، بەڵام هەندێ جار پێویستە رێك و راست ئەم کارە ئەنجام بدەین. هەڵبەت زۆربەمان هەرکات کە هەست بەم کەم و کورتییە دەکەین دوچاری دژایەتی دەبین.

## بەهاکان و داوەری بەهایی

داوەری سەبارەت بە ئەوانی تر دەردیدەخات کە چۆن بەهاکان دێنە ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەوە. ئێمە ئەوانی ترمان لەسەر بنەمای ئەو داوەرییە بەهایانەی کە ئەنجامیان دەدەین خۆش دەوێت: "ئەو مرۆڤێکی واقیعییە" "ئەو تاکێکی بەڕاستی چاوبرسییە." "بەلای منەوە جێی رێزە کە ئەو راشکاوانە قسە دەکات." "ئەو بە راستی جوانە." "چ پیاوێکی باشە." ئێمە هەروەها لەسەر بنەمای ئەو داوەرییە بەهاییانەی کە دەیکەین رقمان لەوانی تر دەبێتەوە: "ئەوان تەمەڵن." "ئەوان وەحشین." لە هەر حاڵەتێکدا ئێمە پێوەرێکی (بەهایی) بەدیدەهێنین و بۆ داوەریکردن سەبارەت بە ئەوانی تر سوودی لێ وەردەگرین. هەڵبەت داوەریکردن تەنیا

خۆشویستن و خۆشنەویستن نییە. داوەریکردن، بڕیاردانە دەربارەی ئەوەی کە چ کەسێك دەبێت سزا بدرێت، چ کەسێك پێویستە پلەی بەرز بکرێتەوە، داوای مردنی چ کەسێك دەکرێت یان چ کەسێك دەبێت ژیانێکی بەختەوەرانەی هەبێت. داوەریکردن بڕیاردانە سەبارەت بەوەی کە چ کەسێك پێویستە بگۆڕێت و دەبێ لەگەڵ چ کەسێکدا شەڕ بکەین.

کاتێك کە دەپرسین، "بۆچی ئەوانی تر ناتوانن وەك ئێمە بن؟" پرسیارێك دەخەینە روو کە لەسەر بنچینەی پێودانگێك راوەستاوە کە ئێمە دروستمان کردووە. ئەم پرسیارە لە بنەڕەتدا دەربڕینێکی بەهاییە، دەربڕینی ئەوەی کە شێوازەکانی ژیانی ئێمە لە شێوازەکانی ژیانی ئەوانی تر باشترە و ئەوەی کە بۆ دروستکردنی جیهانێکی باشتر، ئەوانی تر پێویستە وەك ئێمەیان لێ بێت.

ئێمە هەموومان رەنگە هەندێ جار بەم چەشنە داوەری بکەین. هەندێك لە ئێمە زۆر جار بەم جۆرە داوەری دەکەین. بەڵام داوەرییە بەهاییەکان دەربڕینی لە پێشترەکانن (ترجیحات) نەك واقیعیات. هیچ رێگایەك بۆ سەلماندنی ئەوەی کە "باوکی من باشترە لە باوکی ئێوە" بوونی نییە، مەگەر ئەوەی کە ئێمە دەستنیشانی بکەین کە مەبەستمان "لە باشتر" چییە و لەو کاتەدا کە ئەم کارە دەکەین، داوەری بەهاییمان کردووە، کە لە راستیدا گریمانەیە دەربارەی ئەوەی کە چ شتێك لە ژیاندا لە پێشترە (مرجع).

ئەو چەند کێشەیەی کە لەم بەشەدا خراونەتە روو لە نێو زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەدا قسە و باسێکی زۆریان لەسەر دەکرێ، ئەم بابەتانە چەند جار لە واشنتۆن، لە ویلایەتە جۆراوجۆرەکان، لە نێو میدیا و لە کارلێکەکانی رۆژانەی ئێمەدا قسە و باسیان لێوە دەکرێ.

زۆرێك لە سەرکردە سیاسی، ئایینی و ئابوورییەکان بەڵگە دەهێننەوە کە بەهاکانی ئێمە بە نەتەوایەتی بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی نایەنە دی؛



ئەوان یان لەلایەن بوونەوەرێکی سەروو سروشتییەوە دەگوازرێنەوە یان تاك ئازادانە پێیان دەگات. زۆرێکیش بەڵگە دەهێننەوە کە بەهاکانی ئێمە راستەقینە و ئاشکران و؛ پێویست ناکات ئێمە هەوڵی سەلماندنیان بدەین. دواجار، هەندێکی تر بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە کەوتنە بەر داوەریی ئەوانی تر ـ کێشەیەك نییە ـ لەڕاستیدا، لەوێوە کە بەهاکانی ئێمە بەهاگەلێکی دروستن، ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی بەهاکانی ئێمە هەڵسوکەوت دەکەن لە هەڵەدان.

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، ئەگەر بمانەوێ لە مرۆڤەکان تێبگەین، پێویستە بیروباوەڕی پەیوەندیدار بە بەهاکان کە لە کۆمەڵگەدا لە زۆرێك لە سەرکردەکانەوە سەرچاوە دەگرن بە شێوەیەکی رەخنەگرانەتر تاوتوێ بکرێن. بۆ کۆمەڵناس، ئەم هزرانە یارمەتیی کێشە جددیەکانیان لە ناو کۆمەڵگەکان و نێوان کۆمەڵگەکاندا داوە. ئەوانە بیروباوەڕگەلێك نین کە نادروست بن، بەڵام بیروباوەڕێکن کە پێویستە وردتر توێژینەوە و تاوتوێ بکرێن. لە هەلومەرجی ئێستادا ئەو بیروباوەڕانە لە رادەبەدەر سادە و گومڕاکەرن. دواجار، ئەوانە دەبنە هۆی ئەوەی کە بیرمەندی راستەقینە رووبەرووی یەکێك لە سەرەکیترین پرسیارەکانی مرۆڤ ببێتەوە و هەوڵ بدات وەڵامی بداتەوە: چ کاتێك زەرووریە کە هەڵوێستێك بگرینە بەر و سەبارەت بەوانی تر داوەری بکەین و، چ کاتێك پێویستە واز لە داوەری بهێنین و دان بە جیاوازییەکانی ئەوان لەگەڵ خۆماندان بهێنین؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە، مەگەر بۆ ژمارەیەکی زۆر کەم لە تاکەکان کە هەمیشە دەربارەی ئەوانی تر داوەری دەکەن و ژمارەیەکی زۆر کەمیش کە هەرگیز داوەری ناکەن.

1ـ **بەهاکان، وەك هزر و رێساکان، کولتوورین.** ئێمە پێویستە هەمیشە ئەوەمان لە یاد بێت کە بەهاکانمان بە ژیانی کۆمەڵایەتییمانەوە

بەستراونەتەوە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە بەهاکان دەگمەنن. ئەوان لە پێشترەکانی ئێمەن و خەڵك لەبەر ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆیان فێر دەبن کە لە پێشتری (ترجیحات)ی جۆراوجۆریان هەبێت.

2- **مرۆڤەکان بەرەو ئەو باوەڕە ئاراستە وەردەگرن کە بەهاکانی خودی ئەوان راستەقینە و دروستن، ئەوان بەردەوام بەرگری لە بەهاکانیان دەکەن و، زۆر جار هەوڵ دەدەن باوەڕ بەوانی تر بهێنن کە چاك بوونی ئەوان لەبەرچاو بگرن.** بۆ نموونە، من لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆمدا فێر بووم کە یەکسانیی دەرفەت و ئازادیی تاکەکەسی گرنگن. کاتێك کە ئەم بەهایانە پێشێل دەکرێن من تووڕە دەبم، من تێدەکۆشم باوەڕ بەوانی تر بهێنم کە باوەڕ بە بەهاکان بکەن. من هەندێ جار ئەو کەسانەی کە بە پێچەوانەی ئەم بەهایانە هەنگاو دەنێن ئیدانە دەکەم.

3- **بەهاکان پەیوەندییان بە لە پێشترەکانەوە هەیە و سەلماندنی ئەوەی کە بەها راستەقینەکان کۆمەڵێك بەهای دیاریکراون کە هەمووان دەبێت پەیڕەویان بکەن، نامومکینە.** ئەوان دەربڕی واقیع نین، بەڵکو کۆمەڵێك لێپرسراوێتین بەرامبەر بە شتێك کە وا بیر دەکەینەوە دەبێ ژیان بێت. زۆربەمان ئەوپەڕی هەوڵ دەدەین کە بەهاکانمان بە واقیعی، رەها و راستەقینە بێنە پێش چاو، بەڵام لە کۆتاییدا ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە بیروباوەڕ و لێپرسراوێتییەوە هەیە، نەك بەڵگە و نیشانە. ئێمە لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەمانە بەهاگەلێکی راستەقینەن، چونکە خودا ئەوانی پێ بەخشیوین؛ ئێمە لەوانەیە بانگەشەی ئەوە بکەین کە تاکەکان تەنیا کاتێك دەمێننەوە و بەردەوام دەبن یا لە ژیاندا واتا پەیدا دەکەن کە پەیڕەوی لە بەها تایبەتییەکانی ئێمە بکەن و؛ ئێمە رەنگە بانگەشەیەکی تریش بکەین، کە لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵك پەیڕەوی ئەم بەهایانە



دەکەن، کەواتە ئەو بەهایانە دەبێ بەهاگەلێکی دروست بن. لەوانەیە ئێمە پێویستمان بە هۆکارە تاکەکەسی یان کۆمەڵایەتییەکان هەبێت کە وەها بانگەشەگەلێك بکەین، بەڵام بۆ دەرکی کردەیی مرۆڤ پێویستە بزانین کە داوەرییە بەهاییەکان هێشتا داوەرییە بەهاییەکانن و واقیع نین کە بتوانرێت بسەلمێنرێن.

4- **هەموو مرۆڤەکان خاوەنی بەهان و هەموو مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئەو بەهایانە سەبارەت بەوانی تر داوەری دەکەن.** ئەو قوتابییە زیرەکەی کە بیر لەم بابەتە دەکاتەوە پێویستە دەرك بەوە بکات کە بۆچی ئەم کارە بۆ ئێمە زەرووریيە و کاتێك کە ئێمە دەست بەم جۆرە داوەرییانە دەکەین هەندێ لە پێشهاتەکانی لەوانەیە چی بن.

من خاوەنی بەهام و منیش دەربارەی ئەوانی تر داوەری دەکەم. ئەم بەهایانە و داوەریانە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبن. لەبەر ئەوە، من وەك ئەندامی گرووپ پێویستە باوەڕیشم بەم بەهایانە هەبێت و دەربارەی ئەوانی تر داوەری بکەم. من دەمەوێ وا بکەم. جیاکاریی رەگەزی و نەژادپەرەستی بە بۆچوونی من نادروستە. ئەوان لەگەڵ دیدگای مندا سەبارەت بەوەی کە جیهان دەبێ چۆن بێت لە ململانێدان. ستەمگەری بەرامبەر بە خەڵك بە هەر شێوەیەك بێت، لەگەڵ ئەو بەهایانەدا کە من بە راستیان دادەنێم دژی یەکن. ئەمانە بەهاگەلێکن کە من بڕیارم داوە لە پێناویاندا خەبات بکەم، ئەمانە بەهاگەلێکن کە من سوودیان، لێ وەردەگرم تاوەکو سەبارەت بە کردەکانی ئەوانی تر داوەری بکەم و پێیان بڵێم کە ئەوان دەبێ بگۆڕێن.

هەموو بەهایەك من بەرەو داوەریکردن دەربارەی ئەوانی تر هان نادات. هەوڵ دەدەم هەندێ لە بەهاکان تەنیا سەبارەت بە ژیانی خۆم بەکار ببەم و دەربارەی ئەوانی تر داوەری نەکەم، چونکە ئەوانی تر ئەو بەهایانە پێشێل دەکەن. من باوەڕم بە بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو، خوێندنی رەسمی،

هەبوونی خێزانی باش و، بە فێرۆنەدانی کات هەیە ـ من ئەوپەڕی هەوڵی خۆم دەدەم کە تێبگەم لەوەی کە بۆچی ئەوانی تر لەوانەیە لەگەڵ ئەم بەهایانەدا تەبا نەبن و، ئەگەر سەرکەوتوو بم، دەربارەی ئەوان داوەری ناکەم، چونکە دەزانم کە ئەوانە بەهاکانی منن نەك بەهاکانی ئەوان.

لەبەر ئەوە، لەم بەشەدا **نەتەوەسەنتەری** تاوتوێ دەکەین، واتە لاربوونەوەی تەقریبەن هەموو خەڵك بە ئاراستەی داوەریکردن سەبارەت بە ئەوانی تر کە لەگەڵیاندا جیاوازن. بەڵگەی ئەوە دەهێنینەوە کە کۆمەڵە هۆکارێك لە پێشەوەی ئەوەوەن کە بۆچی تاکەکان دەبنە نەتەوەسەنتەر، کە نەتەوەسەنتەری هەندێ جار بۆ پاراستنی یەکڕیزیی کۆمەڵگە گرنگە، بەڵام کۆمەڵێك پێشهاتەی نێگەتیڤی جددیشی هەیە و لە جیهاندا هۆکاری سەرهەڵدانی ژمارەیەکی زۆری گرفتەکانە.

## واتای نەتەوەسەنتەری

ئێمە بابەتی نەتەوەسەنتەری بە ڕێکخراو دەست پێدەکەین. ژیانی ڕێکخراو (واتە ڕێکوپێك کراو) کارلێکی کۆمەڵایەتی و پەرەسەندنی نموونە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت. تاکەکان خۆیان بە بەشێك لە ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەست پێدەکەن، یان هەست بە هێزێکی ڕاکێشان بەرەو لای ڕێکخراو دەکەن، هەستی ئینتیما بەرامبەری، هەستی پێکەوە بەستن، لێپرسراوێتی بەرامبەر بە"گشت" نەك لێپرسراوێتی بەرامبەر بە خود یان بەرامبەر بەوانی تر. کارلێك خۆی هانی ئەم هەستانە دەدات، هەر بەو جۆرەی کە کردارە دەست قەستەکانی بە کۆمەڵایەتی کردن لە ڕێگەی خێزان، قوتابخانە، ئایین و سەرکردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەمان ئەو کارە دەکەن.

تێبینی ئەوە بکەن کاتێك کە تاکەکان دەست بە کارلێکی بەردەوام دەکەن چی ڕوودەدات. هەر کەسێك لە زەینی خۆیدا دەست بەك ردە لەگەڵ



ئەوانی تر دەکات؛ تاکەکان لە بەرامبەردا کردە ئەنجام دەدەن؛ هەموو کەسێك کردارەکانی ئەوانی تر لەبەرچاو دەگرێت. هەرچی زیاتر ئەوان کارلێك لەگەڵ یەکتردا ئەنجام بدەن، دەرفەتێکی کەمتریان بۆ پێکدادان لەگەڵ بێگانەکان بۆ دەرەخسێت. "ئینتیما" نموونەیەکی باشە لەم زەمینەیەدا: ئینتیما زۆر جار واتای بڕینی کارلێکی ڕێکوپێکە لەگەڵ تاکەکانی تری ڕەگەزی بەرامبەردا. ئینتیما هەندێ جاریش واتای بڕینی کارلێکی ڕێکوپێك دەگەیەنێت لەگەڵ هاوڕێ هاوڕەگەزەکاندا. پەیوەندییەك هەموو کاتێ تاك تایبەت دەکات بە خۆیەوە و کاتێکی کورت بۆ ئەوانی تر دەمێنێتەوە. هەبوونی هاوڕێیەتییەکی نزیك پێویستی بە کات و لێپرسراوێتی هەیە و؛ هەرچی هاوڕێیەك کاتی زیاترمان بگرێت، ئێمە کاتێکی کەمترمان بۆ دروستکردنی هاوڕێیەتییەکانی تر هەیە.

بە تێپەڕبوونی کات، کارلێك بە بەردەوامی وێکچوونێك لە نێوان بکەرەکاندا دروست دەکات. بکەرەکان پەیوەندی بەرقەرار دەکەن، لە ئەزموونەکانی یەکتردا هاوبەشی دەکەن و سەبارەت بە ئەوان گفتوگۆ دەکەن و لە پەیوەندییەکانیاندا ڕێساکان، هزرەکان و بەهاگەلێك قەبووڵ دەکەن. ئەوان شێوازگەلێك بۆ بەرخورد لەگەڵ جیهانێکدا کە ڕووبەرووی دەبنەوە دەخەنە ڕوو. ئەوان زمانێك دادەمەزرێنن کە بۆ ئەوان واتای تایبەتی هەیە. بە شێوەیەکی کورت، ئەوان **کولتوور** دروست دەکەن.

بەمپێیە، کارلێك بەردەوام بکەرەکان لە بێگانەکان جیا دەکاتەوە. لە نێوان بکەرەکان لەگەڵ کەسانێکدا، کە لە دەرەوەی کارلێکن کۆمەڵێك جیاوازی دروست و کاریگەر دەبن، پەیوەندیی ڕێکوپێك بەرقەرار نابێت و هاوبەشی کردن لە هزرەکان و بیروباوەڕەکان تا دێت زیاتر ئاڵۆز دەبێت. هێدی هێدی بکەرەکان زنجیرەیەك لە واتاکان، لێك تێگەیشتنەکان و بەها جیاوازەکان لەگەڵ بەهاکانی بێگانەکانەکاندا بەدیدەهێنن.

هەڵبەت، ئەوەی ڕوودەدات ئەمەیە، بێگانەکان نەك تەنیا لە ڕوانگەی ئێمەوە جیاواز دەردەکەون، بەڵکو بە سەرسوڕهێنەر، لەوانەشە لادەر، یان نەخۆش یان شەڕەنگێزیش بێنە پێش چاومان. ئێمە لەسەر بنەمای ئەوەی کە لەگەڵیدا ئاشناین داوەری بەهایی دەکەین. ئێمە دەربارەی ئەوانی تر لەسەر بنچینەی جیهانێك کە لە ناویدا دەست بە کارلێك دەکەین داوەری دەکەین. بۆ ئێمە ئاساییە کە ئەوەی کۆمەڵناسان ناوی نەتەوەسەنتەری لێ دەنێن بەدی بهێنین.

نەتەوەسەنتەری واتای ئەوەیە کە تاکەکان وا بیر دەکەنەوە کە کولتوورەکەیان (ethno) سەنتەر و ناوەندی (centrism) کولتووری لە جیهاندا. نەتەوەسەنتەری ئاراستەیەکە بەرەو بەکارهێنانی ئەوەی کە ئێمە تێیدا هاوبەشین ـ بەها، هزر و بیروباوەڕەکان ـ لە کارلێکدا کە وەکو خاڵێکی سەرەتایە بۆ بیرکردنەوە سەبارەت بە ئەوانی تر و داوەریکردن دەربارەیان. لەوانەیە بەبێ داوەریکردنی بەهایی ئەوانی تر جیاواز ببین، بەڵام ئاسان نییە. ئێمە بەرەو بیرکردنەوە بە گوێرەی ئەوەی لە کارلێك فێری بووین ئاراستە وەردەگرین و بۆ زۆربەمان ئەستەمە کە لە سووچێکدا ڕاوەستین و ڕاببگەیەنین: "ئەوان جیاوازن. دەیجا ! ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوان لە ئێمە خراپترن. ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێ کە شێوازەکانی ژیانی ئەوان بۆ ڕەخنەگرتن لە شێوازەکانی ژیانی ئێمە هاتوونەتە کایەوە".

نەتەوەسەنتەری بریتییە لە 1) بەدیهێنانی ڕاستی و بەها و نۆرمەکان ـ کولتوور ـ لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدایە. 2) تێبینیکردنی ئەوانی تر لە ڕێگەی ئەو کولتوورەوە و 3) داوەریکردن سەبارەت بە ئەوانی تر بەپێی ئەو کولتوورەی بیری لێدەکەنەوە و ئەنجامی دەدەن. نەتەوەسەنتەری ئاراستە بەرەو ئەو وێنایە لەخۆ دەگرێت کە کولتووری خۆمان دروستە و فەرهەنگەکانی تر بە گوێرەی پێناسە دەبێ نادروست بن؛ ئەم باوەڕەیە کە ئەوەی لەڕاستیدا



ستراکچەرێکی کۆمەڵایەتییە ـ کە لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە بەدەست هاتووە ـ ڕاستەقینە و دروستە. نەتەوەسەنتەری هیچ جۆرە بەڵگە و نیشانەگەلێکی هەڵنەگرتووە، بەڵام وای دادەنێت کە ڕاستییەکانی ئێمە کە بەپێی هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەکان بەدی هاتوون ڕاست و دروستن، ڕێساکانی ئێمە کە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بەدی هاتوون لە ڕووی ئەخلاقییەوە دروستن و بەهاکانی ئێمە کە بەپێی هەڵسەنگاندنە کۆمەڵایەتییەکان هاتوونەتە دی لە بەهاکانی ئەوانی تر باشترن. ئەم ئاراستەیە بە هەوڵدان بۆ سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستیی هزرێك لە ڕێگەی بەڵگەهێنانەوە و بەڵگە و نیشانەکانەوە جیاوازە: لەم حاڵەتەدا ئێمە وا وێنا دەکەین کە بەهاکانی تر نادروستن، چونکە ئەوان لەگەڵ ئەو شتەدا کە ئێمە باوەڕمان وایە کە ڕاستەقینە و دروست و بەنرخە جیاوازییان هەیە.

با بیر لە نەتەوەسەنتەری بکەینەوە کە لە سەرتاسەری بوونی کۆمەڵایەتیماندا بوونی هەیە، لە بچووکترین گرووپەوە کە پەیوەندی پێوە دەکەین تا کۆمەڵگەیەك کە تێیدا دەژین. لەڕاستیدا، ئێمە تەنانەت دەتوانین گۆی زەوی بە شێوەیەکی گشتی لەبەرچاو بگرین و بیر بکەینەوە کە ئەگەر ڕووبەڕووی جیهانێك بووینایەتەوە کە پڕی بوایە لە بوونەوەری جۆراوجۆر چی ڕوویدەدا. بەهەرحاڵ ئێمە کارلێك، هاوبەشیکردن، جیابوونەوە، جیاوازی لەگەڵ بێگانان و ئاراستە بەرەو پەرەسەندنی هەستە نەتەوەسەنترییەکان تێبینی دەکەین. هەموو تاکەکان ناکەونە ئەم تەڵەیەوە، بەڵام لە واقیعدا هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە ناویەوە. بۆچی؟ بۆچی وەها ئاراستەیەکی بەهێز لە تاکەکانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە کە خۆیان بە داوەرییە بەهاییەکانەوە سەبارەت بە تاکەکانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە سەرقاڵ بکەن و ڕاببگەیەنن کە: "بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟"

## بەڵگەکانی نەتەوەسەنتەری

### کارلێکی کۆمەڵایەتی نەتەوەسەنتەری هان دەدات.

نەتەوەسەنتەری لە بنەڕەتدا لەبەر هۆکاری چیەتیی **کارلێک** سەرهەڵدەدات. ئێمە کارلێك ئەنجام دەدەین و لە بەهاکاندا هاوبەشی یەکتر دەکەین؛ ئێمە پێکدێین، ستراکچەر و دامەزراوەگەلێك پێکدەهێنین، دەبینە خاوەنی کولتوورێکی هاوبەش و لە ئەنجامدا بەرەو جیابوونەوە لەوانی ترکە کارلێکیان لەگەڵ ئەنجام دەدەین ئاراستە وەردەگرین. گرووپەکان، وەك رێکخراوی رەسمی و کۆبوونەوە و کۆمەڵگەکان لەگەڵ یەکتر جیاواز دەبن. بەبێ کارلێك لەگەڵ بێگانان، دەرکی جیاوازییە ئاڵۆزەکان و داوەری نەکردن دەربارەیان زۆر ئەستەم دەبێت و ئەوەی ئاسانە دروست و واقیعی دەبێت. واقیع بە لامانەوە ئاسان دەبێت. ئەوەی کە دەرکی پێناکەین بە لامانەوە کەمتر واقیعی دەبێت. نەتەوەسەنتەری هان دەدرێت.

### ئینتیما بۆ رێکخراو هانی نەتەوەسەنتەری دەدات

بەمپێیە، نەتەوەسەنتەری لەبەر هۆکاری چیەتیی **رێکخراوی کۆمەڵایەتیش** سەرهەڵدەدات. ئێمە کاتێك کە بە بەردەوامی کارلێك ئەنجام دەدەین و دەبینە بەشێك لە کۆمەڵگە یا گرووپ، زۆر جار هەستێکی باشمان بەرامبەر بەو گرووپە بۆ دروست دەبێت. ئێمە پشتیوانی لە سەربازەکانمان لە جیهاندا دەکەین؛ کاتێك کە شەڕێك لەگەڵ نەتەوەکانی تر روودەدات سەرکردەکانی خۆمان بە هیچ شێوەیەك بە تاوانبار نازانین. ناسنامەی ئێمە بەو شتەوە کە هەستێکی باشمان بەرامبەری هەیە گرێ دەدرێ. ژیان لەو رێکخراوەدا واتا پەیدا دەکات. ئێمە لەوەی کە بە شتێکەوە بەستراوینەتەوە



هەستێکی باشمان دەبێت. من مەلەوانم، کارمەندی کۆمپانیای زیراکس[1]، ئێلك[2]، نیۆیۆرکی، قوتابی زانکۆی هارڤارد، ئەندامی ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆ پێشکەوتنی فرەڕەنگەکانم. خۆشەویستی (پابەندبوون بە شتێك)، ئاراستە، ئاسوودەیی و ئاسایش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. خۆشەویستی پاڵپشتێکی کۆمەڵایەتی بە ژیانی ئێمە دەبەخشێت، بەوەی ئەنجامی دەدەین واتا دەبەخشێت و پێداگری و دەستنیشانکردنی زیاتر بە باوەڕەکانمان دەدات. بوونە بەشێك لە رێکخراوێك (لە گرووپێکی بچووکی هاوڕێیانەوە تا کۆمەڵگەیەکی گەورە) هەستی ئینتیما هان دەدات و ئەو ئینتیمایە هانی نەتەوەسەنتەری دەدات، چونکە ئینتیما واتای لێپرسراوێتی بەرامبەر بە شتێك دەگەیەنێت، کە ئێمە بە گرنگ و دروستی دەزانین. ئینتیما هەستی لێپرسراوێتی بۆ خزمەتکردن و بەرگریکردنی لێدەکەوێتەوە. هەڵبەت، ئەوە مانای ئەوەیە کە لە بەرامبەر ئەو رەخنە و هەڕەشانەی کە رووبەرووی رێکخراو دەبێتەوە بەرگری لێ دەکرێت. **زۆر ئاسانە کە لە جیاتی ئەوەی کە بیروباوەڕ و بەها و رێسا و کردەکانی ئەوانی تر بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی جیاواز لە تایبەتمەندییەکانی خۆمان بزانین، بە هەڕەشەیەکیان دابنێین دژ بەو شتانەی کە بەرامبەریان هەست بە ئینتیما دەکەین.** ئەمە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەتەوەسەنتەری.

### بەکۆمەڵایەتی بوون هانی نەتەوەسەنتەری دەدات

بەرگریکارانی رێکخراو - چ کۆمەڵگە، کۆمەڵی بچووکتر، رێکخراوێکی فەرمی بێت یان گرووپ - بە پەروەردەکردنەکانی خۆیان یارمەتیی

1. Xerox
2 . Elk

پەرەسەندنی نەتەوەسەنتەری دەدەن. تا ئەو شوێنەی کە ئەوان جەخت لەسەر ئینتیما دەکەنەوە، نەتەوەسەنتەری زیاتر دەبووژێتەوە. دروشمەکان سەرهەڵدەدەن و یارمەتیی کۆبوونەوەی تاکەکان و جەختکردنەوەی دووبارە لەسەر ئەو شتەی کە راستە ـ واتە رێکخراو و شێوازەکانی ـ دەدەن. تاکەکان لە رێگەی سروود، بۆنە و رێوڕەسمی نهێنی و شاراوە، ئاڵا، جلوبەرگ و دەربڕینی بیروباوەڕەوە دنە دەدرێن کە وا هەست بکەن ناسنامەکەیان بە رێکخراوەوە بەستراوەتەوە: "من ئێرانیم." "من لۆسەریم[1]." "من ئۆوڵم[2]." "من کارمەندی ئای بێ ئێمم." "ئەمەیە ئەوەی کە هەم. ئەمە واتا بە ژیانی من دەبەخشێ." بۆ بەرگریکارانی کۆمەڵگە زۆر ئاسانترە کە لە جیاتی بەکارهێنانی هەر ئامێرێکی تر، بە ڕاکێشانی هەستی ئینتیمای تاکەکان هاوکاریی ئەوان دەستەبەر بکەن. فێرکردنی ئەم جۆرە ئینتیمایە تاکەکان هان دەدات کە رێکخراوەکانیان بە راست بزانن. ئەمە زۆر جاران یارمەتیی نەتەوەسەنتەری دەدات.

لە نێو هەموو ئەو کۆمەڵناسانەی کە سەبارەت بە دیاردەی ئینتیما توێژینەوەیان کردووە، ئەمیل دۆرکهایم لە هەموویان گرنگترە. یەکێك لەو شێوازانەی کە فێری ئینتیما دەبین و هەستی پێدەکەین لە رێگەی وێنەی زەینی (صور ذهنی) کۆمەڵگەوەیە، کە دۆرکهایم بە"شتە پیرۆزەکان" ناویان دەبات. سیمبولە ئایینیەکان شتە پیرۆزەکانن (خواردنەوەی بۆنەی شێوانی رەبانی، خاچ، ئینجیل، جلوبەرگ، کڵێسە، تاکی پیرۆز). کۆمەڵە سیمبولە سیاسییە دیاریکراوەکانیش شتە پیرۆزەکانن (ئاڵا، مەزارگە، سروودی نەتەوەیی، بەڵگەنامەیەکی مێژوویی، پۆستە سیاسییە دیاریکراوەکان) و هەندێك لە تاکەکان کۆمەڵە شتێکی جۆراوجۆری تر بە

1. Lutheran
2. Owl



پیرۆز دەزانن (کراسەکەی جین ئلویس پریسکی، گۆچانەکەی بیب روت[1]، پیانۆی لیبراسی[2] و وتارەکەی "من خەونێکم هەیە"ی مارتین لۆسەرکینگ). شتە پیرۆزەکان واتایەکی تا رادەیەك زیاتر لە چیەتیی فیزیکیی خۆیان پەیدا دەکەن. بۆ نموونە خاچ تەنیا بریتی نییە لە وێنەیەکی هونەری لەگەڵ دوو پارچە تەختەدا کە پێکەوە بەستراونەتەوە. لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە شتانە یارمەتیی پێکەوەبەستنی کۆمەڵ دەدەن، چونکە ئەم باوەڕە لە ئارادایە کە ئەوان نوێنەر و سیمبولی کۆمەڵگەن. هەر کاتێك کە ئەوان بەدی دێن، خەڵك خۆیان بە یەکگرتوو هەست پێدەکەن؛ ئەوان لەوەی کە بەشێکن لە کۆمەڵگە هەست بە کامەرانی دەکەن. لەلایەکی ترەوە، ئەم جۆرە شتانە چۆنیەتییەکی **پیرۆز** وەردەگرن؛ ئەوان یارمەتیی گۆڕانی گرووپ (لەڕاستیدا رێکخراوی کۆمەڵایەتی) بۆ شتێك کە دروست و سەروو ئاسایی (یان کۆمەڵی پیرۆز)ە دەدەن. ئینتیما بەم هەستەوە کۆ دەبێتەوە کە باوەڕەکانی گرووپ شتێکی زیاتر لە باوەڕە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم باوەڕە، دروست، رەها و سەروو حاڵەتی ئاسایی یا دنیاییە: حاڵەتێکی پیرۆزە لە رێگەی بەدیهێنانی شتە پیرۆزەکانەوە، فێری خەڵکی دەکەن کە جیهانی ئەوان دروست و راستەقینەیە و ئەم وانەیە لە ژیانی سۆزداری ئەواندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

لەبەر ئەوە، بەدەر لە کارلێك، هەستەکانی ئینتیما سەرهەڵدەدەن و بەکۆمەڵایەتی بوون دێتە کایەوە، ئەمانە بە سەر یەکەوە هانی نەتەوەسەنتەری دەدەن. ئینتیما لەلایەن سەرکردەکانەوە هان دەدرێت، دروشمەکان دەبنە هۆی یەکڕیزیی تاکەکان و، شتە پیرۆزەکانی ئێمە لە رووی سۆزدارییەوە پابەند دەکەن. بە کۆمەڵایەتی بوون فێرمان دەکات کە

1. Babe Ruth
2. Liberace

ئینتیمامان هەبێت و زیاد لەوەش ئەوەی کە ڕێسا و باوەڕ و بەهاکانمان تەنیا شتگەلێك نین کە ئێمە وەك کۆمەڵگەیەك بە ڕێکەوت لەسەریان ڕێککەوتبین، بەڵکو ئەوان شتگەلێکی تایبەت، دروست و ڕاستەقینەن. مامۆستاکان، ڕابەرانی سیاسی و ئایینی و خێزانەکان هاوکاری دەکەن تاوەکو پیشانی تاکی بدەن کە شێوازەکانی ژیانی ئێمە بە بەردەوامی دروست و گونجاون، کە ئەوان بەشێك لە ڕێکخستنی پیرۆزن نەك تەنیا ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی. ئەمە پێویستە، لە واقیعدا، نەتەوەسەنتەری لێ بکەوێتەوە، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی ئەو شتانە بێت کە دروست و گونجاون، بە ئەستەم دەتوانرێت باوەڕ بەوە بکرێت کە ئەو کۆمەڵگانەش کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن بتوانن دروست و گونجاو بن. تاکەکان بە شێوەیەکی ئاسایی حەز دەکەن ڕاستی و باشی لەوانی تردا، بەپێی ئەو شتەی کە لەگەڵ باوەڕەکانی ئەواندا سەبارەت بە ڕاستی و باشی نزیکترە، ببینن. ئەم حەزە، دەستنیشانکردن و سزای لادانی لێدەکەوێتەوە و بە گوێرەی خۆی، یارمەتیی زیاتری نەتەوەسەنتەری دەدات.

### سەرهەڵدانی لادان هانی نەتەوەسەنتەری دەدات

لە هەر شوێنێك کولتوور هەبێت، کۆمەڵە تاکێکیش دەبن کە لەگەڵ ئەو کولتوورەدا کۆك نین و دژی دەوەستنەوە. هێڵەکان دەکێشرێن و تاکەکان سزا دەدرێن. سزادان پیشانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەی دەدات کە تاکێتی تەنیا دەتوانێت تا ئێرە بێتە پێشەوە و؛ پێشهاتەکانی پێشێلکردنی ڕێسا و یاساکانیان پیشان دەدات.

لە لایەکەوە، نەتەوەسەنتەری هانی بەندکردنی ئەوانی تر دەدات؛ لەلایەکی ترەوە، بەندکردنی ئەوانی تر هانی نەتەوەسەنتەری دەدات. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە، لادەران ئەو تاکانەن کە پێشێلکەری ڕێسا و ڕاستی و بەهاکانی کۆمەڵگەن. ئەوان "بێگانە"ن، چونکە لە دەرەوەی ئەو



شتەدا کە تاکەکانی تر بە دروست و واقیعی دەزانن جێگیر بوون. ئەوان بەربەر، ناشارستانی، وەحشی، خراپەکار و شێتن. هەر کۆمەڵگەیەك بە کێشانی هێڵ بێگانەکانی خۆی دەهێنێتە کایەوە: "ئەگەر پێ بخەنە ئەودیوی هێڵەوە خراپ بە سەرتاندا دەشکێتەوە." هێڵەکان دەگۆڕێن، بەڵام هەمیشە هەن. قەبووڵکردنی تاکێکی بەرفراوان جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم خاڵە کە بەڕاستی شتێکی تایبەت سەبارەت بە کولتوور بوونی نییە کە هەمووومان لە سەرمان پێویست بێت باوەڕی پێبکەین. قەبووڵکردنی تاکێتی هاندانی تاکەکانە بۆ پرسیارکردن و بینینی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی بۆ زۆربەی ئەو شتانەی کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی لە جیاتی بنەمایەکی ڕەها. دروستکردنی واقیعیانەی هێڵەکان، دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو کە لە دەرەوەی ئەو هێڵانەدان. هەڕەشەکردن و جێبەجێکردنی سزا سەبارەت بە کەسانێك کە ڕێگە بە خۆیان دەدەن لەو هێڵانە بترازێن و چەسپاندنی داخێکی گرانی هەمیشەیی لەسەر ئەو کەسانەی کە سزا دەدرێن، شێوازگەلێکن کە لە ڕێگەیانەوە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا دووبارە جەخت لەسەر ڕێسا و یاساکانی خۆیان دەکەنەوە، هێز و گوڕ و تین بە پیرۆزبوونیان دەبەخشن و هاوکات، نەتەوەسەنتەری بەدیدەهێنن - واتە لەڕاستیدا، دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە کۆمەڵگە پێداگری لەسەر دەکات، واقیعی و ڕاستە. بە واتایەکی زۆر سەرەکی، سزادان لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا دڵنیاییەکی زیاتر بەدیدەهێنێت کە "بەڕاستی حەق بە ئێمەیە."

### باڵادەستی و ستەم نەتەوەسەنتەری بەدیدەهێنن

بازرگانیی کۆیلە کە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە تا سەدەی نۆزدەیەم برەوی هەبوو، دەرەنجامی کاری کۆمەڵە تاکێك بوو کە دەرکیان بەوە دەکرد بە ریشەکێشکردن و ئاڵوگۆڕ پێکردن و ستەمکردن لە ژمارەیەکی

بەرچاوی خەڵك بەبێ گوێدانە داواکاری و بەرنامە و بەهاکان یا شێوازەکانی ژیانی ئەوان دەتوانن سەروەت و سامان کۆبکەنەوە! بازرگانیی کۆیلە و کۆیلەدارەکان وەك زۆربەی زۆری تاکەکان باوەڕیان بە خودا هەبووە و بە ئەگەری زۆر خۆیان بە هاووڵاتیانێکی پاك و چاکەکاری جیهانی خۆیان دەزانی، بۆ ئێمە زۆر ئاسانە کە ئەوان بە شێت یان شەڕەنگێز دابنێین. لەڕاستیدا، ئەوان چۆن لەگەڵ خۆیاندا دەژیان؟ ئایا ئەوان ویژدانیان هەبوو؟ ئایا خۆیان بە کۆمەڵێك کەسی پابەند بە بنەما ئەخلاقییەکان دەزانی؟

ڕەفتاری نامرۆڤانە لە مێژووی هەر نەتەوەیەکدا بوونی هەیە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شێوەیەکی سیستەماتیك نەیتڤەکانی ئەمریکای لەناو برد. ئەڵمانییەکان ملیۆنەها مرۆڤیان کە ئەوان بە مرۆڤی نزمیان پێناسە دەکردن قەڵاچۆ کرد. مێژووی ئاسیای باشووری ڕۆژهەڵات و یوگسلافیا لە دەیەکانی 1980 و 1990دا پڕیەتی لەو نموونانەی کە دەریدەخەن چۆن گرووپێك لە خەڵك دەستیان دایە کوشتنی بە ئەنقەست و سیستەماتیکی ئەوانی تر کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە جیاواز بوون.

پەیوەندی لە نێوان ئەم جۆرە ستەمگەرییە و نەتەوەسەنتەریدا چییە؟ گومانی تێدا نییە کە نەتەوەسەنتەری هەندێ جار هاندەری شەڕ، کوشتنی مرۆڤ بە شێوەیەکی سیستەماتیك، کۆیلایەتی، بەکرێگرتن و نایەکسانییە. بەم حاڵەوە، ئەمەش ڕاستە کە نەتەوەسەنتەری دەرەنجامی ئەم جۆرە کردارانەیە. نەژادپەرستی لە پێش کۆیلایەتی (و هۆکاری) کۆیلایەتییەوە نەبوو، لە دۆکۆمێنتە مێژووییەکاندا ڕوون و ئاشکرایە کە بوونی کۆیلایەتی کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی نەژادپەرستی هەبوو. کۆیلایەتی بۆ قازانجی ئابووری سەریهەڵدا، نەك لەبەر هۆکاری ئەوەی کە گرووپێك بە نزمتر سەیر بکرێت. فەلسەفەیەکی نەژادپەرستانە بە گوێرەی خۆی هاتە کایەوە تاوەکو پاساوی بۆ بهێنێتەوە و پشتیوانی لەو دامەزراوەیە بکات.



ئەم بەڵگەیە بە هەر نموونەیەکی تر لە کردارە بێبەزەیی و نامرۆڤانەکان فراوانتر بکەن. هەر کاتێك کە تاکەکان ستەم لەوانی تر دەکەن، زۆر جار دەبێ پاساوێکیان بۆ کردارەکانیان هەبێت تاوەکو خۆیان و ئەوانی تر باوەڕی پێ بکەن کە ئەوەی دەیکەن دروستە. زۆر جار دەرەنجامەکەی شێوەیەکە لە نەتەوەسەنتەری، ستەمکردن دروستە چونکە "ئەوەی کە ئەوان هەن" کەمتر لەوەی "ئەوەی ئێمە هەین" بایەخی هەیە. خوداوەند ویستوویەتی کە خەڵکی ئێمە جیهان داگیر بکەن و دەستی بەسەردا بگرن.

قوربانی کردنی ئەوانی تر لە پێناو بەرژەوەندیی ئێمەدا هەم پێویست و هەم دروستە. "تۆڕی منداڵە دێرینەکان" پاساوێکی مەنتیقی بۆ ڕەفتار لەگەڵ ژنان دەهێنێتە دی کە پێیان دەڵێت شێوازەکانی باڵاترن؛خاوەنکارێك کە هێزی کاری هەرزان وەردەگرێت باوەڕی وایە کە یارمەتیی "ئەو تاکانە" دەدات. ئەو تاکانەی کە بە بۆچوونی ئەو، پێویستیان بە داهاتێکی وەك داهاتی "کەسانێکی وەك ئێمە" نییە و؛ داگیرکەرانێك کە بە زۆر دەست بە سەرزەوییەکاندا دەگرن و کەسانێکی کە خاوەنی ئەو زەوییانە بوون زیندانی دەکەن یان لە ناویان دەبەن، ڕایدەگەیەنن کە "ئەوان لە هەر حاڵەتێکدا بە شێوەیەکی دروست ئەو دەسەڵاتەیان بەکار نەدەهێنا."

لەبەر ئەوە، پێویستە بزانرێت کە نەتەوەسەنتەری ئایدیۆلۆژیایەکە، شێوزازێکی بیرکردنەوە کە تاکەکان سوودی لێ وەردەگرن تاوەکو بۆ خۆیان و ئەوانی تر پاساو بۆ ستەمکردن لە خەڵکانێك بهێننەوە کە وەك ئەوان نین. لە شوێنێك کە ستەم بوونی هەیە، دنەی نەتەوەسەنتەری دەدرێت.

## ململانێی کۆمەڵایەتی هانی نەتەوەسەنتەری دەدات

ململانێی کۆمەڵایەتی، بەشێکی سروشتیی ژیانی کۆمەڵایەتییە. لە هەر شوێنێك جیاوازی بوونی هەبێت یان لە هەر شوێنێك کە کەمایەسی هەبێت،

ململانێش بوونی هەیە ـ مەرج نییە دژایەتی توندوتیژ بێت، بەڵام لانیکەم ململانێیەك لەسەر هەر شتێك کە کەمایەسی هەیە لەئارادایە. دژایەتی ڕێکخراوەیی (دژایەتی نێوان ڕێکخراوەکان) زۆر جار هانی نەتەوەسەنتەری دەدات. شەڕی نێوان کۆمەڵگاکان باشترین نموونەیە، بەڵام ڕکابەرییە کەمتر توندوتیژەکانی نێوان کۆمپانیاکان، تیپەکان، یا کۆمەڵە بچووکەکانیش ئەم ئاراستەیە ئاشکرا دەکات. ئەو کەسانەی کە ئێمە لەگەڵیاندا ململانێ دەکەین کەم بایەختر لە ئێمە و بە شایەنی سووککردن لەلایەن ئێمەوە وێنا دەکرێن:

> ئێمە حەزمان لێیە ناشیرینترین پاڵنەرەکان بدەینە پاڵ دوژمنانمان، زۆربەی ئەو پاڵنەرانەی کە ئێمە خۆمان بە زەحمەت دەتوانین پاساویان بۆ بهێنینەوە: (ئێمە حەزمان لێیە باوەڕمان هەبێت بەوەی کە) دوژمن بە سروشت خیانەتکار، بێئەدەب، سووك، بێبەزەیی، گەندەڵ، خاڵی لە هەر جۆرە هەستێکی هاودەردی و بەزەییە و لەزەت لە دەستدرێژی لەبەر خودی دەستدرێژی دەبات. ئەو هەر کارێك کە دەیکات زۆر جار بە نەشیاوترین شێوە لێك دەدرێتەوە (SHIBUTANI, 1970, 1970; 226).

لە هەمانکاتدا، کاتێك کە دوچاری دژایەتی دەبین، زۆر جار پاڵنەر و شێوازەکانی خۆمان بە شەرەفمەندانە وەسف دەکەین.

> [ئێمە باوەڕمان وایە کە] کەمتر لەبەر هۆکاری چاوبرسێتی پەنا بۆ شەڕکردن دەبەین. ئێمە لە پێناو ئازادی و دادپەروەری یان بەرگریکردن لە بەرامبەر دەستدرێژیی بێ پاساودا شەڕ دەکەین. ئێمە بەهێز، بەجەرگ، ڕاستگۆ، خاوەن هەستی هاودەردی، ئاشتیخواز و، فیداکارین. ئێمە ڕێز لە سەربەخۆیی ئەوانی تر دەگرین و بەرامبەر بە هاوپەیمانەکانمان وەفادارین. (هەمان شوێن، 226).



لە ململانێ لەگەڵ ئەوانیتردا، ئێمە بەرەو ئایدیالیکردنی[1] شێوازەکانی خۆمان ئاراستە وەردەگرین. ئێمە بە شێوەیەکی ئیختیاری دەبینین کە ئەوان کێن و ئێمە کێین. ئێمە دەربارەی کەموکووڕییەکانی ئەوانی تر زیادەڕۆیی دەکەین؛ و سەبارەت بە سیفەتە باڵاکانی خۆمانیش بە هەمان شێوە. دوژمنان دەبنە بوونەوەرانێکی بێماف و سەیرکردنی جیهان لە ڕوانگەی ئەوانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو ئەستەم دەبێت. ئەوەی ئێمە دژی دوژمن ئەنجامی دەدەین بەلای ئێمەوە زیاتر قەبووڵکراو دەبێت، چونکە دەتوانین پاساوی ئەقڵانی بۆ بەرگریکردن لە چاکە بەرامبەر بە خراپە بهێنینەوە. دژایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە نەتەوەسەنتەریی خۆمان زیاتر بکەین و زیادکردنی نەتەوەسەنتەریمان یارمەتیی پاساو زیادکردنی دژایەتی دەدات. ئەم دووانە یەکتری بەهێز دەکەن و بە تێپەڕبوونی کات جیهان بە ئاشکرا وێنەی گۆڕەپانێکی ململانێی نێوان چاك و خراپ لە خۆ دەگرێت. بۆ نموونە قەیرانەکەی 1990 ـ 1991ی کەنداوی فارس بە شێوەیەکی بەرچاو شێوەی ململانێیەکی نێوان "هێزەکانی چاکە"، بە نوێنەرایەتی جۆرج بۆش و، "هێزەکانی خراپە"ی بە نوێنەرایەتی سەدام حسێن بەخۆوە گرت. جۆرج زیمڵ (1908) بە بیرمان دەهێنێتەوە کە ململانێی نێوان ڕێکخراوەکان نەك تەنیا هانی ئینتیمای گرووپی دەدات، بەڵکو هەروەها گوشار لەسەر هاودەنگی دروست دەکات تاوەکو ناڕەزایی ناوخۆیی دامرکێنێتەوە. پیاوە میانڕەو و ماقووڵەکان بە کردەیی بەبێ جووڵە لە شوێنی خۆیان ڕادەوەستن و خەڵك تەنیا سەروکاریان لەگەڵ دووبارەکردنەوەی هەمیشەیی یەك دیدگادا هەیە (SHIBUTANI, 1970; 228). لە کاتی شەڕدا، کۆمەڵگە بەرامبەر بە ڕەخنەگرتن لە نێو دانیشتوانی خۆیدا زۆر هەستیار دەبێت. ئەم جۆرە ڕەخنەگرتنە وەك نەبوونی ئینتیما لێکدەدرێتەوە، هەر

1. ideal (idealism)

بەو جۆرەی کە ململانێی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تر بە هەڕەشەیەك بەرامبەر بە هەر شتێك کە راستەقینەیە لێکدەدرێتەوە. ئارامگرتن لەسەر ناڕەزایەتی کاتێك کە کۆمەڵگە لە حاڵەتی ئاشتیدایە زۆر ئاسانترە. ململانێی کۆمەڵایەتی راستیی ئامانجی ئێمە، شێوازەکانی ئێمە و راستیەکانی ئێمە ئاشکرا دەکات. وەستاندنی ئەم دۆخەی دژایەتی کۆمەڵایەتی، نەتەوەسەنتەریی روو لە زیاد و بە دواداچوونی بیروباوەڕی کەمینە، هەر کە دەستی پێکرد ئیدی بۆ تاکەکان زۆر ئاڵۆزە. دەرەنجامی زۆربەی پێکدادانەکانی دارودەستەکان، شەڕ و شێوازەکانی ئاڵوێر زۆر بێبەزەییانەیە. بە کورتی، ململانێی نێوان رێکخراوەیی تاکەکان هان دەدات کە بە شێوەیەکی دروست باوەڕ بە ئامانج، شێواز و راستییەکانی خۆیان بهێنن.

## کۆکردنەوە

نەتەوەسەنتەری زۆر ئاساییە، ئێمە پێنج هۆکارمان بۆ هەبوونی ژماردووە کە زۆربەیان لە سروشتی رێکخراوی کۆمەڵایەتیدان.

1- **کارلێك** هانی نەتەوەسەنتەری دەدات، لەو رووەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە دەوروبەری کەسانێکی دیاریکراو بین، لەوانی تر جیا بینەوە و شارەزای بیروباوەڕگەلێکی دیاریکراو بین و لەسەریان رابێین نەك لەسەر بیروباوەڕێکی تر. بە تێپەڕبوونی کات ئەو کەسانەی کە ئێمە کارلێکیان لەگەڵ ئەنجام نادەین جیاواز، سەرسوڕهێنەر و زۆر جار کەمتر بە شایەن و شیاوی رێزگرتن دێنە پێش چاو.

2- **هەستی ئینتیما** بەرامبەر بە رێکخراو یارمەتیی نەتەوەسەنتەری دەدات. ئینتیما کاتێك سەرهەڵدەدات کە ئێمە هەست بە لێپرسراوێتی دەکەین و لەلایەن کەسانێکەوە کە نوێنەری رێکخراون



هان دەدرێین. دروشم و شتە پیرۆزەکان هانی ئینتیما دەدەن. ئەمانە هەر دووکیان یارمەتیی پیرۆز بوونی کولتوور لە زەینی کەسانێکدا دەدەن کە سەر بەو کولتوورەن.

3- **هەوڵەکانی نوێنەرانی کۆمەڵگە بۆ بەکۆمەڵایەتیکردنی تاکیش** یارمەتیی نەتەوەسەنتەری دەدەن. ئێمە فێر کراوین کە رێسا و بەهاکانی کۆمەڵگە راستەقینە و بیروباوەڕەکانی کۆمەڵگە واقیعین. بە کۆمەڵایەتیکردن وەها سەرکەوتووانە ئەنجام دەدرێت کە بە لای زۆربەمانەوە باوەڕ پێکراو نییە کە ئەوەی فێری ئێمە دەکرێت رێککەوتنێکە کە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە بارەی واقیعەوە ئەنجام دەدرێت. لەڕاستیدا، ئەوەی فێری ئێمە دەکرێت بەبێ هەڵسەنگاندنێکی ورد قەبووڵی دەکەین و زۆر جار کولتوور لە رێگەی ئێمەوە شێوەی دیاردەیەکی دانپێدانراو و ئاشکرا وەردەگرێت.

4 - **تەشەردان لەوانی تر وەك لادەر** جەختکردنەوەی دووبارەیە لەسەر نەتەوەسەنتەری و هاندەریەتی. ئێمە پێشێلکارانی رێساکانی خۆمان، کەسانێك کە بەهاگەلێکی جیاوازیان لەگەڵ بەهاکانی ئێمەدا هەیە ئیدانە و سزا دەدەین. بەم کارە، ئێمە باوەڕ بە خۆمان دەهێنین کە کولتووری ئێمە دروستە؛ ئێمە لە نێوان خۆمان و کەسانێکدا کە ئەوان بە هەڕەشەیەك بۆ خۆمان دەزانین هێڵێك دەکێشین و ئەندامە نوێیەکان لە بواری ئەو شتەدا کە ئەگەری قەبووڵکردنی نییە بە کۆمەڵایەتی دەکەین. هەموو ئەمانە لەبەرچاوگرتنی کولتووری خۆمان وەك پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی رەفتاری تاکەکەسی لە خۆ دەگرێت و بەمپێیە یارمەتیی نەتەوەسەنتەری دەدات.

5- **ستەمکردن لەوانی تر** نەتەوەسەنتەری هان دەدات، چونکە نەتەوەسەنتەری بە هۆی پاساو هێنانەوە بۆ ئەو رێوشوێنانەی کە

دژ بەوانی تر دەگیرێنە بەر و بە پێناسەکردنی ئەوان وەك تاکە کەسانێکی نزمتر خزمەتی ستەمکار دەکات.

6ـ **دژایەتی لەگەڵ بێگانان** نەتەوەسەنتەری لێدەکەوێتەوە. دژایەتی ئێمە ناچار دەکات لایەنی بەرامبەرمان بەدناو بکەین و حاڵەتە زیادەڕۆیانەترەکانی نەتەوەسەنتەری بۆ پاساو هێنانەوەی کردەکانی خۆمان بەدیبهێنین. کوژاندنەوەی ناڕەزایەتی لە سەردەمەکانی ململانێدا لە ئەنجامی ئەوەوە سەرهەڵدەدات کە ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگە بە خیانەت دادەنرێت. هاودەنگی و نەتەوەسەنتەری لەگەڵ ئینتیمادا بە یەکسان لە قەڵەم دەدرێن.

## جیاوزیە مرۆییەکان

بۆچی هەمووان ناتوانن وەك ئێمە بن؟ ئەم پرسیارە زۆر جار داوەرییەکی بەهایی لە خۆ دەگرێت. ("دواجار، شێوازەکانی ژیانی ئێمە باشترە!")، کەواتە ئەم پرسیارە نەتەوەسەنتەرانەیە. ("هزر و بەها و نۆرمەکانی ئێمە دروستن؛ ئەو بەهایانەی کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن کەمتر دروستن.")

بەمپێیە، وەرن با ئەم پرسیارە بەبێ داوەری بەهایی بخەینە روو، بەبێ ئەوەی نەتەوەسەنتەرانە بێت. وەرن با زانستیتر و بابەتیتر بین و پرسیارەکە بە دەربڕینێکی جیاواز بخەینە روو: "بۆچی خەڵك لەگەڵ یەکتردا جیاوازن؟"، "بۆچی کۆمەڵگەکان جیاوازن؟"، "بۆچی کۆمەڵە و گرووپ و ڕێکخراوە رەسمییەکان پێکەوە جیاوازیان هەیە؟"

### کارلێکی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە مرۆییەکان

ئێمە ئێستا دەبێ بەشێك لە وەڵامەکە بزانین. پێشتر لەم بەشەدا ئاماژەم بەوە کرد کە کارلێك جیاوازییەکان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. **کاتێك**



**کە تاکەکان پێکەوە سەرقاڵی کارلێك دەبن، ئەوان بەرەو لای یەکتر ڕادەکێشرێن و لە هەمانکاتدا لەوانی تر جیا دەبنەوە.** کارلێك واتای ئەوەیە کە تاکەکان لە بەهاکانی یەکتردا بەشداری دەکەن، ئەوان شارەزا دەبن، ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو وابەستەی یەکتر دەبن، ئەوان نموونە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنن، لەسەر کولتوور، بونیاد، دامەزراوەکان و ئەو شتانەی کە پێکیانهێناون رادێن. بە تێپەڕبوونی کات جیهانی ئەوان دەبێتە بەشێك لە خودی ئەوان و وا دەردەکەوێت کە بەشێکی سروشتییە لە هەموو جیهان.

ئەم کارلێکە و ئەو نموونە کۆمەڵایەتییانەی کە لێی دەکەونەوە تاکان لێك جیا دەکەنەوە. بیروباوەڕ و بەها و بنەما ئەخلاقی و نەریتەکانی من لەگەڵ بیروباوەڕ و بەها و بنەما ئەخلاقی و نەریتەکانی ئێوەدا جیاوازە، چونکە ئەو گرووپانەی کە ئێمە لەناویاندا پێکهاتووین جیاوازن. من لەلایەن کۆمەڵێك ڕێکخراوی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە کارم تێکراوە. مادە سەرخۆشکەر و هۆشبەرەکان بەشێك لە ژیانی من نین، چونکە کارلێکی من، منی بەرەو ئەو ئاراستەیە نەبردووە. دەتوانیت لە ناو کارلێکی مندا بە دوای بیروباوەڕە ئایینییەکانی مندا بگەڕێیت و بە هەمان شێوەش بە دوای خواست و تواناکانی مندا. ژیانی من لەگەڵ ژیانی ئێوەدا تا رادەیەك لەبەر ئەوە جیاوازە کە من لە *مینیاپۆلیس* گەورە بووم و دواتر چووم بۆ مۆرهێد[1] و ئێوە هەر لە *مینیاپۆلیس* مانەوە. ژیانی من لەگەڵ هی ئێوەدا جیاوازە لەبەر ئەوەی کە من لەگەڵ کۆمەڵناساندا کارلێك دەنوێنم، لە کاتێکدا کە ئێوە پەیوەندیگەلێکی جیاوازتان هەیە.

ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بە واتای واقیعی هاوبەشی، پەیوەندی و هاوکاری لەگەڵ تاکەکانی ناوەوەی ڕێکخراو و هەروەها جیاوازی، نەبوونی پەیوەندی

1. Fargo Moorhead

و، هاوکاریی زۆر کەمتر لەگەڵ تاکەکانی دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. کارلێك و ڕێکخراو، یەکگرتوویی ناوخۆیی و جیاوازییە دەرەکییەکانیان لێ دەکەوێتەوە. تا کاتێك کە کارلێك بوونی هەیە و تا ساتێك کە ئەم کارلێکە هەمووان هاوکات ناگرێتەوە، بۆ هەموومان مەحاڵە کە یەکسان بین.

## مێژووی کۆمەڵایەتی و جیاوازییە مرۆییەکان

هیچ کاتێك دوو کۆمەڵگە (یان گرووپ یان ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی یا کۆمەڵە بچووکترەکان) بە شێوەیەکی یەکسان نایەنە کایەوە. هەموویان مێژووی جیاوازیان هەیە. لایەنە تایبەتەکانی پەرەسەندنی ئەوان جیاوازیگەلێك لە نێوان کەسانێکدا کە لە ناوەوەی کۆمەڵگە و ئەوانەش کە لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیەن دروست دەکات و وەك "ئێمە" بوون بۆ "ئەوان" نامومکین دەکات. کۆمەڵگەکان لەوانەیە لەو ڕووەوە کە هەموویان سەرکردەگەلێکی کاریزماتیکی بەناوبانگیان لە مێژووی خۆیاندا هەیە - لینین، لۆسەر، محەممەد، گاندی، ناپلیۆن - وەك یەك بن، بەڵام هەریەکە لەم سەرکردانە کۆمەڵێك گۆڕانکاریی تایبەت بە خۆیان هێناوەتە کایەوە، بە پێچەوانەی سەرکردەکانی کۆمەڵگەکانی تر. هەر کۆمەڵگەیەك وەك ئاوێنەیەك لە نەریتەکان و تازەگەری لێدێت و ئەو ئاوێنەیە هەمیشە تایبەت دەبێت. هەر کۆمەڵگەیەك لە قۆناغێکی جیاواز لە پیشەسازی بووندا دەبێت و هەر یەکەیان بە پیشەسازی بوون لەگەڵ کەلەپوورێکی جیاوازدا ئاوێتە دەکات. هەر یەکەیان لەوانەیە تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئایینێکی سەرەکی ببەستێت و بەپێی ئەم مانایە، ئەوان وەك یەك دەبن، بەڵام هەر ئایینێك لە چەند لایەنی جیاوازەوە جیاواز دەبێت. تەنانەت کاتێك کە دوو کۆمەڵگە خاوەن یەك ئایین بن "بۆ نموونە ئایینی کاتۆلیك" هەر یەکەیان لە واقیعدا،



لەگەڵ ئەوی تر جیاواز دەبێت، چونکە ئایین لە زەمینەیەکی گەورەتری کۆمەڵایەتیدا بوونی دەبێت. ئێران، سوریا، میسر و، ئەندەنوسیا لەوانەیە هەموویان موسڵمان بن، بەڵام ژیان، هزر، بەها و تەنانەت ئایینی خەڵك لەبەر مێژووی جۆراوجۆری ئەوان جیاوازی بەرچاوی دەبێت.

هەموو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان مێژووی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەبەر ئەوە نموونەگەلێکی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تێکڕای ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر بەدیدەهێنن. من لە مینیاپۆلیس هەم بە گرووپی پۆکەرەوە بەسترابوومەوە و هەم بە گرووپی سەرمایەگوزارییەوە. کاتێك کە چوومە شارێکی تر، هەوڵم دا کە ئەم گرووپانە سەرلەنوێ دروست بکەمەوە ! ئەو گرووپانەی کە هێشتا لە مینیاپۆلیسدا هەن“ لە فارگۆ مۆرهێدیشدا بوونیان هەیە. لەگەڵ ئەوەی کە هەوڵم دا هەمان ئەو گرووپانەی کە لە مینیاپۆلیسدا هەبوون لێرەش پێکیانبهێنمەوە، کەچی ئەمان زۆر جیاواز دەرچوون. بۆچی ئەو گرووپانەی کە لە فارگۆ مۆرهێد دامەزران ناتوانن ڕێك و ڕاست وەك گرووپەکانی مینیاپۆلیس بن؟ چونکە ئەم گرووپانە لە ڕووی مێژووییانەوە: ئەزموونیان، کێشەکانیان، ڕێگاچارەکانیان و نموونە کۆمەڵایەتییەکانیان پێکەوە جیاوازیان هەبوو.

"بۆچی بۆ ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا تا ئەو ڕادەیە سەرکەوتن ئەستەمە؟ کەمینەکانی تر سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. گرووپە کۆچبەرەکانی تریش هەروەها. جوولەکەکان سەرکەوتوو بوون. ئەمرکییە بە ڕەگەز ژاپۆنییەکان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. چ شتێکی جیاواز سەبارەت بە ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان لە ئارادایە؟" وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزە، بەڵام بەشێکی لە مێژووە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانیاندا دەدۆزرێتەوە“ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا (لەو هێزەدا کە ئەفریقیەکانی هێنا بۆ ئەمریکا، لە دامەزراوەی کۆیلەداریدا، لە شەڕی

ناوخۆ، له ململانێ و سوڵتەی پاش جەنگی ناوخۆ، له کۆچکردنی ژمارەیەکی بەرچاو له سپیپێستەکان له کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و، له کۆچکردنی ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقییەکان له ناوچە گوندنشینەکانی باشوورەوە بۆ ناوچە شارییەکانی باکوور، له ماوەی جەنگی جیهانیی یەکەم و دوای ئەودا) و له چیەتیی پەیوەندی مێژووی نێوان سپیپێستەکان و ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقییەکاندا (نموونەکانی جیاکاری نەژادی، هەژاری، دەرکردن و سوڵتە که سەدانساڵ باو بوو)" له نموونەکانی کارلێکی ئێمەدا له کۆمەڵگەیەکی به تەواوەتی دابەشبوودا له رووی نەژادییەوە، که بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵە جیاکارە بێ کارلێك و پەیوەندیە ئازادەکان که ئەمانیش هانی نموونە کۆمەڵایەتییە جیاواز و هەندێ جار نەیار و ناسازگارەکانیان دەدەن" له کەلەپووری بێ متمانەیی و نائومێدیدا که به هۆی جیاکاری له هەموو کایەکانی ژیانی ئەمریکیدا زیاتر بەتین دەبوو؟ ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقیەکان لەگەڵ هەر کەمینەیەکی تری مێژووی ئێمەدا جیاوازن" ئەمریکیە بە رەگەز جوولەکەکان، ئەمریکیە بە رەگەز ژاپۆنییەکان، ئەمریکیە رەسەنەکان و ئەمریکیە بە رەگەز مەکسیکییەکانیش به هەمان جۆرن. هیچ هۆکارێك له ئارادا نییە که باوەڕ بکەین ئەم گرووپانە تەنیا لەبەر ئەوەی که بێبەشکراون یان بێبەش نەکراو بوون یەکسانن.

## کێشەکان و نموونە کۆمەڵایەتییەکان

کەواتە تاکەکان پێکەوە جیاوازن، چونکە کارلێکەکانیان ئەوان لێك جیا دەکاتەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی که مێژووی تایبەتمەندی ئەوان نموونە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان بەدیدەهێنن. گرووپەکان، رێکخراوە رەسمیەکان، کۆمەڵەکان و کۆمەڵگەکانیش بە شێوەیەکی جیاواز پێکەوە



پەرە دەسێنن، چونکە ئەو کێشانەی کە رووبەڕوویان دەبنەوە جیاوازن. رێکخراوەکان ستراکچەر، فەرهەنگ و دامەزراوەگەلێك دروست دەکەن کە کارسازن. چین ناتوانێت وەك ویلایەتە یەکگرتووەکان بێت، چونکە ئەو مەسەلانەی کە چین پێویستە چارەیان بکات لەگەڵ کێشەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا زۆر جیاوازن و لەبەر ئەوە پێویست بە نموونە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان دەکات. بۆ نموونە، کێشەی یەکێتی و رێکخستنی کۆمەڵایەتی هەمیشە مایەی نیگەرانیی چین بووە. چین لە واقیعدا لە ژمارەیەکی زۆر کۆمەڵگە پێکهاتووە نەك تەنیا لە یەك کۆمەڵگە

و، نەریتێکی بەهێزی جودابییخواز بە بەردەوامی لەو سەرزەوییەدا بوونی هەبووە. مێژووی چین مێژووی ئیمپراتۆریەتە فیدراڵییە جیاجیاکان، فەرمانڕەوا سەربازییە شەڕکەرەکان، حکوومەتە ناجێگیرەکان و ئابوورییە ناسەقامگیرەکانە. بەپێچەوانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئەگەرچی لە شێوەی ویلایەتە جیاجیاکاندا دەستی پێکرد، بەڵام نەریتی یەکێتی و یەکگرتووییەکی بەهێزتری هەیە کە لە شەڕی شۆڕشگێڕی و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی جودا لە ئینگلیز بەهێزتر و بە هۆی شەڕی ناوخۆوە سەپا و سیستەمەکانی هاتوچۆ و گواستنەوە، پەیوەندییەکان و ئابووری کە بە خێرایی پاش شەڕی ناوخۆ پەرەی سەند یارمەتیی گەشەسەندنیان دا. چین هەروەها لەلایەن ژاپۆنەوە دەستی بەسەردا گیراوە. یەکێتی سۆڤیەتیش هێرشی کردۆتە سەر کە لە ئەنجامدا جۆرێك لە بێمتمانەیی بەرامبەر بە دراوسێکانی پەیدا کردووە. ئەم واقیعە کاریگەری لەسەر شێوازەکانی کاری ئەو وڵاتە دەبێت. لە لایەکی ترەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرگیز شەڕەکانی بە دراوسێکانی نەدۆڕاندووە و رووبەڕووی مەترسی نەبۆتەوە. دواجار، ئەو کێشە و گرفتە گەورە دانیشتوانییەی کە لە ئەنجامی مێژووی دوورودرێژی ئینتیما بۆ خێزان و نەریتەکان و هەروەها مێژووی دووردرێژی

هەژاری ئەو وڵاتەوە پەرەیان سەندووە، چینی وەك كۆمەڵگەیەكی جیاواز لەگەل ویلایەتە یەكگرتووەكان لێكردووە.

به لەبەرچاوگرتنی ئەم كێشە جیاوازانە، چۆن دەتوانرێ وێنای ئەوە بكرێ كە كۆمەڵگەكانی ئەمریكا و چین بتوانن وەك یەك بن؟ چۆن دەتوانرێ وێنا بكرێ كە ئەوەی لە ئەمریكادا كارسازە دەكرێ لەوێش كارساز بێت؟ دامەزراوەی تایبەتی سەرمایەداری لەوانەیە دامەزراوەیەكی گرنگ بێت لە ویلایەتە یەكگرتووەكاندا، بەڵام گواستنەوەی بۆ كۆمەڵگەیەك بەو كێشە جیاوازانەی كە هەیەتی كە بە شێوەیەكی نەریتی خزمایەتی و (بەرژەوەندی) كۆمەڵی لە پێش تاكگەرایی داناوە، ئەستەمە.

ئەو تیپە وەرزشیانەی یاری بەیسبال كە ئالای پالەوانێتی بەرز دەكەنەوە، ناتوانن وەك ئەو تیپانەی بەیسبال بن كە هەوڵ دەدەن یەكەم یاریی خۆیان ببەنەوە. ئەو زانكۆیانەی كە بژاردەكان (نخبە) تێیاندا دەردەچن ناتوانن وەك ئەو زانكۆیانە بن كە هەوڵ دەدەن تا رادەیەك خوێندن فێری قوتابییەكانیان بكەن. ئەو كۆمەڵانەی كە رووبەرووی كێشە نوێیەكانی پیس بوونی ژینگە بوونەتەوە ناتوانن وەك ئەو كۆمەڵانە بن كە پێویستە چارەسەری كێشەی بێكاری بكەن.

ئێمە زۆر جار دوچاری ئەو دوودڵییە دەبین كە خۆمان لەگەڵ كۆمەڵگەكانی تردا بەراورد بكەین، سەبارەت بە پێشكەوتنەكانمان زیادەڕۆیی دەكەین یان تەنانەت دەربارەی شتێك كە حەز بە چاككردنی دەكەین سكاڵا دەكەین. بۆ ئەو تاكانە لە ئێمە كە لە بواری فێركردندا كار دەكەین شتێكی ئاساییە كە ئارەزووی سیستەمی خوێندنی ئینگلیز یان سەنگاپورمان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامانجی سیستەمی فێركردنی ئێمە هەمیشە لەگەڵ ئامانجی ئەو كۆمەڵگانەی تر جیاواز بووە. ئێمە هەوڵمان داوە كە سیستەمێكی قۆناغی ئامادەیی بچەسپێنین كە تا ئەو شوێنەی كە دەكرێ یارمەتیی یەكسانیی دەرفەتەكان بدات و، هەوڵی سیستەمێكی زانكۆیش كە تێدەكۆشێ



وەڵامی پێویستییەكانی هەموو دانیشتووان بداتەوە. لەبەر ئەوە ئەو دامەزراوانەی كە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا سەریان هەڵداوە لەگەڵ شوێنەكانی تردا جیاوازییان هەبووە. باش یان خراپ، سیستەمی ئێمە، سیستەمێكی ئازادە كە تێیدا دەرفەتگەلێكی زۆر بۆ سەركەوتنی تاك دەڕەخسێنن و تا كاتێك كە ئامانجی قوتابخانەكانمان بە شێوەیەكی سەرەكی نەگۆڕیوە، بەدیهێنانی سیستەمێكی فێركردنی وەك سیستەمەكانی تر ناومكینە. ئەگەر ئێمە تەنیا بە تواناترین تاكەكانمان لە رووی خوێندنەوە لە ئامادەییەكانماندا قەبووڵ كردبایە، دواتر دەرگای زانكۆكانمان بە رووی هەمووانـدا مەگەر بە تواناترینی تاكەكاندا دادەخست، ئەوا دەمانتوانی سیستەمێكی خوێندنی وەك ئەوەی لە كۆمەڵگەكانی تردا باوە پەیڕەو بكەین، بەڵام تێكڕای ئامانجی خوێندن و لەگەڵیشیدا تێكڕای چیەتیی كۆمەڵگەی ئێمە گۆڕانی بەسەردا هات. دامەزراوەكان لە بۆشاییدا سەرهەڵنادەن. شێوازەكانی كاری ئێمە لە بواری بەهاكان و ئەو پرسانەدا كە ئەوانمان بە گرنگ دەستنیشان كردووە پەرەیان سەندووە.

بە زمانی سادە، رێكخراوەكان لەبەر سێ هۆكار لەگەڵ یەكتردا جیاوازن: 1) كارلێك ئەوان جیا و جیاواز دەكات 2) مێژووی ئەوان تایبەتە بە خۆیان و 3) ئەو مەسەلانەی كە نموونە كۆمەڵایەتییەكانیان پێویستە چارەسەر بكرێن پێكەوە جیاوازن و، ئەم حاڵەتە لەسەر ئەوەی كە چ نموونەگەلێك بەدی دێن كاریگەری دادەنێت.

پێویستە هۆكارێكی چوارەمیش ئاماژەی پێ بكرێت. لە بیرتانە كە ئێمە پێشتر لەم بەشەدا تاوتوێی نەتەوەسەنتەریمان كرد، واتە مەیلی ئێمە بۆ بە دروست دانانی شێوازەكانی خۆمان و كەمتر سەرنجڕاكێشانی شێوازەكانی ئەوانی تر. **نەتەوەسەنتەری لەوەدا كە بۆچی ئێمە هەموومان جیاوازین خۆی پیشان دەدات.** لەو كاتەوە كە ئێمە دەست بە جیاوازكردنی خۆمان لەوانی تر دەكەین، دەست بە بەرگری كردنیش دەكەین لەوەی كە هەین، بەرگری لەو

شێوازانە دەکەین کە لەسەریان راهاتووین. ئێمە حەزمان لەوە نییە کە ئەوەی هەمانە وازی لێ بهێنین تاوەکو "وەك ئەوان"مان لێبێت و بۆ پاراستنی شێوازەکانی خۆمان ئەوەی دەتوانین ئەنجامی بدەین. بە هەر حاڵ، کێ دەیەوێت وەك بێگانەکان بێت؟ ئەگەر ئەوان بیانەوێت بە زۆر ئێمە ناچار بکەن، ئێمەش پەنا دەبەینە بەر زەبروزەنگ. ئەگەر ئەوان هەوڵ بدەن باوەڕەکانی ئێمە بگۆڕن، ئێمە بۆ کۆمەڵەکەی خۆمان دەگەڕێینەوە. نەك تەنیا ئێمە تێدەکۆشین پارێزگاری لە جیاوازیەکانمان بکەین، بەڵکو دژایەتی لەگەڵ ئەوانی تریش لەڕاستیدا هانمان دەدات واز لە جیاوازییەکانمان نەهێنین و تا ئەو شوێنەی کە دەتوانین پارێزگاری لە ناسنامە جیاوازەکانی خۆمان بکەین.

## کورتە و دەرەنجام

من و ئێوە لە یەك خانەی کۆمەڵایەتیدا دەژین. ئەوەی کە ئێمە لە چ شوێنێکدا بەسەر دەبەین و لەگەڵ چ کەسانێکدا دەژین لەسەر ئەوەی ئێمە کێین و چی دەکەین و چ باوەڕێکمان هەیە کاریگەری دروست دەکات. ئەمە، بەگوێرەی خۆی، من و ئێوە لێك جیاواز دەکات. توندیی کارلێکی ئێمە، مێژوو، کێشە و نموونەی رێکخراوەکانی ئێمە، لەگەڵ هەستی نەتەوەسەنتەریدا کە بە چ شێوەیەکی حەتمی سەرهەڵدەدەن، ئێمە بە جیاوازی دەهێڵنەوە و ئەگەرچی لە سەردەمێکدا لەوانەیە وا بێتە پێش چاو کە ئێوە هەرچی زیاتر وەك منتان لێدێت (یان بەپێچەوانەوە)، ئێمە دەبێ ئەو چاوەڕوانیەشمان هەبێت کە جیاوازییەکان لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە و هەمیشەش بە شێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێن.

فەرامۆشکردنی رۆڵی رێکخراوی کۆمەڵایەتی لە بەدیهێنانی جیاوازییەکانی نێوان تاکەکان ئاسانە. لە دەیەی 1990دا، ئێمە زۆر جار دەکەوتینە ژێر کاریگەرییە نەژادیەکان یان بایەلۆژییەکانەوە و بە هەمان



رادەش شەیدای روونکردنەوەکانیان دەبووین. روونکردنەوەی جیاوازییەکان لەسەر بنەمای ئەوەی کە تاکەکان لە رووی فیزیکییەوە چۆن دەنوێنن ئاسانە؛ بە یەکسان زانینی باوەڕ و رەفتار لەگەڵ رواڵەتی فیزیکیدا زۆر ئاسانە. جیاوازییە بایەلۆژییەکان، ئەگەرچی هەندێ جار بۆ دەرککردنی جیاوازییە تاکەکەسییەکان گرنگن، بۆ تێگەیشتنی جیاوازییەکانی نێوان گرووپەکان یان کۆمەڵگەکان بەکار نایەن.

ئێمە هەرگیز ناتوانین جیهانێکمان هەبێت کە تێیدا هەمووان رێککەوتن و هاوکاری کامڵیان هەبێت. ئەگەر راستیت بوێت، ئەسڵەن بۆچی دەبێ خوازیاری وەها جیهانێك بین؟ جیاوازییە مرۆییەکان مەرج نییە خراپ بن و بە باشی دەتوانرێ بەڵگە بهێنرێتەوە کە ئەوان باشن. بۆ نموونە، فرەڕەنگی هاندەری تێڕوانینێکی بەردەوامە بۆ دەرککردنی هەر شتێك کە لە جیهاندایە. فرەڕەنگی هانمان دەدات کە هەڵسەنگاندن بکەین کە ئێمە کێین، چۆن دەژین و باوەڕمان بە چ شتگەلێك هەیە. فرەچەشنی رێگا جێنشینەکان بۆ ئەوەی ئێمە دەیزانین، رێگاچارە نوێیەکان بۆ ئەو کێشە نوێیانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە و کۆمەڵە واتایەکی نوێ بۆ ژیانی ئێمە فەراهەم دەکات. فرەڕەنگی دەتوانێت فێری رێزگرتن لە جیاوازییەکان و نەرمونیانیمان بکات بەرامبەر بە تێڕوانینەکانی خۆمان بۆ واقیع. جۆراوجۆری دەتوانێت لە جیاتی قەبوولکردنی تەنیا ئەوەی زۆرینە دەیەوێت رێزگرتنی بەرامبەریان فێر بکات.

هەروەها نەتەوەسەنتەری چۆنە؟ ئایا باشە یان خراپ؟ هەڵبەت بە بەهاکانی ئێمەوە بەستراوەتەوە. وا دەردەکەوێ کە نەتەوەسەنتەری لەوانەیە یارمەتیی یەکڕیزی کۆمەڵایەتی و رێکخستنی کۆمەڵایەتی بدات. یارمەتیی پێکەوە بەستنەوەی ئێمە بدات و هەستی لێپرسراوێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە لە ناو ئێمەدا بچێنێت. گوێڕایەڵیی یاسا ئاسانتر دەکات، چونکە یاساکان بە پۆزەتیڤ دێنە پێش چاو. نەتەوەسەنتەری دەبێتە هۆی ئەوەی

که سەبارەت بە ناسنامەی خۆمان هەستێکی باشمان هەبێت و دڵنیاییەکی زیاتر بەرامبەر بە باوەڕەکانمان پەیدا بکەین. نەتەوەسەنتەری پاڵپشتێك بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات؛ یارمەتیی ئێمە دەدات پەی بەوە ببەین کە چ شتگەلێك لە جیهاندا باش و چ شتگەلێك باش نین. کۆمەڵی ئێمە هانمان دەدات کە پارێزگاری لە چۆنییەتییەکان و تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە خۆمان بکەین. کەمێك نەتەوەسەنتەری بێگومان و دوودڵی بۆ بەردەوام بوونی کۆمەڵگە زەرووریيە.

لەلایەکی ترەوە نەتەوەسەنتەری تێچووی زۆرە. لە دیدگای کۆمەڵگەوە، یارمەتیی داهێنان و گۆڕان و هەروەها چارەسەرکردنی گرفت و کێشە نوێیەکان نادات. هەر کاتێك کە وێنا دەکرێت کە هەر جۆرە گۆڕانێك، هەڕەشە لە تایبەتمەندییە جێی بایەخەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، خەڵك دژی گۆڕانکاری دەوەستنەوە. ئاراستەیەك بەرەو پشتگوێ خستنی کێشە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان سەرهەڵدەدات، چونکە چارەسەرکردنیان ئەوەندەی وازهێنان لە هیوایەتەکانمان بایەخی نییە. لەڕاستیدا، نەتەوەسەنتەری ئێمە لە دۆزینەوەی ئاراستەیەکی داهێنەرانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان رادەگرێت، چونکە ئێمەش بە شێوەیەکی گشتی پابەندین بە شێوازێکی تایبەت بە خۆمان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رووبەڕوومان دەبنەوە.

لە دیدگای تاکەوە، نەتەوەسەنتەری دەبێتە رێگر لەبەردەم بەها گرنگەکاندا کە ئێمە لەوانەیە هەمانبێت. نەتەوەسەنتەری دەبێتە کۆسپ لەبەردەم ئەوەدا کە لەوانی تر تێبگەین، چونکە ئێمە ناچار بە داوەریی دەستبەجێ سەبارەت بە کەسانێك دەکات کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن. نەتەوەسەنتەری هانی بیرتەسکی و نەبوونی حەز و ئارەزوو بۆ ناسینی زۆرێك لە جیاوازییەکان، بەو جۆرەی کە هەن، دەدات. نەتەوەسەنتەری نەك تەنیا دەبێتە رێگر لە بەردەم دەرکی ئەوانی تردا، بەڵکو تەگەرە لەبەردەم



دەرککردنی خۆشماندا دروست دەکات. چونکە ئێمە هەرگیز ناتوانین لەو واقیعە تێبگەین کە ئێمە، کۆمەڵگەکەمان و یاسا و راستییەکانی، تا رادەیەکی زۆر، بەشێکن لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی. نەتەوەسەنتەری بەرەو تێکەڵکردنی کولتوور لەگەڵ راستی ئاراستە وەردەگرێت؛ نەتەوەسەنتەری دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە هەست بەوە بکەین کە ئەوەی باوەڕمان پێیەتی، راست و دروستە لە جیاتی ئەوەی کە باوەڕمان وا بێت کە ئەوان بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی بەدی هاتوون و لەبەردەم رەخنەگرتندان.

دواجار، نەتەوەسەنتەری زۆر جار هانی بێبەزەیی بوون دەدات و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە. ئەوانەی کە بە دوای دەرفەتێکی سیاسیدا دەگەڕێن نەتەوەسەنتەری بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بە مەبەستی بەدواداچوون و ئازادیی ئەوانی تر و جەنگان دژیان بەکار دەهێنن. سوود لە نەتەوەسەنتەری بۆ پاساو هێنانەوەی دزیکردن لەوانی تر و بە کۆیلەگرتنیان وەردەگیرێت. نەتەوەسەنتەری دەبێتە هۆی بەدواداچوون و ئازاردانی کەمینەکان و لە ناوبردنی ئەو تاکانەی کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازن. کێشە ئەوەیە کە نەتەوەسەنتەری یارمەتیی بەردەوامی کۆمەڵگە و ئارامیی ئەندامەکانی دەدات؛ بەمپێیە، ئەو تایبەتمەندییە گرنگانەی کە زۆرێك بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك بە کۆڵەکەی سەرەکی دەزانن لاواز دەکات.

# 8

# بۆچی چارەڕەشی لە جیهاندا بوونی هەیە؟

## کۆمەڵگە، سەرچاوەی گرنگی کێشە کۆمەڵایەتییەکان

ئەریك فرۆم، لە کتێبی ***ئەو دیو زنجیرەکانی گومان*** (1962)دا باسی سێ رووداو دەکات کە ئیلهامبەخشی ئەو بوون بۆ ئەوەی ببێتە زانای کۆمەڵایەتی. رووداوی یەکەم خۆکوشتنی هاوڕێیەکی ئازیزی بوو، راستەوخۆ دوای مردنی باوکی. رووداوی دووەمیان جەنگی جیهانیی یەکەم بوو، جەنگێك کە دوچاری نەتەوە "خاوەن شارستانیەتەکان"بووەوە و هەر یەکەیان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە راستی لای ئەوە. سێیەم رووداو کوشتنی بەکۆمەڵی جوولەکەکان بوو لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا لەلایەن یەکێك لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگەکانی جیهانەوە. ئەم سێ رووداوە فرۆمی ناچار کرد بۆئەوەی لە پێناو دامەزراندنی جیهانێکی دادپەروەرانەتردا هەوڵ بدات تاوەکو لە مرۆڤەکان تێبگات.

تەنانەت ئەم جۆرە خۆکوشتن و، نەوە کوشتن و جەنگە لانیکەم لەبەر دوو هۆکار پێویستی بە روونکردنەوە هەیە: دەرککردن بە هۆکارەکانیان دژوارە و ئەم بەهایەی کە مرۆڤ لە بری ئەم رەنج و چارە دەیدات، پێویستی



بە رێگاچارەیەکی جددی هەیە. هەموو کارەکانی فرۆم هەوڵێك بوون بۆ تێگەیشتن لە کرداری مرۆڤەکان و ئەو بەڵگانەی کە بۆچی تا ئەو رادەیە چارەڕەشی و ناعەدالەتی لە جیهاندا بوونی هەیە. کۆششی فرۆم وەکو هەوڵەکانی زۆرێك لە بیرمەندە گەورەکانی دیکەیە و دەبێت بە لای هەموومانەوە گرنگ بێت.

کۆمەڵناسی بەردەوام سەرنجی کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی راکێشاوە کە ئارەزوومەندی تێگەیشتن لە هۆکارەکانی چارەڕەشی و چەسپاندنی دادپەروەری بوون لە جیهاندا. کارل مارکس، لە کاردانەوەیەکدا بۆ بارودۆخی مەترسیداری هەژاری و کەڵەکەبوونی سەروەت و سامان لەلایەن ژمارەیەکی کەمەوە، بەهرەی لە خەونی یەکسانی بۆ هەمووان وەرگرت. ئیمێل دۆرکهایم، لە کاردانەوەیدا بۆ بارودۆخی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و گەشەسەندنی تاکگەرایی بە دوای جیهانێکدا دەگەڕا کە خەڵك تێیدا لە رێگەی هەستێکی هاوبەشی ئەخلاقییەوە پێکەوە بەستراونەتەوە. کاردانەوەی کۆمەڵناسانی ئەمریکی، بۆ کێشەکانی کۆچکردن، شارنشینی، هەژاری و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، دەستیان دابووە دروستکردنی زانستێکی کردەیی کە بۆ تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی کێشە جددییە کۆمەڵایەتییەکان بەکار بهێنرێت. لەڕاستیدا، زۆرێك لە کۆمەڵناسانی وەك فرۆم، گەشتی فیکریی خۆیان بە هۆی تامەزرۆییان بۆ چاککردنەوەی بارودۆخی مرۆڤ دەست پێدەکەن. ئۆگست کۆنت، دامەزرێنەری کۆمەڵناسی لە سەدەی نۆزدەیەمدا، باوەڕی وا بوو کە بەشێکی زانستی بونیاد دەنێت کە بە خوێندنەوە و چارەکردنی ئەو کێشانەی کە مرۆڤەکان ئازار دەدات، مرۆڤەکان رزگار دەکات. کۆنت بێگومان لەوەدا کە کۆمەڵناسی دەتوانێت ئەنجامی بدات زێدەڕۆیی کرد، بەڵام هێشتا لە زۆربەماندا ئەم باوەڕبوونە هەیە کە زانستی کۆمەڵناسی دەتوانێت یارمەتییەکی بەرچاوی باشکردنی جیهان بدات.

جێی سەرسوڕمانە کە پێناسەکردنی **چارەڕەشی** ئاڵۆزە. "بەدبەختی" و "ڕەنج" لێیەوە نزیکن، بەڵام بەدبەختی تینێکی کەمتری هەیە و، هەردوو زاراوەکە بەڵگەن لەسەر حاڵەتێکی کاتیتر. هەموو کەسێك هەندێ جار هەست بە بەدبەختی دەکات؛ هەموو کەسێك هەندێ جار ڕەنج و ئازار دەبینێت. لەوانەیە بتوانرێت چارەڕەشی بە واتای حاڵەتێك لە ڕەنج و بەدبەختیی بەردەوام و درێژخایەن باشتر دەرك پێبکرێت.

دەستنیشانی جیاوازی لە نێوان **هەستی زیهنیی** چارەڕەشی و ئەو **بارودۆخە بابەتییەی** کە ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە دەبینە هۆی چارەڕەشی گرنگە. لە لایەکەوە، چارەڕەشی دەبێت وەك حاڵەتێکی زیهنی وێنا بکرێت، واتە ئەوەی کە تاکەکان چۆن هەست دەکەن و ژیانی خۆیان چۆن دەبینن. تاکەکان لەوانەیە لەبەر کۆمەڵێك هۆکار هەست بە چارەڕەشی و بێچارەیی بکەن: بەدچانسی، هەڵە، نەبوونی هاوسەنگی کیمیاوی، ئامادەییە جێنەتیکییەکان، پەروەردەی سەرەتایی تەمەنی منداڵی، چاوەڕوانیی لەرادەبەدەری دایك و باوك، دەرکردن لەلایەن گرووپی هاوڕێیانەوە[1]، زیان و لێدان و شکستی تاکەکەسی، ڕاهاتن لەسەر مادە هۆشبەرەکان، خەمۆکی، نرخ دانەنان بۆ خود و نائومێدی جۆرەکانی چارەڕەشین کە زۆرێك لە خەڵك هەستیان پێدەکەن. تاکەکان لەوانەیە لە چەندەها بارودۆخی ژیاندا هەست بە چارەڕەشی بکەن. هەبوونی سەروەت و سامان نابێتە ڕێگر لە بەردەم چارەڕەشیدا، بە دەستهێنانی پلەی دکتۆرا یان پزیشکی هیچ گرفتێك نییە لە بەردەمیدا. لەڕاستیدا، مەرجیش نییە ئەو کەسانە کە لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی هەژاری یان چەوسانەوەدا دەژین، ژیانێکی پڕ لە ڕەنج و چارەڕەشییان هەبێت، هەرچەندە چاوەڕوانیش ناکرێت بەم چەشنە بێت. لەبەر چەند هۆکارێك، هەندێك لە تاکەکان، کە لە ناو چارەڕەشیدا نوقم

1 . peer group



بوون دەتوانن ژیانێکی تا ڕادەیەك بەختەوەرانە و بەرهەمهێنەر بۆ خۆیان بڕەخسێنن. ئەوانە دان بە هەستی چارەڕەشی لە ژیانیاندا نانێن.

بەمپێیە، تەنیا بەپێی ڕێککەوت نییە کە چارەڕەشی بە نسیبی هەندێك دەبێت و ڕووبەڕووی ئەوانی تر نابێتەوە. زۆر جار چارەڕەشی بە هۆی هەندێك بارودۆخی دیاریکراوەوە لە نێو خەڵکدا سەرهەڵدەدات. هەمیشە هۆکارەکان لە ئارادا بوون و، ئەو بانگەشەیەی کە بارودۆخەکان نابنە هۆکاری سەرهەڵدانی ـ بارودۆخی فیزیکی، دەروونی، کۆمەڵایەتی ـ ئینکاری ڕاستییەکی زۆر گرنگ و، گوێنەدانە بە دروستکردنی گۆڕانکاری لەم بارودۆخانە و خۆ بە دوورگرتنە لە هەوڵدان بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە لەم بارودۆخانەدا گیریان خواردووە.

کۆمەڵناسان تەرکیزی زیاتر لەسەر ئەو بارودۆخانەدا دەکەن کە یارمەتیی چارەڕەشی دەدەن نەك ئەوەی کە بۆچی تاکەکان تا ئەو ڕادەیە هەست بە چارەڕەشی دەکەن. جێی سەرسوڕمان نییە کە کۆمەڵناسان جەخت لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەکەنەوە. هەژاری یەکێکە لەم جۆرە بارودۆخانە. هەژاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێك گیروگرفت لەژیانی تاکەکاندا دروست دەکات: چەوسانەوە، قورسی بژێوی و ئاڵۆزیی درێژخایەنی ئابووری، بوونە قوربانی، نەبوونی دەرفەتگەلی گونجاو لە کۆمەڵگە، لاوازی لە پاراستنی خود و بنەماڵە لە نەخۆشی، برسیەتی و تاوان و کوشتار.

کۆمەڵناسی تەنیا دیدگایەك نییە کە یارمەتیی ئێمە دەدات بۆ ئەوەی چارەڕەشی لە جیهاندا بدۆزینەوە. دەروونناسان و دەروونشیکارانیش دەست دەدەنە پشکنین و چارەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە بە دەست نەخۆشییە دەروونییەکانی شیزۆفرینیا و پارانویاوە دەناڵێنن، ئەوانەش باوەڕیان بە خۆکوشتن هەیە و هەروەها تووشبوان بە دەروون پەرێشانی ـ شێتی ـ خەمۆکی و ئەوانەی کە خاڵین لە هەر جۆرە ڕێزگرتنێکی خود و خۆکۆنترۆڵکردنێك. ئەوان کۆمەڵێك سەرەداوی زۆر گرنگیان سەبارەت

بەوەی کە بۆچی چارەڕەشی بوونی هەیە دەستنیشان کردووە، لەوانە تێکچوونی هاوسەنگیی کیمیایی، ئامادەیی جەنەتێکی، پەروەردەی سەرەتایی سەردەمی منداڵی، لێدان، گەشەی کەسایەتی و سەرکەوتوو نەبوون لە پرۆسەی خوێندن و هاوڕێیەتییەکان. رابەرانی ئایینی و فەیلەسووفان زۆر جاران بە دوای هۆکارە رۆحییەکاندا دەگەڕێن و خوازیاری چارەسەرگەلێکی مەعنەوی و رۆحین. چارەڕەشی لەو رووەوە بوونی هەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئێمە راست نین، بەهاکانمان لاواز و، کردەکانمان نائەخلاقین. ئەوان زیاتر دەیانەوێت پەی بەوە بەرن کە بۆچی زۆرێك لە ئێمە بەبێ بنەما ئایینی یان ئەخلاقییەکان دەژین.

چارەڕەشی کێشەیەکی ئایینییە، چونکە بۆ کەسایەتییە بیرمەندەکان کۆمەڵە پرسیارێکی بنەڕەتی دەخاتە روو، وەك ئەوەی کە خودا چییە و واتای ژین چییە؟ بۆ زۆرێك لە رابەرانی مەزهەبیی سەدەی بیستەم، ئەم پرسیارە لە ئارادایە کە: چۆن خودایەکی دادپەروەر دەتوانێت رازی بێت بە دنیایەك کە تێیدا ئەم هەموو چارەڕەشی و بێچارەییە هەیە؟ سەرنجی جەنگەکانی ئەم سەدەیە بدەن. سەیری کۆمەڵکوژییەکان لە ناو کوورەکانی مرۆڤ سووتاندن لە کاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بکەن، چاوێك لە برسێتی و نەخۆشییە گشتگیرەکان کە هەزاران کەس لە جیهاندا دەکەنە قوربانی بکەن و تەنانەت سەیری ملیۆنان بێتاوان بکەن. سەیری خەڵکانێك کە هەموو رۆژێك دەکوژرێن، هێرش کردنە سەر رێبواران و دزیکردن لێیان لە شوێنە گشتییەکان، فرۆشیارانی مادە هۆشبەرەکان، ژیان لەو کۆڵانانەی کە بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکاندا سەپاوە. ئەی رۆڵی خودا چییە؟ ئایا خودا بەڕاستی میهرەبانە؟ ئایا لە هەر حاڵەتێکدا خودا هۆکاری ئەم شتانەیە؟ ئایا پشتهەڵکردنی ئێمە لە خودا هۆکارەکەیەتی؟ چۆن دەتوانرێت چارەڕەشی روون بکرێتەوە؟

کەسایەتییە ئایینییەکان بۆ وردبوونەوە لە چارەڕەشی و رۆڵی هێزە سرووشتیەکان زۆر جار پشت بە چیرۆکی ئەییوب دەبەستن لە تەوراتدا. بۆ



نموونە رابی هارۆڵد کۆشنەر[1] (1981) ئەم چیرۆکە بۆ پیشاندانی کێشە ئەخلاقییەکەی خۆی ـ و زۆرێك لە تاکەکانی تر ـ بەکار دەهێنێت. ئەییوب بە پیاوێکی زۆر چاکەکار باسی لێوە کراوە. ئەم پیاوە ژیانێکی زۆر خۆشی هەیە بەڵام هەموو شتێکی خۆی لە دەست دەدات. چۆن خودای دادپەروەری بەتوانا و رەها رێگا دەدات وەها رووداوێك رووبدات؟ ئەییوب چی کردبوو کە شایەنی ئەو رووداوە بێت. کۆشنەر دەپرسێت چۆن مومکینە کە خودایەکی دادپەروەر و بەتوانای رەها، ئەییوب، ئەم پیاوچاکە دوچاری رەنج و سزای چارەڕەشی بکات؟ کۆشنەر دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ناتوانرێت لە یەك کاتدا باوەڕ بە هەر سێ چەمکەکە بکرێت ـ دەکرێت باوەڕ بە دوانیان بکرێت، بەڵام هەرسێکیان نا. یان ئەییوب بەڕاستی چاکەکار نییە. یان خودا، خودایەکی دادپەروەر نییە یان توانای رەها نییە. بۆ نموونە ئەگەر ئەییوب چاکەکار نەبێت، لەم دۆخەدا توانایەکی رەها و دادپەروەر کە دەبێتە هۆی چارەڕەشیی ئەو واتا پەیدا دەکات ـ سزادان مەنتیقییە. یان ئەگەر خودای بەتوانای رەها دادپەروەر نەبێت، قابیلی دەرکە کە ئەم خودایە هەر کەسێك، تەنانەت پیاوێکی چاکەکاریش تووشی چارەڕەشی و بێچارەیی بکات. وەڵامی کۆشنەر بۆ ئەم کێشەیە ئەمەیە کە ئەییوب دەبێ پیاوێکی چاکەکار بووبێت، چونکە چیرۆکەکە بەبێ ئەم سەرەتایە واتایەکی نییە. کۆشنەر هەروەها باوەڕی وایە کە خودا دەبێت دادپەروەر بێت، چونکە ئەو واتایەك لە باوەڕ بە خودایەکدا کە دادپەروەر نییە نابینێت. ئەمە تێگەیشتنی سێیەمە ـ ئەوەی کە خودا توانای رەهایە ـ کە کۆشنەر باوەڕی وایە مەرج نییە وەها بێت. شتگەلێك لەم دنیایەدا روودەدات کە خودای توانای رەها نابێتە هۆکاری، بەڵکو دەرەنجامی هۆکارە سروشتییەکانن. چارەڕەشی کاری خودا نییە، بەڵکو لە ناوەوەی رێکخستنی سروشتی هەبوودا روودەدات. ئەییوب

1 . Rabbi Harold kushner

چارەڕەشە، چونکە شتە خراپەکان بۆ کەسە باشەکان و هەم بۆ تاکە خراپەکان روودەدەن. کەسێك دوچاری نەخۆشی دەبێت کە میکرۆبی تووش دەبێت نەك کەسێك کە خراپە. بوومەلەرزە ئەو شتانە لە ناو دەبات کە لە ناوچە زیان لێکەوتووەکەدا هەیە نەك ئەو شتانەی کە هی کەسە خراپەکانە. نە میکرۆب و نە بوومەلەرزە جیاوازی لە نێوان کەسانی دادپەروەر و نادادپەروەردا ناکەن. بۆ تێگەیشتنی چارەڕەشیی مرۆڤ پێویستە ئێمە لە هۆکارە سروشتی - و تا رادەیەکی زۆر کۆمەڵایەتییەکان - تێبگەین. چارەڕەشی لەبەر هۆکاری بارودۆخی دیاریکراوی هەنووکەیی لە سروشت و کۆمەڵگەدا روودەدات. ئەمە بیروڕای زاناکانە: ئەوان هەوڵ دەدەن ئەم بارودۆخانە کەشف بکەن. کۆمەڵناسان، بەتایبەت، تەرکیزیان لەسەر کۆمەڵە بارودۆخێك چڕ دەکەنەوە کە کۆمەڵایەتین.

کۆمەڵناسی تەنیا یەکێك لە روونکردنەوەکانی چارەڕەشی دەخاتە روو. دەروونناسی روونکردنەوەیەکی زۆر گرنگی تر پێشنیاز دەکات و، ئێمە دەبێت دەرك بە تێڕوانینە ئایینی و فەلسەفییەکانیش بکەین. دەکرێ کەسایەتی، هێزە سەروو سروشتییەکان، سروشتی مرۆیی، یان سزادان بۆ ئەو هەڵبژاردنانەی کە ئەنجامیان دەدەین ئەو روونکردنەوە ئەگەر هەڵگرانە بن کە بۆمان رۆشن بکەنەوە کە بۆچی چارەڕەشی روودەدات. بەڵام کۆمەڵناسی لەگەڵ روونکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات و بەویش کۆتایی دێت و، بە باوەڕی من، ئەمە تا رادەیەکی زۆر تێگەیشتنی ئێمە لەم بارەیەوە بەرەو پێشەوە دەبات. دۆرکهایم لە دێرزمانەوە ئێمەی ئاگادار کردۆتەوە کە ئەگەر دەمانەوێ دەرك بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بکەین پێویستە سەرنجی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بدەین. ئەگەر هەژاری، توندوتیژی، خراپەکاری، زوڵم و کاری بێ مانا بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بن (کە هەن)، کەواتە ئێمە دەبێت گرنگی بە روونکردنەوەی کۆمەڵایەتی بدەین. ئەگەر خۆکوشتن، راهاتن لەسەر مادە هۆشبەرەکان و، ترس لە



کۆمەڵگەدا باو بێت (کە هەیە) ئێمە دەبێت چیەتیی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ تێگەیشتنی ئەم کردە بە رواڵەت تاکەکەسیانە تاوتوێ و خوێندنەوەیان بۆ بکەین. هەندێ جار دارمانی کۆمەڵگە هۆکاری ئەم بێسەروبەریانەیە؛ جاری واش هەیە لەڕاستیدا کارکردی سەرکەوتوانەی کۆمەڵگە دەبێتە هۆکاری. کۆمەڵناسان سەرەتا نایەکسانیی کۆمەڵایەتی وەك سەرچاوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بنچینەی چارەڕەشی پێکدەهێنن سەیر دەکەن. هەژاری، ستەم، بەکارهێنانی ئەوانی تر، نەبوونی هیوا و رێزگرتنی خود زۆرێك لە تاکەکان دوچاری چارەڕەشی دەکەن و، ئەمانە پەیوەندییان بە نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە. نایەکسانی دامەزراوەگەلێکیش دادەمەزرێنێت - بۆ نموونە، قوتابخانە گشتییەکان، چاودێرییە پزیشکییە تایبەتەکان و، سیستەمێکی پاداشت و سزا کە بە سوودی کەسانێکە کە توانای دانی پارە (دیاریکراوەکە)یان هەیە - و بە قازانجی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی نییە و ناشتوانرێت ببێت و بارودۆخێکی وێرانکەری بۆ زۆرێك لە خەڵکی لێدەکەوێتەوە. دواجار، ئەو کۆمەڵگانەی کە لەسەر بنەمای نایەکسانی بونیاد نراون تاکگەلێك بەرهەم دەهێنن کە بێجگە لەوەی کە هەیانە، هەست بە چارەڕەشی دەکەن، با لە بارودۆخێکی بێبەشکردنی روون و ئاشکراشدا نەژین.


ململانێی کۆمەڵایەتی وێرانکەری بەرفراوان و داڕووخانی دیسپلینی کۆمەڵایەتی دووەمین سەرچاوەی چارەڕەشیی مرۆڤە لە دیدگای کۆمەڵناسییەوە. کۆمەڵگە تا رادەیەکی زۆر رێکخستنێکە لەسەر بنەمای هاوکاری راوەستاوە. ئەم نەزمە لەسەر بنەمای متمانە و رێککەوتن دامەزراوە. ململانێ لە کۆمەڵگەدا زەرووریە و یارمەتیی کۆمەڵگە دەدات، بەڵام دژایەتی جاری وا هەیە وێرانکەر دەبێت، ژیان تێکدەدات و لە ناو دەبات و ئاژاوە و هەراوهوریا دەنێتەوە. بۆ زۆرێك لە خەڵکی، دژایەتی ترس و هەستی ئازار بینین لە بەرامبەر ئارەزووەکانی ئەوانی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

سێیەم، کۆمەڵناسان تەرکیزیان لەسەر بە کۆمەڵایەتی بوون چڕ دەکەنەوە. مرۆڤەکان بە کۆمەڵایەتی دەبن، یان فێری شێوازەکانی کۆمەڵگە، لە کاتی لە دایکبوونەوە تا مردن، دەکرێن. بە کۆمەڵایەتی بوون بە شێوازگەلێکی ئاڵۆزی زۆرەوە چارەڕەشی بۆ مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت. بۆ هەندێك بە کۆمەڵایەتی بوون بەس نییە و تاك پشت و پەنایەکی کۆمەڵایەتی و سۆزداری گونجاوی نییە یان فێری خۆ بەڕێوەبردنی پێویست بۆ چارەسەرکردنی سەرکەوتوانەی کێشەکان ناکرێت. بۆ ئەوانی تر، بە کۆمەڵایەتی بوون ڕێساگەلێکی ئەخلاقییان فێر دەکات کە یارمەتی بەکارهێنان و لە ناوبردنی ئەوانی تر دەدات. هەروەها بۆ هەندێکی تر، بە کۆمەڵایەتی بوون کۆمەڵە چاوەڕوانییەکی ناواقیعبینانە بەدی دەهێنێت بە شێوەیەك کە تاك هەرچەندەش سەرکەوتوو بێت، ناتوانێت بەسەر هەستی چارەڕەشیدا زاڵ بێت.

دواجار، چەندین ڕێبازی گرنگ لە کۆمەڵناسیدا وەك یەکێك لە هۆکارەکانی چارەڕەشی سەیری نامۆبوون دەکەن. نامۆبوون جیابوونەوەی خەڵکە لە یەکتر، لە کاری ئامانجدار و، لە خودی خود (واتە، هەستی موڵکدارێتی بەرامبەر بە سەرەکیترین دارایی ئێمە، یان خودی خۆمان). بارودۆخی هەنووکەیی لە کۆمەڵگەدا نامۆبوونی تاکیان لێدەکەوێتەوە و ئەم نامۆبوونە چوارەمین هۆکاری چارەڕەشیی مرۆڤە.

وێنەیەك کە لێرەدا هاتووە ئەم چوار هۆکارە گشتییەی چارەڕەشی کۆ دەکاتەوە. لە بەشەکانی دیکەدا سەبارەت بە هەر هۆکارێك قووڵتر گفتوگۆ دەکرێت.






## یەکەمین هۆکاری چارەڕەشی: نایەکسانیی کۆمەڵایەتی

نایەکسانی بۆ زۆرێك لە خەڵکی چارەڕەشی دەهێنێت، لە ڕووبەڕووبوونەوەیاندا بۆ سەرکەوتن، ئەوان (یان باوباپیرانیان) شکست دەهێنن و دواجار وابەستە، بێدەسەڵات دەبن یان بەکار دەهێنرێن. ژیانیان پڕیەتی لە نائومێدی و زۆر جار تەنیا بۆ مانەوە و ژیان رکابەری دەکەن. ئەوان رق و قینی خۆیان دەخۆنەوە یان ڕووبەڕووی ئەوانی تری دەکەنەوە، کە ئەوانیش بە گوێرەی خۆیان دەبنە قوربانی. بەمپێیە هەم ستەمکاران و هەم ئەوانەش کە لە دەوروبەریاندان دەبنە قوربانی). نایەکسانی هەروەها لەوانەیە یارمەتیی ئەو کەسانە بدات کە دەتوانن ژمارەیەکی زیاتر لە قوربانیان بەکاربهێنن و لەناویان ببەن، بۆ ئەوەی شوێنگەیەکی دڵنیاتر لە کۆمەڵگەدا بەدەست بهێنن.

بێگومان، ئاراستەکردنێکی زۆر بۆ کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای نایەکسانی بونیاد نراوە لەئارادایە. ئێمە زۆر جار ئەمە (کە لە چوارچێوەی

بەڵێنیی پاداشتە ماددییەکاندا دەخرێتە روو) لە زمانی رابەرانی سیاسی، راگەیاندنە گشتییەکان، مامۆستایانی زانکۆ و خێزانەوە دەبیستین: "زۆر کار بکەن، ئێوەش دەتوانن بکەونە پێش ئەوانی تر، ئێوەش لە تواناتاندایە سەرکەوتنی مادی بەدەست بهێنن." "بەڵێنی پاداشتی گەورە بەو کەسانەی کە زۆر کار دەکەن و زیرەکانە هەڵسوکەوت دەکەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی باش بایەخێکی بنەڕەتی هەیە." "لە پێناو هاندانی تاکەکان بۆ سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان و بۆ یارمەتیدانیان بۆ قەبووڵکردنی پیشە ئاڵۆز و خاوەن لێپرسراوییەتییەکان، پێویستە بە وەرگرتنی پاداشتە زۆر بەنرخەکان ئومێدەواریان بکەین." "خەڵك بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان مافی ئەوەیان هەیە پارێزگاری لە هەر شتێك بکەن کە دروستی دەکەن." بە کردەیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە نایەکسانی هەیە، فەلسەفەیەکیش بوونی هەیە کە هەوڵ دەدات پاساوی بۆ بهێنێتەوە.

بەپێی پێناسە، نایەکسانی واتای ئەوەیە کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە گرووپە دوانییەکانەوە تا کۆمەڵگەکان، هەندێ کەس لە شوێنگەیەکی گونجاوتردان لەوانی تر. لە شوێنێکدا کە نایەکسانی بوونی هەیە، هەندێك لە پلەکانی سەرەوەی پەیژەی کۆمەڵایەتیدا دەبن و هەندێك لە خوارەوە. هەموان ناتوانن بگەنە پلەکانی سەرەوە. لە پۆلێکدا هەمووان ناتوانن بەپێی هێڵی ئاسایی، بەرزترین نمرە وەربگرن. لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداریدا هەموو کەسەکان ناتوانن ملیۆنەر بن. لەڕاستیدا، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی میلۆنەرەکان زیاتر لە هەموو شتێك ئەوەیە کە هەندێك لە تاکەکان ئەوانی تر ناچار بکەن بەنرخێکی زۆر کەمتر لەوەی ئەوان (میلیۆنەرەکان) وەری دەگرن، ئیشیان بۆ بکەن. هەندێك برێك کەمتر وەردەگرن (چینی ناوەڕاستیی سەرەوە)؛ زۆربەی تاکەکان بەتەواوی کەمتر وەردەگرن (چینی کرێکار)؛ و زۆرێکیان تەقریبەن هیچ شتێك وەرناگرن (هەژاران).



کاتێك کە ئێمە نایەکسانی بە چینی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستینەوە، پێویستە سەرنجی دوو لایەنی گرنگ بدەین: یەکەم، لە کۆمەڵگەیەکی چینایەتیدا، بەپێی ئەوەی کە تاك چ سەرچاوەیەکی ئابووری کەڵەکە دەکات لە شوێنگەیەکی باڵا یان خواردایە. دووەم، تاك بە شێوەیەکی ئاسایی ئیمتیازات و بێبەشکردنەکان لە رێگەی دەرفەتەکانی خوێندن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یان بۆماوەی راستەوخۆوە بۆ منداڵەکانی خۆی دەگوازێتەوە. نایەکسانی دەبێتە هەمیشەیی و، ئەوەی کە تاکەکانیش لە چ شوێنێکدا دەبن بە هەمان شێوە. کاریگەری تەواوی ئەمە ئەوەیە کە بە تێپەڕبوونی کات نایەکسانی زۆر لەدابەشکردنی سەرچاوەکان لە کۆمەڵگەدا و لە نێوان کۆمەڵگەکاندا لە جیهاندا سەرهەڵدەدات. هەندێك لە خەڵك لەوپەڕی شکۆمەندی و بەرزیدا دەژین؛ هەندێك خۆشگوزەران و بە گەرەنتییەوە دەژین؛ هەندێکیش بە زەحمەت دەتوانن پارەی پسوولەکانیان بدەن؛ زۆرێکیش لەسەر لێواری هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن. هەر گەشتیارێکی هەستیار لە هەر شارێکی گەورەی ئەمریکادا ناتوانێت چاوی لە ئاست خەڵکانێکدا دابخات کە بەبێ خۆراك، پۆشاکی پێویست، خانوو یان شان و شکۆ و بەهای مرۆیی ژیان بەڕێ دەکەن و بە هاوار کردن داوای یارمەتی دەکەن، لە کاتێکدا کە ئەوانی تر بەبێ گوێدانە ئەمانە سەردانی تەلارە هونەرییەکان دەکەن و 100,000 دۆلار بە یەك تابلۆی شێوەکاری دەدەن.

نایەکسانیی کۆمەڵایەتی لە حەوت رێگەوە کە ئێستا قسە و باسیان لەسەر دەکەین پەیوەندی بە چارەڕەشییەوە هەیە: نایەکسانیی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی هەژاری، هانی خراپەکاری دەدات، هەندێك ناچار دەکات خۆیان بە پیشەگەلێکی زۆر خراپەوە خەریك بکەن، بەکارهێنانی هەندێك لە رێگەی هەندێکی ترەوە ئاسان دەکات، نەفس نزمی و لە دەستدانی هیوای لێدەکەوێتەوە، یارمەتی بەرزبوونەوەی پەستانی

دەروونی لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا دەدات و دامەزراوگەلێك بونیاند دەنێت کە دەبنە هۆی بەدیهاتن و پاراستنی چارەڕەشی لە کۆمەڵگەدا.

## پێشهاتەکانی نایەکسانی: هەژاری

پرسیاری سەرەکی ئەمەیە کە ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا پشتگوێ خراون چیان لێدێت؟ لە سەدا 15 تا لە سەدا 20ی کۆمەڵگەی ئەمریکی بە دەست هەژارییەوە دەناڵێنن. هەژاری پەیوەندی بە جۆرەکانی ئەو بێبەشکردنانەوە هەیە کە بە قووڵی کاریگەری لەسەر چۆنیەتیی گوزەرانی ژیانی تاکەکان دروست دەکات: بۆ نموونە، نەبوونی کاری بەرهەمهێنەر، بێکاری، نەبوونی تەندروستیی جەستەیی و دەروونی، پەستانی دەروونی و لێکهەڵوەشانی خێزان، نەبوونی دەرفەتەکانی خوێندن، پشتیوانیکردنی یاسایی ناپێویست و تووشبون بە مادە هۆشبەر و سڕکەرەکان. هەژاری توانای تاکەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژانە دادەبەزێنێت؛ هەر چەشنە بەرنامەڕێژییەك بۆ ئایندە لە پێناو مانەوەی ڕۆژانە پێویستە بخرێتە لاوە. ژمارەیەکی زۆر لە جددیترین کێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە دەکرێ بڵێین بۆ هەژاری دەگەڕێتەوە، نەك تەنیا لەو ڕووەوە کە هەژاران لەو شتانە بێبەشن کە ئەوانی تر لێیان بەهرەمەندن، بەڵکو هەروەها لەبەر ئەوەی کە قوربانیانی هەژاری زۆر جار گرفتاری تووڕەیی، خراپەکاری، ململانیی توند، لێکهەڵوەشانی خێزانی و ناسەقامگیریی سیاسی دەبنەوە.

سەیرکردنی هەژاری لە شوێنگە باشترە بەرزەکان و سکاڵا کردن لەوەی کە "خەتای ئەوانە" و "ئێمە دەبێت پارێزگاری لە خۆمان بکەین"، (مرۆڤ) تووشی وەسواس دەکات. ئەم چەشنە تێڕوانینانە یارمەتیی هەمیشەیی کردنی دابەشکردنی نایەکسانانەی سەرچاوەکان دەدەن؛ دابەشکردنەوەی دووبارە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە وەردەگرێت کە زۆربەمان



حەز بە قبووڵکردنی ناکەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەژاری بەشێکە لە کۆمەڵگەیەکی نایەکسان. هەژاری لە دایکبووی ڕژێمێکە کە تێیدا هەندێك لە تاکەکان لە زیان پێگەیاندنی ئەوانی تردا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن، سیستەمێك کە تێیدا بڕێك خەڵك لە شوێنگەیەکدا لە دایك دەبن کە تێیدا دەرفەتەکان لە دژی ئەوان دیاریکراون و چەسپاون، سیستەمێك کە تێیدا گۆڕانکاری بە قازانجی هەندێکە و ئەوانی تر دەخاتە لاوە. ئەم سیستەمە بونیاد نراوە و تەنیا ئەنجامی هەوڵدانی تاکەکەسی نییە.

## پێشهاتەکانی نایەکسانی: خراپەکاری

لە کۆمەڵگەیەکدا کە نایەکسانی زۆرە، تاکەکان کۆمەڵایەتی دەبن تاوەکو سەبارەت بە خۆیان و ئەوانی تر لەسەر بنەمای سەرکەوتنی مادی داوەری بکەن. "من باشم، چونکە لەم یارییە کێبڕکێ ئامێزەی ژیاندا شتگەلێکی زۆرم بە دەست هێناوە" "ئەوانی تر لە من زیاتریان هەیە، بەڵام لەوانەیە منیش بتوانم پێیان بگەم. ئەوانی تر کەمتریان هەیە و، من بەختەوەرم." سەرکەوتنی مادی بەهایەکە کە زۆرێك لە خەڵکی تێیدا هاوبەشن. کۆمەڵگەی نایەکسان بەو کەسانەی کە دەگەنە پیلکانەی سەرەوەی پەیژەی کۆمەڵایەتی شان و شکۆ و گەورەیی دەبەخشێ، بەڵام لەو کەسانەی کە دەکەونە خوارەوەی پیلکانەی کۆمەڵایەتی (هەڕەمی کۆمەڵایەتی) دەسێنێتەوە.

بەڵام، گەمەی ژیان نەگۆڕاوە. دەرفەتەکان هەرگیز یەکسان نین. ئێمە هەموومان لە شوێنگەیەکی خاوەن ئیمتیاز یان بێئیمتیازدا لە دایك دەبین؛ چین تا ڕادەیەکی زۆر پلەیەکی بۆماوەییە. ئێمە فێر دەبین کە واتای سەرکەوتن لە کۆمەڵگەدا چییە و ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئەو کەسانەی کە لە شوێنگەکانی خوارەوەدان ڕۆشنتر دەبێتەوە: یان بە شوێنگەی خوارتر ڕازی

بن یان هەوڵ بدەن تا شوێنگەی خۆتان بگۆڕن. ئەگەریش دەتانەوێ شوێنگەکەی خۆتان بگۆڕن، هەڵبژاردنێکی تر لە ئارادایە: لە سیستەمێکدا کە بە قازانجی ئەوانی ترە زۆر هەوڵ بدەن و یان لە پێناو سەرکەوتندا لە سیستەمی مەشروع و یاسایی بێنە دەرەوە. زۆرێك لە تاکە هەژارەکان بە شوێنگەکەیان رازی دەبن و تەنیا بۆ مانەوە ململانێ دەکەن. زۆرێك ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن تا لە سیستەمی یاسایی و مەشروعدا سەرکەون. بەڵام ئەوانی تر هیچ بەڵگەیەك نابیننەوە کە گوێڕایەڵی لە یاساگەلێك بکەن کە وا دەردەکەوێت لەم ڕێکخستنە کێبڕکێ ئامێزەدا بە زیانی ئەوان کار دەکات، یاساگەلێك کە لەلایەن کەسانێکەوە داڕێژراوە کە لە هەموو کەس زیاتر سوود لەو سیستەمە دەبینن. دزی، بەدڕەوشتی، فرۆشتنی مادە سڕکەرە نایاساییەکان و تاوانە توندوتیژ و خراپەکارییەکان شێوەی کۆمەڵێك هەڵبژاردنی سەرنجڕاکێش بەخۆوە دەگرن. هەندێك لە ڕێگەی خراپەکارییەوە بەسەر هەژاریدا زاڵ دەبن؛ زۆرینەیەکی گەورە ئەم ڕێگەیە ناگرنە بەر. بە هەژاری دەمێننەوە و بە جۆرێکی بەرچاو دەبنە قوربانیی سیستەمەکانی خۆشگوزەرانی، دادوەری، پزیشکی و، بەندیخانەکان کە تێدەکۆشن چاودێریی ژیانی ئەوان بکەن تاوەکو دڵنیا بن کە ئەوان نابنە هەڕەشە بۆ تاکەکانی تری کۆمەڵگە. بە تێپەڕبوونی کات چارەڕەشییان کاریگەرتر دەبێت.

هەژاران بە هیچ جۆرێك تەنیا کەسانێك نین کە پێشێلی یاسا دەکەن و هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی نایاساییەوە سەرکەوتن بەدەست بهێنن. خراپەکاری و تاوان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا لەبەر نایەکسانییە بەرفراوانەکان و ئارەزووی تاکەکان بۆ چاکترکردنی پلەوپایە و شوێنگەی خۆیان بوونی هەیە. ئەمە لەو ڕووەوە بوونی هەیە کە دەوڵەمەندەکان هەوڵ دەدەن بە دەوڵەمەندی بمێننەوە یان دەوڵەمەندتر ببن. ئەگەرچی ئەو کەسانەی کە دەتوانن پلەوپایەیان لە ڕێگەی نامەشروع و نایاساییەوە



باشتر بکەن، لەوانەیە بەسەر چارەڕەشیی خۆیاندا زاڵ ببن یان نەبن، لەولاوە ئەو کەسانەی کە گیرۆدە دەبن و سزا دەدرێن ناچار دەبن لەگەڵ کێشە و گرفتگەلێکی زیاتردا دەست و پەنجە نەرم بکەن. ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بەرتیل وەردەگرن، فرۆشیارانی پشك کە مامەڵەی نایاسایی ئەنجام دەدەن و، ئەو خاوەنکارانەی کە لە بەرامبەر هۆکارە مەترسیدارەکاندا پارێزگاری لە کارمەندەکانیان ناکەن، هەموویان نموونەگەلێکن لەم جۆرە تاکانە. بەم حاڵەشەوە، شوێنگەکەیان تەقریبەن تاهەتایە لە چارەڕەشیی یاسا پێشێلکەرانی سەرنەکەوتووی نێو هەژارانی کۆمەڵگە نزیك نابێتەوە، چونکە دەزگای دادوەری مامەڵەیەکی توندتر لەگەڵ هەژاراندا دەکات. دەوڵەمەندەکان زیاتر دەتوانن لە ڕێگەی دانی پارەوە (وەك سزا)، بەکارهێنانی ئەو پارێزەرانەی کە حەقدەستی زۆر وەردەگرن و باوەڕپێهێنانی دادگاکان بەوەی کە ئەوان هیچ جۆرە مەترسییەك بۆسەر کۆمەڵگە نین، خۆیان لە بەندکردن دەرباز بکەن.

کاتێك کە بیر لە خراپەکاری دەکەینەوە، زیاتر لەو کەسانەی کە تاوانەکەیان ئەنجام داوە بیر لە قوربانییەکانیان دەکەینەوە کە بە بڕوای ئێمە لە چارەڕەشی و بێچارەییدا ژیان بەسەر دەبەن، بەمپێیە قوربانییەکان و ئەو کەسانەش کە دەبنە نێچیری یاساشکێنان لە رادەبەدەر هەژارن. ئەوانە کەسانێکن کە شوێنی ژیانیان لە بەردەم هەڕەشەی دارودەستە و گرووپە خراپەکار و مادە سڕکەرەکاندایە. (گرووپی ڕێکخراوی خراپەکاری لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئامێرە نایاساییەکان (دەمانچە، ئامێری دزی) و خزمەتگوزاری نایاسایی (لەشفرۆشی، وەرگرتنی کاڵا دزراوەکان)ەوە دزە دەکاتە نێو گەڕەکە هەژارنشینەکانەوە. هەژارەکان دراوسێیەتییەکی نزیکیان لەگەڵ کەسانێکدا هەیە کە دەست دەدەنە تاوان؛ ئەوان کەسانێکن کە لە هەموان زیاتر لە بەردەم هەڕەشەی

بەکارهێنان و بەکرێ گرتنـدان و، هەروەها کەسانێکن کە ئەگەری زۆر کەمتری هەیە کە لە پشتیوانیکردنی سیستەمی یاسا بەهرەمەند دەبن.

نابێت خاڵی سەرەکی لە بیر بکرێت. تارادەیکی زۆر هۆکاری خراپەکاری لە کۆمەڵگەدا بۆ نایەکسانی دەگەڕێتەوە. نایەکسانی لە ئەنجامی ئەو راستییە دەکەوێتەوە کە تەقریبەن هەر شتێك لە کۆمەڵگەدا فێری ئەوەمان دەکات کە لە رووی ماددییەوە سەرکەوتوو بوون ژیان بەنرختر دەکات و، دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێك کەس خراپەکاری بە ئاسانترین رێگا بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە بزانن. تاوانەکانی نێو شەقام، کڕین و فرۆشتنی مادە سڕکەرەکان، لێدانی مادە سڕکەرەکان و دزی لە بانك، هەموو دەرەنجام و پێشهاتەکانی کۆمەڵگەیەکە کە جەخت لە سەرکەوتنی مادی دەکاتەوە. ئەم جۆرە خراپەکارییە کۆمەڵێك دەرەنجامی بۆ هەمووومان لێدەکەوێتەوە؛ ئێمە هەمووومان قوربانین، چونکە خراپەکاری پشێوی لە نێو کۆمەڵگە و ترس و بێمتمانەیی لە ژیانی رۆژانەی ئێمە لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

### پێشهاتەکانی نایەکسانی: کار و پیشەی خراپ

نایەکسانی تەنیا هەژاری و خراپەکاری بڵاو ناکاتەوە. نایەکسانی کاری ماندووکەر، بە حەقدەستی کەم، مەترسیدار و ناتەندروستی بۆ زۆرێك لە تاکەکان لێدەکەوێتەوە. ئەو کارەی کە زۆربەی تاکەکان ئەنجامی دەدەن پاداشتێکی مادیی زۆر کەم بەرهەم دەهێنێت و؛ ئەوان لە نێو ژیانێکدا کە تەنیا لە مانەوە لە ژیاندا کورت دەکرێتەوە گیرۆدە دەکات. چارەڕەشی تا رادەیەکی زۆر، لەو رووەوە بوونی هەیە، کە کاری نەشیاو بوونی هەیە؛ ئەو کەسانەی کە لەم بارەیەوە مافی هەڵبـژاردنیان نییە یان دەبێت قەبووڵی بکەن یان بمرن. بۆ نموونە، سەرنجی کاری دەرهێنانی نێو کانگاکان بدەن.



بە درێژایی چەندەها سەدە، خەڵکی ئاپالاچیا[1] کۆمەڵێك کار و پیشەی کەم داهات، ماندووکەر، نیازمەندی سەرفکردنی وزەیەکی زۆر، مەترسیدار و زۆر ناتەندروستیان وەك کرێکاری کانگا قەبووڵ دەکرد، بۆچی؟ چونکە "کەسێك هەر دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدات" و لەو رووەوە کە ئەو کەسانەی کە خاوەنی کانەکانن تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانن قازانج بکەن کە ئەو کۆمەڵە کەسەی ئیشیان بۆ دەکەن هەر بە هەژاری بمێننەوە. ئەگەر کرێکارەکان لە رووی ماددییەوە سەرکەوتوو بن و چاوەڕوانی حەقدەستی باش بن، دەوڵەمەندەکان بۆیان دەردەکەوێت کە کانەکان چیتر قازانجیان نییە و ناچار دەبن کانگاکان دابخەن. بەمپێیە، هەژارەکان دەبێت لە نێوان بێکاری و ئیشی نزمدا یەکێکیان هەڵبـژێرن. هەمان بابەت بەسەر ئەو ژنانەشدا دەچەسپێت کە خۆیان بە کاری پاککردنەوەی ناوماڵی خێزانەکانی چینی ناوەڕاستەوە خەریك کردووە یان پارێزگاری لە منداڵانی چینی ناوەند دەکەن. دابینکردنی پیشەکەیان بە حەقدەستی کەمەوە بەستراوەتەوە. بە واتایەکی تر، "مەیل"ی ئەوان بۆ قەبووڵکردنی پیشە کەم داهاتەکان، گەرەنتی بەردەوامی کاریان پێدەبەخشێت. پیشە نزم و کەم داهاتەکان هەمیشە بەشێك دەبێت لە کۆمەڵگەیەك کە تێیدا هەندێك کەس قازانج لە ژیانی ئەو کەسانە دەکەن کە بۆ مانەوە لە ژیان پێویستیان بەم پیشانە هەیە. پیشەکانی خوارەوە پیشەی نادڵنیان. کەسانێك کە لە خوارەوەی پەیژەی کۆمەڵایەتی کارکردندا پیشەی ناپسپۆڕیان هەیە: واتە ئەو پیشانەی کە ئەگەری زیاتری هەیە بە ئامێر، بە کارکردن لە کۆمەڵگەکانی تر، یان بە کۆمەڵێك کرێکاری تر کە حەز دەکەن بە کرێیەکی کەمتر ئیش بکەن شوێنیان پڕ بکرێتەوە لە کاتی قەیرانەکاندا، سەرەتا پیشەکانیان لە

1 . appulachia

دەست دەدەن و ئەوانە کەسانێکن کە زیاتر لە هەمووان لەوانەیە ڕووبەرووی بێکاریی درێژخایەن ببنەوە.

کار بەشێکی گرنگە لە ژیانی هەر مرۆڤێك. کاری نزم[1] بە شێوەیەکی بەرچاو یارمەتیی ژیانێکی نزم دەدات و لەگەڵ هەژاری و خراپەکاریدا بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی نایەکسانە. بەکارهێنان و بەکرێگرتن بەرهەمێکی دیکەیەتی.

پێشهاتەکانی نایەکسانی: بەکارهێنان (بەکارهێنانی ئەوانی تر)

مارکس پێی وابوو کە نایەکسانی بە شێوازێکی تریش چارەڕەشی بەرهەم دەهێنێت: ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە دەتوانێت بگۆڕێت بۆ دەسەڵات (Morx And Engels, 1984). لە شوێنێکدا کە هەموو جۆرە نایەکسانییەك بوونی هەبێت، دەسەڵاتی نایەکسان تەقریبەن لێدەرباز بوونی نییە. گرنگ نییە ئەو نایەکسانییە لەسەر بنەمای سەرچاوە ئابووری یا سیاسی، پیشەیی، ڕەگەزایەتی، نەژادی، یان پلەوپایەی ئایینی بێت لە کۆمەڵگەدا. لە شوێنێکدا کە دەسەڵات نایەکسانە، بەکرێگرتن (بەکارهێنانی ئەوانی تر لەپێناو قازانج) ئاسان دەبێت، چونکە کەسانێك کە خاوەنی دەسەڵاتن لە شوێنگەیەکدان کە دەتوانن داوای شتگەلێك لە کەسانێك بکەن کە لێیان دەترسن یان وابەستەن پێیانەوە. مارکس جەخت لەسەر بەکرێگرتنی ئابووری دەکاتەوە: کەسانێك کە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانن (بۆنموونە کارگەکان) زۆر بەهێزن، لەبەر ئەوە دەتوانن هەموو ئەو کەسانەی کە ناچارن بۆ کارکردن پێیانەوە ببەسترێنەوە بە قازانجی خۆیان بەکاریان بهێنن.

بەمپێیە، کۆمەڵناسان لە شیکردنەوەیاندا بۆ نایەکسانی و دەسەڵات هەنگاوی زیاتریان لەمارکس ناوە. کار تاکە بنەمای دەسەڵات، وابەستەیی و بەکارهێنان نییە. ژنان یان منداڵانێك کە دەستدرێژییان دەکرێتە سەر تا

1 . misarable work



ڕادەیەك لەبەر ئەوە ئەم دەستدرێژیە بەردەوام دەبێت کە نایەکسانیی فیزیکی زۆر زۆرە، چونکە لەبەر پشت بەستنیان بە پارەی پیاو تا ڕادەیەك بێدەسەڵات دەبن و، هەروەها لەبەرئەوەی کە ترسی ڕووبەڕووبوونەوە یان بەجێهێشتنی پیاویان لێنیشتووە. لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی جیهان و زۆر لە کۆمەڵەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، حکوومەتەکان بە ڕادەی پێویست بەرامبەر بە ئیستغلالی ژنان و منداڵان پشتیوانی لە دوو توێژە ناکەن. پیاوی دەسەڵاتدار ژن یان منداڵی وابەستە کۆنترۆڵ دەکات، هەڕەشەی لێدەکات و بەکاری دەهێنێت. سپیپێستەکان ڕەنگەکانی تر بەکار دەهێنن. تاکە توندوتیژەکان کەسانی بێپەنا و کۆمپانیا گەورەکان دەزگا بچووکەکانی ئیش و کار بەکار دەهێنن. جۆرەکانی نایەکسانی واتای وابەستەیی دەگەیەنێت و وابەستەیی بەکارهێنان ئاسان دەکات کە ئەمەش دەبێتە هۆی چارەڕەشی.

بەکارهێنانی بێهێزەکان تەقریبەن بارودۆخی هەر کۆمەڵگەیەك ڕوون دەکاتەوە. مێژووی خۆمان، کە زۆر جار خۆمان بەرگێکی ئایدیالی بەبەردا دەکەین، مێژوویەك بووە کە تێیدا ئەمریکییە بە ڕەگەز ئەفریقییەکان ناچار بە کۆیلایەتی کران؛ ئەمریکییە بەڕەگەز ئاسیایەکان، کۆچبەرانی ئەورووپای باشوور و ڕۆژهەڵات و ئەمریکییە بە ڕەچەڵەك مەکسیکییەکانیش وەك کرێکاری هەرزان بەکار هێنراون؛ خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەمریکاش بوونە قوربانیی مەرامەکانی ئێمە بۆ بەدەستهێنانی زەوییە بەپیتەکان. زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی ئەورووپا جیاکاریی نەژدایان بەرامبەر بە خەڵکی جوولەکە بە ڕەوا زانی و ئەوانیان بەکارهێنا و بەرامبەر بەو مەسیحیانەش کە بەشێك لە ئایینی زاڵ و دەسەڵاتدار نەبوون بەدواداچوون و ئازار و بەکرێگرتنیان بەکارهێنا. ترساندن، تووڕەیی، دوورخستنەوە، لەسێدارەدان، کاولکردن؛ بێبەشکردن لەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە گرووپی دەسەڵاتدار لێیان بەهرەمەندە تەنیا هەندێك لە حاڵەتەکانی چارەڕەشی و کارەساتە کە لەم

جۆرە سیستەمە نایەکسانانە بەرهەمیان هێناون. هەڵبەت لەو حاڵەتانەدا کە ئەم جۆرە نایەکسانییە هێشتا بوونی هەیە، بەکارهێنان و چارەڕەشیش هەر بەردەوام دەبێت.

تا رادەیەك هەر کۆمەڵگەیەك بۆخۆی خاوەنی سیستەمێکی نایەکسانی لەسەر بنەمای رەگەزیش بووە. لە شوێنێکدا کە نایەکسانیی رەگەز زۆرە، بەکارهێنانی رەگەزی بە ئاسایی و یاسایی لە قەڵەم دەدرێت، لە ناوبردنی منداڵان لەبەر مێینەبوون، نەریتێك کە بە رەسمی دانی پێدا نراوە، کرداری نائاسایی و بێبەزەییانەی خەتەنەکردنی ئافرەتان بۆتە شتێکی زەرووری و ئازاری جەستەیی ژنان لە رێگەی پیاوەکانیانەوە وەك مافێکی دان پێدانراوی لێهاتووە. نایەکسانی رەگەزی رێگای بەشداریکردنی ژنان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دادەخات و لە دەرفەتەکانی خوێندن و مافی یاسایی کە بە پیاوان دراوە بێبەشیان دەکات. پیاوان بە هۆی زیانی کەسانێکەوە کە دەسەڵاتێکی کەمتریان هەیە، ئیمتیازات بەدەست دەهێنن.

## پێشهاتەکانی نایەکسانی: نەبوونی بەهای خود[1]

لەگەڵ ئەوەدا کە تاکەکان بەکاردەهێنرێن، لە پیشەکانی خوارەوەدا کار دەکەن، لەوپەڕی هەژاری و بێنەواییدا بە زەحمەت بەردەوامی بە ژیانیان دەبەخشن و دەست دەدەنە خراپەکاری و یان دەبنە قوربانیی دەستی خراپەکاری، تێڕوانینەکانیشیان سەبارەت بە خۆیان سەرهەڵدەدەن. تاکەکان لە شوێنگەکانی خوارەوەدا دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە، رێزگرتن لە خودی ئەوان زیانی پێدەگات. کەسانێك کە بە چاوی سووکەوە سەیر دەکرێن، بە زەحمەت دەتوانن خۆیان لە خودبینییە (خۆوادانان)، لاوازەکان

1 . self - worth



دەرباز بکەن. کەسانێك کە لە دیدی ئەوانی ترەوە هیچ رێزێکیان نییە، زۆر بە زەحمەت دەتوانن رێزێك لە خۆیاندا ببیننەوە. هەژارەکان زۆر جار بە ناشایستە و تەمەڵ پێناسە دەکرێن؛ غەیرە سپیپێستەکان بە چاوی کەم تواناتر لە سپیپێستەکان سەیر دەکرێن؛ و ژنانی گوێرایەڵ و ئیشکەر، لە رووی فیکرییەوە کەمتر و، بە ئامانجێك بۆ تێرکردنی لایەنی سێکسی پیاوان دەناسرێن. ئاشکرایە کە ئەم باوەڕانە بۆ پاساو هێنانەوەی سیستەمی نایەکسانی و رازی بوون بە مافی جیاکاری دژ بە گرووپە بەکارهێنراوەکان بەکار دەهێنرێن. هەروەها روونیشە کە ئەم بیروباوەڕانە زیاتر بە ئاراستەی "بابەتیبوون بەخشین" بە لای تاوانباراندا لار دەبنەوە. ئەو تاکانە لەوانەیە مرۆڤ بن، بەڵام ئەوانە بە چەشنێك لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازیان هەیە، زیاتر شتن تاوەکو مرۆڤی راستەقینەی خاوەن هەست و، ئەم بارودۆخە قەبووڵکردنی چارەڕەشیی ئەوانمان بۆ ئاسانتر دەکات.

دیارە ئەم چەشنە بیروباوەڕانە چارەڕەشیی کەسانێکیش کە لە گرووپە باڵادەستەکاندان ئاسانتر دەکات، چونکە زۆرێکیان باوەڕ بەو شتانە دەهێنن کە سەبارەت بە خۆیان فێر کراون. چارەڕەشی تا رادەیەك لەبەر ئەوە بوونی هەیە کە تاکەکان خۆیان بە کەم هەژمار دەکەن، تارادەیەکی زۆریش ئەوان لەبەر ئەوە خۆیان بە کەم بایەخ دەزانن کە ئەوانی تر بە چاوی کەم بەها سەیریان دەکەن و هەروەها لەبەر ئەوەی کە ئەوان دەبینن کە ئەو کەسانەش وەك ئەمانن دیسان بە هەمان شێوە وەسف دەکرێن. ئەگەر کەسانێك کە لە پێگەکانی دەسەڵاتدان بتوانن بارودۆخی خۆیان بەم بانگەشانە پاساو بهێننەوە کە "ئیشی زۆر دەکەن" یان ئەوەی کە "باڵاترن"، "زیرەکتر" و "بەتواناتر"ن، ئەدی ئەم بانگەشانە سەبارەت بەو کەسانەی کە لە شوێنگەکانی خوارەوەدان چ واتایەك دەگەیەنن؟ ئەمە بەشێکە لە چارەڕەشیی ستەملێکراوان: واتە پێیان دەڵێن لەبەر شوێنگەی خۆیان بە جۆرێك تاوانبارن یان ئەوەی کە رەگەز، رەنگ یان ئایینی ئەوان

خود بەخود ئەوان کەم بەها دەکات؛ پاشان ئەوان خۆشیان، باوەڕ دەکەن کە بەڕاستی بەو چەشنەن کە دەوترێ.

چارەڕەشییە گەورەکان لە ئەنجامی نەمانی بەهای خودەوە سەرهەڵدەدەن. هەروەکو نەخۆشیی دەروونی، تووشبوون بە مادە سەرخۆشکەرەکان، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و خۆکوشتن. ئەگەرچی ناتوانین هەموو ئەم چەشنە بارودۆخانە بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە ماددییەکان، لەکۆمەڵگەیەکدا کە شان و شکۆ و نرخی مرۆیی بە پێوانەی سەرکەوتنی مادی دەپێون، بگەڕێنینەوە، بەڵام دەکرێ زۆرێکیان بە ئەنجامی ئەم هەوڵانە بزانین. چارەڕەشی کۆمەڵە ئەنجامێکی هەیە و بۆ هەندێك لە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا ئەم ئەنجامانە زۆر زۆرن. لەهەریەك لەم پرسانەدا ـ نەبوونی نرخی خود، نەخۆشیی دەروونی، راهاتن لەسەر مادەی سەرخۆشکەر، تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان و خۆکوشتن ـ ئەوە هەژارەکانن کە زۆرترین زیانیان لێدەکەوێت، بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کەوا بیر دەکەنەوە ناتوانن چاوەڕوانییەکانیان دەستەبەر بکەن، ئەوانیش زەرەرمەند دەبن.

## پێشهاتەکانی نایەکسانی: فشاری دەروونی

کۆمەڵگەیەك کە تێیدا رکابەری، سەرکەوتنی مادی و زیادەڕۆیی زۆر گرنگە، پەستانێکی دەروونی لەسەر هەموو دانیشتوانەکەی دروست دەکات. ئەمە لە کۆبوونەوەی زانکۆییدا بە تەواوەتی ئاشکرایە. لە کۆمەڵگەیەکدا کە نایەکسانی تا ئەو رادەیە زۆرە، زۆرترینی شان و شکۆ و نرخی ئێمەی مرۆڤ بە سەرکەوتنی ئابوورییەوە بەستراوەتەوە. ئێمە فێر دەکەن کە لە پێشبڕکێیەکدا کە هەموومان دەبێت تێیدا پێشبڕکێ بکەین، پێشبڕکێیەکی ماندوکەر و دووپاتە کە هەندێك ناوی "پێشبڕکێی مشکەکان"یان لێناوە



سەرکەوتن بەدەست بهێنن. (هەر کەس زۆرترین بووکەڵە بەدەست بهێنێت دەیباتەوە." ئەوانەی کە لە دواوەن شایەنی چارەڕەشییەکن کە دەبێتە بەشیان. ئێمە کۆمەڵگەیەکی توێژبەندی کراو لە دەوروبەری خۆماندا دەبینین، هەندێك بەرزتر لە ئێمە و هەندێك خوارتر لە ئێمەوەن. کولتوور لە زۆربەماندا لێپرسراوییەتییەك بەرامبەر بردنەوە و پێشکەوتنی زیاتر لە ئەوانی تر دروست دەکات. کەسانێك لە ئێمە کاتێك پەیوەندی بەم یارییەوە دەکەن ترسیان لێنیشتووە هەرچیان هەیە لە دەستی بدەن و هەندێکیش هیوادارن کە بتوانن تەنانەت شوێنگەکەی خۆیان باشتر بکەن. ترس و ئومێد، هەر دووکیان ئێمە بەرەو هەوڵدانی زۆر هان دەدەن، بەڵام ترسێك کە بەرجەستە دەبێت یان ئومێدێك کە دەگاتە نائومێدی، چارەڕەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. چارەڕەشی دەکرێ رووبەڕووی کەسانێك کە لە سەرەوەدان و کەسانێکیش کە لە خوارەوەدان بێتەوە، چونکە تا رادەیەك لە ئەنجامی نەبوونی سەرکەوتنی دیار و بەرچاو لە سیستەمی نایەکسانیدا تێیدا سەرهەڵدەدات. هەڵبەت گرفتی هەمیشەیی هەوڵدان بۆ مانەوەی تەواوەتی کە لە هەموو ئەو پەستانە دەروونیانەی کە لە ئەنجامی جێگیربوون لە خوارەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە گرنگترە، دەبێتە هۆی توندتربوونی چارەڕەشی لە نێو هەژاراندا.

کێبڕکێ بۆ دوانەکەوتن و پێشکەوتنی زیاتر وەسوەسەی ئەنجامدانی تاوان و خراپەکاری لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و ئەمە، بە گوێرەی خۆی لەوانەیە چارەڕەشییەکی زیاتر هەم بۆ ئەو کەسانەی کە تاوانیان لێ دەوەشێتەوە، هەم بۆ ئەوانەش کە قوربانین لێبکەوێتەوە. ساناترین نموونە لەم بوارەدا مادە سڕکەرەکانە. ئەو تاوانانەی کە پەیوەندییان بە مادە سڕکەرەکانەوە هەیە، هەم کاری هەژاران و هەم کاری دەوڵەمەندانیشە؛ هەمووان حەزیان لە بەرزکردنەوەی پلەی خۆیانە لە

كۆمەڵگەدا. بەلای زۆرێك لە هەژارانەوە وا دەردەكەوێت كە ئەمە تەنیا ڕێگای سەركەوتنە. بۆ زۆربەی ئەوانەش كە لە چینی دەوڵەمەندانن ئەمە دەرفەتێكە كە دەتوانێت بە خێرایی ناوبانگ و سەروەت و سامانێكی زیاتر فەراهەم بهێنێت. بەڵام لە كۆتاییدا ئەوە هەژارەكانن كە زیاد لە هەمووان زەرەرمەند دەبن. ئەوان زۆر جار زیاترین قوربانیدەرەكانن كە پتر لە هەمووان بەكار دەهێنرێن و لەبەر تاوانەكانیان ئاسانتر دەخرێنە زیندانەوە.

خوێندنەوەی بێنەوایان دەبێ هەموومان ئاگادار بكاتەوە كە هیچ كام لە ئێمە لە پلەی خوارەوەدا دڵنیا نییە. ئێمە دەڕۆینە قوتابخانە، پیشەیەك بە دەست دەهێنین، ئەوپەڕی كار دەكەین، خانووی تایبەتی دەكڕین، پارەی ڕەهن دەدەین و ئاواتەخوازین بە خۆشی بژین. بەم حاڵەش، هەریەكە لە ئێمە لەوانەیە لە پڕێكدا كارەكەی لە دەست بدات یان لەوانەیە لە ئیش و كارماندا وەرشكست بین. كۆمپانیا و كۆمەڵەكانمان لەوانەیە لەیەك شەودا دابخرێت و نرخی خانووەكان لەوانەیە بە هۆی یاریكردنی هێزە ئابوورییە جیهانییەكانەوە لە ناكاو بشكێت. یان لەوانەیە ئێمە هاوسەرگیری بكەین، ببینە خاوەنی منداڵ، بۆ مانەوەی خۆمان بە هاوسەرەكەمانەوە ببەسترێینەوە و كتوپڕ خۆمان لە دەرەوەی ژیانی ژن و مێردایەتی و لە ناو هەژاریدا ببینینەوە. یانیش ئەگەری هەیە خانەنشین بكرێین و لە پڕ ژیانمان بەو پاشەكەوتە كەمەی كە كۆمان كردۆتەوە بە مەحاڵ بزانین.

ئێمە، تاكەكانی كۆمەڵگەیەك لەم بیروباوەڕەدا هاوبەشین كە سامان نیشانەیەكی دان پێدانراوی سەركەوتنە. بەبێ گوێدانە ئەوەی كە ئێمە كێین، ئەگەر سەركەوتن بەدەست نەهێنین، شتگەلێكی زۆر لەدەست دەدەین و ئەگەر سەركەوتوو بین شتگەلێكی زۆر بەدەست دەهێنین. وەها جیهانێك دەكرێ هانی هەوڵدانی زۆر بدات، بەڵام نرخەكەی بۆ زۆرێك لە خەڵكی ژیانێكی پڕ لە پەستانی دەروونییە.



## پێشهاتەكانی نایەكسانی: ئەو دامەزراوانەی كە چارەڕەشی بەرهەم دەهێنن و دەیپارێزن

نایەكسانی كۆمەڵە دامەزراوەیەك دادەمەزرێنێت كە بە شێوەیەكی ڕێكوپێك خزمەت بە هەموو مرۆڤەكان ناكەن. كەسانێك كە ئەو دامەزراوانە دروست دەكەن باوەڕیان وایە ئەگەر ئێمە بمانەوێ وەك كۆمەڵگەیەك بمێنینەوە هەمووان دەبێت پەیڕەویان لێبكەین، بەڵام هەموو دامەزراوكان نەگۆڕن ـ نەك تەنیا لە كۆمەڵگەی خۆماندا، بەڵكو لە هەر كۆمەڵگەیەكدا كە نایەكسانی باوە. دامەزراوەكان زۆر جار بە قازانجی كەسانێك كار دەكەن كە لە سەرەوەی كۆمەڵگەدا جێگر بوون؛ بە دەگمەن دامەزراوەكان بۆ یارمەتیدانی ئەو كەسانەی كە لە خوارەوەی كۆمەڵگەدان بونیاد دەنرێن. لەراستیدا، دامەزراوەكان زیاتر بە شێوازێك كار دەكەن كە بونیادی كۆمەڵگە بە هەمیشەیی دەهێڵێتەوە و بارودۆخێك دەڕەخسێنن كە تاكەكان لە شوێنگەیەكدا دەپارێزێت كە تێیدا لە دایكبوون. دامەزراوەكان خۆیان بە پشتیوانییەكی ڕێكوپێك و دانی ئیمتیاز بەو كەسانەی كە سەركەوتوون ـ كۆمەڵە دەسكەوتێك كە ئەوانی تر نیانە ـ چارەڕەشی بە دیدەهێنن. جیاكاری نەژادی، قوتابخانەكانی نێوگەڕەكەكان و ئەو یارمەتیانەی كە پێشكەش بە تاكەكان دەكرێن، بە قازانجی هەندێك و بە زیانی ئەوانی ترە. سەرمایەداری، كۆمپانیا گەورەكان، باجەكانی قازانج، چاودێرییە پزیشكییە تایبەتەكان، سیستەمێكی یاسایی لەسەر بنەمای پارەیەك كە تاك دەتوانێت بیدات، بەردەوام هەندێك لە تاكەكان دەوڵەمەند و ئەوانی تر بە هەژاری دەهێڵنەوە.

دامەزراوەكان ـ شێوازی هەڵسووڕانی كارەكانی لە كۆمەڵگە ـ بە درێژایی زەمەن كە كۆمەڵگە پەرە دەسێنێت دادەمەزرێنێت؛ ئەوان لە ڕێگەی كێبڕكێی كەسانێكەوە كە دامەزراوەكان بۆ خزمەتی خۆیان سەیر دەكەن دادەمەزرێنن. نایەكسانیی دەسەڵات لەم كێبڕكێیەدا ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت،

لەبەر ئەوە، دەسەڵاتدارترەکان کە کاریگەرییەکی زیاتریان لە سەر چیەتی و چۆنیەتیی کارکردی دامەزراوەکان هەیە. هەڵبەت ئەو دامەزراوانەی کە سەر هەڵدەدەن زۆر جار لە خزمەتی دەسەڵاتدارانێکدان کە دایاندەمەزرێنن و، بەردەوام کۆنترۆڵیان دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن. کەمتر دامەزراوەیەك لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە کە کێشەکانی چارەڕەشیی مرۆیی چارەسەر بکات، مەگەر کاتێك کە چارەڕەشی کاریگەری لەسەر ژیانی کەسانێك کە دەسەڵاتدارن دروست بکات.

سیستەمی پزیشکی تایبەتی و بیمەی تەندروستی و چارەسەری تایبەتی لە بنەمادا لێپرسینەوە لەسەر پێداویستییەکانی کەسانێك دەکات کە توانای خەرجکردنی بڕی پارەکەیان هەیە. خوێندنی گشتی و تایبەتی، کە بە رواڵەت بۆ یارمەتیدانی بەرزکردنەوەی ئاستی تاکەکان لە سیستەمێکی نایەکساندا دابین کراون، زۆر جار بە چەشنێك کار دەکەن کە تەقریبەن ئەوان لەو شوێنەدا کە هەر لە سەرەتاوە دەستیان پێکردووە دەهێڵنەوە. سیستەمی یاسایی، سیستەمی حزبی دەسەڵاتی دادوەری و زیندانەکانی ئێمە هەر لە بنەڕەتەوە پشتیوانی لەو تاکانە دەکەن کە لە سەرەوەی سیستەمی چینایەتیدا جێگیر بوون و بە قازانجی ئەوان کار دەکەن و ، یارمەتیی پاراستنی جێگیر بوونی سیستەمی نایەکسانی دەدەن کە لە کۆمەڵگەدا باڵادەستە. بۆ ماوەی پەنجا ساڵ، کۆمەڵگەکانی ئەوروپای رۆژهەلات کۆمەڵێك سیستەمی سیاسی، ماف، ئابووری و فێرکارییان دامەزراند کە بە ئاشکرا بە قازانجی کەسانێك بوو کە خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسی بوون و بە زیانی ئەوانی تر کە لە دەسەڵاتدا بێبەش بوون. لە سەرتاسەری مێژووی ئەمریکادا، دەتوانرێت دامەزراوگەلێکی زۆر دەستنیشان بکرێت کە بە سوودی دەوڵەمەندان و چینەکانی ناوەڕاست و بە زەرەری هەژاران و چینی کرێکاران، بە قازانجی سپیپێستەکان و بە زیانی غەیرە سپیپێستەکان و بە سوودی پیاوان و زیانی ژنان کار دەکەن.



هەوڵەکانی ئێمە بۆ چاککردنەوەی چارەڕەشی لە کۆمەڵگەدا هەرگیز لەگەڵ لێپرسراوێتیی ئێمە بەرامبەر بە کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای نایەکسان بونیاد نراوە، یەکسان نەبووە، بەمپێیە دامەزراوەکانی ئێمە بە هێواشی گۆڕاون، زۆر جار کاتێك کە گرووپە کەم دەسەڵاتدارترەکان پێکهێنراون و خوازیار بوون کە دەسەڵاتداران کۆمەڵێك گۆڕانکاری ئەنجام بدەن.

## دووەمین هۆکاری چارەڕەشی: ململانێی وێرانکەری کۆمەڵایەتی

### واتای ململانێی وێرانکەر

ئێستا دەپەرژێینە سەر دووەم هۆکاری چارەڕەشی لە جیهاندا لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە: دژایەتی کۆمەڵایەتیی وێرانکەر یان توندوتیژ.

هەموو ململانێیەکان وێرانکەر نین. لەڕاستیدا، پێویستە بزانرێت کە زۆرینەی ململانێیەکان حەتمی، زەرووری و دروستکەرن. ململانێ واتای ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە کارلێکیاندا لەگەڵ یەکتر لەسەر شتێك کێبڕکێ دەکەن کە بە لایانەوە بەنرخە، بەلام هەمووان ناتوانن بەدەستی بهێنن. ململانێ کارلێکێکە کە تێیدا بکەرەکان لە پەیوەندیان پێکەوە سوود لە دەسەلات وەردەگرن واتە هەوڵ دەدەن ئیرادەکانیان بسەپێنن. کێبڕکێ یەکێکە لە شکڵەکانی ململانێ: کێبڕکێ ململانێیەکە کە لە چوارچێوەی رێساگەلێکی بە ئاشکرا دیاریکراودا روودەدات. هەر کاتێك بکەرەکان بیانەوێت قەناعەت بە یەکتری بهێنن، هەر کاتێ کە ئەوان بۆ ئامانجێك کە باوەڕیان پێیەتی رووبەرووی یەکتر دەبنەوە، ململانێ سەرهەڵدەدات. کاتێك کە ئێمە کۆشش دەکەین بە ئاماجەکانمان بگەین و خەڵکی دیکەش لە ئارادایە، بەردەوام ململانێ بوونی دەبێت و زۆر جار گفتوگۆ و دانوستان بەرهەم دێت. دەرەنجامی دژایەتی زۆر جار پۆزەتیڤە: هەر دوو لا شتێك بە دەست دەهێنن، رێکخراوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، گرنگی بە حەزی تاکەکان دەدرێت و،

کۆمەڵێك کێشە و گرفت دەستنیشان دەکرێن و بەدواداچوونیان لەسەر دەکرێت. ململانێی دروستکەر واقعێکی ژیانە و لە جیاتی ئەوەی کە ببێتە هۆی چارەڕەشی، یەکێکە لە ڕێگاکانی مەعریفە و کەمکردنەوەی چارەڕەشی.

ململانێی وێرانکەر شتێکی ترە. جەنگەکان سەرهەڵدەدەن و خەڵك دەکوژرێن و بێ ماڵ و حاڵ دەبن و ژیانیان وێران دەبێت. شۆڕشەکان دەبنە هۆی ئازاری فیزیکی و کوشتن و لە ناوچوونی ماڵ و داراییەکان، هەم لەلایەن ئاژاوەگێڕان و هەم لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکوومییەوە. هاوسەر ئازاردان و منداڵ ئازاردان لە رووی فیزیکیەوە لە ماوەیەکی کورتدا زیان بە تاکەکان دەگەیەنێت و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ کاریگەریی وێرانکەری سۆزداری بەجێ دەهێڵێت. هەمیشە کۆمەڵێك قوربانی لە ململانێی وێرانکەردا بوونیان هەیە.

ململانێی وێرانکەر لەگەڵ تووڕەیی توند و حەزکردن بە لەناوبردن یان زیان گەیاندن بە بەرامبەر دەردەکەوێت. پانتایی ئەم جۆرە ململانێیە زۆر جار فراوان دەبێت و بە چەشنێکی بەرچاو توند دەبێت و زیانی جەستەیی و سۆزداری بە قوربانییەکانی دەگەیەنێت. ئەم ململانێیە ئازاردانی ئەوانی تری لێدەکەوێتەوە، لە کاتێکدا کە بابەت و کێشە راستەقینەکانی نێوان تاکەکان پشتگوێ دەخات.

### هۆکارەکانی ململانێی وێرانکەر

بۆچی دژایەتی دەبێتە وێرانکەر؟ شتێك کە هیچ جۆرە ئیمکانێکی هێزەکی بۆ یارمەتیدانی ئاسایشی مرۆڤ نییە، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ چارەڕەشیی مرۆڤ؟

دەتوانرێت بوترێت کە ململانێی دروستکەر زۆر جار پشتگوێ دەخرێت و بەمپێیە، نە رووبەڕووی جیاوازییەکان دەبینەوە و نە ئەوانیش چارەسەر دەکەین. دەسەڵاتدارترەکان خۆیان لە دانانان لە راستییەتی بوونی بە دوور



دەگرن. ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتێکی کەمتریان هەیە لەوە دەترسن کە کۆمەڵە لایەنگریەك دەربخەن کە لەوانەیە ململانێیەکان ئاشکرا بکات. یان هەندێ جار دژایەتی بۆ لایەنە ناکۆکەکان ئاشتیانە خۆی دەردەخات و، لەبەر ئەوە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی بە چەشنێکی دروستکەر، وا دەردەکەوێت کە بێئاکامە (ئەمە حاڵەتێك بوو کە لە نێوان ئیسرائیلی و فەلەستینەکاندا هەبوو). زۆر جار، لەبەر ترسان لە بەرزبوونەوەی ئاستی دژایەتی و ئەوەی کە دژایەتی رووبەڕووبوونەوەی زۆر شەڕەنگێزانە و تەنانەت توندوتیژی لێبکەوێتەوە، تاکەکان لە ململانێی دروستکەر هەڵدێن (ململانێی خێزانی یەکێکە لە نموونەکانی). بەڵام ئەگەر ململانێ بە درێژایی کات سەرکوت بکرێت، توندتر و سۆزداریتر دەبێت. ئەو ئامانجانەی کە هەر لایەك لە سەرەتاوە بە دوایاندا دەگەڕان، لە ناو دەچن و دوژمنایەتی جێگەی دەگرێتەوە، لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵگەلێکی ئامانجدار بۆ گفتوگۆ و چارەسەری ناکۆکییە راستەقینەکان بێتە کایەوە.

نایەکسانیی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی ململانێی وێرانکەر. شۆڕشە توندوتیژەکان لە نایەکسانییەوە سەرچاوە دەگرن و زۆر جار خەڵکانێك دەستی پێدەکەن کە لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا پلەیان بەرز دەبێتەوە، بەڵام هێشتا وا هەست دەکەن کە حیسابیان نەکراوە. تاوانە توندەکان زۆر جار لە ئەنجامی بێبەشکردن و تووڕەییەوە کە نایەکسانی هۆکارەکەیەتی، سەرهەڵدەدات. شەڕەکان زۆر جار دەرەنجامی هێرشی وڵاتێك بۆ وڵاتێکی ترن، چونکە ئەو وڵاتە خاوەنی سەرچاوەیەکی باڵاترە و داوای شتێك دەکات کە ئەوی تر هەیەتی. پێکدادان زیاتر لەو رووەوە روودەدات کە لە ناو کۆمەڵگەدا بەرەنگاری نایەکسانی ناکرێت، کێشەکان دەکرێنە کێشەی دەرەکی[1] و، سەرکردەکان هەوڵ دەدەن بە

1 . Externalize

دروستکردنی دوژمنێکی هاوبەش لە ناو نەتەوەدا یەکێتی بەدیبهێنن. ئەو تاکانە کە لە ناو سیستەمێکی نایەکساندا بێبەش کراون، بۆ لادەرانی ستەملێکراو، تووڕە و توندوتیژ بەرامبەر بە ئەندامانی خێزان، بەرامبەر بێگانەکان، بەرامبەر تاکە سەرکەوتووەکان و دواجار بەرامبەر بە خۆیان گۆڕانیان بەسەردا دێت. ململانێی وێرانکەر هەروەها لەبەر ئەو هۆکارە ڕوودەدات کە زۆرێك لە ئێمە فێر بووین کە بۆ ڕووبەڕوبوونەوە لەگەڵ ئەو کێشانەی کە دێنە سەر ڕێگامان توندوتیژی بەکار بهێنین. تاکەکان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان لە بەرامبەر ئەوانی تردا فێر دەبن کە سوود لە ڕووبەڕووبوونەوەی توند وەربگرن. کۆمەڵگەی ئەمریکا زیاتر لە هەندێ کۆمەڵگە و کەمتر لە هەندێ کۆمەڵگەی تر توندوتیژە. ڕابەرە سیاسییەکانمان، لە ڕێگەی ئەو شتانەوە کە دەیڵێن و ئەنجامی دەدەن پیشانمان دەدەن کە چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ململانێی وێرانکەری توندوتیژەوە ڕاستە. باوکان و دایکان لە چۆنیەتیی ڕەفتارکردنیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هەمان پەیام دەردەبڕن و سینەما، تەلەفزیۆن و تەنانەت مۆسیقاش بەهێزتری دەکەن. کەسایەتییە کارتۆنییەکان، پاڵەوانەکان و ئەو پیاوانەی کە دەبێت پیاوەتیی خۆیان لە ڕێگەی توندوتیژیی دوژمنانەوە بسەلمێنن، نموونەگەلێکی گرنگن بۆ ئێمە. بابەتگەلێکی زۆر لە مێژووی ئێمەدا فێرمان دەکەن کە ململانێی وێرانکەر زەرووری و تەنانەت باشیشە: سەرکەوتنی سنوورنشینەکان، شێوازەکانی ئەنجومەنەکانی بێدارکردنەوەی ئایینی لە ڕۆژئاوای ئەمریکا، جەنگە فراوانخوازییەکان، کۆیلایەتی، ستەمکاری بەرامبەر کەمینەکان نموونەگەلێکی توندوتیژین. هەڵبەت، بەها و بنەما و دامەزراوەگەلێکیش لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا هەن کە ململانێی وێرانکەری توندوتیژ سنووردار دەکەنەوە: بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراتیك لە ڕێگەی دەنگدان، گیانی دانوستان و گفتوگۆ لە سیاسەتدا، پشت بەستن بە یاسا و زۆر جار ڕێزگرتن لە مافی تاکەکەسی.



هەرچی زیاتر ململانێ سەرکوت بکرێت و تاکەکان دنە نەدرێن کە بە قازانجی خۆیان دانیشن و گفتوگۆی ڕاشکاوانە و دروستکەر ئەنجام بدەن، ململانێی وێرانکەر زیاتر دەبێت. تا ئەو ڕادەیەی کە کولتوور هاندەری تاکەکان و گرووپەکان بۆ پەنا بردنە بەر توندوتیژی بێت، یارمەتیی ململانێ کۆمەڵایەتی وێرانکەر و چارەڕەشی مرۆڤ دەدات . هەر کاتێك حکوومەت، خێزان، یان سەرکردەکان، ڕەوایی بە بەکارهێنانی توندوتیژی ببەخشن پیشانی ئەوانی تری دەدەن کە توندوتیژی یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بە هۆیەوە دەتوانرێت کێشەکان چارەسەر بکرێت. توندوتیژی بە ئاسانی ڕوونادات، بەڵکو لە نموونەگەلێکی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر لە کۆمەڵگەوە وەرگیراوە.

## چارەڕەشی، دەرەنجامی ململانێی وێرانکەر

ململانێی وێرانکەری کۆمەڵایەتی زیان بە قوربانیی توندوتیژی دەگەیەنێت. گرنگ نییە کە ئەم ململانێیە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت: دایك و باوك، پێشێلکەرانی یاسا، یەکیەتییە کرێکارییەکان، خاوەنکارەکان یان حکوومەت. ئامانجی زیان گەیاندن بە ئەوی تر یان لە ناوبردنی ئەوی ترە و زۆر جاریش ئەم کارە دەکات. داڕێتیی وێرانکەری کۆمەڵایەتی لە کەسانێکدا کە دەبنە قوربانیی ئەو تووڕەیی بەرهەم دەهێنێت. لەوانەیە تووڕەیی ئارام و خامۆش بەرهەم بهێنێت کە زۆر جار تووڕەییەکی درێژخایەن و قووڵ دەبێت. دەکرێ دەرببڕێت یان توندتر بێت و کەڵەکە ببێت. هەرچەندە زۆر جار تووڕەیی ڕووبەڕووی ئەوانی تر دەبێتەوە. دەشکرێ دوچاری خودی تاکەکەش ببێتەوە لە شێوەی ڕەفتاری خودی وێرانکەردا: خراپەکاری، تووشبوون بە مادە سڕکەر یان سەرخۆشکەرەکان و یان خۆکوشتن.

بەڵگەیەکی زۆر لە ئارادایە کە تەنانەت ئەگەر تاك لە ململانێی ویرانکەردا بیباتەوە، چارەڕەشی بە هیچ جۆرێك لە ناو ناچێت. وەستاندن لە ململانێی وێرانکەردا ئەستەمە. سەرکەوتن لەلایەکی ترەوە تووڕەیی بەرهەم دەهێنێت و ئەگەری تۆڵەکردنەوە لە داهاتوودا دەڕەخسێنێت. بردنەوە (سەرکەوتن) دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك و (ئەوانی تر) باوەڕ بکەن کە ململانێی وێرانکەر ڕێگای بەدەستخستنی شتگەلێکە کە تاك لە بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا خوازیاریەتی و بەمپێیە هانی بەکارهێنانی دەدات بە بەردەوامی. لە رووی دەروونییەوە، ململانێی وێرانکەر هەستی شەڕەنگێزی زیاتر - و نەك کەمتر - لە کەسێکدا کە خراپەکاری لێدەوەشێتەوە دروست دەکات. شەڕەنگێزی لە جیاتی ئەوەی کە تاك ناچار بە هەستکردن بە ئاسوودەیی بکات، زۆر جار ئەو بەرامبەر بە قوربانی تووڕەتر و وێرانکەرتر دەکات. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە شەڕەنگێزەکان لەڕێگەی پاکتاوکردنی قوربانییەوە پاساو بۆ توندوتیژی دەهێننەوە و ئەوانی تر و خۆشیان باوەڕ پێدەهێنن کە "قوربانی شایەنی ئەوە بوو." ئەم جۆرە سیستەمە باوەڕدارانەیە زیاتر هانی دوژمنایەتی دەدات.

توندوتیژی و ململانێی وێرانکەر زیاتر لە دەرەوەی ڕێکخستنی یاسایی و رەواوە روودەدات. ئەمانە شتگەلێك نین کە ئێمە زۆر کات لە یەکتری چاوەڕوانیان دەکەین. ئەوانە کردارگەلێکن کە دابونەریت دەخەنە ژێر پێی خۆیانەوە. کارلێکی کۆمەڵایەتی بە دابونەریتی کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە و لەم تێگەیشتنەدا دیسپلینێك هەیە کە تاکەکانی دەوروبەری ئێمە و تەنانەت بێگانەکان - پەیڕەوی لەو نەریتانە دەکەن. پرچەکردار لەسەر بناغەی متمانە پەرە دەسێنێت و، یەکێك لە قوربانییە راستەقینەکانی ململانێی وێرانکەر متمانەیە. لە ڕێگەی ململانێی توندەوە جیهانی پێشبینی کراو و ناسراو دەبێتە جیهانێکی بێنەزم و پێشبینی نەکراو، بەبێ ڕێساگەلێك بۆ خەڵك کە باوەڕیان پێی هەبێت. جیهانی بێمتمانەیی و یاساشکێنی و



پێشبینی نەکراو ژیان بۆ زۆرێك لە خەڵك کارەساتبار دەکات. ئەوان دەبنە قوربانیی بەهێزترینەکان و توندوتیژترینەکان، ئەوان بەرامبەر بەو جیهانەی کە بە حەتمی و ئاشکرایان دادەنا، ترسیان لێدەنیشێت.

دەتوانرێت چارەڕەشی لە کۆمەڵگەدا بدرێتە پاڵ ژمارەیەکی زۆر هۆکاری ریشەیی. ئێمە تا ئێرە زیاتر تەرکیزمان لەسەر دوو هۆکار کرد: نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ململانێی وێرانکەر. بابەتێك کە پەیوەندی بە هەر دوو هۆکارەکەوە هەیە، بابەتێك کەوا دەردەکەوێت بەشێکی جیانەبووەوەی کۆمەڵگە و تەنانەت بۆ بەردەوامبوونیشی زەرووره، هەروەها بۆ زۆرێك لە خەڵکیش لە کۆمەڵگەدا چارەڕەشی بەدیدەهێنێت. نایەکسانی، تا رادەیەکی زۆر بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەی ئێمەیە - و تەنانەت شتێکە کە هەندێك بە خاڵی بەهێز ناوی دەبەن - بۆ هەندێك لە بوارە گرنگەکانی کۆمەڵگە چارەڕەشی بەرهەم دەهێنێت و ئەو چارەڕەشییە، بە گوێرەی خۆی، دەتوانێت بۆ دەوڵەمەندان و دەسەڵاتدارانیش چارەڕەشی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و مەترسی لەسەر بەردەوامبوونی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات کە زۆربەی خەڵك بە حەتمی دەزانن. ململانێی کۆمەڵایەتی، کە بەشێکی زەروریی هەموو کۆمەڵگەکانە، توند و وێرانکەر دەبێت و ململانێی وێرانکەر قوربانییەکان لەناو دەبات، زیان بە ئەنجامدەران دەگەیەنێت و کۆمەڵگەش لاواز دەکات.

## سێیەمین هۆکاری چارەڕەشی: بە کۆمەڵایەتی بوون

هەموو کۆمەڵناسان بایەخی بە کۆمەڵایەتی بوون لەوەدا دەبینن کە ئێمە ببینە چ جۆرە کەسانێك. بە کۆمەڵایەتی بوون لەسەر هەڵبژاردنەکانمان کاریگەری دەبێت، ڕێسا و بەها و هزرگەلێکمان فێر

دەکات کە لە ڕێگەیانەوە خۆمان کۆنترۆڵ دەکەین و جیهان دەبینین. بە کۆمەڵایەتی بوون ئێمە لە ناو کۆمەڵە شوێنگەیەکی نێو ستراکچەری کۆمەڵایەتیدا جێگیر دەکات و ئێمە لەگەڵ ئەو دامەزراوانەدا کە کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکەن ئاشنا دەکات. بە کۆمەڵایەتی بوون ئەوەی کە سروشت دەستی پێکردووە بە پێکهێنانی ئێمە وەك بوونەوەرانی کۆمەڵایەتی و بە پێدانی زمان، خود و زەین بە ئێمە کۆتایی پێدهێنێت.

هەندێ لە تاکەکان لە بارودۆخێکدا لە دایك دەبن کە تێیدا بە کۆمەڵایەتی بوون ناپێویست و نالەبارە. کارلێکی سەرەتایی لە نێو خێزانەکاندا هەندێ جار سنووردار یان وێرانکەرە، یان ناتوانێت خۆشەویستی دەرببڕێت و خۆپارێزییان فێر بکات. پەیوەندیی دۆستانەی نزیك ـ کە بۆ فەراهەم هێنانی کەرەستەی خاو بۆ گەشەپێدانی فیکری و سۆزداری زەرووریيە ـ بوونیان نییە. بورهان و بەڵگەی بەهێز لەبەر دەستدان کە منداڵان بەبێ پەیوەندیی نزیك لەگەڵ ئەوانی تر دەمرن یان لە رووی دەروونییەوە زیانیان پێدەگات. هەروەها کۆمەڵێك بەڵگەش لە ئارادایە کە بێبەش بوون لە خۆشەویستی لە ساڵەکانی سەرەتای گەشەدا کۆمەڵێك دەرەنجامی سۆزداری و رەفتاریی جددی لە ساڵەکانی دواتری ژیاندا لێدەکەوێتەوە. ئەو کەسانەی کە خۆشەویستییان نەبینیوە بە زەحمەت دەتوانن پەیوەندیی نزیك دروست بکەن. ژیانی بێ خۆشەویستی لە ساڵەکانی سەرەتای بە کۆمەڵایەتی بووندا یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی چارەڕەشیی مرۆڤ، هەم بۆ بکەر و هەم زۆر جاریش بۆ ئەوانی تر کە بکەر لەگەڵیاندا کارلێك ئەنجام دەدات.

جگە لە عیشق و پەیوەندییە نزیکەکان کە بە کۆمەڵایەتی بوونی سەرەتا دەبێت دەستەبەری بکات، بە کۆمەڵایەتی بوون بۆ دروستکردنی خۆشەویستی و کۆنترۆڵکردنی خودیش گرنگە. بەبێ ئەوەی کە فێر بین چۆن کردارەکانمان کۆنترۆڵ بکەین، ئۆتۆماتیکی، بەرەو رەفتاری



نائاگایانە و غەریزی ئاراستە دەکرێین، ئاراستە بوون بەرەو کردار بەبێ دەرککردنی پێشهاتەکان و ئەوەی کە ئێمە چۆن دەکرێ کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دروست بکەین. بە کۆمەڵایەتی بوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە شێوازەکانی کۆمەڵگە فێر بین و ئەو شێوازانە زۆر جار وەك شێوەکانی ئێمەیان لێدێت؛ ئێمە ئەوانە دەکەینە ناوەکی و بەپێی ئەوانە چاودێری بەسەر خۆماندا دەکەین. لەبەر هەر هۆیەك هەندێك لە ئێمە لە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بووناندا فێری ئەمانە نابین و نایانکەینە ناوەکی. بیرکردنەوەی هۆشیارانە یان خۆپارێزانەی ئاسایی هیچ کام رێنوێنیکەرێکی گرنگ بۆ کرداری ئێمە نین. دوو خاڵی گرنگ لێرەدا سەرهەڵدەدات. یەکەم، ئەوانی تر دەبنە قوربانیی کۆنترۆڵ نەبوونی ئێمە و ئێمە چارەڕەشی بۆ ئەوان بەرهەم دەهێنین. دووەم، ئێمە لە هاوکاریکردن لەگەڵ ئەوانی تردا گرفتمان بۆ دروست دەبێت، کە ئەمەش دەستەبەرکردنی سەرکەوتووانەی پێداویستییەکانمان بۆ ئەستەم دەکات. ژیانێکی پڕ لە خەم و خەفەت و تووڕەیی شوێنی ژیانێك دەگرێتەوە کە تێکەڵ بە ئامانج و چارەسەری کێشەکانە.

تەنیا بە کۆمەڵایەتی بوونی نەگونجاو نییە کە چارەڕەشی بۆ تاکەکان بەرهەم دەهێنێت، ئەوەی کە بە کۆمەڵایەتی بوونی سەرکەوتووانە لەوانەیە ئێمە بەرەو چ ئاراستەیەك رێنوێنی بکات، ئەوەش گرنگە. زۆربەمان بە کۆمەڵایەتی دەبین و فێر دەبین کە ئەوەی کە ئەنجامی دەدەین کۆنترۆڵی بکەین. بەمپێیە، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بە ناچاری یارمەتیی ئێمە نادەن کە ژیانێکی سەرکەوتووانە و بەرهەمهێنەرمان هەبێت. بە کۆمەڵایەتی بوون کاریگەری لەسەر تێڕوانینی ئێمە و بەکارهێنانی مادەسڕکەرە نایاساییەکان، نرخێك کە بە خۆمانی دادەنێین، هەڵبژاردنی ئاراستەی خوێندن و پیشە، لێپرسراوێتیی ئێمە بەرامبەر بە یاسا یان رەتکردنەوەی، ئەوەی کە ئایا هاوسەرگیری دەکەین، لەگەڵ کێ

هاوسەرگیری دەكەین و چۆن هەڵسوكەوت لەگەڵ هاوسەرەكانمان دەكەین، دروست دەكات. دایك و باوكان، مامۆستایان، بەساڵداچووان لە كۆڵانەكەماندا (لەنێو دامودەزگاكانی كاركردن، كڵێسەكان، و لە نێو شەقام) و هاوڕێیان لەسەر ئاراستەكردنی ئێمە كاریگەریان دەبێت. بە هەمان شێوە خاوەنكار و برا و خوشكە گەورەكانیشمان كاریگەری لەسەر رەفتارمان دادەنێن. ئێمە سەرنجی ئەوانی تر دەدەین، گوێ لەو شتە دەگرین كە ئەوان دەیڵێن، دەبینین كە ئەوان چۆن بەرامبەر بە هزر و كردارەكانی ئێمە كاریگەرییان دەبێت و، لە نێوان هەموو ئەمانەدا ئاراستەگەلێك دەگرینە بەر كە لە روانگەی ئێمەوە گونجاون. ناوەرۆكی ئەوەی كە فێری چ پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی دەبین، لەسەر ئەوەی كە ئێمە بە چی دەبین كاریگەری هەیە. بە تێگەیشتنی زۆر گرنگ، ئەو كەسانەی كە ئێمە كۆمەڵایەتی دەكەن بۆ ئێمە نوێنەری كۆمەڵگەن و، ئێمە لە رێساكانی ئەوانەوە، بەهاكانیانەوە، هزرەكانیان و سەرمەشقی ئەوانەوە كارمان تێدەكرێت. لە گۆشەی شەقامی تالی[1]دا، خوێندنەوەی كۆمەڵێكی هەژاری چینی خوارەوە لە واشنگتۆن؛ د.سی.ئەلیۆت لیبۆ بە چەشنێكی سەرنجڕاكێش و كاریگەر پیشانمان دەدات كە گەنجەكان لەو شوێنەدا بە تێبینی كردنی ئەوەی كە پیاوانی بەتەمەن چۆن چۆنی هەڵسوكەوت دەكەن، فێر دەبن كە ئەوانیش چۆن رەفتار بكەن. پیاوانی پیرتر كات بە فیرۆ دەدەن. ئەوان لە پیشەكانی كەم داهات، ناپسپۆڕی، و زۆر جار مەترسیداردا كار دەكەن. پیشە هیچ ئومێدێكیان پێ نابەخشێت؛ تەنیا دەرفەتێك دەرەخسێنێت كە هەفتەكەیان تێپەڕێنن. ئەم پیاوانە كە ئومێدێكی وایان بە داهاتوو نییە، لە هەر لەزەتێك كە لە كاتی ئێستادا دەتوانن لێی بەهرەمەند بن سوود وەردەگرن. ژیان تەنیا واتای مانەوە و

1 . tallys corner



زیندووبوون دەگەیەنێت، بەبێ نرخێكی وا جگە لەوەی تاك دەتوانێت لەوانی ترەوە لە نێو سووچی شەقامەكاندا بەدەستی بهێنێت. گەنجەكان وردە وردە باوەڕ دەكەن كە پیاوانی بەتەمەنتر (وەك ئاوێنەیەك) ژیانی داهاتووی ئەوانیان پیشان دەدەن؛ لێرەدا لەوانی ترەوە، ئەوان ئایندەی خۆیان دەبینن.

هەڵبەت بە كۆمەڵایەتی بوونی ئێمە لەوانەیە لە رێگەی كەسانێكیشەوە كە هەرگیز نایانبینین بە ئەنجام بگەیەنرێت. ئێمە دەكرێ لە ژێر كاریگەریی سەركردەیەكی سیاسی، ئەستێرەیەكی باسكتباڵ، گۆرانیبێژێكی سەركەوتوو، بازرگانێكی دەوڵەمەند، یان تەنانەت خراپەكارێكی بێبەزەیی، ئاراستەكانمان بگۆڕین. ئێمە لەوانەیە كتێبێك بخوێنینەوە یان بە رێكەوت لەگەڵ كەسێكدا كە كاریگەری لەسەرمان دروست دەكات كارلێك ئەنجام بدەین و، لەوانەشە ئاراستەوەرگرتنی ئێمە بگۆڕێت. بەمپێیە، جەخت كردنەوەی زیاد لە پێویست لەسەر گرنگیی دیمەنە دوورەكان دوودڵی دروست دەكات. زۆربەی كات ئێمە لە رێگەی كەسانێكەوە كۆمەڵایەتی دەبین كە زۆر لە ئێمەوە نزیكترن و ئێمە هەموو رۆژێك كارلێكیان لەگەڵ ئەنجام دەدەین. ترگود مارشاڵ دادوەری بەناوبانگی دیوانی باڵا (1: 1979) دەنووسێت كە چۆن بە لایەوە زۆر قورس بووە كە بڕواتە نێو گەڕەكێكی هەژارنشینەوە و خۆی وا پیشان بدات كە نموونەی رۆڵێكە بۆ ئەمریكییە بە رەگەز ئەفریقییەكان لەو شوێنەدا: ژیانی ئەو لەگەڵ ژیانی ئەواندا زۆر جیاواز بوو. دەرفەتەكانی ئەوان لەگەڵ ئەو دەرفەتانەی كە ئەو هەیبوو وەك یەك نەبوون. ئەوان كەلێنی نێوان ئەو و خۆیان زۆر باش دەناسی.

كەسانێك كە لە رێگەی ئەو تاكانەوە كە لە چارەڕەشیدا دەژین، كۆمەڵایەتی دەبن، لەژێر كاریگەریی ئەواندا ئاراستەیەك دەگرنە بەر كە چارەڕەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەمە واقیعی بە كۆمەڵایەتی بوونە.

له ڕێگەی ئەوانی ترەوە کە لێمانەوە نزیکن تێدەگەین کە ژیانی ئێمە چی دەبێت و دەبێت چی بێت. ئێمە فێر دەبین کە مافی خۆمانە چ چاوەڕوانییەکمان لە ژیان هەبێت: وازهێنان لە خوێندن یان بەدەستهێنانی بڕوانامەی زانکۆ لە زانکۆیەکی بەناوبانگ، بە ناڕەحەتی درێژەدان بەمانەی خۆمان لە نێو هەژاری و نەداریدا یان لە خۆشگوزەرانی و فراوانی ژیاندا، بێکار بوون یان بۆ ژیانێکی پیشەیی بەرنامە دارشتن. بۆ زۆرێك لە تاکەکان، نموونەکانی ڕۆڵ کەسانێکن کە مادەی سەرخۆشکەر بەکار دەهێنن، دوچاری تاوان و لادان دەبنەوە، گیرۆدەی ململانێیەکی وێرانکەر دەبن و، لەگەڵ ئەوانی تردا بە سووکی هەڵسوکەوت دەکەن. بۆ ئەوانی تر، نموونەکانی ڕۆڵ کەسانێکن کە هەژاران ڕووت دەکەنەوە و بە هەر نرخێك بێت بە دوای سەرکەوتنی مادیدا دەگەڕێن. تا رادەیەك خەڵك لەبەر ئەو هۆیە لە چارەڕەشیدا دەژین کە بە کۆمەڵایەتی بوون ئەوان بەرەو ئەو ئاراستەیە پاڵ پێوە دەنێت. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو چارەڕەشیەدا کە تاك لەگەڵیدا لەدایك بووە، ئەو پێویستە لە ڕێگەی ئەو نموونە ڕۆڵە واقیعگەرایانەوە کە لە دژی ئەو جۆرە بە کۆمەڵایەتی بوونە کار دەکات، بە کۆمەڵایەتی ببێت و، ئاراستەکەی خۆی بگۆڕێت. ئەگەر تاك لە نێو چارەڕەشیدا گیرۆدە بووبێت، تەقریبەن مەحاڵە نموونەگەلێکی ڕۆڵی واقیعگەرایانە بدۆزێتەوە کە بۆ هەڵهاتن لە چارەڕەشی یارمەتیی بدەن. ئالۆزیی چارەڕەشی بۆ ئەو کەسانەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنن لێرەدایە.

دواجار ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە چارەڕەشی بکەین چاوەڕوانییەکانی ئێمەیە. زۆربەمان خەڵکانێك دەناسین کە "وا دەردەکەوێت هەموو شتێکیان هەیە" و لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانیان ناڕازین. ئەو تاکانە کە جوانن خۆیان بە ناشیرین دادەنێن، ئەوانەش کە دەوڵەمەندن خۆیان بە هەژار هەژمار دەکەن. ئەو تاکانەی کە هەمیشە نمرەی "ئەلف" وەردەگرن ئەگەر نمرەی"با" وەربگرن غەمبار و پەرێشان



دەبن. بەشێك لە چارەڕەشیی ئێمە لە ئەنجامی جیاوازیی نێوان واقیعی بابەتی (چۆنیەتیی کارکردنی واقیعی ئێمە، ئەوەی بەڕاستی هەمانە) و چاوەڕوانییەکان بۆ خۆمان سەرهەڵدەدات. چاوەڕوانییەکانی ئێمە لە بنەمادا بە هۆی کۆمەڵایەتی بوونی ئێمەوەیە. لەوەوە کە ئێمە لە ڕێگەی ئەوانی ترەوە کۆمەڵایەتی دەبین، چاوەڕوانییەکانی ئەوان بۆ ئێمە گرنگ دەبن، خواستەکانی ئەوان بۆ خواستەکانی خۆمان دەگۆڕێن. هەندێ جار ئێمە دژ بە دایك و باوکی خۆمان کە چاوەڕوانییەکانیان لە ئێمە لە رادەبەدەرە یاخی دەبین؛ بەڵام زۆر جاریش هەرگیز لە چاوەڕوانییەکانی ئەوان، کە هەرگیز ناتوانین دەستەبەریان بکەین، خۆمان نادزینەوە. گرنگە کە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە ببینەوە کە بەشێك لە چارەڕەشیی تاکەکەسیی کۆمەڵایەتییە: گرنگ نییە کە لە ژیاندا چیمان بەدەست هێناوە، بەهەرحاڵ ئێمە ناتوانین ڕازی بین، چونکە ئەوانی تر ئێمەیان بە کۆمەڵایەتی کردووە کە بەرامبەر بەوەی کە ئەنجامی دەدەین خاوەنکارێکی[1] سەختگیر و بێتەحەمول بین.

بە کۆمەڵایەتی بوون لەڕاستیدا ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ـ بەو جۆرەی کە بابەتیانە بوونی هەیە ـ تاکە. لە بنچینەدا بە کۆمەڵایەتی بوون بۆ بەردەوامیی کۆمەڵگە و پەرەسەندن (تکامل)ی مرۆڤ زەرورییە. بە کۆمەڵایەتی بوون ڕێکخستن بەدی دەهێنێت؛ بۆ تاك هەلی بەرجەستەکردنی توانا هێزەکییەکانی فەراهەم دەکات. هەروەها دەتوانێت شپرزەیی لە نێو کۆمەڵگە و چارەڕەشی بۆ تاك بهێنێتە کایەوە.

ئەم خاڵە نابێت لەبیر بکەین کە گەلێ ڕێگای جۆراوجۆر لەئارادان کە لێیانەوە بە کۆمەڵایەتی بوون دەچێتە نێو چوارچێوەی کێشەی چارەڕەشییەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە سەرنجی ئەو چارەڕەشییە

1 . Taskmaster

ترسناکە دەدەین کە پیاوکوژە پسپۆڕەکان، تیرۆریستەکان، دەسەتەڵاتدارانی کڕین و فرۆشتن، گرووپەکانی لاوان و فرۆشیارانی مادە سڕکەرەکان بەسەر ئەوانی تردا دەیهێنین، لەسەر هەموومان پێویستە کە بپرسین بۆچی. بۆچی ئەم جۆرە کەسانە بوونیان هەیە؟ ئەگەر بە وردی سەیر بکەین، تەقریبەن هەمیشە دەتوانین کۆمەڵایەتی بوون وەك یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکان دەستنیشان بکەین. ئەمە پاساو بۆ زیان ناهێنێتەوە. بەڵام یارمەتیشمان دەدات تێبینیی ئەو چارەڕەشیە بکەین کە خودی ئەم جۆرە تاکانە دوچاری دەبن و هەلیش بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت لە هۆکارەکانی کردارەکانی ئەوان تێبگەین و کەشفی بکەین کە زۆربەی تاکەکانی تر تا چ رادە بەختەوەرن.

## چوارەمین هۆکاری چارەڕەشی: نامۆبوون[1]

یەکێکی تر لە سەرچاوەکانی چارەڕەشی، لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە، نامۆبوونە. زاراوەی نامۆبوون لە سادەترین تێگەیشتنیدا واتای جودایی دەگەیەنێت. نامۆبوون چەمکێکە کە کۆمەڵناسان بۆ وەسفکردنی 1) جیابوونەوە لەوانی تر (تەنیا بوون، گۆشەگیری)، 2) جیابوونەوە لەکاری واتادار، و 3) جودایی لە خۆمان وەك بوونەوەری چالاك بەکاری دەهێنن.

### جودایی لەوانی تر

نامۆبوون بابەتێکی سەرەکیی بەرهەمەکانی مارکسە. بە بۆچوونی مارکس، سەرمایەداری سیستەمێکی ئابوورییە کە زیاتر لەسەر بنەمای کێبڕکێ راوەستاوە تا هاوکاری، بەکارهێنانی ئەوانی تر تا هاوبەشیکردن

1 . alienation



لەگەڵیان و مادیگەری تا میهرەبانی و رێزلێگرتن. مارکس (1844) شی دەکاتەوە کە چۆن بە بۆچوونی ئەو، خەڵکی لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکاندا پەیوەندی پێکەوە دروست دەکەن: لە شێوەی شتەکان یان ئەو کاڵایانەی کە لە بازاڕدا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، یان ماڵ و سامان و دارایی و، یا وەسیلەیەك بۆ ئامانجێك، نەك ئامانج خۆی بۆ خۆی.

زۆرێك لە کۆمەڵناسانی تر نامۆبوونی کۆمەڵایەتی کە ژیانی مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بەڕاست دەزانن، بەڵام سەرمایەداری وەك هۆکارێك بۆ سەرهەڵدانی بە تاوانبار نازانن. ماکس ڤێبەر (181 - 183: 1904 ـ 1905)، هەرچەندە ئاماژە بە دەستکەوتەکانی بیرۆکراسی دەکات، بەردەوام بیرمان دەخاتەوە کە کۆمەڵگەی بیرۆکراتیك کۆمەڵگەیەکی ناتاکەکەسییە، کۆمەڵگەیەکی بێ هەست و نەریت، کۆمەڵگەیەك کە جەخت لەسەر کارایی و کاریگەربوون لە رێکخراودا دەکات. هەموومان "لە نێو قەفەزی ئاسنینی بیرۆکراسیدا" و، بەرنامەڕێژی، ژماردن و چارەسەری کێشەکاندا، کە بە بەردەوامی سەرهەڵدەدەن، گیرۆدە بووین؛ لەبەر ئەوە دۆستایەتیمان، لێپرسراوێتییە سۆزدارییە نزیکەکانمان بەرامبەر بە یەکتر و، هەستی یەکگرتن و وابەستەیی کۆمەڵایەتی و هاوبەشمان کردۆتە قوربانیی ئەو. چارلز کولی (1909)، کۆمەڵناسی ئەمریکی، کە لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمدا بەرهەمەکانی خۆی نووسیون، بایەخی گرووپە سەرەتاییەکان "گرووپە بەرامبەرەکان کە خاوەنی پەیوەندیی سۆزداریی نزیکن" بۆ مرۆڤ شی دەکاتەوە، ئەو و کۆمەڵناسانی تر لەبەر ئەو واقیعەی کە جیهانی ئێمە بە جۆرێکی بەرچاو بەرەو ناتاکەکەسی، رێکخراوەیی و تاکگەرایی رۆیشتووە هەست بە دڵگرانی دەکەن. خۆشەویستی و دڵسۆزی بە چەشنێکی بەرچاو شوێنی خۆیان بۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی چۆڵ دەکەن.

نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لەوانەیە باشتر لە هەمووان لە کارەکانی جۆرج زیمل، کۆمەڵناسی ئەڵمانی کە هاوچەرخی ڤێبەر و دۆرکهایم بوو، روون

کرابێتەوە (ئەم سێ کۆمەڵناسە هەر سێکیان لە نێوان ساڵەکانی 1918 و 1920 کۆچی دواییان کرد). زیمل (1903 ـ 1902) ژیانی مۆدێرن وەکو ژیانی بێگانە سەیر دەکات. ئێمە لە نێو ئەو کۆمەڵە گەورانەدا ژیان بەسەر دەبەین، کە تێیدا پەیوەندیی سەرەکی ئێمە لەگەڵ پێداویستییە کەسیەکاندایە و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەوانی تردا قووڵاییەکی وەهای نییە. بۆ زۆرێك لە ئێمە، ژیانی شارنشینی دنیای بێگانەکانە و نزیکی و خۆشەویستییەك کە پەیوەندییە مرۆییەکانی لە رابردوودا دیاری دەکرد لە ناو چووە. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا ئەنجام بۆ خەڵك تەنیایی و چارەڕەشییە.

تاکێتی یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی سەدەی ئێمە. شۆڕشەکان بۆ ئازادکردنی تاك لە بەندی دیکتاتۆرییەت بەرپا دەکرێن. فێرکردن ئێمە زۆر جار بەرەو تاکگەراتر، کەمتر نەریتی و کەمتر سۆسیالیزمیتر دەبات. شار پەیوەندییەکانمان بە جەبری کۆنترۆڵی شاری بچووك دەپچڕێنێت و خۆشگوزەرانی و فراوانی دەرفەتی گەڕانەوە بۆ ماڵەکانی خۆمان و لەزەت بردن لە ژیانی بێ ناچار کردن بە کارلێك لەگەڵ ئەوانی ترمان بۆ دەڕەخسێنێت. قوتابیانی زانکۆ دەتوانن لە ژوورەکانیاندا بمێننەوە و کاتی خۆیان بە تایپکردن بە کۆمپیتەرەکانیان لەسەر ئینتەرنێت تێپەڕێنن، لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە هیچ کات نایانبینن کارلێك ئەنجام بدەن، یان سوود لە هەلی ناچار نەبوون بە کارلێکی رووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە لەوبەری شەقامەکەوەن وەربگرن. بەمپێیە، تاکگەرایی داوای بەهایەکی کردووە: بۆ زۆرێك لە ئێمە، جیابوونەوەی زۆر لەوانی تر، هەڵوەشانی خێزان و دۆستایەتییە نزیکەکان و، گرنگیدان بە خودی بەبێ گرنگیدان بەو کۆمەڵگەیەی کە ئێمەی تێدا دەژین لێکەوتۆتەوە. لەگەڵ ناتاکەکەسی بوون و بەکارهێنانێکی بەرژەوەندیخوازانە کە کۆمەڵگە هاندەریەتی، تاکگەرایی یارمەتیی نامۆبوونی ئێمە لە یەکتری دەدات.



**نامۆبوون لە کاری واتادار**

نامۆبوونی کۆمەڵایەتی لە ژیانی مۆدێرندا نامۆبوون لە کاری داهێنەرانەشی لەگەڵدایە. بیروڕاکانی مارکس (1848) لێرەشدا لە هەمووان گرنگترن. بە بۆچوونی ئەو، مرۆڤ بوونەوەرێکی داهێنەر، تێکۆشەر و دروستکەرە. بەڵام لە بەشێکی زۆری مێژووی نوێی مرۆڤدا، کار واتای ماندووبوونی گەیاندووە لە پێناو بەرژەوەندییە مادیەکانی خاوەن زەویوزارەکان، بۆ ئەو حەقدەستانەی ئەوان حەز بە خەرجکردنی دەکەن و، بۆ پاداشتە دەرەکیەکان، نەك ئەو ئیمتیازاتە دەروونیانەی کە لە کاری داهێنەرانەدا بەدی دەکرێت. ئێمە بۆ ئەوانی تر کار دەکەین و کاری ئێمە بریتییە لە ئەنجامدانی ئەرکێکی بچووك کە دواجار بەرهەمی تەواو دەدات بە دەستەوە کە ئێمە هەرگیز نایبینین. کار واتای خۆی بۆ مرۆڤەکان لە دەست داوە و ئەمەش بۆ ئێمە چارەڕەشی لێکەوتۆتەوە.

ڤێبەر (1904 ـ 1905) سەردەمی سەرەتای سەرمایەداری بەو کاتە دەبینێت کە خەڵك لە ڕاستیدا دێنە مەیدان و زیرەکانە دامەزراوەگەلێکی ئابووری دروست دەکەن کە بۆیان گرنگە. سەردەمی سەرەتای سەرمایەداری سەردەمی خاوەنکار و بەڕێوەبەری ئابووری بوو، دروستکەری کاڵاکان و ئیش و کار، رووداوخوازێکی داهێنەر کە واتای راستەقینەی لە کاردا دەدۆزییەوە. هەموو ئەو داهێنانانەی نێو دامودەزگا گەورە و مۆدێرنە بیرۆکراتییەکان کە لە ژێر ناوی کاراییدا دامەزراون، لەناو چوون. بکەر (action) ئێستاکە سوورێنەرێکی بچووکە لە نێو ئامێرێکی گەورەدا کە واتایەك لەکارکردندا نادۆزێتەوە و دابینکردنی پیشەیەك زیاتر قەبووڵ دەکات تاوەکو ئەزموونی سەرنجڕاکێش و مەترسیداری کارەکەی.

ماركس و ڤێبەر دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسیی کارن. ئەوان پرسیارگەلێکی ورووژێنەرانە دەخەنە روو کە هەموویان پەیوەندییان بە ئیمکانی کاری واتادارەوە هەیە و، دەگەنە ئەو دەرەنجامەی کە ژیانی مۆدێرن شوێنێکە کە تێیدا مرۆڤەکان بە ئاسانی ناتوانن بیدۆزنەوە. بۆ زۆربەمان پارە پەیداکردن بۆتە ئامانج و جێنشینی کاری واتادار و بەدواداچوونی ژیانێکی خۆش لە رێگەی پشوودانەوە نەك لە رێگەی کارەوە بە چەشنێکی بەرچاو شێوەی فۆرمێکی بەخۆوە گرتووە. ژیان بۆ زۆرێك ململانێیەکە بۆ بردنەوە لە یارییەکدا کە ئێمە هەم لە یەکتر و هەم لە کاری واتادار نامۆ دەکات.

کاتێ کە من لە پۆلێکی وانەی بنەماکاندا سەبارەت بە کار قسەم دەکرد، هەوڵم دا پیشانی بدەم کە چۆن تێڕوانینەکانی ئێمە سەبارەت بە کار لەم سەدەیەدا گۆڕاون. وەبیرم هێنانەوە کە من لە نەوەیەکم کە کاری بە بنچینە بۆ ژیانی بەرهەمهێنەر دەزانی. ئێمە کارمان دەکرد، چونکە باوەڕمان وا بوو کە کار شتێکە خەڵك دەبێت ئەنجامی بدەن، تەقریبەن وەك ئەرکێکی ئەخلاقی. دواجار لە دەیەی 1960 زۆرێك لە گەنجان بە دوای ئەوەی کە پێی دەوترێت کاری واتادار عەوداڵ بوون و، ئەم پەیوەندییە قازانج گەیاندن بە ئەوانی تر یان کۆمەڵگەی لەگەڵدا بوو. لە دەیەی 1970 کار وەك وەسیلەیەك بۆ ئامانجی لێهات، وەك شێوەیەك بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، شێوەیەك بۆ کۆکردنەوەی پارە لە دنیای ئیش و کاردا. من رووم کردە قوتابییەکی پۆلەکە و لێم پرسی بۆچوونی سەبارەت بە کار چییە ـ ئایا وا بیر دەکاتەوە کە کار شتێکی هەیە کە ژیانێکی بەرهەمهێنەر داوای دەکات؟ ئایا ئەو دەیەوێت کاری واتاداری هەبێت یان کار ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی مادی؟ ئەو



سەیرێکی منی کرد و وتی، "نازانم". من کەمێك زیاتر لە سەری سووربووم و، ئەو وەڵامی دایەوە، "کار بە عەمەلی من نایێت!" "کار رێگای سەرکەوتوو بوون نییە؟"، "نەخێر" "ئایا ناتانەوێت دەوڵەمەند بن؟"، "هەڵبەت کە دەتانەوێ" "ئەگەر وایە چۆن دەتانەوێ ئەم کارە بکەن؟" وەڵامی کۆتایی ئەو ئەوە بوو: "بردنەوە لە یانسیبدا." بەدبەختانە، ئەگەر کار بەشێك لە ژیانی واتادار بێت، لەو حاڵەتەدا ئێمە لەوانەیە بە چەشنێکی بەرچاو بۆ کۆمەڵگەیەك بگۆڕێین کە تێیدا کار وەك شەڕێکی زەرووری هەژمار دەکرێت و ئێمە دەبێت لە شوێنێکی تردا بە دوای واتا و خۆشبەختیی خۆماندا بگەڕێین. بۆ زۆر لە کۆمەڵناسان، نەبوونی کاری واتادار یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی چارەڕەشی و رەزامەندییەکی وای لێناکەوێتەوە.

## نامۆبوون لە خودی چالاکی[1] ئێمە

نامۆبوون لە خود وەك بوونەوەرێکی چالاك واتای ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە پەیوەندیان لەگەڵ دنیای خۆیاندا کاریان تێدەکرێت. ئەوان خۆیان بە دەستەوە دەدەن. ئەوان رێگە دەدەن دەوڵەت بە سەریانەوە حوکم بکات، خاوەنکارەکان وەریانبگرن و دەریانبکەن، دراوسێکان ئازاریان بدەن، منداڵەکانیان شتگەلێکیان لێ داوا بکەن و وەرییبگرن و هێزە کۆمەڵایەتییەکان ئەوان بکەنە ئالەتی دەستیان. ژیانی ئەوان هی خۆیان نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا لەلایەن هێزە تاکەکەسییەکانەوە کە وا دەردەکەوێت لە دەرەوەی ئیرادەی ئەوانەوەیە، دەبزوێن. کارلێك بۆ زۆرێك چارەڕەشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت!

1 .action self

ئەوان دەبنە قوربانیی ئارەزووەکانی ئەوانی تر، ئەوان ناتوانن بە جۆرێکی کاریگەر ئەرکی چارەسەری ئەو کێشانەی کە سەرهەڵدەدەن راپەڕێنن، لەوانەیە لە هەمووی گرنگتر، ئەوان هەست بەوە دەکەن کە لە ژیانی تاکەکەسیی خۆیاندا و لە کۆمەڵگەدا هیچ دەسەڵاتێکیان نییە.

کۆمەڵناس چەندین جار ئەم پرسیارە دەکات: چ شتێك لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمەدا ـ کۆمەڵگەی ئێمە ـ هەیە کە کاردانەوە و هەستی بێدەسەڵاتی دروست دەکات؟ تا رادەیەك ئەمە بارودۆخێکی بابەتییە. ئێمە خۆمان بە خاوەنی دیموکراسی دەزانین، بەمپێیە، ئاشکرایە کە بیروڕایەك لە کۆمەڵگەیەکی وەها گەورە، ئاڵۆز و هەوراز و نشێودا بایەخی نییە. ئێمە ناوی خۆمان دەنێین کۆمەڵگەی سەرمایەداری، لەبەر ئەوە، بازاڕ، بە ئاشکرا لە رێگەی کۆمپانیا زۆر گەورەکان و تەنانەت هێزە ئابوورییە ناکەسییە گەورەترەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ئێمە خۆمان بە کۆمەڵگەیەك پێناسە دەکەین کە تێیدا تاك بایەخی هەیە، بەم حاڵەوە، وا دەردەکەوێت کە بارودۆخ بەرەو ئاقارێك دەگۆڕێت، کە ئێمە تاکەکانی کۆمەڵگە خوازیاری ئەوە نین. تەنانەت لە ژیانی تاکەکەسیی خۆماندا ، چیەتیی کۆمەڵگە هانی بێدەسەڵاتی دەدات: هەوڵەکانی دایك و باوکانی ئێمە لە ئەنجامی نفوز و کاریگەریی گرووپی هاوڕێیان، تەلەفزیۆن و کولتووری گشتی گەنجان رووبەرووی ناکامی دەکەنەوە. هەڵبژاردنی پیشە و شوێنی دانیشتن لەلایەن بازاڕ و نرخەکانی سوودەوە دیاری دەکرێت. دەرفەتەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باش لەلایەن زانکۆیەکی بەناوبانگ بە هۆی کۆمەڵێك رێسای زانکۆ و، دیاریکردنی مامۆستایەکی رێنیشاندەر و، هەڵسەنگاندنەکانی لێپرسراوانی وەرگرتنی قوتابیان، مامۆستاکان و بەڕێوەبەران و کارگێڕانی زانکۆوە کە ئێمە هەرگیز ئەوان نابینین، دەستنیشان دەکرێن. بارودۆخگەلێکی




وەك ئەمانە هەستی بێهێزی بەدی دەهێنێت و وەها هەستێك بۆ زۆرێك لە خەڵك لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا چارەڕەشی لێدەکەوێتەوە.

## کورتە و دەرەنجام

تێگەیشتن لە چارەڕەشیی مرۆڤ و هۆکارەکانی ئاڵۆزە. هۆکارگەلێکی زۆر لە ئارادان کە هەندێ لەوانە لێرەدا تاوتوێ نەکراون. لەڕاستیدا، دەروونناس، فەیلەسووف و بیرمەندە ئایینییەکان سەبارەت بەوەی کە بۆچی چارەڕەشی لە جیهاندا بوونی هەیە قسە و باسێکی زۆریان بۆ وتن پێیە.

بەم حاڵەشەوە، کۆمەڵناس شتێکی زۆر بەنرختر بە ئێمە دەڵێت: هۆکاری چارەڕەشیی مرۆڤ، تا رادەیەك، لە سروشتی کۆمەڵگەی ئێمە و ژیانی کۆمەڵایەتیماندایە. تاکەکان لەبەر ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی کە دەتوانین دەستنیشانیان بکەین زیان بەوانی تر دەگەیەنن. تاکەکان لە چارەڕەشیدا دەژین نەك لەبەر ئەو هەڵبژاردنە ئەقڵانییە ئازادانەیەی کە ئەنجامی دەدەن، بەڵکو زیاتر بە هۆی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەی کە زۆر جار لێیان ئاگادار نین یان لێیان تێناگەن. ژیانی کۆمەڵایەتیی ئێمە لەوەدا کە چیمان لێدێت و ئەوەی کە ئایا ژیانی ئێمە گونجاو و دروستکەر دەبێت یان کارەساتبار و وێرانکەر، رۆڵێکی سەرەکی هەیە.

لەوانەیە گونجاو بێت کە ئەو خاڵانەی کە لەم بەشەدا سەبارەت بە چوار کۆڵەکە سەرەکییەکەی چارەڕەشی خستمانە روو لە هێڵکاریەکدا وێنە بکێشین (ن. ك. وێنەی ژێرەوە).




ئایا دەتوانین ئەم چوار مەرجە کۆمەڵایەتییە گشتییە بگۆڕین و بەمپێیە کاریگەرییەکمان لەسەر چارەڕەشیی مرۆڤ هەبێت؟ ئایا چارەڕەشیی مرۆیی حەتمییە؟ ئایا دەبێت بە تەواوی قەبوولّی بکەین؟ چ پرسیارگەلێکی ئالۆز! هەموو فەلسەفە مەزهەبییەکان و هەموو ئەو تاکانەی کە بە دوای دادپەروەریدا وێڵن هەوڵ دەدەن لێیان تێبگەن. شۆڕشەکان بەم پرسیارانە دەست پێدەکەن و تەنانەت کەسانێك کە یارمەتیی چارەڕەشیی ئەوانی تر دەدەن، بێبەزەیی



بوونی خۆیان وەها پاساو دەهێننەوە: "ئەگەر ئێمە ئەم خەڵکە بەکار نەهێنین، بە دڵنیاییەوە ئەوانی تر ئەم کارە ئەنجام دەدەن".

چارەڕەشیی مرۆڤ لەوانەیە خۆ لێدەرباز بوونی نەبێت، بەڵام نابێت تا ئەم رادەیەش زیاد بێت. ئێمە هەمیشە دەتوانین کۆمەڵگەیەك بە چارەڕەشیی کەمترەوە دروست بکەین، یان لە تواناماندایە بە کردەیی کۆمەڵگەیەك بە چارەڕەشیی زیاترەوە دابمەزرێنین، بۆ نموونە هەژاری لەمڕۆدا فراوانترە لە دەیەی 1960، بەڵام لە دەیەی 1850 پانتاییەکی کەمتری بوو. کار بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانی سەندیکا کرێکارییەکان و تەکنەلۆژیای مۆدێرندا لەئارادا بوو، کەمتر بەکارهێنەرانەیە (بەکارهێنانی ئەوانی تر). نەخۆشی و برسییەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان کەمترە لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی تر؛ بەم حاڵەشەوە، هەندێ لە کۆمەڵگەکان زۆر سەرکەوتووترن لە ئێمە. چارەڕەشیی هەمیشە بەردەوام دەبێت، بەڵام پرسیار هەمیشە ئەمەیە کە تا چ رادەیەك من (یان کۆمەڵگە) دەتوانین قەبوولّی بکەین.

ناسینی ئەم خاڵە گرنگە، زۆرترینی چارەڕەشیی جیهان لە سروشتی خودی کۆمەڵگەدا جێگیر بووە. ئێمە ناتوانین لە بەرەنگاربوونەوەی چارەڕەشیی مرۆییدا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین بەبێ ئەوەی کە گۆڕانکاری بەسەر ئەو نموونە کۆمەڵایەتیانەدا بهێنین کە لە ماوەی سەردەمێکی دوورودرێژی مێژووییدا هاتوونەتە کایەوە. ئێمە ناتوانین بەرەنگاری توورەیی، نامۆبوون و خراپەکاریی توندوتیژ بینەوە بەبێ ئەوەی هەژاری، نایەکسانی زۆر و، وابەستەیی رێژەیی مرۆیی بە سەرکەوتنی مادییەوە کەم بکەینەوە. ئێمە ناتوانین بە سەر نامۆبووندا سەرکەوین بەبێ ئەوەی کە پرسیارگەلێکی گرنگ سەبارەت بە چیەتیی کار و بایەخێك کە بۆ تاکگەرایی لەم کۆمەڵگەیەدا دایدەنێین بخەینە روو. هەڵبەت، هەندێك لە ئێمە

نامانەوێ کۆمەڵگە بگۆڕین (هەرچییەك بێت، ئێمە ژیانێکی باشمان هەیە)، بەڵام بەم حاڵەش دەبێت ئامادەیی قەبووڵکردنی چارەڕەشی ئەوانی ترمان تێدا بێت. ئەگەر ئێمە ئەو ڕەوشەی کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چارەڕەشی نەگۆڕین، چارەڕەشی بەردەوام دەبێت و تەنانەت لەوانەیە خراپتریش ببێت. لەڕاستیدا، چارەڕەشی لەوانەیە دواجار ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی زۆر گەورەتر لەوەی کە زۆربەمان خوازیاری ئەوەین.

دەرککردنی مردنی ترسناکی منداڵان لە ئەنجامی ئیستغلالی دایك و باوکانەوە تەقریبەن بۆ زۆربەمان ئەستەمە. ئایا خۆشەویستیی نێوان دایك و باوك و منداڵی سروشتی، حەتمی نییە؟ کۆمەڵگەی ئێمە بە چەشنێکی بەرچاو رابردووی تاریکی هاوسەران و منداڵانی زیان لێکەوتوو ئاشکرا دەکات، زۆربەی ئەو گەنجانەی کە پێش ئەوەی دەرفەتێك بدۆزنەوە تاوەکو وەك بەتەمەنە بەرهەمهێنەرەکان بژین، گیانیان لەدەست دەدەن. بەڵام دەتوانین ئەم پرسیارە بخەینە روو کە ئەگەر ئەم منداڵانە لەم بارودۆخانەدا گیانی خۆیانیان رزگار بکردایە چیان لێدەهات؟ هەندێکیان لەوانەبوو بتوانن بە باشی لەو بارودۆخە خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام ئەم ئەگەرەش لە ئارادایە کە بە کۆمەڵایەتی بوونی ئەوان ببێتە هۆی ئەوەی کە نەوەیەکی تر لە تاکەکان بێنە کایەوە کە ستەم لەوانی تر بکەن. ئەو کەسانەی کە چارەڕەشی بۆ ئەوانی تر دەهێنن زۆر جار خۆشیان ئەو بارودۆخە نەگبەتبارەیان تەحەمول کردووە. کەوتنەبەر ئیستغلال و ئازاردان، ئیستغلالکردن و ئازاردانی ئەوانی تر هان دەدات. ئەوان کە لە دەرەوەی رەوشی واقیعدان بە ئاسانی دەتوانن پەنجەی تاوان بۆ ئازاردەر و ئیستغلالکەر درێژ بکەن، وەك بڵێی کە ئەو ئازارە هەڵدەبژێرێت، بەڵام قوتابیی زانکۆ بە پەیبردن بە هۆکارەکانی چارەڕەشی لە کۆمەڵگەدا خەمبار دەبێت.



قوتابیی جددی دەزانێت کە کۆتاییهێنان بە چارەڕەشی لەوانەیە مەحاڵ بێت، بەڵام ئەمە کەم ئەقڵییە ئەگەر وا بزانین کە تەنیا بە سکاڵای ئێمە و ئارەزووی لەناوچوونی چارەڕەشی بە ئاسانی لە ناو دەچێت. قوتابیی جددی هەروەها پەی بەو باوەڕە کاڵفامانەیە دەبات کە ئەو گرووپە لە ئێمە کە لە چارەڕەشییەوە دوورین، دواجار ناکەوینە ژێر کاریگەریی ئەو کەسانەوە کە چارەڕەشی شێوازی ژیانی ئەوانە.

9

# ئایا تاك بەڕاستی گۆڕانكاری دروست دەكات؟

## سەرەتایەك لە گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی

ئەو كاتەی كە لە زانكۆی میسۆوتا قوتابی بووم، شتێكی وام دەربارەی سیاسەت و حكوومەت نەدەزانی. دەمزانی كە لە دیموكراسییەتێكدا دەژیم، بەڵام بەدوای تێگەیشتنیدا نەدەگەڕام كە ڕێك و ڕاست واتای چی دەگەیەنێت. گومانی خراپم بەرامبەر بە كۆمۆنیزم هەبوو، بەڵام بەڕاستی نەمدەزانی كۆمۆنیزم چییە. چاوەڕوانی ڕۆژێك بووم كە تەمەنم بگاتە 21 ساڵ بۆ ئەوەی بتوانم دەنگ بدەم، هەرچەندە نەمدەزانی چۆن دەكرێ ئەم كارە هۆشیارانە ئەنجام بدەم. بە سەرنجدانی رابردوو، دەبینم كە من بەڕاستی قوتابییەكی سادە بووم، بەڵام لانیكەم بەڕاستی دەمویست لە سیاسەت تێبگەم.

ڕۆژێك لە كتێبخانە تووشی قوتابییەكی تر بووم كە لە تەمەنێكدا بووین، كە دەیتوانی دەنگ بدات؛ لەبەرئەوە، لێم پرسی كە ئایا لە هەڵبژاردنی پێشوودا دەنگی داوە. وەڵامی ئەو نەرێ بوو. من سەرم سوڕما و دەستم بە



پرسیار كردن كرد. ئەو بارودۆخی خۆی بۆ من باس كرد. گرنگ نییە كە من دەنگ بدەم یان نەیدەم. دەنگێك هیچ جیاوازییەك لە هیچ شتێكدا دروست ناكات. من بیرم كردەوە كە ئەگەر هەمووان وا بیریان بكردایەتەوە، دیموكراسییەكان پێكەنیناوی بوون. ئەو وەڵامی دایەوە كە ئەو سەبارەت بە "هەموو" قسە ناكات؛ ئەو سەبارەت بە خۆی قسە دەكات. من دەربارەی كاریگەریی ئەو لەسەر تاكەكانی تری دەوروبەری ئەو پرسیم. خێزان، هاوڕێیان، قوتابیانی تر چی. ئەو وتی كە ئەوان نازانن دەنگی داوە یان نا؛ ئەوان ئەگەر بیانەوێ دەتوانن دەنگ بدەن. بۆیە لێكۆڵینەوەی من دەربارەی دیموكراسی دەستی پێكرد. لە نێو هەموو خوێندنەوە و گفتوگۆكانی مندا، بیرەوەریی ئەم پیاوە لە ژێرزەمینی كتێبخانەی ڤاڵتەردا بە بەردەوامی لە زەینی مندا ماوەتەوە. من پەرەیەكی بەرچاوم پێداوە. تاكێك دەتوانێت چ كاریگەرییەكی لەسەر تاكەكانی تری دەوروبەری هەبێت؟ تاكێك چ كاریگەرییەك دەتوانێت لە هەر گرووپ و ڕێكخراوێكی رەسمی، كۆمەڵایەتی یان كۆمەڵگەدا دروست بكات؟

تێڕوانینی كۆمەڵناسی زیاتر جەخت لەسەر دەسەڵاتی كۆمەڵگە، هێزە كۆمەڵایەتییەكان، نموونە كۆمەڵایەتییەكان دەكاتەوە؛ جیهانی دەرەوە كە كاریگەری لەسەر بكەری تاك دروست دەكات، شێوەی پێدەبەخشێت و كۆنترۆڵی دەكات. بەڵام ئەم جیهانە چۆن دەگۆڕێت؟ بە دڵنیاییەوە هەر یەكە لە ئێمە شتێكی بۆ وتن دەربارەی ئەو هێزانە هەیە. ئایا دەنگی من لە كۆمەڵگەیەكی دیموكراسیدا گرنگە؟ ئایا دەنگی ئێمە بە شێوەیەكی گشتی بایەخی هەیە؟ بێگومان هەندێك لە تاكەكان شێوە بە كۆمەڵگە دەبەخشن.

پەیوەندی راستەقینەی نێوان تاك و كۆمەڵگە چییە؟ هەڵبەت كۆمەڵگە ئێمە پێكدەهێنێت، بەڵام ئایا ئێمە بە گوێرەی خۆمان، شێوە بە كۆمەڵگە دەبەخشین؟ ئایا تاكەكان بەڕاستی كاریگەرییان هەیە؟ بە ئاسانی دەتوانرێت

بسەلمێنرێت کە زۆربەی تاکەکان تارادەیەك کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دروست دەکەن، کە کارلێکیان لەگەڵ ئەنجام دەدەن. هەندێك لە ئێمە کاریگەرییەکی زیاتر بەجێ دەهێڵین. تێگەیشتن لەوەی کە چۆن تاکەکان دەتوانن کار لە رێکخراوە رەسمییەکان بکەن کارێکی ئەستەمترە.

هەڵبەت، لە ئەمریکادا، ئەم باوەڕە باوە کە تاکەکان دەتوانن هەر کارێکیان دەوێت ئەنجامی بدەن: ئەگەر کەسێك دەیەوێ کاریگەری لەسەر ئەوانی تر، لەسەر کۆمەڵگە، تەنانەت لەسەر جیهان دروست بکات، دەتوانێت. هەروەها ئەو بیروباوەڕەش باوە کە کۆمەڵگە بە هۆی کۆششەکانی تاکەوە دەگۆڕێت. باوەڕبوون بەم شتانە، نابێتە هۆی بەرجەستە بوونیان؛ باوەڕبوونی ئەوان لەڕاستید دەربڕینی باوەڕێکە، کە لە کۆمەڵگەدا فێری دەبین. بۆ خەڵك گرنگە کە باوەڕیان بەوە هەبێت کە ئەوان کاریگەرییەکیان هەیە: "من گرنگم" "ژیانی من بایەخی هەیە." "من کار لە ژیانی ئەوانی تر دەکەم" "من دەتوانم شێوە بە داهاتووی کۆمەڵگە بدەم."

لەم بەشەدا دەسەڵاتی تاك بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە تاوتوێ دەکرێت. بەڵام ئێمە لە ئاستی خوارترەوە دەست پێدەکەین و سەرەتا سەیری ئەوە دەکەین کە چۆن تاکەکان دەتوانن گۆڕانکارییەك لەم بوارانەی خوارەوەدا ئەنجام بدەن:

- ژیانی خۆیان؛
- ژیانی ئەو کەسانەی کە لەگەڵیان کارلێك ئەنجام دەدەن؛
- ئەو رێکخراوە فرەڕەنگانەی کە تاکەکان پێیانەوە بەستراونەتەوە.

دواتر، لە کۆتاییدا، تاوتوێی کۆمەڵگە دەکەین. بەو جۆرەی کە دەبینن، هەر بابەتێك زۆر ئاڵۆزە و بە ئەگەری زۆر بۆتان دەردەکەوێت کە کاریگەریی راستەقینەی تاك کەمترە لەوەی کە وێنای دەکەن.



## کاریگەریی تاك لەسەر خۆی

ئەگەر لەبنەمادا ئێمە ئازادین و کۆنترۆڵمان بەسەر هزر و بەها و کردە و، ئاراستەگیرییەکانماندا هەیە، کەواتە لەم حاڵەتەدا هەر بکەرێك کاریگەری لەسەر ژیانی هەیە. من کاریگەری لەسەر ئەو شتە دادەنێم کە ئەنجامی دەدەم. من کۆمەڵە بڕیارێك دەدەم کە دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن رێگایەکی دیاریکراو بگرمە پێش نەك رێگایەکی تر؛ باوەڕم بە شتێك هەبێت نەك شتێکی تر؛ بەپێی کۆمەڵە شێوازێکی دیاریکراو کردار ئەنجام بدەم، یان ببمە کەسێکی دیاریکراو. ئێمە کێشەی ئازادیمان لە بەشی شەشەمدا تاوتوێ کرد، بە تایبەت ئەو بانگەشەیەی کە ئێمە تا رادەیەك کۆنترۆڵمان بەسەر ژیانی خۆماندا هەیە، واتە تارادەیەك توانای ئەوەمان هەیە کە لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆماندا کۆمەڵە جیاوازییەك بەدیبهێنین، لە بواری ئەم بەشەدا، دەتوانین بڵێین کە ئەگەر ئێمە ئازادین، ژیانی ئێمە بایەخی هەیە - ژیانی ئێمە بۆ خۆمان بایەخی هەیە. ئێمە کاریگەری لە ژیانی خۆماندا دروست دەکەین. بەڵام بە هۆی زۆرێك لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارگەلێکی تر کە دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا هەیە، ئەم توانایە هەمیشە و زۆر جار تا رادەیەکی زۆر سنووردارە. ئێمە هەمیشە لە بواری کۆمەڵایەتیدا کار دەکەین. نموونە کۆمەڵایەتییەکان هەردەم بایەخیان هەیە. رۆڵ، چین، کولتوور و، دامەزراوەکان هەمیشە بڕیارەکانی ئێمە و ژیانی ئێمە ئاراستە دەکەن. کێشەکانی ئێمە هەمیشە پەیوەندیان لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و سەرکەوتنەکانمان پەیوەندیان بە چۆنیەتیی کۆمەڵگەوە هەیە. دیدگای کۆمەڵناسانە شوێنێك بۆ ئازادیی تاکەکەسی دەهێڵێتەوە، بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر.

بەڵام، کاتێك لە خەڵك دەپرسن ئایا تاك بەڕاستی کاریگەرییەك بەجێ دەهێڵێت، ئەوان زۆر جار مەبەستیان کاریگەری لەسەر ئەوانی ترە. ئایا

کردارەکانی ئێمە لە ڕووی کاریگەری لە تاکەکان، گرووپەکان، کۆبوونەوەکان یان کۆمەڵگەکانی تر بایەخیان هەیە؟ بابەتەکە لەڕاستیدا دەگۆڕێت بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی: ئایا هەڵسوکەوتەکانی من دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دروست بکات ـ ئایا ئەوان بۆ کەسانێکی جگە لە خودی من جێی بایەخن؟ لە زەمینەی بەرفراوانتری کۆمەڵایەتیدا، ئایا تاك بەو شێوازەی کە هەڵیدەبژێرێت دەتوانێت بەڕاستی کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە هەبێت؟ یان ئەوەی کە ئایا گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەڕاستی لە ئەنجامی هۆکارگەلێکی ترەوەیە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە کرداره تاکەکەسییەکانەوە نییە و، زیاتر پەیوەندییان بە هێزە دەرەکییەکانی دەرەوەی کۆنترۆڵی تاکەوە هەیە؟

## کاریگەریی تاك لە سەر تاکەکانی تر

ئێمە دەتوانین سەرەتا بە سەرنجدانی کارلێکی کۆمەڵایەتی پەی بە گرنگیی تاك لە کۆمەڵگەدا ببەین. ئایا تاکەکان لەسەر چۆنیەتیی ژیانی ئەوانی تر کاریگەریان هەیە؟ ئایا تاکەکان کاریگەری لەسەر منداڵان و هاوڕێکانیان دروست دەکەن؟ ئایا ئەوان دەتوانن کار لە ژیانی ئەو تاکانەی تر بکەن کە لە تەڵەی هەژاری یان نەزانیدا گیریان خواردووە؟

## کێشەی هەڵسەنگاندنی کاریگەری

دەتوانین باسەکەمان تا ڕادەیەك سادە دەست پێبکەین. بە هەموو ئەو کارانەدا کە ئەنجامیان دەدەین ڕووبەڕووی کۆمەڵێك تاکی تر دەبینەوە کە خواست و ئارەزوویەکی جیاواز لە خواستەکانی ئێمەیان هەیە و، تێڕوانینی جیاواز، ئەولەویەتی جیاواز و کۆمەڵە کێشەیەکی جیاوازیان هەیە. ئایا ئەگەر هەوڵ بدەین، دەتوانین کاریگەرییەکیان لەسەر دروست بکەین؟



وەڵامدانەوەی پرسیارێك لەمەڕ کاریگەریی بکەرێك لەسەر بکەرێکی تر ئاڵۆزە. بۆ نموونە، مامۆستاکان زۆر جار سەبارەت بە کاریگەری و نفووزی خۆیان لەسەر قوتابییەکان زیادەڕۆیی دەکەن: "من شوێنە جوگرافیەکانی هەموو نەتەوە ئەفریقییەکانم فێری پۆلەکەم کردووە. ئەوان بەڕاستی چی دەزانن؟" یا "ئێستاکە کە من کاریگەرییە زیانبەخشەکانی مادە سڕکەرەکانم فێری پۆلەکەم کردووە، ئەوان دەزانن کە ئەگەر تووش بن، خۆیان لە ناو دەبەن."، بەڵام وەها نفووزێك زۆر کەمترە لەوەی کە وێنا دەکرێت.

یەکەم، **خەڵك تەقریبەن هەمیشە زۆرتری ئەو شتەی کە فێریان دەکرێت لە بیریان دەچێتەوە، چونکە سوودی بۆیان نییە.** هەر بەو جۆرەی کە هەر مامۆستایەك دەزانێت، فێرکردنی ئەوانی تر گەرەنتیی ئەوە ناکات کە فێربوونێکی باش ڕووبدات، ئەوەی ڕۆژێك فێر دەکرێت، ڕۆژێکی تر لە بیر دەکرێت؛ ئەوەی بۆ تاقیکردنەوە دەخوێندرێتەوە، هەفتەیەك دوای ئەوە لە بیر دەچێتەوە. ئەوەی کە من لە کتێبێکدا لە ماوەی یەك هەفتەدا فێری دەبم، واتای ئەوە نییە کە هەفتەیەك دوای ئەوە هێشتا لە بیرمە.

دووەم، **لە هەمانکاتدا کە ئێمە هەوڵ دەدەین کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دروست بکەین، زۆرێکی تر لە تاکەکان لەم بوارەدا لە چالاکیدان.** ڕێژەی کاریگەری هەر تاکێك بە هەموو ئەم کاریگەرییانەوە دەبەسترێتەوە. کێشەی خێزانەکەم لەوانەیە بۆ من زۆر گرنگتر بێت لەوەی کە هەوڵ دەدەم دەربارەی جوگرافیا فێری بم، حەزی قەبوولکردنم لەلایەن هاوڕێکانمەوە لەوانەیە زۆر بە لامەوە گرنگتر بێت تا بیستنی وتارێك سەبارەت بەمادە سڕکەرەکان لەلایەن کەسێکەوە کە بە تەواوەتی نایناسم.

سێیەم، **کاریگەریی من لەسەر ئەوی تر نائەنقەست بێت تا بە ئەنقەست.** من لەوانەیە کاریگەریم هەبێت، بەڵام بە شێوەیەك کە لەوانەیە تەنانەت نەمویستبێت. مامۆستا دەکرێ سەرقاڵی فێرکردنی شوێنی

جوگرافیی ولاتان بێت بەلام قوتابی لە هەمانکاتدا [واتە کاتی گوێگرتن لەوانەکە] فێری رق لێبوونەوە لە جوگرافیا ببێت. مامۆستا دەکرێ کاریگەرییە زیانبەخشەکانی مادە سڕکەرەکان بلێتەوە، بەلام قوتابی لەوانەیە فێر ببێت کە بەتەمەنەکان ریاکارن، چاوەڕوانی دوور لە راستیان هەیە و، نابێت متمانەیان پێبکرێت. هەڵبەت، کاریگەری لەوانەشە نەزانراو و بە شێوەیەکی نەویستراو پۆزەتیڤ بێت: قوتابیی پۆلی جوگرافی لەوانەیە بووروژێت کاتێ کە کۆمەڵگاکانی تر ببینێت، قوتابییەك کە سەبارەت بە مادە سڕکەرەکان شتگەلێك فێر دەبێت لەوانەیە بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە کە لەگەڵ دایك و باوکیدا دەربارەی تووش بوونیان بە مادە سڕکەرەکان رووبەڕوو بێتەوە. کاریگەریی تاکێك لەسەر ئەوی تر، بە وردی بەو شێوەیەی کە جێی مەبەستە، بە ئەستەم پراکتیزە دەبێت. ئێمە لەوانەیە کاریگەرییەك دروست بکەین، بەلام ئەم کاریگەرییە زۆر ئاڵۆزە و هەندێ جار ئەو شتەیە کە جێی مەبەستی ئێمە نەبووە.

چوارەم، باوەڕبوون بەوەی کە تاك بایەخی هەیە و دەتوانێت کار لە ئەوانی تر بکات، دەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشەیە رووبدات کە **کردەکانی ئێمە زیاتر کاریگەرییەکی زیانبەخشیان لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە کارلێکیان لەگەڵ ئەنجام دەدەین.** بەمپێیە، ئێمە نابێت وا بیر بکەینەوە کە هەمیشە بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ کاریگەری دادەنێین. ئەو ژمارەیە لە ئێمە کە ئازاری منداڵەکانمان دەدەین خەریکین بنچینەی چارەڕەشی فەراهەم دەکەین - هەم بۆ منداڵەکانمان و هەم بۆ ئەو کەسانەی کە منداڵەکانمان لەگەڵیاندا دەست بە کارلێك دەکەن - و ئەم چارەڕەشییە لەوانەیە بە درێژایی ژیانیان بەردەوام بێت. لە نێو ئێمەدا ئەو کەسانەی کە منداڵەکانمان فێر دەکەین کە گرنگی نەدان بە خەڵکی گرفت نییە، کە رقیان لەو کەسانە بێت کە سەر بە ئێمە نین و ئازاریان بدەن و بەکاریشیان بهێنن، دیسان کاریگەری لەسەر ئەوان دروست دەکەین. ئەو ژمارەیەش لە ئێمە کە ئازاری ئەوانی تر دەدەن لەوانەیە ببنە هۆی ئازارگەیاندنی دەروونی و ئەمەش کاریگەری لە ژیانی ئەواندا دروست دەکات. لەڕاستیدا، کاتێك کە بۆ دواوە دەگەڕێمەوە و سەیری ژیانی خۆم دەکەم بیر دەکەمەوە کە چەندەها هەڵسوکەوتی من لەوانەیە بە کردەیی زیانیان بە ئەوانی تر گەیاندبێت، بەڵێ، من لەوانەیە لەسەر ئەو قوتابیانەی کە لە قۆناغی ئامادەییدا راسبم کردن و لەسەر ئەو پیاو و ژنانەی کە بێ هیچ بەڵگەیەکی سەلمێنراو رێزم بەرامبەریان نەنواندووە کاریگەریم دروست کردبێت.

پێش ئەوەی وا دابنێین کە کارلێکی کۆمەلایەتی ئەو هەلە بۆ تاك دەڕەخسێنێت کە کاریگەرییەکی راستەقینە لەسەر ئەوانی تر دابنێت، ناسینی ئەم خاڵەش گرنگە کە کارلێك - بەمپێیەش کاریگەریی - دوولایەنەیە. من هەڵسوکەوت دەکەم و لەم هەڵسوکەوتەمدا لەوانەیە کاریگەری لەسەر ژیانی ئێوە دروست بکەم؛ لەم دۆخەدا، لە هەمان کاتدا ئێوە هەڵسوکەوت دەکەن و لەم کردارەدا، خودی ئێوەش لەوانەیە کاریگەرییەکتان لە ژیانی مندا هەبێت. راستییەکەی ئەمەیە کە ئەگەر هەر یەکە لە ئێمە بانگەشەی ئەوە بکەین کە "بەڵێ من کاریگەریم هەبوو" دەبێت دەرك بەوەش بکەین کە ئەوی تریش لەوانەیە کاریگەری هەبووبێت. ئێمە سەبارەت بە کاریگەری گفتوگۆ دەکەین؛ بە شێوەیەکی ئاسایی، هیچ کەس دەسەلاتێکی تەواوی لەسەر ئەوی تر نییە - دەسەلات دوولایەنەیە. من لەوانەیە کاریگەریم لەسەر هاوسەرەکەم دانابێت بەلام هاوسەرەکەشم کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبووە. لانیکەم ئەوەی کە هەریەکە لە ئێمە کاریگەریی لەسەر ئەوی تر داناوە. کوڕەکانی منش کاریگەرییان لەسەر من هەبووە؛ هەندێ جار هەڵسەنگاندنی کاریگەریی راستەقینەی ئێمە ئەستەمە. باوەڕبوون بەوەی کە کاریگەریی کۆمەلایەتی کێشەیەکی یەك لایەنەیە، زیادەڕۆیی کردنە دەربارەی بایەخی تاك لە کارلێکدا. کاریگەری بە دوان و گفتوگۆ هەڵدەسەنگێنرێت و پێش ئەوەی کە ئێمە

تێبگەین کە تا چ رادەیەك کاریگەریمان لەسەر ئەوانی تر هەیە، پێویستە کاریگەریی ئەوانیش لەسەر خۆمان لەبەرچاو بگرین.

بەمپێیە، ئیمکانی کاریگەربوونێکی زۆر گرنگ لەسەر ژیانی ئەوانی تر لە ئارادایە، بەڵام تەنیا کارلێك لەگەڵ ئەوان گەرەنتی کاریگەرییەکی ئەوتۆ ناڕەخسێنێت. ئەگەر ئێمە بەڕاستی بایەخ بەم کێشەیە بدەین، کەواتە دەبێت چەند خاڵێك رەچاو بکەین، کە لێرەدا خستمانە روو: ئەوەی کە ئەوانی تر لێمانەوە فێر دەبن بە ئاسانی فەرامۆش دەکرێت. کاتێك کە ئێمە هەوڵ دەدەین کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دابنێین، کەسانێکی تر هەن کە بۆ ئەوان گرنگن و کاریگەری لەسەر ئەوان دادەنێن، کاریگەربی من لەوانەیە بەبێ مەبەست و نەویستراو بێت؛ کاریگەربی من ئەگەری هەیە کە بۆ ئەوان زیانبەخش بێت؛ و ئەوان لەوانەیە زیاتر لەوەی کە من کاریگەریم لەسەریان هەبووە، کاریگەریان لەسەر من هەبووبێت.

زۆربەمان هەرگیز ناتوانین پەی بە کاریگەریی راستەقینەی خۆمان لەسەر ئەوانی تر ببەین. ئێمە دەبینە "ئەوی تری گرنگ" بۆ ئەوان و لەوانەشە تەنانەت خۆشمان بەمە نەزانین. هەریەکە لە ئێمە دەتوانین لەسەر هاوسەر و منداڵەکانی خۆمان بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ، تەنیا بە چۆنیەتیی رەفتارمان بەرامبەر ئەوان و بەرامبەر بە ئەوانی تر، کاریگەری دروست بکەین. مامۆستاکان، هاوڕێکان، ناسراوەکان، خاوەنکارەکان، ئەستێرەکانی راك، پیاوە ئایینییەکان، سەرکردە سیاسییەکان دەتوانن بۆ ئێمە ببنە "ئەوی تری گرنگ"، ژیان و هەڵسوکەوتەکانیان بۆ ئێمە دەبنە سەرمەشق، بیر و بەهاکانی ئەوان دەبنە بیر و بەهاکانی ئێمە. هەندێ جار رووبەڕووبوونەوەکە لەگەڵ کەسێك رێڕەوی ژیانمان بە تەواوەتی دەگۆڕێت و، ئەوەی کە لەوانەیە لە سەرەتادا بە کاریگەرییەکی بچووك هاتبێتە پێش چاو بۆ کاریگەرییەکی گەورە گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەگەر [ساتێك]



سەربوردەی ژیانی خۆم تاوتوێ بکەم، دایك و باوکێکی لێرە، رێنیشاندەرێکی ئۆرکێسترا لەوێ، مامۆستای خوێندنی کۆمەڵایەتیی خۆم، هاوڕێیەك، مامۆستای ئینگلیزیی ساڵی یەکەمی زانکۆکەم، مامۆستایەکی مێژوو، هاوکارێك کە لە ئامادەیی پێکەوە وانەمان دەوتەوە، چەندین قوتابی لە قۆناغی ئامادەیی و زۆرێکی تر کە کاریگەرییەکی زۆر پۆزەتیڤیان لەسەر من هەبووە وە بیر دەهێنمەوە کە خۆیان لەوانەیە هەر ئاگایان لێی نەبێت. ئەوان ـ و زۆرێك لە تاکەکانی تر ـ کاریگەرییەکی زۆر گرنگیان لە ژیانی مندا هەبووە. تەنانەت مامەڵەکردنێکی رێککەوت لەگەڵ فرۆشیارێکی کتێب گۆڕانێکی زۆری بەسەر ژیانمدا هێنا. ئەگەر ئەو مامەڵەیە نەبووایە لەوانەیە من هەرگیز هەوڵی نووسینی کتێبم نەدابایە و ژیان و لێکۆڵینەوەکانی من لەوانەبوو بەرەو ئاراستەیەکی تر بڕۆشتایە.

من ئەم کتێبە لە بنچینەدا بۆ کاریگەر بوون لەسەر تاکەکانی تر دەنووسم. من واقیعگەرام. من تا چ رادە دەتوانم کاریگەرییەکی بەردەوامم هەبێت. سەبارەت بە زۆربەی قوتابییانی زانکۆ زۆر نییە ـ و ئێمە بێگومان دەتوانین دەیان بەڵگەی بۆ بهێنینەوە. سەبارەت بە ژمارەیەکی کەم، لەوانەیە من بتوانم کاریگەرییەکی کەم لەسەر ئاراستەکردنیان دابنێم. بۆ ژمارەیەکی تەنانەت کەمتر، لەوانەیە لە توانامدا بێت کار لەوانە بکەم کە حەزی فێربوون و کۆمەڵناسییان لە مێشکدایە یان گرنگی بە چارەنووسی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری ژیانیاندا دەدەن. بەدبەختانە، من هەروەها ترسی ئەوەم لێنیشتووە کە کاریگەرییەکی نێگەتیڤم بە ئاراستەی تەحەمول نەکردنی ئەوانی تر، لایەنگری جیاکاریی نەژادی، نەژادپەرست بوون، دژە ڕووناکبیر، یان دژە کۆمەڵناسی بوون دانابێت ـ کاریگەرییەکی خۆنەویستانە، بەڵام لە هەمانکاتدا راستەقینە.

## زەمینەی کۆمەڵایەتیی گەورەتر و کاریگەریی تاک

ئەگەر وازی لێ بێنین بۆ کۆمەڵناسی، رۆڵی کۆمەڵگە لە هەر کارێکی مرۆییدا دەخاتە روو. لێرەدا ئێمە هەمان کار ئەنجام دەدەینەوە. پێویستە بزانرێت کە کاریگەریی تاکەکەسی هەمیشە لە بوارێکی گەورەتری کۆمەڵایەتیدا بوونی هەیە. ئەگەر کاریگەری بە رەفتارە کۆمەڵایەتییە گەورەکانەوە بەستراوەتەوە. ئەگەری ئەوەی کە من کاریگەری لەسەر ئێوە دروست بکەم کە بە قەد من چێژ لە ئۆپێرا وەرگرن، بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا حەز بۆ ئۆپێرا لە کۆمەڵگەدا هەیە یان مۆسیقای راک شوێنی گرتووەتەوە، بەستراوەتەوە بەوەی کە ئایا ئێمە لە دەیەی 1990دا دەژین یان دەیەی 1890دا. مامۆستا لەسەر ئەو قوتابیانەی کە ئارەزوومەند و ئامادەی فێربوونن کاریگەری دادەنێت. رابەری ئایینی گۆڕانکاریی لە ئایینی کەسانێکدا دروست دەکات کە بە دوای گۆڕانی مەزهەبەکەیاندا دەگەڕێن. سەرکردەی سیاسی کار لە کەسانێك دەکات کە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی ئەودا تەبان یان هەندێ جار کەسانێك کە لە دژی فەلسەفەی سیاسیی دایك و باوکیان یاخی بوون. چارلز مانسۆن[1] بۆ هەمووان جێی سەرنج نەبوو؛ ئەوە بۆ کەسانێك جێی سەرنج بوو کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و لە سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووی ئێمەدا دەژیان. گەنجێك لەلایەن ئەستێرەی فیلمێکەوە کاری تێدەکرێت کە نوێنەری کۆمەڵگەیەکە کە گەنجەکەش سەر بەو کۆمەڵگەیەیە. تاکێك کە کار لە کەسێك دەکات، تاوەکو مادە سڕکەرەکان بەکار بهێنێت، سوود لە زەمینەیەکی گونجاو وەردەگرێت کە تێیدا بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان رەفتارێکی قەبووڵکراو لە قەڵەم دەدات.

بەمپێیە کاریگەری بکەرێك لەسەر ئەوی تر لەوانەیە واقیعی بێت، بەڵام زۆر جاران لە بارەیەوە زێدەڕۆیی دەکرێت و هەمیشە زەمینەی کۆمەڵایەتی

[1] Charles Manson.



بۆ ئاسان دەکات یان ئاڵۆزتری دەکات. هەموومان هەندێ جار کاریگەری دروست دەکەین. ئەو کاریگەرییە لەوانەیە لە پێناو ئارامگرتن، خۆشەویستی، دڵسۆزی و، گەشەکردندا بێت یان لە پێناو ناشەکیبایی، رق و قین و وێرانکەریدا بێت. زۆر جار هیچ رێگایەك نییە کە بزانین ئێمە لەسەر چ کەسانێك کاریگەریمان داناوە یان بە چ رێژەیەك کاریگەریمان دروست کردووە. بۆ زۆربەمان، کاریگەری لە نێوان تاکێك بەردەوام بابەتێکی بیر و باوەڕیە (اعتقاد) کە باوەڕمان پێیەتی.

## تاك لە بەردەم رێکخراوی کۆمەڵایەتیدا

کاریگەر بوون لەسەر خۆمان یان کاریگەری دانان لەسەر تاکەکانی تر شتێکە و کاریگەربوون لەسەر گرووپێك، ریکخراوێکی فەرمی، کۆمەڵ یان کۆمەڵگە شتێکی تر. سەرنجی ئەو هەموو دژواریانە بدەین کە لە ئەنجامدانی کارێکی زۆر گرنگ و بەردەوامدا لەنێو ریکخراوێکی کۆمەڵایەتی رەسمیدا هەیە.

یەکەمین پیشەی من پاش دەرچوونم لە زانکۆ بریتی بوو لە مامۆستای مێژووی ئامادەیی و من هاتبووم بۆ ئەوەی لە جیهاندا گۆڕانکاری ئەنجام بدەم. لە بیرمە کە دەمویست یارمەتیی سەرتاپای مرۆڤایەتی بدەم. لەوانەیە وانە بە کەسێك بڵێمەوە کە ببێتە سەرکردەیەکی گەورە، لەوانەیە کۆمەڵە بیرێك بڵێمەوە کە پەرە بسێنن؛ لەوانەیە وەك مامۆستایەکی نموونەیی بناسرێم کە هەمووان بتوانن لێیەوە فێر بن. بۆ من روون نەبوو، کە چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدەم، بەڵام دەمزانی کە دەمەوێ نیشانەیەکی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگەدا بەجێ بهێڵم. ماوەیەك پاش ئەوەی دەستم بەکار کرد، بۆم دەرکەوت کە هزرەکانم زۆر بەرزەفڕانەن. لانیکەم دەمتوانی کاریگەرییەك لەسەر کۆمەڵی سن پۆل دابنێم. پاش ئەوەی کە یەك دوو

مانگێك وانەم وتەوە، زانیم کە ئەگەر دەمەوێ کاریگەرییەکم هەبێت پێویستە برۆم بۆ ئامادەیی هاردینگ. کاتێك کە بۆم دەرکەوت کە چ ژمارەیەکی کەم لە قوتابییەکان وانەکانی من هەڵدەبژێرن یان تەنانەت دەزانن کە من چ کەسێکم، ئایدیالەکەم گۆڕا. وەك زۆربەی مامۆستایانی ئایدیالیست دواجار پەیم بەوە برد کە چانسی راستەقینەی من بۆ کاریگەربوون لەسەر ژیانی خەڵك پێویستە لە کارلێکی رۆژانە لەگەڵ ئەو 150 کەسەدا بدۆزرێتەوە، کە لە هەفتەیەکدا پێنج کاتژمێر چاوم پێیان دەکەوێت. بەم حاڵەشەوە، وردە وردە تێگەیشتم کە ناتوانم چاوەڕوانییەکی زۆریشم لەوێ هەبێت. من بۆ زۆرێك لەم تاکانە کەسێکی گرنگ نەبووم. هەندێك منیان وەك موزاحیمێك لە ژیانی خۆیاندا سەیر دەکرد و هەندێك زۆر جار نەیاندەزانی کە من هەوڵ دەدەم چ وانەیەك بڵێمەوە. هەڵسوکەوتەکانی من لە پۆلی وانە وتنەوەدا دواجار کاریگەری لەسەر چەندین قوتابی دانا، بەڵام دەبێت دان بەوەشدا بنێم کە کاریگەری بەڕاستی بەردەوامم تەنیا لەسەر چەند کەسێك لەوان دانا و ئەویش، زۆر جار بەو ئاراستەیە نەبوو، کە مەبەستی من بوو. من هەرگیز کاریگەریم لەسەر کۆمەڵگە یان سن پۆل دانەنا و ئامادەیی هاردینگم هەر بەو جۆرەی کە دۆزیبوومەوە بەجێهێشت، لە حاڵێکدا کە کەمترین کاریگەریم لەسەر ئەوان دروست کردبوو. من بەڕاستی دەمویست کاریگەرییەکم لەسەر ڕێکخراوێك هەبێت. بۆچی نەمتوانی؟ چ بەربەستێك لەم ڕێگایەدا بوونی هەیە؟ بۆچی بۆ تاك تا ئەو رادەیە ئاڵۆز ـ و لەوانەشە نامومکین ـ ە، کە کاریگەرییەکی راستەقینەی لەسەر ڕێکخراوێك هەبێت؟

### تاك لەگەڵ نموونە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕوودەبێتەوە

دەگەڕێینەوە بۆلای بوونی نموونە کۆمەڵایەتییەکان. هەر ڕێکخراوێك دواجار شێوازگەلێکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی کارەکان دەهێنێتە ئاراوە.



لەڕاستیدا ئەمەیە واتای "ڕێکخراو" بوون. تاکەکان دەزانن کە ئەوانی تر دەیانەوێ چی بکەن و تێدەگەن کە ئەوان دەبێت چی بکەن. ستراکچەر شوێنگەکان لە ڕێکخراوەکاندا دابەش دەکات، کە زۆر جاران پلەبەندی دەکرێن و کۆمەڵێك رۆڵ و نمایشنامە وابەستەن کە ئەوەی ئەوان لێیان چاوەڕوان دەکرێت پیشانی بدەن. کولتوور فێری هەمووان دەکرێت و زنجیرەیەکی هاوبەش لە باوەڕ و بەها و ڕێساکان دێنێتە کایەوە کە بکەرەکان لە کاتی کارلێکەکانیاندا ڕێنوێنی دەکەن. لە کۆمەڵگەدا دامەزراوەگەلێك ـ شێوازگەلێکی کاری دێرینە کە تاك ئاراستە دەکەن ـ بوونیان هەیە. بۆ نموونە خەڵك لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا هاوسەرگیریان وەك دامەزراوێك کە زۆرینەیەکی گەورە لە ئێمە پەیڕەوی دەکەین، چەسپاندووە. کاتێك کە ئێمە دەڕۆینە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، پلانی گشتی ئەوەی کە دەبێت ئەنجامی بدەین پێشوەخت ڕەنگڕێژی کراوە: خوازبێنی، دەزگیرانداری، بۆنەی ئایینی، میوانداری لە هاوڕێیان و خێزان، ڕێککەوتن لەسەر وەفادار بوون و خۆشویستنی یەکتر و پارە و کات تەرخانکردن بۆ یەکتر و هتد. هەریەکە لە ئێمە لە ژیانی هاوسەرگیریماندا نموونە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان بە تێپەڕبوونی کات دەهێنینە کایەوە: چ کەسێك چ کارێك ئەنجام دەدات؛ ڕێژەی ئەو سەربەخۆییەی کە هەر یەکە لە ئێمە هەیەتی، چ رادە پارە پێویستە خەرج بکەین، لە بەرامبەردا دەبێ چەندیش پاشەکەوت بکەین. بە سەرهەڵدانی کێشە نوێیەکان لە ژیانی هاوسەرگیریماندا، ئێمە ناچارین کۆمەڵێك ڕێگاچارەی نوێ بدۆزینەوە و ئەو ڕێگاچارانەش لە شێوەی نموونەدا جێگیر دەبن. بە لە دایکبوونی منداڵ، گۆڕانی پیشە و، گواستنەوە لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر، ئێمە ناچارین ئەوەی ئەنجامی دەدەین بیگۆڕین، بەڵام نموونە کۆنەکان واز لێ ناهێنین، بەڵکو پێداچوونەوەیان تێدا دەکەین. ئەم پێداچوونەوانە شێوەی

نموونەگەلێكی نوێ بە خۆوە دەگرن، كە ئێمە پەیڕەویان دەكەین. پێكەوەبەستنی ئێمە بە هەستەكانمان و هەروەها بە هەموو ئەو نموونە هاوبەشانەوە كە بەدییان دەهێنین بەستراوەتەوە. چونكە ئەگەر یەكێك لە ئێمە بڕیار بدات كە واز لەم نموونانە بهێنێت یان بە جۆرێكی بونیادی گۆڕانیان بەسەردا بهێنێت ئەم ی تێك دەدات.

ئەگەر یەكێك هەوڵ بدات بەبێ رەزامەندیی ئەوی دی ئەم شتانە بگۆڕێت، مەترسیی لێكهەڵوەشانی ژیانی هاوسەرداری زیاتر دەبێت. ئەگەر گۆڕینی نموونە كۆمەڵایەتییەكان لە پەیوەندییەكی هاوسەرداریدا تا ئەم رادەیە ئاڵۆزن وێنای بكەن كە لە رێكخراوێكی كۆمەڵایەتیی گەورەتر: وەك گرووپێك لە هاوڕێیان، قوتابخانە، یان كۆمەڵگەدا تا چ رادە ئاڵۆزترە. گرووپێكی درێژخایەن - بە نموونە پۆلێكی سی كەسی - زۆر زوو ئەم نموونانە دروست دەكات، زۆربەی ئەو نموونانەی كە لە جێیەكی دیكەدا بۆ ئاراستەكردنی هەموو ئەم جۆرە پۆلانە هاتوونەتە كایەوە یان بە خواستی مامۆستایان تەنانەت لە رێگەی كارلێكی رۆژ بە رۆژەوە هاتوونەتە كایەوە: هەر تاكێك، لەوانەش مامۆستا، كە تێدەكۆشێت گۆڕانێكی بنچینەیی لەو نموونانەدا بكات، رێكخراوی پۆل و سەركەوتنەكەی دەخاتە بەردەم مەترسییەوە. تەنانەت قوتابیانی زانكۆ ئاگایان لەم كێشەیە هەیە و هەر كە نموونەكان جێگیر بوون، ئەوانیش ناڕەزایی دژ بە گۆڕانی رێساكان دەردەبڕن، با ئەم گۆڕانەش لەلایەن مامۆستا یان هەر تازە هاتوویەكەوە بۆ پۆلەكە ئەنجام بدرێت، كە بیەوێ ئەوان لەگەڵ مەبەستەكانی خۆیدا هەماهەنگ بكات.

تیپێكی تۆپی پێش بە هەمان شێوە مامەڵە دەكات. رێساكانی یاری و رێساكانی فیدراسیۆن كۆنترۆڵی یاریی تیپەكە دەكەن. تاكەكان لەوەی كە بە ئاشكرا ئەوان بۆ رووبەڕبوونەوە بانگهێشت بكەن رێگیریان لێدەكرێت



تیپی تۆپی پێ خۆی كۆمەڵێك یاریی تایبەت رێكدەخات، شێوازگەلێك بۆ بانگهێشت كردنەوە بۆ یاری یان شوێن گرتنەوە (تبدیل) بەكار دەهێنێت و یان تەنانەت شێوازگەلێكی ورد بۆ گۆڕینی ئەوەی كە تاكەكان لە كاتی دەستپێكردنی یاریدا ئەنجامی دەدەن. ئەو تاكانەی كە بڕیار دەدەن بە خواستی خۆیان یاری بكەن سەركەوتنی تیپەكە دەخەنە مەترسییەوە لە كۆتایی تری خەیاڵی رێكخراوە، كۆمەڵگە بوونی هەیە. كۆمەڵگە مێژوویەكی دوورودرێژی هەیە. كۆمەڵگە پێش هەر بكەرێكی زیندوو بوونی هەیە و كاتێك كە بكەری زیندوو دەمرێت هەر بوونی دەبێت. نموونەكانی - بونیادی كۆمەڵایەتی، كولتوور و دامەزراوەكان - بە درێژایی ساڵانێكی زۆر بەدی هاتوون و ئەم نموونانە وەك واقیعێكی بەگشتی دان پێدا نراو رووبەرووی تاك دەبنەوە. تاك دەتوانێت هاوار بكات، "ئەوەی لە منی داوا دەكەن ئەنجامی نادەم!" و دەتوانێت ئەو كۆمەڵگەیە بەجێبهێڵێت و چێتر نەكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە. ناهاودەنگیی هێمنانەش دەكرێ رووبدات. بەڵام كۆشش لە پێناو گۆڕێنی نموونە كۆمەڵایەتییە باڵادەستەكان بۆ تاك شتێكی ترە. گۆڕینی كۆمەڵگە مەترسی دروستكردنە لەسەر بەردەوامی مانەوەی جیهان بەو جۆرەی كە بۆ زۆربەی خەڵك بوونی هەیە. بە بۆچوونی دۆركهایم، نموونە كۆمەڵایەتییەكان ژیانی تایبەتیی خۆیان هەیە. ئەوان "لە دەرەوەدا" لە شوێنێكدا بوونیان هەیە - نادیار، واقیعی، دەرەكی بۆ ئێمە، كە كاریگەری لەسەر ئێمە دادەنێن و تەنانەت دەسەڵاتیان بەسەر ئێمەدا هەیە. كاتێك كە ئێمە ئەم نموونانە پێشێل دەكەین، واقیعیەتی ئەوان بۆ رووبەڕووبوونەوە پێشێل دەكەین. سەیر كەن، كاتێك كە ئێمە بڕیار دەدەین لە رێكخراوێكی كۆمەڵایەتیدا خۆویستانە كار بكەین، خۆمان لە پەیڕەوكردنی شێوازەكانی مامەڵەكردن، رێساكان، راستیەكان و بەهاكان كە لە دێرزەمانەوە چەسپاون بە دوور بگرین، چ شتێك روودەدات؟ ئێمە نەك تەنیا سەبارەت بە یاساكان، بەڵكو سەبارەت بە زۆرێك لە نموونەكانی

تر گفتوگۆ دەکەین، کە لە هەر جوولانەوەیەکدا ئێمە ڕێنوێنی دەکەن، لە سڵاوکردن و مامەڵەی دۆستانە لەگەڵ کەسێك لە شەقامدا بیگرە تاوەکو شاردنەوەی مردووەکان. کردارەکان وروژێنراو و نەڕێککەوتن. ئەوان بە گشتی شوێنکەوتەی نموونەگەلێکن کە لەلایەن کۆمەڵێك تاکی نەناسراوەوە کە ماوەیەکی زۆرە مردوون ڕێکخراون.

بەمپێیە، بکەری تاك لە بەرامبەر نموونە کۆمەڵایەتییەکاندا چ چانسێکی هەیە؟ هەریەکە لە ئێمە لە واقیعێکی کۆمەڵایەتیدا دەژین کە ئەوانی تر لەگەڵی ڕاهاتوون و زۆر جار لەوەی کە لە دەستی بدەن ترس دایاندەگرێت. هەرچەندە کە ئێمە لە بارودۆخی خۆمان ڕازی نەبین، لە زۆربەماندا کۆمەڵە شتێك بوونی هەیە کە ئێمە ناچار دەکات لە بونیاد، کولتوور و، ئەو دامەزراوانەی کە هەمانە پارێزگاری بکەین. ئێمە لەوانەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەو جۆرەی کە، هەیە بێزار بین، بەڵام ئەمە تەنیا دنیایەکە کە ئێمە دەیناسین.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆمەڵگەیەکە بە سیستەمێکی حکوومەتییەوە کە لە ماوەی دووسەد ساڵدا پەرەی سەندووە. ئەم سیستەمە شتێکە کە تا ڕادەیەك هەموو ئەو کەسانەی کە شوێنگەیەکیان لە نێو ئەم بونیادەدا بە دەستهێناوە یان بۆ شوێنگەیەك هەڵبژێرراون بەرگری لێدەکەن و، پلانەکەی لە دەستووری ئێمەدا پێشبینی کراوە کە زۆربەمان ڕێزی لێدەگرین. ئێمە لەسەر شێوازی کارکردنی ڕاهاتووین. بە هەموو کەموکورتییەکانییەوە، لانیکەم، بۆ زۆرێك لە ئێمە گونجاوە و ئەگەر ئێمە خۆشمان نەوێت، چ کەسانێك لە نێو ئێمە دەتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر گۆڕانی بەسەردا بهێنن؟ ئەگەر ئێمە لە ناو حکوومەتدا کار بکەین، لەوانەیە ئەم گۆڕانە ڕووبدات، بەڵام ئەگەری ئەوەش هەیە کە بەرەو پێش چوونی خۆمان لەو ستراکچەرەدا بخەینە مەترسییەوە. ئەگەر لە دەرەوەی حکوومەتیشدا کار بکەین دیسان لەوانەیە بکرێت، بەڵام ئەمجاریش لەوانەیە ئاسوودەیی خۆمان، سەرکەوتنی پیشەیی و، هەندێ جار تەنانەت ژیانی خۆمان لەبەردەم مەترسیدا ببینینەوە.

ئەم بابەتە دەربارەی زانکۆش ڕاستە. بڕۆن بیگۆڕن! نموونەکانی بگۆڕن: چۆن کار دەکات، چۆن بونیاد نراوە، لەوێدا ڕێز بۆ چ شتێك دادەنرێت و باوەڕی پێدەکرێت و یان ڕێسا سەرەکییەکانی چین. لەوانەیە ئەم کارەش مومکین بێت، بەڵام زۆر ئەستەمە.

تاکەکان دەتوانن کاریگەریان لەسەر کارکردنی سەرکەوتوانەی ڕێکخراو ـ لە چوارچێوەی نموونە کۆمەڵایەتییەکانیدا ـ هەبێت. ئەوان دەتوانن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێکخراودا یارمەتیدەر بن، یان بە بەربەست دروست کردن لەسەر ڕێگای گەیشتن بەو ئامانجانە کاریگەرییەکی پێچەوانەیان هەبێت. یاریزانێکی بەهێزی هێڵی هێرش بردن لە تۆپی پێدا دەتوانێت تیپێکی خراپ ڕێك بخاتەوە. سەرۆك کۆماری باش دەتوانێت کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتیڤ ڕێنوێنی بکات. سەرمایەدارێکی بەناوبانگ دەتوانێت لە بارودۆخی ئاڵۆزی کۆمپانیادا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئەنجام بدات. ئەم جۆرە تاکانە دەتوانن کاریگەر بن و هەندێ جار زۆر کاریگەرن. زۆر جار ئەم جۆرە سەرکەوتنە نموونە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێکخراودا ناگۆڕێت (تاك تەنیا بکەرێکی گرنگە لە چوارچێوەی نموونە هەبووەکاندا). تاك بۆ دروستکردنی کاریگەریی بەردەوام و بەرچاو لەسەر نموونە کۆمەڵایەتییەکان ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکی زۆر زیاتر دەبێتەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، زۆربەی ئەو تاکانەی کە لە پێناو گۆڕانکاری لە ڕێکخراوێکدا هەوڵ دەدەن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی بەشەکی لە چوار چێوەی نموونە کۆمەڵایەتییە هەبووەکاندا تێدەکۆشن. ئەم جۆرە گۆڕانە لەوانەیە زۆر گرنگ بێت، بەڵام گۆڕانێکی بەردەوام و واتادار بەدی ناهێنێت. هەندێ لە تاکەکان کاریگەرییەکی وا بەجێ دەهێڵن بەڵام وەك کۆمەڵە بکەرێك کە پەیڕەوی لە ناوەڕۆکێکی نووسراو دەکەن.

بەمپێیە، کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو بەڕاستی نموونە کۆمەڵایەتییەکان پێك دەهێنن و کاریگەرییەکی گەورە بەجێ دەهێڵن. میخاییل گۆرباچۆف کەسێکە کە لە ستراکچەرێکی سیاسیدا کە یەکەم جار لە ساڵی 1917 دامەزرا بەرەو پێشەوە چوو. ئەو لەم بونیادەدا پێش کەوت، چونکە بە نوێنەر و سیمبولی بونیاد، کولتوور و دامەزراوگەلێك دادەنرا کە لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا جێگیر بووبوو. ناوبراو هەروەها ئەو نموونە کۆمەڵایەتییانەی لە پێناو سەرکەوتن بۆ سەرەوەدا بەکار هێنا. زۆر جار کاتێك کەسێك بەم جۆرە بەرەو سەرەوە بەرز دەبێتەوە زیاتر لە جاران دەبێتە لایەنگری ئەو رژێمەی کە دەرفەتی ئەم سەرکەوتنەی بۆ رەخساندووە، بەڵام گۆرباچۆف جیاواز بوو ـ ئەو کاریگەرییەکی گەورەی لە یەکێتی سۆڤیەت و جیهاندا دروست کرد ـ چونکە، ئەو کاتەی کە بەم سەرکەوتنە باڵایە گەیشت ئاراستەی گۆڕی و دەستی بە رەخنەگرتن لەو دامەزراوە سیاسیانە کرد کە سەرکردایەتی دەکردن. ئەو دەستی کرد بە رەخنەگرتن لە چیەتیی ئابووری کە بە قازانجی کەسانێك بوو کە لە شوێنگەی ئەودا بوون. ئەو زەرووڕەتی سیستەمێکی سەربازی گەورەی، کە بەشێکی جودا نەبووەوە لە کۆمەڵگەی سۆڤیەتی پێکدەهێنا بردە ژێر پرسیارەوە. لێرەدا پیاوێك بوو کە بە راستی دەیتوانی کاریگەرییەکی گەورە بەجێ بهێڵێت: دەسەڵاتدار، رەخنەگر و ئامادە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی سەرەکی لە نموونەکانی کۆمەڵگەدا. گۆرباچۆف شۆڕشگێڕێکی نائاسایی بوو، لەو رووەوە کە زۆربەی کەسایەتییە شۆڕشگێڕەکان لە دەرەوەی نموونە کۆمەڵایەتییە باڵادەستەکاندان. ئەو لە ناو خودی رژێمەکەوە هاتبوو: خاوەنی پۆست، هاوپەیمانی دەسەڵاتدار و هۆشیاری. ئەو هەموو شتێکی بە باشی تاوتوێ کرد و کۆمەڵێك چاکسازیی گەورەی بە ئەنجام گەیاند. ئەو کاریگەرییەکی گرنگی بەجێهێشت. ئەمە کارێکی ئاسان یان ئاسایی نەبوو. کەلەپووری رابردوو زۆر بە سەر شانییەوە قورس



بوو. ئەوانەی کە لایەنگری سیستەمێك بوون کە بە ئاشکرا لە بەرژەوەندیی ئەواندا بوو، هێرشیان دەکردە سەر. هەر چەندەش کە سیستەمی سیاسی و ئابووری بەرهەمهێنەر و وەڵامدەرەوە نەبوو، بەڵام تەنیا شتێك بوو، کە زۆربەی خەڵك دەیانناسی و سروشتیش بوو کە گومانیان لەوە هەبێت کە ئایا سیستەمێکی نوێ باشتر دەبێت. بە رواڵەت هەموو شتێك دژی هەر جۆرە کاریگەری دانانێکی تاکەکەسی بوو. لەڕاستیدا، لەوانەیە بتوانرێت بوترێت کە کاریگەریی ئەو تەنانەت زیاتر لەوەیە کە بیری لێدەکردەوە. لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئەودا، گۆڕانکاری رێگای تایبەتی خۆی بڕی و رووداوگەلێکی زۆر روویاندا کە ئەو لە سەرەتادا بیری لێنەکردبوونەوە. دواجار ئەو خۆشەویستیی خۆی لە دەست دا و ژمارەیەك سەرکردەی دیکە بە دوای ئەودا دەرکەوتن کە هەر یەکەیان نائومێدانە هەوڵیان دەدا لەگەڵ کێشە و گرفتە ئێجگار ئاڵۆزەکاندا دەست و پەنجە نەرم بکەن؛ هەر یەکەیان کۆششیان دەکرد دامەزراوگەلێکی نوێ دابمەزرێنن و [دواجار] دروستکردنی ئەو دامەزراوانەیان کە لە رابردووەوە مابوونەوە ئەستەم ـ تەنانەت ناوممکین ـ دەبینییەوە. هەڵبەت مێژوو ئاڵۆزە و ژیاننامەی گۆرباچۆف هێشتا بە شێوەیەکی تەواوەتی نەنووسراوەتەوە. بەڵام بەبێ چارەنووسی تاکەکەسیی ئەو، کۆمەڵگەی سۆڤیەت و ئەورووپای رۆژهەڵات هەرگیز ناتوانن بە تەواوەتی بۆ دامەزراوە شکست خواردوەکانیان بگەڕێنەوە و، ناوی گۆرباچۆف لە مێژوودا وەك تاکێك کە کاریگەرییەکی گرنگی لە جیهاندا دروست کرد دەمێنێتەوە. بەبێ ئەو جیهان گۆڕانی بەسەردا دەهات؛ بەڵام شێوازی گۆڕان و خێرایی ئەم گۆڕانکارییە، دەرەنجامی کۆششەکانی ئەوە.

ماکس ڤێبەر پەی بەوە برد کە هەندێك لە تاکەکان لەوانەیە کاریگەرییەکی گرنگ لەسەر نموونە کۆمەڵایەتییەکان دابنێن، بەڵام ئەم جۆرە کەسانە زۆر جار لە دەرەوەی رێکخستنی یاسایی سەر هەڵدەدەن.

ئەوان پاڵەوانانێکی شۆڕشگێڕن کە ژمارەیەکی زۆر لە نەیاران لە دەوری خۆیاندا کۆدەکەنەوە. کەسێکی وەك گۆرباچۆف ـ تاکێك کە لە ناو رژێمێدا بگات بە باڵاترین پۆست ـ کاندیدێکە کە ئەگەری بۆ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕی زۆر کەمە. ئامانجی تاکەکان بۆ سەرکەوتن بۆ پلەکانی سەرەوە هەر شتێك بێت (تەنانەت ئەگەر زۆر شەرافەتمەندانە) کاتێك کە بەدەستیان هێنا، بەرنامەکانیان گۆڕانی بەسەردا دێت. ساتێك کە تاکەکان دەگەنە پۆستەکانی سەرەوە، راستەوخۆ رووبەڕوی مێژوو و نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە و دەبنە شتێك کە هەرگیز مەبەستیان نەبووە. وتنی نابەرامبەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵە دامەزراوەیەك کە بوونەتە هۆی سەرکەوتنی تاك قورسە. تەنانەت ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی کە کەسە چەپەڵەکان سەرکوت دەکەن زۆر جار خۆشیان دەبنە کەسانی چەپەڵ و بەبێ ئەوەی کە بەڕاستی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بونیاد، کولتوور، یان دامەزراوەکاندا ئەنجام بدەن. ئێمە دەکرێ بە دەنگ نەدان بە حیزبێك ئەوان لەسەر تەختی دەسەڵات بهێنینە خوارەوە، بەڵام با بزانین ئەو حیزبە نوێیەی کە هاتۆتە سەر دەسەڵات ناتوانێت ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەڵێنی داوە جێبەجێ بکات ـ نەك لەبەر ئەوەی کە ئەندامەکانی درۆزنن، بەڵکو لەبەر ئەو هۆکارەی کە گۆڕانکاری شۆڕشگێڕی لە چوارچێوەی نموونە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر ئەستەمە. ئەمە هۆکاری راستەقینەی سەرۆك کۆمارێتی کلینتۆن یان سەرکەوتنی کۆماریخوازەکانە لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی دوو ساڵ پاش ئەودا. تا چ رادەیەك تاك بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چ مەبەستێکی هەیە، دەتوانێت ئەو نموونە کۆمەڵایەتییانەی کە بە قووڵی رەگیان داکوتاوە بگۆڕێت. کاندیدە سیاسییەکان بەڵێنیی گۆڕان و گۆڕانکاری دەدەن و زۆرێکیان بەڕاستی باوەڕیان وایە کە دەتوانن گۆڕانکاری بەدی بهێنن، بەڵام تەنیا ئەو کاتەی کە لەگەڵ هێزی



راستەقینەی کەلەپووری رابردوواماندا وەك کۆمەڵگەیەك رووبەڕوو نەبوونەتەوە دەتوانن وەها بانگەشەیەك بکەن.

## رۆڵی هێزی کۆمەڵایەتی

ئەوەی کە زۆرێك لە ئێمە لە کاتی خوێندنەوەی کاریگەری تاك لەسەر رێکخراودا پشتگوێی دەخەین **توخمی هێزی کۆمەڵایەتییە**. تەنیا ئەگەر تاك هێزی کۆمەڵایەتی هەبێت دەتوانێت رێکخراوێك بگۆڕێت. هێز واتای توانای پیادەکردنی ئیرادەی خودە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا. لێهاتوویی تاك زۆر جار لە شوێنگەیەکی بەرز لە رێکخراوێکدا دەردەکەوێت، بەڵام لە ئەنجامی سەرنجڕاکێشیی تاك، زۆریی ژمارەی لایەنگران، سامان، چەك، زانیارییەکان، یان توانای ئارەزووش دێتە کایەوە. دایك و باوك دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر منداڵەکانەوە هەیە، بۆیە دەتوانن کار لە ئاراستەکردنیان، هزر و بەهاکانیان بکەن. لەگەڵ ئەوەدا کە توخمەکانی تر لەگەڵ دەسەڵاتدا رکابەری دەکەن، نفووزی دایك و باوك کەم دەبێتەوە. سەرکردەی رێکخراوە گەورەکانی سەوداکردن دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە و ئەو دەسەڵاتە بۆ دارشتنی سیاسەتگوزارییەکان لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن. هەندێ جار گۆڕانی کۆمەڵگە (بونیادی باج دانان، دەسەڵاتی رێژەیی یەکێتییەکان، رێژەی "دەستێوەردانی" دەوڵەت) جێی سەرنجە، بەڵام زیاتر پشتیوانی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان و کارکردیان (دامودەزگای تایبەتی ئابووری، شێوازەکانی میرات بردن) دەخرێتە روو. سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەسەڵاتێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوە دەتوانێت کاریگەرییەکی لە ئەوانی تر زیاتری لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە هەبێت (جگە لەمانەش، ئەسڵەن ئێمە چیمان هەیە کە رێگامان پێبدات کاریگەری لەسەر دروست بکەین؟

دەنگێك؟ پارمەتیی دارایی بۆ پۆستێکی فەرمی؟ چوونە بەر دەرگای ماڵان و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لە بەرژەوەندیی کاندیدی هەڵبژاردنەکانی خۆمان؟) سەرکردەیەکی لێهاتوو لە نێو گرووپێکی شۆڕشگێڕیدا کە بە باشی خۆی پڕچەك کردووە و خاوەنی سەرچاوەیەکی دارایی باشە، لەوانەیە نفووز و کاریگەرییەکی زیاتری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و رابەرێکی شارەزای ئایینی لەوانەیە لەسەر گرووپێك لە باوەڕداران یان تەنانەت لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگەش کاریگەری دروست بکات. بەمپێیە، بۆ تێگەیشتن لە رادەی کاریگەری دانان لەوانەیە زانینی ئەم خاڵە گرنگ بێت کە نە تەنیا خواست زەرووریییە بەڵکو خواست دەبێت لەگەڵ هێزدا پێکەوە بەستراببێتەوە. تەنیا بە هێز دەتوانرێت بە چەشنێکی کاریگەر دەست بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هزرەکاندا بکرێت. رەخنە پێویستە بە هێز پشتیوانی لێ بکرێت. ئاراستەکردنە نوێیەکان بۆ رێکخراوێك پێویستە لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت کە شتێکی زیاتر لە هزری باش یان نیەتی چاکیان لەسەردایە و نموونە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان تەنیا دەتوانرێ لە کۆمەڵە کەسێك بکەوێتەوە کە هێزی جێگیرکردنی ئەوانیان هەیە.

هێز بابەتێکی ئاڵۆزە. سەرەتا ئەوەی کە کەسانێك کە زۆرترین هێزیان لە دەستدایە زۆر جار کەسانێکن خوازیاری گۆڕانکاری بنچینەیی نین لە کۆمەڵگەدا. ئەوان لە هەموو کەس زیاتر قازانج لە نموونە کۆمەڵایەتییە هەنووکەییەکان دەکەن. ئەوان لە رێگەی ئەو نموونانەوە پێش کەوتوون و، بە شێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر ئەو نموونانە دەکەنەوە. دووەم، هێزی کۆمەڵایەتی بکەرێك یەك لایەنی **هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتییە**. هێز لە هەر دوو لاوە بەکار دەهێنرێت. تەنانەت ئەگەر تاکێك خوازیاری گۆڕان بێت و دەسەڵاتی دروستکردنیشی هەبیت، کەسانێکیش کە لەلایەکی ترەوە



پشتیوانی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، خاوەنی هێزن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هێزیان زۆر زیاتر دەبێت. بەشێك لە هەر رێکخراوێك (لە خێزانەوە بگرە تا کۆمەڵگە) کۆمەڵە میکانیزمێکیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەسانە هەیە، کە هەوڵی گۆڕانی رێکخراوەکە دەدەن. توانای گۆڕینی کۆمەڵگە واتای هەبوونی هێزێکی پێویست بۆ کاریگەربوون لەسەر کەسانێك دەگەیەنێت کە بەرگری لە کۆمەڵگەی هەبوو دەکەن.

بەمپێیە، گۆڕانکاری زۆر جار نەك لەبەر هەوڵەکانی تاکێك، بەڵکو لەبەر ئەو هۆکارە روودەدات کە تاکەکان لەیەك پێگەی دەسەڵاتەوە پێکەوە چالاکی دەکەن و گۆڕانکاری بەدیدەهێنن. سەرکردەیەك بە تەنیا ناتوانێت کۆمەڵگە بگۆڕێت، بەپێی پێناسەکە، ئەو پێویستی بە پێگەیەکی دەسەڵات هەیە کە کۆمەڵێك تاکی تر لە خۆ دەگرێت کە ئامادە بن لەسەر هەمان هێڵ بۆ گۆڕانکاری هەوڵ بدەن. لە ساڵی 1789دا، کرێکاران و خەڵکی چینی ناوەڕاستی فەرەنسا بە دەوری رابەرە نوێیەکاندا یەکیان گرت و رژێمی پاشایەتییان رووخاند. لە دەیەی 1950شدا، ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقییەکان لە باشووری ئەمریکادا لە دەوری لۆسەرکینگ کۆبوونەوە و پێکەوە دەستیان بە رووخاندنی رژێمی جیاکاریی نەژادی کرد. کینگ لە رۆڵی سەرکردەیەکدا گرنگ بوو بەڵام بە تەنیا لە کۆمەڵگەدا دەسەڵاتێکی نەبوو. **بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان** ـ گرووپە کەم تا زۆر رێکخراو و فرەڕەنگەکان کە دەتوانن بە جۆرێکی کاریگەر بە دەوری سەرکردەکانیاندا بۆ رێپێوان، ناڕەزایی، گەمارۆدان، مانگرتن، ئامادە بن و چالاکانە رووبەرووی هێزی نەیار ببنەوە ـ گۆڕان بەسەر کۆمەڵگەدا دەهێنن. گرووپە ناڕازییە رێکخراوترەکان ـ ئاشتیی سەوز، دایکانی دژ بە شۆفێرە سەرخۆشەکان، لێبوردنی نێودەوڵەتی ـ کۆمەڵگە دەگۆڕن. تاکە جۆراوجۆرەکان لە ناو ئەو رێکخراوانەدا لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر

ئاراستەکردنی گۆڕانکاری هەبێت، بەڵام تەنیا ئەو ژمارە زۆرەی تاکەکان کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نموونە کۆمەڵایەتییە هەبووەکان پێکەوە چالاکی دەنوێنن، توانای راستەقینەی هێزەکییان بۆ گۆڕانکاریی کۆمەڵگە هەیە. هەر تاکێك سەرچاوەیەکە کە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری بەکار دەهێنرێت. ئەوان بە تەنیا کاریگەرییەکیان نییە، بەڵام کاتێك کە پێکەوە یەك دەگرن دەتوانن کاریگەر بن.

سەرکەوتن هەرگیز گەرەنتی ناکرێت، هەرچەندە کە تاك بیەوێت کاریگەر بێت و دەسەڵاتی هەبێت و هەرچەندەش ئامانجی تاك ئامانجێکی بەرز بێت. لە ئەنجامی هەموو هەوڵدانەکانی ئێمەدا چوار ئەگەر لە ئارادان: 1) نموونە کۆمەڵایەتییەکان هێشتا لەوانەیە نەگۆڕ بن؛ 2) نموونە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی دژیەتی رێکخراوەوە لەوانەیە بگۆڕێن، بەڵام بە ئاراستەیەکی نەخوازراو (لەوانەیە بەرەو ئاراستەی ستەمگەریی زیاتر)؛ 3) نموونە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەری ئەوە هەیە لە کرداردا، بەرەو ئاراستەی پەسەندکراو گۆڕانییان بەسەردا بێت؛ 4) نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێ بە تەواوەتی بەو شێوەیەی کە جێی مەبەستە بگۆڕدرێن. ژمارەی 1 زیاتر لەوانی تر ئەگەری هەیە روو بدات؛ و ژمارە 4 کەمتر لەوانی تر.

## گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی: دیدگای کۆمەڵناسی

ئەگەر کۆمەڵناسان دان بەوەدا دەنێن کە تاك، لە ڕاستیدا، هەندێ جار لە گۆڕینی رێکخراوی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری هەیە، بەڵام ئەم کاریگەرییە زۆر جار بەشەکی و زیاتر نەویستانەیە، چ تێڕوانینێکی تریان بۆ کێشەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی هەیە؟ ئەگەر تاك لە بنەمادا هۆکاری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی نییە، ئەی چ شتێك لە ئارادایە؟ لەوانەیە باشتر وا بێت کە



وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە پێڕستکردن و شیکردنەوەی پێنج بنەمای رێنیشاندەر دەست پێبکەین کە زۆربەی کۆمەڵناسان مۆری رەزامەندییان لێداون.

## گۆڕانکاری بەشێکی جیانەبووەوەی هەموو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە

یەکەمین بنەما ئەمەیە کە هەر رێکخراوێك بە شێوەیەکی سرووشتی دەگۆڕدرێت، بە گۆڕانی رادە، رێکخراو دەگۆڕێت، بە کۆنتربوونی دەگۆڕێت و؛ بە گۆڕانی ژینگە، رێکخراو دەبێت خۆی لەگەڵیدا بسازێنێت. هەر رووداوێك لە مێژووی ریکخراودا دەبێتە بەشێك لە مێژووی رێکخراوەکە، دواتر دەتوانێت بۆ دەرکردنی بڕیارەکان ئاماژەی پێبکرێت و بەکار بهێنرێت. لەڕاستیدا، هەڵەیە ئەگەر رێکخراوی کۆمەڵایەتی وەك زنجیرەیەکی چەق بەستوو و نەگۆڕ لە نموونە کۆمەڵایەتییەکان سەیر بکەین کە پیشاندەری سەقامگیری و رێکخستنی بەردەوامە. بەڵام هەر کردارێکی هەر تاکێك کۆمەڵگە تۆسقاڵێك دەگۆڕێت. هەڵبەت هەندێك لە کردەکان، تاکەکان و بڕیارەکان گرنگترن. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە ساتێکەوە تا ساتێکی تر هەرگیز یەکسان نامێنێتەوە. گۆڕانکاری دەبێت چاوەڕوان بکرێت. هەر شتێکمان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا خۆش بووبێت ـ مۆسیقاکەی، فیلمەکانی، نموونە خێزانییەکانی، رادەی لێپرسراوێتییە ئاینییەکەی ـ بە دڵنیاییەوە گۆڕانی بەسەردا دێت. هەر شتێك ئەمڕۆ بوونی هەیە سبەینێ لانیکەم کەمێك جیاواز دەبێت.

کۆمەڵگەکان تەنانەت خاوەنی ویستی گۆڕانکارین. هەندێ لە کۆمەڵگەکان زۆر خێراتر لە کۆمەڵگەکانی تر دەگۆڕێن. ویستی گۆڕانکاری بابەتێکی جیا نەبووەوەیە لە کۆمەڵگە و یەکێکە لەو نموونە کۆمەڵایەتییانەی کە بوونی هەیە. رووداوەکان یان هەڵسوکەوتی تاکەکەسی

لەوانەیە بۆ ماوەیەك ویستی گۆڕانكاری كورت بكاتەوە یان خێراتری بكات، بەڵام بۆ ماوەیەكی درێژخایەن ئەم ڕێژەیە دەتوانرێت پێشبینی بكرێت. ڕێژەی گۆڕانكاری لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی گۆڕانكاری لە زۆربەی كۆمەڵگەكانی تر، لە بوارەكانی وەك شارنشینیی پەرەسەندوو، سەرهەڵدانی ئابووری خزمەتگوزاری، یەكسانیخوازی لەناو خێزان و بزاوتی جوگرافی زۆر زیاد بووە. ئەم ڕێژانە پاش جەنگی جیهانیی دووەم خێراییەكی بەرچاویان هەبووە. ئەمڕۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كۆمەڵگەیەكە جیاواز لەوەی لە ساڵی 1900دا هەبوو. هەندێ لە كۆمەڵگەكان ـ وەك ژاپۆن ـ ڕێژەی گۆڕانكارییەكی كۆمەڵایەتی زیاتریان تەنانەت لە ویلایەتە یەكگرتووەكان هەبووە. ڕێژەی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگەكانی تری وەك ئێران، هیند و چین كەمتر بووە.

بەتەمەنەكان بەردەوام بیری منداڵەكان دەخەنەوە كە "ئەمڕۆ دنیا لە چاو ئەو سەردەمەدا كە من منداڵ بووم زۆر فەرقی كردووە" باشە، ئێستا سەیری دەوروبەری خۆتان بكەن. ئەو كۆمەڵگەیەی كە دەیبینن دە ساڵی تر زۆر جیاواز دەبێت. هەر شتێكتان خۆش دەوێ لەوانەیە ئەوكاتە لەناو چووبێت. حەزتان لە هەر شتێكیش نییە دیسان لەوانەیە باشتر یان خراپتری بەسەردا هاتبێت. هەموو شتێك دەگۆڕێت، بەڵام گۆڕان زۆر جار لەسەرخۆ ڕوودەدات و زۆر جاریش نامومكینە هۆكارەكەی بۆ تاك یان گرووپێك بگەڕێنرێتەوە.

## گۆڕانكاری زیاتر بۆ ململانێی كۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە تا كردەی تاكەكەسی

دووەمین بنەمای كۆمەڵناسی ئەوەیە كە بە ئەگەری زۆر گۆڕانكاری زیاتر لە ململانێی كۆمەڵایەتی دەكەوێتەوە تاوەكو كرداری تاكەكەسی.



ڕێكخراو هەرگیز بەو چەشنەی كە لە ڕواڵەتدا دەردەكەوێت هێمن و بێ گرفت نییە، هەمیشە ناسازگاری بوونی هەیە، هەمیشە ناڕەزایەتی لە ئارادایە. كاتێك كە كاربەدەستانی ڕێكخراو دەڵێن نا ئەوانی تر بە بەردەوامی دەڵێن **بەڵێ،** ئەو كاتەیە كە ململانێ و گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدات. ئەم جۆرە كەسانە بە دەگمەن خواستەكانیان بەدی دەهێنن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ ئەو شتەی كە باوەڕیان پێیەتی یان داوای دەكەن خەبات دەكەن، بە تێپەڕبوونی كات گۆڕانێك ڕوودەدات و زۆر جار ئەو گۆڕانە بە شێوەیەكە كە تەنانەت ئەوان خوازیاری نەبوون. بزووتنەوەی مافی مەدەنی لە كۆمەڵگەی ئەمریكادا هەرگیز نەیتوانیوە ئامانجەكەی بۆ یەكسانیی نەژادی بەدەست بهێنێت، لەبەر ئەوە، بەهۆی ئەو ململانێیەی كە هێنایە كایەوە ـ ڕووبەڕووبوونەوە و كێشمەكێشی نێوان بزووتنەوە و ئەو كەسانەی كە پشتیوانی لە دامەزراوەی جیاكاریی نەژادی، فەرهەنگی نەژادپەرستی و بونیادی كۆمەڵایەتی نەژادی نایەكسان دەكەن ـ نموونەكان وردە وردە بە ئاراستەیەك كە بزووتنەوە لە پێناویدا خەباتی دەكرد گۆڕانیان بەسەردا هات، هەرچەندە بەو ڕادەیە نەبوو كە بزووتنەوە دەیویست، ئەو ململانێیە كۆمەڵە دەرفەتێكی خوێندنی زیاتر، مافی سیاسی و مەدەنیی دادپەروەرانەتر و یەكسانیی زیاتری دەرفەتە ئابوورییەكانی لە سەرەوەی كۆمەڵگەدا بەدیهێناوە. بەم حاڵەشەوە، كاریگەرییەكی زۆری لەسەر ڕق و قین و نائومێدی لە نێو ئەمریكییە بە ڕەگەز ئەفریقییەكاندا كە هیچ جۆرە دەرفەتگەلێكی واقیعی ئابووری یان خوێندنیان نییە؛ لەسەر ژمارەی ڕوو لە زیادبوونی گەنجان، خێزانە تاك سەرپەرشتەكانی گرووپە كەمینەكان، هەروەها لەسەر گرفتی جددی تووشبوون بە مادە سڕكەرەكان لە نێو ناوچە شارنشینەكاندا نەبووە. ئایا بزووتنەوەی مافی مەدەنی سەركەوتنی بەدەست هێنا؟ بەڵێ (تا ڕادەیەك): كۆمەڵگە بۆ ئەمریكییە بە ڕەگەز ئەفریقییەكانی چینی ناوەڕاست زیاتر كراوەتەوە و، سیستەمی

سیاسی و یاسایی بەرامبەر بە کێشە نەژادپەرستییەکان هەستیارترە و، نەخێر: چونکە یەکسانی گشتگیر نییە، نەژادپەرەستی هێشتا بەربڵاوە و بۆ ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بە هیچ شێوەیەك بارودۆخەکە باشتر نەبووە.

کارل مارکس جەخت لەسەر رۆڵی ململانێی کۆمەڵایەتی وەك سەرچاوەی گۆڕانکاری دەکاتەوە. ئەو دەنووسێت: مێژوو، ململانێی چینە ناکۆکەکانە. کۆمەڵگە لە کرێکاران و خاوەن موڵکەکان پێکهاتووە و بە تێپەڕبوونی کات ململانێی حەتمی لە نێوانیاندا کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بۆ کاتێکی دوورودرێژ ململانێی ئاشکرا کۆنترۆڵ دەکرێت و لەو کاتەدا لە ناکاو گۆڕانکارییەکی گەورە، کۆن دەخاتە ئەو لاوە و نوێ بەدی دەهێنێت. کۆمەڵگەی نوێ، لە روانگەی مارکسەوە، ئاوێتەیەکە لە کۆن و نوێ لە تەنیشت یەکتردا، ئەو کەسانەی کە بۆ پارێزگاریکردن لەوەی کە هەیانە بەرگری دەکەن و کەسانێکیش کە لە بەرامبەریاندا راوەستاون و دەبێت لە پێناو مافەکانی خۆیاندا خەبات بکەن. نوێ لە نێو ململانێی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەستێتەوە. مارکس شۆڕشەکانی ئینگلیز و فەرەنسا وەك کۆمەڵێك نموونەی دژایەتی کە ئەم جۆرە وێنانەی دروست کرد سەیر دەکات: ئەوانە نموونەی ئەو کۆمەڵگانە بوون کە لە سیستەمی فیۆدالییەوە بۆ سیستەمی سەرمایەداری گوازرانەوە. ئەم شۆڕشانە لەڕاستیدا لووتکەی ململانێی کۆمەڵایەتی بوون کە بۆ سەدان ساڵ لە ئارادا بوون؛ کۆمەڵگە نوێیەکان جیاوازییەکی بەرچاویان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی پێشوودا هەبوو، بەڵام بە تەواوەتی نوێ نەبوون چونکە لە ئەنجامی رەوتە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەوکات لە کۆمەڵگەی کۆندا سەریان هەڵدا.

زۆربەی کۆمەڵناسان دژایەتی بە حەتمی دەزانن. کاتێك تاکەکان بە هزر و بەرژەوەندیی جیاوازەوە بوونیان هەیە، ململانێش بوونی هەیە و، تا کاتێك ململانێ بوونی هەیە، هیچ شتێك بەو چەشنەی کە هەیە نامێنێتەوە.



هەموو شتێك لە دۆخی گۆڕاندایە، هیچ شتێك حەتمی نییە و هەموو شتێك لەبەردەم رووبەڕووبوونەوە و گۆڕانکاریدایە.

ماکس ڤێبەر (1924) وەك مارکس، گۆڕانکاری بە ئەنجامی دژایەتی ـ لە نێوان ئەو کەسانەی کە بەرگری لە رێکخستنی نەریتی دەکەن و ئەو کەسانە کە دژی ئەو سیستەمە کار دەکەن ـ دەزانێت. ئەوانە کە لە دژی رێکخستنی باو هەڵدەستنەوە شۆڕشگێڕن، ئەوان شوێنکەوتوانێك کۆدەکەنەوە و هەندێ جار بە هەوڵەکانیان سیستەمی کۆن دەڕووخێنن، بەڵام ئەم سیستەمە هەرگیز بە تەواوەتی ناڕووخێت، چونکە هەندێك لە نموونە کۆنەکان یارمەتیی پێکهێنانی نموونە نوێیەکان دەدەن. دوابەدوای گۆڕانکاری بە خێرایی ململانێی نوێ لە نێوان ئەو کەسانەی پشتیوانی لە نموونە نوێیەکان دەکەن و ئەو کەسانەش کە دژی ئەوانن سەرهەڵدەدات. دواجار نموونە نوێیەکان نوێیەتی خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە نەریت و سەرکردە کاریزمایە نوێیەکان لە ئەنجامدا شوێنکەوتووەکانیان کۆدەکەنەوە و جارێکی تر دەست بە خەبات دەکەنەوە. مێژوو، ململانێی نێوان نەریت و شۆڕشە.

کۆمەڵناسان لە جیاتی ئەوەی کە بەتەنیا تەرکیز لەسەر تاك یان گرووپی ناڕازیی بکەنەوە، زیاتر گرنگی بەو شتە دەدەن کە لە نێوان خەڵکدا وەك سەرچاوەی گۆڕانکاری روودەدات. تاکەکان بایەخیان هەیە؛ بەڵام لەوان زیاتر، کارلێکی تاکەکان و گرووپەکانە کە گرنگی هەیە و ململانێیەك کە کارلێکی لێ دەکەوێتەوە گۆڕانکاریی بەردەوام بەدیدەهێنێت.

### ئەگەری گۆڕان کاتێك زیاترە کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەگونجێ

بنەمای سێیەم ئەوەیە کە تاکەکان، گرووپەکان و ململانێی کۆمەڵایەتی کاتێك ئەگەری زیاتریان هەیە کە رێکخراوێك بگۆڕن کە بارودۆخی

کۆمەڵایەتی لەگەڵیدا بگونجێت. هیتلەر نموونەی تاکێکە کە کاریگەرییەکی گەورەی لە مێژوودا بەجێهێشت. ئەو بە جۆرێکی بەرچاو نموونە کۆمەڵایەتییەکانی لە ئەڵمانیادا گۆڕی تاوەکو لەگەڵ دیکتاتۆریەتێکی تۆتالیتاردا خۆیان بگونجێنن؛ هەوڵەکانی ئەو بۆ دروستکردنی ئەزموونی ئەڵمانیا بە ئاشکرا جەنگێکی جیهانی لێکەوتەوە؛ لە رێگەی نفووز و کاریگەریی ئەوەوە ملیۆنەها کەس بوونە قوربانی. پەنجا ساڵ پاش مردنی هیتلەر، کاریگەری ئەو هێشتا لە سەرتاسەری جیهاندا هەستی پێدەکرێت. زۆرێك لە تاك و گرووپەکان هێشتا لە ژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئەودان و باوەڕیان وایە کە ئەو سەرکردەیەکی گەورە بووە. زۆرێك لە خەڵکی جیهان ئەو بە هێمای هەر شتێك کە لە بوونی مرۆڤەکاندا ئەهریمەنییە و بە هێمای هەر شتێك کە دەستی تاکێکی بە تەواوەتی بەهێز دەکەوێت دەناسن. زۆربەمان دانی پێدا دەنێین کە هیتلەر بەڕاستی کاریگەرییەکی بەجێهێشت: بەشێك لەو کاریگەرییە خۆویستانە و بە ئەنقەست بوو و بەشێکی تری نەویستانە و نائەنقەست.

لەبەر ئەوە، هیتلەر تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەیویست جیهان بگۆڕێت سەرکەوتوو نەبوو. ئەو بەشێك لە مێژوو هەروەها یەکێك لە سەرکردەکانی مێژوو بوو. ئەو بەرهەمی کۆمەڵگەی ئەڵمانی بوو و یەکێك لە پێکهێنەرانی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا. بەبێ بارودۆخێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی، ئەو نەیدەتوانی ئەو کاریگەرییە بەجێبهێڵێت.

لێکۆڵەرەوانی مێژوو هەندێك لە گرنکترین بەڵگەکانی هاتنەسەر دەسەڵاتی هیتلەریان روون کردووەتەوە: ئەو پەیمانە ئاشتییە ریسواکەرەی کە جەنگی جیهانیی یەکەمی کۆتایی پێهێنا؛ قەیران و لاوازی گەورەی ئابووری کە ئابووریی ئەڵمانیای خاپوور کرد و؛ حکوومەتی بێچارەی ئەڵمانیا کە لە هەموو لایەکەوە رووبەڕووی توندڕۆگەرایی ببووەوە. هیتلەر



بەرهەمی ژمارەیەکی زۆر نموونەی کۆمەڵایەتی بوو لە کولتووری ئەڵمانیادا و بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتیش سوودی لە هەموو ئەم نموونانە وەرگرت، ناسیۆنالیزمی ئەڵمانی، سەربازیگەری، دەسەڵاتگەرایی و، ململانێکردنی جوولەکە. تا رادەیەکی زۆر ئەو لەبەر ئەو هۆکارە هاتە سەر دەسەڵات و گۆڕانکارییەکی دروست کرد، بەهرەی لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی ئەڵمانیا وەرگرت و بەکاری هێنان.

هیتلەر کاریگەرییەکی زۆریشی لەسەر جیهان دانا، چونکە ئەڵمانیا زۆر بیرۆتیك کراو و لە رووی زانستییەوە پێشکەوتوو بوو. ئەو توانی بۆ رێکخستنی کۆمەڵگە سوود لە بنەماکانی بیرۆکراتییەت وەربگرێت، کۆنترۆڵی دانیشتوان بکات، دەزگایەکی کارامەی سەربازی دروست بکات و، ملیۆنەها کەس دوور بخاتەوە یان بەند بکات و یا بە جۆرێکی سیستەماتیك بیانکوژێت. ئەو توانی کۆمەڵگەی زانستیی ئەڵمانیا بۆ پەرەپێدانی چەکە جەنگییەکان بەکار بهێنێت کە زۆر جار لە چەکی دوژمنەکانی پێشکەوتووتر بوو.

بەبێ ئەم زەمینە کۆمەڵایەتییە، هیتلەر نەدەگەیشتە سەر دەسەڵات و کاریگەریی نفووزی ئەو لەسەر کۆمەڵگەی ئەڵمان و جیهان نامومکین بوو. ئەم بابەتە سەبارەت بە هەر سەرکردەیەکی کاریگەر لە مێژوودا راستە. تاك کاتێك گۆڕانکاری دەکات کە بارودۆخی لەبار بێت: لۆسەر، لینین، مائۆ، رۆزڤڵت، لینکۆڵن، کینگ و گۆرباچۆف کەسانێکن کە گۆڕانکارییەکیان ئەنجام دا، چونکە کۆمەڵگە بۆ ئەوان ئامادە کرابوو.

بیرەکان هەندێ جار کۆمەڵگە دەگۆڕن، بەڵام بیرەکانیش لە بوارێکی کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە. بۆ دروستکردنی هزرە نوێیەکان تاك پێویستە هزرەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەوەی کە لای هەموان ناسراوە بونیاد بنێت. هزرە گەورەکان زۆر جار ئاوێتەیەکن لە هزرەکانی ئەوانی تر یان کارلێکگەلێك بەرامبەر بە هزرەکانی تر. نیوتن، گالیلۆ، کۆپەرنیك،

داروین، فرۆید و مارکس هەموویان کۆمەڵە بیرمەندێکن کە گۆڕانکارییەکی گەورەیان لە شێوازی بیرکردنەوەی خەڵك لە کۆمەڵگەدا دروست کرد، بەڵام هزرەکانیان لەسەر بناغەی ئەو بیرانەی کە پێش ئەوان بوونیان هەبوو بونیاد نرابوون. زیاد لەوەش، کاریگەریی ئەم هزرانە لەسەر ئەو بارودۆخە راوەستابوو کە لە کۆمەڵگەدا هانی بڵاوکردنەوە و رەواجی ئەو بیرانەیان دەدا. تەنیا "هەقیقەت" نییە کە لە کۆمەڵگەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت (هەقیقەت لەوانەیە سەرکەوێت یان سەر نەکەوێت)، بەڵکو هزرگەلێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنن کە کۆمەڵێك پشتیوانیان هەیە: گرووپەکان، کۆمەڵەکان، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی یان چینایەتییەکان کە ئامادەن باوەڕیان پێ‌بهێنن و خەڵکیش باوەڕی پێ بهێنن. هزرەکانی هەندێك لە تاکەکان گۆڕانکارییەك ئەنجام دەدەن بەڵام هەردەم زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، کە یارمەتیی دەستنیشانکردنی قەبووڵ یان رەتکردنەوەیان دەدات.

جەختکردنەوەی ڤێبەر لەسەر دەسەڵاتی کاریزمایی لە مێژوودا ئەم خاڵە ساغ دەکاتەوە. ئەوانەی کە شۆڕش بەرپا دەکەن زۆر جار لە سەردەمانێکی دیاریکراو لە مێژوودا دەژین کە دنیای کۆن لە دۆخی هەڵوەشانەوەدایە و، دامەزراوەکانی تر کارکردێکی کاریگەریان نییە و هزرە کۆنەکان چیتر ئاقڵانە دەرناکەون. ئەوان رادەپەڕن، چونکە ئەوانی تر لە جیهانێکدا کە زۆرێك تێیدا نارازین، چاویان لە وان بڕیوە. کورتەی قسان ئەوەیە کە، تاکە شۆڕشگێڕەکان تەنیا لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورەتردا کە بۆ کاریگەربوونی ئەوان ئامادە کراوە کاریگەری بەجێ‌دەهێڵن و گۆڕانێك ئەنجام دەدەن. بە ئەگەری زۆر ئەم خاڵە راستە کە تاکە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە بوونیان هەیە؛ ئەوان تەنیا کاتێك کاریگەرییەکی راستەقینە بەجێ دەهێڵن کە بارودۆخ بە چەشنێکە کە ئەوانی تر پێی رازی دەبن. کاتێك کە ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی ئامادەی بیستنی وتەکانی ئەوانیان هەیە، ئەوان ناتوانن کاریگەرییەکی وەها بەجێ بهێڵن. بۆ کۆمەڵناس کەم گرنگیدان بەکاریگەری تاك لەسەر کۆمەڵگە گومان هەڵگرە. کۆمەڵە تاکێکی دیاریکراو لەڕاستیدا کار بۆ کۆمەڵێك تاکی تر دەکەن و نموونە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن. کاریگەریی ئەوان هەندێ جار زۆرە و دەتوانرێت پشتگوێ بخرێت. لەبەر ئەوە پێویستە هەمیشە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوانترەوە سەیری ئەم تاکانە بکرێت کە 1) یارمەتیی سەرهەڵدانی ئەوانی داوە و 2) نفووز و کاریگەریی ئەوانی ئەوەندە گەورە کردووە دەکرێ هەر ئەم خاڵە سەبارەت بە هەر رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی باس بکرێت، جا گرووپێك بێت، یان رێکخراوی رەسمی یان کۆمەڵ: کۆمەڵێك تاکی دیاریکراو دەتوانن گۆڕانکاری ئەنجام بدەن بەڵام ئەوان لەناو زەمینەیەکی بەرفراوانتری کۆمەڵایەتیدا دەتوانن کاریگەر بن و گۆڕانێك بەدی بهێنن.

### گۆڕانکاری زیاتر لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتەوە

چوارەمین بنەما کە زۆربەی کۆمەڵناسان لەسەری رێککەوتون ئەوەیە کە ئەوەی ئێمە ناوی لێدەنێین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی زیاتر دەرەنجامی پرۆسە کۆمەڵایەتییە ناتاکەکەسییەکانە کە بکەرە تاکەکان دەسەڵاتێکی وایان بەسەریدا نییە. پرۆسەی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکە کە لە کردارەکانی کۆمەڵە تاکێکی زۆرەوە دەکەوێتەوە کە هەوڵ دەدەن لەگەڵ بارودۆخەکانی رۆژانەیاندا مامەڵە بکەن و بە ئاراستەیەکی هاوشێوە کار دەکەن و کاریگەرییەکی کەڵەکە بوو لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵن. لە ڕاستیدا ماوەیەکی کەم لە تاکەکان ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگەیان هەیە، بەڵام کردارەکانیان پێکەوە، دەبێتە هۆی گۆڕانکاری، بەمپێیە، بۆ نموونە، زۆرێك

لە تاکەکان ئەمڕۆ هاوسەرگیریان دوا دەخەن تا ئەو کاتەی کە دەڕۆنە تەمەنەوە، ژمارەیەکی زۆریش پاش تەڵاق و جیابوونەوە، دووبارە هاوسەرگیری دەکەنەوە. ئەمانە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانن، واتە ئاراستەگەلێکی زۆر هەمووەکی کە زۆرێك لە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا تێیدا بەشداری دەکەن. لە ئەنجامدا، کۆمەڵگە دەگۆڕێت. پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان خۆشیان بەرەنجام (معلول)ی پرۆسەگەلێکی گەورەترن وەك پیشەسازی بوون و تاکگەرایی روو لەزیاد. ئەوان گۆڕانکاری دەکەن بە لە بەرچاو گرتنی ئەو راستییەی کە کاریگەریی هەر بکەرێك نەویستانە و نائەقەستە. پرۆسە گشتییە گرنگەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەمڕۆ لەوانەیە پرۆسە دانیشتووانییەکان (سکپڕی، مردنی بە کۆمەل و کۆچکردن)، شارنشینی، پیشەسازی بوون، بەکارهێنانی زیاتری تەکنەلۆژیا و، بیرۆکراسی بوون لە خۆ بگرن.

بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا شۆڕشێك لە بواری تەکنەلۆژیای کۆمپیتەردا ئەزموون دەکات. لەڕاستیدا، پەرەپێدانی تەکنەلۆیا ـ بەکارهێنانی زانست لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی مرۆڤدا ـ پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی زۆر گرنگ بۆ ماوەی لانیکەم سێ سەد چوار سەد ساڵ بووە. کۆمپیوتەرەکان گۆڕانیان بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئێمەدا هێناوە لە پەروەردە و فێرکردنەوە تا مۆسیقا و، لە دەستنیشان کردنی نەخۆشییەوە تا پەنابردنە بەر شەڕەکان.

پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان درێژخایەن و خاوەنی کۆمەڵێك پێشهاتەی گرنگن؛ کۆمەڵێك گۆڕانکاریی گشتی کە کاریگەری لەسەر هەموو نموونە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا دادەنێن. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم جۆرە پرۆسانە گرنگترین جۆرەکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتین. ئەوانە رێڕەوێکی تەقریبەن یەکجارەکی ـ دووبارەنەبووەوە ـ



بۆ کۆمەڵگە دیاری دەکەن. تاکەکان زۆر جار ئەگەر هەڵسوکەوت و هزرەکانیان لەگەڵ ئەم پرۆسانەدا سازگار نەبێت یارمەتیی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەدەن. زۆرێك لە تاکەکان لە کۆمەڵگەدا لەوانەیە لەم چەشنە پرۆسانە بێزار بن و بەرەنگاریان ببنەوە بەڵام ئەم پرۆسانە دەمێننەوە، کاتێك کە دەست پێکران، ژیانی تایبەتیی خۆیان دەگرنە بەر و گەڕاندنەوەیان ئەستەمە.

ڤێبەر (1904-1905) پێی وایە پرۆسەی کۆمەڵایەتی کە ئەو ناوی لێدەنێت "ئەقلانی کردنی ژیان" بە سەر کۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا زاڵە. ئەو دەنووسێت، کە لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا پشتبەستنێکی روو لە زیاد بە "ژمێریاری" "کارایی" "چارەی گرفتەکان" و "رەفتاری شوێنکەوتەی ئامانج" لە ئارادایە. بە لای ڤێبەرەوە ئەمە واتای ژیانی مۆدێرن دەگەیەنێت: مرۆڤەکان لە جیاتی نەریت، نرخ بۆ گەیشتن بە **ئامانجەکان** دادەنێن ـ واتە رێکخستنی باش بە کاراترین شێواز، دروستکردن و فرۆشتنی کاڵاکان بە جۆرێك کە زۆرترین قازانجی لێبکەوێتەوە و هەڵسەنگاندنی کاریگەرترین شێوازی بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە دەیانەوێت.

"ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە ئەنجامەمان داوە" شوێنی خۆی بە "ئەمە شێوازی هۆشیارانەی ئەنجامدانی ئەوەیە" داوە. نەریت بە شتێکی بەنرخ لە قەڵەم نادرێت. لەڕاستیدا، بە بڕوای ڤێبەر ئێمە چیتر کۆمەڵە تاکێکی پابەند بە رەفتاری شوێنکەوتەی بەهاکان نین؛ من ئەوەی کە ئەنجامی دەدەم لەبەر پابەندبوون  بە بەهاکان (وەك زانست، باشی، یەکسانی، خۆشویستن و، ئازادی) نییە، بەڵکو لەو رووەوەیە کە رەفتارم ئەقلانیترین شێوازی گەیشتن بە ئامانجەکانمە. ڤێبەر بایەخی روو لە کەمی نەریتەکان، بەهاکان و هەستەکان هێدی هێدی کە رەفتاری مرۆیی بەرەو هەرچی زیاتر ئەقلانی و ژمێریاریانەتر دەڕوات بە شێوەیەکی بەڵگەهێنانەوە دەخاتە روو.

کۆمەڵگە لە زۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە ئەزموون بە دەست دەهێنێت. ئێمە دەتوانین ملیۆنان ئامێری تەلەفزیۆن، ملیۆنان تەن گەنم و ژمارەیەکی زۆر قوتابیی زانکۆ بەرهەم بهێنین. ئێمە دەتوانین زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژووی مرۆڤدا چاودێرییە تەندروستییەکان بۆ تاکەکان دابین بکەین و لە تواناشماندایە هانی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بدەین کە بەبێ هیچ جۆرە پارەدانێکی نەغدی کاڵایەکی زۆر بکڕن. ئێمە دەتوانین زیاتر لە هەمیشە وەڵام بۆ کێشە جۆراوجۆرەکان بدۆزینەوە، چونکە زانستەکان و بیرکاری بەسەر کۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵن و خۆمان لە ژیانێکی هەرچی کەمتر تایبەتیدا دەبینینەوە، چونکە کۆمپییتەرەکان و بیرۆکراسییەکان دەتوانن هەموو ئەو شتانەی ئەنجامی دەدەین کۆنترۆڵ بکەن.

بە بۆچوونی ڤێبەر، ئەمە گرنگترین پرۆسەی مۆدێرن بوونە. زۆرێك لە کۆمەڵناسان لەگەڵ ڤێبەردا هاوڕان. کاتێك کە ئەم پرۆسەیە دەست پێبکات گەڕاندنەوەی بۆ هەر تاکێك ئەستەمە. تاکەکان لەوانەیە لە کۆمەڵگەدا جێی بایەخ بن، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا، کاریگەریی ئەوان زۆر کەمە. ئەقڵانی کردنی ژیان، وەك زۆرێك لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانی تر لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە. یارمەتیی بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر دەدات، بەڵام شتێکی گرنگیش دەسڕێنێتەوە. زیادبوونی ژمێریاری (محاسبە)، رەمز و راز و ئەفسانە بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگهێشت دەکات. گەشەسەندنی بیرۆکراسی، هەڕەشە لە داهێنەرە بچووکەکان دەکات. زاڵبوونی زەین، گرنگیی هەست کەم دەکاتەوە. ئارەزووی بەدەستهێنانی چاکترین شێوازی ئەنجامدانی کار، رابردوو دەشارێتەوە.

چەند پرۆسەیەکی تریش دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت، کە هەر یەکەیان گرنگ و بەرهەمی هەوڵی هەزاران هەزار کەسە کە بە دوای ژیان و گوزەرانی خۆیاندا دەگەڕێن، هەوڵ دەدەن منداڵان پەروەردە بکەن، بۆ تێپەڕاندنی ژیان پارەی پێویست بەدەست بهێنن و ئەو شتە ئەنجام بدەن



کە پێویستە ئەنجامی بدەن. هیچ تاکێك بە تەنیا کاریگەرییەکی وەهای نییە، بەڵام بە هاوبەشیی یەکتری یارمەتیی پرۆسەکان دەدەن. ئایا تاك بەڕاستی لە دروستکردنی گۆڕانکاریدا کاریگەرە؟ کاتێك کە سەیری ئەم پرۆسە گشتییانە دەکەین وەڵامدانەوەی پۆزەتیڤ ئاسان نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لە بەرامبەر نایەکسانییەکی زۆردا، تاکەکان هەندێ جار رادەپەڕن و لە رێگەی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و دروستکردنی پرۆسە تایبەتەکانی خۆیان گۆڕنکارییەك ئەنجام دەدەن. باشترین نموونە لە سەردەمی ژیانی ئێمەدا لەوانەیە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ئێراندا بێت. ئەو سەرکردایەتیی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی کرد، کە شای ئێرانی کە لایەنگری ئەقڵانی کردنی ژیان (لەوانە ئازادیی ژنان، خوێندنی نائایینی، پیشەسازی بوون و، بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژی)بوو، رووخاند. خەباتی شۆڕشگێڕانە بە ناوی نەریتەوە، سەربەخۆیی ئێران لە رۆژئاوا و گەڕانەوە بۆ بەها ئایینییەکان هاتە کایەوە. ئەم بزووتنەوەیە ئەوەی کە پرۆسەی کۆمەڵایەتی تا رادەیەك بە یەکجارەکی (نەگەڕاوە) دێتە پێش چاو، پێچەوانە کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بزووتنەوەیە تەنیا لەوانەیە پرۆسەیەکی بەرگریکارانە بێت. لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئەقڵانی کردنی ژیان لە ئێراندا لەوانەیە دووبارە دەست پێبکاتەوە.

## نموونە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوامن

بنەمای کۆتایی ئەوەیە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان مەیلێکی بەهێزیان بەرەو بەردەوامی هەیە. بۆ ساتێك بیر بکەنەوە کە نموونە کۆمەڵایەتییەکان چییە. تاکەکان دەست بە پەرچە کردار دەکەن و، بە تێپەڕبوونی کات ئەوان کۆمەڵێك شێوازی رێکوپێك بەدیدەهێنن (بۆ نموونە، رێساکان، چاوەڕوانییەکان و دیدگا هاوبەشەکان). ئەو شێوازە رێکوپێکانە هێدی هێدی جێگیر دەبن و

دەبنە بەشێکی جیانەبووەوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی. یەکێك لەم چەشنە نموونانە ئەوەیە، کە هەندێك لە تاکەکان لەوانی تر بەهێزتر دەبن؛ هەندێك ئیمتیازات و ئیعتیبارێکی زیاتری کۆمەڵایەتییان لەوانی تر هەیە. نموونەیەکی تر کە پەیوەندی بەوەوە هەیە ئەوەیە کە رۆڵەکان دروست دەبن، واتە چاوەڕوانییەکمان دەربارەی ئەوەی کە تاکەکان لە شوێنگە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا پێویستە چۆن رەفتار بکەن. هەندێك لە نموونەکان زیاتر وەك رێساکان سەیر دەکرێن ـ واتە شێوازەکانی کار، چاوەڕوانییە نارەسمییەکان، ئەخلاق، دابونەریت و یاساکان ـ و ئەمانە لە کارلێکدا بە حەتمی دادەنرێن. تاکەکان پابەندیەکی بنچینەیی بەهایی و زنجیرەیەك باوەڕی هاوبەشیان سەبارەت بە چیەتیی واقیع هەیە. ئەوان شێوازگەلێکی دیاریکراو بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکاندا دروست دەکەن. ئەم چەشنە نموونانە تایبەتمەندیی هەموو رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانن. تا کارلێك درێژخایەنتر و بەتینتر بێت، ئەم جۆرە نموونانە گرنگتر و بەردەوامتر دەبن.

ئەم چەشنە نموونانە بەرەو بەردەوامی ئاراستە وەردەگرن. ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە کارێکمان ئەنجام داوە. ئێمە هەمیشە بەم شێوەیە بیرمان کردووەتەوە. ئەمانە رێساگەلێکن کە ئێمە هەمیشە باوەڕمان پێیان هەبووە. رابردوو وەك هێزێك بۆ دروست بوون کار دەکات. جگە لەمەش، ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی تا رادەیەك خۆشگوزەراندا دەژین، بۆ بەرگریکردن لەو نموونانەی کە راستگۆ یان باوەڕیان وایە کە دروستە، پارە و ژیان و کاتی پێویست تەرخان دەکەن. لەڕاستیدا زۆربەمان، جگە لەوەی کە تا چ رادەیەك رەخنە لە نموونە کۆمەڵایەتیان دەگرین کە ژیانی ئێمە بونیاد دەنێن، لە گۆڕان دەترسین، چونکە گۆڕان ئەگەری هەیە هەڕەشە لە بوونی خودی رێکخراوی کۆمەڵایەتی بکات. ئێمە تا رادەیەك لەبەر ئەم هۆکارە وازیان لێناهێنین کە دەترسین ئەگەر ئەم نموونە سەرەکیانە بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگهێشت بکەین هەموو شتێك لە دەست دەدەین.



تاك دەتوانێت کاریگەریی لەسەر تاکەکانی تر هەبێت. تاك دەتوانێت لەسەر ئاراستەکردنی رێکخراو، ئەگەر لە چوارچێوەی نموونەکانی ئەو رێکخراوەدا کار بکات، کاریگەری هەبێت. بەڵام گۆڕانکاریی بنەڕەتی ـ گۆڕان لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی رێکخراودا ـ بە ئاسانی بەرجەستە نابێت و، زۆر جار لەبەر کۆمەڵە بەڵگەیەك لە دەرەوەی کارە ئیدارەییەکانی تاکدا روودەدات.

## هەندێك پێشهات  بۆ ژیان

دوا رستەیەك کە ڤێبەر وتی ئەمە بوو "راستی راستییە" ئەمە مانای ئەوە نەبوو کە ئەو لە کاتی سەرەمەرگدا وای بیر دەکردەوە کە راستیی ناسیوە، هەرگیز. ئەو زیاتر لە زۆرێك لە خەڵکی تر دەیزانی کە ناسینی راستی زۆر قورسە. لە واقیعدا، قسەکەی ئەو لە جیاتی ئەوەی کە هەستی ئاسوودەیی لە نەزانیدا پیشان بدات پابەندی ئەو بۆ گەڕان بە دوای راستیدا دەردەخات. ئەو رەنج و ماندووبوونێکی زۆری لە هزرەکاندا دەرك پێدەکرد.

کۆمەڵگە هزرگەلێك لە ماوەی سەردەمێکی دوورودرێژدا بەدیدەهێنن و ئەم هزرانە رەگوڕیشەیان بڵاو دەکەنەوە. ئێمە هەندێ جار ئەم هزرانە بە کولتوور ناو دەبەین کە شێوازی بیرکردنەوەی نەتەوەیەکە سەبارەت بە واقیع. پەروەردە بوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکان مانای رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ کۆمەڵێك لە "راستییەکان"دا کە لە رێگەی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانەوە فێری ئێمە دەکرێت. ئەم هزرانە لەوانەیە راست نەبن، بەڵام هێشتا بۆ ئێمە گرنگن. یەکێك لەم بیرانە ئەمەیە کە "تاکەکان دەتوانن هەر شتێك ئیرادە دەکەن ئەنجامی بدەن." ئەم باوەڕە بە ئاشکرا ناڕاستە، بەڵام بۆ زۆرێك لە تاکەکان بنەمایەکی گرنگی بیروباوەڕە. ئێمە نەك تەنیا باوەڕمان وایە کە تاکەکان دەتوانن ئەوەی کە دەیانەوێت ئەنجامی بدەن،

بەڵکو ئەوان لە توانایاندایە کە ئەگەر بیانەوێت کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ئەوانی تر دابنێن. تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە هۆی کولتوورەکەمانەوە زۆر جار ساویلکانە بیرکردنەوەیە. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بایەخدان بە تاک گرنگترە تا بایەخدان بە شتێکی وەك هێزە کۆمەڵایەتییەکان؛ باوەڕ بەوەی کە تاك هۆکاری گۆڕانکارییە گرنگترە تا پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان کە هیچ تاکێك بە تەنیا ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات.

بۆ من باوەڕبوون بەوەی کە من گرنگم، کە ئەوەی ئەنجامی دەدەم بەو شێوازانەی کە حەزم لێیەتی کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دادەنێت، ئارامیم پێ دەبەخشێت. لە رووی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە، بۆ من گرنگە کە باوەڕم بەوە هەبێت کە کردەوەکانم کاریگەرییەك بەدیدەهێنن. بەم جۆرە بوو کە بزووتنەوەی مافی مەدەنی توانی ئەو شتەی کە دەیویست بەدەستی بهێنێت. خەڵك باوەڕیان وا بوو کە هەر تاکێك بایەخی هەیە. من ئەوەی کە بزووتنەوە ئەنجامی دا خۆشم دەوێت و دانیشتن لێرەدا لە بەرامبەر کۆمپیوتەرەکەم و راگەیاندنی ئەوەی کە بزووتنەوەی مافی مەدەنی بەڕاستی ئیشی کۆمەڵێك گرووپی رێکخراو بوو کە لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیی لەباردا کاریان دەکرد، بێ رۆح و تا رادەیەك بێبەزەییانە دێتە پێش چاو.

بەڵام ئەمە شتێکە کە کۆمەڵناسی فێرم دەکات. راستی راستیە و من پێویستە هەوڵ بدەم تا ئەو رادەیەی کە دەکرێ بە چەشنێکی بابەتی و ورد بیدۆزمەوە، تەنانەت ئەگەر سووکنایی بەخشیش نەبێت.

ئایا کۆمەڵناسی گرنگی نەدانی لێدەکەوێتەوە. ئایا مرۆڤ ناتوانێت هیوایەکی بە کاریگەردانانی زۆر هەبێت؟ ئایا ناچارین لە حاڵەتێك کە دەتوانین کاریگەر بین پاشەکشێ بکەین و پەنا بۆ حاڵەتێکی نائومێدانە بەرین؟ نەخێر، بە هیچ جۆرێك وا نییە.

کۆمەڵناسی هانمان دەدات بۆ ئەوەی بە دیدێکی **واقیعبینانەتر** سەیری گۆڕانکاری و کاریگەرییەك کە دەتوانین لەسەر ئەوانی تر دایبنێین بکەین.



کۆمەڵناسی یارمەتیمان دەدات بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە چ کەسێك و لە چ بارودۆخێکدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت؛ یارمەتی دەدات بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی وەها کاریگەرییەك زۆر ئەستەمە؛ ئاگادارمان دەکاتەوە کە کاریگەرییەکان ئەگەریان هەیە ئیرادی نەبن. بە من دەڵێت کە من لەوانەیە نەتوانم سیستەمی نایەکسانیی کۆمەڵگە بگۆڕم، بەڵام لەپ ەیوەندییە کەسییەکانی خۆمدا دەتوانم دژ بە نەژادپەرستی و نادادپەروەری قسە بکەم و بە جۆرێکی واقیعبینانە لەسەر ئەو کەسانەی کە راستەوخۆ لە دەوروبەری مندان کاریگەر بم، هەندێ جار ئەمە دەتوانێت تەنیا یاریدەدەرێکی هەمیشەیی من بێت. کۆمەڵناسی پێم دەڵێت زۆرترین کاریگەریم لەسەر کەسانێك دەبێت کە زیاترین دەسەڵاتم بە سەریانەوە هەیە. بەمپێیە، ئەوەی بەرامبەر بە منداڵەکانم ئەنجامی دەدەم لەوانەیە بۆ داهاتووی ئەوان بایەخێکی زۆری هەبێت. کۆمەڵناسی پێم دەڵێت کە بۆ کاریگەر بوون لەسەر کۆمەڵگە دەبێت هێزیش بوونی هەبێت (کە من وەك تاکێك نیمە). لەبەر ئەوە پێویستە من ئاقڵانە ئەو بزووتنەوانەی کە ویست و حەزەکانی من دەردەبڕن یارمەتیی مادییان بدەم و بە تەرخانکردنی کات و هەوڵەکانی خۆم هاریکاری ئەو ژمارەیە لە رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بکەم کە لە شوێنگەیەکدان کە بەو ئاراستەیەی کە جێی سەرنجی منە دەتوانن کاریگەری بەجێبهێڵن. کۆمەڵناسی بە من دەڵێت دەبێت دەرك بەوە بکەم کە گۆڕانکاری بەو ئاراستەیەی کە من دەمەوێت بە ئاسانی نایەتە دی و پێویستە من تووڕەیی خۆم سەبارەت بە نادادپەروەری لەگەڵ چاوەڕوانییە واقیعگەرایەکانمدا هاوسەنگ بکەم. کۆمەڵناسی پێم دەڵێت هەڵنەخەڵەتێم: گۆڕانکاریی راستەقینە لە نموونەکانی کۆمەڵگەدایە. تەنیا بە دەنگدان کەسێك لەسەر کار لابردن و کەسێکی تر لە شوێنی دانان واتای گۆڕانکاری ناگەیەنێت. تەنیا بە دەرکردنی یاسایەك لە بەرژەوەندیی شتێك یان دژی شتێك گۆڕان

بەسەر شێوازی کارکردنی کۆمەڵگەدا نایەت. دواجار، ئاگادارم دەکاتەوە کە گۆڕانکاری زۆر جاران بە قازانجی کەسانێك کە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن نییە و ئەگەر من ئەوەم دەوێت، پێویستە بەرامبەر ئەو کەسانە بوەستمەوە کە سوود لە نموونە کۆمەڵایەتییەکانی هەنووکە وەردەگرن. لەڕاستیدا، من پێویستە بەو ڕاستییە بگەم ئەگەر خوازیاری گۆڕان و گۆڕانکاریم و سوود لە نموونەکانی وەردەگرم، ناچار دەبم کۆمەڵێك هەڵبژاردنی ئاڵۆز ئەنجام بدەم.

کۆمەڵناسی نەك تەنیا من ناچار بە خۆ بەدەستەوەدان ناکات، بەڵکو تێڕوانینێکی واقیعگەرایانەم لە پەیوەندییەکانی نێوان تاك، نموونە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی فێر دەکات. ئەو تێڕامانە متمانەیەکی زیاترم لە بواری ئەوەی کە لە ڕێگەی هەوڵەکانی منەوە مومکینە ڕووبدات، پێدەبەخشێت.

## کورتە و دەرەنجام

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بابەتێکی ئاڵۆزە. ئەگەر ڕاشکاوانە بڵێین، کۆمەڵناسان زۆر جار سیستەم ئاسانتر وەسف دەکەن.

بکەری تاك لە ناو هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەیە، لەو هێزانەوە کە پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵیدا هەیە تا ئەو هێزانەی کە لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی گشتی هەن. تێگەیشتن لەوەی کە تاك لەوانەیە لەسەر کەسانێکی تر کە کارلێکی لەگەڵیاندا هەیە، کاریگەری دابنێت، زۆر ئاسانە. دەرککردن بەوەی کە چۆن دەکرێ تاکێك کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و نموونە کۆمەڵایەتییەکانی هەبێت زۆر ئەستەمە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێك لە تاکەکان ئەگەر لە زەمینەیەکی کۆمەڵایەتیدا کە بۆ وەها کاریگەرییەك لەبارە کار بکەن و ئەگەر پێگەیەکی دەسەڵاتی بەهێزیان هەبێت، بێگومان کاریگەرییەکی زۆر زۆر بەجێدەهێڵن. ناسینی ئەم خاڵەش گرنگە کە



هەوڵەکان بۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ململانێی ئەو گرووپە لە نموونە کۆمەڵایەتییە بەردەوامەکان دەبنەوە کە زۆر جاران لەلایەن ئەو تاکانەوە کە قازانج لەم نموونانە دەکەن، بەرگریان لێ دەکرێت.

کاتێك کە کۆمەڵناسان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی تاوتوێ دەکەن زۆر جار لە کاریگەریی تاکی تێدەپەڕێنن. گۆڕانکاری لە هەر ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات و بەردەوام و حەتمییە. گۆڕانکاریی گرووپە ڕێکخراوەکان و دژایەتی کۆمەڵایەتی دەکەوێتەوە و زۆر جار لەگەڵ پرۆسە کۆمەڵایەتییە گشتییەکاندا کە لەڕاستیدا هیچ کەس دەسەڵاتی بەسەریاندا نییە، دیاری دەکرێت.

کۆششی کۆمەڵناسان بۆ وەسفکردنی ڕۆڵی تاك لە کۆمەڵگەی لە دۆخی گۆڕاندا لەوانەیە بۆ زۆرێك لە تاکەکان جێی ڕەزامەندی نەبێت، بەڵام ئەوان واقیع بینن و بۆ تێگەیشتنی خۆمان وەك بوونەوەرانێکی کۆمەڵایەتی سوودمەندن.

# 10

# ئایا کۆمەڵناسی گرنگە؟

## پێویستیی دەرکی ڕەخنەگرانەی کۆمەڵگە

لە شیکردنەوەی کۆتاییدا، لەوانەیە ئەم قسەیە ڕاست بێت، کە نەزانی نیعمەتە. لەوانەیە ئەم قسەیە ڕاست بێت کە پێویستە تاکەکان بەو ئەفسانانەی کە لەوانەیە لە کارلێکیاندا لەگەڵ یەکتری بە ڕێکەوت فێریان ببن وازیان لێ بهێنرێت. ڕەنگە ڕاست بێت کە خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان کە بەهایەکی پراکتیکی ڕاستەوخۆی نییە، سوودی نییە.

## کۆمەڵناسی و خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان

من باوەڕم بە هیچ کام لە بۆچوونەکانی سەرەوە نییە بەڵام دەربارەیان زۆر بیر دەکەمەوە. لە ئاستی بەکارهێناندا ئاسانتر دەتوانرێت بەرگری لە بیرکاری، زمانە بیانییەکان، نووسین، وتن، دەروونناسی و ئابووری بکرێت. بەڵگە دەهێنرێتەوە کە "بۆ پێشکەوتن



لە ژیاندا قوتابیی زانکۆ پێویستی بە زانینی ئەوانە هەیە." بەڵام بەرگریکردن لە کۆمەڵناسی لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کردەیی زۆر ئاڵۆزترە ـ هەڵبەت مەگەر ئەوەی کە مەبەستی ئێمە لە بەکارهێنانی پراکتیکی، **بیرکردنەوە سەبارەت بە جیهان و دەرککردنی** بێت. ئەگەر خوێندنی زانکۆ لە کۆتاییدا هەوڵدانێك بێت بۆ هاندانی تاکەکان بۆ **بیرکردنەوە**، لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی وردی ژیانی ئەوان، لەو حاڵەتەدا کۆمەڵناسی یەکێکە لە گرنگترین بەشەکانی زانکۆ.

سەرنجی ئامانجەکەی بدەن: ناچارکردنی قوتابیانی زانکۆ بۆ خوێندنەوەی لایەنێك لە ژیان بە چەشنێکی ورد و سیستەماتیك کە زۆربەی خەڵك تەنیا بە ڕێکەوت و جار جار بیری لێدەکەنەوە. هاندانی تاکەکان بە دەرککردنی چیەتیی کولتوور و زانینی ئەوەی کە باوەڕەکانی ئەوان دەرەنجامی فەرهەنگیی ئەوانە. وروژاندنیان بە تێگەیشتن لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایك بوون کە مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە، کە ئەوان لەو کۆمەڵگەیەدا پلەبەندی کراون و کۆمەڵە ڕۆڵێکیان پێسپێرراوە و ئەوەی کە دواجار پێیان دەوترێت کێن، بیر لە چی بکەنەوە و چۆن ڕەفتار بکەن. هاندانی ئەوان بە تێگەیشتن لەوەی کە ئەو دامەزراوانەی کە ئەوان شوێنیان کەوتوون و زۆر جار قەبووڵیان دەکەن، تاقە شێوازی کارکردی کۆمەڵگە نین ـ بەڵکو هەمیشە شێوازگەلێکی تر هەن کە جێگەیان دەگرنەوە. تێگەیاندنی ئەوان لەم بابەتە کە ئەو کەسانەی کە بە نەخۆش یا خراپ یان خراپەکاریان دەزانن زۆر جار تەنیا لەبەر ئەوەیە کە جیاوازن لەوانی تر. هاندانیان بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ئەو کەسانەی کە ئەوان خۆشیان ناوێت یا لێیان بێزارن زۆر جار بەرهەمی بارودۆخێکی کۆمەڵایەتین کە پێویستە بە شێوەیەکی وردتر و بابەتیتر لێیان تێبگەین.

کورتەی قسان ئەوەیە کە، ئامانجی کۆمەڵناسی هاندانی تاکەکانە بۆ خوێندنەوەی بابەتیانەی ژیان و کۆمەڵگەکەی خۆیان. ئەم پرۆسەیە ئاسان نییە و هەندێ جاریش ناخۆشە. من کاتێك وانەی تیۆروانینەکانی کۆمەڵناسی دەڵێمەوە، لە خۆم دەپرسم، "بۆچی نابێت ئەو قوتابیانە واز لێ بهێنم؟" و راشکاوانە بڵێم زۆر جار نازانم چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە. ئێمە لە کۆمەڵگەدا کۆمەڵایەتی دەبین. ئایا نابێت بە ئاسانی شتگەلێك قەبووڵ بکەین، کە بۆ باوەڕپێکردنیان بە کۆمەڵایەتی دەبین؟ ئایا ئەگەر خەڵك باوەڕ بە ئەفسانەکان بکەن بۆ کۆمەڵگە باشتر نییە؟ ئایا بۆ خۆشبەختیی خەڵك باشتر نییە بهێڵن ئەوانە بمێننەوە؟

من زۆر جار دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی کە زۆرێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکان خوێندنی زانکۆییە: واتە "زانستە مرۆڤایەتییەکان". بە بۆچوونی من، زانستە مرۆڤایەتییەکان پێویستە "رزگاریدەر" بن. خوێندنی زانکۆیی دەبێ رزگاریدەر بێت؛ پێویستە یارمەتیی تاك بدات بۆ ئەوەی لە رێگەی ناسینی زیندانێکەوە کە تێیدا بەند کراوە، خۆی لە بەند رزگار بکات. ئێمە دەبێت ئەدەبیات بخوێنین، لە هونەر تێبگەین و زیندەوەرناسی و کۆمەڵناسی بخوێنینەوە تاوەکو لەو شتەی کە پاساوهێنەرانی کۆمەڵگەی ئێستا دەیانەوێت ئێمە بیانزانین رزگارمان بێت و، بگەینە ئاستێك کە بتوانین واقیع بە شێوەیەکی وردتر و بابەتیانەتر تێبینی بکەین. لە کۆتاییدا، کۆمەڵناسی ئەگەری هەیە خاوەنی زۆرترین توانای هێزەکی بێت بۆ رزگاری و ئازادی لە دنیای زانستدا: لە باشترین حاڵەتدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاکەکان لەگەڵ بیرکردنەوەکان، کردارەکان و بوونیاندا رووبەڕوو ببنەوە. کاتێك کە ئێمە کۆمەڵناسی دەهێنینە نێو ژیانی خۆمانەوە، دەگۆڕێین. ژیان بە وردەکارییەوە تاوتوێ دەکرێت. راستی زۆر ئەزموونیتر و کاتیتر دەبێت.



# کۆمەڵناسی و دیموکراسی

## واتای دیموکراسی

ئازادی، هەر بەو جۆرەی کە رەنگە بیزانین، پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە. ئەگەرچی دیموکراسی بە ئاشکرا ئایدیالێکە کە ئەمریکییەکان بۆ خۆیان بانگەشەی دەکەن، زۆر جار بە روونی پێناسە نەکراوە یان بە قووڵی تاوتوێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە.

لەو حاڵەتەدا کۆمەڵناسی، دیموکراسی تاوتوێ دەکات و کۆمەڵە پرسیارێك کە کەمتر بە داوداچوونی لەسەر کراوە سەبارەت بە ئیمکانی دیموکراسی لەم کۆمەڵگەیەدا ـ یا هەر کۆمەڵگەیەکی تر ـ دەخاتە روو. بۆ زۆرێك لە خەڵکان دیموکراسی تەنیا واتای "حکوومەتی زۆرینە" دەگەیەنێت و ئێمە زۆر جار بە شێوەیەکی رووکەش بانگەشەی ئەوە دەکەین کە ئەگەر خەڵك بڕۆنە بەردەم سندووقەکانی دەنگدان، دیموکراسی دەچەسپێ و لەڕاستیدا زۆرینە حوکم دەکات: بەڵام دیموکراسی تەنیا حکوومەتی زۆرینە نییە و حکوومەتی زۆرینەش تەنیا واتای بوونی سندووقەکانی دەنگدان نییە.

بەدەستهێنانی دیموکراسی زۆر قورسە. هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێت بە تەواوەتی دیموکراسی بێت؛ لە ڕاستیدا، ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵگەکان پێشکەوتنێکی زۆر بە ئاراستەی دیموکراسی بە خۆوە دەبینن. ئەلێکسی دو تۆکڤێل، گەورە بیرمەندی کۆمەڵایەتی فەڕەنسی، کە کتێبی **دیموکراسی لە ئەمریکا** (1840)ی نووسی، پاش ئەوەی لە ساڵی 1831 بە زۆربەی ناوچەکانی ئەمریکادا گەڕا، باوەڕی بەوە هێنا کە لێرەدا دیموکراسیەت بوونی هەیە، دیموکراسییەك کە ئەگەری هەیە توانای پێشکەوتنێکی زیاتری لە داهاتوودا هەبێت. تۆکڤێل ئاماژەی بە زۆرێك لە کەموکوڕیەکانی ئێمە کرد ـ لە هەمووی گرنگتر، بوونی کۆیلایەتی ـ بەڵام ئەو باوەڕی وا بوو کە لەوانەیە ئێمە ئایندەیەکی دیموکراسیترمان لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر لە

جیهاندا هەبێت. ئەوەی تۆکڤێل ئەنجامی دا خوێندنەوەی چیەتیی کۆمەڵگەی ئێمە بوو ـ ستراکچەر، کەلچەر و دامەزراوەکانی ئێمە ـ و ئەوکات پەنجەی بۆ ئەو تایبەتمەندییانە درێژ کرد کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هاندەری پەرەسەندنی دیموکراسین. بۆ نموونە ئەو ئارەزووی ئێمە بۆ پەیوەندیکردن بە ئەنجومەنە خۆبەخشەکان کە کاریگەری لەسەر حکوومەت دادەنێن، پەیوەندییە بەهێزەکانی ناوخۆیی و ئەو پێویستییە کەمەی کە ئێمە بە حکوومەتی ناوەندی هەمانبوو، دەستنیشانی کرد. ئەگەرچی لەو کاتەوە کە تۆکڤێل کتێبەکەی خۆی نووسی تا ئەمڕۆ گۆڕانکارییەکی زۆر روویان داوە، بەڵام بایەخی بەردەوامی کارەکەی ئەو ئەوە بوو کە وەبیری ئێمەی هێنایەوە کە بە دەستهێنانی دیموکراسی زۆر ئاڵۆزە، کە بارودۆخێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی ئیمکانی چەسپاندنی دەڕەخسێنێت و نموونەگەلێکی دیاریکراو یارمەتیی بەردەوامبوونی دەدەن. ئەو هەروەها نووسی کە لە دەستدانیشی زۆر ئاسانە.

پێناسەی دیموکراسی ئاڵۆزە. کاتێك کە من هەوڵ دەدەم پێناسەی بکەم، زۆر جار رووبەرووی بە پێڕست کردنی چوار تایبەتمەندی دەبمەوە. ئەم تایبەتمەندیانە وەسفی هەموو کۆمەڵگە دەکەن، نەك تەنیا حکوومەت لەو کۆمەڵگەیەدا. هەرچەندە کە هەمووان بەم تایبەتمەندییە سەرەکییانەی دیموکراسی رازی نین، بەڵام من وا بیر دەکەمەوە کە بۆ دەستپێکردنی پێناسەی دیموکراسی گونجاون:

1ـ **کۆمەڵگەی دیموکراتیك کۆمەڵگەیەکە کە تاك تێیدا هەم لە بیرکردنەوە و هەم لە کردەوەدا ئازادە.** خەڵك کۆنترۆڵیان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەیە. بە رادەیەك کە کۆمەڵگەیەك کە هانی ئازادی دەدات دەتوانن ئەو کۆمەڵگەیە ناوی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی لێ بنێین.

2ـ **کۆمەڵگەی دیموکراتیك کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا حکوومەت بە شێوەیەکی کاریگەر سنووردارە.** ئەوانەی کە حکوومەت بەڕێوە



دەبەن هەر کارێکیان بوێت ئەنجامی نادەن. دەنگدان، یاسا، رێکخراوەکانی خەڵك و دەستوور دەسەڵاتی ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار دەکەن. بەو رادەیەی کە حکوومەت بە کردەیی سنووردار بێت، ئێمە ئەو کۆمەڵگەیە بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی پێناسە دەکەین.

3ـ **کۆمەڵگەی دیموکراتیك کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا جیاوازیی مرۆڤەکان رێزی لێدەگیرێت و پشتیوانی لێدەکرێت.** رێککەوتنێکی گشتی لە ئارادایە کە جگە لەوەی کە زۆرینە داوای چی دەکات، کۆمەڵێك مافی دیاریکراو بۆ تاك و بۆ ئەو کەمینانەی کە جیاوازن لە زۆرینە دەپارێزرێت، فرەڕەنگی رێزی لێ دەگیرێت و تەنانەت هانیش دەدرێت. بەو رادەیەی کە فرەڕەنگی و تاکێتی لە کۆمەڵگەیەکدا رێزی لێ بگیرێت و پشتیوانی لێبکرێت ئێمە بە دیموکراسی پێناسەی دەکەین.

4 ـ **کۆمەڵگەی دیموکراتیك کۆمەڵگەیەکە کە تێیدا هەموو خەڵك بۆ ژیانێکی ئابڕومەندانە دەرفەتێکی یەکسانیان هەیە،** واتە ئیمتیازات بۆماوەیی نییە، خەڵك لە بەرامبەر یاسادا، لە بواری دەرفەتەکانی خوێندن، لە رەخسانی دەرفەتی مادی و لە هەر شتێکدا کە لە کۆمەڵگەدا بە گرنگ دەزانرێت بە چاوی یەکسان سەیر دەکرێت. بەو رادەیەی کە یەکسانیی راستەقینەی دەرفەتەکان بوونی هەیە، ئێمە ئەو کۆمەڵگەیە بە دیموکراسی پێناسە دەکەین.

ئەم چوار تایبەتمەندییە کە پێناسەی دیموکراسی پێکدەهێنن دەبێ کۆمەڵێك وەسفی تاقیکاری و کاتی بن و، خەڵك پێویستە سەبارەت بە گرنگیی رێژەیی ئەوان گفتوگۆ بکەن. هەندێك کەس کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیکە بە گرنگتر دەزانن و هەندێکی تر تەنیا یەك دوانێکیان بە زەرووری لە قەڵەم دەدەن. من تەنیا هەوڵ دەدەم باسی چوار تایبەتمەندی بکەم کە ئەم تایبەتمەندییانە بۆ من واتادارن و لە

خەملاندنی مندا بۆ ئەوەی کە ئایا ویلایەتە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەکانی تر دیموکراسین یان نا ڕێنوێنیکەری من بوون.

بەمپێیە، ئەگەر ئەم تایبەتمەندیانە پیشاندەری واقیعیی واتای دیموکراسین، ئێستا دەبێت روون بووبێتەوە کە پرسیارەکان و هزرەکانی سەرلەبەری ئەم کتێبە ـ کە بۆ دیدگای کۆمەڵناسی بنەڕەتین ـ هەم لەگەڵ کۆمەڵگەی دیموکراتیك و هەم لەگەڵ هەوڵدان لە پێناو بەدەستهێنانیدا پەیوەندیان هەیە. لەو شوێنەوە کە کۆمەڵناسی دەپەرژێتە سەر ڕێکخراوی کۆمەلایەتی، ستراکچەر، کەلچەر، دامەزراوەکان، ڕێکخستنی کۆمەلایەتی، چینی کۆمەلایەتی، هێزی کۆمەلایەتی، ململانێی کۆمەلایەتی، بە کۆمەلایەتی کردن، گۆڕانکاریی کۆمەلایەتی، **کۆمەڵناسی پێویستە بەردەوام کۆمەڵە بابەتێك کە پەیوەندییان بە دەرکی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە هەیە لێکۆڵینەوە و تاوتوێ بکات.** لەمەش گرنگتر، لەو شوێنەوە کە **کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی رەخنەگرانە دەست دەداتە تاوتوێکردنی خەڵك و کۆمەڵگە، هاندەری جۆرە بیرکردنەوەیەکە کە بۆ خەڵکانێك کە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا دەژین و بۆ وەها کۆمەڵگەیەك تێدەکۆشن، زەروورییە.** ئەگەر جارێکی تر سەیری پرسیارەکان و ئەو بیرە بکەین کە لەم کتێبەدا خراوەتە روو، بابەتی دیموکراسی بە جۆرێکی گرنگ خۆی دەنوێنێت، بە دروستی دەتوانرێت بەڵگە بهێنرێتەوە کە **خوێندنەوەی کۆمەڵناسی خوێندنەوەی کێشە پەیوەندیدارەکانە لەگەڵ دەرکی کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا.**

### کۆمەڵناسی: تێڕوانینی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی دیموکراسی

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە چۆن کۆمەڵناسان لەگەڵ ئەو دە پرسیارەدا کە بۆ خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان جێی بایەخن، رووبەڕوو دەبنەوە. کۆمەڵناسی، بە هەوڵدان بۆ وەلامدانەوەی ئەم



پرسیارانە نەك تەنیا مرۆڤ لە کۆمەڵگە، بەڵکو هەروەها خوێندنەوە بۆ چیەتیی و ئیمکاناتی دیموکراسیش دەکات.

بەشی 2 تاوتوێی چیەتیی مرۆڤ و رۆڵی بە کۆمەلایەتی بوون و کولتووری لە پێکهێنانی مرۆڤەکاندا کرد. خستنە رووی پرسیارگەلێك سەبارەت بە چیەتیی مرۆڤ هاوکات واتای کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك دەگەیەنێت: کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێك تایبەتمەندی بونیاد نراوە کە زۆر جار لە کۆمەڵگەدا بەردەوام نین: واتە ڕێزگرتن لە جیاوازییە تاکەکەسیەکان، دانووستان و نیگەرانی بەرامبەر بە نایەکسانی و نەبوونی ئازادی. تێڕوانینی کۆمەڵناسی بۆ مرۆڤ گریمانە بۆ هیچ جۆرە تایبەتمەندییەکی جێگیر دانانێت، بەڵکو مەیلێکی بەهێزی بۆ بینینی مرۆڤەکان لە چوارچێوەی بارودۆخی کۆمەلایەتیدا هەیە کە ئەم بارودۆخانە هۆکاری پێکهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەوان دەبن. کۆمەڵگە مەیلی بۆ بەرهەمهێنانی جۆرە دیاریکراوەکان لە تاکەکان و بارودۆخێکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی هەیە کە بەها یان بەهایەکی تر، کۆمەڵێك بنەمای ئەخلاقی یان کۆمەڵێکی تر، شێوازێکی ئەنجامی کار یان شێوازێکی تر هان دەدەن. یەکدەنگی، دەسەلات بەسەر مرۆڤ، زوڵم و زۆر و بەدواداچوونی بەرژەوەندییە بە تەواوەتی خۆپەرستییەکان دەتوانرێت هان بدرێن، بەلام بە هەمان شێوەش دەتوانرێت پشتیوانی لە ئازادی، ڕێزگرتن لە مافی خەڵك، حکوومەتی سنووردار و، یەکسانی بکرێت. **ئیمکانات و سنووردارییەکانی مرۆڤێك کە دەتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراسی بژیت بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵناسی پێکدەهێنێت کە لە ڕێگەی پرسیارەکانی کۆمەڵناسییەوە سەبارەت بە کولتوور، بە کۆمەلایەتی بوون و سروشتی مرۆڤەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت.**

ئەو کەسانەی کە دەربارەی کۆمەڵگە بیر دەکەنەوە پێویستە بە شێوەیەکی حەتمی کێشەی سەرەکیی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی لەبەرچاو

بگرن: تاچ رادەیەك دەتوانین رێگە بە ئازادی و تاكێتی بدەین و بەردەوام پارێزگاری لە كۆمەڵگە بكەین (بەشەكانی 3 و 6)؟ كەسانێك كە لایەنگری ئازادیی زیاترن هەندێ جار لە خۆیان دەپرسن كە بەڕاستی چۆن ئازادیی واتادار لە كۆمەڵگەیەكدا دەتوانێت بوونی هەبێت؟ مادام كۆمەڵگە بوونی هەیە، تا چ رادەیەك دەتوانین هانی ئازادی بدەین بێ ئەوەی رێكخستنی كۆمەڵگە لە ناو بەرین؟ ئایا سنووردارییەكان بوونیان هەیە؟ ئەگەر وەهایە، چۆن دەتوانین بیاندۆزینەوە؟ ئەگەر كۆمەڵگەی دیموكراسی لە ئارادایە، بەهای هەبوونی وەها كۆمەڵگەیەك چییە؟ ئەوانەی، كە لە بێسەروبەری و رووخانی كۆمەڵگە دەترسن لەوانەیە پرسیار بكەن: تاچ رادەیەك تاك قەرزاری كۆمەڵگەیە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە زۆر ئاڵۆزە، بەڵام ئەوانە لە بەشی كۆمەڵناسیدا تاوتوێ دەكرێن و قوتابیی زانكۆی عەوداڵ بە دوای هاوسەنگییەكی ناسكی نێوان رێكخستن و ئازادیدا هان دەدەن. زۆربەی تاكەكان ئامادەیی ئەوەیان تێدایە كە بە ناوی رێكخستنەوە مامەڵەی ئازادی بكەن؛ زۆرێك لە تاكەكان داوای ئازادییەكی زۆر دەكەن بە جۆرێك وا دێتە بەرچاو كە بایەخێكی ئەوتۆ بە بوونی كۆمەڵگە نادەن. كۆمەڵناس تاوتوێی ئەم كێشەیەش دەكات و دەبێتە هۆی ئەوەی كە قوتابیی زانكۆ بەردەوام سەبارەت بەم گرفتە كە بە شێوەیەكی سروشتی لە هەموو كۆمەڵگەكاندا بوونی هەیە، بەتایبەت لەو كۆمەڵگانەی كە بانگەشەی ئەوە دەكەن بەشێكن لە نەریتی دیموكراتیك، بیر بكاتەوە. ئەمیل دۆركهایم ئاگادارمان دەكاتەوە كە ئازادی بەبێ كۆمەڵگە ناتوانێت بوونی هەبێت، چونكە پێویستە رێككەوتنێكی سەرەكی دەربارەی یاساكان لە پێشەوەی پیادەكردنی ئازادیدا بێت. **بەڵام كێشە ئەمەیە: چەند لە یاساكان؟ چ رادە ئازادی؟ هیچ پرسیارێك سەرەكیتر لەمە بۆ ئەو كەسانەی كە لایەنگری دیموكراسین بوونی نییە و هیچ پرسیارێك بۆ بەشی كۆمەڵناسی لەمە گرنگتر نییە.**



پرسیار دەربارەی رێكخستنی كۆمەڵایەتی، هەروەها ئێمە بەرەو پرسیارگەلێك سەبارەت بەوەی كە چ شتگەلێك نەتەوەیەك و كۆمەڵگەیەك پێكدەهێنێ رێنوێنی دەكات. (بەشی 3). لەوانەیە لە سەرەتاوە وا بزانرێت كە ئەم پرسانە پەیوەندییەكی وەهایان بە دیموكراسییەوە نییە، بەڵام بە دڵنیاییەوە پەیوەندییان هەیە. بۆ كەسانێك كە بانگەشەی دیموكراسی دەكەن ئاسانە كە لایەنگری حكوومەتی زۆرینە بن. بەڵام بۆ هەر نەتەوەیەك زۆر ئەستەمترە دامەزراوەگەلێك دابمەزرێنێت كە رێز لە مافی هەموو كۆمەڵگەكان لە ناو سنوورەكانیدا بگرێ. نەتەوە یەكەیەكی سیاسییە كە بەسەر یەك ـ یان چەند ـ كۆمەڵگەدا حوكم دەكات. ئەگەر دیموكراسی بێت، لەو حاڵەتەدا بە تەواوەتی بەسەر ئەم كۆمەڵگانەدا حكوومەت ناكات، بەڵكو وەڵامی پێداویستییەكان و مافەكانیان، لە نوێنەرایەتییەكی راستەقینەی سیاسییەوە تا ژیانێكی ئابڕوومەندانە، دەداتەوە. ئەگەر دیموكراسی بێت، پرسیارێك كە رووبەڕووی نەتەوە دەبێتەوە ئەوە نییە كە "چۆن دەتوانین شێوە بەو كۆمەڵگە ببەخشین كە وەك كۆمەڵگەیەكی دەسەڵاتدار بێت؟"، بەڵكو ئەوەیە كە "چۆن دەتوانین رێكخستنێك بەدیبهێنین كە تێیدا كۆمەڵێك كۆمەڵگەی جۆراوجۆر بتوانن بوونیان هەبێت؟" ئەگەر دیموكراسی بێت، لەو حاڵەتەدا نەتەوە لەسەریەتی پێداویستییەكانی هەر یەكە لەم كۆمەڵگانە بۆ سەربەخۆیی لەگەڵ پاراستنی رێكخستنی كۆمەڵایەتیدا هاوسەنگ بكات.

**هەموو واتای بە كۆمەڵگە بوون و هەروەها كێشە پەیوەندیدارەكان بە رێكخستن و سەربەخۆیی، جێی گرنگیدانی سەرەكیی كۆمەڵناسی ـ و دیموكراتی ـ ن.**

ئەوە كێشەی دەسەڵاتی هێزە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر مرۆڤە كە كۆمەڵناسی راستوخۆ دەباتە نێو چوارچێوەی گرنگیدانەكانی

دیموکراسییەوە. کۆمەڵناسی تا رادەیەکی زۆر گومان لە ئیمکانی ئازادی بونیادی دەکات. دیموکراسی فێرمان دەکات کە مرۆڤەکان دەبێت و دەتوانن بۆ خۆیان بیر بکەنەوە. بەڵام تا رادەیەکی زۆر ئامانجی کۆمەڵناسی ئەوەیە پیشانی ئێمە بدات کە ئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیە بیرکردنەوەی ئێمە پێکدەهێنێت، هەرچەندە لەوانەیە ئێمە بانگەشەی ئەوەش بکەین کە هزر و بیروباوەڕمان هی خۆمانە، لەڕاستیدا ئەوانە ـ هزر و بیروباوەڕ ـ لە ئەنجامی کولتوورەکانی ئێمە، لەو شوێنگەیەی کە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەمانە و، لە تاکە دەسەڵاتدارەکان و دەوڵەمەندەکانەوە سەرهەڵدەدەن (بەشی 5). تەنانەت بانگەشەی ئەوەی کە "ئێمە دیموکراسییەتێکین!" دەکرێ تەنیا بەشێك لە ئایدۆلۆژیایەك بێت. زێدەڕۆییەك کە ئێمە پێی قایلین، چونکە ئێمە قوربانیی هێزە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانین. کردارەکانی ئێمەش، دەرەنجامی ژمارەیەکی زۆر هێزە کۆمەڵایەتییەکانن کە هەندێکمان تێیاندەگەین یان دەرکیان پێدەکەین: واتە دامەزراوەکان، دەرفەتەکان، چین، رۆڵەکان، کۆنترۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ـ ئەگەر بمانەوێ تەنیا ناوی هەندێکیان بهێنین ـ کە بە ئارامی کار لە تاك دەکەن و، بەرەو ئاراستەگەلێك رێنوێنی دەکەن کە ئازادانە هەڵنەبژێرراون (بەشی 6). وا دەردەکەوێت کە کۆمەڵناسی دیموکراسی بە خەونێکی تا رادەیەك نامومکین دەزانێت و، تارادەیەك هەرچی زیاتر شارەزای کۆمەڵناسی بین، دیموکراسی بە ئاڵۆزتر دێتە پێش چاو. **لەڕاستیدا، کۆمەڵناسی زۆر جار شێوزاگەلێکی زۆر ئاشکرا دەکات کە بۆ شێوە بەخشین و دەسەڵات بەسەر مرۆڤەکاندا بەدی هاتوون. ئەمە، خۆی لە خۆیدا، کۆمەڵناسی بۆ دەرککردنی سنوورەکانی دیموکراسی لەبار دەکات و بە شێوەیەکی جددی هانمان دەدات بۆ بیرکردنەوەی ئەوەی کە ئایا مرۆڤەکان ئەسڵەن دەتوانن ئازاد بن؟**



بەمپێیە، هەر بەو جۆرەی کە پێشتر لەم بەشەدا وتم، **کۆمەڵناسی وەك بەشێك لە خوێندنە ئازادیخوازەکان هەوڵێکە بۆ ئازادیی تاك لە زۆرێك لە دەسەڵاتەکان.** یەکەمین قۆناغ لە ئازادیدا دەرککردنە: لەڕاستیدا، بیرکردنەوە بۆ خود یا هەڵسوکەوت کردن بە گوێرەی هەڵبژاردنی ئازادانە نامومکینە، مەگەر ئەوەی کە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی کۆنترۆڵکردنی خۆمان تێبگەین (بەشەکانی 5 و 6). بۆ نموونە من تەنیا کاتێك دەتوانم بەو شێوەی کە خۆم حەزم لێیە هەڵسوکەوت بکەم کە بزانم بیرکردنەوەکانی من سەبارەت بە واتای "پیاو" بوون لە ناو پرۆسەیەکی ورد و حیساب بۆ کراو لە سەرتاسەری کۆمەڵگەدا پێکهاتوون. تەنیا کاتێك دەتوانم بە ئاگا بێمەوە و ژیانی خۆم بەڕێوە ببەم کە بگەمە ئەو راستییەی بڵاوکراوەکان چ کاریگەرییەکی بەهێزیان لە دروستکردنی سەلیقە تاکەکەسییەکانی من و هەروەها بەها کەسییەکانی مندا هەبووە. تەنانەت لەو حاڵەشدا، پرسیارێکی کۆمەڵناسییانەی گرنگ بەردەوام تاکی بیرمەند ئازار دەدات: ئایا ئەگەر خەڵك بەڕاستی ئازاد بن کۆمەڵگە دەتوانێت بوونی هەبێت؟ ئەگەر خەڵك گومان لەهەموو شتێك بکەن، ئایا دیسان یەکگرتنی پێویست بۆ رێکخستن دەتوانێت بوونی هەبێت؟

خوێندنەوەی نایەکسانیی کۆمەڵایەتی ـ کە بە ئەگەری زۆر جێی گرنگیدانی سەرەکیی کۆمەڵناسییە ـ هەڵبەت کێشەیەکە کە بۆ دەرککردنی ئەگەری بوونی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك بایەخێکی زۆری هەیە (بەشی 4). وا دیارە سروشتی کۆمەڵگە بە جۆرێکە کە دەبێت نایەکسان بێت. ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکان نایەکسانی بەدیدەهێنن و بەردەوامی پێدەبەخشن. لەڕاستیدا، تەنانەت لە گرووپەکانی ئێمە و لە رێکخراوە رەسمییەکانی ئێمەدا نایەکسانییەکی فراوان بڵاو بۆتەوە. بۆچی؟ بۆچی نایەکسانی روودەدات؟ و دەرکەوتەکانی بۆ دیموکراسی چییە؟ ئەگەر

کۆمەڵگە بە هۆی نایەکسانییە زۆرەکانی سەروەت و دەسەڵاتەوە دیاری بکرێت، ئەدی چۆن دەکرێت بیری ئازاد و کرداری ئازاد لەنێو خەڵکدا ڕەواجی هەبێت؟ ئەگەر کۆمەڵگەیەك ـ کە بە ناو دیموکراسییە ـ گرووپێکی بژاردەی بچووکی تێدایە کە بەسەر بڕیاردانەکاندا زاڵە، کەواتە دەنگدان لە هەڵبژاردندا چ تەوفیرێك دەکات؟ ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك لەبەر هۆکاری هەژاری ناچارن هەموو وزەکانی خۆیان سەرف بکەن تاوەکو بە زەحمەت بەردەوامی بە ژیانیان ببەخشن، ئەی ئازادی ئەوان لە کوێیە؟ دەرفەتی کاریگەری دانانی ئەوان لەسەر ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و، مافی ئەوان بۆ چاککردنەوەی ژیانیان چ واتایەکی هەیە؟ ئەگەر کۆمەڵگە لە ڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە دەناسرێت کە مەیلی ڕەگەزپەرستی و جیاکاریی ڕەگەزیان هەیە، ئەی کەواتە لەو حاڵەتەدا دیموکراسی بۆ ئەو کەسانەی کە قوربانیانی ئەم دامەزراوانەن چۆن مومکین دەبێت؟ **کۆمەڵناسی، زیاتر لەهەر دیدگایەکی تر، ئێمە لە کۆمەڵێك کێشە کە لەسەر ڕێگای کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدان ئاگادر دەکاتەوە. گرنگترینی ئەم کێشانە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییە.**

ئەم گرنگیدانە بە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی زۆرێك لە تاکەکان هان دەدات کە بۆ دەرککردنی دیموکراسی سەیری ئەودیوی بواری سیاسی بکەن. کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك نەك تەنیا پێویستی بە حکوومەتێکی سنووردار هەیە، بەڵکو هەروەها پێویستی بە سوپایەکی سنوردار، چینی باڵای سنووردار، کۆمپانیا گەورە سنووردارەکان و، گرووپە بەرژەوەندیخوازە سنووردارەکانیش هەیە. حکوومەتی سنووردار لەوانەیە ئازادی بۆ تاك بەدیبهێنێت بەڵام هەروەها لەوانەشە دەسەڵاتێکی ناسنووردارتر بۆ بژاردە (نخبە) ئابوورییەکان لە کۆمەڵگەدا بڕەخسێنێت کە زۆر جار تەنانەت واتای پیادەکردنی دیکتاتۆریەتێکی بێبەزەییانەتر لەسەر ئازادیی تاکەکەسی



وەردەگرێت. **لەوێوە کە بابەتی توێژینەوەی کۆمەڵناسی، کۆمەڵگەیە، وابەستەییەکانی ئێمە پەرە پێدەدات و خوێندنەوە بۆ بارودۆخی تاك دەکات نەك تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە سیاسەکاندا، بەڵکو هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك سەرچاوەی تری دەسەڵاتدا کە دەتوانن دیموکراسیی ڕاستەقینە سنووردار بکەن و سنووردارێشی دەکەن و زۆربەی هزر و کردارەکانی ئێمە کۆنترۆڵ دەکەن.**

ڕۆحیەی دیموکراتیك گرنگی بە خۆشگوزەرانیی هەموو خەڵك دەدات. ڕێز لە ژیان دەگرێت، بایەخ بۆ مافی تاکەکەسی دادەنێت، چۆنیەتیی ئاستی ژیان بەرز دەکاتەوە و، خوازیاری دادپەروەری بۆ هەمووانە. کۆمەڵناسی توێژینەوە لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. کۆمەڵێك پرسی زۆر تاوتوێ دەکات، بەڵام ئێمە لەم کتێبەدا تەرکیزی خۆمان لەسەر کۆمەڵێك کێشە چڕ دەکەینەوە کە پەیوەندییان بە چارەڕەشیی مرۆڤەکانەوە هەیە (بەشی 8). زۆرێك لە خەڵکی لە چارەڕەشیدا دەژین کە لەگەڵ هەژاری و تاوان، پیشە نزمەکان، بەکارهێنان، نەبوونی بەهای خود، پەستانی دەروونی، دامەزراوە سەرکوتکەرەکان، ململانێیەکان و دوژمنایەتییە توندتیژەکان، بەکۆمەڵایەتی بوونی ناتەواو و جۆرە فرەڕەنگەکانی نامۆبووندا بەدیار دەکەوێت. ئەمانە کێشەیەك نین کە لە ئەنجامی بایەلۆژیای مرۆیی یان جەنەتیکی مرۆییەوە سەریان هەڵدابێت؛ یان لە ئەنجامی هەڵبژاردنە ئازادەکانی بکەرە تاکەکانەوە ڕوو بدەن. دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر جار هۆکاری بوونی چارەڕەشییە. **ئەگەرچی بۆ کۆمەڵناسی ـ یا کۆمەڵگەی دیموکراسی ـ نامومکینە کە جیهان لەم جۆرە کێشانە ڕزگار بکات بەڵام ئەمە بەشێك لە گیانی هەردووکیان، واتە کۆمەڵناسی و کۆمەڵگەی دیموکراسییە، کە لەم کێشانە تێبگەن و، شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیاندا بخەنە ڕوو و جێبەجێیان بکەن.**

ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بەردەوام لە چارەڕەشیدا ژیان بەسەر ببەن، دیموکراسی رووکەش و بێگیان دەبێت.

نەتەوەسەنتەری (بەشی 7) چ پەیوەندییەکی لەگەڵ دیموکراسیدا هەیە؟ ئایا ئەم وابەستەییە بنەڕەتییە لە کۆمەڵناسیدا پەیوەندی بە تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی دیموکراتیك و ژیان لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیکدا هەیە؟ ئێمە ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ کێشەی رێزگرتن لە کەمینەکان، کە پێشتر باسمان کرد. ئەگەرچی، نەتەوەسەنتەری، لەوانەیە حەتمی و تەنانەت تا رادەیەکیش زەرووری بێت، (بەڵام) شێوازێك لە تێڕامانە بۆ کولتووری خود و ئەوانی تر بە جۆرێك کە دژایەتی لەگەڵ بنەمایەکی سەرەکیی دیموکراسیدا، واتە رێزگرتن لە فرەڕەنگی و تاکیەتی مرۆییدا دەکات. بانگەشەی ئەوەی کە کولتووری ئێمە باڵاترە لە کولتوورەکانی تر، رێزنەگرتن لە کولتوورەکانی دیکە، رەتکردنەوەی ئەوان ئەو شتەی کە هەن، قایل بوونە بەو بیروباوەڕەی کە هەمووان دەبێت وەك ئێمە بن. ئەم جۆرە بیرانە هانی دژایەتی و دوژمنایەتیی توندوتیژ و جەنگ دەدەن و پاساو بۆ جیاکاری، جیاکاریی نەژادی و، بەکارهێنان دەهێننەوە. کۆمەڵناسی هۆشیارمان دەکاتەوە کە ئاگامان لە نەتەوەسەنتەری بێت. تێگەیشتنی نەتەوەسەنتەری هانی ئێمە دەدات بۆ ئەوەی کە ئەم پرسیارە بخەینە روو: "چ کاتێك دادوەرییەکانی من سەبارەت بە ئەوانی تر بە تەواوەتی کولتوورین و چ کاتێك لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پێوەر کە توانای بەرگری لێکردنی زیاتریان هەیە (وەك پێودانگە دیموکراتیکەکان) راوەستاون؟"

"چ وەختێك من لە داوەرییەکانمدا تەسکبین و ناشەکیبام و؛ چ کاتێك وردتر و پێوانەکە وردەکارتر؟" تەنانەت لەم حاڵەتەشدا، بەبێ دوودڵییەکی جددی لە دادوەرییەکانماندا، هاودەنگیمان بۆ نەتەوەسەنتەری ناهێڵێت دەربارەی خەڵکانێك کە لەگەڵ ئێمەدا جیاوازن بە دروستی بڕیار بدەین. **کۆمەڵناسی و دیموکراسی دوو دیدگان کە هانی ئێمە دەدەن دەرك بە**



**جیاوازییە مرۆییەکان بکەین و لە ئیدانەکردنی ئەو جیاوازیانەدا بە وریاییەوە مامەڵە بکەین.**

لە بەشی 9دا تاوتوێی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی تاکمان کرد. ئەم باسەش زۆرێك لە "راستییەکان" روون و ئاشکرا و دانپێدانراوەکانی ئێمە دەربارەی دیموکراسی بۆ رووبەڕووبوونەوە بانگهێشت دەکات. کۆمەڵناس باوەڕێکی وای نییە کە تاك هۆکاری گۆڕانکارییە. دیموکراسی بەو مانایەی کە تاك لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگەدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە، لەڕاستیدا وەهمێك زیاتر نییە. بەڵام ئەگەر کۆمەڵناسی شتێکمان سەبارەت بە گۆڕانکاری فێر بکات کە پەیوەندی بە دیموکراسییەوە هەبێت، هەر فێرکردنی ئەو خاڵەیە کە گۆڕانکاری بە ئەنقەست و ئیرادی تەنیا لە رێگەی پێگەیەکی دەسەڵاتەوە ئەگەری روودانی هەیە. ئەگەر بڕیارە دیموکراسی شتێکی زیاتر لەو وەسفە بێت کە لە کتێبەکەدا کرابێت، ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگەدا خوازیاری گۆڕانکارین ـ بە چەشنێکی ئایدیالی، لەپێناو ئازادیی زیاتر، حکوومەتی سنووردار، یەکسانیی دەرفەت و، رێزگرتن لە مافی تاکەکەسی ـ پێویستە پێکەوە و لە یەك پێگەوە کار بکەن و باش بزانن کە دامەزراوە سیاسییەکانی ئێستا زۆر ئاسایی دژ بە ئەوان رێکخراون. پێش ئەوەی بە دڵنیاییەوە دەست بە خەباتەکەمان بکەین، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت کە دڵنیا بوونەکەی ئێمەش بە ئەگەری زۆر بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە و بە هەوڵدانەکانمان لەوانەیە گۆڕانکارییەك بەدی بهێنین کە هەرگیز خواستی ئێمە نەبووە و لەوانەشە تەنانەت ئەو دیموکراسییەتەش کە ئێستا هەمانە لەدەستی بدەین. گۆڕنکاریی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزە، بە هێزی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوەتەوە و دروستکردنی بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێت ئەستەمە. **کۆمەڵناسی ئیمکانی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیی ئیرادی و بەئەنقەست لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا تاوتوێ دەکات و ئەو پاڵنەرەشی تێدایە کە ئەو بەربەستە زۆرانە لەناو ببات کە هەر کۆمەڵگەیەك لەبەردەم گۆڕانکاریی راستەقینەی کۆمەڵایەتیدا دروستی دەکات.**

## کورته و دەرەنجام

دیموکراسی لە ئاستە جۆراوجۆرەکاندا بوونی هەیە. بۆ هەندێك دیموکراسی بیرێکی ساویلکانە و رووکەشە. بەڵام بۆ ئەوانی تر هزرێکی ئاڵۆز و وروژێنەرە بۆ توێژینەوە و واقیعێك کە بایەخی بەدیهێنانی هەیە. بەمپێیە، ئەگەر بڕیارە دیموکراسی شتێکی زیاتر لە بیرێکی رووکەشانە بێت، لەو حاڵەتەدا پێویستە خەڵك لە سروشتی کۆمەڵگە، چیەتیی دەسەڵات، نەتەوەسەنتەری، نایەکسانی، گۆڕانکاری و هەموو ئەو چەمکانەی تر کە لە کۆمەڵناسیدا لێکۆڵینەوە و تاوتوێ دەکرێن تێبگەن. لە دۆخێکدا کە لەوانەیە بەشەکانی تر کێشە پەیوەندیدارەکان بە دەرکی دیموکراسییەوە بخەنە ژێر خوێندنەوە و هانی خەڵکی بدەن کە بە شێوەیەکی دیموکراسیانە بیر بکەنەوە، بەڵام بە تێگەیشتنێکی بنەڕەتییانە ئەم خوێندنەوەیە لەناو چەقی گرنگیدانەکانی کۆمەڵناسیدایە.

ئەم کتێبەمان بە بەشێك سەبارەت بە زانست دەست پێکرد: واتە توێژینەوە لەمەڕ جیهانی کۆمەڵایەتی. خاڵێکی بنچینەیی خرایە روو: ئەوەی کە گرنگە بەبێ دەمارگیری و لایەنگری لە کۆمەڵگە تێبگەین ـ واتە، تەنانەت سەبارەت بە شتێکی تا ئەو رادەیەش تاکەکەسی وەك کۆمەڵگە، مرۆڤەکان پێویستە تێبکۆشن کە واقیعبین بن، ئەو واقیعە کولتوورییەی کە فێری بوون بخەنە لاوە و جیهان بەو جۆرەی کە بە واقیعی هەیە دەرك بکەن. ئەم هەڵسەنگاندنە رەخنەییە لە بیروباوەڕەکانمان پەیوەندییەکی زۆری بە ئازادییەوە هەیە چونکە بەبێ ئەوە ئێمە دەمارگیریەکی کولتووریمان هەیە کە لەوانەیە بە زەحمەت هۆشیاریمان بەرامبەریشی هەبێت، شتێك کە کاریگەری لەسەر هەموو بیرکردنەوەکانی ئێمە دەبێت. دیموکراسی مانای ئەوەیە کە پێویستە لە واقیع نەك لە رێگەی قەبووڵکردنی دەسەڵات، بەڵکو لە رێگەی توێژینەوەی ورد و بیرمەندانەوە تێبگەین. تێگەیشتنێك کە لە رێگەی بەڵگە و بەڵگەنامەکانەوە بێت نەك دەمارگیری و لایەنگری. دەبێت لە رێگەی گفتوگۆی



راشکاوانە و ئاشکراوە دەرك بە واقیع بکرێت نەك لە سیستەمی بیروباوەڕدارانەی داخراوەوە. **بنەماکانی زانست و دیموکراسی وەکو یەکن. سەبارەت بەو بنەمایانە هیچ ئەزموونێکی گەورەتر لە بەشی کۆمەڵناسی بوونی نییە؛ واتە هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی بنەما زانستییەکان لەو بوارەدا کە هەموومان فێر کراوین کە بە پیرۆزی بزانین.**

لەو شوێنەوە کە کۆمەڵناسی دیدگایەکی رەخنەییە کە هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکی لە کولتوورەکانیاندا دروستیان کردوون دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، هەڕەشەیەکە بۆ ئەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن راستی (هەقیقەت) دەزانن. کۆمەڵناسی کاریگەریی ئەفسانە لە ناو دەبات و پرسیارگەلێك دەخاتە روو کە زۆرێك لە ئێمە حەز بە بیستنیان ناکەین. تێڕامانی کۆمەڵناسیانە بۆ جیهان تێبینیکردنی دیاردەکانە لە کایەیەکی بەرفراوانتر لە بارودۆخی راستەوخۆدا و، بیرکردنەوە لە رووداوە تاکەکان لە پانتاییەکی بەرفراوانتری ئێستا و، رابردوو و ئایندەدا. تێڕوانینی کۆمەڵناسی بەرامبەر بە جیهان واتای بەگومان بوونە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە لەسەر دەسەڵاتن و بەگومان بوون بەرامبەر بەوەی ئەنجامی دەدەن (لە کۆمەڵگەی ئێمە و لە گرووپەکانی ئێمەدا) و خستنەڕووی پرسیارگەلێکی هەمیشەییە سەبارەت بەوەی کە هەیە و ئەوەی کە دەکرێ هەبێت.

کۆمەڵناسی سەبارەت بە کۆمەڵگە بیر دەکاتەوە و کۆمەڵە پرسیارێك دەردەبڕێت کە هەتا قووڵایی پیرۆزترین بیرەکانی ئێمە دەچنە خوارەوە. لەوانەیە لەم روووەوە بێت کە بۆ "کەسانێك کە دەزانن" تا ئەم رادەیە هەڕەشەئامێز دێتە پێش چاو و، لەوانەشە لەبەر ئەوە بێت کە بۆ ئەو کەسانەی کە زۆر بە جددی لەگەڵیدا دەبن ئەوەندە وروژێنەرە.

# دوا وتە

## ئایا دەبێت سەبارەت بە تاکەکان گشتاندن ئەنجام بدەین؟

بۆ ئەو پرسیارانەی کە دەمەوێ بۆ ئەم کتێبەی زیاد بکەم کۆتاییەك نییە. بەم دواییانە بە چەشنێکی بەرچاو حەزم لە دادپەروەری دەکرد. دادپەروەری چییە؟ چۆن دەتوانین بۆ ئەوە بگەینە پێناسەیەك؟ چۆن بابەتی دادپەروەری بەشێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی ئێمە دەربارەی ژیان و کۆمەڵگە داگیرکەرەکان؟ منیش خوازیاری عەدالەتم و بە تەواوی بێ پەردە بڵێم، زۆر جار دوودڵ دەبم لەوەی کە ئەوەی بە جۆرێکی رەخنەگرانە سەبارەت بە کۆمەڵگە دەرکی پێدەکەم بخەمە ئەو لاوە تا ئارەزووی خۆم بەرامبەر بە دادپەروەری رازی بکەم، بەتایبەت کاتێك کە خودی خۆم رووبەرووی بارودۆخێك دەبمەوە کە قوربانییەکەی دەناسم. بەم حاڵەش، بابەتی دادپەروەری پێویستە بۆ چاپی ئایندەی کتێبەکەم بمێنێتەوە.

لە چاپی دووەمی کتێبەکەدا ئەم بەشی یانزەیەم بۆ زیاد کرد و ناونیشانی "دوا وتە"م پێدا، لە بنەمادا بۆ ئەوەی کە وا دەزانم کێشەیەکی بە تەواوەتی تایبەتە و، بە دڵنیاییەوە ناتوانم بڵێم لە کام بەشی کتێبەکەدا دەتوانێت جێی خۆی بکاتەوە.

رەگ و ریشەی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشەیەی کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان چییە و، بە جۆرێك لە جۆرەکان شوێنی گونجاوی لە تەنیشت بەشی یەکەم ـ دەربارەی زانست ـ دایە. ئەمە پرسیارێکی گرنگە و



پێویستە بیری لێ بکرێتەوە و گفتوگۆی لەسەر بکرێت. من زۆر بیرم لێکردەوە، لێکۆڵینەوەم کرد و هەوڵم دا تاوەکو وەڵامی بدەمەوە.

لە راستیدا، ئەمە بابەتێکە کە تەقریبەن لە کۆتایی هەر گفتوگۆیەکەوە سەبارەت بە مرۆڤەکان دێتە کایەوە. هەر جارێك کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە تاکەکان تێبگەین ـ هەموو تاکەکان، هەندێ لە تاکەکان، یا تاکێکی دیاریکراو ـ ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی هەمیشەیی بوونی هەیە. هەر کاتێك تێدەکۆشین نازناوێك بدەینە پاڵ ئەوانی تر و یا ئەوانی تر نازناوێك دەدەنە پاڵ ئێمە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە. ئەم بابەتە بەشێك لە هەر گفتوگۆیەك کە سەبارەت بە دەمارگیری، چیەتیی ژیانی ئەمریکایی، رووسەکان، پیاوان، ژنان، لاوان، لیبڕاڵەکان ئەنجام دەدرێت ـ ئەو گفتوگۆیانەی کە هەر جۆرە هەوڵدانێك بۆ پلەبەندیکردنی تاکەکان لە خۆ دەگرێت. ئەم بابەتە ململانێیەك ئاشکرا دەکات کە تەقریبەن تایبەتمەندییەکانی هەموومان روون دەکاتەوە: ئێمە ئەوانی تر پلەبەندی دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین دەرك بە ئەوانی تر بکەین؛ لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کاتێك کە ئەوانی تر بیانەوێت ئێمە پلەبەندی بکەن تا دەتوانین هاوار دەکەین. "من دەمەوێ خۆم بم. من وەك هیچ کەسی تر نیم! هەر بەو جۆرەی کە هەم لەگەڵ مندا هەڵسوکەوت بکەن. من وەك هیچ چینێکی تر وێنا مەکەن!".

زانست سروشت پلەبەندی دەکات و سەبارەت بەو شتانەی کە لە سروشتدا بوونیان هەیە دەست بە گشاتاندن دەکات. زانستە کۆمەڵایەتییەکانیش بەرامبەر بە مرۆڤەکان هەمان کار ئەنجام دەدات. ئایا ئەم کارە بۆ دەرککردنی ئەوان سوودمەندە؟ ئایا یارمەتیی وێناکردنی باو و رەفتاری نامرۆڤانە لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە وەك ئێمە نین دەدات؟ کێشەیەك، کە ئێمە لێرەدا دەمانەوێ تاوتوێی بکەین، ئەمەیە. لە ڕاستیدا، پرسیاری یانزەیەم ئەمەیە:

ئایا ئێمە دەبێت سەبارەت بە تاکەکان گشتاندن ئەنجام بدەین؟

## پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان

### گرنگیی پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان بۆ مرۆڤەکان

کۆمەڵناسی زانستێکی کۆمەڵایەتییە و لەبەر ئەوە، سەبارەت بە تاکەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەوان گشتاندن دەکات. "شوێنگە بەرزەکان لە بونیادە ئابووری و سیاسیەکاندا ئەگەری زۆر زیاتری هەیە کە لە لایەن پیاوانەوە داگیر بکرێت تاوەکو ژنان." "هەرچەندە تاک دەوڵەمەندتر بێت زیاتر ئەگەری هەیە کە دەنگ بە حیزبی کۆماریخواز بدات." "لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەگەری لە هەژاریدا ژیان لە نێو دانیشتوانی ئەمریکی بە رەگەز ئەفریقیدا زۆر زیاترە تا لە نێو سپیپێستەکاندا." "کۆمەڵگەی ئەمریکا تووشی جیاکاریی نەژادی بووە." "کۆمەڵگەی ئەمریکا، وەك کۆمەڵگە پیشەسازییەکانی تر، خاوەنی سیستەمی چینایەتییە کە تێیدا زیاتر لە سێ لەسەر چواری دانیشتوانەکەی تا کۆتایی تەمەنیان تەقریبەن لە هەمان چینی کۆمەڵایەتیدا کە لە دایکبوون، دەمێننەوە."

بەڵام ئەم جۆرە گشتاندنانە، زۆر جار دوچاری شڵەژانم دەکەن. من دەزانم کە کۆمەڵناس پێویستە دەربارەی تاکەکان هۆشیاری پەیدا بکات و گشتاندنیشیان بۆ ئەنجام بدات، بەڵام لە خۆم دەپرسم: "ئایا ئەم جۆرە گشتاندنانە بەنرخن؟ ئایا ئێمە نابێت خەڵکی تەنیا وەك تاکە مرۆییەکان سەیر بکەین و خوێندنەوەیان بۆ ئەنجام بدەین؟" "مامۆستایەکی ئینگلیزی لە زانکۆکەی مندا بەوە بەناوبانگ بوو، کە ئامۆژگاریی قوتابییەکانی خۆی دەکرد کە "ئێوە نابێت سەبارەت بە خەڵك گشتاندن ئەنجام بدەن ـ ئەم کارە وەك وێناکردنی باو وایە و هەموو کەسێك دەزانێت کە تاکە خوێندەوارەکان نابێت وێناکردنی باویان هەبێت. هەر کەسێك تاکێکی مرۆییە." (سەیر کە ئەمەش بۆ خۆی گشتاندنە دەربارەی خەڵك.)



بەمپێیە، هەرچی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوە دەکەم، زیاتر پەی بەوە دەبەم کە هەموو مرۆڤەکان دەست بە پلەبەندیی گشتاندن دەکەن. ئەوان رۆژانە ئەم کارە تەقریبەن لە هەر بارودۆخێکدا کە رووبەرووی دەبنەوە ئەنجام دەدەن و تا رادەیەکیش ئەم کارە بەرامبەر بە ئەوانی تر بە هەمیشەیی ئەنجام دەدەن. لەڕاستیدا، ئێمە مافی هەڵبژاردنمان لەم بابەتەدا نییە. "شووشەیەك دەشکێت و دەتوانێت مەترسیدار بێت." ئێمە فێر بووین کە "شووشە" چییە، واتای "مەترسی" چییە و "شکاندن" چییە. ئەمانە هەموویان کۆمەڵێك پلەبەندین کە ئێمە سەبارەت بەو بارودۆخانەی کە دەچینە ناویانەوە بەکاریان دەبەین، بۆ ئەوەی بتوانین تێبگەین کە چۆن رەفتار بکەین. ئێمە دەربارەی رابردووش گشتاندن دەکەین. "نەخۆشیی هەڵامەت دەگوازرێتەوە و ئەگەر نامانەوێ تووشی هەڵامەت ببین، نابێت نزیکی ئەو کەسانە بکەوینەوە کە دوچاری بوون." ئێمە لێرەدا لەبارەی "ئەو کەسانەی کە هەڵامەتیانە"، "چۆن تاکەکان تووشی هەڵامەت دەبن"، و ئەوەی کە "بەرامبەر بەو کەسانەی کە هەڵامەتیانە چۆن رەفتار بکەین"، گشتاندن دەکەین. لەڕاستیدا، هەر ناو و فرمانێك کە بە کاری دەبەین گشتاندنێکە کە وەك رێ نیشاندەرێك کار دەکات. راستییەکەی ئەوەیە، کە ئێمە ناتوانین لە گشتاندن لە ژینگەی خۆماندا هەڵبێین، ئەمە یەکێکە لە جەوهەرە مرۆییەکانی ئێمە. ئەمە کارێکە کە زمان بۆمانی ئەنجام دەدات. هەندێ جار گشتاندنەکانی ئێمە راست دەردەچن؛ هەندێ کاتیش بێبنەما. لەبەرئەوەی ئێمە لەڕاستیدا گشتاندن ئەنجام دەدەین: هەموومان و تا رادەیەك هەمیشە! پرسیارێك کە ئەم بەشەمان پێ دەست پێکرد پرسیارێکی ناماقووڵانەیە. **ئایا ئێمە دەبێت سەبارەت بە تاکەکان گشتاندن ئەنجام بدەین؟** ئەمە پرسیارێکی سوودمەند نییە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە ئێمە مافی هەڵبژاردنمان نییە. پرسیاری باشتر ئەمەیە:

چۆن دەتوانین گشتاندنێکی ڕاست دەربارەی تاکەکان ئەنجام بدەین؟

هەموو ئامانجی زانستە کۆمەڵایەتییەکان گەیشتنە بە پلەبەندییەکان و گشتاندنە وردەکان سەبارەت بە مرۆڤەکان. لەڕاستیدا، ئامانجی تا ڕادەیەک هەموو بەشە زانستییەکان فێربوون، دەرککردن و دروستکردنی پلەبەندی و گشتاندنە وردەکانە.

ئەگەر سەیری زیندەوەرەکانی تر بکەین، زۆربەیان لە ڕووی ڕەگەزەوە یان ڕاهاتنەوە ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە وەڵامی شێوازێکی دیاریکراو، پاڵنەرێکی دیاریکراو لە ژینگەکەیاندا بدەنەوە. بۆیە، بۆنموونە، ماسیی مینۆ[1] لەبەردەم ماسییەکی برسیدا مەلە دەکات، ماسییە برسییەکە خێرا بەرامبەر بە ماسیی مینۆ کارلێک پیشان دەدات و دەیخوات. ماسی دەتوانێت ئەو جۆرە ورووژێنەرەکانی تر جیا بکاتەوە و لەبەر ئەوە، هەر کاتێك ماسیی مینۆ یان هاوشێوەیەکی وەك ئەوی بەرچاو بکەوێت، ماسییەکە ڕاستەوخۆ کاردانەوە پیشان دەدات. ماسیی مینۆ شتێکی دیار و بەرچاوە کە دەتوانرێت بە خێرایی هەستی پێ بکرێت (ببینرێت، بۆن بکرێت، ببیسترێت، لەمس بکرێت)، بەمپێیە، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا ماسی دەتوانێت بە ئاسانی شتگەلێك کە هاوشێوەی ماسیی مینۆ دێنە بەرچاو بناسێت و ئەوانەش کە بەو شێوەیە نابینرێن لێك جیا بکاتەوە. هەڵبەت، هەندێ جار بە ئەنقەست نێچیرێك بە قولاپی ماسی گرتنەوە بۆ خەڵەتاندنی ماسییەکە بەکار دەهێنرێت و هەڵەیەکی بچووك لە ناسینەوەی ـ دەستنیشانکردنی ماسییەکەدا ـ کۆتایی بە ژیانی ماسییەکە دەهێنێت.

مرۆڤەکان لەگەڵ ماسییەکان و ئاژەڵەکانی تردا جیاوازن، چونکە ئێمە **وشەمان بۆ شتەکان و ڕووداوەکان لە ژینگەدا هەیە** و ئەمە دەرفەتمان بۆ

1. Minnow



دەڕەخسێنێت کە ئەو **ژینگەیە دەرك پێ بکەین** و نەك ئەوەی کە تەنیا کارلێکی بەرامبەر بنوێنین. بە وشەکان دەتوانین جیاوازییەکی زیاتر بەدیبهێنین و دەتوانین زانیاریی بەدەست هاتوو لە بارودۆخێکی دیاریکراودا زۆر بە ئاسانی بۆ بارودۆخەکانی دواتر بەکار بهێنین. ئێمە زۆر کەم وابەستەی ورووژێنەرە فیزیکییە ڕاستەوخۆکانین. لەبەر ئەوە، بۆ نموونە فێر دەبین کە ماسی، کیسەڵ، نەهەنگ و، هەروەها ماسیی مینۆ، کرم، نێچیر و بەلەم چییە. ئێمە دەخوێنینەوە و فێر دەبین، کە چۆن ماسی بگرین و دەتوانین ئەوەی کە فێری دەبین سەبارەت بە هەندێ لە ماسییەکان نەك هەموو ماسییەکان بەکار بهێنین. ئێمە دەست دەکەین بە دەرککردنی کردارەکانی هەموو ماسییەکان ـ مراوی[1] ماسییەکان، مراوی ماسییە گەورەکان، مراوی ماسییە مێینە گەورەکان. هەندێ لە ئێمە بڕیار دەدەین کە دەست بدەینە توێژینەوە سەبارەت بە ئازار و هەوڵ دەدەین دەستنیشانی بکەین کە ئایا هەموو ماسیەکان هەست بە ئازار دەکەن، ئایا هەندێکیان هەست بە ئازار دەکەن یان ئایا هەموویان هەست بە ئازار ناکەن. بۆیە، مرۆڤ بە تەواوەتی وەڵامی ژینگەکەی ناداتەوە، بەڵکو ناونیشان دەداتە پاڵ ئەو ژینگەیە، ئەو ژینگەیە موتاڵا و دەرك پێدەکات، پلەبەندی و ژێر پلەبەندییەکی زۆر بۆ ئەو شتانەی کە لەو ژینگەیەدان بەدیدەهێنێت و بەردەوام هەوڵ دەدات ئەوەی لە بارودۆخە تایبەتەکاندا سەبارەت بە پلەبەندییەکان فێری دەبێت بگشتێنێت. بە تێگەیشتنی پلەبەندیەك ئێمە دەتوانین کۆمەڵێك وەکیەکی (هاوشێوەیی) و جیاوازیی گرنگ و ورد تێبینی بکەین کە ئەو گیاندارانەی کە بە بەکارهێنانی وشەکان پلەبەندی و گشتاندن ئەنجام نادەن، ناتوانن بەدەستیان بهێنن.

1. مراوی ماسی. بەشێکە لە ماسییە ئێسکدارەکانی دەریا پشتی بە پوولەکە داپۆشراوە.

گشتاندن یارمەتیی ئەوەمان دەدات، کە بڕۆینە نێو بارودۆخەکانەوە و ئەو زانیارییانەی کە لە شوێنێکی دیکەدا وەرمانگرتوون بۆ دەرککردنی ئەو شتانەی کە لەوێدا بوونی هەیە بەکار بهێنین. کاتێك کە ئێمە دەڕۆینە نێو پۆلەوە دەزانین کێ مامۆستایە و ئەو تاکەی کە لە بەردەم پۆلەکەدا وەستاوە بە مامۆستا ناو دەبەین. ئێمە لەسەر بنەمای ئەزموونی رابردووو دەزانین کە مامۆستاکان نمرە دەدەن و زۆر جار سەبارەت بەو شتانەی کە ئێمە دەمانەوێ لە پۆلدا فێری ببین، زیاتر لە ئێمە دەزانن، خوێندنێکی رەسمی زیاتریان لە ئێمە هەیە و زۆر جار بۆ ئەوەی کە بزانن ئایا ئەو شتانەی کە ئەوان بە گرنگی دەزانن ئێمە فێریان بووین پەنا دەبەنە بەر تاقیکردنەوە. هەروەها ئێمە لەوانەیە دەرکمان بەوە کردبێ کە مامۆستایان زۆر جار میهرەبان (یان نامیهرەبان) هەستیار (یا ناهەستیار) دەسەڵاتگەرا (یا دیموکراتی)ن؛ یان لەوانەیە ئێمە ئەزموونێکی جۆراوجۆرمان لە بارەی مامۆستایانەوە هەبێت، بە جۆرێك کە گەڕاندنەوەی ئەم تایبەتمەندیانە بۆ مامۆستایەکی دیاریکراو بەتاکێکی دیاریکراوەوە دەبەسترێتەوە. ئەگەر دواجار بەجۆرێکی بڕاوە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە مامۆستایەکی دیاریکراو، لە ڕاستیدا، دەسەڵاتگەرایە، کەواتە لە بەرامبەر خۆماندا "مامۆستایەکی دەسەڵاتگەرا" دەبینینەوە و لەم حاڵەتەشدا ئەوەی کە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی رابردووی خۆمان سەبارەت بەم جۆرە مامۆستایانە دەیزانین، بەکار دەهێنین.

ئەمە توانایەکی سەرنجڕاکێشە. ئێمە دەتوانین هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکەین کە کاتێك رووبەڕووی بارودۆخەکان دەبینەوە چۆن هەڵسوکەوت بکەین، چونکە زۆرێك لەو شتانەی کە لە وێدا رووبەڕووی دەبینەوە بە هۆی بەکارهێنانی ئەو هۆشیارییە گونجاوەی کە لە رابردوودا فێری بووین دەرك پێدەکەین. ئەمە هەلمان بۆ دەڕەخسێنێت کە لە زۆربەی بارودۆخە جۆراوجۆرەکاندا هۆشیارانە و ئاقڵانە مامەڵە بکەین؛ بارودۆخ گەلێك کە



هەندێکیان هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە کە لە رابردوودا رووبەڕوومان بۆتەوە. ئەگەر ئێمە بیرمەند و ئازادانە بیر بکەینەوە، تەنانەت دەتوانین ئەوەش هەڵسەنگێنین کە تاچ رادەیەك گشتاندنەکانی ئێمە گونجاون یان لاوازن و دەتوانین ئەوەی کە دەیزانین هاوکات لەگەڵ ئەوەدا کە لە بارودۆخێکەوە بۆ بارودۆخێکی تر دەچین، گۆڕانی بەسەردا بهێنین. بەمپێیە، گرفتی تا رادەیەك هەموومان ئەوەیە کە زۆربەی گشتاندنەکانی ئێمە هەڵسەنگێنراو یان وردەکارانە نین و، هەندێ جار بۆ ئێمە ئەستەمە بتوانین دەستنیشانی ئەم خاڵانە بکەین و گۆڕانیان بەسەردا بهێنین. زۆربەی گشتاندنەکانی ئێمە لە کاتی پیادەکردندا دەبنە رێگر لە بەردەم دەرکی ئێمەدا، بەتایبەت کاتێك کە سەبارەت بە مرۆڤەکان گشتاندن دەکەین.

بۆ دەرککردنی باشتری ئەوەی کە مرۆڤەکان چی دەکەن و چۆن ئەم حاڵەتە هەندێ جار دوچاری زەحمەتمان دەکات، پێویستە چەمکی "پلەبەندییەکان" و "گشتاندنەکان" بە جۆرێکی وردتر تاوتوێ بکەین.

## چەمکی پلەبەندی

مرۆڤەکان ژینگەکەی خۆیان پلەبەندی دەکەن؛ واتە ئێمە بەشێك لە ژینگەکەی خۆمان جیا دەکەینەوە، ئەو بەشە لە هەموو بەشەکانی تری ژینگە جیا دەکەینەوە، ناوێکی لێدەنێین و کۆمەڵە بیرێکی دیاریکراوی پێوە دەبەستینەوە. بەشەکان - یان پلەبەندییەکانی ئێمە - لە کارلێکدا سەرهەڵدەدەن؛ ئەوانە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست دەبن. ئێمە سەبارەت بە ژینگەکەی خۆمان قسە دەکەین و، بەو وشانەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆماندا فێریان دەبین پلەبەندیان دەکەین: "بوونەوەرانی زیندوو"، "گیانداران"، "خشۆکەکان"، "مارەکان" "مارە ژەهرییەکان"، "مارە دەنگدارەکان"، بەمپێیە پلەبەندیەك دروست دەبێت و کاتێك کە

ئێمە لێی دەگەین دەتوانین ئەو شتانەی کە لە بارودۆخەکاندا رووبەڕوویان دەبینەوە، لەگەڵ ئەو پلەبەندییەدا بەراورد بکەین. ژمارەی ئەو جیاوازیانەی کە ئێمە لە تواناماندایە لە ژینگەکەی خۆماندا دروستیان بکەین چەندین ئەوەندە زیاد دەبێت. تەنیا ناوەکان نین کە نوێنەری پلەبەندییەکانن (پیاوان، کوڕان)، بەڵکو هاوکات کردارەکان (راکردن، رێکردن، کەوتن)، کۆتەکان (هێواش، خێرا)، و دۆخەکان (لاواز، بەهێز، زیرەك، خێزاندار) پلەبەندییەکان نمایش دەکەن. زۆرترین ئامانجی فێربوونەکانی ئێمە دەرکی واتای پلەبەندییە جۆراوجۆرەکانە و، ئەمەش دەرکی ئەو چۆنایەتیانە دەگرێتەوە کە ئەو پلەبەندیانە پێك دەهێنن و ئەو هزرانەش کە بەوانەوە بەستراونەتەوە.

لە رێگەی فێربوونەوە سەبارەت بە تاکەکان (پلەبەندییەك) دەگەینە ئەوەی کە "هەموو تاکەکان" تایبەتمەندییەکی دیاریکراویان هەیە، کە لە هەندێکیاندا لەگەڵ گیاندارانی تر هاوبەشن (خانەکان، مێشك، ئەندامەکانی زاوزێ) و هەندێکیان تایبەتە بە خۆیان (زمان، بینینی سێ رەهەندی، ویژدان). ئێمە تێدەگەین، کە دەتوانرێت تاکەکان بە سەر گەنج و پیر، رەش و سپی، پیاو و ژن، سەڵت و خێزانداردا دابەش بکرێت. زۆربەمان تەقریبەن بە باشی دەزانین کە نێر و مێ چییە. ئەگەر پرسیار لە ئێمە بکەن، دەتوانین ئەوە شی بکەینەوە کە چ کەسانێك سەر بە پلەبەندییە هاوڕەگەزخوازەکانن و چ کەسانێك بە پێچەوانەوە. ئێمە تەنیا دەستنیشانی ئەو شتانە ناکەین کە سەر بە ئەم یا ئەو پلەبەندییەن، ئێمە لەم پلەبەندیانە **تێدەگەین،** چونکە دەتوانین وەسفی کۆمەڵە تایبەتمەندییەك بکەین کە باوەڕمان وایە سەر بە شتگەلێکن کە دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم پلەبەندییەوە یان ناکەونە ناویەوە. ئێمە لەوانەیە بڵێین کە رەگەزی نێر ئالەتی پیاوانەی هەیە، کەسێك کە زیاتر لە 60 ساڵ تەمەنییەتی پیرە، مامۆستا کەسێکە کە زانیاری دەگوازێتەوە، مرۆڤ ئاژەڵێکە کە خاوەنی رۆحە.



ئێمە دەربارەی ئەم پێناسانە قسە دەکەین و هەرچی زیاتر تێدەگەین، ئەم پێناسانە ئاڵۆزتر دەبن. بەڵام پلەبەندییەکان پێناسەکان بەشێکی زەرووری لەسەرتاپای ژیانی ئێمە پێکدەهێنن. ئێمە بەم پلەبەندی و پێناسانەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێین و دەتوانین ژینگەی خۆمان بە شێوازگەلێکی ئاڵۆز و وردەوە بپشکنین. ئێمە شتێك دەبینین و دیاری دەکەین کە ئەو شتە چییە (واتە سەر بە کام پلەبەندییە) و لەوێوە کە شتێك دەربارەی ئەو پلەبەندییە دەزانین، دەتوانین ئەوەی کە پێشتر دەیزانین بەسەریدا پیادە بکەین. ئەمە یارمەتیمان دەدات کە لە زۆربەی بارودۆخە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو هەڵسوکەوت بکەین. تەنیا بیر لەو کەسانە بکەنەوە کە لە رۆژێکی دیاریکراودا تووشیان دەبین، ئێمە سەبارەت بە زۆرێکیان هیچ زانیارییەکمان نییە، جگە لەوەی کە لە سەرنجێکی خێراوە دەستمان دەکەوێت. ئێمە دەکرێت گرنگی بە تەمەن، رەگەز، جلوبەرگ، مۆدێلی قژ داهێنان، رەفتار، یا تەنیا زەردەخەنەیەك بدەین و بە خێرایی بڕیار بدەین کە چۆن رەفتار بکەین. ئێمە ناچارین تاکەکان لە ناو پلەبەندییە جۆراوجۆرەکاندا دابنێین تاوەکو بزانین کە لە زۆبەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا چۆن هەڵسوکەوت بکەین.

بۆ هەموو مرۆڤەکان زەرورییە کە ژینگەکەیان پلەبەندی، پێناسە و دەرك بکەن. (ئەم وتەیە خۆی، گشتاندنێکە سەبارەت بە هەموو مرۆڤەکان) ئەگەر لەگەڵ خۆماندا راستگۆ بین، دەبێت دان بەوەشدا بنێین کە هەریەکە لە ئێمە هەزاران ـ تەنانەت دەیان هەزار ـ پلەبەندیمان بەدیهێناوە و فێری ئەوە بووین کە بە تێڕامان لەوەی کە لە دەوروبەرماندا چی روودەدات، سوودیان لێ وەربگرین. ئامانجی پۆلێکی زیندەوەرزانی دروستکردنی کۆمەڵێك پلەبەندیی سوودمەندە لە بوونەوەرانی زیندوو تاوەکو ئێمە باشتر بتوانین تێبگەین لەوەی کە ئەوان چین ـ چۆن هاوشێوەی یەکترن، چۆن لەگەڵ بوونەوەرانی نازیندوودا جیاوازیان هەیە

و، چۆن لەگەڵ یەکتریشدا جیاوازن. مۆسیقازانان، هونەرمەندان، یاریزانانی بەیس باڵ، رابەرانی سیاسی، قوتابیانی زانکۆ، دایك و باوکان، زانایان، تاوانباران و پۆلیس ـ هەمووماں لە سەرتاسەری ژیانماندا شتگەلێکی دیاریکراو دەربارەی ژینگەی خۆمان لەسەر بنەمای ئەو پلەبەندیانەی کە لە کارلێکماندا لەگەڵ ئەوانی تر فێری دەبین، دەسەپێنین.

رۆڵ پلەبەندییەکە کە ئێمە بۆ دەرککردنی ئەو بارودۆخانەی کە رووبەڕوویان دەبینەوە سوودی لێ وەردەگرین. رۆڵ کۆمەڵێك چاوەڕوانییە کە تاکەکان لە بکەرێك هەیانە لە شوێنگەیەکدا لە ناو بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر ئێوە کارمەندی وەرگرتنی بلیت بن، من چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوە هەیە کە داوا لە من بکەن کە بلیتەکەم بخەمەروو؛ ئەگەر فرۆشیارێك بن لە نێو سینەمایەکدا کە لە پشتەوەی مێزی شیرنەمەنی و شەکرلەمەوە راوەستاوە، چاوەڕێی ئەوەم کە پرسیارم لێ بکەن کە چیم دەوێت؛ ئەگەر لە سالۆنی سینەمادا دانیشتبن و سەرقاڵی تەماشاکردنی فیلم بن، من چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوە هەیە کە هێمنی بپارێزن. ئەگەر سکرتێری نۆرینگەی دکتۆر بن، من چاوەڕوانم لە ئێوە هەیە کە بە من بڵێن کەی دەتوانم چاوم بە دکتۆر بکەوێت؛ ئەگەر پەرەستاری نەخۆشخانەیەك بن، من چاوەڕێم کە ئێوە زنجیرەیەك پرسیارم لێ بکەن و، ئەگەر پزیشك بن، چاوەڕوانیم لە ئێوە هەیە کە پارێزگاری لە جەستەی من بکەن. هەر کۆمەڵە چاوەڕوانییەکی رۆڵی[1] کە من بۆ ئەوانی تر و بۆ خۆم هەمە، هەوڵدانێکە بۆ پلەبەندکردنی تاکەکان. پلەبەندی یارمەتیان دەدات کە بزانن پێویستە چی بکەن؛ یارمەتیم دەدات کە بزانم ئەوان چی دەکەن و، من لە بەرامبەریاندا پێویستە چی بکەم. ئەم جۆرە چاوەڕوانیانە بەشێکی حەتمی لە ژیانی ئێمەن.

1. role expecatation



## چەمکی گشتاندن

پلەبەندی بەشێکی جیابووەوە لە ژینگەی ئێمەیە کە ئێمە تێبینی دەکەین. ئێمە بە بینینی کۆمەڵە نموونەیەکی دیاریکراو لەو شتانەی کە لەو پلەبەندییەدا جێگیر بوون و بە جیاکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانەی کەوا دەردەکەوێت ئەو نموونانە لە پلەبەندیدا دەستنیشان دەکەن، وەك بابەتگەلێکی هێشتا نەبینراو، کە لەوانەیە لە ئایندەدا بەرچاومان بکەون، ئەو پلەبەندییە گشتاندن دەکەین. ئێمە دەبینین کە باڵندەکان هێلانە دروست دەکەن و وا دادەنێین کە هەموو باڵندەکان لەسەر لقی درەخت هێلانە دروست دەکەن (بە هەموو باڵندەکانەوە جگە لە سینە سوورەکان و چۆلەکەکان کە بینیومانن). لەسەر سەیر کردن بەردەوام دەبین و تێبینیی کۆمەڵە بابەتێك دەکەین کە باڵندەکان جگە لە لقی درەختەکان سوود لە کۆمەڵێك ئیمکاناتی تر بۆ دروست کردنی هێلانە وەردەگرن و، ئەوکات فێر دەبین کە هەندێ لە باڵندەکان هێلانە دروست ناکەن، بەڵکو درەختەکان کون دەکەن. زۆربەی گشتاندنەکانی ئێمە ئاوێتەیەکە لە بینین و فێربوون لەوانی ترەوە: ئێمە فێر دەبین کە دەوڵەمەندەکان زیاتر سواری ئۆتۆمبێلی مارسیدز بێنز دەبن و کارمەندانی پۆلیس زۆر جار چەکیان پێیە. لەسەر بناغەی گشتاندن دەربارەی پلەبەندییەك، ئێمە دەتوانین رووداوەکانی داهاتوو لەو بابەتانەدا کە ئەو پلەبەندییە بەکار دێت پێشبینی بکەین. کاتێك کە کەسێکی دەوڵەمەند دەبینین، چاوەڕوانی ئەوەین کە ئۆتۆمبێلی مارسیدزیش ببینین (یان ئۆتۆمبێلێکی تر کە بتوانرێت لەگەڵی بەراورد بکرێت)، و کاتێك کە ئەفسەرێکی پۆلیس دەبینین، چاوەڕوانین کە چەکێك ببینین. ئەمە هەمان ئەو گشتاندنەیە.

**گشتاندن وەسفی پلەبەندی دەکات.** گشتاندن دەربڕینێکە کە شتەکانی ناو پلەبەندی دەستنیشان دەکات و وەکیەکی و جیاوازییەکان لەگەڵ

پلەبەندییەکانی تردا پێناسە دەکات. "تاکی خوێندەوار بەم جۆرەیە!" (بە بەراورد لەگەڵ کەسێکی نەخوێندەوار). "ئەمە کارێکە کە تاکە دەوڵەمەندەکان ئەنجامی دەدەن تا دڵنیا بن لەوەی کە ئیمتیازاتەکانیان بۆ منداڵەکانیان دەگوازرێتەوە." "ئەمە ئەو شتەیە کە کاتۆلیکەکان باوەڕیان پێیەتی".

هەر بەو شێوەیەی کە دەیبینین، گشتاندن هەندێ جار لە وەسفکردنی (باسکردنی) پلەبەندی ئەولاتر دەڕوات؛ هەروەها هۆکاری سەرهەڵدانی چۆنییەتییەکی تایبەتیش شی دەکاتەوە. **"واتە گشتاندنی پلەبەندی زۆر جار دەربڕینی هۆکار دەبێت."** "جوولەکەکان لەبەر هۆکاری کەمینە بوونیان لە کۆمەڵگەکانی رۆژئاوادا بەرامبەر بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لیبراڵن." سەرۆك کۆمارەکانی ئەمریکا پیاون چونکە ..." "دەوڵەمەندەکان منداڵەکانی خۆیان بۆ قوتابخانە تایبەتییەکان دەنێرن لەبەر ئەوەی..."

بەمپێیە، مرۆڤەکان ژینگەکەی خۆیان بە سوودوەرگرتن لە وشەکان پلەبەندی دەکەن. ئەوان لەسەر بنەمای تێڕامان و فێربوون، کۆمەڵێك بیروباوەڕیش سەبارەت بەوەی کە چ چۆنییەتیگەلێك پەیوەندیان لەگەڵ پلەبەندییەکاندا هەیە پەیدا دەکەن. مەبەستی ئێمە لە **گشتاندن** کۆمەڵە بیروباوەڕێکە کە وەسفی کۆمەڵێك چۆنیەتیی دەکەن کە بۆ پلەبەندییەك دەگەڕێنەوە و ئەو بیروباوەڕانەی کە باس لەوە دەکەن بۆچی ئەو چۆنایەتیانە بوونیان هەیە.

## وێناکردنی باو (تصورات قالبی)

گشتاندن سەبارەت بە تاکەکان زەحمەتە بتوانرێت وردەکارانە بێت. هۆکاری سەرەکیشی ئەوەیە، کە ئێمە حەزمان لە هەڵسەنگاندنە و زۆر جاران بۆ ئێمە گشتاندن بۆ هەڵسەنگاندن (مەحکومکردن یان ستایش کردن)ی ئەوانی تر زۆر ئاسانترە تا بۆ دەرککردنیان. کاتێك کە وەها دەکەین، گرفتاری **وێناکردنی باو دەبین.**



**وێناکردنی باو جۆرێك لە پلەبەندی کردنە.** وێناکردنی باو پلەبەندییەك و کۆمەڵێك لە گشتاندنەکانە کە بەم تایبەتمەندیانەوە دەستنیشان دەکرێت:

1- **وێناکردنی باو رەخنەگرانەیە.** تایبەتمەندی وێناکردنی باو هەوڵدان بۆ دەرککردن نییە، بەڵکو کۆشش بۆ مەحکومکردن یان ستایشکردنی پلەبەندییە. وێناکردنی باو داوەرییەکی بەهاییە و رەنگێکی سۆزداری توندی هەیە. لە جیاتی وەسفکردنی سادەی جیاوازییەکان، هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیانەی ئەو جیاوازیانە دەخرێتە روو. تاکەکان لەبەر ئەم پلەبەندییە بە باش یان خراپ لە قەڵەم دەدرێن.

2- **وێناکردنی باو زۆر جار پلەبەندیەکی رەهایە،** واتە لە نێوان ئەو کەسانەدا کە لەناو پلەبەندیەکەدان و ئەوانەی کە لە دەرەوەیدان جیاوازییەکی توند دەکات. زانیارییەکی کەم لە ئارادایە کە پلەبەندی تەنیا رێنوێنیکەرێکە بۆ دەرکردن و ئەوەی، زۆرێك لە تاکەکان لە ناو پلەبەندییەکدا دەبن کە ریزپەڕن لە هەر گشتاندنێك.

3- **وێناکردنی باو جۆرێکە لە پلەبەندی کە هەموو پلەبەندییەکانی تر لە زەینی بینەردا دەخاتە ژێر کاریگەرییەوە.** هەموو ئەو پلەبەندیانەی کە تاك پێیانەوە بەستراوەتەوە زۆر جار پشتگوێ دەخرێن. وێناکردنی باو بە شێوەیەکی سادە و یەکڕەهەند سەیری مرۆڤ دەکات کە تەنیا سەر بە یەك پلەبەندیی گرنگە. لەڕاستیدا، ئێمە لەنێو زۆر پلەبەندیدا خۆمان دەبینینەوە.

4- **وێناکردنی باو بە هاتنە کایەی بەڵگە و نیشانە نوێیەکان گۆڕانی بەسەردا نایەت.** کاتێك کە تاك وێناکردنێکی باو قەبووڵ دەکات، پلەبەندی و بیروباوەڕە پەیوەندیدارەکانیشی بە چەشنێکی جددی قەبووڵ دەکات و پاش قەبووڵکردن ئیدی ئامادە نییە کە گۆڕانی بەسەردا بهێنێت. وێناکردنی باو پاش رەزامەندی لەسەر دەربڕین

شێوەیەکی روون وەردەگرێت کە بەڵگە و نیشانەکان لە رێگەی ئەوەوە قەبووڵ یان رەت دەکرێنەوە.

5ـ **وێناکردنی باو لە بنەڕەتدا بە شێوەیەکی ورد (راست) نایەتە دی.** وێناکردنی باو یان بە شێوەیەکی کولتووری فێری (مرۆڤ) دەکرێت و تاك ب ەسانایی پێی رازی دەبێت یان قەبووڵکردنی ناڕەخنەگرانەی ژمارەیەك ئەزموونی دیاریکراوی تاکەکەسی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی.

6ـ **وێناکردنی باو دەبێتە رێگر لەبەردەم گەڕان بە دوای دەرککردنی هۆکارەکانی جیاوازیی مرۆڤان لەگەڵ یەکتریدا.** وێناکردنی باو لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵی دەرککردنی هۆکاری بوونی چۆنییەتیەکی دیاریکراو لە گرووپێکی تایبەت لە تاکەکاندا بدات، تەرکیز لەسەر زێدەڕۆیی دەربارەی جیاوازییەکان و دادوەری بەهایی سەبارەت بە جیاوازییەکان دەکات. زۆر جار گریمانەیەکی شاراوە بوونی هەیە کە "ئەم مرۆڤانە بەم جۆرەن." ئەمە بەشێکە لە "سروشت (ذات")ی ئەوان و بە رواڵەت بەڵگەیەك لە ئارادا نییە کە هەوڵ بدەین زیاتر لەمە لە هۆکاری جیاوازییەکان تێبگەین.

وێناکردنی باو کۆمەڵێك تێڕوانینی لە ڕادەبەدەر سادەکراو و زێدەڕۆییکراوی واقیعن. ئەو وێناکردنە بە تایبەت کەسانێك بۆ لای خۆیان رادەکێشن کە دەست دەدەنە داوەریی بەهایی دەربارەی ئەوانی تر و کەسانێکیش کە لەگەڵ خۆیاندا جیاوازن بە خێرایی مەحکوم دەکەن. وێناکردنی باو بۆ پاساو هێنانەوەی جیاکاریی نەتەوەیی، شەڕ و کوشتاری سیستەماتیکی گرووپە کامڵەکانی تاکەکان بەکار هێنراوە. وێناکردنی باو بە هیچ شێوەیەك لە شیکردنەوەی ورد و رێکخراو ناکەونەوە، بەڵکو لە ئەنجامی پڕوپاگەندە و کولتوورەوە سەرهەڵدەدەن و لە جیاتی ئەوەی کە یارمەتیی تێگەیشتنی ئێمە لە مرۆڤ بدەن، هەمیشە لەبەردەم دەرکی راستەقینەدا کۆسپن.



جیاکردنەوەی بەهایی لە پلەبەندیی ورد و راست هەمیشە ئاسان نییە، لەوانەیە باشتر وا بێت، کە وێناکردنی باو و پێچەوانەی ئەوان بە شێوەکی دوو سنووری کۆتایی لەسەر هێڵێکی پێکەوە بەستن لەبەرچاو بگرین. لەڕاستیدا، زۆربەی پلەبەندییەکان نە بە تەواوەتی راست و ورد و نە نموونەگەلێکی کامڵی وێناکردنی باون. لەبەر ئەوە، پلەکانی وێناکردنی باو بوونیان هەیە کە ئێمە پێویستە بیانناسین:

| پلەبەندیی ورد | وێناکردنی باو |
|---|---|
| وەسفی | بەهایی |
| ریزپەڕەکان (استثناء) | بێ ریزپەڕ |
| یەکێك لە بابەتە فراوانەکان | پلەبەندیی گشتگیر و رەها |
| بە سەرهەڵدانی بەڵگە نوێیەکان دەگۆڕرێت | بەڵگە نوێیەکان رەتدەکاتەوە |
| بە شێوەیەکی ورد بەدی هاتووە | بەشێوەیەکی ورد نەهاتووەتە دی |
| حەزی لە هۆکارە | حەزی لە هۆکار نییە |

دواجار ئەوەی کە، هەر بەو جۆرەی کە جەختمان لەسەر کردۆتەوە، وێناکردنی باو، رەخنەگرانەن. ئامانجی ئەوان سادەکردنەوەی دابەشکردنی تاکەکانە تاوەکو بزانین کام لە گرووپەکانی خەڵك باشن و پێویستە لە کام لە گرووپەکان خۆمان بە دوور بگرین یان مەحکومیان بکەین. ئەمە خاڵی پەیوەندیی نێوان وێناکردنی باو و دەمارگیرییە. دەمارگیری تێڕوانینێکە بەرامبەر بە گرووپێك لە تاکەکان کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بکەر لە دژی کەسانێك کە لەو گرووپەدا جێگیر بوون، جیاکاری (تبعیض) ئەنجام بدات. هەمیشە پلەبەندی وێناکردنی باو (بەهایی، رەها، ناوەندی، چەق بەستوو، کولتووری و، نەیاری هۆکار)ە. کاتێك کە بکەرێکی دەمارگیر تاکێك لە پلەبەندییەکدا دەستنیشان دەکات شتگەلێکی زۆر دەربارەی ئەو تاکە بە

راست دەزانێت و بەرامبەریان بێزاری دەردەبڕێت و دەرەنجام، وەڵامێکی نەرێییە. ئەو کاتەی کە ئەو بە شێوەیەکی نەرێ بەرامبەر بەو تاکە رەفتار بکات، پاساوێکی حازر و ئامادە لە ئارادایە: وێناکردنی باو ("من جیاکاری بە رەوا دەزانم، چونکە ئەوان بەم جۆرەن!") وێناکردنی باو سادەکردنەوەی سازی لە رادەبەدەری واقیعە و، ئەوان هەم توخمە زەرووریییەکانی دەمارگیرین و هەم پاساوهێنەری ئەو. بەدبەختانە، وێناکردنی باو هەروەها وەك کۆمەڵێك لە چاوەڕوانییەکانی رۆڵ بۆ کەسانێك کە لە پلەبەندیدا جێگیربوون کار دەکات و زۆر جار کەسانێك کە بەرامبەریان داوەرییەکی نەرێ کراوە، دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە کە سەبارەت بە خۆشیان هەر بەو شێوە حوکم بدەن.

## زانستە کۆمەڵایەتییەکان: پەرچەکردار بەرامبەر بە وێناکردنی باو

پلەبەندیی تاکەکان و گشتاندنی هۆشیارانە زۆر قورسە مەگەر ئەوەی کە هەوڵێکی زۆری بۆ بدەین. بەشێکی گەورەی خوێندنی زانکۆیی، ئاشکرا کردن و هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی وێناکردنی باو بە مەبەستی بە دەستهێنانی دەرکێکی باشتری واقیعە. هەر بەشێك بە شێوەیەکی تایبەت بە خۆی هەوڵ دەدات قوتابی فێر بکات کە دەربارەی پلەبەندی و گشتاندن وردتر بێت.

لەو شوێنەوە کە ئەم کتێبە جەخت لەسەر دیدگای کۆمەڵناسی و زانستی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەمەوێ پیشانی بدەم کە چۆن زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی پلەبەندی و گشتاندنی ورد سەبارەت بە مرۆڤەکان دەدەن، ئێمە لە وێناکردنە باوەکان رزگار بکات. زانستە کۆمەڵایەتییەکان پرۆسەیەکی توێژینەوەی زۆر سیستەماتیکە کە ئامانجی دروستکردنی گومانە لە زۆربەی وێناکردنە باوەکان و گشتاندنە بێ چەند و چۆن و



وەرگیراوەکانی ئێمەدا. زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن. بابەتگەلێکی جۆراوجۆری کەمتەرخەمی و تەنانەت بیرکردنەوەی باو لە ئارادان کە لە ئەنجامی زانستی کەم سەریان هەڵداوە یان لەلایەن زانایانێکەوە بووە کە بە تەواوەتی بەرامبەر لایەنگری و دەمارگیرییەکانی خۆیان هەستیار نەبوون. بەمپێیە، زانینی ئەم خاڵە گرنگە کە تەنانەت ئەگەر زانایان لە هەوڵەکانیاندا بۆ وەسفکردنی وردی واقیع بکەونە هەڵەوە، تەواوی جەختکردن و رۆحی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاراستەی کۆنترۆڵی لایەنگیرییە تاکەکەسییەکان، ئاشکراکردنی گریمانە بێبنەماکان سەبارەت بە تاکەکان و دەرککردنی واقیع بە چەشنێکی بابەتیانە، ئەگەری روودانی هەیە. لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو شێوازنە دەکەین کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان (بەو جۆرەی کە پێویستە) لە دروستکردنی پلەبەندی و گشتاندنە وردەکان دەربارەی مرۆڤەکان دەیانگرێتە بەر:

1. **زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەوپەڕی هەوڵ دەدات کە سەبارەت بە پلەبەندیی تاکەکان دادوەری بەهایی نەکات.** ئێمە رەزامەندی لەسەر ئەوە دەردەبڕین کە گشتاندنەکان و پلەبەندییەکان نابێت دەست بە مەحکومکردن یا ستایشکردن بکەن، بەڵکو پێویستە بە تەواوەتی رێنوێنیکەری تێگەیشتنەکان بن. باو بیرکردنەوە جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندییەکانی ئەوانی تر، کە ئێمە ئەو تایبەتمەندیانەمان خۆش ناوێت یان جەختکردنەوە لەسەر ئەو تایبەتمەندیانەی کە وەك تایبەتمەندییەکانی خودی خۆمانن و ئێمە حەزمان لێیانە. وتنی ئەوەی کە گرووپێك لە تاکەکان تەمەڵن باو بیرکردنەوەیە، وتنی ئەوەی کە لە گرووپێکدا رێژەی بێکاری بەرزترە لە گرووپێکی تر، رێك و راست گشتاندنە. دەربڕینی ئەوەی کە گرووپێك زۆر دەوڵەمەندترە یان

گرووپێکی تر بێنرخن، بیرکردنەوەی باوە، دەربڕینی ئەوەی کە دەرهێنانی ڕێژەی ناوەندی گرووپێك بەرزترە لە گرووپەکانی تر، گشتاندنی ورد و ڕاستە. هەندێ جار دیاریکردنی سنووری نێوان وێنکاردنی باو و گشتاندن دەربارەی تاکەکان ئاڵۆزە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئامانجی ئەوان جیاوازە: گشتاندن بە تەواوەتی هەوڵدانە بۆ دەرکی ئەوانی تر؛ بیرکردنەوەی باو، واتە وەلاخستنی تێگەیشتن بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەوانی تردا هەڵوێست وەربگرین و زۆر جار هەڵوێست وەرگرتنەکەی ئێمە نەرێیە. بیرکردنەوەی باو ڕێگە لە دەرکی واقیعی تاك دەگرێت.

من بانگەشەی ئەوە ناکەم کە تاکەکان پێویستە خۆیان لە داوەرییە بەهاییەکان لەمەڕ گرووپە جیاوازەکانی خەڵك بە دوور بگرن. ئێمە هەموومان خاوەنی کۆمەڵە بەهایەکین کە باوەڕمان پێیان هەیە، کاتێك دەربارەی ئەوانی تر کردەیەك دەنوێنین پێویستە حیساب بۆ ئەوان بکەین. من هەوڵ دەدەم خۆم لە تاکە توندوتیژەکان دوور بخەمەوە؛ تێدەکۆشم گۆڕانکاری بەسەر نەژادپەرستان و لایەنگرانی جیاکاری ڕەگەزیدا بهێنم. من سەبارەت بەو قوتابیانەی زانکۆ، کە بەرهەمەکانی ئەوانی تر دەدزن و ئەو خاوەنکارانەی کە لەگەڵ کارمەندەکاندا بەڕێزەوە مامەڵە ناکەن، دادوەریی بەهایی ئەنجام دەدەن. بەڵام ئەم جۆرە دادوەریانە پێویستە بە وردی و ڕاشکاوییەوە ئەنجام بدرێن و تەنیا کاتێك ڕێگەپێدراوە کە پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان لە ئەنجامی پرۆسەیەکەوە سەریان هەڵدابێت کە ئامانجی **تێگەیشتنە**. زانستی ڕاستەقینە کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدات داوەرییە بەهاییەکان سەبارەت بە تاکەکان لە دەرکی تاکەکان جیا بکاتەوە، چونکە ئەگەر هەر دووکیان بە شێوەیەکی هاوکات ئەنجام بدەین، دەرەنجامە حەتمییەکەی بیرکردنەوەی باو دەبێت. مەحکومکردنی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیاریکراو لەوانی تردا لەوانەیە زۆر کێشە نەبێت، بەڵام



پێویستە لەسەر بنەمای پلەبەندییەکی بابەتی بێت نەك بیرکردنەوەی باو. لەوانەشە یەکێك لە ئامانجەکان بۆ قوتابیانی زانکۆ ئەوە بێت کە لە پێناو بەدیهێنانی دادوەرییە بەهاییە هۆشیارانەکان هەوڵ بدەن.

2ـ **پلەبەندییەکان و گشتاندنەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر جار ڕەها نین.** زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەم گریمانەیە دەست پێدەکەن کە گشتاندن بەرامبەر بە تاکەکان ئەستەمە و هەر جارێك کە وا دەکەین ئەگەری ریزپەڕەکان، زۆر جار بە ڕێژەیەکی زۆر بوونی هەیە. بەپێی پێناسە، هەموو بێدینەکان باوەڕیان بە خودا نییە، بەڵام بە ڕەهایی هیچ شتێکی تر لە ئارادا نییە، کە بتوانین سەبارەت بە هەموو بێدینەکان بیڵێین. لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لەوانەیە باوەڕمان وا بێت کە بێدینەکان زۆر جار خوێندەوارترن، (بەڵام کۆمەڵە ریزپەڕێکی زۆریش بوونیان هەیە)، زیاتر پیاون تا ژن، (بەڵام لێرەدا کۆمەڵە ریزپەڕێکیش بوونیان هەیە) و، لەلایەن دایك و باوکانی بێدینەوە پەروەردە کراون (بەڵام کۆمەڵێك ریزپەڕیش هەن). بە هۆی تاوتوێکردنی وردەکارانەی بێدینەکانەوە دەتوانین دەست بە کۆمەڵێك گشتاندن سەبارەت بەوان بکەین. ئێمە چۆنایەتییەك نادۆزینەوە کە هەموویان هەیانبێت جگە لە بێباوەڕ بوون بەرامبەر بە خوا. ئەم بابەتە لە بارەی هەر چینێك لە تاکەکان کە هەوڵ دەدەین لێیان تێبگەین، ڕاستە: ئەو کەسانەی کە خۆیان دەکوژن، ئەو کەسانەی کە تووشی مادە سڕکەرەکان بوون، کەسانێك کە پەنا دەبەنە بەر توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵان، پیاوکوژە شارەزاکان و، ئەو قوتابیانەی زانکۆ کە دەست لە خوێندن هەڵدەگرن. ئێمە دەتوانین گشتاندن بکەین، بەڵام پێویستە بە وردی مامەڵە بکەین و لە هەر پلەبەندییەکەدا بەدیدەهێنین، ئەگەر بۆ بوونی ریزپەڕەکان دابنێین. گشتاندنی زانستی زیاتر بە ئەگەر دادەنرێت تا ڕەها. بەمپێیە

دەتوانین بڵێین کە کەمتر 10٪ی گەنجە تا رادەیەك گەورەکان بە شێوەیەکی رێکوپێك مادەی سڕکەری نایاسایی بەکار دەهێنن. لەلایەکی ترەوە، بیرکردنەوەی باو بە ریزپەڕێکی کەمتر رازی دەبێت و دابەشکاریەکی نەگۆڕ و رەهای نێوان تاکەکان لە خۆ دەگرێت و وا دادەنێت کە هەر تاکێك خاوەنی چۆنییەتیەکە کە لە پلەبەندیدا بۆی دەستنیشان کراوە. ("ئەمڕۆ گەنجان گرووپێك لەو تاکانەی کە دوچاری مادە سڕکەرەکان بوون پێکدەهێنن.") بانگەشەی ئەوەی کە "جوولەکەکان دەوڵەمەندن" باو بیرکردنەوەیە. راگەیاندنی ئەوەی کە جوولەکەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و بە بەراورد لەگەڵ گرووپە مەزهەبییەکانی تر، پلەی دووەمیان لە هەبوونی بەرزترین رێژەی ناوەندی داهاتی سەرانەدا بەدەست هێناوە گشتاندنی ورد و راستە. کاتێك کە بۆ بەراوردکردنی تاکەکان تێکڕاکان (معدل) بەکار دەهێنرێن، ئێمە دەبێت سوود لە ئەگەر وەربگرین: ئێمە دەزانین کە پانتاییەکی بەرفراوان لە داهاتە جۆراوجۆرەکان لە نێو جوولەکەکاندا بوونی هەیە، بەڵام تێکڕای ئەوان بەرزتر لە زۆربەی داهاتەکان و کەمتر لە هەندێك لە داهاتەکانە. ئەوەی کە ئایا تاکێکی دیاریکراو کە جوولەکەیە دەوڵەمەند دەبێت بە ئاسانی قابیلی پێشبینی نییە: زۆربەی جوولەکەکان دەوڵەمەند نین و زۆربەیان هەژارن.

زانستی کۆمەڵایەتی واقیعی تەنانەت هەوڵ دەدات دەستنیشانی بکات کە چ ژمارەیەك ریزپەڕ بە کردەیی لە پلەبەندییەکدا بوونی هەیە. ئێمە تێدەکۆشین ریزپەڕەکان ورد بکەینەوە: بۆ نموونە، لە ساڵی 1993 لە نێو دانیشتووانی سپیپێستدا 11٪ هەژار بوون (89٪ هەژار نەبوون)، 33٪ی دانیشتووانی ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقییەکان و لە 29٪ی دانیشتووانی ئەمریکای لاتین هەژار بوون. ئێمە حەزمان لێ نییە بڵێین کە "ئەمڕۆکە



هەمووان تەڵاق وەردەگرن." لە جیاتی ئەوە دەتوانین بڵێین کە "ئەگەر رێژەی تەڵاق بە هەمان رادەی ئێستا زیاد بێت، لەنێو نەوەی ئێستادا تەقریبەن لەهەر دوو هاوسەرگیرییەك یەکێکیان بە تەڵاق کۆتایی دێت" (تا رادەیەك رێژەیەکی ریزپەڕ بەرامبەر بە 50٪ بۆ "هەر تاکێك کە تەڵاق وەردەگرێت" بوونی هەیە).

3ـ **پلەبەندییەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ دەرککردنی تاك بە تەواوەتی بە گرنگ نازانرێ.** وێناکردنی باو، خۆی پیشاندەری ئەوەیە کە بەپێی زەروورییەت پلەبەندییەکی دیاریکراو بەسەر ژیانی تاکدا زاڵە. ئێمە ئەگەری هەیە، کە لەگەڵ تاکێکی هونەرمەندی لاو و سەڵتی ئەمریکیی بە رەگەز ئەفریقیدا رووبەڕوو بینەوە. رۆڵی هەر یەك لەم پلەبەندیانە لەوانەیە بەلای تاکەوە گرنگ بێت یان نەبێت. بۆ هەندێك لە تاکەکان پیاو بوون یا سەڵت بوون یا هونەرمەند بوون زیاتر لە هەر شتێکی تر گرنگە، بۆ ئەوانی تر ئەمریکی بوونی بە رەگەز ئەفریقی بایەخی دەبێت. بۆ ئەو گرووپە لە ئێمە کە بیرکردنەوەی باوی نەژادیمان هەیە، تا رادەیەك هەمیشە ئەمریکی بوونی بە رەگەز ئەفریقی بە گرنگ سەیر دەکرێت.

بۆ زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، مرۆڤ لە ژمارەیەکی زۆر پلەبەندیدا خۆی دەبینێتەوە کە هەندێ جار بە شێوەیەکی بەرامبەرکێ پێکەوە پەیوەندیان هەیە و هەر یەکەیان بەپێی خودی تاك بایەخێکی جیاوازیان هەیە. ئەم حاڵەتە، دانانی تاکەکان لە پلەبەندییە سادەکاندا لە دانانی شتەکانی تر، لە وانەش گیاندارانی دیکە، زۆر ئاڵۆزتر دەکات. گفتوگۆی بەربڵاو دەربارەی "شێوازی ژیانی هاوڕەگەزبازان" ئەم بابەتە بە باشی روون دەکاتەوە. لەحاڵێکدا کە ئەو کەسانەی کە حەزیان لە داوەریی بەهاییە سەبارەت بە ئەوانی تر جەخت لەسەر گرنگیی پلەبەندیی "هاوڕەگەزبازان"

له ژیانی تاکدا دەکەنەوە، ئەو کەسانەش کە هەوڵ دەدەن لە تاکەکان تێبگەن بۆیان دەردەکەوێت کە ئەم پلەبەندییە بۆ هەندێك گرنگ و بۆ ئەوانی تر بێبایەخە. ئەو تاکانەی هاوڕەگەزبازن لە نێو دنیای چینی کرێکار یان ناوەندیشدا دەژین، لە نێو دنیای بازرگانی، پیشەیی یا هونەری، کۆبوونەوەی شاری یا لادێیی؛ کۆبوونەوەی ئایینی یان نائایینیشدا. ئەگەر بمانەوێت ورد بین هەرگیز نابێت مرۆڤەکان لە یەك پلەبەندیدا دانێین.

4 ـ **زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەڵگە و نیشانە بە وردی کۆکراوەکانەوە پلەبەندی و گشتاندن ئەنجام بدات.** وێناکردنی باو زۆر جاران کولتوورین؛ واتە ئێمە لە ڕێگەی ئەو تاکانەوە کە لە دەوروبەرماندا دەژین فێریان دەبین، کە ئەوانیش لەسەر بنەمای ئەوەی تەنیا لەوانی ترەوە وەریانگرتووە یان لە ڕێگەی ئەزموونی تاکەکەسییەوە (کە زۆر جار لە ڕووی پانتاییەوە سنووردار، نارێك، شوێنکەوتەی دەمارگیرییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و بە جۆرێکی نارەخنەیی تێبینی کراوە) فێری بوون. زانست تێدەکۆشێت بە ڕوونکردنەوەی شێوازی گشتاندن یارمەتی گشتاندنە وردەکان بدات. لە ڕاستیدا، ئەو کەسانەی کە دەست دەدەنە بیرکردنەوەی باو دەگمەنە بە وردی بزانن کە پلەبەندییەکەی ئەوان لە کوێوە هاتووە و زۆر جاریش کاتێك کە ناچار دەبن دانی پێدا دەنێن کە ئەوانیان یا بەپێی ڕێککەوت هەڵبژاردووە یان لەسەر بنەمای سنوورداری خۆیان. لە لایەکی ترەوە، زانایان پێویستە بە وردی بزانن کە گشتاندنەکانی ئەوان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوانە زۆر کات دەتوانن ئاماژە بە هەندێك بەڵگە بکەن کە لە ئەنجامی کۆمەڵێك خوێندنەوەوە کە چەندەها جار ڕاپۆرت و شیتەڵ و شیکار کراوە هاتۆتە کایەوە. زانایان ـ وەك زۆربەی ڕۆشنبیران ـ باوەڕیان بە پرۆسەی پێکهاتنی هزرەکان هەیە (واتە



ئەوەی کە ئێمە چۆن بەم هزرانە دەگەین)؛ زۆربەمان (کە دەست دەدەینە بیرکردنەوەی باو) بە دەگمەن لە پرۆسەیەکدا، کە لە ڕێگەی ئەوەوە بە گشتاندنەکانی خۆمان گەیشتووین گومان دەکەین؛ و لەڕاستیدا بە تەواوەتی پێی ڕازی دەبین.

5 ـ **گشتاندنەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تاقیکاری و شوێنکەوتەی گۆڕانن، چونکە بەڵگە و نیشانە نوێیەکان بەردەوام خوێندنەوە و تاوتوێ دەکرێن.** لە لایەکی ترەوە، وێناکردنی باو بێ چەند و چۆن قەبووڵ دەکرێن. وێناکردنی باو، کاتێك کە وەرگیرا دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاك تەنیا نیشانەیەك قەبووڵ بکات کە دووبارە ئەو وێناکردنە باوە دووپات دەکاتەوە. وێناکردنی باو لە بەرامبەر گۆڕانکاریدا ڕادەوەستێت. کاتێك کە ئێمە باوەڕمان وایە، کە سپیپێستەکان توانایییەکی زیاتریان لە ناسپیپێستەکان هەیە، ئاراستە دەکرێین بەرەو ئەوەی کە تەنیا کۆمەڵە خاڵێکی تایبەت ببینین کە وێناکردنە باوەکانی ئێمە دووپات دەکەنەوە. ئەگەر باوەڕ بەوە بهێنین کە سیاسەتمەدارەکان کۆمەڵە بیرۆکراتێکی خۆپەرەستن، لەو حاڵەتەدا مەیل بەرەو ئەو ئاراستەیە پەیدا دەکەین، کە هەموو ئەو سەرکردە سیاسیانەی کە خۆپەرست نین و کاروبارەکان ڕادەپەڕێنن پشتگوێ بخەین. (بیرخستنەوە: چینی "سیاسەتمەدار" ئاشکرای دەکات کە تاك دەست بە بیرکردنەوەی باو دەکات نەك بە تەواوەتی گشتاندن، چونکە سیاسەتمەدار واتای کەسێکی وەرگرتووە کە شایەنی ڕێزگرتنی ئێمە نییە.) لەو شوێنەوە کە ئامانج لە وێناکردنی باو، مەحکومکردن یا ستایشکردنی گرووپێك لە تاکەکانە، هەڵسەنگاندنی بەڵگەنامەکان و نیشانەکان ئەستەمە. وێناکردنی باو لە زەینی بینەردا جێگیر بووە و ڕەنگی هەستی و سۆزداری بە خۆوە وەردەگرێت و قەبووڵکردنی ئەو بەڵگە و نیشانانەی کە لەوانەیە لەگەڵیدا دژ بێت تا ڕادەیەك ناموومکین دەکات.

گشتاندن له زانسته کۆمەڵایەتییەکاندا سەبارەت بە چینێك لە تاکەکان بە سەرهەڵدانی بەڵگە نوێیەکان خۆی لە بەردەم گۆڕاندا دەبینێتەوە. هەرگیز وێنا ناکرێت کە هەقیقەتی کۆتایی سەبارەت بە تاکەکان دۆزراوەتەوە. گشتاندن هەمیشە بە ڕێنیشاندەرێکی نەبڕاوە بۆ دەرك سەیر دەکرێت نەك چۆنییەتییەکی چەسپاو و بڕاوە وەك نووسراوێك کە لەسەر بەردێك هەڵکۆڵرابێت.

کولتووری ئێمە فێری کردووین کە "ئەوانەی کە پێکەوە نزا دەکەن لە تەنیشت یەکتریشدا دەمێننەوە". ئەمە وێناکردنێکی باوە. ئێمە لە حاڵەتێکدا باوەڕ بەمە دەکەین کە خۆمان لە ناو کەسانێکدا بین کە نزا دەکەن. لە نێو زۆربەماندا مەیلێکی بەهێز لە ئارادایە کە بەرامبەر گۆڕانی گشتاندنماندا بەرامبەر بە کەسانێك کە خۆمان بەشێك لەوان پێکدەهێنین، بەرگری بکەین. تاوتوێکردنی وردەکارانەی گشتاندن ئەگەری هەیە بە دەری بخات، کە نزاکردن لەگەڵ یەکتر لەوانەیە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پێکەوە گرێدانی خێزانەکان نەبێت (یان لەوانەیە پیشانی بدات کە کاریگەری لەسەر هەندێك دەبێت)، ئێمە بە ئەگەری زۆر دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەنجامدانی هەر کارێك پێکەوە لە لایەن تاکەکانی خێزانەوە، کار لە سەقامگیری خێزان دەکات. بەمپێیە، گشتاندن بەبێ بیرکردنەوەی باو پێویستی بەوە هەیە کە گشتاندنەکان تەنیا وەك کۆمەڵێك ڕێنیشاندەری ئەزموونی بە دەستهێنانی واقیع سەیر بکەین کە هەر کاتێك بەڵگە و نیشانە نوێیەکان سەرهەڵبدەن پێویستە بگۆڕرێن. ئەوانەی کە بەبیرکردنەوەی باو هەڵدەستن پلەبەندیەکانی ئێمە زۆر بە جددی لە قەڵەم دەدەن: ئێمە زۆر زیاتر لەوەی کە شایانیانە متمانە بە پلەبەندییەکانمان دەکەین.

6ـ **پلەبەندی خۆی لە خۆیدا ئامانجی زانایان نییە.** لەڕاستیدا، زانایان لەو ڕووەوە پلەبەندی ئەنجام دەدەن کە بە دوای جۆرێکی دیاریکراوی



گشتاندندا دەگەڕێن: ئەوان هەوڵی دەرکی هۆکار دەدەن. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئێمە تێدەکۆشین بزانین بۆچی چینێك لە تاکەکان زۆر جار تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی هەیە. ئێمە لەبارەی چینێك لە تاکەکانەوە گشتاندن دەکەین تاوەکو باشتر تێبگەین، کە چ شتێك هۆکاری بوونی ئەو تایبەتمەندیانەیە کە هی چینێکی دیاریکراون. ئێمە هەوڵ دەدەین کە دەرك بە هۆکاری شیزۆفرینی بکەین، بەڵام تەنیا کاتێك دەتوانین بە وەها دەرکێك بکەین کە بزانین چ شتێك تووشبووان بە شیزۆفرینی لە ئەوانی تر جیا دەکاتەوە. چۆن ئەم گرووپە لە تاکەکان لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازن؟ ئێمە دەمانەوێ بزانین کە بۆچی هەژاری لەم کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە. سەرەتا پێویستە تێبگەین کە هەژاری چییە؟ (واتە، هەوڵ بدەین وەسفی ژیانی ئەو تاکانە بکەین کە بە هەژاریان دەزانن). ئەگەر ئەم تاکانە تایبەتمەندییەکی هاوبەشیان هەیە ئەم تایبەتمەندیانە چین؟ چۆن ژیانی ئەوان لەگەڵ ژیانی ئەوانی تردا جیاوازە؟ پاشان ئەم خاڵە دەوروژێنین کە چ شتێك ئەوانی بەرەو هەژاری پەلکێش کردووە؟ بۆ نموونە چ ژمارەیەك لەوانە سەر بەو خێزانانەن کە دایك و باوکیانیش هەژار بوون؟ چ ژمارەیەك لەوان دایك یان باوکی سەڵتن؟ چەندیان منداڵن؟ چ ژمارەیەکیان خاوەنی شارەزایی پیشەیین کە چیتر پێویست نین؟ ئایا دەتوانین، لە ڕێگەی خوێندنەوەکانمانەوە هەندێك لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیانە دەستنیشان بکەین کە لە نێوان زۆرێك لەم تاکانەدا یان تەنانەت کەمینەیەکی بەرچاو بۆتە هۆی هەژاری؟ ئایا ئەوە ئەو شتەیە کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای دەرکیدا دەگەڕێن.

کەسانێك کە بیرکردنەوەی باویان هەیە زۆر جار بە دوای هۆکاردا ناگەڕێن: پلەبەندی خۆی لە خۆیدا گرنگ دەبێت. بە بۆچوونی ڕاجر براون

(1965؛ 181 – 189)، ئەوەندە بەسە کە باوەڕمان وا بێت چۆنییەتییەکی دیاریکراو "بەشێك لە سروشتی (ذات)ی ئەوان"ە و، هۆکارەکەی پشتگوێ بخەین. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکییە بە رەگەز ئیسپانییەکان، بۆ نموونە، کۆتایی بە خوێندنی ئامادەیی نەهێنن، لەو حاڵەتەدا زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەیەوێت بزانێت کە هۆکارەکەی چییە.

لەبەر ئەوە، گشتاندنی واقیعی لە زانستدا هەوڵی دۆزینەوەی ئەم کێشەیە دەدات، کە بۆچی کۆمەڵێك چۆنیەتیی دیاریکراو پلەبەندییەك پێکدەهێنن و بۆچی ئەوان لە پلەبەندییەکانی تردا کەمتر دەبینرێن. بۆچی لە نێو ئەمریکییەکاندا تاکگەراییەکی روو لە زیاد بوونی هەیە؟ بۆچی هەندێك لە تاکەکان بڕوانامەی زانکۆ بەدەست دەهێنن و ئەوانی تر بەدەستی ناهێنن؟ بۆچی ژنان لە پیشە بەرزە سیاسی و ئابوورییەکانی ژیانی ئەمریکاییدا ئامادەییان نییە. بۆچی ژمارەی ئەو تاکانەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بزاوتی کۆمەڵایەتی بەرەو خواریان هەیە بەرز بۆتەوە؟ بۆچی رێژەی خۆکوشتن لە نێو گەنجاندا رووی لە زیادی کردووە؟ لە هەر یەکە لەم بابەتانەدا ئێمە چینێك دەبینینەوە، کەسانێك کە ئەو چینە پێکدەهێنن وەسفیان دەکەین و تێدەکۆشین گشتاندن بکەین کە بۆچی تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لەو چینەدا بوونی هەیە. بۆ ئەوەی کە دەست بە داوەری بکەین؟ نەخێر. ئایا سەبارەت بە هەریەکە لە تاکەکانی ئەو چینە راست دەردەچێت؟ نەخێر. ئایا ئەمە تاقە چینێکی گرنگ پێکدەهێنێت؟ نەخێر. ئایا چینێکی جێگیر و نەگۆڕە کە بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی رەها لە نێوان گرووپێك و گرووپێکی تردا جیاوازی دروست دەکات؟ نەخێر. گشتاندنێك کە دەتوانین بەبێ کۆت و بەند بەڕاستی بزانین؟ نەخێر.



## کورتە و دەرەنجام

هەندێ جار خەڵك لێکدانەوەیەکی نادروستیان بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لە بیرمان نەچێت کە ئەو گرووپە لە ئێمە کە دەست بە بیرکردنەوەی باو دەکەین بە دوای بەڵگە و نیشانەکان بۆ جەختکردنەوەی وێناکردنی باوی خۆماندا دەگەڕێین. ئێمە وەك دەڵێین، خۆمان مەڵاس داوە و چاوەڕوانین تاوەکو دەست لە هەر بەڵگەیەك کە بۆچوونەکەی ئێمە دووپات دەکاتەوە بوەشێنین. (و هەموو بەڵگە و نیشانەکان کە بۆچوونەکەی ئێمە دووپات ناکەنەوە، پشتگوێ دەخەین). تاوەکو زانستە کۆمەڵایەتییەکان وردتر بێت، ئەو دەرەنجامەی کە زاناکان بە دەستی دەهێنن دەتوانرێت تا رادەیەکی زۆر دەستکاری و بە هەڵە راڤە بکرێن. بۆ نموونە کۆمەڵێك بەڵگە لە ئارادایە کە ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقیەکان لە ئەزموونە ستاندارد کراوەکانی زیرەکیدا نمرەی کەمتر لە سپیپێستەکان بەدەست دەهێنن. بۆ زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەم گشتاندنە بڕاوەیە، سەرلێشێوێنە و پێویستی بە دەرککردنی زیاترە. زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەیەوێت بزانێت بۆچی و بەمپێیە سەرنجی هەر جۆرە لایەنگرییەك دەدات کە لە خودی تاقیکردنەوەکەدا لەوانەیە بە دەستی هێنابێت و هەروەها ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە لەوانەیە ئەم جیاوازیەی لێکەوتبێتەوە. لێرەدا هیچ جۆرە گشتاندنێکی بە پەلە و رەها بوونی نییە. بەهەرحاڵ، ئێمە سەبارەت بە تێکڕاکان قسە دەکەین. هیچ هەوڵدانێك بۆ مەحکومکردن یا بەرگریکردن لە گرووپە نەتەوەییەکان یا بۆ پاساو هێنانەوە یان ئەقڵانیکردنی نەژادپەرەستی بە ئەنجام ناگەیەنرێت. بەڵام بۆ نەژادپەرەست لەوانەیە ئەمە هۆکارێکی تر بێت کە سپیپێستەکان کەسانێکی باڵاترن و لەوانەیە بۆ بەهێزکردنی وێناکردنێکی باو سوودی لێ وەربگیرێت. لەم رووەوەیە کە بەدبەختانە ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن

پلەبەندیی تاکەکان بە شێوەیەکی وردتر و بابەتیتر (وەك زانایانی کۆمەڵایەتی) دەرك بکەن بە بینینی کەسانێك کە لقوپۆپ بە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکان دەبەخشن یان دەستکاریان دەکەن تاوەکو لەگەڵ وێناکردنە باوەکانیاندا هەماهەنگ بن، دوچاری دڵگرانی و نائومێدی دەبن.

پێش ئەوەی کە لە بیرمان بچێتەوە کە ئەم باسەمان لە کوێوە دەست پێکرد، جارێکی تر دەیڵێمەوە:

- مرۆڤەکان گشتاندن دەکەن.

- ئێمە پێویستە گشتاندن بکەین.

- گرنگە کە گشتاندن بە شێوەیەکی ورد ئەنجام بدرێت و کاتی گشتاندن بە تاکەکان، بۆ ئەوەی کە دەرکیان بکەین، پێویستە هەوڵ بدەین خۆمان لە بیرکردنەوەی باو بە دوور بگرین.

- گشتاندن بۆ تاکەکان پێویستە بە مەبەستی دەرککردنیان بێت، گشتاندنەکانی ئێمە پێویستە تەنیا بە کۆمەڵێك ئاراستە لە نێو تاکە دیاریکراوەکاندا لە قەڵەم بدرێت، ئەوانە پێویستە وەك گشتاندنە گشتی و نەبڕاوەکان وەربگیرێن و؛ ئێمە دەبێت ئاگامان لەوە بێت، کە چۆن بەم گشتاندنانەی خۆمان گەیشتووین و هەمیشە گرنگیی بەڵگە بەهێزەکان لەبەرچاو بگرین. گشتاندنەکان پێویستە بایەخ بە ئاڵۆزیی تاکیش بدەن و ئێمەش پێویستە هەوڵی تێگەیشتنی ئەوە بدەین کە بۆچی تاکەکان جیاوازن و گومانمان لەو کەسانە بێت کە تەنیا بۆ مەحکومکردنی تاکەکان پلەبەندیان دەکەن.

ئەو گرووپە لە ئێمە کە **قوربانیی** بیرکردنەوەی باون، بە باشی ئاگایان لە مەترسییەکانی گشتاندنە سست و ناڕێکەکان هەیە. بیرکردنەوەی باو دەربارەی گژوگیاکان یا بەردەکان یان ئەستێرەکان شتێکە و بیرکردنەوەی باو سەبارەت بە تاکەکان شتێکی تر. کاتێك کە ئێمە سەبارەت بە خەڵك دەست بە وێناکردنی باو دەکەین، ناوردەکاریی ئێمە زۆر جار کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر ئەو تاکانە دادەنێت کە بەشێکن لەو گرووپە تایبەتە. ئێمە بێویژدانانە ئەوان دەخەینە نێو بارودۆخێکی نالەبارەوە، دەرفەتێکی وەك دەرفەتەکانی ئەوانی تریان بۆ ناڕەخسێنین، داوەریی ئێمە سەبارەت بە ئەوان لەسەر بنەمای بابەتگەلێکی نادروست و ناوردەکارانە و پشت ئەستوور بەو هەستە ناپەسەندەیە کە بەرامبەر بە هەڵسەنگاندنی رەخنەگرانەی گشتاندنەکەمان هەمانە.

تەنانەت کەسانێك لە ئێمە کە قوربانیش نین هەندێ جار هاوار دەکەن، "من مرۆڤم! من پلەبەندی مەکەن." ئێمە کۆمەڵێك تاکی مرۆیین، **هیچ کەس رێك وەك ئێمە نییە.** بەم حاڵەشەوە، راستگۆیانە بڵێم، ئێمەش پێویستە بزانین کە کەسانێك کە ئێمە ناناسن ناچار دەبن کە ئێمە پلەبەندی بکەن و ئەوانەش کە بەڕاستی دەیانەوێ لە مرۆڤەکان چاکتر تێبگەن ناچار دەبن ئەم کارە بکەن. ئەگەر پلەبەندی رێك و راست ئەنجام درابێت بۆ ئێمە کێشەیەك نییە و، ئەگەر گرووپبەندیش پۆزەتیڤ بێت دیسان کێشەیەك نییە. ئەگەر ئێمە خوازیاری پیشەیەك بین، دەمانەوێت کە خاوەنکار ئێمە وەك تاکێکی متمانەپێکراو، ماندوونەناس، بەئاگا و هۆشیار، زیرەك و وەك ئەو پلەبەندی بکات. لەڕاستیدا، ئێمە تەنانەت هەوڵ دەدەین کە لە بارودۆخەکان و شوێنگە جۆراوجۆرەکاندا بە جۆرێك خۆمان کۆنترۆڵ بکەین، کە بتوانین کار لە ئەوانی تر بکەین کە ئێمە لە پلەبەندییە گونجاوەکان دادەنێین: من هێمن، زیرەك، هەستیار، خاوەن توانای وەرزشی و، خوێندەوارم. کاتێك کە من پێناسێك بۆ قوتابیانی زانکۆ دەنووسم، ئەو تاکە لە چەندین پلەبەندیدا دادەنێم بە جۆرێك، کە خوێنەر دەتوانێت ئەوەی کە سەبارەت بەو چینە دەیزانێت لەسەر ئەوە تاکە پیادەی بکات. دکتۆر لەوانەیە بە تاکەکان بڵێت "من پزیشکم" تاوەکو ئەوان سەبارەت بە ئەو وەك تاکێکی خاوەن رێزی فراوان بیر بکەنەوە. تاکێك کە خۆی وەك کیك

بۆکسێك دەناسێنێت بە ئێمە دەڵێت کە تاکێکی توندوتیژە؛ لیدەرێکی مۆسیقای راك بە ئێمەی رادەگەیەنێت کە ئەو کەسێکی بەتوانایە؛ قەشە پیشانی دەدات، کە گرنگی بە ئێمە دەدات ـ لە زۆربەی ئەم جۆرە بابەتانەدا ئەگەر ئێمە پلەبەندی بکرێین زۆر خراپ نابیەتە پێش چاو. بەمپێیە تەقریبەن بۆ هەموومان، ئەم پلەبەندییە **نێگەتیڤە** کە ئێمە حەز دەکەین لێی دوور کەوینەوە و ئەمەش ماقووڵە: هیچ کەس نایەوێت کە لە گرووپێکدا دابنرێت و بە جۆرێکی نێگەتیڤ سەبارەت بە ئەو دادوەری بکرێت، بەبێ ئەوەی کە دەرفەتی ئەوەی بۆ بڕەخسێنرێت کە بیسەلمێنێت مرۆڤە.

بەڵام بەدەر لەوەی کە، لەوانەیە چ هەستێکمان سەبارەت بە ئەوانی تر هەبێت ـ مەبەست کەسانێکە کە ئێمە پلەبەندی دەکەن و ئەوەی کە دەیزانین بۆ دەرکی ئێمە وەك ئەندامێك لەو چینە بەکاری دەهێنین ـ راستییەکەی ئەمەیە کە جگە لە بارەی کەسانێکەوە کە بەباشی دەیانناسین، تەنیا کاتێك دەتوانین دەرك بە مرۆڤەکانی تر بکەین، کە پلەبەندیان بکەین و گشتاندن ئەنجام بدەین، ئەگەر ئەم کارە بە وردی ئەنجام بدەین دەتوانین شتگەلێکی زۆریان لێ تێبگەین، بەڵام ئەگەر وردەکار نەبین ئیمکانی دەرککردنیان لە دەست دەدەین و سەبارەت بە تاکەکان دەست دەکەین بە کۆمەڵێك داوەریی بەهایی نائەقڵانی، پێش ئەوەی کە دەرفەتێك بۆ ناسینی ئەم تاکانە بەدەست بهێنین.

ئێمە نابێت بە ناوی رەفتارەوە لەگەڵ هەموو تاکەکانی خەڵك، گشتاندنە وردەکان بخەینە لاوە. هەر رادەش کە کەسێك شایەنی ئەوە بێت کە کەسێتییە تاکەکەسییەکەی لەبەر چاو بگرێت، دیسانیش هۆشیاری دەربارەی هەر شتێك ـ لەوانەش مرۆڤەکان ـ تەنیا لە رێگەی گشتاندنەوە ئیمکانی روودانی هەیە. ڤایرۆسی HIV بە هۆی گواستنەوەی شلەمەنییەکانی جەستەوە لە رێگەی بەرکەوتنی رەگەزی، گواستنەوەی خوێن یا بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکانەوە بڵاو دەبێتەوە ـ ئەمە



گشتاندنێکە کە ئەگەر پشتگوێ بخرێت ئەگەری هەیە مردنی لێبکەوێتەوە. مێژووی ئەمریکییە بە رەگەز ئەفریقییەکان مێژووی جیاکاریی ئاشکرا و نهێنییە لەلایەن کۆمەڵگەی سپیپێستەوە ـ ئەمە کلیلی دەرککردنی زۆرێك لەو کێشانەیە کە لە کۆمەڵگەی ئەمریکای ئەمڕۆدا گرنگن. چینی باڵا لە کۆمەڵگەی ئەمریکادا زیاتر لە هەر چینێکی تر، لە سیستەمە سیاسی و فێرکارییەکان و سیستەمی مافدا ئیمتیازی هەیە ـ ئەمە گشتاندنێکی گرنگە کە تاك لە سنووردارییەکانی دیموکراسیی ئێمە ئاگادار دەکاتەوە. هیچ کام لەم گشتاندنانە رەها، چەق بەستوو، یا حەتمی و بڕاوە نین و مەبەستی هیچ کامیان مەحکومکردن یا بەرگریکردن لە هیچ دەستە و گرووپێك لە خەڵکی نییە. ئەوانە وێناکردنی باون.

زانستە کۆمەڵایەتییەکان ـ و کۆمەڵناسی وەك یەکێك لە جۆرەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ـ هەوڵدانێکە بۆ گرووپبەندی و گشتاندنی مرۆڤەکان و کۆمەڵگە، بەڵام بە شێوەیەکی ورد. ئامانجی ئەو رەتکردنەوەی بیرکردنەوەی باوە. ئەمە واتای ناسینی ئەو واقیعەیە کە گشتاندن بۆ تاکەکان زەرووری و حەتمییە، بەڵام بیرکردنەوەی باو وەها نییە.

ئەگەر ناچار بین گشتاندن ئەنجام بدەین، کەواتە با هەوڵ بدەین ورد بین. بیرکردنەوەی باو بە قازانجی ئێمە نییە، چونکە لە بەردەم دەرکی ئێمەدا دەبێتە رێگر و؛ یارمەتیی ئەو کەسانەش نادات کە دەست دەدەنە بیرکردنەوەی باو سەبارەت بەوان.